بەدرخان
Bedirxan

# دیوانی سێینە

## ئەندێشەی نووسەرێك بۆ كوردستان



ستران عەبدوڵڵا

# دیوانی سێینە

# دیوانی سێینە

## ئەندێشەی نووسەرێک بۆ کوردستان

هەواڵنامەی کتێب

**ستران عەبدوڵڵا**

سلێمانی - ٢٠١٧

هەواڵنامەی کتێب

کتێب: **دیوانی سێینە**

بابەت: **سیاسی**

نووسەر: **ستران عەبدوڵڵا**

دیزاین: **شۆڕش ئەحمەد**

نۆبەتی چاپ: **چاپی یەکەم ٢٠١٧**

تیراژ: (٥٠٠) **دانە**

چاپخانە: بینایی - سلێمانی

نرخ: (٦٠٠٠) **هەزار دینار**

لەبەڕێوەبەرایەتی گشتی کتێبخانە گشتییەکان ژمارەی سپاردنی (١٨٤٤)ی ساڵی (٢٠١٧)ی پێدراوە

**لەبڵاوکراوەکانی ئەکادیمیای بەدرخان**

**بۆ توێژینەوەی ڕۆژنامەوانی و کەلتور - ٢٠١٧**

هەواڵنامەی کتێب

هەواڵنامەی کتێب

**پێشکەشە:**

**بەو کوردستانەی لە ئەندێشەی مندایە:**

**سەربەخۆو دیموکرات و بەرەحم**

هەواڵنامەی کتێب

هەواڵنامەی کتێب

# سێ کتێب لەیەك دیواندا

(١)

دەبێ وابێ، ڕۆژنامەنووس شایەتی دەورانی خۆی بێت. ئەمە پێوەرە سەرەکییەکەیە کە شایەتییەکەی خۆی بدات، تەنانەت ئەگەر لە بازنەی ئینتمایەکی دیاری کراویشەوە بێت. خۆ باشترە وا بێلایەن بێت کە خوێنەران‌و گوێگرانی شایەتییەکەی، بێ دوودڵی گوێ‌و دڵی خۆیانی تەسلیم بکەن. بەڵام ئەگەر واش نەبوو و شایەت نەیتوانی لە کۆت‌و بەندی ئینتمای لایەنداری، سیاسیی یان ئایدیۆلۆژی، یاخود تۆری بەرژەوەندی‌وپەیوەندییەکانی دەربازی بێت، هێشتا شایەتییەکەی گرنگە. سەرەنجام خوێنەری ژیرو عەودالی دوای بابەتی جێی باسی شایەتی دەتوانێ گۆشت‌و ئیسقانی درۆ، بەزوچەوری لە نەرمانی ڕاستی جیا بکاتەوە.

(٢)

هەڵبەت لێرە قسەم لەسەر لایەنداری نەتەوەیی، یان ئاینی‌و مەزهەبی، نییە کە ناسنامەی فراوانی نەتەوەیی‌و ئاینی پێکی دێنێت. لەبەرئەوەی مەرج نییە ئەم جۆرە لایەنداریە بەرژەوەندی ڕاستەوخۆی کەسی ڕۆژنامەنووسیی تێدابێ، بەڵکو لەوانەیە ئەمە داکۆکی بێت لە پرسێکی ڕەواو کێشەیەکی دادپەروەرانە کە ڕۆژنامەنووس ناتوانێ خۆی لێ نەبان بکات، چونکە کوڕی نیشتەنی خۆیەتی‌و وەک هەر تاکێکی کۆمەڵگە بەرپرسیارێتی

مۆراڵی، لە ئاست ئەو پرسەدا، دەکەویتەئەستۆ. ئێمەی رۆژهەڵاتیو لەناو رۆژهەڵاتیشدا کوردی داماوی کوردستان، ناتوانین لایەندار نەبین.ئاخر ئەوبێ لایەنییە حەریفانە تەنها لەدەست رۆژنامەنووسی نەتەوەو میللەتو وڵاتی خواپێداو دێت کە پێش لەدایکبوونی رێ بۆ خۆیونەتەوەکەی تەخت کراوە، خاوەنی خۆیەتیو رەنگە خاوەنداریێتی لەچارەنووسی میللەتانو وڵاتانی تریش بکات جا بە واقیعی داگیرکاریو ئیمپریالیزمی وڵاتە خواپێداوەکە بێت، یان بەناونیشانی بەرپرسیاریێتی نێودەوڵەتیو سەنگی مێژوویيو شارستانییەوە، هەرکامیان بێت،یەک شتن. وا بزانم گۆتەی جۆن شتاینبکی رۆماننووسە کە دەیگوت هەندێک جوامێریو مێرخاسیو خانم خاسیهەن مەگەر بە زەنگینیو دەوڵەمەندی بتوانیت رایی بکەیت، بۆنموونە، یارمەتی هەژاران. نیعمەتی بێ لایەنیو بابەتیانە روانین لەئاست پرسی نەتەوەو وڵاتیشدا مەگەر هەر لە رۆژنامەنووسو نووسەری وڵاتی خواپێداو بوەشێتەوەکە بەپێی وەسفەکەی جۆن شتاینبکزەنگینی ماڵی خۆیەتی. ژ بەر هەندێ شایەتی من شایەتییەکی بریندارە، لایەندارە لە سێ لاوە.لەلایەنی شەخسی، حزبیو نەتەوەییشەوە. بۆیە دەبێ خوێنەر سێ قەڵەمی کەسکو سوورو زەردی پێ بێت تا خەتو بازنە بەژێرو بەدەوری دێرەکاندا بهێنێت. بە ئاگاهییەوە شایەتیم لەسەر هەر مەسەلەیەک بخوێنێتەوە.هەڵبەت بەم مەسەلانەشەوە لەم "دیوانی سێینە" دا قسەم لەسەریان کردووە. ئەم دانپیانانە هەم داننانە بە کەموکوڕیو هەم بانگەوازو تەشویقیشە بۆ خوێندنەوەو لەسەر وەستان. بەفێڵی تەوازوعەوە گەرەکمە بمخوێنییەوەو ئینجا بە بیانووی دیقەتتدانەوە دەخوازم رمێن بۆ بیرۆکەکانم پەیدا بکەم.

(٣)

بەڵام بەو هەموو لایەندارییەی لە رۆژنامەنووسو نووسەرێکی،تا ئێستا،حزبی چاوەڕوان دەکرێت وایدەبینم لەم بەرهەمەدا، زیاتر لەهەر بەرهەمێکی ترم، خۆمدوور لە ئینتمای تەسکی حزبیو لایەنداری

ئەندێشەی خۆماڵیم بۆ پرسەکانی کوردستان تەرخانکردووە. بە جۆرێ ئەگەر پێش ئەوەی بمرم داوام لێ بکەن داخۆ حەزتە بەچی ناونیشانێکەوە لە زیهنی خوێنەری رۆژنامەو کتێبدا بچەسپێی دەڵێم بەم (دیوانی سێینە) دا بمناسێنن کە سێ بەرهەمن لە بنچینەدابۆ رۆژنامە نەمنووسیونو قسەی رۆژانەی حزبی نین، ئەگەرچی زمانی چڕی رۆژنامەنووسیی بەسەریاندا زاڵەو حزبەکەشم، یەکێتی نیشتمانیی کوردستان، لە بەشو فەسڵەکانیدا زەق زەق خۆی دەنوێنێو لەگەڵ حزبەکانی تردا ململانێ دەکات. خوا شاهیدەلە حزبی بوونی ئێرەدا من ئەو یەکێتییەم کە خۆم دەمەوێو باسی ئەو یەکێتییە دەکەم کە پێم باش بوو وابکاو وانەکات. یانی یەکێتییەکەی ئەندێشەی خۆمە. لە هەڵسەنگاندنی حزبەکانی تریشدا، هی باشوور و هی کوردستانی سەرتاسەر، دیسان، هەر بە چاویلکەی خۆم هەڵسەنگاندنم کردووە. کورد چۆن دەبینم وام باسکردووە و حەز دەکەم چۆن بێت وام ئاراستە کردووە. لێرە هزرو هەستی خۆم فەرمانڕەوایە، بۆیە، چوون شیعر، ناوی دیوانم لێ ناوە کە دیوانی شیعر تەرخانی دونیابینی شاعیرە بۆ نیشتمانو ژیانوشتەکانی نێوانیان. دیوانی سێینە سێینەی "زۆرانبازی لەگەڵ سەدەی بیستویەک" کەساڵی ٢٠١٠و "کوردستان چاوەڕێی تینە" کە ساڵی ٢٠١٢و "یان کوردستان یان نەمان" کە ساڵی ٢٠١٦ نووسیومنو چاپم کردوون. هەرسێکیان ئەندێشەمن لەسەر نزیکەی سێ دەیە لە تەمەنی بزووتنەوەی سیاسیی کوردستان. هەرسێکیان شایەتی رۆژنامەنووسێکە کە چارەکە سەدەیەکە لە کۆڕی رۆژنامەنووسیدا کار دەکات و هەر بەو ناونیشانەشەوە بیستو پێنج ساڵە پێشمەرگەیەکی بزووتنەوەی کوردایەتییەو بەڕاستو چەپدا هەڵەو پەڵە دەکاو هەندێک جاریش، بە خەیاڵی خۆی، هەڵەو پەلە سواق دەدات، گوایە نەبادا نەیاری دیارو نادیار لێوەی دزە بکەنە ناوەوەو لەرێی دوورودرێژی سەدساڵەی ئەم بزووتنەوەیەدا بەرەو مەنزڵی سەربەخۆو سەربەخۆیی ببنە کەندو کەلێن.

(٤)

ئەم قەدەرە دوانەییە رەنگە جیهانی هەموو مرۆڤێکی کوردستانی تەنی بێتو نووسەری دیوان-یش لەم قەدەرە دەربازی نەبووە. لەئەسڵدا حەزم لێ بوو هەر رۆژنامەنووسێک بام کە پێوەرەکانم بۆ نووسینو بۆ ژیانو دیاردەکانی پێوەری رۆژنامەنووسێکیپرۆفیشناڵ بێتو خۆشم رۆژنامەنووسێکی حەریف بم کە ئەگەر تەرجەمەی فارسی، یان تورکی، یان ئیسپانیو ئینگلیزییش بکرێم هەریەک ئەدگارم هەبێ. حەزم لێ بوو هەر پێشمەرگە، یان خۆبەخشێکی کوردایەتی بام کە بە پێوەری خەبات، خەسارەتو جەسارەت هەقو حیسابم لەگەڵدا بکرێت. بەڵام وانیم،تێماوم داماوم، لەهەردووکیاندا مودەعیو تێوەگلاوم: نە رۆژنامەنووسیی حەریفم راپۆرتی بابەتیی خۆم بە سەد عەنعەناتی نەتەوەیی نەگۆڕمەوەو نە سیاسیی پرۆفیشناڵم کە لەسەد ئاو بدەمو تەڕ نەبم، بەپێچەوانەوە تەڕ دەبمو پێمەوە دیارە کە لە ململانێو ناکۆکییدا تێوەگلاومو قسەم پێیەو قەسەمم هەیە بۆ سەلماندنی قسەکانم.

(٥)

لەبەرئەمەیە ئەم دیوانە قەرەباڵەغە بە ئەندێشەی جۆراوجۆر، سیخناخە بە لێکدانەوەو ململانێکانی ئەم سێ دەیەی کوردستان: لەنێوان حزبەکان، لەنێوان کوردستانو بەغدا، کوردستانی باشوور و کوردستانەکانی تر، کوردستانو بەغداو تارانو ئەنقەرەودیمەشقو واشنتۆن. هەروەها جگە لەو هۆکارانەی باسمکردن، ئەم سێیەنەیە، لەروویەکی دیکەشەوە، پێویست بوون کەپێکەوە چاپیان بکەمەوە، لەرووی ناوەرۆکو لەرووی وێستگەی زەمەنی باسەکانییەوە:

-**زۆرانبازی لەگەڵ سەدەی بیستویەکەمدا**: ماوەی زەمەنی نێوان(١٩٩١-٢٠١٠) دەگرێتەخۆ لەوێستگەکانی: راپەڕین، ئەزموونی حوکمڕانیو ناکۆکی ناوخۆیی، پرۆسەی ئازادی عیراق، کورد لە بەغداو دەرکەوتنی ئۆپۆزسیۆنو

گۆڕانی ریزبەندی سیاسیی لە هەرێمی کوردستان.کۆنگرەی سێی یەکێتی، لەتەنیشت ئەمانەشەوە بەوئیعتبارەی ماوەی ئەم بیست ساڵدەکەوێتە نێوان کۆتایی سەدەی بیستو دەیەی یەکەمی سەدەی بیستو یەک،بە ئاسۆییو ستونیلەپێشینەی مەسەلەی کوردستان لە عیراقو دەوروپشتی، مەسەلەی باشوور لەگەڵ (کوردستان)ەکانی ترو پایتەختە داگیرکەرەکانی کوردستان، دواوم. هێڵی گشتی ئەو گۆڕانکارییە ئیقلیمییانەی کاریگەریان لەسەر ئەدگاری پرۆسەی سیاسییکوردستان هەبووەو هەیەو چۆنیان ڕەنگرێژ کردوونو دوارۆژیان چۆن دەبێ؟ لێیان ورد بوومەتەوە.

**-کوردستان چاوەڕێی تینە:** ماوەی دوو ساڵی هەستیاری بەهاری عەرەبیو کاردانەوەکانی کوردستان و عیراقو هەرێمایەتی دەگێڕێتەوە. لەمەدا هەوڵمدا شوێنپێی ئەو هۆکارانە بکەوم کە وای کرد بەهار لە ململانێی دەسەڵاتو جەماوەرەوە باز بدات بۆ ململانێی جەمسەرگیری مەزهەبی، پێ بەپێی بۆیاغکردنی بزاوتی بەهارەکە، بەو بۆنەیەشەوە لەسەر ئەوە قسەم کرد چۆن بەهاری عەرەبی، بەشێوە ئیسلامییەکەی، کارێکی کرد تورکیا خولیا عوسمانییەکانی قیت بکاتەوەو ئیسلامیی سیاسیش لە کوردستان ڤیاگرایەکی مەعنەوی پەیدا بکات کە لە قەبارەی کردەی خۆی زیاتر بێتو سەرەنجام گەشەی شێنەیشی لێ شێوا. ڕام وابوو عیراق وا شەمزاوە کوردستانی لێ زیزەو سوننەشی پێ ئاشت ناکرێتەوە. سەرەنجام دەریچەی ڕاستبوونەوەی ڕێرەوی عیراق هەر بەوە دەبێ هەموو داخوازییەکانی کورد بە کەرکوکیشەوە قبوڵ بکات، وە گەرنا کورد ڕوو لە سەربەخۆیی بنێت شەرافەتمەندترە تەنانەت ئەگەر لە چوارچێوەی شارێکیشدا بێت. نووسیبووم تەنانەت ئەگەر لە چوارچێوەی شارەوانی رانیەش بێت.دۆستەکانی رانیەم توانجیان وابوو کە دیارە دەروازەی ڕاپەرینم پێ کەمە بۆیە تەنانەتم خستۆتە پاڵ؟!ئەوجا لێرە دەڵێم دەروازەی ڕاپەرینم پێ دەروازەی سەربەخۆیی کوردستانیشەو شەرەفێکە حەز دەکەم هەموو شارێکی کوردستان، لە کوردستانی سەرتاسەردا،هەیبێت. پێشبڕکێیوا باڵاو بڵندم پێ خۆشترو چاکترە لە شارچێتی تافی پاشەکشێی هەرزانی کەمکردنەوە(موناقەسە).

- **یان کوردستان یان کوردستان:** سەرخستنی پرۆژەی سەربەخۆیی بەرێی دژواری سیاسییدا) کە ستوونی سێیەمی ئەم سێکۆچکەیەیەو لەسەر گریمانەکانی سەربەخۆییو پێویستی بوژاندنەوەی دامەزراوەکانی بزووتنەوەی رزگاریخوازیگەلی کوردستانە ئەگەر بخوازێت ئەو سەربەخۆییە لە کەینوبەینی دەوڵەتانەوە ببێتە بزووتنەوەیەکیمیللی بۆ سەربەخۆیی کوردستان.

لەم سێ بەرهەمەی لەم سێینەدا یەکمخستوون بە دیتنی خۆم بیرکردنەوەی کوردستانیانەم کردووە بە بنچینە هەتا لەو کاتانەی لەسەر ئەزموونیان کێشەی بەشێکی کوردستان دواوم. پێم وایە بیری کوردستانێتی سەرتاسەر پێش ئەوەی لە بزووتنەوەو لە حزبو رەوتی سەرتاسەریو چوارپارچەییدا بەرجەستە ببێت گەرەکە لە ئەندێشەو خەیاڵدانولێکدانەوەی ناو ئەدەبیاتی سیاسیی کوردایەتی بەرجەستە ببێت. بیری کوردستانیانە لای من بە واتای ئەوە دێت ئەندێشمەندی کوردو پێشمەرگەی بیر لەناو ئەدەبیانی کوردایەتیدا تاقیکردنەوەو دیرۆکو بەسەرهاتەکانی کوردایەتی لەهەموو پارچەکانی کوردستانی لەبەرچاو بێتو ئەو عەمبارە دەوڵەمەندەی ئەزموونی سیاسیی نەتەوەی پەرتکراوی کورد بخاتە خزمەت شرۆڤکردنو هەڵێنجانی وانەو دیاری کردنی ئاسۆی ئایندەی خەباتەوە. لە پێناوی ئەوەی ئەوپچڕانو دابڕانو کەرتبوونی ئەندێشەیەی بەهۆی دابەشی کوردستانەوەدروست بووە لە زیهنوئەندێشەدا چارە بکرێت. بۆ ئەوەی وەکو واقیعەکەی ئەمرۆمان تاڵە پەروەردەی ئایندەی خۆمانو نەوەکانیداهاتووشمان پاکو بێگەردوکوردستانی بێت. من هیواموایە نووسینی کورد، شرۆڤەی کوردو ئەندێشەی ئینسانی کوردیش فراوانتر ببێت لەوەیئێستا، تا وەکو واقیعی دژوارو بەسەرهاتە ناخۆشەکانی رابردوو و ئێستای کوردستانو کوردەواری وەک نەخشەی بەرجەستە (ماپ) لەسەرمێزی بیرکردنەوە، لەژووری ئۆپەراسیۆنی لێکدانەوەمان بێتو بە پرگالو ڕاستەوانە شاخو گردو تەپۆڵکەکانی لەسەر دیاری بکەین.

(٦)

هەڵبەتە لەم شایەتییە سێینەی خۆمدا، بەگوێرەی زەمەنی دەرکەوتنیان، لەهەندێک لێکدانەوەدا سەرچیغ چووم‌و لەهەندێکی تردا گەشبینێکی خۆشباوەڕو لە هەندێکیشیاندا بەداخەوە ڕاست دەرچووم کە بڕیاراستنەبوایەم‌و کوردستان سەر سەلامەت بوایە، وانەبوایە کە پێشبینیم کردبوو. لێرەدا نموونەی پێشبینیم بۆ دۆخی تەنگژەی دارایی‌و هەوکردنی دیاردەی مشەخۆری‌ودەوڵەمەندی درۆزنانە دەهێنمەوە کە لە یەکەم سێینەدا (زۆرانبازی لەگەڵ سەدەی بیستویەک)لە ساڵی ٢٠١٠ واتا حەوت ساڵ پێشترگوتوومەو حەیف ڕاستێکی نەخوازراو بووم: (بەڵام سیاسەتی کوردستانی تەنها گرفتی تەداروکاتی بەرپەرچدانەوەی ئیسلامیی سیاسیی‌و ئایدیۆلۆژی نیمچە میللیگەرایی نییە. بەڵکو گرفتی ماندووبون‌و بێتاقەتی چینی فەرمانڕەواشی هەیە.هەڵبەت بێتاقەتی پەتەوکردنی بنکەی ئیمتیازو دەسەلاتی ئابووریی خۆیان ناڵێین، کە ماشەڵای لێبێت لەم بوارەدا بێ قسوورن، بەڵکو ماندووبوون‌و بێتاقەتی لەوەدا کە سیاسەتێکی زیندووی ئیلهامبەخشیان هەبێت کە هەم ببێتە مایەی گردبوونەوەی خۆیان لەدەوری ئامانجێکی شایانی ئەوتۆ هاوکێشەی (جیاوازی شێوەی کارو یەکێتی ئامانجی نەتەوەیی) دابین بکات‌و هەمیش ببێتە چانسێکی نوێ بۆ کۆمەڵی کوردەواری‌و دەریچەیەکی گونجاویش بۆ لابردنی چەوری‌و بەزی زیادی سەر ورگ‌و لاشانی ئەم چینە فەرمانڕەوایە کە کەلچەرێکی بێتامی مشەخۆری‌و زۆنێکی خۆجیاکەرەوەی شێوە ژیانێکی درۆزنانەی چاولێکەری پەرەپێداوە....ئەم کەلچەرە مشەخۆرییە نیشانەکانی داهێزرانی هەموو چینێکی فەرمانڕەوا بوون لە هەموو ئەزموونێکی دونیاو بەتایبەتیش هی دونیای سێ کە دواجار سەری هەموو لایەک دەخوات‌و بۆ کوردەوارییەک، کە تازە ماڵباتی خۆی پێکەوە دەنێت، هەڕەشە لە کۆی ئەو چانسە دەکات کە بە کورد دراوە کەچی بەهۆی خۆمانەوە وا لەدەیەی یەکەمی سەدەی بیستویەکدا خەریکە تۆپتۆپێنی پێدەکرێت. مەترسی ئەم

کەلچەرە لەوەدایە کە بیانووی داگیرکەران‌و نەیارانی بژارەی کوردستانی سەربخاو قسەی وان سوار بکات کە دەڵێن کورد ئیدارەی خۆی پێ ناکرێت.دۆخی وا ئیمپراتۆریای گەورە گەورەی مێژوویی تێکداو داروخان کە تەجرەبەی کوردستان لە چاویا رۆژێکە لە مێژووییەکی دوورودرێژی قودرەتمەندیمەزنە دەوڵەتەکان....کتێبی زۆرانبازی لەگەڵ سەدەی بیست‌و یەک).

هەروەها نموونەی ئەوەش ئاماژەم بە خیتابی توندرەوی تەخوین‌و تەهوین کردن داوە کە لە ململانێی گەندەڵیدا هێزەکان نەیارانی خۆیانیان پێ تۆمەتبار دەکردو دۆسێی گەندەڵییان لە پرسێکی یاساییەوە کردە دەسکەلایەکی سیاسیی‌و نموونەی تەخوینکردنی خەڵکیش کە بەو هۆیەوە وادەبینین دۆسێی ریفراندۆم دەبێتە دەسکەلای تەخوینکردنی موخالیفە سیاسییەکانی یەکتری‌و زۆر نموونەی تریشلە بەشێکدا گووتم (کوردستان داگیرکراوە، نە تەنها لەلایەن داگیرکەرانەوە، بەڵکو لەلایەن خۆشمانەوە، کوردستانی باشووریش دابەشکراوە، نەک تەنها لەلایەن ئەوانەی هەرێمیان لە شوێنێک داناوەو کەرکوک‌و خانەقین‌و شێخان‌و مەخمورەکەیان لە شوێنێکی تر گلداوەتەوە. بەڵکو لەلایەن خۆشمانەوە، دوو بەرەی توندڕەوی بەرامبەر بەیەککە سەرکردەی جارانی بەلشەفیک هاورێ لینین جوانی وەسفکردوون (بچۆ بۆ ئەوپەڕی چەپ خۆت لەوپەڕی راست دەبینییەوە، بچۆ بۆ ئەوپەڕی راست خۆت لەوپەڕی چەپ دەبینییەوە). ئەوانەی دوو بەرەیتوندڕەوی کوردستان پێکدێنن تەنها واقیعی ئەمڕۆمانیان تاڵ نەکردووە، بەڵکو ئایندەشمانیان زەوتکردووەو دوای ئایندەشمانیان خستۆتە سەر لەپی سیحربازێکەوە...کتێبی زۆرانبازی).

ساڵێک زیاتر دوای ئەو سەرنجە، لە سەروبەندی بەهاری عەرەبی و دەرتکەوتەکانی هاوینی ٢٠١١دا وتم:

(وەختێک رەوتێک پێداگری لەسەر (چاکسازی) دەکات و رەوتێکی تر ئەولەویەت دەداتە دەستپێشخەری نەتەوەیی و کەسیان پێک ناگەن ئێ سەرەنجام ئەم دوو دیدە لێک دەدەن و بەر یەککەوتن روو دەدات.

لەدۆخی بەریەککەوتنیشدا هەر کەسەو سەنگەر بۆ ئەولویاتەکانی خۆی دەگرێ و بەخۆی نەزانیوە دەبێتە نەیاری بەشێکی تر لە ئامانجەکانی میللەتەکەی کە ئەولەویاتی ئەوی بەرامبەرە، بەڵام لەڕیزبەندی ئەمدا رەنگە پلە دوو یان سێ بێت. ئایا قەت بووە وزەو هێزی نەتەوەیەک ئاوا پەرت و سەرگەردان بێت کە خۆی دابەشی دوو بکات ..... ئایا هێزی نەتەوەیەک لە ساتەوەختێکی مێژوویدا سۆپەر پاوەرە تا بتوانێت شەڕ بۆ ئەولەویەتێک بکاو ئەوانی تر بخاتە دواوەو شەڕیان بکات چونکە هی هێزی نەیاری خۆماڵییەتی؟ پاشان دوای ئەوەی ئەولەویەتی خۆی جێبەجێکرد ئەوجا بگەڕێتەوە سەر ئەولەویەتی دووەم و دوای ئەوەی کوشتویەتی، جارێکی دیکە، زیندووی بکاتەوە؟ ..کتێبی کوردستان چاوەڕێی تینە).

ئایا دوای زیاتر لە شەش ساڵ لەو دێرانە حەوجە بەوە دەکات دوو جەمسەرگیرییەکە بەناوی هێزەکانەوە پێناسە بکەم؟

بەناوی ریفۆرمەوە تەهوین بە زۆر نەیاری سیاسیی کراو وا بەناوی ریفراندۆمیشەوە خەریکە تەخوین بە نەیارانی سیاسیی قۆناغی نوێ دەکرێت.

(٧)

لێرەدا ئەم شایەتییە بۆ خوێنەران خۆیان بەجێدەهێڵم، شەفاعەتم بۆ کەموکوڕی لێکدانەوەو چەوتی هەڵسەنگاندنم هەر ئەوەیە بڵێم هەمیشە ڕام وایە کوردایەتیو دیموکراتی، کوردایەتیو دادپەروەری(یان کوردایەتی بە رەحم وەکو شەرحم داوە) کوردایەتیو خزمەتگوزاری، پرسی پێکەوە گرێدراون، لەم مشتومڕەی ئەمرۆ لەسەر ریفراندۆمو سەربەخۆیی زیاتر لە هەر کاتێکی تر خۆی بە روونی نمایان دەکات.هەندێک بەلای بژاردەی سەربەخۆیی بێ بنمێچی دیموکراسییو شەرعیەتو یاسامەندی دایدەشکێنن. هەندێکی تریش بەلای دیموکراسیوخوشگوزەرانیدا دایدەشکێنن، تەبعەن بێ بنمێچی نەتەوەییو بازنەی سەربەخۆییو مافی چارەنووس وەک بڵێی نیشتمانێک کە ئەو دیمکراسییەی تێدا پیادە

بکرێت. لێرەدا بیروڕای خۆم دەڵێمەوە کە گەلی کورد شایانی هەموویەتی پێکەوە، پێویستناکات دوای سەدساڵی خەباتی دژوار بژاردەکانی کورد بەرامبەریەک دابنێینو بەگژیەکی دابکەینو بە کەمترین بەشەوە نەتەوەکەمان داسەکنێنن.

قەینا با وێستگەکان قۆناغبەند بکرێت، بەڵام بە قیست کردنی داخوازییەکان جیاوازە لە ڕێبازی لە بری دانان، واتا: دیموکراسی نەبێو سەربەخۆیی هەبێ، یان پێچەوانەوە. لەم سێینەشدا وەک نەتەوەییخوازێک ئەمەم گوتووەو وەکو مودەعییەکی دیموکراسیش پێداگری لێ دەکەم. بۆ ئەم پێداگرییە فیکرییەش پێویست ناکات داوای لێبوردن لە هیچ موخالیفێک بکەم، لێ گەرەکمە بڵێم ڕێز لە بیرۆکەی موخالیفینم دەگرم بێ ئەوەی دەستبەرداری دیدی خۆمبم، مەگەر بە حوجەو مەنتیقی پێ سەلماندن نەبێت.

هەموومان شەڕی حوجەو مەنتیقی جیاجیامان کرد، وای لێهات بوینەتە دوژمنی ئەولەویاتەکانی یەکتری کە ئەوەندە پێداگری لەسەر ئەولەویەتەکانی خۆمان دەکەین. هی بەرامبەرەکانمان دەکەینە پلە دوو و سێ کەچی کە دەرفەتمان بۆ دەرەخسێو دونیا وا دەبێت کە ئەولەویاتەکانی خۆمان جێبەجێ بکەین، ناچینەسەر ئەولەویاتەکانی ترو قۆڵو دەستی یەکتری دەبڕین. چەندجار دەرفەتی چاکسازیو دەستپێشخەری هات هەر بە خنەخن دوامان خست. کە کەسی تر پەیدادەبێ بە کردەوە بیکات لێی دەکەینەهەڵلا گوایە وەختی نییە، ئەی کەی وەختی چاکسازیو دیموکراسیی، وەختی مافی چارەنووسی وسەربەخۆیی دێت؟ مەگەر ئەو حزبانە بۆ ئەوە دروست نەبوون؟

هەواڵنامەی کتێب

هەواڵنامەی کتێب

# زۆرانبازی لەگەڵ سەدەی ٢١دا

## وێنەی کوردستان لەئەندێشەی داگیرکراوە سپۆرتەکە

هەواڵنامەی کتێب



هەواڵنامەی کتێب

"نامەوێ شەڕ بەکۆنە قین بکەم، یان لەو کاتەی دەشێ لەوانیتر راستتر بووبم، سووک و ئاسان بڵێم ئەی پێشتر پێم نەوتن؟ مەبەستیشم ئەوە نییە کە بێژم وەختی ئەوە نییە حوکم بدەین کێ لەسەر هەقە و کێش لەسەر ناهەقە، چونکە من خۆشم بەشی خۆم هەڵەوپەڵەم کرد و ئەو بەشەش کەم نەبوو"

**ریچارد هاس**

**لە کتێبی شەڕی پێویست و شەڕی ویست،**

**سەرگوزشتەی دوو شەڕ لەدژی عیراق**

هەواڵنامەی کتێب

# له جێی پێشەکی، منداڵێك لەتاقی مێژوودا

وەک نەریت لە پێشەکی هەر کتێبێکدا نووسەر دەخوازێ دەروازەیەک بۆ ناساندنی کتێبەکەو باسوخواسەکانی پێشکەش بکات تا خوێنەرەکانی هانبدات لەخوێندنەوەو گفتوگۆی باسەکاندا لەگەڵی بن، بەڵام من دەمەوێ لەم پێشەکییەدا لەوێنەی سەر بەرگی کتێبەکەوە دەستپێبکەم. کە لەدەمی هەڵبژاردنیدا هەستمکرد پڕ بە پێستی ناوەڕۆکەو دەڵێی بۆ (پێرست)ی ئەم کتێبە وێنە گیراوە.

بۆ سەدەمین جار باوەڕم هێنایەوە کە وێنەیەک سەد شەرح و شرۆڤە دێنێ.

منداڵێکی دیاربەکر لە تاقێکی مێژوویدا:

دیوار بەندێکی شار کە دیرۆکی کۆنینەی پایتەختی رانەگەیەنراوی کوردستان دەگێڕێتەوە.

منداڵێک کە هێمایە بۆ دواڕۆژ، خۆی لەتاقی دیوارێک پەستاندووەو بەزۆر دەیەوێت جێی خۆی بکاتەوە.

لەگرتەیەکدا وێنەی دیرۆکێکی بەلەنگازی و بندەستی تێبینی دەکەین کە لەوانەیە مەبەستی وێنەگر، یان تەنانەت منداڵی ناو تاقەکەش نەبێت، بەڵام بۆچی لە چامەی شیعرو لە تابلۆی داهێنراوی هونەرمەندێک پتر لەماناو رەهەندێکی پەنهان دەدۆزرێتەوە، ئەدی شتی وا بۆچی بۆ گرتەیەکی زیندوو یاساغ بێت؟

بەشێک لەهونەر پەنهانییە، مانای نوێ و دیتنی جیاوازە کە ئەمڕۆ، لەکایەی میدیادا، وێنە دەتوانێ کارەکتەرەکان، گەورە یان بچووک، نەتەوەکان، ئێسکگران، یان رووخۆش، دەربخات و رمێنیان بۆ پەیدا بکات، بەهۆی هەژموونی خۆیەوە بەشیان لەهەژموونی خۆی پێ بدات، یان لەبەشی خۆشیان بێ بەشیان بکات.

هەموو هەژموونێک داگیرکەرە، داگیرکەرێکی جیهانییش، لەبارێدایە سەری

هەواڵنامەی کتێب

بندەستانی بەرز بکاتەوە، یان سەریان بە فەتارەت بدات.

میدیا، بەتایبەتی لە تۆڕی جاڵجاڵۆکەی جیهانی، ئینتەرنێت، ئەمڕۆ ئەو هێزە هەژموونگەرە جیهانییەیە کە دەتوانێ وێنەی هەڵەبجە بگرێت، یان وێنەی لەبابەتی ئەوی منداڵە دیاربەکرییەکە، بە دونیادا پەخش و بڵاوبکاتەوەو وێنەیەکی جیاواز نیشان بدات لەسەر ئەو (تورکە شاخاوییانە)ی پڕوپاگەندەی کەمالیزم وەک دەستە خەڵکێکی بێ مێژوو و بێ ئایندە وێنای دەکردن.

میدیاو وێنەکانی میللەتان لەقەهری تەنهایی دەربازدەکات و بەدونیای دەرەوەی خۆیانەوە دەیانبەستێتەوە، ئێمە هیچ وێنەیەکمان لە سەر قەتڵوعامی موکریان چنگ ناکەوێت، چونکە نە میدیا و نە وێنەو نە تۆڕە جیهانییە داگیرکەرەکەی، لە ئارادا نەبوون، بۆیە داگیرکەرە ناوچەییەکە، سەفەوییەکان، ئەو تاوانەیان بۆ چووەسەر.

وێنەمان نییە کە راگوێزانی کوردانی باکوور بۆ نێو قووڵایی تورکیای تەواو تورکیایی بگێڕێتەوە، بەڵام فۆتۆی کامێرامانێکی کوردی باکوور لە هەڵەبجە مردنی عومەری خاوەر و جگەرگۆشەکەی بەناو ئاژانسەکانی دونیادا گێڕا تا هەر کاتێک ، هەر کەسێک، ویستی کوردو داگیرکەرە کیمیایی وەشێنەکانی بناسێت، لەسێرچێکی گۆگڵدا جامانەکەی عومەری خاوەر شایەتی بدات.

میدیا، وێنەو نووسینەوەی باسوخواسی لە وێنەکێشانی بەسەرهاتەکان و پێشبینیکردنی ئایندە، چوون زوومی کامێرایەک، کە دوورمان بۆ نزیک دەخاتەوە، چەکە بە دەست بندەستەکانەوە.

هەڵبەت لەو چەکە کاریگەرتر هەیە، بەڵام ڕەنگە کەمتر لەچەکی خەباتی میدیایی مۆڕاڵ و هاوبەشێتی مرۆیی هەبێت، بەتایبەتی وەختێک بخوازیت لەگەڵ دونیایەک قسە بکەیت، وەک ئەستێرەی سیوەیل، درەنگ درەنگ سەر لە کوردستانی گەمارۆدراوی، دەرکراوی ناو مێژوو و جوگرافیای پایەداریی بدات.

لە بیرمە کە خۆرگیرانی ساڵی ١٩٩٩ بوو، بۆ ساتەوەختێک دونیا لە هەر شوێنێکی دونیا تاریک بوو، جوانترین وێنەی بینراوی خۆرگیران لە چەقی کوردستاندا دەرکەوت کە ئەوە بەخشیشێکی یەزدانی بوو بۆ بەندە کوردەکانی خۆی، بەڵام هەموو میدیاکانی جیهان ئەو دیمەنە روون و جوانە ئاسمانییەی لە ساتەوەختێکی بەخشندەییدا گەردوون بە کوردەکانی بەخشی، بە ئیمزای

خۆیەوە دەرنەخست. بەندە لاسارەکانی خودا لەسەرزەمین شێوانیان و لێنەگەڕان بەناوی کوردستانەوە، بۆ جیهان پەخش بکرێت. وەک کاتی خۆی، دروست یانزە ساڵ پێش ئێستا، لە وتارێکدا، نوسیبووم (هەموو کەسێک چاودێری کەناڵە فەزاییەکانی دونیای کردبێ لەگواستنەوەی ماجەرای خۆرتۆراندا هەست بەوە دەکات کە سیاسەت لەئاسمان، چوون زەوی، ئامادەو لە نێودابوو، ئەگەر وانییە بۆچی لە کۆی کەناڵە فەزائییە عەرەبی و بیانییەکانی رووداوەکەیان راستەوخۆ پەخشدەکرد کەناڵێک نەبوو خۆرگیرانی کوردستانی ئازاد نیشانبدات، هەموو زاناو ناوەندە زانستی و فەلەکییەکان لە ناوچەکەو لە دونیا پێشبینی ئەوەیان دەکرد پشکی هەرە زۆری خۆرگیرانی تەواو بەر کوردستان و ناوچە کوردنشینەکانی ئێران و سوریاو عیراق و تورکیا بکەوێت، لەئێران خەڵکێکی زۆری بیانی هاتبوون تا چێژ لە ئەفراندنی سروشت و ئامازەکانی خودا وەربگرن کە بەشێکی ئەو هاتووانە لەسنەو بانەو مەریوان و کرماشان هەواریان هەڵدابوو، لە تورکیاش، کوردستانی باکوورو بەتایبەتی شاری دیاربەکر، شوێنی دوا رووداوی زانستی سەدە بوو، ئەگەر باری نائاسایی هەمیشە راگەیەندراویش دەرفەتی دابێ، رەنگە لەوێش گەشتیاری بیانی لێبووبێ- کوردستانی نوێ لەخۆرگیرانێکەوە بۆ خۆرگیرانێکی تر- ستران عەبدوڵڵا- ژمارە (١٩٢٤) لە رۆژی پێنجشەممە ١٩٩٩/٨/١٢)، بەڵام شێوانی وێنەی کوردستان و لەتوپەتکردنیشی بەرهەمی خۆرگیرانەکەی ساڵی ١٩٩٩/٨/١١ نییە، پێش ئەوە بە چەند ساڵ و سەدەیەک هێزە هەژموونگەراکان نەخشەیان بۆ کێشابوو، نها میدیای جیهانیی تەنها وەک واقیعێک پەخشیدەکاتەوە.

هێزە هەژموونگەراکانی ئیمپراتۆریای عوسمانلی و ئیمپراتۆریای سەفەوی، یان وەک لە ئەدەبیاتی کوردەواریدا پێیان دەڵێین رۆم و عەجەم، لەساڵی ١٥١٤و لەشەڕی چاڵدێراندا وێنەکەیان کردە دووکەرتەوە.

ئەسڵی باسەکە ئەوەبوو ئیدریس بەدلیسی لەگەڵ سوڵتان سەلیم یاوزی یەکەم لەسەر ئەوە رێککەوت کە ئەمارەتە کوردەکانی ئەمبەرو ئەوبەر لە دژی ئیمپراتۆریای سەفەوی بدەنە پاڵ دەوڵەتی عوسمانییە بە مەرجی پاراستنی ئەم قەوارە کوردییانە، بەڵام ئاکامی ئەم بەر یەککەوتنە لە دوای چاڵدێران وابوو کە دوو کەرتی کوردستان جێگیرکرا.

-لەشەڕی جیهانی یەکەم ، دووەم بەر یەککەوتنی کوردستان لەگەڵ جیهان

روویدا، له سه‌رتاسه‌ری کوردستاندا شێخ مه‌حمود له‌شۆڕش و سمکۆ له‌شۆڕش و شێخ سه‌عید له‌شۆڕشدا بوون، به‌ڵام له‌جێی ئه‌وه‌ی ره‌نجی کورد وێنه دووکه‌رت کراوه‌که پێکه‌وه بنووسێنیَ، وێنه‌که بۆ چوار که‌رت و له‌تۆڵه‌که‌یه‌ک په‌رت کرا.

له‌ته وێنه‌ی لای ئێران هه‌ر لای ئه‌وان مایه‌وه، ئه‌وی پیاوه نه‌خۆشه‌که‌ش، ئیمپراتۆریای عوسمانلی، له‌تێکی وه‌به‌ر عیراق و له‌تێکی وه‌به‌ر سوریاو له‌ته گه‌وره‌که‌ش که‌وته چنگی خوێنینی ئه‌تاتورکه‌وه‌و له‌تۆکه‌یه‌کیش لای هاوڕیَ لینین، وه‌ک میراتی دوا قه‌یسه‌ری رووس، مایه‌وه.

-سێیه‌م به‌ر یه‌ککه‌وتن له‌ده‌می شه‌ڕی جیهانی دووه‌مدا بوو، روس و ئه‌مریکاو ئینگلیز له ناوچه‌که بوون. قازی محه‌مه‌د کۆماره‌که‌ی خۆی دامه‌زراندو ویستی به‌مێزه‌ری پاک و فه‌قیانه‌ی سپی سپییه‌وه که‌مێک گه‌ردی سه‌ر وێنه ته‌ڵخه‌که‌ی کورد پاک بکاته‌وه، به‌ڵام له‌گه‌ڵ نه‌مانی کۆمارو کۆتایی به‌ر یه‌ککه‌وتنه‌که هه‌ر که‌رتێکی وێنه‌که که‌وته گیرفانی ده‌وڵه‌تێکه‌وه. به‌و مانایه‌ی له‌هه‌ر به‌شێکی کوردستان کوردایه‌تی ناچار بوو ببێته مه‌سه‌له‌یه‌کی ناوخۆیی وڵاتی پێوه لکێنراو.

-چواره‌م به‌ر یه‌ککه‌وتنی کوردستان له ساڵی ١٩٩١دا بوو، راسته هی شه‌ڕی جیهانی نه‌بوو، به‌ڵام ده‌رکردنی عیراق له‌کوێت و ئاماژه‌کانی سیستمێکی نوێی جیهانی له‌گه‌رمه‌ی راپه‌ڕینی کوردستاندا، هاوکاتی نه‌مانی شه‌ڕی سارد بوو که هیچی له‌شه‌ڕێکی جیهانی که‌متر نه‌بوو. کوردستانی راپه‌ڕین و کۆڕه‌و، وێنه‌ی میلله‌تێکی ئازادیخوازو لێقه‌وماوی ده‌ستی جینۆسایدی نیشانی دونیا دا. زوومی کامێرا له‌کۆڕه‌ودا دونیای زلهێزه‌کانی هێنایه پای پاراستنی کوردستان، به‌ڵام کوردستانێکی بیَ که‌رکوک و شه‌نگال و خانه‌قین که نیوه‌ی زیاتری کوردستانی جنوبی پێکدێنن. به‌مجۆره راپه‌ڕینی کورد که بۆ لابردنی ته‌ڵخی و تاریکییه له‌سه‌ر به‌شێکی کوردستان (هه‌رێم)، به‌شێکی تری وێنه‌که‌ی هه‌ر به دڕاوی هێشته‌وه. نه‌مانی شه‌ڕی ساردیش که یه‌کسان بوو به هه‌ڵوه‌شانه‌وه‌ی ئیمپراتۆریای سۆڤیه‌ت، له‌تۆکه‌که‌ی کوردستانی سۆڤێتیشی کرده دووچاره‌کی وێنه‌یه‌کی هه‌لاهه‌لا کراو به‌ده‌ست دوو کۆماری پێک ناکۆکی ئه‌رمینیاو ئازه‌ربایجانه‌وه.

دوا به‌ر یه‌ککه‌وتنیش له‌گه‌ڵ هاتنی ئه‌مریکاو رووخانی به‌عسی داگیرکه‌ربوو که نیوه‌ی کوردستانی داگیرکراوی خستۆته به‌رده‌م چاره‌نووسێکی تازه‌وه. یان ئه‌وه‌یه (کوردستانی جنوبی)یش ده‌بێته دووبه‌ش که ئه‌مه یه‌کسانه به دوو

کەرتکردنی کەرتێکی وێنە چوار کەرتکراوەکەی کوردستان. یاخود ئەوەیە نیوەی دابڕاوی کوردستان دێتەوە باوەشی کوردستانی رەسمی دانپییانراو، بۆ دوا جار تێکۆشانی کوردایەتی وێنەیەکی لەتکراوی کوردستان پێکەوە دەنووسێنێ.

ئەم نووسراوەی بەندەش کە لەم کتێبەدا دەیخوێننەوە بۆ ئەوە تەرخانە کە یارمەتی نەخشەڕێگەی پێکەوەنووسانی وێنەی کوردستانی جنوبی بێت لە ڕێی وێنە گەورەکەی کەئایندە دەنەخشێنێ بۆ ئەوەی منداڵەکانمان بە ئاسانی لە تاقی مێژوودا جێبگرن.

دەمێک بوو ئەم بیرۆکانەی لەم بەشانەدا باسمکردوون وەک وێنە لەتوپەتکراوەکانی کوردستان لەزەینمدا بوون، بەڵام کاری میدیایی رۆژانە دەرفەتی پێ نەدەدام. گەلێک جار لەم وتار، یان ئەو وتارم لەتێکی بیرۆکەیەک خۆیان نمایان دەکرد. لەگەڵ زۆر هاوەڵدا قسەم لەسەر ئەم زۆرانبازییەی وا لەم سەدەیەدا رووبەڕوومان دەبێتەوە دەکرد، تا دواجار هاوڕێی نووسەرم، خالید سلێمان، وتی: جا بۆ کتێبێک نانووسی؟

سادەیی پرسیارەکەی کاک خالید هاندەرم بوو کە نەهێڵم چیتر وێنەکان پەرت و کەرت بن.

بۆیە سوپاسی ئەو و هەموو ئەو برایانە دەکەم کە هەریەک بە جۆرێک هاتنە کایەوە تا وێنەی نەتەوەیەکی نەوزاد لە تاقی مێژوودا بکێشین.

**ستران عەبدوڵڵا**

**٢٠١٠/١٠/١٠**

# بەو داخەوە

دە ساڵی یەکەم لەسەدەی بیستویەك تەواوبوو، کەچی کەسێك نییە گالیسکەکەی رابگرێ داخۆ بۆ کوێ دەچێت کە هێشتا کورد بەحیساباتی مێژوو یاخود بەبڕی پێشبینیکراو بۆ قودەرتمەندییەکی نەتەوەیی، شەرەفمەندانە، هیچی بەهیچ نەکردووە؟ سەدەیەك خۆی بەشی چەند دە ساڵی تێدایە تا ئـــەم دەیانە هەروا لەغـــەفـڵەتێکدا بڕۆن و لەپاش خۆیان ئەسەر جێنەهێڵن؟ تۆزی وان دە ساڵ هەروا لەبەرماڵە، کەچی نەوەد ساڵی باقی مرخی لەوە خۆشکردووە ئەویش وەك گەلێك وێستگەی سەدەی بیست بەبـاسی زولفی یارو داگیرکاریی داگیرکەران و رەنجی بێ حاسڵی نەتەوەی کورد رۆژو مانگ و ساڵان بەرێبکات.

دەبێ گوزەری دە ساڵ بەسەر سەدەی نوێدا رامانچڵەکێنێ و بێتاقەتمان بکات و بمانخاتە سەر کەڵکەڵەی پێداچوونەوە بە تۆماری قازانج و دەستمایەو دەست بڵاویمان لەخەرجی بێ حسابدا؟ یان ئەمەیش شەممەیەو دەچێتە سەر یەکشەممەی ساڵ و سەدە بێهودەکانی مێژووی کورد؟

خەرجی بەربڵاوی کورد لەخوێن و توانا و کەرەستەی بەهەدەردراو ئەگەر نەتەوەیەکی پایەدارو دەستڕۆیشتووش بیکات هەر لە کۆتاییدا مایە پووچ دەردەچێت.

مەبەستمە بڵێم ئەو نەتەوەیە لە وێنەی کابانێکی پاڵدمشۆڕ کە لەکاروباری کابانیدا هێندەی خزمەت دەکات زیانیش دەگەیەنێت، خەریکی بەخەرجدانی وزەو توانای گەورە گەورەیە بێ ڕاچاوکردنی قەبارەی دەسکەوتەکان و

بیرکردنەوە لەوەی خەرجی زۆر بەهەدەردانێکی بێ پەروای سەرمایەیە لە پرۆژەی کرچوکاڵ و ناکاملدا.

ئەو دە ساڵە بەچی بەراورد بکەین تا بزانین قازانج و زیانمان لەکوێ گیرساوەتەوە؟ بەراوردی بکەین بە دە ساڵی پێشتر، واتا دە ساڵی یەکەمی بیست ساڵی رزگاری کوردستان (١٩٩١-٢٠٠٠)؟ یاخود بە دە ساڵی یەکەمی سەدەی بیست (١٩٠٠-١٩١٠) کە جیهان لە سوڕی متبوونی پێش جەنگی یەکەمدا بوو، کوردیش لەو دونیا جەنجاڵەدا بێخەبەر بوو لەوەی سەدەی بیست تەنووری راگوێزان، تەتریك و تەعریب و تەفریس، ئەنفال و کیمیابارانی بۆ ساز داوە.

بەراوردی بکەین بە دە ساڵی رابردووی کورد لەبەشەکانی دیکەی نیشتمانی داگیرکراودا، (واتا بەشەکانی تری کوردستان) بۆ نموونە بڵێین لێرە بەرەسمی فیدرالی هەیە و لەوێ هێشتا هیچ بەدەست نەهاتووە؟ یان بەراوردی بکەین بە دەوروبەرو دونیا کە لەو دەیەیەدا، نەتەوەکان، بە تایبەتی نەتەوە بندەستەکانی وەکو کورد، چنگیان لەچی گیرکردووە؟ هەر یەك لەم بەراوردانە سەرەتایەکی جیاوازن و سەرمان لە دەرەنجامێکی جیاوازترەوە دەردێنن.

خۆ ئێمە دەتوانین لەباسوخواسدا ئەم دە ساڵە لە هەریەك لەو دەورانانە بەسەربکەینەوەو بە دە ساڵی کورد لەم سەدەیەی خەریکە کۆن دەبێت، بەراوردی بکەین. بۆ نا؟ ئەوەشیان مەزەندەو پێداچوونەوەیەکە رەنگە ئاماژەو وانەمان بداتێ، لێ جارێ با لێرەدا توند دەست بەئەڵقەی هەڵسەنگاندنی خودی دە ساڵەکە (٢٠٠٠-٢٠١٠)ەوە بگرین کە دەشێ بەشەرەکان، نەتەوەکان و دەوڵەتەکان لە دە ساڵی هاوشێوەدا چیان بکردبایەو کوردە داماوەکە نەیکرد؟

ئێمە دەبێ لەم بەستێنەدا دیدێکی تەواو رەخنەییانە رەچاو بکەین کە دیدی هەڵسەنگاندنی رۆژانە نەبێت، دیدی هەڵسەنگاندنێکی رۆژانەی ئەوتۆ کە نا چارت بکات بۆ هاندان و بوژاندنەوەو دڵدانەوە بە کەم رازی بیت و ئامرازی ئافەرین لەپێناو هاندان و دەستخۆشی بۆ ئەنگێزەی کۆششی زیاتر بەکار بێنێت. ڕاستێکەی دیدی ئافەرین بۆ کادری گۆڕەپانی تێکۆشان باشە کە ئەوەشیان بەڕێوشوێنی خۆی، بەڵام دیدێکی رەخنەگرانەی بە شێنەیی هەر دەبێ بۆ هەقپێدانێکی راستەقینەی کارەکتەرەکان و ئامڕازەکانی بەر دەستیان

بێت کە وایکردووە لەوە زیاتر بەدەست نەیەت کە بەدەستهاتووە؟ بەو فاکتەرانەی هێزی بەردەستی کوردو بەو لەمپەرانەی بەردەمی، بەو چانس و تەحەددایانەی هاتنەپێش و کۆششی کورد چەند درێژبێت لەبەرامبەریدا لەکورتی دابێت، پێویستە لەکوێی پلە بەندییەکانی سەرکەوتن و نووشستدا بین؟

بەڵام پێش ئەوە با لەبەر سەرقاڵیمان بەهۆکارەکانی دۆڕان و بردنەوە لەهەناوی دە ساڵەی فاکتەری کوردی و دیاریکردنی پشکی ویدا، بەرپرسیارێتی سەدەی بیستویەک لەئاستی دۆسێی خودی کورددا فەرامۆش نەکەین. ئەم سەدەیەش وەك سەدەی بیست دەیەوێ دەستی دەستیمان پێبکات و ئیستیحقاقاتەکانی کورد حەواڵە بەگەواڵە بکات، دەیەوێت وەك سەدە دڵڕەقەکانی رابورد هیچ پابەندێتییەك لەخۆی نیشان نەداو بەهەمان ڕێبازی جاران، بەس لەو ژیرانەتر، دەورانی خۆی بەنابەدڵی تەواوبکات. رەنگە جیاوازیی ئەوەبێت سەدەی بیست لەشوێنی تاوانەکە چەند بەڵگەو هێمایەکی کوشتنەکەی جێهێشتبێ و بەدرێژایی ساڵ و دەیەکانی خۆی لەدەوروبەری شانۆی تاوانەکە خولابێتەوە. هەرچی سەدەی بیستویەکەمە مەبەستیەتی خوێنی تاوانەکە بسڕێتەوە، ئامرازەکانی تاوان و کەرەستەکان و ئینجا قوربانییەکانیش پشارێتەوە، یان وایان نیشانبدات هیچی لێنەقەوماوەو ببڕێتەوە. لەبەر ئەوە دەبینین ئەم سەدەیە خۆی بەو پاڵەوان و کارەکتەرانە دەور داوە کە دەخوازن پاکانە بۆ نەخشە و کۆتاییە نا دادپەروەرەکانی رابردوو بکەن و بەبیانووی ژیریی و عەقلانییەتێکی رووکەشانەوە حەرامی بەدەستهاتوو، لەداگیرکاری وماف زەوتکردن، قووت بدەن.

ئەم ئیدانەکردنەم بوختان و گێچەڵکردن نییە بەسەدەیەك هێشتا چارەکی تەمەنی خۆی بەسەر نەبردووە، ئەز رەشبین نیم، بەڵام کە سەیری ئەم مێژووە رەشەی سەدەکانی رابردوو، ئەو هەموو برینەی نەتەوە دەکەم هەقمە کە لەتەوقی سەرەوە تا بنی پێ لەسێبەری رۆژگارو سەدەکان بەگومان بم، لەم تێڕوانینە بەدگومانەوە، لەو وەختەی دەمەوێ چاوی رەخنەی توندیش لە دە ساڵی فاکتەری کوردی بگرم، ئومێدمە هەمیشە ئەوەم لەیادبێت کەمتەرخەمی خۆیی لە دە ساڵدا، لە عاست بەرپرسیارێتیدا، قەت بە دڵڕەقی سەد ساڵی فاکتەری بێگانەیی بەراورد ناکرێت.

لەم نووسراوەدا دەمەوێ بەوە سەنگەری رەخنەی خۆم لەسەنگەرەکانی دیکەی رەخنەکاریی جیا بکەمەوە کە هەمیشە بەشی قورس و بێ ئەندازە دزێوی نەیارەکانی کورد لەداگیرکەران و لەتۆرێك بەرژەوەندی پارێزەری دۆخی داگیرکاریی فەرامۆش نەکەم، رەخنە لە هۆکاری داهێزرانی کورد هەرگیز دیاری نییە بۆ دەستی دوژمنەکانی کە چەند دەیەو سەدەیەکە دەیچەپێنن بەجۆرێکی وا ئەمڕۆ کورد کەمترین خۆپارێزی لەبچووکترین هەڵامەت نەبێت و کزەبایەکی کەمیش نەخۆشی بخات.

لەباسی شەرمەزاری سەدەی بیست و خۆگێلکردنی سەدەی بیستویەکەم لە دە ساڵی یەکەمیدا، پێویستە باس لەکارەکتەرەکانیش بکەین، ئەوانە سەدەو ساڵانەکانیان پر کردووە لە رووداوی گەورە و ژاوەژاوی لابەلا، لە شەرمەزاری زوڵموزۆر و لەداستانی بەرەنگاریی بە دیوی سەرکەوتن وشکستدا.

لەم چیرۆکە غەمگینەدا، پاڵەوانەکانی چیرۆکی کوردو بندەستی و داهێزرانی کورد خۆی و نەیارەکانی بەرپرسن، کورد خۆی بەرپرسە بەوەدا لاوازی ئەوتۆی لەخۆی نیشانداوە کە خەڵك تەماعی تێبکەن، تەماع لەخاك و خەڵکەکەی کوردستان بکەن. لاوازی کورد سیمای سەرەکی مێژووییەکی پەرتوبڵاوە، تا ئەو ئەندازەیەی دەتوانین بێژین ئێمە پێویستمان بەوە نییە بەدوای زمانی ستاندارد، هاوبەشێتی لەئابووری، یان ئەدگارو خەسڵەتی دەموچاوی کوردەکاندا بگەڕێن تا بیسەلمێنین کورد نەتەوەیە، چ لەسەر بنچینەی پێنج خشتەکییەکەی هاورێ ستالینی عەزیمولشەئن لەسەر ئوممەو چ بەپێی ئەو رێسایانەی ئیفرەنجە لیبراڵەکان بۆ ناسینی نەتەوەیەك لەسەری گیرساونەتەوە. خەسڵەتی "لاوازی" خاڵی کۆکەرەوەی نەتەوەی پەرتبوو و پەرتکراوی کوردە کە ئەمارەتی دوورەدەست و مێژووی شپرزەی بە گوریسی توندی خەسڵەتی لاوازییەوە گرێدراوە.

شیاوی کورد بۆ بندەستی و نەهاتنە وەڵامی لەسەر فەوتان و لەناوچوونی، یان لاوازی سیستمی بەرخۆدان و بەرەنگاربوونەوەی خۆیی، دۆخێکی دروستکردووە کە بیرمەندی چاوکراوەی ئیسلامی، مالیك بن نەبی، ناوی لێناوە "شیاوی بۆ داگیرکردن" (القابلیە للاستعمار). یانی ئەسباب و تەداروکاتی پێشوازی لەداگیرکەرو یاساو باوەڕەکانی لەخۆماندا بەرجەستەبووە، بۆیە دوای چەردەیەك

بەرخودانی قارەمانانەی تۆمارکراو لە نەقشی مێژوودا، پشوومان کورت دەبێ و کاتێکی زووتر لەوەی داگیرکەرە سەرسەختەکەمان پێشبینی دەکات، وەك بەفری سەر لوتکەی شاخەکان غلۆر دەبینەوە. ئەم مێژووە دوور ودرێژە پێمان دەڵێت کەس بەقەدەر کورد گەرمە تەریقەت نەبووە لەبەرەنگاری غەزاو پەلاماری دوژمنداو کەسیش وەکو ئەو بەزوویی لەگەڵ دەستەو دایەرەی ئەو دوژمنەدا پەیوەندیی ئاسایی نەکردۆتەوە، لەگەڵ نەزم و سیستمیدا خۆشە نەبووەو رانەهاتووە.

ئەگەر داوای لێکدانەوە لە ئەقڵی بچووکی من بکەن لێکدانەوەیەکی سەیرم بۆ ئەم دۆخە هەیە: دۆخی شیاوی بۆ داگیرکردن کە دەرئەنجامی مەیلی لە رادەبەدەرەوە بۆ زوو هەڵچوون لەبەرەنگاریی داگیرکەرو زوو دامرکانەوەی کەفوکوڵی (نا)کەی بەرابەر نەیاراندا، پێموایە ئارەزووی لە رادەبەدەری کورد بۆ ژیان دامەزراندنێکی "هەرچۆنێك بێت" باعیسی زوو دامرکانەوەی بەرەنگاریی و چوونە دەورانی ئاساییکردنەوەی پەیوەندییەکانێتی لەگەڵ داگیرکەرو زاڵمەکەیدا. بەپێچەوانەی زۆر لێکدانەوەی باوەوە، کە دەڵێ کورد هیچ پابەندێتییەکی لەگەڵ ژیاندا نییە، وادەزانم ژیان و زیندەگی خولیای گەورەی کوردە، ئەمما ژیانێکی هاکەزایی بۆ رۆژ گوزەراندن و پینەکردنی ژیان.

کورد میللەتێکە بۆ رۆژی خۆی دەژی، بەقیست و قەرزو قۆڵە ژیان بەڕێدەکات، فەرمانبەرێکی مەسلەکییە لەفەرمانگەی مێژوو و شارستانیەتدا. ژیانی تا سەری مانگ گەرەکەو پێداویستییەکانی ئەو ژیانی مەمرە ومەژییە بەقەرزو قۆڵەو قیستی مانگانە دابین دەکات، ژیانی وا خاوەنەکەی فێری سازش و سەرکزی بووە و پەیڕەوی تیۆریی (دەست بەکڵاوی خۆتەوە بگرە، با نەیبا) هەڵیدەسوڕێنێ.

کورد کائینێکی دونیاخوازە، جگە لەو ژیانەی بە تەمەنی چەند نەوەیەك دیاریکراوە، کە تەمەنی گریمانەیی دەشێ شەست ساڵ بێت، باوەڕی بەهیچ ژیانێکی ترو تەمەنێکی تر نییە، ئەمە ناخی هەموو کوردێك چ ئەوانەی باوەڕیان بەماددیەی دیالێکتیکی فەیلەسوفی موژدەبەر، کارل مارکس، و چ ئەوانەی باوەڕیان بەدونیای ئاخیرەت و دۆناودۆن هەیە، ئەم ژیانە بەقیستە وایکردووە هەر داگیرکەرێك یان تەنێکی نامۆو بێگانە پەلاماری دونیا تایبەتەکەی کورد

بدات ئەم (واتا کورد ) زوو لێی رادەبێتەوەو هەر کە لەدەریچەیەکیشەوە گریمانی جۆرێك لەئاساییکردنەوە (تەتبیع)ی کرد کە سۆزی دڵنیایی و ئەمانی بداتێ و زامنکاری تۆڕی دابینکردنی بەرژەوەندییە رۆژانەییەکانی ئەو بێت، بێ سێ و دوو چەك دادەنێ و بەکەمترین نرخ و قەرەبوو ئاشتی دەکات، ئەم دیدە کورتبینیە، کوردییە، پوشێکی چکۆڵە لەناو زەریای ململانێ و پێکداداندا وەك تەوقی نەجات دەناسێنێ. واتە:

١-زوو رادەبێتەوە، تەنانەت بێ دابینکردنی ئەسباب و تفاقی جەنگ.

٢-زوو ئاشتی دەکات، تەنانەت بێ دانووستاندنی ئاشتییەکی بە روومەت کە ژیانی تاك و ژیانی گشتی کوردەواری تەئمین بکات.

٣-زووش تێهەڵدەچێتەوە، وەختێك چەك دانان و دەستبەرداری لە موقاوەمەت، ئاشتی کۆمەڵایەتی بۆ ناهێنێت.

ئەم ئاشتییە کوردییە پێچەوانەی، بۆنموونە، ئاشتی تورکمان لەعیراق، یان تەتبیعی ئازەرییەکانە لەئێران، ئەوانە بەکەمترین نرخ تۆرێکی رمێنپێدانی بەرژەوەندییەکانیان دابیندەکەن کە هەم ئاشتی پێ بێت بۆ خۆیان و بەرامبەرەکەیان و هەمیش دەرگا لەبەردەم دەستکەوت بکاتەوە. دەسکەوت لەرێی جولەیەکی لەسەرخۆی کەڵەکەکردن (تەراکوم) کە وردە وردە قەبارە دەکاتە قەوارە، گەشەی چەندایەتی دەکاتە گەشەی چۆنایەتی.

کورد خەزینی کەڵەکەبووی نییە، بۆیە هیچ ئەزموونێکی لەویتری ناچێ و هیچ شکستێکی نابێتە وانە بۆ رابوونێکی نوێی دوای ئەو شکستە، لەبەر ئەم کۆچەرێتییە کورد وەك هەوارگەیەکی کاتیی لەژیان و ململانێکانی دەڕوانێ. سەرئەنجام زیندەگی کورد میواندارییەکە لەهۆتێل، یان مۆتێلێك کە هەرگیز ژیانێکی جێگیر بۆخۆی و دراوسێکانی بنیات نانێ و لەگەڵ هاتنی هەر داگیرکەرێکدا سێ کوچکەی (رابوون- ئاساییکردنەوە- رابۆرنێکی تر) شوێنی (بەرەنگاری- سوڵح و ئاشتی- پەیداکردنی قودەرتمەندییەکی ئەوتۆ کە لە هەر پاشگەزبوونەوەیەکدا بتوانێ بەرەنگاری پەلاماری نەیاران ببێتەوە) دەگرێتەوە.

بەڵام هەمیشە دەبێ لەبیرمان بێت کە شایانی بۆ داگیرکردن هەرگیز پاساو نییە بۆ داگیرکەران و نەیارەکانی کوردستان کە لاوازی کورد دەقۆزنەوە بۆ دەست بەسەراگرتن و بندەستکردن.

# داگیرکراوێکی سپۆرت

لەباسی داگیرکەرانی کوردستان و رۆڵیان لە داوەشینی دۆخی کورددا نامەوێ بە مێژووی خوێن و غەدر و وێستگە شەرمهێنەرەکانی کورد کوشتندا بچمەوە، ئەمە باسێکە هەموو چاوساغ و نابینایەکی کوردستان دەیزانن، داگیرکەرە هەمەجۆرەکانی وڵات خۆشیان وردەکاریی جەورو ستەمی خۆیان دەزانن، لە دەورانێکدا حاشای لێدەکەن و لەدەمێکی تردا دان بە هەندێکیدا دەنێن، بەڵام ئەم دانپیانانە بەسەد پێچە بە دەورەو پاساو هێنانەوە دەشارنەوە، بەشێوەیەکی گشتی لە وێستگەی وەرچەرخانی گۆڕینی رژێم و حکومەتەکاندا رژێم وحکومەتە تازەکان کردەوە داگیرکارییەکانی خۆیان دەدەنە پاڵ رژێمێك یان حکومەتێکی پێشووتر نەک خودی ناسنامەو فەلسەفەی دەوڵەتەکە کە ئەوان گوایە ئیتر لە کردارو تاوانەکانی ئەو رژێمە بەرپرسیار نین و میراتەکەی هەڵناگرنەوە، رژێمی کۆماری عیراق خۆی بێبەری کرد لەتاوانی کورد کوشتن و بۆردومانی سلێمانی و بارزان و پەرتەوازەکردنی خێڵ و عەشیرەتی بارزان، لەسێدارەدانی ئەفسەرە ئازادیخوازەکانی کورد لە١٩ی حوزەیرانی ساڵی ١٩٤٧. بەبیانووی ئەوەی ئەمە ئینگلیزو پادشای عەهدی بائید و حکومەتی عیراقی ئەوکاتە کردوویەتی، رژێمی بەعسی سەدامی دەڵێ ئەوەی قاسم و عارف کردوویانە خەتای منی تێدا نییەو رەنگە زمانحاڵیشی ئەوەبێت کە تاوانی خۆم لەئەنفال و کیمیاباران و پاکتاوی نەژادی کەم نییە تا هی خەڵکی دیکەش لە ئەستۆ بگرم! عیراقی فیدراڵیش قسەی سوارە کە ئێژێ: خەتای عەهدی بائیدە (عەهدی مەلەکی )و عەهدی قائیدیش (قائیدی ئوممە سەدام) لەسەر خۆی

ناکاته ماڵ. بگرە پشت بەستوو بە زوڵمی گشتگیری ڕژێم بەعس لەسەر هەموو عیراقییەکان، دەستەبژێری عیراقی فیدراڵی لە نەتەوەی سەردەست خۆی لە تراژیدیای کوردیش کردۆتە خاوەن و لەئێمە گەرمتر ئیدانەی سەددام دەکات کە عیراقییە کوردەکانی، یان ئەو عیراقیانەی، کوشتووە کە ڕێکەوت وابوو کورد بوون، نەك عەرەبی رومادی!

بگرە حکومەتەکانی عیراقی فیدرالی زیاتر لە سەرکردایەتی کوردستانی وەبەرهێنان لە تراژیدیای ئەنفال و هەڵەبجە دەکات وەک بەڵگەی رژێمی پێشوو بۆ رەوایەتی حوکمی ئێستای خۆی بەکاری دێنێت.

لە ئێران حکومەتی ئێستا (حوکمی کۆماری ئیسلامیی) ڕێ بەکورد دەدات بۆ لەسێدارەدانی پێشەوا قازی محەمەد(قازی محەمەدی مەلای کوردی موسڵمان کە ڕێبەرایەتی خەباتی کوردە موسڵمانەکانی کرد دژی شای کافر نەك پێشەوای کۆمارێك کە دژی فەرمانڕەوایی سەنترالیزمی ئێران هاتە مەیدانی سیاسەتەوە)، فرمێسك بریژێت وەك بڵێی خۆی کێشەی لەگەڵ کوردەکانی سایەی خۆی نەبێت.

لە تورکیای ئەمرۆدا حکومەتی دادو گەشەپێدان فرمێسك بۆ ئەو زوڵمە دوورودرێژە دەڕێژێ کە کەمالیست و عەسکەرە عەلمانییەکان بەسەر کورددا هێناویانە، لێ خۆی نەبان دەکات لەوەی لەسەردەمی زێڕینی ئەودا بەفرۆکەو خومپارەو بگرە بە جۆرێك لەچەکی کیمیایی کورد قڕان هەدادانی بۆ نەبووە. لە هەفتەی هەڵمەت بۆ راپرسی دەستوور، لە ئەیلولی ٢٠١٠دا، رەجەب تەیب ئۆردوگان سەرۆك وەزیرانی وڵات، لە دیار بەکر بەڵێنی بە کرمانجی ئەو دەڤەرە دا زیندانە بەد ناوەکەی دیار بەکر بروخێنێ کە رەمزی عەزابی کوردە لە دەورانی کودەتای جەنەراڵ کەنعان ئیفریندا، بەڵام بەڵێنی نەدا کە زیندانییە هەرزەکارەکانی بە تۆمەتی خۆپیشاندان و بەردە فرکانێ لە لایەن ئەمنیەت و پۆلیسی حکومەتەکەیەوە دەستگیرکراون، بەرهەڵدا بکات. ئەوانەی بۆ حکومەتی دوای خۆی جێهێشتووە تا ئەویش "کەرەستەی کوردی" بۆ تۆمەتبارکردنی حکومەتی داهاتووی تورکیای لەبەردەستدا بێت.

بەم چەشنە داگیرکەران و دەوڵەتەکەیان بۆ بوغزی یەکتری حکومەتەکانیان

توانج لەپێش و پاش خۆیان دەدەن لە کوشتن و فەوتانی کورددا، گوایە ئەم هاوارەیان سۆزە بۆ کورد لەکاتێکدا داگیرکردن و زەوتکردنی مافی کورد بابەتێکی زۆر سیستماتیك و بونیادیترە لەوەی لەکردەی حکومەتێك لەحکومەتەکاندا قەتیس بکرێت، لە کاتێکدا زەخمی قووڵی داگیرکردن لە پشتی کورد زۆر لەوە کۆنتر و سوورهەڵگەڕاو ترە کە حکومەتێکی ڕاگوزەری داگیرکەرانێکی دێرین بتوانن لە ئەستۆی بگرن.

بەڵێ وایە بەعس خراپتر بوو لەقاسم و قاسم خراپتر بوو لەنوری سەعیدو ئەتاتورك خراپتر بوو لە کەنعان ئیفرین، بەس هەرگیز نوری سەعید باشتر نەبوو لەقاسم و ئەمیش باشتر نەبوو لەسەددام، ئۆردۆگانیش، هیچ نەبێ تا ئێستا، چاکتر نییە لەعیسمەت ئەنینۆ و سلێمان دێمیریل و ئیتر بەم شێوەیە. شای کوڕ قازی محەمەدی لە سێدارە داو شای باوك سمکۆی بەغەدرو فیتنە کوشت، شا عەباس قەتلوعامی موکری کردو شاکانی دوای ئەویش قسووریان نەکردو ئەمی ئێستاش خوێنی دوو سەرکردەی کوردی لە ئەستۆیە: د.قاسملوو د.شەرەفکەندی.

ئەسڵ لەکۆماری بوون، یان پادشایی بوون، لەسەڵتەنە بوون، یان شاهنشاهی بوونی حکومەتەکان نییە، ئەسڵ داگیرکردنی کوردستان و سڕینەوەی ئاسەواری خەڵکی کوردە وەك مووددەعی ڕاستەقینە بەسەر ئەم خاکەوە کە مانەوەو زیندووبوونی ئەم کوردە ڕێ لەوە دەگرێ داگیرکەران بەکەماڵی ئیسراحەتەوە خێر لە زەوی داگیرکراو ببینن و بۆ دواجار بیماشنەوە، واقیعی دزێوی داگیرکاری دەوڵەتە داگیرکەرەکانی کوردستان بەچەواشەی حکومەتە کاتییەکانی ئەو دەوڵەتانە کاڵ نابێتەوە، قەفی زنجیر بەڕەنگکردنی، یان بە تازەکردنەوە، یاخود بە چەورکردنەوە، ناکرێتەوە. بگرە ئەمە تەمەنی دیلێتی و ئەسارەتی بەندی بندەستەکان درێژ دەکاتەوە بەجۆرێك هیوا ببڕێت لەوەی، بەڵکو ژەنگی قفڵی قەفی زنجیر دایڕزێنێ و لەبەر یەکیان هەڵبوەشێنێتەوە. نوێکاریی لە شێوازەکانی داگیرکاری دۆخێکی خەڵەتێنەرە کە نابێ بەسەر کوردی ژیر و زیرەکدا تێپەڕێ و وەك دەڵێن کڵاوی نوێ بچێتە سەرمان وەکو لەمەوپێش چۆتە سەرمان.

زوڵمی داگیرکەران، کە دەنگی داوەتەوە، بۆ ئەوە باس ناکرێت تا لە تۆماری

مێژوودا دەمەزەردی بکەینەوە، بەڵکو بۆ ئەوەیان باسدەکەین تا لەشرۆڤەی بیرۆکەی لە ئەستۆبوونی تاوانی داگیرکەردا بیانخەینە کار.

ئەسڵ باسی حکومەتە کاتییەکان نییە، بەڵکو دەوڵەتە داگیرکەرەکانە کە لەڕێی حکومەتەکانیانەوە جار بەجار دەرفەتی هەناسەی هەنسك و گریان بەکورد دەدەن تا لەقەهرا دڵی نەپسێ و وای لێ نەکەن سیاسەتی بەسەر خۆم و دوژمنەکاندا بگرێتە بەر.

جا دەمانێك لەڕێی تاوانبارکردنی ستوونییەوە ئەمە دەکەن، یانی وەك ئەوەی باسمکرد کە هەر حکومەتەو تاوانەکە دەخاتە سەر ئەوی پێش خۆی، دەمانێکی تریش لەڕێی تاوانبارکردنی ئاسۆییەوە، واتە وەك ئەوەی ئێران باسی زوڵمی عیراق لەسەر کوردەکانی عیراق و باسی عیراق لەسەر ستەمی کوردی تورکیاو باسی هەردوو عیراق و ئێران لەسەر زوڵمی تورکیا لە هەمبەر کوردەکانی خۆیدا. هەموومان لەیادمانە لە دەمی دەستگیرکردنی عەبدوڵڵا ئۆجەلان سەرکردەی پارتی کرێکارانی کوردستان، لە ساڵی ١٩٩٩دا، میدیا و دەستەبژێری عەرەبی چی حەشرێکیان بە دەوڵەتی تورکیا کرد لە پای دەستگیرکردنی ئۆجەلان. تەنانەت هونەرمەندێکی وەکو لەیلا عەلویش هاتە سەر هێڵ و فرمێسکی بۆ زوڵمی سەر کورد ڕشت. ڕاستێکەی خۆشە نەشمیلێکی وەکو لەیلا عەلوی پشتیوانی مەسەلەی کورد بکات، بەڵام لەوە چاکتر ئەوەیە عەلوی و دەستەبژێری عەرەبی لە پێشدا ڕەخنە لەو دوو ڕژێمە عەرەبییەی عیراق وسوریا بگرن کە کوردی لای خۆیان دەچەوسێننەوە و ئەوی کوردی تورکیا بۆ خاتوو سبیلجان و ئەوی کوردی ئێرانیش بۆ خانم گوگش جێبێڵن

خودا هەڵناگرێ دەوڵەتی تورکیا لەچاو دەوڵەتەکانی عیراق و سوریا و ئێران لە هەمووان کوردستانی ترە بەوەی بە یەك چاو سەیری زوڵمی سەر کوردانی هەر چوار پارچەی کوردستان دەکات و دڵی بەهەموو چەوساندنەوەیەکی کورد خۆشە با تەنانەت کوردی ئەفریقاش بێت بەو ئیعتبارەی لەسەرەتای بیستەکاندا بەرپرسێکی حکومەتی تورکیا گوتویەتی ئەگەر دەوڵەتی کوردی لە ئەفریقاش بێت، دژی دەوەستینەوە.

بەمجۆرە لەگێڕانەوەی ستوونیی و ئاسۆیی تاوانی داگیرکەراندا تێدەگەین

که داگیرکەران بەوە دڵیان ئاوی نەخواردۆتەوە کورد دابڕێنن، بەڵکو بۆ شەڕی نێوان حکومەتەکان و بۆ ململانێی نێوان خۆشیان قوربانیدان و ستەمی کوردیان کردۆتە مەقاش لەدژی یەکتری.

سەرنجم لەڕەفتاری داگیرکەران داوە بە تایبەتی لەسەدەی بیست و ئەم دە ساڵەی سەدەی بیستویەکدا، دەبینم دۆخی داگیرکردنی کوردستان تووشی چی فەلاکەت و بێمروەتییەکی کردوون، ئەو وتەزایەی مارکس کە ئێژێ (هیچ گەلێك ئازاد نییە مادامەکی گەلێکی تر دەچەوسێنێتەوە) رێك بەسەر داگیرکەرانی کوردستاندا جێبەجێدەبێت، کوردستانی کۆڵۆنی نێودەوڵەتی و ئیقلیمی ئەم پێکهاتە سیاسییە، کوردستانی کۆت و بەندکردووەو گەلانی داگیرکەریشی کۆت و بەندکردووە. ئەم سێ نەتەوە مەزنەی رۆژهەلاتی ناوەڕاست، عەرەب، فارس و تورك، کە رۆڵیان لەشارستنێتی رۆحی و مادیی رۆژهەلاتدا گەورە و سەنگینە، بەم دۆخی داگیرکردنەی کوردستان تووشی دووفاقییەکی مۆڕاڵی سەیر هاتوون. لەو لاوە هەر سێکیان لەرێی ئاماژەی میللی و نوێنەرایەتی دەوڵەتی خۆیانەوە رەخنەی داوەشێی لە ئیسرائیل دەکەن کە فەلەستینییەکان دەچەوسێنێتەوە. لە کاتێکدا ئیسرائیل وەکو زاڵمێك فەلەستینی دەردەکا و ئەم گەلە زوڵم لێکراوە بەدەرکردن و موستەوتەنات لە کۆڵ خۆی دەکاتەوە، نەتەوە سەردەستەکان و دەوڵەتەکانیان دەم ودەست و چارەنووسی کوردیان بەتوندی قفڵداوە و هیچ ئاسۆیەکیان لەبەردەم ئەم گەلە بۆ هەلاتن وسەر هەڵگرتنیش نەهێشتۆتەوە و تا ئەفریقاش بە دوای کەوتوون. تەنانەت لەئاسمان و تۆری جالجالۆکەی نێودەوڵەتیش لە تۆڕە کۆمەلایەتییەکانی سۆشیال میدیا هاکی دەکەن و دەنگ و رەنگی کپ دەکەن.

لەڕابردووی پێکهاتنی دەوڵەتی نوێی نەتەوەییدا، لەدەوڵەتە داگیرکەرەکانی کوردستاندا، دەوڵەتی نەتەوە سەردەستەکان خۆیان وابەستەی ئیستیعماری بێگانە بوون و کوردیش وابەستەی وا بەستەبوو، بۆیە هەڵسانەوە لەدژی ئەو زوڵمە بە مانایەك لە ماناکان یارمەتیدەری داگیرکەرانیشە کە بایەخی بەها مرۆڤایەتییەکان بزانن و لەوە تێبگەن زوڵم لەکورد زوڵمە لە ئینسانێتی خۆشیان و دەربازبوونی کرمانج لەو زوڵمە دەربازبوونی ئەوانی "خەواجە"شە لە ناسنامەی

داگیرکەر. بەو مانایەی خۆیان داد و بێدادیان بوو لەدەست داگیر کەر و دەزانن بندەستی و بەلەنگازی چەند ناخۆشە؟

باشە من ئەم قسانە بە زمانی ئیبراهیم ئەمین باڵدار بۆ کێ دەکەم؟ بۆ ساتیحولحەسری و هاو رەفتارەکانی لەناسیۆنالیستە تورك و ئێرانییەکان (وەك زیا گوڵپ و رەشید یاسەمی) کە حەزیان نەکرد کوردی وتن و کوردی نووسین و کوردی هەبوون هەبێت، تا کەس بانگهێشتی گفتوگۆو چەلەحانێیان نەکات؟

دەمەوێ وەك کرمانجێکی بندەست کێ بخەڵەتێنم کە ئەم پاساوە مۆڕالییەی مارکسیان بۆ دەهێنمەوەو خۆمی پێ سڕو بەنج دەکەم؟ ئەسڵەن ئەوانە بۆیە بوونە داگیرکەرو ئەم زاڵی و هەژموونەیان بۆ خۆیان دابینکرد، چونکە بێ دڵی دڵنەوایی و بێ گوێی ژنەفتن و بێ چاوی دیتنی شەرحی حاڵی من بوون کە بەزار و دەست و تیلەی چاوم قسەیان بۆ دەکەم و دۆخی داگیرکارییان لا تاڵ دەکەم؟ ئەوانە، کە چێژیان لەم داگیرکارییە وەرگرتووە، بەشی نەوە لەدوای نەوەی خۆیانی پێ دابیندەکەن، ئێستا بە زمانی لووسی زمانی بێدەرەتانی کرمانجی و زازاکی دەخەڵەتێن؟

نەوەکانیان، ئاهوداخ لە نەوەکانیان!

رەنگە مەبەستم نەوەکانیان بێت کە لە تاوانی داگیرکردنی کوردستاندا بەشدار نین و دەستیان لە تاوانەکانی زەعیم سدیق و ئەفسەرە داگیرکەرەکانی پێش ئەو و بەتەنیشت ئەو و دوای ئەویشدا نییەو ناشێ ئێمە چوون تۆڵەی دەمارگیری عەشایەری تۆڵەی باوك و دایکی کوژراو لەنەوەی قاتیلەکانمان بکەینەوە.

راستییەکەی ئەمە هاوکێشەیەکی دژوارە. بەقەدەر دژواری دۆخی داگیرکاری کوردستان، ئێستا منی کوردی کەرکوکی ژێر سایەی تەعریب و راگوێزان لەنەسل و نەوەی ئەو کوردە دەرکراو و راگوێزراوەم کە دوای شێخ مەحمودی حەفید کەوت ئەو دەمەی هەر کە سلێمانی دابینکرد ملی پێوەناو بەرەو کەرکوك چوو تا رزگاری بکات و بیخاتە ژێر قەڵەمڕەوی مەملەکەتەکەیەوە، لە نەسڵی ئەو کوردە راگوێزراوەم کە دوای مەلا مستەفای بارزانی و پاش ئەویش دوای مام جەلال کەوت لە بەرپەرچدانەوەی تەعریب و راگوێزاندا، دەمەوێ بپرسم ئەی ئەو عەرەبەی نەوەی تەعریبەو چەند نەوەیەکە لە کەرکوك دەژی و لەوێ چاوی

کردۆتەوەو لەویٰ لەدایکبووەو پیٚگەیشتووە، ئەی ئەو نەوەی کیٚیە؟ نەوەی یاسین هاشمی و تەهای هاشمی و بەکر و سەدامە کە تەعریبیان هاندەدا؟

نەوکانیان لەروویان دیٰ خۆیان بە میراتگری سەددام بزانن؟

من لەکەرکوك بەدوای نەوەی راستەقینەی سەددامدا دەگەرِیٚم، نەك بۆ ئەوەی تۆڵەی ئەسارەتی شیٚخ مەحمود لە دەربەندی بازیان یان سەر نانەوەی مەلا مستەفا لەغەریبی، لەو بکەمەوە، بەڵکو دەمەویٰ لەگەڵ ئەو نەوەیەی تەعریبدا تەفاهوم بکەم و بەکەمترین زەرەر و زیانەوە هەقی خۆم و هەقی ئەویش ساغبکەمەوەو لەگەڵی پیٚکبیٚم، بەڵام لەسەر زەمینی واقیع شتیٚکی تر دەبینم؟ کەس خۆی لە سەددام ناکاتە خاوەن، کەچی نەوەی تەعریب لەو واقیعەی تەعریبی سەددام خولْقاندوویەتی بەهرەمەندەو وەك هەقی موکتەسب مامەڵەی لەگەڵ دەکات، میراتی "باوکە سەددام"ی پیٚیەو خۆی لەو باوکە ناکاتە خاوەن، من خاوەنداریٚتی لەمیراتی میللەتی راگویٚزراو دەکەم لیٰ ئەو لەلایەك خاوەنداریٚتی لەمیراتی بەجیٚماو دەکا کەچی لە لایەکی تر حاشا لە باوکی میراتی دەکات.

بەو ئازارەوە سەدان ساڵی داگیرکردن و دە ساڵی دوایی ماجەرای تەعریب و راگویٚزان بەریٚدەکەم و بە دوای نەخشە ریٚگەیەکی زیٚرِیندا دەگەرِیٚم، بیٰ ئاگا لەوەی میٚژوو فەرشی سووری بۆ سوار چاکی هیچ زۆرانبازییەك رِا نەخستووەو بەداخەوە زۆربەی جارەکان خویٚن ئاماژەی رەوتە ریٰ بووە بۆ دۆزینەوەی ئەشکەوتی پرِ لەزیٚرِ و زیو.

دەمەویٰ وەك داگیرکراویٚکی سپۆرت چاوم کویٚر نەبیٰ و ریٚشکەوپیٚشکە نەکات و تەرِو وشکی داگیرکەرانم نەسووتیٚنم. لیٰ هەتا تەعریب و دیکتاتۆری هەیە، هاو نەتەوەی عەرەب بەشداری پیٚدەکریٰ لەستراتیژیی (أحنا البدو وین العدو؟) دا. وەختیٚکیش دیموکراسی دیٚت هاو نەتەوەی عەرەب بە دەنگدانی دیموکراسی بەرەنگاریی لە گیٚرِانەوەی مافی زەوتکراوم دەکات، تا ئەتاتورك لە ئارارات و لە دەرسیم و دیاربەکر قەتلوعامم دەکات گەلی تورك ئاگای لە کیٚشەی رۆژهەڵات (دۆغرو)نییە. کە دەرفەتی رۆشنایی پیٚدان و دیموکراسی دیٚت تازە ئیتر تراژیدیای من بایی ئەوەندە کۆن بووە پیٚم بڵیٚن دە بەسە ئەی دڵرەش

ئەوەندە کای کۆن بە با مەکە؟ وەك بڵێی کا و جۆی ئێستام نان و کونجی، یان کێکە ڕاسپێردراوەکەی شاژن ماری ئەنتوانێت بێت کە گوایە دەگێڕنەوە لە بێ خەبەریدا داوای لە برسییە ڕاپەریووەکانی پاریس کرد کێك بخۆن مادام نانیان دەست ناکەوێت

دەمەوێ داگیرکراوێکی سپۆرت بم لەمامەڵە لەگەڵ داگیرکەرانمدا، لەگەڵ نەوەی سەردەمی فەیسبووك و ئینتەرنێتدا، لێ لەجێی گوێگرتن و پێ سەلماندن سایت و لاپەڕەم هاك دەکرێت وەك جەنگی سەردەمی داگیرکاریی. بەو حاڵەوە دەخوازم داگیرکەرانم بخەڵەتێنم و هانیان بدەم دەستبەرداری نانی حەرام و زەوی حەرام و زوڵم و زۆری باو و باپیرانیان بن، هانیان بدەم کە لە دژی یاسای سروشت بن کە یەکسانە بە یاسای جەنگەڵ و لەوێشدا زاڵم مەگەر زەواڵی بۆ بێت، دەنا قەت دەستبەرداری تیفتفەی زوڵمداری و دەسکەوتەکانی خۆی لەو زوڵمدارییە، نابێت.

بە داگیرکەرەکەم دەڵێم: وەرە منی قوربانیی رزگارت بکەم لەو دۆخی جەللادەی کە تێیکەوتووی، پێیدەڵێم چۆنە وا شەو خەو دەچێتە چاوت، ئەدەب دەنووسی و دەخوێنییەوە(سەددام رۆمان نووس بوو، تورکی نازانم لێ دەڵێن بڵند ئەجەڤید شاعیرێکی رۆمانسی بەتوانا بووە! خامەنەئیش حەزی بە چوارینەکانی خەیام بوو) چۆنە وا نوێژ و رۆژوو دەگری و وێڵی بە دوای ئاوەدانی و عەدالەت و خۆشگوزەرانی، کەچی لەنەسڵی نەتەوەی داگیرکەری؟

دەمەوێ وەك رۆژنامەوانێکی بێ بەهرە، کە دەرەقەتی ئیدارەی دیمانەیەك نایەت، لێی بپرسم لە نەوەی ئێستای نەتەوەی داگیرکەر هەستت چۆنە کە داگیرکەری؟ هەستت چۆنە کە لەنەتەوەی سەردەستی و هەموو شتێکت بۆ دەلوێ؟ هەستت چۆنە کە لە لێقەومان و سەرگەردانیدا دەوڵەتێك هەیە داکۆکیت لێدەکا و لەسەرت دێتە جواب؟

چونکە دۆخی داگیرکاریم بە خۆمەوە نەبینییووەو چاوم کردۆتەوە لەنەتەوەی داگیرکراوی بندەستم، دەزانم چەند ناخۆشە لە ریزی نەتەوەکاندا سفری پاش فاریزەش نەبیت، چەند ناخۆش وشەرمەزارییە لە هیچ کام لە بەشەکانی وڵاتەکەدا خاوەنی خۆت و خاك و خەڵکی خۆت نەبیت. ئەم ناخۆشییە دەزانم،

بەڵام دەخوازم لە ئەندامێکی نەتەوەی داگیرکەر بپرسم، هەر ئەندامێك و هی هەر نەتەوەیەکیان بێت، ئایا خۆشە داگیرکەر بیت؟ غرورت جێبەجێدەبێت کە داگیرکەر بیت و لەناختدا هەست بکەیت هەر وەختێك گەرەکت بێت دەتوانی من بە پشتێنی کەمەری خۆم بخنکێنی و فڕێمبدەیتە گۆڕێکی بە کۆمەڵەوە؟

مادامەکی ئەز بە کوردی و بۆ کورد دەدوێم، دەمەوێ بڵێم: لە ناخی شپرزەمدا پێم وایە ئەوەندە، لەپلەی نزمی داماویدا نقوم بووم کە ئیرەیی بە دۆخی نەتەوە بندەستەکانی لێرە و لەوێی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست دەبەم. بە هاورێ تورکمانەکانم دەڵێم بۆ حەزینن کە بندەستی عەرەبن، لە تورکیا تا تورکمانستان خاك و خەڵکی ئەلتەرناتیفن بۆ ئێوە. ئەگەر هەر وا بە داماوی مانەوە. هیچ نەبێ لەوێ تۆرمە و کەڵچەری دونیای تورك پارێزراو دەبێت. دەمەوێ کوردێکی ئێران راسپێرم تا بەو ئازەرییەی لای تەورێز بێژێ هەقتە سەرەڕای ویستی نەتەوەییت هەست بە بندەستی هاوشێوەی ئەوەی کوردی مهاباد نەکەیت کە تۆ، بەو دۆخی لکێنراوییەت بە فارسیشەوە، هێشتا مهابادت لەژێر دەستی ئازەربێجانی رۆژئاوات دایە، هێشتا ئێران چاکەی میراتگری سەفەوی تۆی لەبەر چاوە کە عەرەب ئەوی سەلاحەددینی ئەیوبی قەت بۆ کورد لەبەرچاو نییە. هەقتە ئەی ئازەری تۆ بەو هەیبەتەی لە ئێراندا هەتە هێشتا وەك نەوەی جەعفەری پیشەوەری دەتوانی شانازی بەو کۆمارەی نەوەکانی باقرۆفەوە بکەیت کە لە نەوەدەکاندا خۆیان لە چنگی پیرۆسترۆیکای گۆرباچۆف وئۆینبازی سۆڤێت قوتار کرد. ئەی کوردی سەربەخۆخوازی ڕۆژهەڵات مەگەر دڵی بە کۆماری خێوەتگەکانی رومادی یان مەملەکەتی چاوەڕوانیی کۆیە و زرگوێز خۆش بێت و وەك خاکی خەونەکان لێیان بروانێ. ئارەزوو دەکەم بە تاجیکییە بە ڕەچەڵەك فارسەکە بێژم ئاغا تۆ بۆ لە بندەستی سۆڤێتدا نیگەرانی سەروەرییەکانی ئەدەبی تاجیکی بووی کە ئێرانت هەبوو تا زمان و فەرهەنگی جوان و دەوڵەمەندی فارسیت بۆ بپارێزێ و لە فەوتان و شێواندن دووریان بخاتەوە؟ ئەی کوردی داماو قوڕی کوێی بەسەرخۆیدا بکردبا، کە دەمی سییەکان لە سۆڤێت، ئەو سۆڤێتەی ئێمە تەنها وەك لانکی پاراستنی مافی گەلان و ڕۆژنامەی ریا تازە و «ئێریڤان خەبەر دەدا» تەماشامان دەکرد، خەریك بوو زمان و فەرهەنگی کوردی وێندەرێ

لە هی کوردی بەشەکانی تر دابڕن گوایە ئەوی هی کوردی سۆڤێتە رووی لەوەیە ببێتە زمانی پرۆلیتاریای پێشکەوتووی کورد و خوا عەلیمە دەیانویست لەوی کوردی دەرەبەگی تورکیا و ئێرانی دابڕن! ئەمە لە کاتێکدا لەو دەمەدا زمان و فەرهەنگی کورد لە عیراق و تورکیا و ئێران و سوریا حاڵی بندەستی وا شەپرێۆ بووە کە هی ئەوە نەبووە عەرەبی شەمۆ داوای پەناگیریان لێ بکات لە زوڵمی کەڵچەری خۆسەپێنی بەلشەفیزم. دەمەوێ بە عەرەبی هاووڵاتی خۆم لە عیراق خەبەر بۆ عەرەبی بندەستی فەلەستینی بنێرم، کە حاڵی بکا بە خوفییە، هێشتا دۆخی بندەستی ئەو لە هی کورد باشترە، ئەو بیست دەوڵەتی عەرەبی لە بەر دەستە کە سەری خۆی بۆ یەکێکیان هەڵبگرێ. ئەرمەنی جینوساید کراوی بندەستی دەوڵەتی عوسمانیش هەر چۆنێك بێت خێری لە سۆڤێت بینی و «دەوڵەتێکی سۆڤێتییان» چنگکەوت کە دواتر لە نەوەدەکاندا جیایانکردەوە و ماشەڵڵایان لێ بێت ئێستا وا میراتگری ئەرمەنی قەڵاچۆکراوی سەرەتاکانی سەدەی بیستن و لەکۆڕ وکۆمەڵی نێودەوڵەتی لۆبی بۆ مافەکانیان دەکەن. ئەی کێ داوای مافی زەوتکراوی کوردی موکریان و کوردی دەرسیم بکاتەوە کە هێشتا کوردی نیمچە سەربەخۆی عیراق کەیسی ئەنفالیان بە تەواوەتی یەکلاییکردۆتەوە؟ کوردی کوێ پەنا بۆ کوردی کوێ بەرێت کە لەبندەستییدا کوردی بەشەکان لە جێی ئەوەی ببنە قوڵایی ستراتیجی بۆ یەکتری، بوونەتە بەڵا بەسەر یەکترییەوە بە پێی ئەو پەندە فلکلۆرەی میسرییەکان(خیبتی علی خیبتك). واتا نەگبەتی من لەسەر نەگبەتی تۆ!

دەگەڕێمەوە سەر داگیرکەرەکەم و واز لە نەتەوە بندەست و دابەشکراوەکانی هاوشێوەی کورد دێنم. دەمەوێ نەك ئەو، خۆشم بخەڵەتێنم داخۆ ئەگەر من داگیرکەربم چۆن رەفتار دەکەم، یان بکەم؟ دەڵێم ئای چۆن داگیرکراوی بندەستی خۆمم بەرهەڵدا دەکردو دەمووت: برۆ ئەی داگیرکراوی بەرێزی بندەستی تا ئێستام، باوك و باپیرانم ئەمەیان لەگەڵ کردی، من نایکەم، برۆ ئازادبە، لەم ناوە نەوەستی! دەمەوێ بە ئازادکردنی تۆ خۆشم ئازاد بم؟ یان نەخێر! درۆدەکەم و دەخوازم لە ئازادکردنی تۆوە بوغرایی ئارەزووی لووتبەری خۆم تێر بکەم و وەك کەسێکی عەدالەتخواز دەربکەوم. کەسێك لەخەیاڵدا، ئەوەی لەدەست دێت کە

داگیرکەرەکانی لەواقیعدا شتێکی هاوشێوەی ئەوەیان لە دەستنایەت.

لەئەندێشەو خەونمدا دەڵێم فەرموو ئازادبەو بەئازادی تۆ ئارەزووی بەرزەفڕی خۆم دابیندەکەم و دەمەوێ لە تۆماری مێژوودا بنووسرێ: ئەو کوردەی بندەستەکانی خۆی ئازادکراو ئەو شتەی لەدەستهات کە تورك و عەرەب و فارس لەبەرامبەر کورد لەدەستیان نایەت، دەمەوێ بەخەیاڵیش بێت پێچەوانەی ئاماژەکەی مەسعود محەمەد رەفتاربکەم. کە شتێکی وای وتبوو: خۆزگە کابرای شارەزووی بەکڵاشێکی هەورامییەوە پایتەختی وڵاتانی داگیردەکرد تا هەلی شەرەفپارێزی بەکچی تورك و فارسی راکردو لەدەست سەربازیی بێناموسی کورد ببەخشم... دەمەوێ تیئورەکەی مەسعود محەمەد پێچەوانە بکەمەوە بەوەی لەخەیاڵدا هەلی دەربازبوون بۆ تورك و عەرەب و فارس بڕەخسێنم لەجێی ئەوەی ئەوان لەواقیعدا ئەو هەلە بۆ من بڕەخسێنن.

(موخاتیبەکەم)، بە دەردی دەستەواژە تورکییەکە، پێم دەڵێ: نەکەی ئەی کوردی بندەست لە واقیع و سەردەست لەخەیاڵدا، نەکەی بەرهەڵدامان بکەیت و ئازادیمان پێ ببەخشی، لێگەڕێ با بندەست بین کە بندەست وەك منداڵی ناو مەلۆتکە لەو دونیای ئاخیرەتەدا لەسەر هیچ گوناهێکی ئەم دونیای فانییە سینوجیمی لەگەڵدا ناکرێت.

لێگەڕێ با بندەست بین، مادام بندەستی دۆخی زوڵملێکراویمان دەداتێ و مرۆڤیش هەمیشە حەزدەکات خۆی لەشێوەی قوربانی نیشانبدات، تەنانەت ئەگەر لەواقیعدا جەللادیش بێت. بە دەردی سەلیم بەرەکاتی رۆماننووسی بندەستی کورد بە عەرەبی دەیگوت مرۆڤ تەمەنێك خەرجدەکات تا بیسەلمێنێ مرۆڤێکی چاکەخوازە.

لێگەڕێ کوردی "سەردەست"، بەخەونێکی کورتی، گوایە سەردەستی خۆت، هاوکێشەی ئەزەلی داگیرکەرو داگیرکراو مەشێوێنە، لێگەڕێ کوردی ئاژاوەگێڕ لەخەونیشدا دەستبەرداری مەیلی ئاژاوەگێڕی و قلێپکردنەوەی هاوکێشەکان نابیت، لێگەڕێ وەکو لە مێژوودا داگیرکەر نەبوویت و هەلی شەرەفپارێزیت بەکچانمان نەدا، لەخەیاڵی ئەمڕۆتدا هەلی خۆنیشاندان وەك قوربانییەك لەدەست ئێمە مەدەو بەرهەڵدامان مەکە، وەك ئێمە بکە کە لەواقیعدا دەتچەوسێنینەوەو

زوڵمت لێدەکەین و تا مردنت کەرەستەی نووسین و عەرزو حاڵی پاڕانەوەت بۆ دابین دەکەین.

لەخەیاڵەوە دێمەوە سەرزەمینی واقیع، واقیعی ئەوەی داگیرکەرەکانم ئەسڵەن هەست بەوە ناکەن زوڵمیان کردووە، خاکیان لەمن زەوتکردووەو ئەنفالیان بەسەردا هێناوم. ئیتر ئەم گێچەڵە چییە بەرپام کردووە؟ رووی ستراتیژیی هەڵخەڵەتاندنم لەکوێیە کە دەڵێم میللەتێك رزگاری نابێت کە میللەتێکی تر بچەوسێنێتەوە، لەکاتێکدا داگیرکەر خاکی من بە باخچەی پشتەوەی ماڵەکەی خۆی دەزانێ و منیش بە بەشێك لەموڵك و ماڵی بەجێماوی باوو باپیرانی ناسدەکات؟ میللەتی داگیرکەرو داگیرکراوی چی کە ئەو تەنیا یەك خاك و یەك خەڵك دەناسێت و هیچی تر؟ کورد کوا هەیە تابیناسێت و کوردستان لە کوێیە تا ئەو دانپێدابنێت؟

لەخەیاڵەوە دێمەوە کە دیتم چەند لاپەڕەم لە پاکانەکردن بۆ داگیرکەران پڕ کردۆتەوە، وەختێك ئەم هاوکێشەی داگیرکەرو داگیرکراوە وەك هاوکێشەیەکی ئەزەلی دەناسێنم کە قەدەری داگیرکەران و قەدەری داگیرکراوانە. دیتم چۆن تەنها لە ٢٠٪ی نووسراوم بۆ باسی دۆخی کوردی داگیرکراوەو لە ٨٠٪ی بۆ گلەیی و رەخنەیە لە داگیرکەر، ئەمە رێك سەر قەپاغی واقیعی ئەوەی بیست سەدەیە بندەستم، کەچی چاوم لە دوو سەدەی بیستو بیستویەکە لەسەرزەنشت و رەخنەکاریم. رێك سەر قەپاغی مەنجەڵێکی جولاوی سەدەی بیستە کە تەنیا بیست ساڵە کەمێك لێی حەساومەتەوەو خەریکە لە ناویا چێشتێکی بە تام قوڵپ بدات.

لێگەڕێن مادام شەڕ و نیوەشەڕ وەك یەك وایە، با تینی ئازایەتی بدەمە بەرخۆم و لەحەشری داگیرکەرانی کوردستاندا باسی خەسڵەتێکی تریشیان بکەم:

بەڕاشکاوی دەیڵێم ئەوانە ئەو چاودێرە دەربەستانە نەبوون کە منی کوردی هەرزەکاری باوك مردوو و دایك پەرێشانیان دابووە دەست. ئەوانە نەیانتوانیوە ئەو ئەمانەتەی لاشیانە بەباشی بپارێزن. (کوردستان) کەمترین غیرەت و جوامێری ئەوانی نەبزواندووە کە لەتەنگانەدا داکۆکی لێبکەن، مادام لە بردنی خێرو بێریدا لەڕیزی پێشەوەن و، لەجێی کوردی داماو، لەبەروبوومی خاکی دابەشکراو دەخۆن.

ئەم داگیرکەرە بێ بەهرانە ناتوانن ئەمانەتەکەش بپارێزن.

کوردستانی داگیرکراو له شەڕی چاڵدێرانەوە، ساڵی ١٥١٤ی زایینی، کەوتە بندەستی رۆم و عەجەمەوە، عەجەم نەیتوانی هەندێکی لەچنگی روسیای قەیسەری بپارێزێ، تورك کە میراتی پیاوە نەخۆشەکە بەشکرا، ئەویش نەیتوانی ویلایەتی موسڵ، یانی کوردستانی جنوبی، لەدەستی ئینگلیز بپارێزێ کە لکاندیان بە عیراقەوە، نەیتوانی قامشلوو حەسەکە بپارێزێ تا نەکەوێتە چنگی فەرەنسییەکانەوە کە خستیانە سەر سوریای عەرەبی. یانی تورکیا، کە لەهەموو مەجلیسێکدا خۆی وەك مەرجەعی کوردستان دەناسێنێ، بەشێکی هەرە گەورەی کوردستانی وەرگرت. کەچی وەختێك جەنگی یەکەم تەواوبوو بەشەکەی بندەستی ئەو کرایە سێ بەش.

روسیای قەیسەری کە لەتۆکەیەکی کوردستانی بەمیرات بۆ یەکێتی سۆڤیەت بەجێهێشت، لەچوارچێوەی کۆمارەکانی ئاسیای ناوەڕاستدا، ئەویش نەیتوانی ئەو بەشە لەکوردستان لەفەوتان بپارێزێ و لەشەرەکانی ناگۆرنی وقەرەباغا کەوتە بندەست و پێی ئەرمەن و ئازەرەوە.

توخوا داگیرکەرێك ئەوە حاڵی بێت نەتوانێ وەك مونتەدەبێك بەپێی یاساو رێسای نێودەوڵەتی، کە گەورەکان نووسیویانەو نەخشەیان بۆ کێشاوە، وەکالەتەکەی بپارێزێت، هەقی ئەوەی هەیە ئەهلیەتی یاسایی وای هەبێت کە چەند دەیەو سەدە کوردستانی لەبندەستدا بێت؟

# لە تاو زوڵم

یەکێك لەخەسڵەتە دیارەکانی ئەم دە ساڵە لەبەشی سەدەی بیستویەك، چڕبوونەوەیەکی زیاتری ئامادەگی نێودەوڵەتییە لە کوردستان و پرسە سیاسییەکەیدا، راستە دە ساڵی کۆتایی سەدەی بیست، کە دە ساڵی یەکەمی ئازادیی کوردستانیشە، فاکتەری نێودەوڵەتی هەر لێرە بوو، چونکە لەبنەڕەتدا کوردستان، بەم دۆخە گیرۆدەیەوە، بەرهەمی گەمەیەکی نێودەوڵەتییە کە دەوڵەتە زلهێزەکانی وەك بەریتانیاو فەرەنساو روسیا، بەتایبەتیش بەریتانیا، رۆڵێکی یەکلاکەرەوەیان لەدیاریکردنی چارەنووسیدا گێڕاوە. هیچ نەبێ چارەنووسی سێ بەشی سەر بەعیراق، تورکیاو سوریا کە پێشتر لە ژێر پەرچەمی قەڵەمڕەوی دەوڵەتی عوسمانلیدا بوون.

ئێمە لە تاو زوڵم و زۆری داگیرکەرە ئیقلیمییەکانی کوردستان زوڵمو زۆری ئیستیعماری بەریتانیامان لەیاد و بیرەوەرییدا کاڵکردبۆوە، ئارەزووی لەرادەبەدەری کورد لەبەشی کوردستانی جنوبییدا بۆ هاتنەوە کایەی هێزی نێودەوڵەتی لە داخی زوڵمی بێوێنەی دەوڵەتی ناسیۆنالیستی بەعس بوو، دەنا ئەسڵی مەسەلەی کورد ئۆینی ئیمپریالیزم و ئیستیعمارە کە کوردستانی بەسەر داگیرکەرە ئیقلیمییەکاندا دابەشکردو خوا هەڵناگرێ ئەوانیش، یانی داگیرکەرە ئیقلیمییەکان، قسوورییان نەکرد لەڕەفتاری دزێوی داگیرکارییدا. بەجۆرێك تا داگیرکەرە ئەسڵییە نێودەوڵەتییەکە لە کوردستان بوو کورد لەبەر زوڵمی داگیرکەری ئیقلیمی هانای بۆ دادوەدادگای داگیرکەری نێودەوڵەتی دەبرد سا بەڵکو خوایە، وەك کوێخاو ناوبژیوانێکی خەواجە، گرفتێك، لەنێوان کوردو

داگیرکەرە ئیقلیمییەکەیدا، بەقازانجی کورد یەکلاییبکاتەوە، کەچی هەمیشە داگیرکەری نێودەوڵەتی لایەنی داگیرکەرە ئیقلیمییەکەی لەدژی کورد دەگرت، چونکە ئەوان پێکەوە شەریکە بەشی دزینی کوردستان بوون. بگرە داگیرکەری نێودەوڵەتی وەکالەتی بەڕێوەبردنی کوردستانی بە داگیرکەری ئیقلیمی بەخشی بوو، ئەم لەجیاتی ئەو خەرجی کۆنترۆڵکردنی کوردستانی دەکێشاو دواتر لە خێرو بێری وڵاتی داگیرکراو قەرەبووی ئەو خەرجییەی دەکردەوە.

دەبێ دان بەو راستییەشدا بنێین کە هانابردنی کورد لە عیراق بۆ داگیرکەری ئینگلیز دەرئەنجامی سیاسەتێکی براگماتی بوو تا ئەوەی لەبەر غەفڵەت و بێئاگایی بوو بێت، چونکە وەك دەزانرێ داگیرکەریی رۆژئاوایی هەرچۆنێك توندو دژوار بێت ناگاتە ئەوی داگیرکەرێکی دواکەوتووی ئیقلیمی لەدژی کورد پەیڕەوی دەکرد، ئارەزووی گەورەی ناسیۆنالیستی توندڕەوی ئیقلیمی بۆ سڕینەوەی رەگوریشەو ماکی کورد وێنەی نەبوو لەزوڵم و تەعدادادا، تەعەددا و زوڵمی داگیرکەری ناسیونالستی رۆژهەڵاتی نەتەوەی سەردەست کە کوردستانی کردبۆوە کۆلۆنییەکی ناوخۆیی، داگیرکەرە ئینگلیزەکانی وەك فریشتە دەردەخست. هەرچەندە ئینگلیز لەعیراقدا تەنانەت تۆپ و تەیارەی لە دژی کوردستان بەکارهێنا.

لەدەورانی شۆڕشەکانی شێخ مەحمودی حەفید و کەینوبەینی لکاندنی کوردستان بە بەغداوە، ئینگلیز بیری لە تەگبیری سیاسیی و جوگرافی ئەوتۆ دەکردەوە هەم خەرجی داگیرکاری راستەوخۆی عیراقی لەکۆڵ بکاتەوە و هەم عیراقیش وەك وڵاتێکی نەوتی لە هەلومەرجێکی جێگیرو هێمنایەتیدا ئەو ئەرکە جێبەجێبکات کە ئینگلیز لێی دەخواست، لەبەر ئەوە سڕینەوەی نەتەوەیی بەشێك نەبوو لەخەیاڵدان و ئەندێشەیان. ئەوان وەك داگیرکەرێکی خوێن سارد وبراگماتی، لەباشترین حاڵدا ئارەزوویان دەکرد ئینتگریشین (ئیندماج) بەشێوەیەکی گونجاو لەنێوان پێکهاتەکانی عیراق روو بدات، بەس نەك لەڕێی تەعریب و تواندنەوەوە، بەڵکو لەرێگای پرۆسەیەکی شێنەیی سەروەرکردنی ناسنامەی عیراقییەوە. هەرچی ناسیۆنالیستی تازە سەرهەڵداو و خوێن گەرمی عەرەبییە، ئەوا راستەوخۆ ملی بۆ ئەو ئامانجی سڕینەوەی کوردستانیی

بووته، پێوە نابوو، راپۆرت و نووسراوەکانی رۆژنامەکانی بەغدا لە سەردەمی بەرایی دروستکردنی مەملەکەتی عیراقدا ئەوەندە مەیلی کوردستان تواندنەوەیان بە هێز بوو هەندێك جار رۆژنامە کوردییەکانی سلێمانی لە جەنگێکی نا بەرابەردا ناچار دەبوون بەرپەرچیان بدەنەوە. دەستەبژێری رۆژنامەوانیی بەغدا دروستکەری ئەدەبیاتێکی شۆڤێنی ئەوتۆ بوون کە دەریدەخات خیتابی قەومی و بیری بەعسیزم لەعیراقدا بێ رەگو ریشە نەبوون. رۆژنامەکانی پایتەختی مەملەکەتی مەلیك فەیسەڵی یەکەم سەرەڕای سایەی ئینتیدابی بەریتانیی کە دەبوایە رێگر بێت لە هەڕەشەی کورد تواندنەوە، زۆر جار بە شانازییەوە تەجرەبەی دەوڵەتی ئەتاتورکیان دەهێنایەوە لە کورد کوشتندا تا بە ئێماژ بە کورد بڵێن: ئێمەش دەستمان بڕوا و سایەی ئیستیعماری مۆدێرنی بەریتانییمان لەسەر نەمێنێ ئەوە بە (میللەتەکەی) شێخ مەحمود دەکەین کە تورکیا، دوور لە سایەی ئیستیعماری راستەوخۆی بەریتانیا، بە (میللەتەکەی) شێخ سەعیدیان کرد. دیارە لەم جەنگە نابەرابەرەدا دەستەبژێری کوردیش لە رۆژنامەکانی خۆیدا، ئەوی لەسلێمانی وئەوی لە بەغدا، ئەوی لەسایەی ئینگلیز و ئەوی لەسایەی ئیرادەی خۆیی کورددا، بڵاو دەبوونەوە، بە شانازییەکی مانادارەوە هەواڵ و بەدواداچوونی لایەنداری بۆ بەرخۆدان وبەرەنگارییەکانی کوردی باکوور دەکرد. دەقە نازدارەکەی شاعیر و رۆژنامەوانیی گەورەی کورد، پیرەمێرد، ئەوی ئاهونزایە بۆ کوردەکانی شیمال، کوردەکانی شێخ سەعیدی پیران کە ناڵەو فوغانیان دەگەیشتە ئاسمان، لەم فەزای بەرەنگارییە شارستانییەدا لە دایك بووە وبە یەکێك لە شا دەقە نەتەوەییە سەرتاسەرییەکان دادەنرێت.

بۆ بەرەنگاری ئەو واقیعە، کە واقیعی زۆرانبازی بوو لەگەڵ داگیرکەرێکی ئیقلیمی ولۆکاڵی، بە شاهید وناوبژیوانی داگیرکەرە نێودەوڵەتییەکە، کورد لەبەرامبەر عیراقدا هانای بۆ ئینگلیز دەبرد. لەبەرەکەی تریشەوە، عەرەبی عیراق هەر وەختێك گوشارێکیان بۆ سەر کورد هەبێت بە باوکەڕۆ و گریانەوە دەچوونە لای ئینگلیز تا قەناعەت بە کورد بکات، یان، بیترسێنێ. لە وێنە رووکەشەکەشدا عەرەبی عیراق کوردیان وەك دۆستی جێی باوەڕی ئینگلیز وێنا دەکرد کە گوایە هەڕەشەیە بۆ سەر "ئیستقلالی وەتەنی"، رێك وەکو لەم دە

ساڵەی سەدەی نوێدا لەگەڵ ئەمریکاییەکان کردیان: عەرەبەکانی عیراق هەرچییان بەدڵ بوو کردیان و ئینجا داوایان لە ئەمریکا دەکرد داخۆ بەڵکو بە کورد بڵێن دەستبەرداری ئەم، یان، ئەو داخوازیی خۆی بێت. بە جادووی ئەم گوشارە، کوردیان بێ ناوبژیوان دەردەکرد و خۆیان لە نزیکترین دەرفەتدا پەلاماریان دەدایەوە. ئەمەش دوای ئەوەی فاکتەری ئەمەریکی لەکورد دوور دەخەنەوە.

ئەگەر بەراوردی دۆخی کورد لەسایەی عیراقی ئینگلیزو دۆخی کورد لەسایەی هەژموونی سیستمی ئەتاتورکیزمدا بکەین، چاکتر بایەخی مانەوەی فاکتەری نیۆدەوڵەتی حاڵی دەکەین:

لە تورکیا ناسیۆنالیستی تورکی لەسەرەتای سەدەی بیستدا دەستی واڵا بوو لە سڕینەوەی کورد و قەدەغەکردنی زمان و کلتوورەکەی، بە ناوی تازەگەری و دامەزراندنی دەوڵەتی (نەتەوە- دەوڵەتەوە)، لەکاتێکدا لەسێبەری حوکمی سایەی ئینگلیز لە عیراقدا راستە سیاسەتی لەندەن وابوو مافی دەوڵەت و قەوارەی بەکورد نەدەدا، بەڵام عیراق وەك دەستەبژێری سیاسیی و رۆشنبیریی، لەترسی گوشاری ئینگلیز، رێی بەبڵاوکردنەوەیەکی سنورداری رۆشنبیریی و ئەدەبیات و زمانی کوردی دابوو کە دواتر بووە بناغە بۆ جەمسەرگیرییەکی رۆشنبیریی لەباشووریی کوردستان پێچەوانەی تورکیاو ئێران و سوریا.

لەئێرانیش هەر وابوو، تا شای باوك حوکمڕان بوو، سمکۆی شکاك کوژراو و فەرهەنگی شاهنشاهی، بەچاولێکەری لەمۆدێلی ئەتاتورکی، بەزۆر لیباس و زمان و کلتووری غەیرە کوردی بەسەر کۆمەڵگەی کوردستانی رۆژهەڵاتدا سەپاند، کە لەشەڕی جیهانی دووەمدا لە دوو قۆڵەوە ئینگلیزو سۆڤیەت هاتن، مهاباد لەرێی کۆماری کوردستانەوە پاڵیدایە قەڵای سۆڤێتەوەو لە یازدە مانگی تەمەنی کۆماری جوانەمەرگدا، زمان و کلتووری موکریان ژیایەوە بەجۆرێکی وا کە وەختێك حوکمی شای کوڕیش هات، دوای کۆماری مەهاباد، نەیتوانی گەشەی ئەدەبیات بەهۆی شۆڕشی فەرهەنگی مهابادو ئامادەگی فاکتەری نێودەوڵەتییەوە، بەربەست بکات. تازە ئیتر خێوەکە لە قومقومەکە هاتبووە دەرەوە.

هەمان شت بۆ سوریای سەردەمی حوکمی فەرەنسییەکانیش ڕاستە. فەرەنسا

عاشقی چاوی کورد نەبوو، خاك و خەڵکەکەی کوردستانی نەخستبۆوە خزمەتی کۆمەڵانی خەڵکەوە، بەڵام ئەوان لەبەر رۆژئاوایی بوونیان رێگەیان بەخەباتی کلتووریی بنەماڵەی بەدرخان داو جەلادەت بەدرخان (هاوار)ی فەرهەنگی کوردی لەدیمەشقەوە راگەیاند، بەڵگە بۆ ئەوەی فەرەنسییەکان باشتر بوون لە حوکمی (قۆناغی نیشتمانیی) سوریا ئەوەبوو کە لەگەڵ کشانەوەی فەرەنسییەکان ئیتر سوریای ناسیۆنالیستی دەرگای ئەم گۆڤارانەی داخست و کەوتە راونانی چالاکەوانە سیاسییەکانی کورد لەوەدەمەدا، بیرەوەرییە وردەکانی د.نورەدین زازا (ژیانم وەکو کوردێك) چیرۆکی دڵتەزێنی هاربوونی ناسیۆنالیستی عەرەبیمان بۆ دەگێڕێتەوە، لەهەمبەر کوردی سوریادا.

بەمجۆرە داگیرکەرە ئیقلیمییەکان کارێکیان کرد کورد لە دواجاردا هانا بۆ داگیرکەری نێودەوڵەتی ببات. داگیرکەری ئیقلیمییش کورد وەك پیاوی داگیرکەری نێودەوڵەتی نیشاندەدات، کەچی لەبنەوە خۆشی سازشی لەگەڵ ئینگلیز دەکرد

نموونەی هاوچەرخی ئەم دیرۆکە، کوردی ئەم دە ساڵەیە لە سایەی ئامادەگی ئەمریکاییەکاندا.

کوردستان بە ئامادەگی ئەمریکاییەکان توانی لە دەستوورێکی چاکدا گەلێك مافی بنچینەیی بچەسپێنێت، لەولاشەوە عەرەب گوشاریان خستە سەر ئەمریکا تا لە گەلێك وەرگۆڕانی هەستیاردا تەنازول بەکورد بکات. گوشارەکانی ئەمەریکای ساڵی دوو هەزار و سێ، لە زۆر وێنەیدا، لە گوشارەکانی ئینکلیز دەچوو لە بیستەکانی سەدەی بیستدا. هەردوو گوشاریش لە دۆخی دروستکردن ودروستکردنەوەی عیراقدا هاتن. بۆیە کاریگەرییان لەسەر کاروانی کوردی بۆ بەدەستهێنانی ماف وئازادی جەوهەریی بوو. وەك لەم سیپارەیەدا باسی دەکەین.

باسکردنی رۆڵی ئامادەگی دەوڵەتە زلهێزەکان لە کوردستان وعیراقدا رووماڵکردنێکی رۆژنامەوانیی نییە، بەڵکو هەوڵێکە بۆ دەستنیشانکردنی رەهەندەکانی هاوکێشەی (کورد، داگیرکەری ئیقلیمی، داگیرکەری نێودەوڵەتی) و تێگەیشتن لەدۆخێك تێیدا کورد گیرۆدەی دەستی دەوڵەتە گەورەکانە و لە هەمانکاتیشدا بە فریاد رەسیان دەزانێت.

هەر وەکو تێگەیشتن لەگەمەی ناشیرینی داگیرکەرە ئیقلیمییەکانە کە پشت بەستوو بە داگیرکەری نێودەوڵەتی، کورد لە قاڵب دەدەن، کەچی هەمان کات پروپاگەندە لە دژی دەکەن گوایە فاکتەری نێودەوڵەتی لایەنگریێتی و کورد لەو فاکتەرە نێودەوڵەتییە سوئی ئیستفادە وەردەگرێت. وەك بڵێی خۆیان هیچ دەسکەوتێکیان نەبووە لەئامادەگی بێگانە کە گرنگترین دەسکەوت و دەستمایەیان وەرگرتنی وەکالەتی داگیرکردنی کوردستانە کە دەیان ساڵە لە خێر و بێرەکەی دەخۆن و هێشتا تێریان نەخواردووە.

دیسانەوە دەگەڕێینەوە سەر حاڵەتە تایبەتمەندەکەی کوردستان: کوژراوی دەستی داگیرکەری نێودەوڵەتی و شەیدای ئامادەگی ئەو داگیرکەرە لە وڵاتدا بۆ ناوبژیوان و بەرپەرچدانەوەی سیاسەتی توندڕەوی ناسیۆنالیستی عەرەبی، لەسەر ئەو بنچینەیە کوردستان هەمیشە چاوی لەدووبارە گەڕانەوەی فاکتەری نێودەوڵەتی بوو کە بێت و تەمبێی فاکتەری ئیقلیمی (داگیرکەری ئیقلیمی) بکات. ئەمەش خۆی لەخۆیدا خەوشێك نەبوو، ئەگەرچی دەرئەنجامی ئەو ئامادەگییە لە دە ساڵی رابردوودا هەموو جارێك بەدڵی کورد نەبووەو کورد لە هەموو دۆخێکی ئامادەگی نێودەوڵەتی بەهرەمەند نەبووە.

# نەفرەتی بەرامیکە

ئەمریکا بێ پێشینەی ئیستعماری بوو، هیچ نەبێ بۆ ناوچەکەی ئێمە. ئەمەش کاریگەریی خۆی دانا لەسەر شێوەی پێشوازی لە فاکتەری نێودەوڵەتی (هاتنی ئەمریکا) لەکوردستان کە هیچ یادەوەرییەکی داگیرکردنی لەکوردستان وعیراق نەبوو، وەك ئەوەی ئینگلیزەکان هەیانبوو. بۆ کورد ئەمەریکا داگیرکەر نەبوو، بەڵکو وێنەی نەیارێکی لوتبەرزی هەبوو کە لە هەفتاکاندا بە ناونیشانی هێنری کیسەنجەر ناپاکی لەگەڵ شۆرشی کوردستان کرد بۆ قازانجی رێککەوتنی دوو نەیاری ئیقلیمی کورد. پاشان لەگەڵ دیدی باوی نێودەوڵەتییدا ئەمەریکا لای کورد بووە دەوڵەتە سەرمایەدارە جیهانییەکەی کە قەڵای ستەمی چینایەتی و داگیرکاری جیهانیی لە خۆگرتووە. بەڵام چونکە ئەم دیدە باوە لە زیهنیەتی کورددا هیچ ئامادەگییەکی بەرجەستەی لەسەر زەمینی واقیعی کوردستان نەبوو، وەك ئەوەی نەتەوەی عەرەب، بۆ نموونە، هەستی پێدەکرد، بۆیە زۆر ئاسان بوو ئەم وێنە باوە لە دوای جەنگی دووەمی کەنداو و دامەزراندنی ناوچەی پرۆڤاید کۆمفۆرد بۆ پاراستنی بەشێکی کوردستانی رزگارکراو، لە نیوەی دووەمی دوا دەیەی سەدەی بیست(ساڵی ١٩٩١)، زوو شوێنی خۆی بۆ وێنەی دۆستێکی مسۆگەر نەکراو چۆڵکرد کە دەبێ دەرفەت بە کورد بدرێت تا لە رێی پەیوەندیکردنێکی دیفاکتۆوە دەریبخات ئەو زیاتر لە نەتەوەی سەردەستی عەرەب و دەوڵەتە دیکتاتۆرییەکەی سەددام شایانی هاوکاری وجێی متمانەی هاوبەشێتی ستراتیژییە لەگەڵ ئەمریکا.

جگە لەوە، هاتنی دووەمی ئەمەریکا بۆ عیراق، لەساڵی ٢٠٠٣، لە دۆخێکی

تایبەتمەند بوو، دۆخی دوای ١١ی سێبتەمبەری ٢٠٠١، کە گۆڕانی گەورەی لە ستراتیژیی ئەمریکا دروستکرد. لەم دەورانەدا وا دەهاتە بەرچاو هاتنی ئەمریکا ڕەهەندێکی مۆراڵی هەیە. کە ئەمەش تەرجەمەکەی لای کورد ئەوەبوو ئەمریکا بە نوێنەرایەتی ڕۆژئاوا هاتووە ناوچەکە لە ئیستبدادی ڕۆژهەڵاتی ڕزگار بکات. ئەو ئیستبدادەی دۆخی داگیرکاری بۆ کورد خوڵقاندووەو بۆ ئەمریکاش بۆتە مایەی نەشونماکردنی پاڵەوانەکانی پەلاماردانی وڵات لە ١١ی سێپتەمبەردا.

ئەمریکاییەکان بۆ ئەم هاتنەی خۆیان پاساوی ئایدیۆلۆژیی و شارستانییان پێ بوو، یەکەم: ئەوی پێیدەڵێن "بەها ئەمریکاییەکان و شێوە ژیانی ئەمریکایی" هەمیشە لەسەر پێیە کە ببێتە کەڵکەڵەی ئەمریکایی بۆ بڵاوبوونەوەو تەنینەوەی ئیقلیمگیری، ئیمپراتۆریای ئەمەریکا وەك خاکی تازە دۆزراوە لەچاو ئەوروپای پیر، بە گوێرەی وەسپی دۆناڵد رامسفێڵد، پێویستی بەوە نییە زۆر دامێنێت بە دیار پاساوی مەحکەمەوە تا بێ وئەرکی ئیمپراتۆریایی خۆی ڕایی بکات وەك ئیمپراتۆریاکانی دیکەی مێژوو کردیان، ئەو ختۆکەیەکی بەسە تا وزەیەکی پەنهان بێتە کوڵ و بەدوای سەرزەمینێکدا بگەڕێ ئەم بارە وزەیەی تێدا بەتاڵ بکاتەوە، "دەستەی قەشە ڕۆمانسییەکانی کۆشکی سپی" و دەوروبەری پینتاگۆن، کە بەزاراوەی سیاسیی نیوکۆنسەرڤاتیڤیان پێ ئێژن، دەور و خولی سەرۆك بوشی کوڕیان دەدا تا بیهێننە سەر خەتی سیاسەتێکی ئیمپراتۆریی هەڵپەکەر، بوشی کوڕ هەموو خەسڵەتەکانی ئەسکەندەرێکی سەدەی بیستویەکی تێدا بوو. ئەو وەك باوەڕمەندێکی پاکوێگەرد لە بنەماڵەیەکی "نەوتفرۆش"، قەیسەری هەقایەتی ئەسکەندەری جیهانگیر بوو لە سەردەمی تەکنەلۆژیاو عەولەمەدا، هەموو دونیا لەبەر پێی ویدا تەخت بوو، یەکێتی سۆڤیەت بە یەکجاری رووخابوو، "سۆڤێتە هەشت ساڵییەکە"ی بیل کلنتۆنیش داڕزابوو بەکۆمەڵێك سکانداڵی سێکسی و کۆمەڵێك دوودڵی لەدانپیانان بەخۆ سەرگەرمکردن لەگەڵ مۆنیکاو، خۆگیڤکردنەوە بەسەر سەددام حسێندا لە(کلکی شەڕی کەنداو)، واتا هەڵمەتی سنورداری ڕێوی بیابان لە ساڵی ١٩٩٨دا. ئەشهەدو مابیلا پیاو هەق بڵێ، ئەم عەسکەرە فیرارەی جەنگی ڤێتنام،(دەگوترێ بیل کلنتۆن لەجەنگی ڤێتنامدا

خۆی لەخزمەتی سەربازی نەداوەو لە کەینوبەینی کەمپینی سیاسیی دژی جەنگەکەدا (هەڵسوڕاو)ی کۆمەڵی مەدەنی بووە) جوامێرانە سەرکردایەتی هاوپەیمانێتی ناتۆی کرد لە تەمبێکردنی سەددام حسێنەکەی سربیا، سلۆبۆدان میلۆسۆڤیچ. بەپێچەوانەی ئەزموون و کەتنەکانی پێشووی کە نەیتوانی فریای داکەوتنی سۆماڵ و قەتڵوعامەکەی رواندا و دارفۆر و باشووری سودان بکەوێت، لە نەبەردی سربیادا کلنتۆن فریای موسڵمانەکانی کۆسۆفۆ کەوت. خوا خێری بنووسێت.

جا لەم دۆخەدا کە رێگە بۆ بوشی کوڕ تەخت بوو بەو نیشانانەی سەرەوە لەکەسێتی وی کە باسمانکرد، موژدەبەرەکانی واشنتۆن، نیوکۆنسەر ڤاتیڤەکان، کاریان راستبێت و دەستیان خۆش بێت مۆم و بخوردیان لەدەوری بوش هەڵدەکرد، ئەسکەندەری کەرەستەی خاو، تکایە لەهەموو ئەم توانج و ناوهێنانە مەبەستم پەسەندکردن و دەستخۆشییە، نەك نوقرچ و سیخورمە، وەك قەشەیەکی موژدەبەخش کە خوداو پێویستی ئابووری بنەماڵەکەی رایان سپاردبوو ناوچەی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست سەروبن بکات، ئامادەی نەبەردی بوو. تەنها ئەنگێزەکەی مابوو تا سەرەتای سەدەی بیستویەك چیرۆکێکی نوێی پێبێت، چیرۆکی شەڕی دژە تیرۆر.

ئەسکەندەری سەدەی بیستویەکەمین بەهەمان رێچکەی ئەسکەندەری مەزن دەرەنجامی شەڕی تیرۆر دوو نموونەی بۆ تاقیکردنەوە هەڵبژارد و لەهەردووکیاندا "سەرکەوت". سەرکەوتنەکە دەکەمە ناو دوو کەوانەوە تا هەردوو بەرەی هەڵسەنگاندنی شەڕی دژە تیرۆر بە دڵی خۆیان شرۆڤەی بکەن.

رۆژهەڵاتی «ئیستبدادی رۆژهەڵاتی» کەوتە زەلزەلەوە. بەهەمان رێگەی جەنگەکانی ئەسکەندەر و بەهەمان رێچکەی شەڕەکانی یۆلیۆس قەیسەر کە گەیشتنە ترۆپك، کە گەیشتنە (دەروازەکانی ڤیەننا)ی خۆیان، چیرۆکەکانیان کەوتە تەنگژەی هۆنینەوەی درامییەوە، پەرەسەندنە درامییەکە وا بەپەلەپەل بوو کە نەخشەسازو دانەرەکەی تاڵە دەزووی پێکەوە گرێدانەوەی دەقەکەی لەدەست دەرچوو. پاڵەوانەکان، وەك عادل ئیمامی کۆمیدیان، لەدەق دەرچوون.

سەربازەکانی ئەسکەندەر لەلوتکەی سەرکەوتندا وتیان: بەسە ئەسکەندەر! ئەو

هەموو جەنگەت پێکردین و چەند ساڵە وا لە ژن و دەنکەکانمان دووركەوتووینەتەوە، با بچینەوە، هیچ ژنێك تامی دایکی منداڵەکان نادات، تۆ خۆت زگورتیت و هیچ یادگارێکی شیرینت لەنیشتەنی دێرین نییە، بۆیە بەدیار ئەم کەنیشەکە فارسەوە، رۆکسانا، کە دواتر بووە ژنی و جێنشینێکی بۆ دابینکرد، دانیشتوویت.

رۆماش هەر وایکرد لەگەڵ یۆلیۆس قەیسەر، دەستەبژێری دیموکراسییە دەستەبژێرەکەی رۆما، پەرلەمانتارە بەڕێزە دانیشتووەکان بە دیار ژنەکانیانەوە، بەبیانووی بەڕێوەبردنی کاروباری کۆنگرێسەوە، کەوتنە تەکەتوول و کلککگرێدان و بیانووگرتن، قەیسەری ئازایان بەو پیاوە ورکگرتووە وێناکرد کە بەدیار کیلۆپاتراوە لە ئەسکەندەرییە دانیشتووە، نەئاگای لە بودجەی پێشمەرگەو نە ئاگاشی لەماددەی ١٤٠ی ئەو زەمانەیە، تومەز بەزمێکیان لەژێر سەردا بوو کە دەیانگوت قەیسەر وەك رۆمانییەکی رەسەن رەفتارناکات و ماوەیەکە ئەسکەندەرییەچێتی دەکات، باقی چیرۆکەکە خوێنەری زرنگ دەیزانێ کە چۆن لەناو کۆنگرێسی ئاماژەی دیموکراسیدا قەیسەری جیهانگیریان بە غەدرو فیتنە کوشت.

قەیسەری ئیمپراتۆریای ئەمریکاش لە لوتکەدا تووشی هەمان دەردی سەری هاتەوە، راماڵینی هێزی موژدەبەر، کە بۆ بەرپاکردنی رۆژهەڵاتی ناوەڕاستی گەورە هاتبوو، بە هیچ و پووچترین لەمپەر کەوت بەپشتا، کەتنە قێزەونەکەی زیندانی ئەبوغرێب کە ئەوەندە ناشیرین و دزێو بوو، هاوشێوەی سووتاندنی کتێبخانەی ئەسکەندەرییە بوو لەلایەن قەیسەری رۆماوە، چونکە ئەو سکانداڵە مۆراڵییە حەیای موژدەبەرەکانی برد، تەنها وەك چەند ئوسامە بنلاندێکی مۆدێرن نیشانیدان. ئیتر لەوێ بەدواوە رۆژنامە پرۆ عەرەبییەکەی نیویۆرك تایمز هەنجەتی دەسکەوت تا دنەی نەیارانی شەڕی رزگاری عیراق بدات. ئەم رۆژنامە ئێسکگرانەی لە سەرەتاوە دژی خستنی سەددام بوو، ئیتر بیانووی دەسکەوت و نەیبرییەوە تا کوڕە رەش ئەسمەرەکەی هێنایە سەر تەختی ئیمپراتۆریای واشنتۆن. لەم هەڵمەتە فاشیستەی خۆشیدا لەوساوە تا ئێستا کەمی بەکورد نەکرد، رۆژێك لەپرسی فیدراڵی و رۆژێکی تریش لەپرسی نەوتدا.

نەفرەتی بەرامیکە تەنیا سەرۆك بوشی نەگرتەوە، بەڵکو هاوپەیمانەکانیشی لەشەڕی رزگاری عیراقدا خستە بەر توانجی ئەوانەی لەشەڕە گەورە مێژووییەکان ناگەن، مام جەلال کە ئەسکەندەرو قەیسەری شوێن و کاتی خۆیەتی لە هاوکێشەی کوردستان و عیراقدا، ئەویش لەلوتکەدا کەوتەبەر پەلامار. لەوەختێکدا پێشمەرگەیەك تا سەرکۆماری رۆیشتبوو دەستەبژێری جەدەلی بێزەنتی خەریکی وەسفی زوڵفی یار بوون، توانجیان لەجەنگاوەرەکانی بەرەی پێشەوەی جەنگەکە دەدا کە بوونەتە عیراقچی و چیتر وەك "رۆمانییەکی رەسەن" رەفتار ناکەن. ئەمە تەنها نەفرەتی بەرامیکە نییە، نەفرەتی سەرکەوتنیشە کە وادەکات مرۆڤ ببێتە چاوەوە، چوون لە هەقایەتە میللییەکاندا دەگوترێ دایك ئاگای لێنەبێت، منداڵی خۆی بە چاوەوە دەکات!

رەنگە هەبن بڵێن بۆچی لەم سیپارەیەدا بەندە وا یاری بەمێژوو دەکەم و رووداوەکان تێکەڵ دەکەم؟ ئایا تۆڵەیە لە مێژوو لە سەرەتای سەدەی بیستوویەکدا کە ئەو مێژووە بیست سەدەی تەواوە یاری بەچارەنووسی کورد دەکات؟

دەنا خێرە ئەسکەندەر (لەساڵی ٣٣٣ی پێش زاین ئەسکەندەری مەکدونی لەشەڕی ئیسوس هەیبەتی سوپای داریوشی سێیەمی تێکشکاند و وای راونان گەڕانەوەیان بۆ نەبێت) بە یۆلیۆس قەیسەر (ساڵی ٤٨ی پێش زاین قەیسەر بەشێنەیی ئەسکەندەرییەی خستەژێر هەژموونی خۆیەوە ولەوێ وەك سەرگەورەیەك هەوڵیدا کیلۆپاترا وبراکەی لەسەر موڵکی ئەسکەندەرییە پێکبێنێت و ئاشتیان بکاتەوە) دەشوبهێنم و ئەمیش بەبوش(ساڵی ٢٠٠٢ی زاینی ئەفگانستانی لە حوکمی بزووتنەوەی تاڵیبان وساڵی ٢٠٠٣ی زاینی عیراقی لە حوکمی سەددام رزگار کرد) و هەمووشیان بەتێکشکانی سەدری ئەعزەمی عوسمانی، قەرە مستەفا پاشا، لە دەروازەی ڤیەننادا (لە دوانزەی ئەیلولی ساڵی ١٦٨٣ی زاینی سوپای عوسمانیی لەدەروازەی ڤیەننا لەبەرابەر سوپای هاوپەیمانەکانی نەمسا تێکشکا ئیتر، لەم شکستە کەمەرشکێنەوە، هەڵمەتە فراوانخوازەکەی دەوڵەتی عوسمانیی بۆ سەر ئەوروپا پەکی کەوت و بابی عالی لەوێوە رووی وەرگێڕا بەرەو پتەوکردنی ئەمارەتە داگیرکراوەکان تا ئەمانەش لەدەست نەدا. لێرەوە سەربەخۆیی ئەمارەتەکان، بە ئەمارەتە کوردییەکانیشەوە، مەیدانیان بۆ

مەرکەزێتییەکی توندی دەوڵەتی عوسمانی چۆڵکرد کە ویلایەتەکانی هەر بەقەدەر ئۆتۆنۆمییەکەی سەردەمی سەددام دەسەڵاتیان بەسەر قەڵەمڕەوییەکەی خۆیاندا دەشکا.

یاری بەمێژوو دەکەم نەك لەبەر فیزو بوغرایی نووسەرێك کە لەنەخشەی نووسینەکەیدا تۆڵە لەو هەموو ئیمپراتۆر و زاڵم و پیاوە گەورانە دەکاتەوە، بەڵکو بۆ ئەوەی لەوی ماوە لە نووسینەکەم باشتر بیرۆکەکانی خۆم بگەیەنم، نەفرەتی بەرامیکەو نەفرەتی سەرکەوتن بە گاڵتەپێکردن بەمێژوو لەقاو دەدەم تا چاکتر دیوە جیاجیاکانی هاتنی ئەمریکا بۆ ئەم ناوچە ئیستبدادییەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست شرۆڤەو شیبکەمەوە.

باسی مێژوو دەکەم نەك وەك مێژوونووسێك، بەڵکو وەك ئەوەی کورد گیرۆدەی مێژووە، چونکە ئەمریکاش، کە هاتۆتە ئەو ناوچەیەو لێرەدا چیرۆکی ئامادەگییەکەی شرۆڤە دەکەم، ئەویش گیرۆدەی مێژووە ئەمما بەدیوە ئیمپراتۆرییەکەی. کورد گیرۆدەی مێژووەو ئازاری مێژووی هەیە وەك هەژارێکی شیو نەخۆر کە بەدەست برسێتییەوە سکی خۆی دەگوشێ. ئەمریکاش گیرۆدەی مێژووە و ئینتەلای مێژووی هەیە وەك دەوڵەمەندێکی نەوسن کە بەدەست زۆرخۆرییەوە سکی دەلاوێنێتەوە. هەردوولا وەك هەژار و دەوڵەمەندەکەی پەندەکانی مستەفا لوتفی مەنفەلۆتی، گیرۆدەی دوو دەردو یەك ئاهی سەردن

باسی مێژوو دەکەم، چونکە لە قرچەی گەرمای هاوینی ساڵی ٢٠٠٧دا، لەگەڵ پرۆفیسۆر فوئاد عەجمی یەك لە تیورسینەکانی شەڕی رزگاری عیراق، لەناو تانکێکی جەنەڕاڵ ئۆدیێرنۆدا گفتوگۆمان لەسەر گیرۆدەی مێژوویی دەکرد کە چۆن ئەدەبیاتی سیاسی ئەمریکا پڕە لەگێڕانەوەی نموونەی مێژوویی بۆ شەرحی حاڵی ڕووداوێکی ئەمڕۆ، عەجمی وتی: ئێستا ئێمە لەناو مێژوودا دەژین! تۆ ئێستا لەگەڵ ڕۆمڵی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، جەنەراڵ پاتریۆس، قسەتکرد، وا لەناو تانکێکی جەنەڕاڵ ئۆدیێرنۆدای کە ئەمانە قەیسەرو ئەسکەندەری زەمانی ئەمڕۆن!

منی کوردی گیرۆدەی مێژوو لە زومرەی سەلاحەددینی ئەیوبی کە دونیای گرت، باسی دیووە کوردییەکەی گیرۆدەبوونی مێژووم کرد کە تراژیدیا و

شکست هەڵیدەسوڕێنێ، عەجمی کەوتە گفتوگۆیەکی گەرمەوە لێلما کە لەو لاوە جەنەراڵ ئۆدێرنۆ سەدامییەی کەرخی بەسەر دەکردەوە، وتم: ئەم جەنەراڵە گەورەیەی مێژوو کە کوڕە سەربازەکەی لەم پرۆسەی رزگارییەدا قۆڵێکی لە دەستداوە، خەریکی چییە وا بە دیار بەعسییەکانی ئەم گەڕەکەوە دانیشتووە پێداویستییە ئاساییەکانیان دابیندەکات؟ کەی لەیاسای رزگارکردنی عیراقدا، کە سەرۆک کلنتۆن ئیمزای کردووە، ئەوە هاتووە سوپای ئەمریکا تانکەری ئاو بۆ بەعسیەکان دابین بکات؟ جەنەڕاڵ هەقی چییە بەکارەباو تانکی ئاوەوە؟ بۆ ناچێت ئەرکەکەی تەواو بکات، برادەرە شیعەکەمان، هاوپەیمانە موزعیجەکەی هەردووکمان، وتی: ئەی ئەوەنییە لێرە، لەبەغدا خزمەتدەکات، دەبێ ئەرکەکانی تری چی بێت؟ وتم: ملی پێوەبنێت و پرۆسەی رزگاری عیراق بکات بە پرۆسەی رزگاری تەواوی ناوچەکە، بۆچی بڕوات وجارێکی تر ناچار بێت بگەرێتەوە، ئەو هەموو دەبابەیە چەور بکەنەوە وئەو هەموو سووتەمەنی فرۆکەیە خەرج بکەن؟ عەجمی پێکەنی، وتی: ئێستا ئەمریکا تووشی گێچەڵ هاتووە، دوژمنانی ئەم هەڵمەتە سەربازییەی بوش بۆ سەر عیراق حەشرێك بەخۆی و هاوڕێکانی دەکەن نەبێتەوە، بینیت چ بە رامسفیلد دەکەن؟ چییان بە ڕێچارد بێرڵ کرد؟ چییان بە وۆلۆڤێتز کرد؟ نەفرەتی شەڕ بەس منی نەگرتەوە، چونکە من مامۆستای زانکۆم و پلەو پایەم نییە لە دەستیبدەم؟ بە پێکەنینەوە کە تازە دەرئەنجامی واقیعەیەك، دەستبەرداری سەرنووسەرێتی رۆژنامەی ئاسۆ بووبم، پێمووت: تۆش تووشی دەبیت، منیش وەك دۆستێکی لۆکاڵی پرۆسەی رزگاری عیراق و ئەندامێکی کوردی (هاوپەیمانێتی ئارەزوومەندان) لە شەڕی لەناوبردنی ئیستبدادی رۆژهەڵاتیدا، تووشی بووین و بەر نەفرەتی بەرامیکە کەوتین.

د.عەجمی، پێکەنی چونکە حیکایەتە خنجیلانەکەی منی دەزانی کە لێرە وەك گرتەیەکی تراژیدکۆمیدی لەناو داستانە گەورەکەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستی گەورە باسمکرد! باسمکرد، ئەمما ماجەرای ئەندامانی (هاوپەیمانێتی ئارەزوومەندان) کە تاریفی سەرۆك بوش بوو بۆ ئەو دەوڵەتانەی وەك ئەو، بێ رەزامەندی ئەنجومەنی ئاسایشی نێودەوڵەتی، بڕیاریاندا شەڕی رزگاری عیراق

بکەن. هەروەها مونەزیرەکانی ئەم هاوپەیمانێتییەو جەنەراڵە جێبەجێکارەکانی لەناوخۆی ئەمریکا، نیوکۆنسەرڤاتیڤەکان، لە ئاستی جیهاندا، تۆنی بلێری بەریتانی و خۆسێ ماریا ئەزناری ئیسپانی و لە ئاستی عیراق و کوردستانیشدا سەرکردایەتی کوردو سەرکردایەتییە بەگێچەڵەکەی شیعە کە هەموو شتێکی بۆخۆی دەوێ و کەمترین بەش دەداتە کوردو خەڵکی تر، ئەوا لەدرێژەی ئەم سیپارەیەدا سەرکەوتن و سەرگەردانییان دەخوێنێتەوە، کە درێژەی حیکایەتەکەیە.

دیارترین موژدەبەرەکانی بوش لەهەڵمەتەکەی رۆژهەڵاتدا پۆڵ وۆلڤۆیتز بوو. ئەم و چەند کەسایەتییەکی نیوکۆنسەر ڤەتیڤەکان، لەوانەش زەڵمای خەلیل زاد، ئامادەکارییان دەکرد بۆ بەزمە گەورەکە، بەزمی دەرکردنی سەددام لە عیراق.

وۆلڤۆڤیتز وەکیلی وەزیری بەرەڤانی بوو، بەڵام راستییەکەی دەبوایە وەکیلی وەزارەتی دەرەوە بێت، چونکە وا لەوە گەیشتین لە ئەمریکا دەبێت وەزیری بەرەڤانی کەسێکی مەدەنی بێت، ئەو دەمە دۆناڵد رامسفێلد وەزیری بەرەڤانی بوو، بەڵام کار شل وخاووخلیچ بێتەوە بە جۆرێك وەکیلی وەزیرەکەش بیرمەند بێت، لەکاتێکدا وڵات رووی لەجەنگێکی گەورەیە؟ هەڵبەت ئەمە ئەندازەی کاریگەریی ئەم پیاوەمان باشتر بۆ دەردەخات.

پۆڵ وۆلڤۆیتز بیرو ڕای سەیر سەیری هەبوو، بۆ نموونە، باوەڕی وابوو سەرزەمینی ناوچەکەی ئێمە، یانی کوردستانی باشوور، دەشێ ببێتە دەوڵەتێکی سەربەخۆش، ئەو کە دۆستێکی نزیکی تورکیا بوو لەگەرمەی تاوتوێکردنی ترسەکانی تورکیا لە تواناداری هەرێمی کوردستان، بۆچوونی وای فرێدەدایە ناو نێوەندی بەرتەسکی دەستەبژێری سیاسییەوە، کە بۆ نموونە، قەیدی چییە با (کوردستانی عیراق) ببێتە نیشتەنی خەونی کوردی. دەوڵەتێکی سەربەخۆ کە رووگەی هەموو کوردێکی ناسیۆنالیست بێت، ئەو کوردەی لەتورکیا، یان ئێران و سوریا، یان لە هەر جێیەك کە باوەڕی بەخەونی وا هەیە با کۆچی بۆ بکات.

بێگومان ئەمە خەونێکی هاوشێوەی خەونی جولەکەکانە بۆ گەڕانەوە لای (سەرزەمینی بەڵێنەکان)، ئەم خەونە وۆلفۆڤێتزییە خەونێکی ناسیۆنالیستی مەرجەدارە بەوەی ئیتر کورد لەهەر کوێ بێت و حەزی بە کوردستانی سەربەخۆ بێت، دەتوانێت بێتە کوردستانی باشوور (باکووری عیراق) تا تێر سەیری

کوردستانێکی ئازاد بکات، نەك (گیروگرفت) بۆ کوردستانەکانی تر دروست بکات. کوردێکی تورکیا، یان کوردێکی ئێران، با لە دیاربەکر و لە مهاباد گێچەڵ بۆ پایتەختە ئیقلیمییەکان دروست نەکات، بفەرموون بۆ هەولێر لەوێ بەکەیفاخۆ هەڵپەڕن و پر بە گەروی ئازادیان ئەی رەقیب بێژن، ئەم خەونە سێ بەشی کوردستانی لەچنگ کورد دەردەهێنا، بەڵام قودرەتمەندی دەدایە کوردستانی عیراق.

جا باشبوو ئەم خەونە سەیر وسەمەرەیەی وۆلفۆیتز هەر لەخەیاڵدا مایەوەو دەرفەتی نەبوو بێتە سەر زاران ورمێنی بەربڵاوی بۆ پەیدابکات. دەنا ئەوسا داشی قسەی شۆڤێنییە عەرەبەکان بەڕاست دەگەڕا کە دەڵێن کوردستان ئیسرائیلی دووەمەو بەڵگەی ئەوەش (سەر زەمینی میعاد)ی وەکیلی وەزارەتی بەرەڤانی ئەمریکایە، لەو حاڵەدا لەوانەیە کورد بەبیانووی هاتن بۆ جێبەجێکردنی خەونی تاقە کوردستانی سەربەخۆوە کوردستانەکانی دیکەی لە دەست بدابایەو لەولاشەوە ئەمەشیان بە بیانووی ئیسرائیلی بوونەوە بدابایە بەر نەزەری لەناوبردن و فەوتانەوە.

ئەم نەخشە وۆلفۆیتزییەی کە دیسانەوە کوردستانی بە شوێنێکی تر دەشوبهاند، بەشێك بوو لەو کەلتوورەی وڵاتی کوردستان دەکاتە پەروانەی دەوری شەمعی شوێنێکی لەخۆی "باڵاتر". ئەم کەلتووره کوردستان دەکاتە ڤێتنام لە خۆڕاگری شۆڕشگێریدا، دەیکاتە فەلەستین لە نموونەی زوڵم وبندەستیدا، دەیکاتە سویسرای رۆژهەڵات لە ئەدەبی ئیستشراقدا، دەیکاتە دوبەی لە خەونی نەشونمای بێ بنتەمەڵێکی جێگیردا، دەیکاتە سوید لەکەمپینی ئازادیدا، بەس هەرگیز نایکاتە کوردستانێك بە گوێرەی هەلومەرجی کورد خۆی، نایکاتە کوردستانێك بۆ چیرۆکی کورد لە بیناکردنی وڵاتێکدا کە دونیا لە میانی تاسە وئەلهای بە دوای شتی نوێی نەبیستراو ونەبینراودا پێویستی بە چیرۆکێکی نوێ هەیە نەك بە کۆپییەکی شێواوی ڤێتنام، یان فەلەستین، یان دوبەی، یان سویسرا وسوید.

ئەم خەونە زڕە خەونە نەهاتە سەر زەمینی بەرجەستە، هەرچەندە کوردستانی دوای رووخانی سەددام بەفیعلی بووە رووگەی کوردستانیی بۆ هەموو

کوردستانیان لەبەشەکانی تر و لەهەندەرانیش، هەن ئێستا خزمەتی دەکەن و بەدڵوبەگیان کۆششی سیاسی و ئابووریی و رۆشنبیریی دەکەن و جێدەستیان لەهەموو بوارێکدا ئامادەیەو هەشن وەك بەشێك لەکوردی باشوور هەر قسەدەکەن و دابونەریتە گشتگیرەکەی کورد دووبارەدەکەنەوە: لەهیچ رازی نەبوون!

خەونی (کوردستانی خەونەکان)ی پۆڵ وۆلڤۆیتز نەهاتەدی، لێ زۆری نەبرد وەکیلی وەزیری بەرگریی بووە سەرۆکی بانکی نێودەوڵەتی کە وەزیفەیەکی ناسکە بۆ ئەوانەی دەخوازن لەئاستی جیهانیدا خزمەتبکەن، کاکم بەر نەفرەتی بەرامیکەی ئەمریکا کەوت، بیستبووی دەبێ بانکی نێودەوڵەتی یارمەتی دەوڵەتە هەژارەکانی وەك دەوڵەتانی ئەفریقا بدات. چوو لەئەفریقا نموونەی وڵاتی دەوڵەمەندی لیبیای هەڵبژارد و شتێك مووچەی زیادی بۆ خانمێکی لیبی خەرجکرد کە دەنکی دڵخوازی لە مێژینەی خۆی بوو، پێیانزانی و لێیان کردە هەڵلا، وەزیفە هەستیارەکەی جێهێشت و کەوتە ناو تاریکایی مێژووەوە. کوردستانی بۆ کوردستانییان و داگیرکەرانی بەجێهێشتەوە

رامسفێڵد یەکێکی تر بوو لەوانەی کەوتنە بەر نەفرەتی شەڕی رزگاری عیراقەوە، ئەگەرچی سەرۆک بوش لەسەرەتای خولی دووەمی سەرۆکایەتی خۆشیدا جارێکی تر بەوەزیری بەرگریی هەڵیبژاردەوە، کەچی زۆری نەبرد لە وەزیفەکەی دوورخرایەوە، ئەویش تا مردن بە دەردی سکانداڵەکەی ئەبوغرێبەوە دەتلێتەوە.

ریچارد بێرل و خەڵکی تر لە ئاستی فەرمانبەری جیاجیادا (سزادران)و لەکارو فرمان دوورخرانەوە.

لە ئاستی هاوپەیمانێتی ئارەزوومەندانی نێودەوڵەتیدا، خۆسێ ماریا ئەزنار نزیکترین هەڵبژاردنی لە ئیسپانیا دۆڕاندو وڵاتەکەشی لەترسی دووبارە بوونەوەی هێرشە بە ناوبانگەکەی قاعیدە بۆ سەر مەدرید، لەساڵی ٢٠٠٤، لە هاوپەیمانێتی بوش کشایەوەو سەلماندی ئەو هاوپەیمانێتییە بە زۆر نییە، بەڵکو بە ئارەزووەو سەرۆك وەزیرانی نوێی وڵات، خۆسێ لویس ساباتیرۆ، ئەو ئارەزووەی خۆی بەجێگەیاند کشایەوە لەو ئارەزووە.

سەرۆك وەزیرانی بەریتانیا، تۆنی بلێر، کە لەو کۆبوونەوە گرنگەی دوورگە

ئەوروپییەکەی بورتوگاڵ ئامادەبوو، لەگەڵ بوش و ئەزنار لێدوانی مێژوویدا، ئەویش کەوتە بەر پەلاماری دوژمنانی رزگاری عیراق تا ناچار وەك وێستگەی یەکەمی بەرەو دۆڕانی حزبەکەی، کورسییەکەی بۆ رکابەرە کرێکارییەکەی خۆی، گۆردن براون، بەجێهێشت، براونیش ئیشەکەی لە بلێر تێکداو خۆشی هیچی بەهیچ نەکرد. بەڵکو حکومەتەکەی لە بەرامبەر دەیڤید کامیرۆن، سەرۆکی حزبی پارێزگاران، دۆڕاندو حزبەکەشی دایە دەست ململانێی جووتە برا، میلباندەوە. ئەم ململانێیە دوا جار بە قازانجی برا بچووك، تەواو بوو. هەروەها هەنجەتی دایە دەست حزبی کوردیشەوە کە بڵێن فەرموو مەیلی بنەماڵەیی لەبەریتانیای لانکی شارستانیش هەیە!

بلێر لە گۆڕینی سەددامدا "رادیکاڵی و چەپانە" هەڵسوکەوتی کرد، نەیهێشت لەباری مێژینەی ئیستیعمارەوە، ئیستیعماری ئەمریکی تازە، شانازی خستنی سەدام بۆ خۆی بەرێت بێ بەشداری ئیستیعماری کۆن، بەریتانیا. هەر وەك نەیهێشت راستڕەوی نیوکۆنسەر ڤاتیڤەکان لە ئەمریکا، بەتەنها ئەو وەرچەرخانە گەورەیە لەمێژووی مرۆڤایەتی، واتا لابردنی ئیستبدادی بەعس، بخولقێنن و خەڵکی تر لەو سەروەرییە بێبەش بکەن، بلێر هاتە ناو گرتەکەوە و بزووتنەوەی چەپیش، لەڕێی بەشداری ئەو و حزبی کرێکارانی بەریتانیا لە کۆششی جەنگدا، خۆی کردە شەریکی داستانەکەی رۆژی ٢٠٠٣/٤/٩، رۆژی کەوتنی پەیکەری سەددام لە گۆڕەپانی فیردۆسی بەغدا.

کێی تر بەر نەفرەت کەوت؟ سەرۆك وەزیرانی ئوستراليا، جۆ هاوارد وەك جۆرج بوش وابوو لەهاوپەیمانێتی ئارەزوومەندان، ئەویش پاشگەزبۆوە سەرەڕای توندی هەڵمەتە بەرپاکەی کە لە دژی ئەو هاتە کایەوە.

ئەم جەنگاوەرە ئازا و بەجەرگانە، دەوری جۆرج بوشیان دابوو لەهەڵمەتی رزگاری عیراقدا کە بیرمەند و مێژووناسی دیاری ئەمریکا، برنارد لویس، بەدووەم ئیستیعماری ناوچەکەی دەزانی و وای لێکدەدایەوە واشنتۆن دەچێ ئەو ئەرکانە تەواو دەکات کە لەندەن، لەدەمی یەکەمی هاتنی خۆی بۆ ناوچەکە، ساڵی ١٩١٧ کە وڵاتی عیراقی داگیرکرد، بە نیوەناچڵی جێهێشتبوو، واتا ئەمریکا دێت ئەو دیموکراسییە دەگێڕێتەوە کە حکومەتە (نیشتمان)ییەکان،

بەناوی نیشتمانپەروەرییەوە، تەفروتونایان کرد.

بوش بەو هێزەو بەو موژدەبەرانەوە هات تاوەکو راسپاردەیەکی خودایی جێبەجێبکات، کە بە فیعلی باوەڕی بەو راسپاردەیە هێنابوو، ئێمە نازانین چی لەدڵی بوشدا قوڵپی دەدا و راسپاردەی خودایی چیبوو؟ کاتی خۆی بیرمەندی فەلەستینی، ئێدوارد سەعید، تەوسی بەو قسەیەی بوش دەهات و دەیووت "تاڵیبان لەشەڕی ئەفغانستان دەڵێن پێسپاردنی خوداییمان پێیە لەشەڕی کوفردا و بوشیش دەیووت پێسپاردنی خودایم پێیە لەشەڕی دژە ئیرهابدا، جا نازانم خودا بۆ دوو پەیامی جیا دەنێرێت؟"

ئێدوارد سەعید کە بە (رێکەوت) فەلەستینییە، وەك هەموو فەلەستینییەك قینی لە رزگاری عیراق بوو، چووە شەڕێکی چەلەحانێوە لەگەڵ ئەندامێکی عیراقی "هاوپەیمانێتی ئارەزوومەندان"، واتا نووسەری کتێبی کۆماری ترس کەنعان مەکییە. سەعید ئەو قسانەی بەتەوس و گاڵتەوە بۆ بوش دەکرد کە لەڕاستیدا رێك حیکمەتێکی خودایی لەپشتە. خودا دروستکەری شەوو رۆژ، لەیل و نەهار، بوش و تاڵیبانە بۆ ئەوەی شانۆی رۆمانی بۆ تراژیدیای گریکی، لە ململانێی خێرو شەڕدا، هەمیشە جمەی بێت و بێ رێبواری رێ نەبێت.

لەبزاوتی بوشدا، هەر لەسەرەتاوە، سێ ئاڕاستە لەکایەدا بوون.

-ئاڕاستەی رزگارکردنی عیراق بە ئاگاداری تورکیای (دۆست) بۆ لەقاڵبدانی رۆڵی کورد و پەلنەهاویشتنی بۆ کەرکوك.

-ئاڕاستەی رزگارکردنی عیراق بەهاوپەیمانێتی لەگەڵ کوردو شیعە، لەگەڵ داشکاندنێکی زۆرتر بەلای شیعەدا. دیسان بۆ هەمان مەبەستی لە قاڵبدانی کورد.

-ئاڕاستەی سەر زەمینی واقیعی پرۆسەی رزگاری کە دەریخست بە فیعلی کورد هاوپەیمانێتی دەکات، لەکەرکوك ئەمنیەت دەپارێزێ، لە هەرێم ئاوەدانی ئامانجێتی و لەبەغداش پێشمەرگە هاتەکایەوە بۆ پاراستنی گەڕەك و دەڤەرەکانی پایتەخت.

-ئاڕاستەی چوارەم: لەگەرمەی نەشونماکردنی تیرۆر و دەرکەوتنی سکانداڵی (ئەبوغرێب) بوو، کە ئەمریکا وازی لەقۆناغی شیعەگەرێتی هێناو روویکردە

سوننەی عیراق بۆ رازیکردنی ئۆقیانۆسیی سوننەی عەرەبی، نامەی داوای لێبوردنەکەی ئەمریکا کە ئاڕاستەی سەرۆکە سونییەکانی دونیای عەرەبی کرد بەڵگەی روو وەرگێڕانێکی بێتامی واشنتۆن بوو بەلای عەرەبی سوننەدا بۆ ئەوەی رابکێشرێنە ناو پرۆسەی پشتیوانی ئەمریکا ئەو دەمەی دەیخواست کێشەکانی عیراق بە زوویی چارەبکات و بەکەمترین نرخەوە لەعیراق دەربچێت. هەمیشە لەناو ئەم ئاڕاستانەدا پێکدادان دەقەومان و لای ئەمریکاو توخمە پێکهێنەرەکانی ئەم زۆرانبازییە، کورد ئەڵقە لاوازەکە بوو، یان وەك ئەڵقە لاوازەکە تەماشا دەکرا، تەنانەت ئەگەر خۆشی رازی نەبایە، کورد وەك خاڵی گوشار لەسەرکردن جێ تەماعی هەموو لایەنەکان بوو، بۆ نموونە:

-کە تورکیا ویستی رێی پرۆسەی رزگاری عیراق بدات مەرجی ئەوەبوو رێی پێبدەن پێشمەرگەی کوردستان چەکبکات و کورد نەچێتە کەرکوکەوە.

لەو کۆبوونەوە کتوپڕانەی پێش ماوەیەک لە پرۆسەی رزگاری، لە ئەنقەرە کران، ئەمریکا، کە بەحیساب کورد بە هاوپەیمانی خۆی دەزانێت لە شەڕی دژە تیرۆردا، کەمترین هەڵوێستی لایەنگری کوردی لەخۆی نیشان نەدا، خواو راستان کردی تورکیا خۆی لە وەرچەرخانێکی سایکۆلۆژیی و فەرهەنگی و سیاسی گەورەدا بوو لەسایەی حوکمی تازە بابەتی دادو گەشەپێداندا، کە هەڵبژاردنی ساڵی ٢٠٠٢ بردبۆوە. پەرلەمانی تورکیا لە بندەستی دادو گشەپێداندا بوو، بۆیە بڕیاریدا رێگە بە هێزە ئامادەبووەکانی ئەمریکا نەدات لەئەنجەرلیکەوە قوڵی شەڕی (باکووری عیراق) بەڕێوەببەن، هێزەکانی ئەمریکا کە بەنیازبوون لەتورکیاوە بێنە ناو کوردستان و لەوێوە شەڕی بەرەی کەرکوك و تکریت بەرپا بکەن، هەر لەوێ مانەوە و نەیانتوانی بێن. میڤل، بەرپرسی سەربازی و دیفاکتۆی ئەمریکا لەکەرکوك، لەسەر پاپۆری ئامادەی ئەمریکا بوو لەتورکیا کە بەتەمابوو بێتە کوردستانەوە. لەبەر هەندێ تورکمانەکانی بەرەی تورکمانی، لەدوو ساڵی ٢٠٠٣و ٢٠٠٤، دەنگۆی ئەوەیان بڵاوکردەوە گوایە میڤل دژی تورکمانە، چونکە لەسەر ئەو پاپۆرە بوو کە تورکیا نەیهێشت بێتە ناو وڵاتەوە، بۆیە قینی لەتورکمان هەڵساوە!

رێك لەو هەلومەرجەدا کە هەستی بە جۆرێك لە هەژموونی کورد لە کەرکوك

وكوردستان وعیراق دەكرد، توركیا ویستی جارێكی تر تێهەڵچێتەوە، چونكە دوای پرۆسەی رزگاری، بەماوەیەكی كەم، ئەمریكا بۆ ئەوەی راستەوخۆ هێزەكانی تووشی پێكدادان نەیەت لەگەڵ عیراقییە موسڵمانەكاندا، بیری لەوە كردەوە هێزی پاكستانی، یان هێزی كۆمكاری عەرەبی، یان هێزی توركیا بێنە هەندێك شوێنی عیراقەوە. توركیا لەسەرپێ بوو بۆ ئەم پێشنیازە، ئەم وڵاتە ئەگەرچی كەمترین ئەزێتی بە شەڕی رزگاری عیراقەوە نەكێشابوو، بە نیازبوو لەخوتوخۆڕایی دەسكەوت بچنێتەوە، ئەمریكا خەریك بوو لەم پرۆسەیەش كەمترین بەرژەوەندیی كوردە "هاوپەیمانەكانی" رەچاو نەكات. هیوای بەوەبوو توركیا بێتە ناو عیراقەوەو بەشێك لەئەركەكەی سەرشانی ئەو جێبەجێبكات. لەهەمان كاتیشدا ئەمە ببێتە بیانوویەك تا زۆر ناچاری كورد نەبێت. ئەو كوردەی لەدیدی ئەمەریكاو هاوپەیمانە كۆنەكانییەوە بنمێچێكی بەرزی داخوازی هەیە لە دەوروبەرێكی ئەوتۆدا كە زۆر كەیفی بەكورد نایەت.

عیراقییەكان، كە توركیاو ئوردون و پاكستان و دەر و دراوسێكانیان بە دۆستی رژێمی سەددام دەزانی، رازی نەبوون هێزی بێگانە، جگە لەوەی ئەمریكاو بەریتانیا كە تا ئەو وەختە وەك هێزی رزگاركەر سەیر دەكران، بێتە ناو وڵاتەكەیانەوە. ئیتر توركیا نەهات و ئەم دەركەوتە بووە مایەی پتەوبوونی پێگەی كورد لە عیراقدا.

لێرەوە دەزانین ئەمریكا هەمیشە ئامادەبوو كورد بە هاوپەیمانێكی بەهێزتر بگۆڕێتەوە، بەڵام بۆی هەڵندەكەوت. لە نموونەی ماجەرای توركیادا جاری یەكەم توركیا خۆی نەهات، دەنا ئەمریكا پێی خۆشبوو وبگرە بەمەرجەكانی توركیاش رازیبوو، جاری دووەمیش ئەمریكاو توركیا ئامادەبوون، بەڵام عیراقییەكان قایل نەبوون. جا توخودا لەم نموونەیەدا هەق نییە ناوی ئەو هاوپەیمانێتییە (كوردییە - ئەمریكییە) بنێین هاوپەیمانێتی دیفاكتۆ؟.

ئەمریكا لەم رەفتارانەیدا وەك دەقە شیعرییەكەی نالی رەفتاری كرد كە لە باسی بێوەفایی وبێباری حەبیبەدا دەڵێ: لەگەڵ من چەند مەغرورەو لەكن خەڵك چەند مەجبورە.

*لەناو عیراقدا دوو هاوپەیمانی ئەمریكا هەبوون لە پرۆسەی رزگاریدا،

کوردو شیعە. کورد زەواجی خۆی و ئەمریکای پێ زەواجێکی کاسۆلیکی بوو، شیعەش وەك زەواجی موتعە لەمەسەلەکەی دەڕوانی، کوردی حەنەفی کە پەڕگیرترین جۆرەکانی سونیگەرێتی و پابەندبوونە بە ئەحکامی ئیسلامەوە، زوو بەزوو ئەوەی لەبیرچۆوە کە ئەمریکای کیسنجەر بە کوردی شۆڕشی ئەیلولی کرد. هەردوو ئاڕاستە سەرەکییەکەی ناو کوردایەتی لە کوردستانی باشوور، یەکێتی و پارتی، پشتبەستوو بەو هەلومەرجەی کە سیاسەتی عیراقی و سیاسەتی ئیقلیمی دەوڵەتە داگیرکەرەکان، جگە لەئەنفال و کوشتار، هیچیان پێ نییە بۆ کورد. سەرکردایەتی کورد لەم بڕگە زەمەنییەی دووەم جاری هاتنەکەی رۆژئاوا بۆ کوردستان وعیراقدا (دوای یەکەمجارەکەی ئینگلیز)، بڕیاریدا بەدڵ و بەگیان لەگەڵ ئەمریکا بێت. تەنانەت ئاڕاستەی دووەم، پارتی، کە لەسەرخۆیە لەبڕیاردان و بەر لە هەموو کەسێك غەدری کیسنجەر بە غەدر لەپارتی و بارزانی دەناسێنرێت.. ئەویش زوو بەزوو دۆخی دوودڵی بەجێهێشت و لەتەرازووی داگیرکەری عیراقی و داگیرکەری ئەمریکا وەك (أهون الشرين)، ئەمریکای هەڵبژارد وەك دووبارەکردنەوەی نەریتی سیاسیی کورد کە داگیرکەری نێودەوڵەتی بەرەحمترن لەگەڵ کورددا تا داگیرکەری ئیقلیمی.

بەپێچەوانەشەوە، شیعە هەر وەختێك ئارەزووی بکردایە هاوپەیمانی ئەمریکاو هەر کاتێکیش گوشاری لەسەربوایە ئێرانی وەك قووڵایی ستراتیژیی دەخستەگەڕ، ستراتیژی شیعە بەمشێوەیەبوو: ئەمریکا بەکار بێنێت بۆ رەتکردنەوەی گوشاری ناوخۆیی سوننەی عیراق کە دژی تەگبیرە سیاسییەکانی عیراقی دوای رووخانی سەددام بوون، لەهەمان کاتدا متمانەیان بە دەست بێنێت لە هەڵمەتی لابردنی گوشاری سوننەی عەرەبی دەوروبەردا، لەولاتریشەوە ئێران بخاتەگەڕ لەرێی بەرپەرچدانەوەی بەرنامەی ئەمریکا بۆ بیناکردنی دیموکراسییەکی نیمچە لیبراڵ کە سەرەنجام ڕاستە ئەو دیموکراسییە لێبراڵییە بەدەست شیعەوە ئەمەش پێچەوانەی خواستی شیعەگرێتییە دەبێت، بەڵام سوننەو شیعە لیبراڵەکانیش دەتوانن رۆڵی تێدا بگێڕین.

شیعە قووڵایی دینی ئێرانی دژی شیعەی عەلمانی و سوننەی میانڕەو بەکار دەهێنا، کوردیشی دەکردە هاوپەیمانی خۆی بۆ ئەوەی هەردوولا لەهەمبەر

سوننەدا ببنە بەربەستی هەڵگێڕانەوەی حوکم. بۆ رامکردنی ویستی کوردیش لە کۆنترۆڵکردنی کەرکوك و شەراکەت لەعیراقدا، ئەمریکای بۆ گوشار خستنەسەر کورد بەکار دەهێنا.

بەمجۆرە ستراتیژیی شیعە هەر رۆژەی لەباخەڵی ستراتیژێکی دژ بەویتر دەخەوت و بابەتەکە بە فیعلی لای وان تەکتیک زەواجێکی موتعە بوو بۆ بەدیهاتنی خەونێکی پێچەوانەی ئەو خەونەی ئەمریکا هەیبوو لە هاوپەیمانێتیکردن لەگەڵ شیعەو کورددا.

شیعەی تەقلیدی زوو نیەتە خراپەکانی خۆی دەرخست، لەگەرمەی گفتوگۆ لەسەر یاسای ئیدارەی دەوڵەت، پێنج نوێنەرەکەی شیعە بەنابەدڵییەوە ئیمزای ئەو گرێبەستە قانوونییەیان کرد. بەتایبەتیش، بەرێکەوت!، تەحەفوزیان نیشاندا لەبەرامبەر هەموو ئەو بڕگانەی ناسنامەی نەتەوەیی کوردیان لە ناو ئەو گرێبەستە عیراقییە دەردەخست کە دواتر بووە هەوێنی دەستووری بەردەوامی وڵاتیش. پێش ئەوەش گفتوگۆو هاتووچۆکانی کوردو نوێنەرایەتی ئەمریکا لەعیراق، بەتایبەتیش هامشۆکانی حاکمی مەدەنی پۆل بریمەر، گەیشتبووە ئاستێکی چەقبەستووی وا کە خەریکبوو هەردوولا لێك هەڵشاخێن.

بیروڕای کورد ئەوەبوو کوردستانی نیمچە سەربەخۆی سەردەمی سەددام حسێن، بۆئەوەی دوای نەمانی سەددام تێکەڵ بەعیراق ببێتەوەو عیراقی تازەش، بەزاراوەی ڕێککەوتنی نیفاشای نێوان سوودانییەکان، (کەمەندکێش) بێت، پێویستە دەسکەوتی کورد زۆرتر بێت لەوەی کە ئێستا هەیە، نەك کەمتربێت(مەبەست ئەو دەستکەوتانەیە کە کوردستان لە راپەرینەوە تا روخانی یەکجارەکی سەددام لە نیسانی ٢٠٠٣ کەڵەکەی کردبوو). کورد رای وابوو دەبێ بەشێوەیەکی چاکتر دۆسییەی ناوچە تازە رزگارکراوەکانی دوای ٢٠٠٣/٤/١٠ ئیدارە بکرێت. بەڵێ ڕاستە کاتی ئەوە نەبوو وەرگۆڕانێکی رادیکاڵی لەکەرکوك ببێتە مایەی تەنگژە، بەڵام ئەو سیاسەتەش خراپ بوو کە گورگ ومەڕی پێکەوە لەیەك گۆڕەپاندا ڕاگرتووە و زمانحاڵی دەڵێ رابردوو بە تەواوی لەبیر بکەن (وەکو خانم رایس لەسەردانی کەرکوکدا دەیویست مێژوو لە بیر بکرێت). هەروەها کورد دەیویست عیراق فیدراڵییەکی ئەوتۆ بێت کە بتوانێت یەکێتییەکی نەتەوەیی و

جوگرافی بۆ کوردستان دابین بکات.

بیروڕای کورد ئەوەبوو کە کوردستان هەرێمێکی فیدراڵ بێت لەعیراق و ئەو دوای ناوچەکانی تر بەدڵی عیراقییەکان، عیراقییەکانی تر، ئیدارە بدرێت. جا ئەگەر دەخوازن ببنە دوو هەرێمی شیعی وسوننی، ببنە سێ، یان شەش، یاخود خۆیان چۆنی بە چاك دەزانن با وای لێبکەن. هەرچەندە بەڕای من فیدرالییەکی کوردستانیی بێ دانەیەکی عەرەبستانی هیچ یەکسانییەکی دابین نەدەکرد. چونکە تاك فیدرالی کوردستان لای عەرەبی عیراق وا شرۆڤە دەکرا حکومەتی بەغدا، جا مەرکەزی بێت یان ئیتحادی، هەر بەدەست خۆیانەوە بێت. کەچی تێزی پۆڵ بریمەری کورت بین و لووتبەرز لەوە کۆنەپەرستانەتر بوو کە لە نوێنەرێکی ئەمەریکای فیدرالی زەبەڵاح چاوەڕێدەکرا، تێزی وی تەنهاو تەنها خۆی لەفیدراڵییەکی ئیداری پەرپووتدا قەتیس کردبوو، شتێك کە هیچی تیا بەسەرنەبوو بۆ کوردو کوردستان.

سەیر لەوەدابوو وەختێك موجادەلە لەسەر ئەوە دروست دەبوو ئەمە زۆر کەمترە لەو دەسکەوتانەی کورد لەسالانی (١٩٩١-٢٠٠٣) کەڵەکەی کردبوو. ئەم بلیمەتە هەڵتۆقیووە کە لە ئینگلیزی ساحبی دەورانی عیراقی پادشایی دڵڕەقتر بوو بەرامبەر بە کوردستان، ئەم حاکیمە مەدەنییەی گوایە پسپۆرە لە تیرۆر و بۆ ماوەی ساڵێکی لە عیراق (ناوی کتێبەکەشی هەر وایە) بە گرێبەستی مانگانە ئیشی بۆ سەرۆك بوش دەکرد، دەیگوت: کوردەکان! بزانن ئەوی هەشتانە بەرهەمی پارێزگاری ئەمەریکایە ئەو دەمەی لە دەستدرێژی سەددام حسین دەیپاراستن و توانیتان هەرێمێك دروست بکەن).

بێگومان ئەم قسەیە لە ڕێرەوێکی سنووردار و تا ئەو ڕێوشوێنەی بریمەر بۆ نیازێکی پڕۆ عەرەبی کەڵکی لێ وەرنەگرێ، ڕاست و دروستە. ئەوی لە نێوان بەهاری ١٩٩١-تا بەهاری ٢٠٠٣ بۆ کورد فەراهەم بوو، بەرهەمی چەکوشی ئامادە و پڕۆسەی پرۆڤایت کۆمفۆرت بوو. کورد خۆی ئەو واقیعەی دەزانی و پێویستی بەوە نەبوو بریمەر بە چاویدا بداتەوە. ئەوی بریمەر وتی و کردی دەبوایە دوو سێ پرسیاری دیکە بەدوای خۆیدا بهێنێت:

یەکەم: پرسیارێکیان ڕەهەندێکی مێژوویی هەیە، ئەی ئەوە چی هەلومەرجێکی

داگیرکاریی و ئیستعماری بوو وایکرد وڵاتی کوردستان داگیربکرێت و ئەم بەشەی بریمەر چەلەحانێی لەسەر دەکرد، کەرکوك وناوچە دابڕاوەکان، بدرێتە عیراق تا بەغدا هەشتا ساڵ تەعریب و تەرحیل و کیمیاباران و ئەنفالی تێدا بکات بەجۆرێك کورد دواجار سوپاسگوزاریی بریمەر و سەدان فەرمانبەری بێ بەهرەی ئیدارەی مەدەنی لە بەغدا و دەیان ئەفسەری پلە نزمی ئەمریکا بێت چونکە گوایە ئەمانە رۆڵیان لە ڕامالینی هێزی وەحشە گەورەکەی بەعس، سەددام، هەبووە.

دووەم: ئەگەر ئەم منەتە بەسەر کورددا دەکەن ئەی ئەوەی شیعە بەدەستیهێنا بەرهەمی کێ بوو، بەرهەمی ئەمریکا یان هی زنجیر لەخۆدانی مــــوقتەدا بوو؟ کە وایە ئەی بۆچی پۆل بریمـــــەر ئەو دەسکەوتانەی ئەمەریکا لە پرۆسەی رزگـــاری عیراقدا بـــۆ شیعەی هێنا، بەچاوی شیعەی نەدایەوەو ئەوانیشی منەتبار نەکرد.

سێیەم: ئەی بۆچی بریمەرو فەرمانبەرەکانی ببوونە "پارێزەری شەیتان" بۆ سوننەی عەرەب، داخۆ دەسکەوتەکانی سوونە لە دوای کەوتنی سەددامەوە بەرهەمی خەباتی خۆیان بوو؟

چوارەم: ئەگەر دەسکەوتی کوردستان، لە ڕاپەرین تا کەوتنی بەعس، بەرهەمی ئەمەریکایە، ئەی خێرە بریمەر وەك نوێنەری ئەمەریکا لە عیراق دەیوست ئەو دەسکەوتانە بە هەدەر بدا و بەنرخێکی هەرزان بە سوننە و شیعەیان بفرۆشێتەوە؟ ئەی خێرە بریمەر، کە بەلانی کەمەوە خۆی لە ئاستی شەخسییدا بەشداری لەو دەسکەوتە ئەمەریکییە کوردییەدا نەبووە کە تیمی چەکوشی ئامادە وکۆلۆنێل ناب و گارنەر ودەیڤید وێلش و دەیان کەسی بەسەبرو حەوسەڵەی کوردستانیی وئەمەریکایی چاندویانە، خێرە بریمەر باکی نەبوو بە تاقە تاقیکردنەوەی سەرکەوتووی ئەمەریکا لەعیراق وبگرە رۆژهەلاتی ناوەڕاست وزۆر دەڤەری دونیای سێیەم و دەیوست لەم سەر زەمینەی کە خەڵکەکەی گوڵیان دەدایە سەربازانی مارینز، هەمان وێنەی سەلبی لەسەر وڵاتەکەی تۆخ بکاتەوە؟

ئەوی مارێنزەکانی ئەمریکا لە رزگاری عیراق بەخوێن بەدەستیان هێنا، فەرمانبەرە بێ بەهرەکان بێ کەمترین ئارەق ڕشتنیش دەیانوویست بەهەدەری

بدەن.

جا هەر لە دۆخی بیرکردنەوەیەکی بێ باکانەی کەسانی وەکو بریمەر بوو کە ئەمەریکا زیاتر و زیاتر دەستەودامێنی شیعە وسوونە بوو و دوور لە چاوی تاکە هاوپەیمانەکەی، کوردستان، لە هەوڵی رازیکردنیاندا بوو. لەو لاشەوە شیعە زەواجی موتعەی خۆی لەگەڵ ئەمریکا بە نۆرە دەبرد بەڕێوە:

لەوەختێکدا لەبەغدا هاواریان بوو بۆ دەرکردنی گوایە (داگیرکەر) لەعیراقدا، لەرێی خۆپیشاندانەکانی رەوتی سەدر ولەرێی خیتابی گلەیی حزبی دەعوە و دەعوە لێ جیابۆکانی، لەولاوە، لەسەر ئاستی سیاسەتی ڕەسمیدا عەبدولعەزیز ئەلحەکیم سەرۆکی ئەنجومەنی باڵای ئیسلامی لە عیراق،لە سەردانی کۆشکی سپیدا داوای لە سەرۆك بوش کرد: تکایە دەستبەردارمان مەبە! سەرۆك بوشیش، کە قەیسەری زەمانی خۆی و سوارچاکی نەبەردی رزگاری عیراق بوو، وەك جوامێرێك بڕیاریدا پشتی شیعە بەر نەدا مادام هانایان بۆ ئەو هێناوە، بەڵام لە سەر حسابی کێ؟ دیارنییە بوش بڕیاری دابێت کە ئەو پشتیوانییە لەسەر حسابی کێ بێت؟ بەڵام نوێنەرایەتی ئەمریکا لەعیراق، هەر لەحاکمی مەدەنی تا سەفارەت، تا نوێنەرایەتی سوپاکەشیان، کە جاربەجار چالاکی سیاسییشان هەیە، لەوەدەچوو بڕیاریان دابێت ئەو پاڵپشتییەی شیعە لەسەر حیسابی کورد بێت.

*وەختێك ئەمریکا ئارەزووی کرد سوننە بێنێتە سەر هێڵی پرۆسەی سیاسی عیراق، دیسانەوە دەریخست کە پێویستی بەکوردە، لەدوو رووەوە: رووی یەکەم: کورد بەسەنگی خۆی یارمەتی بدات سوننە قەناعەت بکەن بێنە ناو ناوەندەکەوە، رووی دووەم: بەشێك لە مافەکانی سوننە لەڕێی کوردەوە جێبەجێبکات، واتە دیسانەوە کوردی هاوپەیمان وەك باخچەی پشتەوەی نفوزی ئەمریکا سەیر بکرێت.

کورد بۆ دروستکردنی تۆزێك گوشار لەسەر شیعەو دەرخستنی توانای خۆی لەقەناعەتپێکردنی سوننە تا ئەمریکا باوەڕ بەقودرەتمەندی فاکتەری کوردی بکات، کۆششێکی بەرچاوی نواند لەگەڵ سوننەدا، ئەمەش تا رادەیەك گوشاری شیعەی لەسەر کورد کەمکردەوە، چونکە شیعە زۆر لەدێوەزمەی

کەمبوونەی دەستڕۆیشتوویی خۆی دەترسا، زۆر لەدووبارە هاتنەوە کایەی سوننە دەترسا، بۆیە لەسەرێکەوە بەلای کورددا بایدایەوە، چونکە لەمەسجە کوردییەکە گەیشت، لەسەرێکی تریشەوە ئەمریکاش زانی کوردە هاوپەیمانەکەی کاریگەرەو هی ئەوەنییە بە ئاسانی دەستبەرداری بێت.

بەڵام ئازیزان ئەمە تەنها بۆ خولێك بوو، چونکە پاش ماوەیەکی تر دیسانەوە ئەمریکای براگماتی ئامادەبوو لەسەر حسابی کورد پێشکەوتنێك تۆمار بکات. ئەمریکا (تێگەیشتنی ) خۆی بۆ ترسی سوننە لەهەمبەر فراوانبوونی نفوزی کورد لەناوچە دابڕاوەکانیش نیشاندا. بەمجۆرە سوننە، کە بەهاوکاری کورد هاتنەوە کایەکە، یەکەم بەریەککەوتنیان لەگەڵ داواکانی کورد بوو، جگە لەبەریەککەوتنە جەوهەرییە بەردەوامەکەیان لەگەڵ شیعە. ئەمریکاش کە بەهاوکاری کورد توانی سوننە بێنێتە ناو پرۆسەی سیاسییەوە، لەپێناو پتەوکردنی شوێنپێی سوننە لەناو ئەو پرۆسەیەدا، ئامادەبوو تەنانەت لەبەشی کوردیش بخوات، چونکە شیعە بەدەست و ددان دەستبەرداری ئەو بەشە نەدەبوو کە لەهێکراو بەڤیاگرای وزەبەخشی ئەمریکا بەدەستیهێنابوو.

ڕاستێکەی ئەمریکا هیچی پێنەدەکرا لەبەرامبەر دەستوچنگی توند وجیڕی شیعە، دەترسا زیاتر لەوە پێی لێدابگرن و پتر لەوەی هەیە، فاکتەری ئێرانی بێننە ناو دۆسییەی عیراقەوە. هەروەها نەشیدەویست خۆی بەلاواز نیشان بدات بەرامبەر بەدەوڵەتە عەرەبییە سوننییەکان کە واشنتۆن هەزار بەڵێنی زەردو سووری پێدابوون بە مەرجێك سوننەی عیراق بێتە ناو پرۆسەی سیاسییەوەو ئەوانیش دەستبەرداری دنەدانی تیرۆر بن لەعیراقدا.

دیسانەوە کورد تووشی گوشاری ئەمریکا بوونەوە. کە چەند ساڵە بە پینەو پەرۆش بێت فاکتەری کوردی لەبەرامبەر ئەو گوشارەی ئەمریکا خۆی ڕاگرتبوو، لێرە ئەو پێشدەکەوێ و لەشوێنێکی تر ئەمریکاو، لەجێگەییەکی تر لەگەمەکە یەکسان دەردەچن. تەنانەت تا ئێستاش ئەو گوشارە بەردەوامە کە کورد ناچار بکەن دستبەرداری پۆستی سەرکۆمار بێت بۆ سوننە تاوەکو تەنگژەی سەرۆك وەزیرانی پێ چارەسەر دەبێت، هەروەها ئەو گوشارە لەپرسی نوسینەوەی دەستووریشدا دیسانەوە هەستیپێکرا کە سوننە پاڵیان بە ئەمریکاوە

نا بڕگەی دەستکاریکردنی دەستوور، ماددەی ١٤٢، بترنجێننە ناو رەشنووسی ئامادەکراو بۆ راپرسییەوە، کەچی سەرەنجام ناوچە سوننییەکان لەدەنگداندا دەنگیان لەدژی دەستوورەکەدا و ویستیان لەراپرسیدا بیخەن.

ئامانجی یەکەمی سالح موتڵەگ و خەڵەف عەلیان و هەموو نوێنەرایەتی ناسیونالیستی سوننە، پارێزگاریکردن بوو لەعروبەی عیراق، هیچ نەبێ لەقۆناغی یەکەمدا بۆئەوەی عروبەی عیراق لەدەستووردا جێگیربکەن.

ئامانجی دووەمیان: لابردنی دەسترۆیشتوویی شیعە بوو، لەبەرئەوە پێش ئەوەی تووشی بەر یەککەوتن بن لەگەڵ شیعە، تووشی بەر یەککەوتن دەبوون لەگەڵ کورددا، چونکە عروبەی عیراق بۆ شیعە گرفت نەبوو، شیعە ئەگەرچی بۆ عروبەی عیراق تێنەدەکۆشا، بەڵام دژیشی نەبوو، بەتایبەتی ئەگەر شەڕکردن لەسەر ناسنامەی عیراق ببێتە مایەی ناکۆکی لەنێوان کورد سوننە وەك دوو نەیاری شیعە لەستراتیژیی کۆتایی شیعەدا کە ستراتیژیی هەیمەنە بوو بەسەر تەواوی عیراقدا. لەکاتێکدا ستراتیژیی کورد شەراکەت بوو لەگەڵ زامنکردنی تەمامێتی خاکی کوردستان لەچوارچێوەی عیراقێکی فیدراڵدا.

سوننەی قیت بۆوە بەدەست لەپشدانی ئەمریکاو قبوڵکردنی ناچاری کوردو چاودێری دوور بەدووری شیعە، زوو بەزوویی تووشی پێکهەڵپژان بوو: لەناو شەقام لەسەر دەسکەوت و پاکتاوکران تووشی شەڕ هات لەگەڵ شیعە، لەسەر ئامانجە ستراتیژییەکانی ئایندەی عیراق تووشی شەڕ هات لەگەڵ کورد. بۆیە لە لوتکەی بێدەرەتانی و بێ دەسەڵاتیاندا، لەوەختێکدا هێشتا هیچیان بەدەست نەهێنابوو، موتڵەگ و علیان لەگەڵ چەند کەسێکی تر، کرابوونە نوێنەرایەتی دیفاکتۆی سوننەی توندڕەو.

لەبیرمە ساڵ ساڵی ٢٠٠٥بوو کە مشتومڕبوو لەسەر دەستوور، ئەم جووتە داوایان لەنوێنەرایەتی کورد دەکرد دەستبەرداری مافە بەدەستهاتووەکانیان بن. ئەوان لەدانیشتنێکی نوێنەرایەتی کورد لەگەڵیان، کە بەندە وەکو شاهیدێکی دیفاکتۆ لەبەغدا ئامادەیبووم، وا لەدەستکەوتەکانی کوردیان دەڕوانی کە دەسکەوتی حەرامن و بەهۆی هاتنی ئەمریکاوە بەدەستهاتوون، بۆیە داوایان دەکرد کورد ئەو حەرامە بداتەوە، لە کاتێکدا ئەو دەسکەوتانە زۆر لەوە کەمتربوون

کە چاوی تەماعی ئەوانیش دیقەتی بداتێ، هەروەها ئەو دەسکەوتانە کەمترین مافی کوردن. چونکە کورد لەسیاسەتکردن و بشداریکردنیان لەم هەموو بێنەو بەردەیە بۆ ئەوەیانە ئەو دەسکەوتانە گەشە پێبدەن، نەك دەستبەرداریان بن.

هەروەها شەڕی دەستەویەخەی کورد لەگەڵ بریمەر، ئەخزەر ئیراهیمی نوێنەری نەتەوە یەکگرتووەکان و هەموو ئەوانەی بیریان لەعیراقێکی یەکڕەنگ دەکردەوە، گەواهی ئەوەیە ئەم دەسکەوتە کەمانەش کە سوننە بە زۆری دەزانێت، لەخۆڕا بەدەستنەهاتوون و جیهادێکی زۆریان بۆ کراوە، نەك حەرام بن!

ئەم پێداچوونەوە (مێژووییە) بە حەوت ساڵی رابردوودا بۆ ئەوە نییە کورد لەشێوەی قوربانییەکی بێدەسەڵات نیشانبدەین، بەڵکو بۆ ئەوەیە نزیکایەتی لەگەڵ ئەو واقیعە دروست بکەین کە هاوکێشەی هاوپەیمانێتی کوردو ئەمریکا لەناویدا هەڵدەسووڕا، زۆرکەس وەك عەرەبی شیعەو سوننە وا دەزانن ئەم هاوپەیمانێتییە مانگێکی هەنگوینییە کە حەوت ساڵی خایاندووە، هەندێك کوردی کورتبینیش وا دەزانن هەموو پەیوەندییەکە پەیوەندی تابع و مەتبوع بووە. پەیوەندی کوردی وابەستەو ئەمریکای چاوبەستە بووە.

دیسانەوە، ئەو نموونە حەوت ساڵییە دەریدەخات رێگەی کورد، رێگەی ئەمریکاو رێگەی شیعەو سوننەش رێگەیەکی ئاوریشمین نەبووە، بەتایبەتی رێگەی کورد کە لە هەمووان زیاتر قوربانیداو لەهەمووان کەمتر دەسکەوتی بەدەستهێناوە، ئایا ئەوە قەدەرێکە، یان بەشی کوردە لەناو بەریەککەوتنی ئەم هەموو هێزو بەرژەوەندییانەدا؟ هەر کامێکیان بێت دەرئەنجامەکە هەر یەکێکە کە هێشتا کورد زۆری ماوە بەدەستیبێنێت و هێشتا کەمیان پێداوە، ئەمریکاش کە زوو زوو قسەکەی بریمەر بەشێوەی نەرمتر دەڵێتەوە: (ئێمە نەبواین ئەو دەسکەوتانەشتان نەدەبوو) زۆر لە پلەی خوار هاوپەیمانێکی راستەقینە لەگەڵ کورددا مامەڵەی کردووە، ئەمەش نیشانەی کورتهێنانی سیاسەتی کوردی نییە لەچاو ئەوەی نیشانەیەکە بەوەی ئەمریکا زێڕی ناو زبڵی رۆژهەڵاتی نەدۆزیوەتەوە کە کوردو کوردستانەکەیەتی.

هەروەها گێرانەوەی ئەم رێڕەوە بۆ بەستنەوەیەتی بە فاکتەری مێژوویی حزووری بێگانە لەهی بەریتانییەوە تا ئەوی ئەمەریکا.

وەختیش ئیتر بەسەر دەچێت و کوردیش دەبێ بڕیاری دابێت چیتر قەیرەی شەمەندۆفەری بەجێماوی هیچ فاکتەرو ئایدیۆلۆژیایەك نەبێت، بەتایبەتی فاکتەرێکی وەك ئەوەی ئەمریکا کە لەئەزموونی مامەڵەی پرسی کەرکوکدا لەجێی جێگیرکردنی مافی زەوتکراو، لاسار و چەوتەکانی پاداشت کرد، وەك لەم پارچەیەی دادێ دێینە سەری و لەسەری دە دوێین.

# کەرکوك، ئەسڵی مەسەلەکەیە

بابەتی کەرکوك، لەبەر چەند ڕەهەندێکی جەوهەری، کرۆکی مەسەلەی کوردستان، لەم بەشەی نیشتمانی کوردان، پێکدێنێت. ڕەنگە بەشەکانی دیکەش وەختێك لە چارەسەری پرسەکەی ئەوێندەریٚ نزیك دەبنەوە، ئەوانیش کەرکوکێك ببێتە گرێکوێرەو هەروەها نیشانەی چارەسەر. بۆیە هەڵە نییە ئەگەر بڵێین کەرکوك، ئەسڵی مەسەلەکەیە ئەسڵی مەسەلەی کوردە لە باشوور.

ئەمە وەك تایتلێکی گشتی زۆرکەس دەیڵێنەوە، بەڵام پانتایی کرداری کوردی و باوەڕی ڕاگەیەنراو زۆر لەوە فراوانترە کە درزی غەفڵەت و پیلانی نەیارانی پیٚ سواخ بدرێت، زۆر لەوە فراوانترە خەیاڵدانی کورد و واقیعی کەرکوکی پیٚ جووت بکرێت، هۆی ئەمە زۆر ئاسانە کە بگێڕدرێتەوە بۆ سیاسەتی ڕۆژانەی کورد لەهەمبەر پرسی ئەو شارەدا، بەڵام لە ڕاستیدا ئەمە شاشییەکە لەبەر کورتبینی، یاخود بۆ پاساوی کەموکوڕی خۆیی، پەنای بۆ دەبرێت. کورتهێنانی کورد لەچارەسەری تا ئێستای مەسەلەی کەرکوکدا بە شرۆڤەکارییەکی لەخۆکۆڵکەرەوە سەرناگرێت. بەوەی سیاسەتی کوردی بیخاتە ئەستۆی فاکتەری ئیقلیمی و نێودەوڵەتی، یان هەندێك سیاسەتبازی ناو تەیفی باوی سیاسەتی کوردی بیخەنە ئەستۆی کەرکوکییەکان لەسەر بنچینەی شارچێتییەکی شەرمهێنەر کە ناوەڕۆکەکەی بریتییە لە (شاری خۆمان رزگارە، ئێوەش شاری خۆتان رزگار بکەن). لەسەر ریتمی ئەو ئایەتەی شەرحی حاڵی لایەنگرە ترسنۆکەکانی پەیامبەر موسا دەکات (أذهب و ربك فقاتلا لوحدك أنا ههنا قاعدون).

یاخود هەندێك لە کەرکوکییەکان چارەسەری مەسەلەی کەرکوك لە پێدانی ئیمتیازی پایەو ناونیشانی سیاسیی بەخۆیان، لێکدەدەنەوە. ئەمەش دیوی دووەمی هەمان دراوی ئەو تێروانینایە کە بەخوێن ساردییەوە وەک پرسی شارێک، نەک پرسی نەتەوەیەک، لەدۆسێی کەرکوک دەڕوانێت.

بەدیوێکی تردا، لەناو عیراقییەکانیشدا کەسانێك هەن زۆر بەڕووکەشانە سەیری ئەم مەسەلەیە دەکەن چ لەپێشنیازی چارەسەرو چ لەڕەفتاری رۆژانەیاندا. زۆر بەخەمساردییەوە لەموزاعەفاتی بێ چارە مانەوەی کەرکوك دەڕوانن. سیاسەتی رەسمی عیراقیش تەنها دەستی دەستی شك دەبات، وەك سیاسەتێکی پەسەندکراو لە بەردەم پێداگری کورددا. دەڵێن بەڵکو خوایە رۆژێك بێت هاوسەنگی هێز وا تێکوپێك بدرێت کورد نەتوانێت ئەوەندە باسی دۆزی کەرکوك بکات. ئەم تێروانینە پتر پشت بە هێز وگوشار وبە دیفاکتۆکردنی داگیرکاری دەبەستێت. تێروانینێکە ڕەهەندی رەوایی مەسەلەکە رەچاو ناکات و پەند لە رووداوەکانی مێژووی کەرکوك وکوردستان وعێراق وەرناگرێت. چونکە ئەو مێژووە پێمان دەڵێ عیراق چەند بە هێز بێت ناگاتەوە هێزی جەور وستەمی دەورانی بەعس و کوردیش چەند لاواز دەربکەوێت هەر ئەوەندە دەستبەرداری مافە ڕەواکانی دەبێت کە جارانی ئەنفال وتەعریب دەستبەرداری بوو.

نها دەستەیەک لە دیموکراتخوازە عیراقییەکان وادەزانن پشتگیریان لە دیموکراسی و لە قەوارەی هەرێمی کوردستان بەسە تاپێیان بگوترێت دۆست و لایەنگری کورد. جارێکیان، ساڵی ٢٠٠٨ لەبەغدا، لە دیداری دوو سێ روناکبیری عیراقدا بە ئامادەبوونی چەند روناکبیرێکی عەرەبی کەیەکیان حازم ساغیە بوو، گفتوگۆمان، یان ڕاستتر بڵێم مشتومڕمان بوو لەسەر کەرکوک. یەکێکیان گوتی: ئێمە تائەو شوێنە دۆستی کوردین کە تەنانەت هەرێمی کوردستانمان خۆشدەوێت و قبوڵە، بەڵام بەڕاستی کەرکوک دەبێ بە دیقەتەوە بیری لێ بکەینەوە. منیش وتم مەسەلەی کورد ئەوەندە گەشەی کردووە شۆڤێنیترین عەرەب دانی پێدا دەنێت و هەرێمی کوردستانیان پێ قووت دەدرێت. لەتورکیا ئەگەر تورکێک بیەوێ دەریخات دیموکراتخوازە ئەوەندە بەسە پشتگیری مەسەلەی کورد بکات، بەڵام ئەگەر عەرەبێکی عیراق بیەوێ

پشتیوانی لە مەسەلەی کورد نیشان بدات دەبێ پشتیوانی کوردستانێتی کەرکوک بێت، چونکە تازە مەسەلەی هەرێمی کوردستان لەسەر ئێوە پەکی ناکەوێت، مەسەلەی کەرکوک ڕای ئێوەی گەرەکە. حازم ساغیە گوتی: ئەم برا کوردە ڕاست دەکات.

ئێ ئەمە ڕای ڕووناکبیرێکی لوبنانی بوو دەنا عیراقییە کە هەر نەیسەلماند. کە ئەمەم بۆ ڕووناکبیرێکی تری عیراقی گێڕایەوە وتی: نامەوێ قسە لەسەر کەرکوک بکەم. منیش وتم مارکس دەڵێ: ئەگەر بتەوێت بزانی پیاوێک تا چەند پێشکەوتخوازە لێی بپرسن ڕات لەسەر مەسەلەی ژنان چییە؟ زەحمەت نەبێ ئەی دیموکراتخواز ڕای بەڕێزت لەسەر کەرکوک چییە؟!

سیاسەتی نێودەوڵەتی و میدیا ڕۆژانەییەکان (هەقی خۆیانە) وەك بابەتێکی قازانجی میدیایی سەیری دەرهاویشتەکانی کەرکوك بکەن! ئەوانیش بۆ تیفتەو بەهاراتی بابەتە ڕۆژنامەوانییەکانیان، هاوشێوەی گروپی قەیرانی نێودەوڵەتی، دەستەواژەی بەرمیلە بارووتەکە بەکاردێنن، ڕەنگە ئەمە بۆ ترساندنی کورد بێت لەپەرچەکرداری ئیقلیمی و نێودەوڵەتی کە دوای ئەو ڕەوشە دراماتیکییەی لەسەرتاسەری عیراقدا قەوما، تاقەتی ئەوەی نەماوە هیچ بەرمیلە باروتێك بۆ ڕێککەوت و سپرایزی سیاسەتی هەڵبەزو دابەز بە جێبهێڵێت.

بێ ئاگا لەوەی ناوهێنانی مەترسییەك بێ قوڵ هەڵماڵین لەڕێی ڕاماڵینیدا دانپیانانێکی بێ جێیە کە لە ئاقیبەتدا راستگۆیی زامدار دەکات و ناشتوانێت لەجێی وی درۆیەکی شاخدار جێگیر بکات. چونکە یانی چی دان بەمەترسیی تەقینەوەیەکدا بنێیت ونەچی حەشوەی تەقینەوەکە پوچەڵ بکەیتەوە؟ ئەمە وەك ئەوە وایە ئامۆژگاری کەسێك بکەیت کە وا نەکات دەنا وای لێ دێت. کە ئەمە هەڕەشەیە نەك نەسیحەت!

زۆر وتراوە لەسەر نەخشە ڕێی یاسایی، لە ماددەی ١٤٠، لەدەستووری وڵات. ڕەنگە هیچ شتێك نەمابێت نووسەری کلۆڵی ئەم بابەتە بیوروژێنێ و موزایەدەی پێوەبکات، چونکە لەبنەڕەتدا نووسین لەسەر بابەتی هەستیاریی کەرکوك ئێسکگرانی بەدواوە دەبێت. جاران لای عەرەب و ئیقلیم ئێسکگران دەبوویت وەك لە دەستپێکی چەند کۆڕم لە وڵاتانی ئیتالیا و ئوردن و لوبناندا بە

ئامادەبووانی عەرەبم دەگوت، ئێستا لای کوردی خۆیش وای لێهاتووە، چونکە دیدگای هەر کەسەو هەر گروپێك بۆ کەرکوك پەیوەندی بەدیدگای گشتییانەوە هەیە بۆ بەرژەوەندیی، بۆ ئەولەویاتی بەرژەوەندیی خۆیان (وەک دەستەو گروپ و ڕەوت) و کوردو عیراق.

حەوت ساڵ پێش ئێستا، پێشنیازمکرد کە بە ڕێی قودس و فەڵەستیندا نەڕۆین بۆ پرسی کەرکوك، چونکە ئەو دوو دەستەواژەی شارو نیشتمانی عەرەبییە لای میللەتانی عەرەب سواو و قێزەون بوون. چونکە بابەتی فەلەستین بۆتە بابەتی موزایەدە لەناو سیاسەتی عەرەبیدا، بۆتە ناونیشانی چارەسەر نەکردنی هەموو کێشەو ئیستحقاقێکی سیاسیی لە هەموو وڵاتێکی عەرەبیدا. دیموکراسی و گەشەپێدان نییە، لەبەر ئەولەویەتی کێشەی فەلەستین. نان و کەرامەت و کاسبی نییە، لەبەر ئەولەویەتی کێشەی فەلەستین وقودس.

بەدیوێکدا وەك کوردێکی نەتەوەیی کە بایەخی پێ داکوتینی هەرێمی کوردستان لەم قەوارە بەدەستهاتووە دەزانێت، داوام دەکرد فەلەستینی کورد، کەرکوك، نەبێتە باعیسی شێوانی ژیانی ئاسایی خەڵك لەجوگرافیای ئێستای هەرێمدا. بەدیوێکی تریشدا هیوام ئەوەبوو سیاسەتی ناوخۆیی هەرێم و میکانیزمی ململانێکانی ناو هەناوی کۆمەڵی کوردستان، لەجوگرافیای رەسمی هەرێمی کوردستاندا، نە بەو غەفڵەتگیرییە بڕوات کە وا بزانێت پرسی کەرکوك پرسێکی دۆڕاوەو هی ئەوە نییە سیاسەتی کوردی لە هەرێم خۆی پێوە مەشغوڵ و سەرقاڵ بکات و بیکاتە بەشێکی ئەجێندای مامەڵەی خۆی، نە بەو ئاڕاستە چەوت و چەوێڵەش وازی بکات کە بابەتی کەرکوك بۆ موزایەدەو ململانێی سیاسی ناوخۆیی، لەسەر دەسکەوت و پارەو کورسی، بەکاربێنێت. حەیفێ کە کەرکوك لەجێی ناونیشانی داخوازیی ڕەوا، وابکەوێتەوە یان ئەو دۆسێی ناوخۆیی کوردستان بکاتە دەسکەلای خۆی، یان دۆسێی ناوخۆیی کوردستان کەرکوك بکاتە دەسکەلای خۆی. ڕێی ڕاست ئەوەیە هەردوولا قەڵای پاڵپشتی یەکتری بن. لە تەنگژەو تەنگانەکاندا، دار عەسای دەستی یەکتری بن، نەك دەسکەلای دەستی یەکتری. ئێستا دەرئەنجامی سیاسەتێکی چەوت لەچەندین جومگەدا کەرکوکییەکان هەستدەکەن باسوخواسیان بۆتە قەمیسی عوسمان بۆ

بەدەستهێنانی ئیمتیازو دەسکەوت. بەشێك لە شارەکانی هەرێمیش، بەتایبەتی بەشێکی سیاسیی لە پایتەختی سیاسەتی بزێو، سلێمانی، وا هەستدەکەن کەرکوك بۆتە بیانوو بۆ پەردە پۆشکردنی سیاسەتی چەوتی ناوخۆیی لەگەندەڵی و نادادپەروەریی. ئەمان پێیان وایە (کەرکوك) تایتڵی بابەتێکی تری جیاوازە لە تایتڵی رزگارکردنی و لکاندنەوەی بەکوردستانەوە. کەرکوك لەخەیاڵدانی میللی ئەمڕۆی بەشێکی شاری سلێمانیدا بریتییە لە شاری گرفت کە هەڕەشە لەئارامی "درۆزنانە"ی سلێمانی و هەرێم دەکات(درۆزنانە لە رووی ستراتیژییەوە نەك لە رووی بە کەمگرتنی کۆششی پارێزگاری لە ئەمنیەت وتەناهی)، بریتییە لەناونیشانی هەڵپچڕینی دەسکەوت بۆ ئەم سیاسیی گەندەڵ و بۆ ئەم کارەکتەری بێ بەهرە کە نەخێری بۆ سلێمانی داوەتەوەو نەخێری بۆ کەرکوك و تێکڕای کوردستانیش هەیە. ئەمە واقیعەکەیە کە پێویستە نە نادیدەی بگرین و نە تەسلیمیشی بین، وەك هەندێك یان تەسلیمی بوون یان بۆ سیاسەتی رۆژی خۆیان، دنەی ئەم تێڕوانینە هەڵەیە دەدەن.

جا وا نەبێ خەیاڵدانی بابای کەرکوکی لەوەی سلێمانی پێشکەوتووتر بێت. ئێمە باس لەدەردێکی کوردستانی دەکەین کە بە سەر شارو شارۆچکەکانی کوردستاندا دابەشبووەو پێویستی بە چارەسەری وردو لێزانانە هەیە، کە لە مامەڵەی سیاسییدا ئەو مەترسییانە رەچاو بکات و رێز لە خاوەنەکانی ئەو بۆچوونە "شارچێتییە" بگرێت بۆ دۆزینەوەی چارەسەرو لابردنی تەمی بەردەم سیاسەتی کوردستانیی. لەهەمان کاتیشدا سازش لەسەر بنەما سەرەکییەکانی کوردایەتی نەکات کە لە دوو توێی نوسراوەکانی ئەدەبیاتی کوردایەتیدا هاتووە. واتا لە هۆکارە بابەتییەکانی دەرکەوتنی بکۆڵێتەوە بێ ئەوەی سیاسەتی کوردایەتی بەسەر شار وناوچەکاندا پەرت بکات.

ئێمە لەباسی دۆسیەی کەرکوکدا، هیچ تێزێکی جیاواز لەوەی کوردایەتی لەسەر ئەو شارەو پرسەکەی هەیەتی شك نابەین. هیچ روانینێکی جیاوازمان نییە کە موزایەدەی پێبکەین بەسەر کەسەوە، بەڵام لەوانەیە لەڕێگا و نەخشەی کاری رۆژانەدا بتوانین بیری باوی ناو سیاسەتی کوردستانی لە پرسی کەرکوکدا دەوڵەمەند بکەین، رەخنەی نەرم ونیان لەباسی کەرکوکدا رەخنە نییە لەسەر

بنەماکان، بەڵکو رەخنەیە لەسەر شێوازی کار کە ئەمەش لایەنی کوردستانی، لایەنی عیراقی و لایەنی هەرێمایەتی و نێودەوڵەتیش دەگرێتەوە. چونکە سەرەنجام وردەکاریی کۆششی رۆژانە سیاسەت کەڵەکە دەکا و وەرگۆڕانێکی چۆنایەتی دروست دەکات.

مەترسیدارترین شتێك کە رووبەڕووی کێشە هەستیارەکانی وەکو کێشەی کەرکوك دەبێتەوە نوقومبوونیەتی لە سیاسەتی تەقلیدیدا، راهاتنە لەگەڵ جۆرێك لە رەفتارو هەڵسوکەوتی ئاسایی و رۆتینی کە لەوانەیە ئاسایی و نۆرماڵبوون بێت بۆ شوێنی نا هەستیارو بێ گرفت، بەڵام ئەم بژارە مایەی فەلاکەت و رەچەتەیەکە بۆ مەرگی لە ناکاوی کێشەکەو ئیفلیجبوونی هەموو لایەنە پێکناکۆکەکانی، بەیار و نەیاریانەوە، ئەز ترسم لە بەرمیلە باروتەکە نییە، ترسم لەوەیە بەرمیلەکە ببێتە زبڵدانی چەند کێشەیەکی هەوکراو.

یانی کەرکوك لەجێی ئەوەی ببێتە قودسی جێی چاو تێبڕینی چەند ئاواتخوازێکی تینوو بەخوێنی سەری یەکتری کە بەرنامەو سیاسەتیان پێک هەڵدەپژێ، ببێتە غەزەیەکی تر.

ئەمڕۆ شارەکە پاڵێوراوە بۆئەم چارەنووسە، چونکە لە دۆخێکی سەیری موتارەکەدا دەژی، ئاڵوگۆڕی دەسەڵاتی تێدا نییە، چونکە هەڵبژاردنی تێدا قەدەغەیە، نە بەرپرسەکانی دەگۆڕێت، چونکە ئەمە تەنها لە دەسەڵاتی هەڵبژاردنێکی دیموکراسیدایە، نە خزمەتگوزاریی و لێپرسینەوە هەیە، چونکە نە بەغدا دەیەوێت و دەتوانێ لێپرسینەوە بکات و نە کوردستانیش دەسەڵاتی ئەوەی هەیە لەسەر ئەم مەسەلەیە بێتە جواب، سەرکردایەتی لۆکاڵی شارەکەش بێ دەسەڵاتێکی یاسایی و سیاسییە کە ناتوانێ لەسەر بنەمای ستراتیژێکی دوور مەودا مامەڵە لەگەڵ کێشە رۆژانەییەکانی شارەکەدا بکات.

سیاسەتی تەقلیدی لەگەڵ دۆخی کەرکوکدا، رێبازی ئەمریکاییەکانیش بوو. خەڵك وایزانی ئەمریکا بەو هەموو ئەدەبیاتە دەوڵەمەندەی خۆی لە ئیدارەدان و چارەسەری تەنگژەدا شتێکی جیاوازی پێیە لەوەی ئاسۆی بیرکردنەوەی عیراقییەکانی لەسەر راهاتووە. کەچی ئەمریکا وەك ستراتیژ شتێکی کرد لەبابەت ئەوەی دەکرێ بە (پاداشتکردنی لاساری) ناو بنێین؛

ئەم دەستەواژەیە هی من نییە، هی ئەمریکییەکان خۆیانە و بەندە لێرەدا تەنها بەکەمێك دەستکارییەوە، تەوزیفم کردۆتەوە. وەختێك ١١ی سێبتەمبەر قەوماو ئەمریکا بە دوای هاوپەیمانێتی و تۆڵەدا دەگەڕا، هەندێك ناوەندی عەرەبی قینی تاوانباری قاعیدەیان لەدژی ئەمریکا بەوە شرۆڤە دەکرد، گوایە ئەمەریکا لە پرسی فەلەستیندا بێ هەڵوێستە و بگرە لایەنگری ئیسرائیلە. ئەم شرۆڤەیە داوایەکی پەنهانی لە خۆدا هەڵگرتبوو کە یانی ئەمریکا بڕۆ پاداشتی تاوانباری یانزەی سێپتەمبەر بکە و داواکانی فەلەستین جێبەجێبکە تا مەسیجەکە وا بکەوێتەوە قاعیدە هێرشی کردو ئەمریکاش مەرجەکانی جێبەجێکرد، یەکێك لە هەڵسوڕاوە میدیاییەکانی ئەمریکا وتی: نەخێر! نەخێر بۆ پاداشتکردنی لاساران. واتا نابێ پاداشتی ئەوانە بکرێت کە لاسارییان کردووە، تاوەکو ئەمە نەبێتە نەریتێك کە تاوانیار وەك بەرزەکی بانان لە تۆمەتەکە دەربازیان بێت و بگرە پاداشتیش بکرێن.

جا ئەمریکا لە دۆخی کەرکوکدا کارێکی کرد (لاساران) پاداشت بکرێن. ئەوانەی تەعریبیان کردووە بوونەوە بە بەشێك لەتەنی سیاسەتی کەرکوك و هەڵسوڕانی گشتی شارەکە لەدەمی رزگارییدا، تەنانەت یەکێك لە عەرەبە وافیدینەکان، کرایە ئەندامی ئەنجومەنی شارەکە. کە کوژراش ئەمریکا هەر دەورو خولی کوردی دەدا، بەڵکو تاوانکار لای کوردەوە سەر دەربهێنێت، کوژراوەکەش لەمەراسیمێکدا برایەوە بۆ جنوبی عیراق و ئەمریکاش نەیپرسی ئەرێ بۆچی ئەم کابرایە تا زیندووە ئەندامی ئەنجومەنی شارێکی هەستیاری وەکو کەرکوکەو کە دەمرێ گۆڕستانی کەرکوك نایگرێتە خۆی و دەچێتەوە بۆ نەجەف؟

زۆری نەبرد وەڵامی ئەم پرسیارەمان چنگ کەوت کە وەختێك لە ٢٠٠٥/١/٣١دا هەڵبژاردن لەکەرکوك کرا یەك شیعەی عەرەب وەك ئەندامی ئەنجومەنی پارێزگای کەرکوك دەرنەچوون، بەڵکو عەرەبی (رەسەنی) شارەکە، چەند کورسییەکیان بردەوە.

(ئەمریکا)ی کەرکوك دوو ئەمریکا بوو، ئەمریکایەك بەسەرۆکایەتی جۆرج بوش کە بیری لە وەرچەرخانێکی مێژوویی دەکردەوەو دانەیەکی تەقلیدی لەژێر ناونیشانی ئەمریکای میڤل، پۆڵ هارفی و ئەمیسکایەو قونسڵی کۆن و

نویَ کە ئەمانە کەمترین تێزو دەستپێشخەرییان نەبوو لەپرسی کەرکوکدا، بگرە یەکێکی وەکو پۆڵ هارفی، کە بەریتانییەکی بە بنەچە ئیرلەندی بوو، هەرچی خواو خەڵك پێی ناخۆش بوو ئەوەی دەکرد لە کەرکوك. دەیووت: تەعریب دەر مەکەن (چونکە) ئەمە کاریکی نا ئینسانییە، کوردی ڕاگوێزراو با نەیاتەوە بۆ کەرکوك،(چونکە) توانای نیشتەجێکردنیانمان نییە. ئەمەش مانای وایە هیچ بە هیچ وکێشەکە هەنگاوێك ناچێتە پێشەوە (چونکە) پۆڵ هارفی وا دەزانیَ کوردی کەرکوك بیَ کێشەن، یان کێشەکەیان وەك ئەوەی نێوان بەریتانیا و ئیرلەندا وایە، بە شێوەیەکی ئەوروپییانە چارسەر دەکرێت.

ئەم بیرو ڕایە بیَ دەربەستترە لەو بیروڕایەی د. لەیس کوبەی شۆڤێنی لە دەمەتەقێی ئیدارەی ئەمریکا لەگەڵ چەند شارەزایەکی عیراقدا دەریبڕی بوو.

جارێکیان د. نوری تالەبانی بۆی گێڕامەوە، لەو کۆبوونەوەیەدا ئەمریکاییەکان داوایان لەچەند شارەزایەك کردبوو لەمیانی گفتوکۆ لەبارەی تـــەگبیرەکانی دوای روخانی سەددام بیر و ڕا و سیناریۆی جیـــاجیا پێشکەش بکەن. لەو دانیشتنەدا کوبەبە پێشنیازی کردووە گوایە لەگــەڵ کـــەوتنی سەددام بەر بە گەڕانەوەی کورد بگیریَ بۆ کــەرکوك و ئەنجومـــەنێکی پارێزگا دروست بکرێت لەو (خەڵکانەی لەوێن). جا ئەگەر وەبیرمان بێتەوە کە کوبەی ناسیونالیستی شیعی دوای روخانی سەددام بووە وتەبێژی شەخسی سەرۆك وەزیرانی قۆناغی ئینتقالی، دکتۆر ئیبراهیم جەعفەری، ئینجا تێدەگەین بۆچی جەعفەری ئەوەندە قینی لە باسی کەرکوك بوو.

ئەمریکا گەرمتر لەوەی لەگەڵ حەدبا، لەموسڵ، دەیکرد، کەوتە گوشارکردن لەسەر کورد لەکەرکوک تا مەرجەکانی گروپی عەرەبی پەسەند بکات بیَ ئەوەی ئەم ڕازیبوونەی کورد کەمترین گەرەنتی لەگەڵدا بێت، بیَ ئەوەی گروپی تورکمانی و عەرەبی، لەبەردەم دانەواندنی کورددا، هیچ داخوازییەکی کوردی جێبەجێبکەن.

سیاسەتی ئەمریکی لەکەرکوك، کە سیاسەتە بچوکەکەیان بوو، سیاسەتێکی بیَ ستراتیژ بوو. مەگەر لە پرسە سەربازییەکانی شەڕی تیرۆردا هاوپەیمانی کورد بووبێت لەکەرکوك. چونکە کەرکوك وێستگەیەکی تیرۆر بوو کە ئەمریکا

بۆ بەرپەرچەدانەوەی ئەو تیرۆرە پێویستی بە رۆڵی فاکتەری کوردی بوو.

بەڵام زۆری نەبرد سیاسەتە ئەمریکییە گەورەکەش لەئاستی عیراقدا تەسلیمی قەدەری تەقلیدگەرایی بوو، ئەمە لە تێکرای پرسە عیراقی و کوردستانییەکان و لەپرسی کەرکوکیش قەوما، راپۆرتی بیکەر- هاملتۆن گەرای بیروباوەڕێکی فیتنە و ئۆین بوو کە ڕاستە جێبەجێنەکرا و لای سەرۆك بوش مولزەم نەبوو، بەڵام بیرێکی چەوتی پەرەپێدا کە عیراق بەتۆڕە ئیقلیمییە تەقلیدییەکەی دونیای عەرەب دەبەستێتەوە، بێ ئەوەی دەوروبەری عەرەبی ئەم عیراقە هیچ دانپیانان و مەیلێکی بۆ قبوڵکردنی عیراقی تازە لە خۆی نیشان دابێت.

بیکەر هاملتۆن ئاشبەتاڵکردن بوو بە شۆڕشی رادیکاڵی دوای ١١ی سێپتەمبەر، جەیمس بیکەر وەك سیاسەتکارێکی تەقلیدی زەمانی جەنگی سارد، وەك برادەرێکی کۆنی بوشی باوك، هات و لەگەڵ بوشی کوڕ و گروپەکەیدا خۆی کردە مام و برازا، ئیتر نیوکۆنسەرڤاتیفی چی و رۆژهەڵاتی ناوەڕاستی گەورەی چی؟ ئەم پیاوە خوێن ساردەی لە کۆڕەوی ساڵی ١٩٩١ لەکوردستان، تەنها ئامادەبوو لە دیوی تورکیاوە تەماشای ئاوارەو کۆچبەرانی کورد بکات، پارەیەکی زۆری خەرجکرد لە ئامادەکاری راپۆرتەکەیدا. لە کاتێکدا ڤیسکارێکی کەناڵی جەزیرە بەخەرجییەکی کەمترەوە ئامادەبوو ڕاپۆرتێکی بیکەری وا بنووسێت کە هیچی تیا بەسەرنەبوو بۆ کەرکوك. ئەوە نەبێت جورئەتی دایە دوژمنانی دەستوورو دوژمنانی نەخشە رێگەی ١٤٠ کە ئەو چارەسەرییە بەناعەدالی بزانن و بوێرن رەتیبکەنەوە.

راپۆرتی بیکەر هاملتۆن لوتکەی بێ بەهرەیی سیاسەتی تەقلیدی بوو بە دیوە ئەمریکییەکەیدا، بیکەر لەنەعرەتەی قسەیدا وای دەردەخست کە ئیدارەی ئەمڕۆ کۆمەڵێك منداڵ و مەزنن، لەوە نەگەیشتوون بۆچی ئەمریکا لەساڵی ١٩٩١ تا رووخانی سەددام پەرەی بە هێرشەکەی خۆی نەدا، وەختێك ئەو قسەیە لەگەڵ دۆخی ١٩٩١ گرێ دەدەین دەزانین:

-ساڵی ١٩٩١ تازە سێ ساڵ بوو، ئەنفال قەومابوو. ئەگەر لەو ساڵەدا، واتا ساڵی ١٩٩١، رژێمەکەی سەددام بکەوتبایە لەوانەیە نیشانێك لەشوێن و جێی ئەو ئەنفالکراوانە دەر بکەوتایە.

ئەگەر سەدام لە ساڵی ۱۹۹۱ بکەوتبایە، سوپا شکستخواردووەکەی نەدەگەڕایەوە تا تۆڵە لە شیعەی سیڤیل بکاتەوەو سەدان گۆڕی بە کۆمەڵ لە جنوبی عیراق دروست بکات و ئەمە ببێتە ناونیشانی ئەنفالێکی شیعەکانیش.

-نەدەگەڕایەوە کۆڕەوی کورد سەرکوت بکات و تووشی بەفر و سروشتی سەخت، هەزاران کوردی نەدەکوشت.

-ئەگەر سەدام لە ۱۹۹۱ بکەوتبایە باسی دۆسێی کەرکوك وا ئاڵۆز نەدەبوو، چونکە لەدوای ۱۹۹۱ بۆ ۲۰۰۳ سەدام هەزاران کوردی تری تەعریب و دەرکرد. هەزاران هەزار عەرەبی هێنایە کەرکوك، لەجێی ئەوە لە ۱۹۹۱ دەتوانرا چارەسەری تەعریبی ۱۹٦۹ بۆ ۱۹۹۱ بکرێت و کێشەکە ئەوەندە زامی کەڵەکە نەدەبوو.

لەجێی هەموو ئەم لێکدانەوانە بیکەر -هاملتۆن نەخشە ڕێگەی مردار کردنەوەو لە باربردنی کردە ئامانج لە پرسی کەرکوکدا. وەختێکیش زانرا کورد دەستبەرداری داواکانی خۆی نابێت، چونکە قەناعەت بەو قسەیەی بریمەر ناکات کە وتبووی ئەوەی هەتانە هی ئێمەیە، بەڵکو قەناعەتیان بەو قسەیە بوو، ئەوەی لاشتانە هەر هی ئێمەیە، ئیتر پەنا برایە بەر پلار تێگرتن لەکەموکوڕییەکانی ئیدارەی کوردی و سیاسەتی کوردی.

لە ڕاستیدا ئیدارەی کوردی بێ کەموکوڕی نییەو بگرە زۆریشی هەیە، بەڵام قەت ناگاتە کەموکوڕی ئیداری عیراقی لەبەغداو لە جنوب و لە ڕومادیش، تەنانەت قەت ناگاتە ئیدارەکەی حامید کارزای لەخراپیدا. ئەو ئیدارە کارزاییەی ئەفسەرانی ئەمریکا وەك پێش خزمەتەکانی فیرعەونەکان تەخت و تاجی سەرۆکەکەیان لە ئەفغانستان کردۆتە شان و بەشانی رووتەوە هەڵیدەگرن، بەڵام ئەسڵی کێشەکەیان لەگەڵ ئیدارەی کوردی نییە، بەڵکو لەگەڵ ئیرادەی کوردییە کە ئەگەر بێدەرەتانیش بێت لێ ئیرادەیەکی کونکراو و درز تێکەوتوو نییە.

ئیدارەکە بیانووە، ئیرادەکە ئامانجە بۆ پێکان و خستن.

وەك دەزانین ڕۆژنامەی نیویۆرك تایمز و هەندێك نووسەری دەرباری سیاسەتی رەسمی ئەمریکی و نووسەری پرۆ عەرەبی، ڕێبەرایەتی هەڵمەتی

هەڵگێڕانەوەی خەڵکیان لەدژی مەزڵومیەتی کورد کرد و بەناوی پێویستی سیاسەتێکی ژیرانەوە داوایان لەکورد کرد زۆر پێداگری لەسەر بەرمیلە باروتەکە نەکات نەوەکو بە دەسکەوتەکانی کورددا بتەقێتەوە.

هیلترمان، لە گروپی تەنگژەی نێودەوڵەتی، عەرابێکی تری ئەم تێڕوانینەیە کە بەناوی دۆستایەتییەوە داوا لەکورد دەکات لە دۆسیەی کەرکوکدا عاقڵ بێت.

جا رۆژێکیان بە دۆستێکم، کە میانەی لەگەڵ هیلتەرمان لە میانەی بەندە زیاترە، گوت: کتێبەکەی هیلتەرمان لەسەر کیمیابارانی هەڵەبجە کە بەناوی (کارێکی ژەهراوی)یە بەڕاستی کتێبێکی رێکوپێك و دۆستانەیە، بەڵام راپۆرت و کارەکانی لەسەر کەرکوك ئەمەشیان بەڕاستی (کارێکی ژەهراوی) یە، پێی گوتم: یانی چۆن؟ وتم ئەو برادەرە لە سەرەوە بۆ هەڵەبجەمان دەگری و پێمان رەوا دەبینیٚ کە بەشێك بێت لەکوردستان، بەڵام لەخوارەوە کەرکوکمان لیٚ دەقرتێنیٚ! راستێەکەی کوردستانی ئێمە، لەسەرەوە (هەڵەبجە)، سووتا لەبەر خاتری ئەوەی داوای خوارەوەمان(کەرکوك) دەکرد، ئێمە کاری ژەهراوی هەڵەبجەمان بەسەردا هات، چونکە لە شۆڕشی کوردستاندا داوای کەرکوکمان دەکرد. جا ئەگەر سەرئەنجام بەناوی سیاسەتی ژیرو حەکیمانەوە بیٚ کەرکوك بین ئیٚ هەر لەبنچینەدا شۆڕشمان نەدەکرد، ڕانەدەپەڕین و هەڵەبجەمان لیٚ نەدەقەوما.

دیارە لەم هەموو کەینەو بەینە ئەمریکییەدا، بەریتانییەکان بیٚ رۆڵ نەبوون.

# دوو ماسییە بەشەڕ هاتووەکە

ئەگەر پاساو بۆ رەفتاری ئەمریکا لەعیراق و کەرکوك هەبێ بەو ئیعتبارەی ئەمریکا یەکەم جارێتی دێتە کوردستان و عیراق و، وەك خۆیان لە ئەدەبیاتی خۆیاندا (شانازی) پێوەدەکەن، گوایە مێژوویەکی داگیرکاری دوور و درێژیان نییە، ئەوا هیچ پاساوێك بۆ رەفتاری بەریتانییەکان قبوڵ ناکرێت. ئەوان مێژوویەکی دوورو درێژی داگیرکاری و مامەڵەیان هەیە لەگەڵ ژێردەستەکاندا، دەزانن کام کار و ستراتیژ بووە مایەی بە "بەریتانیا" بوونی بەریتانیاو کام چەوتی و چەوێڵی وایکرد خۆری مەزنایەتی لە ئاسمانی ئیمپراتۆریای بەریتانیا ئاوا بێت.

ساحب - ئەمە ناوی ئینگلیز بوو لەعیراق، ناوێك پێش ناوی مام سام کەوتووە، ئەم ساحبە بست بەستی حاکی عیراق دەناسێ، عەشیرەت و بن عەشیرەت و گروپ و نەتەوەکانی، دابەشبوونی شار و لادێ و دەشت و شاخەکانی، هەر هەموویان دەناسێ وشارەزایانە. ئینگلیزەکان خۆیان ناوچەکەیان دابەشکردو کوردستانیان بەو دەردە برد کە تا ئێستا دەرمانی نەبووە. حوکمیان لە عیراق و کوردستاندا کردو دوایی حکومەتێکی ژێر سایەی ئینتیدابیان دروستکرد. مەلیك مەحمودیان دەربەدەر و ئاوارەو نائومێد کرد. ئەوەندە بە نا پەسەندکراوی عیراقیان ئیدارە داو بەچەسپی دووقلی پێکەوەیان گرێدا، سەرئەنجام عیراقییەکان لێیان رابوونەوەو لەوڵاتەکە دەریانکردن. ئینگلیزی پرۆعەرەبی و دژە کورد لە هەموو ناوچەکەدا، سەری کزکردو رۆشت. نە ئیستیعماری بەو شێوەیە کرد کە ناونیشانی ئیعماری پێوەبێ و نە دەست هەڵگرتنی لە ئینتیداب مانای پێدانی

سەربەخۆیی و نە دروستکردنی تەجرەبەی پەرلەمانی وا گیرسایەوە کە زەخیرەو پاشخان بێت بۆ کۆمەڵی رۆژهەڵاتی کەم ئەزموون لەدابونەریتی پەرلەمانی و دیموکراسیدا.

ئینگلیز لەسەر داوای کەس نەهاتە عیراق، کەچی کە هاتیش ئەرکی خۆی پێ رایی نەکراو ئەو ناوچەیە دوای کشانەوەی ئیستیعمار چووە قۆناغی ئیستیحمارەوە کە قۆناغی بەگێل تەماشکردنی خەڵکە لەلایەن حکومەتە ناسیۆنالیستەکانی عەرەبەوە. هەرچی لەم وڵاتەدا قەوماوە دوای کشانەوەی ئینگلیز تا گەڕانەوەی خۆی و هاوپەیمانەکەی کە لەمنداڵدانییەوە دروستبووە، ئەمریکا، باعیسەکەی فەشەلی ئیستیعماری یەکەمە لە دروستکردنی مۆدێرنەتە کە پاکانەی مۆڕاڵی هاتنیان بوو، بۆ عیراق.

بەڵام ئینگلیز جاری دووەمیش بەهەمان نەفەسی جارانەوە هاتەوە عیراق، لە پرۆسەی رزگاری عیراقدا تەنها ئیدارەدانی بەسرەی پێ بڕابوو وەك ئیدارەیەکی سەربەخۆی (ئینتیداب). سەرەتای پرۆسەی رزگاری، لە بەهاری ٢٠٠٣دا، بەسرە مت و ماتبوو، وایان دەزانی گوایە ئینگلیز چاکیان ئیدارە داوە، چونکە گوایە ئەزموون و شارەزاییان لە ئیستیعماری عیراقدا هەیە و بەرێوەبردنی مەمالیکی داگیرکراو هەر لە خۆیان دێت، بەڵام دوایی بەسرەش لێیان تەوەلا بوو و دەرکەوت ئەو ناسنامە ئیستعمارییە بۆ ئەمرۆی ئینگلیز ئەفسانەیەکی پێشینە، لە شوێنەکانی تری عیراقیش سیاسەتی پاشگیرێتی ئەمریکایان هەبوو بەو ئیعتبارەی تەواوی چیرۆکی رزگاری عیراق ناونیشانێکی ئەمریکییە، با تەنانەت بوش و بلێر پێکەوە وەك دوو پاڵەوانی پرۆسەکە دەرکەوتبن.

دوای ئەمریکا، بەریتانیا دووەم هێزی سەربازی بوو لەعیراق، هەڵبەت بە جیاوازییەکی زۆر لە قازانجی هێزەکانی ئەمریکا، سێیەم هێزی چەکداری عیراق لەپرۆسەی رزگاریدا، هێزی پێشمەرگەی کوردستان بوو، بەڵێ هێزی پێشمەرگەی کوردستان، نەك هێزی بەکرێ هاتووی نیپاڵ و کۆستکاریکاو... هتد. لەگەڵ ئەوەشدا ئینگلیز وەك هەر هێزێکی میلیشیا چاوی لە هێزی پێشمەرگەی کوردستان دەکرد کە لەکەرکوك بوو. لە کاتێکدا ژمارەی هێزەکانی ئینگلیز شتێکی کەم لە هی هێزی پێشمەرگە زیاتر بوو. لە وێنەیەکی

سوریالیدا چەند داگیرکەر و داگیرکراوێك لەسەر گۆڕەپانی چۆڵبووی عیراق دوای تێکشکانی هێزەکانی سەددام، بوونیان هەبوو: ئینگلیزی پیرە ئیستعمار درێژترین ئەزموونی داگیرکاریی هەبوو. ئیمپراتۆریای خۆرلێئاوا بوو جاران ئەمەریکاشی داگیر کردبوو کە وا ئێستا هەڵتەك هەڵتەك لە دوای هێزەکانی ئەمەریکای کۆنە موستەعمەرەی خۆیەوە هاتۆتە عیراق. هەروەها ئینگلیز لە ١٩١٧دا عیراقیان داگیرکرد بوو. هەر لەو دەمەشدا بوو، روونتر لەساڵی ١٩١٨، بە هاتنیان بۆ ناو سلێمانی، داگیرکردنی کوردستانی جنوبیشیان تەواو کرد. ئەمجارە، لە بەهاری ٢٠٠٣، ئینگلیز بەهاوکاری دوو داگیرکراوی خۆی، ئەمەریکا وکوردستان، عیراقی کۆنە داگیرکراوی خۆی داگیرکردەوە. بێگومان ئەو عیراقە هەمان ئەو عیراقە بوو کە لە ساڵی ١٩٣٢دا ئینگلیز کوردستانی داگیرکراوی پێوە لکاند وکردییە دیاری دەستی بۆ مەلیك فەیسەل کە چەند جارێك پرسی بووی ئەرێ زەحمەت نەبێ قەڵەمڕەوی مەملەکەتەکەم تا کوێ دەڕوات؟ حەتمەن جوابی ئینگلیزەکانیش دەبێ هەر ئەوە بووبێ: تا ئەو شوێنەیە کە باو و باپیرانی سەددام وساڵح موتڵەگ بۆیان هەیە هامشۆی تێدا بکەن!! وەختێك لە رۆژی ٤ی تەمووزی ٢٠٠٣دا، حکومەتی هەرێمی کوردستان - ئیدارەی سلێمانی، لە رێکەوتی جەژنی سەربەخۆیی ئەمەریکا و کۆتایی هاتنی هەژموونی ئیمبراتۆریای بەریتانیا بەسەر کیشوەری گەورەی خۆ رێکخەر لە چێوەی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکادا، ئاهەنگێکی رێز لێنانی لە شارۆچکەی دوکان بۆ ئەمەریکاییەکانی عیراق سازکرد، ئەمەریکاییەکان، بە سەرباز و سەفیرەوە، بەشدارییان لەو یادەدا کرد و تۆزێك لە گەرمای بەغدا و هەڕەشەی تیرۆر، کە تازە سەرەتاتکێی بوو، دوور کەوتبوونەوە. لەو یادەدا کە هاوکاتی یادی دامەزراندنی حکومەتی هەرێمی کوردستانیش بوو، یەکەم کابینەی حکومەتی کوردستان لە ١٩٩٢/٧/٤ دامەزرا، نوێنەری ئینگلیزەکانیش لەوێ بوو، بەڵام نازانم وەك بەندە بەو شێوە فەنتازییە سەیری مەسەلەکەی دەکرد، یاخود تەنها چاوی لە بۆنەیەکی دیبلۆماسی بوو؟ ئاڵای کوردستان و ئاڵای ئەمەریکا و ئاڵای عیراق بە ئاسمانەوە دەشەکانەوە و تەنها ئاڵای ئینگلیزی لێ نەبوو! بۆیە لەسەر ئەو دیمەنە سوریالییە فانتازیای هەواڵی

خۆم وەك فەرمانبەرێکی میدیایی دارِشت: لەیادی سەربەخۆیی ئەمەریکا و یادی دامەزراندنی حکومەتی کوردستاندا، لەشارۆچکەی دوکان، ئاهەنگێکی ڕەسمی ساز دەکرێت!

ئینگلیزی گەڕاوە، سەرەتای پرۆسەکە بە نەفەسی ڕۆمانسی ئازادکردنی عیراقەوە هاتن کە هەمان هەناسەو نەفەسی تۆنی بلێرو جۆرج بوش بوو، بەڵام وردە وردە نەفەسی جەنگاوەری ئازادی گۆڕا بۆ نەفەسێکی تەقلیدی دەستی دەستی پێکردن. تەنانەت لەپرسی کەرکوکدا. ڕۆژی ٢٠٠٣/٦/١٠، پەرلەمانی کوردستان دوای ماوەیەکی درێژی کەرتبوون، لەیادی یەکەمین کۆبوونەوەی یەکەمین پەرلەمانی هەڵبژێردراودا جڤینێکی تایبەتی کرد، هەموو هێزە عیراقییەکان لەوێ بوون، بە شۆڤێنی و دیموکرات و تازە بابەتیانیشەوە.

چۆن لەسەردەمی یەکەمی ئینگلیز هێشتا لە عیراق حکومەت نەبوو کەچی شێخ مەحمودی حەفید زادە لە سلێمانی مەملەکەتی کوردستانی جنوبی ڕاگەیاندبوو، ئاوەهاش لەسەردەمی دووەمی ئینگلیز، کە ئەمجارە ژمارەی تەنیشت ئەمریکا بوو، کوردستان حکومەت و پەرلەمانی خۆی هەبوو، ڕاستییەکەی دوو حکومەت و یەك پەرلەمانی یەکگرتووی هەبوو، لەبەغدا کەس حکومەت نەبوو، عیراق لە قۆناغی جەی گارنەر و تیمە (ڕاوێژکارییەکەییەوە) ڕووی لە قۆناغی ئیدارەی حاکمی مەدەنی پۆڵ بریمەر بوو کە ئەویش (ڕاوێژکاری) خۆی هەبوو. ئەم ڕاوێژکارانە لەو عیراقییانە پێکهاتبوون کە بە پارەیەکی زۆر و تێچوونێکی زۆرترەوە هاتبوون عیراق (ئاوەدان بکەنەوە) - تکام لەهەڵەچنی بەڕێز ئەوەیە دوو کەوانەی دەوروبەری ئاوەدانکردنەوەکە لا نەبەن، بۆ ئەوەی مانای ڕاستەقینەی خۆی بدات بەدەستەوە.

عیراق حکومەتی نەبوو، نوێنەری سەرۆک وەزیرانی بەریتانیا تیم کرۆس، ڕێك لەو کۆبوونەوەیەی پەرلەماندا ئاخاوتنی هەبوو، قسەی زەردو سووری بۆ کورد دەکرد، ئێستاش دەربڕینەکەم لەخەیاڵە چۆن ختۆکەی ئارەزووە نەتەوەییەکانی کوردی دا و گوتی: (کاتێ گڕە ئەزلییەکەی چاڵە نەوتییەکانی کەرکوکمان بینی، لێرە، بیر لە پەرلەمانی ئێوە دەکەمەوە). نەک هەر ئەوە، بەڵکو جۆن سیوارز بەرپرسی مەدەنی بەریتانیا لە عیراق لە مایسی هەمان ساڵدا لێدوانێکی

دڵفێنککەرەوەی فەرموو کە وتی: دەبێت سنووری ناوچە کوردییەکان فراوان بکرێت. چونکە ئەم سنوورەی ئێستا لەلایەن (سەددام حسێن)ەوە بەنارەوا کێشراوە.

ئینگلیزەکان بەم قسانە گڕیان لە جەرگی کورد بەردا، هەر وەختێك لە ناو کەرکوك ئاگرەکە دەبینم، ئەو قسانەم دێتەوە یاد و تێدەگەم فێڵ و فەرجی ئینگلیز لە هەردوو هاتنیدا هەر وەك یەکەو ئێمەی کوردیش چەند بەئاگاو بەدگومان بین، لەدەرئەنجامی ئەزموونە تاڵەکانی رابردوومان، هێشتاش قسەی وا دەست لەسەر برین دانانە بۆمان. لەو دەمەدا هاوپەیمانان قسەی ئەوەیان فڕێ دەدا بۆچی دەبێ (هەرێم) ئەمە قەدەری بێت کە ئەو ناوچانەی پێش ٢٠٠٣/٣/١٩ لە ژێر قەڵەمڕەویدا بوون، هەر ئەوە بەش و بەختی بێت؟

تەنانەت حکومەتی هەرێم - ئیدارەی سلێمانی تەداروکاتی ئەوەی دەستدابوویە کە خانەقین ئیتر بەپێی بەڵێنی هاوپەیمانان بەشێکە لە هەرێم. لەناکاو ئینگلیز کەوتەوە یادی: «داگیرکردن ئا بەو شێوەیە نابێ کە دڵی داگیرکراو خۆش بکرێت»، داگیرکەر وەك ئەوەیە لە سەرەتای سەدەی رابردوودا لەگەڵ شێخ مەحموددا کردیان، خێرە ئێستا لەسەدەی بیستویەکدا پێچەوانەکەی بکەن؟ ئیتر لەوێ بەدوا هەموو شتێك پەکخراو و ئینگلیز لەجێی ئەوەی شارەزایی خۆی بخاتە خزمەت دووبارە نەکردنەوەی هەڵەکانەوە خستییە خزمەت ئەمریکاوە تا ئەوانیش لەبەشەکەی خۆیان، وەك داگیرکارێکی تازە بابەت، هەڵەو پەڵەی ئینگلیز دووبارەبکەنەوە. بەم جۆرە هەموو ناوچەکانی دەڤەری ناکۆکی نێوان کورد و بەغدا لەنێوان ئاسمان و زەمیندا، لەنێوان هەڵەوپەڵەی داگیرکەری کۆن ونوێدا، هەڵپەسێردران.

ئیتر کەرکوك بووە کێڵگەی تاقیکردنەوە بۆ هەممی بیر و باوەڕو ئەزموونێکی ئینگلیزو ئەمریکا لەچارەسەری کێشەکاندا، لەکاتێکدا ئەو شارە خۆی ئەوەندەی بە بەرەوە نەمابوو، دوای کێڵگەی تاقیکردنەوەی تەعریب، شتی دیکەی لەسەر تاقیبکرێتەوە، بەڵام ئەمەسکایەو پۆڵ هارفی گوێیان نەگرت. کابرای ئیرلەندی لەجێی ئەوەی دەرسی بندەستی بزانێت بیروباوەڕە شکستخواردووەکانی خۆی لەمۆدێلی کەرکوکدا تاقیکردەوە، ئەمەسکایەی کۆنە چەپ کە رقی لەئینگلیزو لەئەمەریکاش بوو کەرکوکی وەك سەرزەمینی نوێ تەماشادەکرد کە

دەشێ گورگ و مەڕی تەعریب و قوربانیانی ڕاگوێزان تا سەر پێکەوە هەڵبکەن. ئەمەش نەك بە لیژنەی راستییەکان و لێکۆڵینەوە لەسەر تاوانی تەعریب، بەڵکو لەڕێی دیلێتکردنی مێشکی کورد کە ئەو گریمانەیە دابنێت گوایە لە کەرکوك هیچ نەقەوماوە واتا کورد باوەڕ بکات کە (عف الله عما سلف). جا بزانن کەرکوك هەموو ڕێیەکی بۆ تاقیکرایەوەو هەموو ناو و نازناوێکی بۆ بەکار هات تەنها ناوە راستەقینەکەی خۆی نەبێ، وەك بەشێك لەکوردستان.

دەڵێی کورد لەمێژووی خۆیدا ئەمە دەردو گرفتی بووە کە لەگەڵ فەرمانبەرە بچووکەکانی قونسولگەری بێگانان تێکگیربێت، ئەوان لەشلی و کورد لەتوندی. سەرەئەنجام راپۆرت و زمان لێدانی خراپی ئەوان سیاسەتی ئینگلیزو ئەمریکای بەڕێی هەڵەدا برد، وەك چۆن نووسینگەی ئینگلیز و دەستەودایەرەی مەندوبی سامی و خاتوو مسز بێل قسەی خراپیان لەسەر کورد بۆ وەزارەتی کاروباری موستەعمەراتەکان دەنارد تا بیروڕای (ئیجابی ) خۆی لەسەر کورد بگۆڕێت. کە بیروڕای وان لە هی ئەوانەی بەغدا باشتر بوو، بە تایبەتیش وینستۆن چەرچڵ کە گرێی دەروونی لەبەرامبەر قەوارەیەکی کوردی نەبوو.

ئەمجارەش ئینگلیز لە سەر خاکی عیراق بێ بەهرە بوون و بێ سەلیقە بوون وەك دیدی تەنگبینی جارانی مەندوبی سامی و تاقمەکەی. لێ تونی بلێری سەرۆك وەزیران لەلەندەنەوە زەخم و حوکمی مێژووی دەزانی، بۆیە وتبووی (کەرکوك سێوێکە هاکە کەوتە باوەشی کوردەوە).

لەوە دەچێ فەرمانبەرەکانی مستەر بلێر گوێیان لەوقسەیە بووبێت، بۆیە بەکۆڵێك منداڵی دزداشە لە بەرەوە دەیانەوێ بەر لەوەی سێوەکە بکەوێتە کۆشی کوردەوە، ئەوان بیخەنە باوەشی دزداشە لەبەرێکەوە!

سیاسەتی چەقبەستووی ئینگلیز دیاربوو لەبەر چی بوو؟ لە ترسی پێکەوە گرێدانەوەی زیاتری کەرکوك و هەرێمە کە نەکا ببێتە واقیعێکی بەرجەستە دوای چەندین دەیە لە وتەکەی ئەدمۆنز کە وتبووی عیراقییە(عەرەبەکان) دەزانن ڕۆژێك دێت کوردستان جیا دەبێتەوە، بۆیە ستراتیژییان ئەوەیە زۆرترین و فراوانترین زەوی و زارو سامانی ئەم ناوچەیە ببەن، پێش ئەوەی لە دەستیان دەربچێت. هەر لەبەر ئەوەش ئینگلیز تووشی دووفاقی هات، لە سەرەوە

بەڵێننامەی ئیمزا دەکرد بۆ مسۆگەرکردنی نەخشە ڕێگای ماددەی ٥٨ لە قانوونی ئیدارەی دەوڵەت تا کورد بەشداری هەڵبژاردن بکات و لە بنەوەش خۆی لە بەرپرسیارێتی دوور دەخستەوە. بگرە ئەویش وەك زۆر لایەنی تر هەتا توانی لێرەو لەوێ باسی بنمیچی بەرزی داخوازییەکانی کوردی دەکرد لەکەرکوك. گوایە ئەم شتە موستەحیلانە نایەنەدی و سیاسەت هونەری مومکیناتە. لە کاتێکدا سیاسەت دەبێ هونەری موستەحیلات بێ، دەنا کەی ملکەچی و بێدەسەڵاتی، جێی شانازی و بردنەوەیە؟

# گیسکەکەی هەیاس

لەم ڕێڕەوی گێڕانەوەدا لەسەر هاتنی ئەمریکا، مەبەستم بوو وێکچوون و جیاوازییەکانی لەگەڵ هاتنی پێشووی ئینگلیزدا بەراورد بکەم. ئەگەر لە هێڵێکی گشتگیردا هەڵیسەنگێنی دەبینی قرساندنەکە بە گوێرەی جیهانبینی و بەرژەوەندیی هەڵسەنگێنەر دەگۆڕێت.

بۆ بیرمەندێکی وەك برنارد لویس، هاتنی ئەمریکا لەهەمان کاتدا کە هاتنی دووەمی ڕۆژئاوایە بۆ ڕۆژهەڵات، هاتنێکیشە بۆ تەواوکردنی ئەرکەکانی هاتنی یەکەم کە ئینگلیز پێی تەواو نەکرا.

بۆ شیعە ڕەنگە تۆڵەکردنەوە بێت لەزوڵمی مێژووی هاوچەرخ کە سوننەی هاوپەیمانی ئینگلیزی، بەو دۆخی کەمینییەشەوە، کردە سەرداری عیراق و ئەوانی زۆرینەشی لە بەهەشتی دەسەڵات و قودرەتمەندی بێ بەشکرد. ئەمە دەردێکی هاوچەرخی یەکسان بوو، یان هیچی کەمتر نەبوو، لە دەردی مێژوویی شیعە کە خەمی کەربەلایان لە کۆڵ ناوە.

بۆ سوننە، لەوانەیە ئەم هاتنە ئەمریکییە شتێکی شۆك و لەناکاو و نا پێویستیش بێت. پرسیاری سوننە ئەوەیە، یانی چی داگیرکەر جارێکی تر بێتەوەو قۆناغی "سەربەخۆیی نیشتمانیی" بباتەوە سەر چوار گۆشەی یەکەم؟ بۆ ئەوان پرسیار ئەوەبوو بۆچی دامەزراوەی دەسەڵات لەم وڵاتەدا بایی ئەوەندە توانای بەرەنگاری هاتنەوەی داگیرکەری نەبێت؟

سوننە چیرۆکی ئاواکردنی مەملەکەتی عیراق بە چیرۆکی خۆیان دەزانن و یاری ئیدارەدانی ململانێ لەگەڵ داگیرکەری عیراق لەگێمی یەکەمی

ئینگلیزی و گێمی دووەمی ئەمریکیدا بەیاری خۆیان دەزانن. ئەزموونی سوننە لە دەوڵەتداری دەستەبژێرێکی وای بۆ نما کردبوون هەم هەشتا ساڵ وڵاتی بەڕێوەبردو هەمیش بایی ئەمە یەدەکی وزەی تێدابوو کە سەرەڕای (لێقەومانی) ئەم پێکهاتەیە لە دەورانی عیراقی شێوە ئەمریکاییدا، بەڵام توانییان زوو بەزوو راپسکێن و ڕاببنەوە و لە ململانێی بەدەستهێنانی بەشدا شان لەشانی شیعەو کوردی براوە بدەن. داهێزرانی تەنی سوننەو لێسەندنەوەی پانتایی فراوان لە دەسەڵات و لەقودرەتمەندی، رێی لە سەر لەنوێ خۆخڕکردنەوەو تێهەڵچوونەوەی وان نەگرت، چونکە خەزینی وزەیان هەبوو.

زۆر کەس وا دەزانن کە سوننە مادام ئێستا وەکو جاران لە پلەی یەکەمی دەسەڵاتدارێتییدا نییە کە وابێ دۆڕاوە. لەڕاستیدا لەچاو قەبارەی شۆکی هاتنەکەی ئەمریکا سوننە کەمترین قودرەتمەندی لەدەستچووە، ئەوەشی لەدەستی چووە، وەك بۆ نموونە، کەوتنی حوکمدارێتی توێژێك لەدەستەبژێری سوننەکان لەچوارچێوەی دەسەڵاتدارێتی بەعسدا، ئەوانە بەهاتنە پێشەوەی سەرکردایەتی نەوەی دووەم و سێیەمی سوننەکان زۆر زوو قەرەبووی کەوتنی بەعسییان پێ کرایەوە و بگرە لەهەندێك جومگە دەبینرێت سوننەش کەڵکیان لە ئازادی عیراق وەرگرت بۆ فراوانکردنی بژارە سیاسییەکانی بەردەمیان. ئێستا فاکتەری سوننی لەگەمە دیموکراسییەکە بەشدارەو ئالیەتی دیموکراتی دەخاتە خزمەت ئەزموونی سیاسیی درێژخایەنی خۆیەوە.

سوننەکان دەزانن راستە لەسایەی بەعسدا ئەوان دەسەڵاتیان بۆ خۆیان قۆرخکردبوو، بەشی کوردو شیعەیان لێنەدەدا، بەڵام ئەوەش باشتر دەزانن کە هەر لەو کاتەدا بەعس دەسەڵاتی لەوانیش قۆرخکردبوو، لەجێی ئەوانیش بڕیاری دەدا.

لەم حاڵەدا هاتنی ئەمریکا لەدیدی سوننەوە، لەدەستدانی قۆرخکردنی دەسەڵاتە بەسەر تەواوی عیراقدا، لێ لەهەمان کاتیشدا گێڕانەوەی ئازادی و بژارەی بەردەمە بۆ ئەوانی سوننە لەگۆڕەپانی نوێنەرایەتی خۆیاندا. لەبەر ئەوە هاتنی ئەمریکا گێڕانەوەی ئازادییە لەنوێنەرایەتی سوننەو هەروەها دەرهێنانی حوکمیشە لە دەست سوننە. دوانەیەکی بە ئازارە کە دەکرێ بڵێین: رەحمەت

عەزابی هێنا.
یانی هاتنی دووەم، هاتنی ئەمریکا، ئەو حوکمەی لەدەستدان کە لەهاتنی یەکەم، هاتنی ئینگلیز، بەدەستیان هێناو دواتر لەعیراقی جەمهوریدا، بەیەکجاری، بۆ خۆیان بردیان. بەپێچەوانەشەوە ئەم هاتنەی ئەمریکا ئەو دیموکراسییە نوێنەرایەتییەی پێدانەوە کە لەسەردەمی حوکمڕانی جەمهورییەکاندا لەکیسیان چوو بوو.
زۆرکەس لەباسی هەڵوێستی پێکهاتەکانی عیراق لەوەتەی سەددام رووخاوە، ئەو شرۆڤەیە بەرهەڵدا دەکەن گوایە: سوننە لەئایندە، شیعە لەرابردوو، کوردیش لەهەردووکیان دەترسێ، لێ ئەم شرۆڤەیەی ئێمە لێرەدا دەیخەینە ڕوو، رەهەندە فرەکان و پێکدادانیان روون دەکاتەوە.
شیعە: وا لەئەمریکا دەڕوانێ کە دەرفەتی پێدا دەسەڵات وەربگرێ، بەڵام گلەییشی لێی هەیە، چونکە ئەم مافەی بە نەیارەکانیشی داوە.
سوننە: وا لەئەمریکا دەڕوانێ کە دەسەڵاتی لەچنگ دەرهێنان، بەڵام ئازادیشی پێداون.
کورد: وا لەئەمریکا دەڕوانێ کە لەچنگی زوڵم و زۆرو بندەستی دەریهێناوە، بەڵام لەبەرزەخی نێوان جارانی دیکتاتۆری و ئایندەی زۆرینەی دیموکراسیدا بەحەواوە هەڵیپەساردووە.
لەم دیدە کوردییە، سونییە، شیعییەوە هەر سێ لا بەجیا جیهانبینی لەسەر هاتنی ئەمریکا گەڵاڵە دەکەن و ئەو کاتە هەر سێ جیهانبینی یەك دەگرنەوە کە هەر لا لەو سێ لایە بەراوردی دەسکەوت و خرچانەکانی یەکتری دەکەن.
بەڵام هەمیشە بۆ کورد دوو رەهەندی دیکەی بەراوردیش لە کایەدایە:
ڕەهەندی یەکەم: بەراوردی دەسکەوت و خەسارەکان لەچاو دەستکەوت و خەسارەکانی کورد لەژێر دەستی ئینگلیزدا.
ڕەهەندی دووەم: بەراوردی ئەو شتانە لەگەڵ ئەوی داگیرکەرە وەکالەت پێدراوە ئیقلیمییەکە، لێرە مەبەستمان دەوڵەتی عیراقە، بە کوردی داوە، یان بەسەر کورددا هێناویەتی، لەدەسکەوت و لەخەسارەت.
خاڵی گرنگ لە هەر هەڵسەنگاندنێکدا دەبێ ئەوە بێت هەرگیز موفازەلە

لەنێوان داگیرکەرانی ئیقلیمدا نەکرێت. گوایە ئەمیان لەویتریان باشترە.

-داگیرکەری نێودەوڵەتی، چاو لە داگیرکەری ئیقلیمی سوور دەکاتەوە وەختێك پێشێلی بوونی کورد دەکات، بەڵام نە تا ئەو رادەیە پشتیوانی کورد بکات لەهەڵگرتنی زوڵموزۆر، یان، مسۆگەرکردنی هەموو مافەکانی. بگرە چاوسوورکردنەوەی خۆی لەداگیرکەرانی ئیقلیمی وەك دەستمایەیەك بەکار دێنێت کە هەندێك شت لەکورد بگێڕێتەوە بۆ گیرفانی داگیرکەرە ئیقلیمییەکان.

کەوا بێ ئەمریکا ناهێڵێ عیراق ئەنفالمان بکاتەوە، پشتیوانمانە لەو قەوارەی ناوی هەرێمە، بەڵام تا ئەو سنوورە ناڕوات کە تەواوەتی کوردستان بگەڕێتەوە سەر هەرێم، بەڵکو بە پێچەوانەوە، ئیعتباری خۆی لای ئێمە، وەکو پشتیوانێك، بۆ لێگێڕانەوەی ماف، نەك گەڕانەوەی ماف، بەکار دێنێت.

داگیرکەرە ئیقلیمییەکان ئەمە دەزانن، بۆیە زۆرجار ئەمریکا وەك کارتی گوشار لەدژی ئێمە دەخەنەگەڕ. ئەمریکاش ئەم گوشارە بەقسەکردن لەسەر عەیبوعاری حوکمڕانی کوردی تەرجەمە دەکات. نەك بۆ ئەوەی ببێتە سەرەتایەك بۆ لەباربردنی ئەو حوکمڕانییە، بەڵکو بۆ ئەوەی حوکمی کوردی مژوڵ بێت بە داکۆکیکردن لەخۆی، لەجێی ئەوەی مژۆڵ بێت بەململانێ لەپێناو وەرگرتنەوەی کەرکوکدا.

دیارە حوکمڕانی کوردی لەهەرێمدا بێ کەموکوڕی نییەو شایانی رەخنەو گوشار خستنەسەرە، بەڵام کات و شوێنی بەشێك لەهەڵمەتی رەخنەکان، لەوانەش هی پیاوە پرۆ تورکەکە، رەوتی نووسینی مایکڵ رۆبن، دەریدەخات کە رەخنەش بێبەری نییە لەبازاڕی سەوداکردن و کەمکردنەوەو لێسەندنەوەوە. ئەو رەخنانە زیاتر لەو کاتانەدا دێن کە کورد بنمیچی داخوازییەکانی بەرز دەبێت، هەڵبەت بەرزبوونەوەیەك لەڕوانگەی ئەوانەوە کە کەرکوك و نەوت و هەندێك مەیلی شەراکەتی کوردستانی سەرتاسەری لێ بخوێنرێتەوە. رەنگە کەم کەس ئەوەی لەبیر بێت کە مایکل رۆبن هەمان ئەو مایکل رۆبنەیە کە پشتیوانی کورد بوو وەختێك کورد ململانێی سەدامی دەکرد لە هەرێمی کوردستانەوە. جا کە ئەو هەرێمە دوای سەددام داخوازییە بنچینەییەکانی هێنایە پێشەوە، سەنگەرەکان جیابوونەوە. بۆیە رۆبن داوایکرد کورد، هەر بۆنموونە، شەڕی PKK بۆ تورك

بکات. ئەگەریش ئەوەنەکات ئەوا دەسەڵاتی کوردی گەندەڵە!

هەڵبەت رەخنەگرانی دەسەڵاتی کوردی لەئاستی خۆماڵیدا ئەو بەشە لەداخوازییەکانی رۆبن دەقرتێنن کە داوادەکات، دەسەڵات شەڕی PKK بکات. ئەگینا گەندەڵییەکەی کە هەیەو کەمیش نییە، هی ئەوەیە لەسەری بنووسرێ و لەسەری خەڵک سزا بدرێت، بەڵام نەك ببێتە بیانوو لەدژی کورد بەوەی کەرکوك و نەوت و سیاسەتی کوردستانیی لێ قەدەغە بکرێت.

ئەگەر لەم پەیوەندییەدا بشێت ناوێکی کوردی لەسیاسەتی (کورد)انەی ئەمریکا بنێین ئەوا دەکرێ بڵێین (ستراتیژیی گیسکەکەی هەیاسی خاس)ە: نە زۆر قەڵەوبین کە بوغرابین و نە زۆریش لەڕو لاواز بین کەخەرجی بەخێوکردنمان بکەوێتە سەر وان. بەڵام ئێمە بەپێچەوانەوە نامانەوێ لەڕو لاوازین، کە بخورێین و ناشمانەوێت قەڵەو بین کە خەڵك لێمان بترسێت. گەرەکە بە تەندروستییەکی باشەوە بچینە گۆڕەپانی ململانێیەوەو پێشم وایە هەر بەوە گرەوەکە دەبەینەوە، هەر بەوەش سەنگەری رەخنەی خۆمان لە سەنگەری رەخنەی عەرەب، یان هەر داگیرکەرێکی ئیقلیمی جیادەکەینەوە وەختێك دەخوازین رەخنە لەئەمریکاو رۆژئاوا بگرین.

رەخنەگرتن لەئەمریکا نابێ پاکانە بۆ هەڵسوکەوتی داگیرکەرانی ئیقلیمی بکات و لەسەنگەری نەتەوە سەردەستەکانەوە بدوێین، سەددام و قاعیدە، لەعیراقی جاران، سەدرو هەیئەی عولەمای موسلمینیش لەعیراقی تازەدا، رەخنەیان لەئەمریکا هەیە. ئەمما هی ئەوان جیایە لەوەی ئێمە. شتێك کە زۆر نووسراوەی ئوسوڵگەرایی لەکوردستان لێیان تێکدەچێت.

وەك چۆن ئێمە ئاستی جیاوازی داگیرکراوی کوردستانمان هەیە، ئاوەهاش دەبێ ئاستی جیاوازی سەرکۆنەو رەخنەگرتنی (داگیرکەران)مان هەبێت.

بەڵام با لێرەدا بپرسین کە ئەمریکا دەڕواو عیراقێکی نوێ جێدەهێڵێت، ئیتر کێ داگیرکەرە؟

# عیراقی نیمچە داگیرکەر

لە شێوە گشتییەکەیدا هەر عیراق داگیرکەری کوردستانە، لەگەڵ هەندێك تەحەفوزدا کە ڕەنگە گرفتی ناولێنان دروست بکات. دەنا لەناوەڕۆکدا مادام بەشێکی ئیرادەی کوردو کوردستان لای عیراق گلدراوەتەوە، کە وابێ هێشتا کوردستان خاکی داگیرکراوو کوردیش میللەتێکی بندەستە، ئەگەر بندەستی نەتەوەی سەردەستی عەرەبی عیراقیش نەبێت لەسەر ئەنجامی جێبەجێکردنی دەستووری ئیتحادیدا، خۆ هەر بندەستی ئیرادەی دامودەزگاو دینگە بنچینەییەکانی دەوڵەتی (مەرکەزی) دەبێت کە مەرکەزییە لەفەرهەنگ و لە تەفسیری دەستوور. چونکە هێزە عەرەبییەکان بەلای خڕکردنەوەی هێز و بڕیار لەبەغدا، دایدەشکێننەوە.

لەباری شرۆڤەی مێژووییەوە، هەروەك ئەدەبیاتەکانی کوردایەتی قسەیان لەسەر کردووە، دۆخی کوردستان دۆخێکی پیسترە لەداگیرکاریی ئاسایی: دۆخی دابەشکردن بەنیسبەت هەموو بەشەکان و دۆخی لکاندن بەنیسبەت کوردستانی باشوورەوە.

دۆخی لکاندنی کوردستان لەبەرایی دامەزراندنی دەوڵەتی پادشاییدا مەرجدار کرابوو بەدابینکردنی مافەکانی کورد لە چوارچێوەیەکی دیاریکراودا، پێش لکاندنەکە وا بڕیار بوو دوو ئیدارەی کوردستانی و عیراقی هەبێت لەژێر سایەی ئینتیدابی بەریتانیا، گوایە دەبوایە کورد و عەرەب لەبەغدا لەگەڵ ئینگلیز دابنیشن بۆ تەگبیرکردن لەم دوو قەوارەیەی لەژێر یەك چەتری ئینتیدابدا دەبن، بەڵام وردە وردە ئەم بەڵێنانە کەوتنە ژێر پێیانەوەو لەبنچینەدا

ڕاپەڕینی بەر دەرکی سەرای سلێمانی، لە ساڵی ١٩٣٠، بۆ لەقاودانی یەکەم وێستگەی لکاندن بوو. لەساڵی ١٩٣٢ ئەم لکاندنە بەعیراقی ئینگلیزییەوە جێگیر کرا.

لەسەرەتاوە عیراقی عەرەبی سونیی خۆی ڕاستەوخۆ نەدەهاتە ناو خاوەندارێتی لە کوردستان. بەتایبەتیش لە لانکی ناسیونالیستی کوردی لەو سەردەمەداو تائەمڕۆش، سلێمانی. وەك چۆن لە بۆردومانی کوردستان و بەرپەرچدانەوەی شۆڕشی شێخ مەحموددا ئینگلیز لە جیاتی مەملەکەتی بێ قودرەتمەندی سەربازی عیراق ئەمەی دەکرد، ئاوەهاش لە دانوستاندن وتەگبیرە سیاسییەکانی پەیوەندیی نێوان بەغدا و کوردستاندا ئینگلیز لە پێشەوە بوو و عیراقییەکان یان رۆڵێکی لاوەکییان هەبوو، یان ئەو تێز و پێشنیازەیان دەخستە ڕوو کە ئینگلیز دەرسی دادەدان.

جارێکی تریش دەکەومەوە داوی کەمەندکێشی بەراوردەوە و بیرتان دێنمەوە کە لە سەرەتای پرۆسەی رزگاری عیراقدا، بۆ ئاسایی کردنەوەی پەیوەندی لە نێوان کوردستان، کە ئیتر حکومەت و قەڵەمڕەوی خۆی هەبوو، لەگەڵ بەغدای حکومەت کەوتووی دوای ڕامالینی بەعسدا، ئەمەریکاییەکان لەسەر هێڵی، پەیوەندی بوون. عیراقییەکان، ئەمجارەیان عیراقی عەرەبی شیعی، خۆیان بەشەرمەوە دەیانویست لەرێی بودجە و یاسا و هەماهەنگییەوە کنە بکەن و بێنەوە کوردستان. ئیدارەی مەدەنی ئەمەریکا لە هەر وەزارەتێکی بەغدا ئەدمۆنزێك، یان چەند کاپتن لاین و مێجەر سۆنێکی دانابوو کە ئیشیان ئەوەبوو کورد و بەغدا هان بدەن لە بیناکردنەوەی دەوڵەتی عیراقدا پێکەوە کار بکەن. بگرە لە دەرکەوتەکانی ساڵی ٢٠٠٤دا، سوپای ئەمەریکا لە جێی عیراقییە ڕەسمییەکانی بەغدا، لە فەلوجە "موقاوەمە"ی کوتا و لە نەجەفیش سوپای مەهدی دارزان. لە بەردەم ئەم دیمەنەدا، کە تازەترین تەکنیکی جەنگی، لە تۆپ و تەیارە و دەبابە، عیراقییە هەڵگەڕاوەکانی لەبەر چاوی کاڵی عیراقییە تازەکان تەمبێ دەکرد، سەرکردەیەکی کورد توانجی دابوو: "هەرچەند سەیری ئەم دیمەنانە دەکەم وەبیرم دێتەوە کە عیراق خەریکە قودرەتمەندی سەربازی وەدەست دێنێتەوە و دەبێ حیسابێك بۆ ئەم دۆخە بکەین".

لەگێچەڵەکەی دەوڵەتی عیراق بە خانەقین، ساڵی ٢٠٠٨، ئەو قسەیە و ئەو دیمەنەم کەوتەوە یاد. نازانم نها ئەو حسابە کراوە کە سەرکردە کوردەکە باسی دەکرد یاخود نا؟ بەڵام بۆ تەواوکردنی باسەکە دەگەڕێمەوە سەر دەورانی سەرەتا، ئیتر مافەکانی کورد، کە مەرجی کۆمەڵەی گەلان بوو لەسەر مەملەکەتی عیراق بۆ لابردنی ئینتیداب، وا گرمۆڵە کرایەوە بە جۆرێك بڕیار لێدەرکان خۆشیان نەیاندەناسییەوە، ئیتر کوردستان بووە گیرۆدەی عیراقێکی تەڵخ و ئاڵۆز کە تەنانەت مەلیك فەیسەڵی یەکەمیش بەدەستییەوە گیری خواردبوو کە بەحساب بونیاتنەری مەملەکەتی تازە بابەتی عیراق بوو، بە حساب پرسیاری تەماعکارانەشی لەسەر سنووری مەملەکەتەکەی کردبوو داخۆ کوردستانەکەی شیخ مەحموودیش دەگرێتەوە، یان نا؟ زۆری نەبرد ئەم مەلیکە حیجازییە هاوردەکراوە لەنامەیەکی دیکۆمەنتیدا گومانی خستەسەر ناسنامەی نیشتمانیی ئەم مەملەکەتەکەی کە سەری (کوردستان) و تەنی (عەرەبستان) پێکەوە نەدەگونجان و لەولاتریشەوە شیعەنشینەکەی لە مەرکەز ولە دەوڵەت ودەستکەوتەکانی تەوەلا بوو.

لە دۆخی لکاندنێکی وا دا کە مەملەکەتی عیراق خۆشی سەری لێ دەرنەدەکرد و ئینگلیز وردە وردە لەرێی هەڕەشە و لەرێی تەماع خستنەبەر کوردستانەوە کاری لەسەر دەکرد، کورد دڵی لای بزووتنەوەکەی شێخ مەحمود و دەستودەماری بە یاساو رێساو ئیلتیزاماتەکانی دەوڵەتی عیراقەوە گرێدرابوو.

لەدەوڵەتی پادشاییدا کورد تەنها وەك عیراقییەك بۆی هەبوو لەدەوڵەتداری و چانسی رۆڵگێڕانی سیاسییدا بێتە کایەوە، لەم بەستێنەدا بوو چەندان کەسایەتی و گەورە فەرمانبەرانی کورد لە کابینەو دەزگاکانی بەغدادا هەڵکەوتن وەك محەمەد ئەمین زەکی بەگ و تۆفیق وەهبی و جەلال بابان کە سەرەدەستەیان دەوڵەتمەدارە لێوەشاوەکەی کورد، سەعید قەزاز، بوو، بەڵام ئەمانە چیرۆکی بەشداری تاکە کەسی بوون و هیچ کردەوەو قەوارەیەکی دەستەجەمعی کوردی لێنەکەوتەوە. ئەم دۆخە لەسوپاشدا هەبوو.

هاوتەریب لەگەڵ ئەم پشکدارییە کوردییە مەرجدارە لە دەستمایەی سیاسی عیراقێتیدا، هێڵێکی کوردایەتی مەدەنی سنووردار جار بەجار خۆی نیشان دەدا،

وەك دوو تەقەلا بێسوودەکەی محەمەد ئەمین زەکی بەگ بۆ دروستکردنی ئیدارەی خۆبەخۆیی کورد کە کەرکوك نێوەندەکەی بێت، یان وەك داخوازی ئیسماعیل ئاغای رواندزی و چەند کوردێکی مەرد لەناو هۆڵ و داڵانەکانی پەرلەمانی پادشاییدا. ئەمما کوردایەتییە سەنگەر لێدەرەکەی دەرەوەی دەوڵەتی رەسمی عیراق، ئەوا لەسییەکان تا نیوەی چلەکان، یان وەك شۆڕش و راپەڕینی شێخ مەحمود و دواتر شۆڕشی بارزان، یان وەك کۆمەڵە و حزبە نهێنییەکانی وەك دارکەر و هیواو شۆڕش و رزگاری، سەرەتاتکێی قەوارەگرتنی بوو. لەهەمبەر عیراقێتی بێ کەمەندکێشی پادشاییدا، حزبی شیوعی عیراق لەبەرەی ئۆپۆزسیۆنەوە جۆرێك لەعیراقێتی لەناو کورددا پەرە پێدا کە (دەسکەوتەکان)ی سەرەنجراکێش بوون بۆ کوردی بندەستی پادشایی، رەوتێکی کزیش هەبوو باوەڕی دەکرد کە ئینگلیزی "دیموکراتخوازی" روو لەشەڕی جیهانی دژی هیتلەر، دەشێ پشتیوانێکی تازە بێت بۆ کوردایەتی، جیاواز بێت لەو پشتیوانییەی لەگەورە فەرمانبەرانی کوردی دەکرد تا تێکەڵ بە (ئوممەی عیراقی) بن و لەناو دامودەزگای پادشایەتیدا بەشوێن مافەوە بن و خەونی قەوارەیەکی، فراوان یان بەرتەسکی کوردستانی، فەرامۆشبکەن. ئەدەبیاتی شیوعی باسی مافی چارەنووس و پرەنسیبی دەوڵەتی کوردی دەکرد با ئەم ئیتخیارەشی وەك (أبغض الحلال)ی جیابوونەوەی ژن و پیاو وێنا کردبێت. لەدیوە کوردیەتییەکەشدا چ (هیوا)کەی رەفیق حیلمی کە دواتر لەنێوان کوتلەگەری چەپ و راستی خۆیدا دارزاو چ (شۆڕش)و (رزگاری)یەکەی ساڵح حەیدەری، خەباتیان قۆناغبەند کردبوو. ستراتیژی مافی چارەنووس و دەوڵەتی کوردی قیبلەنومای دوور بوو، مافە سەرەتاییەکانی وەك خوێندن و دامەزرادن و هەندێك ئیجرائاتی چاکسازی لانی کەمی بەرنامە بوو. واتە لەم مەودایەی نێوان ئامانجی دوور و لانی کەمی بەرنامەدا کورد هەم عیراقێتییەکی (کاتیی) دەکردو هەمیش چاوی لەکوردستانێتی و لەقاودانی داگیرکاری بوو.

لەدەورانێکی تردا برایم ئەحمەد پەرەی بە تێڕوانینی چەپگەرایی خۆی دا تاوەکو گونجانێک لەنێوان کوردستانێتی و واقیعی عیراقێتی دروست بکات، هەروەک لە نامیلکەی (عەرەب و کورد)ی ساڵی ١٩٣٧دا ئەندێشە

سەرەکییەکانی دارِشتبوو.

ئێستا کە ئێمە پێداچوونەوە بەو شرۆڤەکارییەی ئەدەبیاتی کوردایەتی کلاسیك دەکەین دەبینین ئاوێتەی "هاوکێشەی کوردستانێتی و عیراقێتی" لەناو مەنگەنەی عیراقێتی شیوعی و عیراقێتی پادشایی و ئینگلیزیدا لە دایکبووە. دوای برانەوەی جەنگی جیهانی دووەم و تەگبیرەکانی دوای ئەو جەنگە کە دەوڵەتی گەورە گەورەی پەرت و دابەشکرد، وەك ئەڵمانیاو کۆمارە داگیرکراوەکانی بەلتیك و... هتد، کوردستان بەهەموو بەشەکانییەوە لەناو دەوڵەتە داگیرکەرەکانیدا قەوارەی گرت و لەوەشەوە کوردایەتیش بۆ هەر بەشێك، لەبەشێکدا، لەقاڵبدرا. لێرەوە تیۆریی مەسەلەی کورد یەك مەسەلەو لە هەمان کاتدا چەند مەسەلەیەکیشە خۆی لەچەندین بزووتنەوەی هەڵکەوتی مێژوویی و جوگرافی جیادا بەرجەستەکرد، کوردایەتی لەهەر بەشێك لە کاتێکدا وەك قەوارە ماڵی خۆی جیاکردبۆوە، بەڵام وەك هاوپەیمانێتی بناغەی هاوپەیمانێتی لەگەڵ هێزە سەرتاسەرییە گۆڕانخوازەکانی دەوڵەتانی داگیرکەری کوردستان دانا، ئەم دۆخە لەعیراقدا هزری عیراقێتی جێگیرتر کردو خەباتی کوردایەتی بەرِووی دەوڵەتی پادشایی و ئینگلیز هەڵشاخان. ئەم هەڵشاخانە لەسەرەوە لەگەڵ هێزە عیراقییەکانی تردا بەناوی کۆنەپەرستێتی و وابەستەیی حوکمرِانی پادشایی بۆ ئینگلیز دەکرا و لەپەنهانیشدا بۆ رەتکردنەوەی داگیرکاری بوو. واتا بەرەنگاری کورد لەگەڵ حکومەتی عیراقی داگیرکەردا وێنەی خەباتێکی پێشکەوتنخوازی عیراقی لە دژی حکومەتی عیراقی وابەستەی ئینگلیزی لە خۆی پێچا.

دوای گۆڕانکاری ١٤ی تەمموزی ١٩٥٨، دەستووری کاتی عەبدولکەریم قاسم، یەکەم ئاماژەی شەراکەتی نیشاندا بەوەی لە ماددەی دوویدا نووسیبووی کوردو عەرەب هاوبەشن لەم وڵاتەدا، هەرچەندە دواتر قاسم شەڕی کوردی کردو حکومەتەکانی دوای ئەویش، هی قەومی و بەعسییەکان، کەوتنە باجکاری لەم چەمکە هەرگیز جێبەجێنەکراوەی شەراکەتدا، بەڵام عیراقی جەمهوری بەو هەموو زوڵم و زۆرو کوشتارەی لەکوردیش کردی، هێشتاش زیاتر لەعیراقی پادشایی گیانی عیراقێتی لەناو کورددا پەرەپێبدا.

لە سەردەمی جەمهوری، بەتایبەتی جەمهوریەتەکەی سەددامدا، بۆ یەکەمین جار دیاردەگەلێکی سەرنجڕاکێش قەومان کە کەسێتی کوردستانیشی تووشی دووفاقی و پەرتەوازەیی گەورە کرد. لەسەرێکەوە واقیعی نزیکەی چەندین دەیە لەداگیرکاری و لکاندنی کوردستان، تۆڕێکی بەرژەوەندیی گەورە و بچووکی لەناو کۆمەڵی کوردەواری، لەدەوڵەتی تازەدا، دروستکرد، کە راپسکان لێی زۆر زەحمەت بوو، لەسەرێکی تریشەوە کوردایەتی بناغەی قووڵتری داکوتاو شۆڕشی ناوچەی رزگار و دامودەزگای سیاسیی دانا کە لەئاستی جیاجیادا هەژموونی بەسەر کوردستان و ژیانی کوردستانییانەوە هەبوو.

بزووتنەوەی کوردایەتی لەچەند دەیەکانی پێش نەوەدەکانی سەدەی ربردوودا رابردوودا، شەریکە بەشی دەوڵەتی عیراق بوو لەپیادەکردنی دەستڕۆیشتوویی و هەژموونیدا. لەهەمانکاتدا دەوڵەتی عیراق لەخەیاڵدانی هاوولاتی کوردو کۆمەڵی کوردەواریدا دوو دیوی هەبوو، دیوێك یاساو رێساو تۆڕی پەیوەندییەکانی وەکو دەوڵەت لەگەڵ کورد بوو، وەك رێکخەری نەزمی گشتی و مافە مەدەنییەکان، دیوێکی تری وەك حکومەتێکی داگیرکەری دیکتاتۆر و خاوەن سوپای داگیرکاریی لە کوردستاندا. کورد بۆ دیوی یەکەمی دەوڵەت وەك رێکخەری ژیان و مافە مەدەنییەکان، دەورانێکی مامەڵەی بەڕێکردبوو، بەڵام بۆ دیوی دووەمەکەی وەك بەعسی داگیرکەر، ئەوا لەجەنگ و دەعوای بەردەوام دا بوو.

کوردایەتی لەڕێی ئەم دیوە دەعوایەوە نفوز و هەژموونی خۆی پتەوەدەکرد، بەڵام وەك بزووتنەوەیەکی سیاسیی کە بەپێی یاساکانی داگیرکەر (یاساغ و لادەر بوو) نەیدەتوانی کار لەمەرجە بابەتییەکانی کوردەواری بکاو تەنها لە دوای راپەڕینی ١٩٩١ەوە، لەڕێی کۆنترۆڵکردنی دەزگای دەوڵەت لە کوردستانی رزگاردا، توانی هەم کوردایەتی و کوردەواری لێك گرێبداتەوەو هەمیش کوردایەتی بباتە ناو دەزگای دەوڵەتێکەوە، حکومەتی هەرێمی کوردستان، کە وەك پێکهاتە سەر بەدەوڵەتی عیراق بوو و وەك دیفاکتۆ سەر بەکوردایەتی و دەرەنجامی هەڵبژاردنی پەرلەمانی ساڵی ١٩٩٢ بوو هەڵبژاردنێک سەرەتایی بوو، بەڵام میزەی ئەوەی هەبوو کورد خۆی سازی دابوو. بەڵام دیارنییە کە کورد توانیبێتی ئەم (دەوڵەتە)، بەتەواوەتی، بۆ ئامانجەکانی کوردایەتی

دەستەمۆ بکات بۆ ئەوەی ئاشتبوونەوەی یەکجارەکی لەنێوان ستراتیژیی کوردو واقیعی کوردستان و کۆمەڵەکەی روو بدات.

پێکهاتنەوەی دەوڵەتی عیراق لەڕێی بژارەی دەستووریی نوێ، کە لە ١٥ی تشرینی یەکەمی ساڵی ٢٠٠٥دا دەنگی بۆ درا، دەرفەتێکی نوێ بوو. بۆ یەکەمجارە لە مێژووی داگیرکاریی کوردستانی باشوور و پەیوەندی بەدەوڵەتی عیراقەوە، دەرفەتی دارشتنەوەیەکی دادپەروەرانەی هێناوەتە ئاراوە کە یان بۆ دواجار عیراق تەفوتونا دەکات و ئاساری لەسەر پاتاری ناهێڵێت، یانیش دەریچەی یەکێتی ئارەزوومەندانە، کە بەفۆرمێکی شەرمنانە لەدیباجەی دەستووردا باسی لێکراوە، چانسی ئاشتکردنەوەی مێژوو وجوگرافیا، ئاشتکردنەوەی یادەوەری کوردستانی و واقیعی نەخشەی رەسمی عیراق دەرەخسێنێ، ئەو رەچەتەی کارل مارکس لەئەدەبیاتی مارکسیزمدا وەك دووڕیانی ناچاری مرۆڤایەتی دەیخاتەڕوو، سۆشیالیزم، یان بەربەریەت، لەریتم و ئیقاعدا رێك بۆ دۆخی دوو ڕیانی عیراق دەشێت: فیدرالیزم، یان تەفروتونا بوون.

وەك دەبینین عیراق ئاوسە بە هەردوو ئەگەرەکە. بۆیە تا ئەو بژارەیە ساغ دەبێتەوە، ناونیشانی "داگیرکەر بەتەحەفووزەوە" ناونیشانێکی پڕ بە پێستی خۆیەتی.

هێشتا تێری پرسی داگیرکەر و کێشەی ناولێنانی عیراق، بەنیسبەت کوردەوە، نەکراوە. "داگیرکەر بە تەحەفوزەوە" کە لە لێرەدا هەوڵمدا شەرحی بکەم نابێ بۆ ناسیۆنالیستی عەیار بیستوچوارەکان وەك سازش لەگەڵ داگیرکەر و بۆ کوردە عیراقییە دیموکراتخوازەکان وەك تاوان دانە پاڵ عیراق سەیر بکرێت. هەردوو ئاراستە دەتوانن کێشەکە لەکۆڵ خۆیان بکەنەوە بەناو هێنانەکەی جارانیان. بەو ناوەی بۆ نموونە، بە تورکیا یان ئێران یان سوریای دەڵێن، بەڵام عیراق بەرزەخی نێوان دوو حاڵەتی گرتووە و ئاسان نییە ناولێنانی ڕەها ناوەڕۆکی راستەقینەی دابین بکات. رێك ئەم حاڵەتی بەرزەخییەیە ئێمەو بەغدای لە دووڕیانی سۆشیالیزم، یان بەربەریەت، ببورن فیدراڵیزم، یان لەتوپەتکردندا، داناوە.

عیراق بەم رەوتە مێژووییە نزیکەی هەشتا ساڵییە، ماشەڵڵای لێ بێت ئەو

کەتنانەی بەکورد کرد کە سەرچڵی نییە ئەگەر بێژین تورکیا بەشەش سەدەو ئێران بەپتر لە دوو هەزار ساڵەی دەوڵەتی ئارییایی هی وایان نەکردووە. دیارە باشترین نییە لەنێو داگیرکەرانی کوردستاندا کە دەشێ بەپێرەوی خراپترو خراپترین بەراورد بکەین، لێ هەر ئەم عیراقە کەتنکەرەی دەوڵەتی مۆدێرنی سەدەی بیستە، لەساڵی ٢٠٠٣وە، وەرچەرخانی وا گەورەی بەخۆوە دیتووە هی بەری سکی شەش مانگان نییە.

عیراق دەوڵەتی کارەساتی هەڵەبجەیە لێ ئێستا سەرکۆمارەکەی کوردە، دەوڵەتی تەعریب و راگوێزانە لێ نها زمانی کوردی و نەتەوەی کورد بە ڕەسمی ناساندووە.. ئەمانە خاڵن لە قازانجی "سەرفرازی" عیراق. خاڵی دیکەش هەن کە دژی بێت، هەروەها سەیری ئەم نموونەیە بکەن:

لە ئابی ٢٠١٠ دا وەزیری سربستان هاتە عیراق و چاوی بە نوری مالکی سەر وەزیر کەوت. وەزیری بەرگریی سربستان هەم وەزیرێکی سیادی و هەم نێردراوی سەرۆکی سربستان (بۆریس تادیچ) بوو. داوایەکی مایەی دوودڵی و ئیحراجی هێنابوو بۆ حکومەتی عیراق: بەغدا پشتیوانی لە هەڵوێستی بلگارد بکات لەداخوازی پاراستنی سنووری سربستان و جیانەکردنەوەی کۆسۆڤۆ.

بەغدا چی بڵێ بەم هەموو زەخمەی برینییەوە؟ لەگەڵ بلگارد بێت خۆی نەتەوەی کوردی هەیە، پەرلەمانی عیراقی هەیە کە لێی دەپرسن بۆ، ئەی مالکی، لایەنداری لەم، یان لەو، کێشەی نەتەوەیی دەکەیت؟

ئەگەر لایەنداری کۆسۆڤۆش بکات لێی دەپرسن، ئەی کۆسۆڤۆی لای خۆت، کوردەکانی هەرێم و ناوچەکانی تری؟

بۆیە مالکی لە وەڵامدا کورد دەکاتە نموونە کە لە عیراقی دیکتاتۆریدا دەچەوسایەوەو ئێستا پلەو پایەی لەعیراقی دیموکراتیدا هەیە. سەرۆك وەزیر دەڵێ ئێمە لەگەڵ پاراستنی قەوارەکانین، بەڵام بە دابینکردنی مافەوە.یانی ئێمە سەرۆك وەزیرانێکمان هەیە بەدوو دڵییەوە سەیری کەلتووری رابردووی وڵات و ئاسۆی سبەینێ دەکات.

لەبەرزەخی نێوان یەکێتی و پەرتکردندا، یان سەرۆك وەزیرانێکی دیکتاتۆری، یان دانەیەکی دیموکراتی، هیچ چارەیەکی تر نییە؟

لێرە پرسیارەکە دێتەوە، عیراق داگیرکەرێکی چۆن دەبێت؟ دەستووری عیراق هەموو ئەو فاکتەرانەی تێدایە کە عیراق ببێتە دەوڵەتێکی تری جیاواز لە دەوڵەتە داگیرکەرەکەی کوردستان. بنەماو رۆحی ئەم دەستوورە لەباریدایە ئەم هەلومەرجە دروست بکات و ببێتە میساقێکی میللی و مەرجەعێکی سیاسی و قانونی بۆ ناکۆکییەکان:

-بەشەرمیشەوە بێت ئاماژەی یەکێتییەکی ئارەزوومەندانەی تێدایە، یەکێتی عیراقی پەیوەند کردووە بە پابەندێتی خەڵکەکە بەم دەستوورەوە.

-عیراقی بوون، نەك عەرەبیبوون، بۆتە بنەمای هاووڵاتی بوون لەم دەستوورەدا.

-حکومەتی ناوەندی نەهێشتووەو حکومەتی ئیتحادیی بۆتە کۆکەرەوەی ئیرادەی هەرێمەکان.

-فیلتەری دەستووری بۆ نەتەوەو پێکهاتەکان داناوە لە ڕێی بنەمای (٣/٢) ی هەر سێ پارێزگایەك.

-ئەنجومەنی ئیتحادی (پەرلەمانی ئیتحادی هەرێمەکان)ی تەشریع کردووە، کە ئەمەش فیلتەرێکی ترە.

- بەتۆپزیش بێت، خەریکە وەرگرتنی یەك لەسێ پۆستە سیادییەکان بۆ هەر پێکهاتەیەك دەکاتە عورفی سیاسی جەنتلمانی.

-دامودەزگای فیدراڵی ئەوتۆی تەشریع کردووە کە جێی شکات و چاودێری و بەدواداچوونی مافی پێکهاتەکانە. وەك کۆمسیۆنی باڵای هەڵبژاردن، دادگای دەستووری، ئەنجومەنی باڵای دادوەری، کۆمسیۆنی مافی مرۆڤ.

- وەك بنەما، هێزو قودرەتمەندی سەربازیی و ئەمنیەتی دابەشکردووە.

-نەخشە ڕێگەی خاوەندارێتی ناوچە جێناکۆکەکانی داناوە کە هەم چارەنووسی کەرکوك یەکلایی دەکاتەوەو هەمیش قەڵەمڕەوی قەوارەی نەتەوەیی کوردستان دیاری دەکات.

-بنەمای خاوەندارێتی و هاوبەشێتی لەسامانی سروشتی وڵات، نەوت و گازی داڕشتووە کە پەراوێزێکی چاک و باشی بۆ دابەشکردنەوەی سامان و داهات و بەشداری لە بڕیاری ئابووریدا پێکهێناوە.

-ناسنامەی دەوڵەتی عیراقی لەجێگەی عروبە دەرهێناوەو زمانی کوردی کردۆتە زمانێکی رەسمی ئیتحادی.

-مافی هاوولاتیبوونی یەکسان و رەگەزمانەی ئازادی بەیان و ئازادییە گشتییەکان و ئازادی مەزهەب و باوەڕو مافە کەسێتییەکان و خاوەندارێتی دابینکردووە کە هەموو ئەمانەش دەچنە خانەی دابینکردنی مافی فەردی و مافی پێکهات و گرووپەکانیشەوە. ئەم بنەما گشتییانە رۆحی دەستووری عیراقن و هەموو توخمەکانی وەرگۆڕانی پەیوەندی داگیرکراو و داگیرکارییان تێدایە، بەلام وێنەکە لەسەر زەمینی واقیع زۆری ماوە لەگەڵ دەقەکاندا وێك بێتەوە و خەسڵەتی داگیرکەر، لەدەوڵەتی عیراق، داماڵێ.

جارێ لە تەنگژەی ئەمساڵی پێکهێنانی حکومەت وەك دەرەنجامی هەڵبژاردنی رۆژی ٢٠١٠/٣/٧ لەسەرتاسەری عیراقدا. گەلێك نییەت و ستراتیژی سیاسی دەرکەوتن کە یارمەتیدەری ئێمە دەبن بۆ تێگەیشتنێکی باشتر لە دۆخی عیراق و کوردستانی پێوەگرێدراوەی. شەڕکردن لەسەر بەدەستهێنانی حکومەت و بەتایبەتیش پۆستە سەروەرییەکانی، نیشانەی نیەتێکی پەنهانە کە خەیاڵدانی هێزە عیـــــراقییەکان تا ئێستاش خەیــاڵدانێکە بەلای دەسەلاتی جێبەجێکردن و هێزی حکومەتداریدا دایدەشکێنێت. عیراقییەکان شەڕ ناکەن لەسەر دەزگای تەشریع کە لەسەرێتی لەچەند ساڵێکدا (٥٩ پڕۆژە یاسا ئامادەو پەسەند بکات، وەك ئیستحقاقێکی دەستووریی، چونکە دەستووری پەسەندکراوی عیراق لەچەندین شوێندا ناچێتە ناو وردەکارییەوەو نووسیویەتی (ئەمە بەیاسا رێکدەخرێت). هەموو ئەم هەڵوێستە دەستوورییانەش ئەرکن بە دەزگای تەشریع سپێردراون، جگە لەو یاسایانەی کەدەبێ پەرلەمان، هەر پەرلەمانێك، لەفەسڵێکی تەشریعیدا دەریان بکات.

خەیاڵدانی هێزە عیراقییەکان ئەولەویەت دەداتە دەزگای تەنفیزی بۆ ئەنجامدانی گۆڕانکاریی و کاریگەری دانان لەسەر ئایندەی ولات و نەخشەی سیاسی لە دوای روخانی دیکتاتۆری بەعسەوە.

تەجرەبەی چەند ساڵی رابردوو و دابی سیاسی لە ولاتی عیراقدا هاندەری قورسایی دانان بۆ تەشریع نییە، مەگەر وەك تەواوکار و بۆ حەلالکردنی

ئەو دەسکەوتانە، یان ئەو پێگانە بێت کە بەهێزی هاوسەنگی سیاسی و گوشاری دەزگای تەنفیزی بەدەست هاتوون. چوار ساڵی رابردوو لە دەزگای تەنفیزیدا یارمەتی نوری مالکی دا خۆی بە هێز بکات و دەزگاو دایەرەکانی عیراقی ئیتحادی بۆ بەهێزکردنی خۆی، بۆ بوژاندنەوەی پێگەی حزبی دەعوەو پەرەپێدانی دەسەڵاتداریێتی شیعە بەکار بێنێت. بگرە یارمەتیشیدا لیست لەشیعە جیابکاتەوەو فراکسیۆنێکی پەرلەمانی (سەربەخۆ)ی دروست بکات. شەڕی عیراقییەکان لەسەر پایەی گەورەی دوور لەپایەی تەشریعی نیشانەیە کە عیراقییەکان دەزگای هەڵبژێردراو دەخەنە پشتی دەزگای تەنفیزی حکومەتەوە و دەیانەوێ لەم قۆناغە ئینتیقالییەدا گەورەترین گۆڕانکاریی لەبچمی دەوڵەتی نوێی عیراقدا بکەن تاوەکو لەوێ بە دواوە ببێتە عورف و عادەتێك کە لێی لانەدات. لە فەزایەکی وادا رێزگرتن لە دەستوور خۆی لەخۆیدا شتێکی دوورە ئامانج دەبێت کە هەر ئەو دەستوورەش ویست و داواکانی کوردی تێدایە.

عیراقییەکان وەك مەرجەعێکی بێ ئەملاولا سەیری دەستوورەکە ناکەن، بەڵکو هەندێکیان لێی هەڵدەبژێرن (شیعە)، هەندێکی دیکەشیان دەستوور بۆ پەکخستنی دەستوور بەکاردێنن (بڕگەی دەستکاری دەستوور لە ماددەی ١٤٢) رێك بۆ ئەمە دانراوە. رێژەیەکی زۆریشیان وەختێك لەسەر پرسە نەتەوەییەکانی کورد قسە دەکەن پێیانوایە لە ساتەوەختێکی لاوازی عەرەبیدا کورد ئەو دەستوورەی سەپاندووە. یانیش دەڵێن کوردو شیعە ئەم دەستوورەیان بە هاوکاریی ئەمریکا نووسیوەتەوە. گوایە نوح فێلدمان بەتایبەت بۆ کوردو شیعەی بە ڕادان داوە. هەشیانە لەپەنا مەرجەعی دەستووری مەرجەعی نەجەفیشیان هەیە کە بەمە موشریکن یان وەکو پیرەمێردی شاعیر دەڵێ: مایل بە شیرکن.

کە وابێ لەم وڵاتەدا کە بەپێی دەستوورەکەی قۆناغی داگیرکاری جێهێشتووە، هێشتا نەریتی سیاسی کۆنەپەرستانە ماوە کە یەکسانە بە سیاسەتی داگیرکاری. لێرەوەیە ئەو شرۆڤەیەی پێمان وایە عیراق لە دووریانێکدایە، شەرعیەتێکی مێژوویی وەردەگرێ بەوەی گومانکردن لەئایندەی ئەم وڵاتە زوڵمکردن و ناهەقی نییە لێی. بۆ ئەوە نییە عیراقیش بە زۆر، بۆ وەزن و قافیە، بدەینە پاڵ داگیرکەرانی تر یان هەروا بۆ گەڕانێکی بێوچان بەدوای

ئەو دۆخ و تاریفانەی کوردو کوردستان وەکو زوڵملێکراو نیشان دەدەن، بە کاریان بێنین. چونکە لەڕاستیدا تا ئەو ململانێیە لەنێوان دوو ئیرادەدا ساغ دەبێتەوە (ئیرادەی عیراقی نوێی خاوەن دەستووری ئارەزوومەندانەی ئیتحادی، ئیرادەی عیراقی کۆنی خاوەن دەستووری ئیستبدادی و سیاسەتی داگیرکاری)، کوردو کوردستان بەزوڵملێکراوی دەمێننەوەو ئەوی لەو ناوەڕاستدا. دەقەومێن لە جوڵەو سیاسەت و هەڵبژاردن و پەرلەمان، . هیچ نیین جگە لەکەڵەکەکردنی دەسکەوت و ئەزموون لە ڕێی شکاندنی ئیرادەی ئەویتر، لەم زۆرانبازییە سەختەدا.

# کوردایەتی، پێکوتە یان تەکان؟

بەشی زۆری ئەو پێناسانەی بۆ کوردایەتی و ڕەهەندەکانی کراون لە (جێی خۆیاندان)، یاری بەم وشەیە دەکەم تا بیکەمە دەروازەیەك بۆ گفتوگۆکردن لە سەر چیەتی (کوردایەتی) لە سەدەی بیست و یەکدا.

(لەجێی خۆیاندان) واتا ڕاستن، دروستن، ئەو پێناسانە باشیان پێکاوە و دەتوانین وەك تاریفێکی گشتی، گشتگیر کە زەمەن و زەمینەکان تێدەپەڕێنن، چاویان لێبکەین.

(لەجێی خۆیاندان) واتا چەقیان بەستووە، گۆڕانیان تێدا نەکراوەو لەچاو زەمەنی جەنجاڵی ئەمڕۆی زەمینی کوردستان و سەرزەمینی زیندەگی مرۆڤ لەکاروانەکە بەجێماون و لەجێی خۆیاندا پێچە بەدەورەیانە، هەردوو دەستەواژەش ڕاستن، لە هێڵی گشتیدا پێناسەکان جەوهەری ئەو بزووتنەوە رزگاریخوازە دەر دەخەن کە لەسەدەی بیستەمدا نەیتوانی ئامانجەکانی سەربخاو ئەو ئەرکە گشتییەی بەسەدەی بیستویەك سپاردووە، ئەمەش مانای وایە هەم بزووتنەوەکە ڕاستەو هەقیەتی لەهەوڵی داخوازیی نەکەوێت تا دابین دەبێت و هەمیش ئامانجی وی دوور مەودان و نەوەو چەرخەکان دەمەزەردی دەکەنەوە لەجێی ئەوەی ژەنگی پێهەڵێنن.

ئەمە لە هێڵی گشتیدا، کە دەچیتە ناو وردەکارییەوە هەڵبەت دەزانین سەردەم پرسیاری تری دروستکردووەو داوای لەم کوردایەتییە ئەوەیە وەڵامیان بداتەوە، لێرەیە ئێمە تووشی دیاردەی پاشەکشێ لەپێناسەکردن، لە توانای گرتنەخۆی دیاردەو دەرکەوتە نوێیەکانی گۆڕەپانی سیاسیی کوردستان دەبین، هەژاری

ئەدەبیاتی کوردایەتی لەم دۆخەوە سەرچاوە دەگرێت.

مادام ناکرێت باسی کوردو کوردستان بکەین بێ ئەوەی باسی داگیرکەرانمان، بە نەتەوە سەردەستەکان و پایتەختە میترۆپۆلەکانیان بکەین، خراپ نییە لەپاڵ رەخنەکاری لە هەژاری ئەدەبیاتی کوردایەتی، لەسەر هەژاری ئەدەبیاتی سیاسی دەوڵەتە سەردەستەکانیش بدوێین. لەگەڵ رەچاوکردنی ئەم یان ئەو تایبەتمەندی کە جار بەجار وەك ئەستێرەی سیوەیل دەردەکەون و دەکشێن.

لەم دە ساڵەی دوایی سەدەی بیستویەکدا، لەنیوەی یەکەمی دە ساڵەکە لەوڵاتی ئێران و لەنیوەی دووەمیش لەوڵاتی تورکیا، هەروەها لەسەروبەندی پرۆسەی رزگاری لەوڵاتی عیراق، هەندێك تەکان درایە ئەدەبیاتی سیاسی لە پایتەختە ئیقلیمییەکانی نەتەوە سەردەستەکاندا، باسی بەشی سوریا ناکەین کە هەر خۆیان بەخۆیان بن، چونکە لەگەڵ کۆچی دوایی سەرۆك حافیز ئەلئەسەد نەوەی نوێی میراتگر هەندێك نمایشی دەرخست کە بۆنی گۆڕانکاری لێ دەهات. بەس دوایی هەمووی نیشتەوەو دیمەشق هەر بە پایتەختی "ئەمەوی" مایەوە، با تەنانەت حوکمڕانییەکەی لە دەست عەلەوییەکان ما بێت، واتا دیمەشق نەیتوانی بەهاری خۆی بکاتە بەهاری شۆڕشێکی بێ توندوتیژ وەك پێشبینی دەکرا. هەر (براغ)ێکی سەر پێی بوو.

کەوابێ دیمەشق هیچ نازو تیلەبازییەکی سەرنجڕاکێشی نەبوو، بۆیە بزاوتی کۆمەڵی مەدەنی تووشی پەرچەکرداری توند هاتەوە.

لە ئێران باسەکە پێچەوانە بوو، ئێران لەسەردەمی خاتەمیدا، کە دەرکەوتنەکەی دەکەوتە نیوەی دووەمی نەوەدەکانی سەدەی بیست، بەڵام کاریگەرییە گەورەکەی لەنیوەی یەکەمی سەدەی بیستویەك قوڵپی دا، وەختێك خاتەمیزم ناونیشانی رێبازی گفتوگۆی شارستانی بوو کە هەموو یارو نەیارەکانی تارانی بەخۆیەوە مژوڵکرد. خاتەمی بەرجەستەی سیاسەتی نەرمونیانی دوای قۆناغی جێگیرکردنی ئینقلاب بوو، ژنان و لاوان بۆ ئیمامەتییەکی نوێ دوای کەوتن و دەستیان بە دامێنی عەباکەیەوە گرتبوو.

هەڵبەتە لەگۆشە نیگای جیاجیاوە هەڵسەنگاندن بۆ دیاردەی خاتەمیزم کراوەو تائێستا مشتومڕ لەسەرچیەتی و چۆنیەتی گیرسانەوەی ئەو دیاردەیە درێژەی

هەیە. کەسێك لەناو سیستمەوە دێت و گۆڕانی گەرەکە، ڕێگری بۆدەکرێت و پەمپیش دەدرێت، موحافیزکارەکان ڕێگرەکەو ئەوسەری ئۆپۆزسیۆنیش پەمپیان دەدا تا سەری بە فەتارەتێکدا بدەن. کەسی وا، لە هێڵی ناوەڕاستەوە، یان دەبێ سەربکەوێت، یان هەردوو لایەنی ململانێ توندەکەی کۆمەڵ لێی ناڕازین و بەرپەرچی دەدەنەوە.

بەس گرنگترین دەسکەوتێك خاتەمی هێنابێتی ئەوەبوو ترسی لە دڵی ئێرانییەکان نەهێشت و دەریچەیەکی دیکەشی بەنیزامی سیاسی و دەوڵەت بەخشی، یەکەمیان بۆ ئەوەی داخوازییەکانی خۆی دەربخات و دووەمیشیان پێداچوونەوە بە باوەڕی موتڵەقی خۆی بکاتەوە. باوەڕێك پێی وایە هەموو شتێك تەواوەو میللەت بۆ جۆرێك لەدەسەڵاتی سیاسی ڕام دەبێت.

خاتەمیزم »دەسکەوتێکی« کوردستانیشی هەبوو، هەرچەندە وشەی دەسکەوتەکەمان لەنێوان دووکەوانە داناوە، بەڵام ئەم دەسکەوتە لە کوردستانی ڕۆژهەڵات بێ کاریگەری نەبوو. جارێ کۆمەڵی مەدەنی و چالاکوانانی کوردەواری لە ڕۆژهەڵات بیانوویان کەوتە دەست کە بڵێن "ئاغای خاتەمی ئێمەش بەشێکین لە شارستانیی و شایانی ئەوەین گفتوگۆمان لەگەڵ دا بکەیت". جارێکی دیش کرانەوەی کۆمەڵی ئێران بەشی کوردستانیشی تێدابوو، ڕۆژنامەو کتێب و میتنگ و سازمان و ئەنجومەنی ئەدەبی و ڕووناکبیریی، بەشێکی بەرچاوی لێکەوتەکانی هاتنی خاتەمی بوو. ئەمە بۆ ڕۆژهەڵات هەتا بڵێیت وێستگەیەکی جەوهەری و تازە بوو، لەکوێ تەنها گۆڤاری سرو هەبێ، لەکوێ سروەو سیروان و ڕۆژهەڵات و زرێبارو ئاویەرو ئاشتی و مهاباد و گۆڤاری خوێندکاری لە زانکۆکانی دا هەبن؟ لەکوێ چالاکی دەوڵەتیی سنووردار بۆ کوردو لەکوێ ئەنجومەن و سازمانە ئەدەبییەکانی بەخۆرسکی لەدایك دەبوون و دەوڵەت و دەسەڵات هەر پێیان دەکرا ئیحتوای بکەن و لەژێر چاودێریدا بیهێڵنەوە؟

دەزانم لەروانگەی بزووتنەوەی کوردایەتی ڕۆژهەڵاتەوە پتر لەسەرنج و لەسەر ڕاوەستانێك شایانی جموجۆڵە فەرهەنگی و کۆمەڵایەتییەکانی ئەو بەشە لە نیشتمانی کوردانە، بەڵام ئەوانیش لەوەدا ناکۆك نین کە ڕاستە بزاوتەکە بەئیجازەی

دەوڵەت بوو و خاتەمی ئیمزای لەسەرکرد، بەڵام ڕەشنووس و داخوازیی و ڕوانینەکانی هی کوردی بێ غەلوغەشەو نیشانەیە بۆ دەورانێکی تری گەشەی کوردەواری کە سەرئەنجام کاریگەریی لەسەر بزووتنەوە سیاسییەکەش دادەنێ.

خاتەمی لە سەرئەنجامدا نەیبردەوەو مەیدانەکەی بۆ نەیارەکانی چۆڵکرد. بەڵام خاتەمیزم وەك یەك لەوێستگەکانی ڕابوونەوەی ئێرانییەکان ئیتر لەقومقومەکە دەرچوو و پەرەسەندنی ململانێی نێوان دوو بەرە لە ئێران فەسڵێکی ترە لە کۆششێکی بێ پسانەوە. دەرەنجامی ئەم ململانێیە بۆ ئێرانییەکان هەر چییەك بێت، ئەوە کە سەوزەکان خۆیان بە ڕەوتێکی جیا دەزانن، یان خۆیان و خاتەمییەکان هەر یەك لەشوێنی خۆیەوەو بۆ نیەتێکی جیا وێستگەی خاتەمیزم بە پێشینەی ریفۆرمی سەوزەکان نازانن، ئەوانە هیچیان خولیاو خەمی جێی نەزەری ئێمە نین، ئەوەی گرنگە بۆ کوردستانییان چاودێریی و دەست لەپشتدانی گەشەکردنی ناسیۆنالیزمێکی مەدەنی کوردەوارییە. کە مەیلێکی لە ڕادەبەدەری هەیە بۆ گوشینی شیلەی فەرهەنگی گەورەی ئێران بێ ئەوەی ئەم شارستانییە کەمەندکێشە لەئیستیحقاقە نەتەوەییە کوردستانییەکە دووری بخاتەوە.

پەرەسەندنەکانی قـــۆناغی خاتەمیزم، پاش ئەمە، لەچەند ڕووی تریشەوە بـــوونە مایەی دەوڵەمەندبوونی ئەدەبیاتی کوردایەتی:

-بە دیوی کوردستانی عیراقدا، جۆرێك لە هەژانی کلتووریی دروستکرد کە چۆن فەرهەنگی دەوڵەمەند دەتوانێت لە وڵاتێکی سیستم داخراوی وەکو کۆماری ئیسلامی باوەڕمەندیشدا شوێنی گەشەکردن بۆخۆی بکاتەوەو ببێتە شەپۆلێکی فیکری کەمەندکێشیش لەدەرەوەی جوگرافیای خۆی. بەتایبەت لەناوچەیەکی وەکو کوردستانی عیراق کە هەم ترسی لەئامادەگی سیاسیی ئێران هەیەو هەم لەوێستگە گرنگەکاندا پەیوەندی پراگماتی لەگەڵدا هەبووە.

-لەدیوی ڕۆژهەڵاتدا ئەدەبیاتی کوردایەتی دەوڵەمەند کرد، بەدوو ئاڕاستە:

هی یەکەم: تەحەددایەکی بەرەو ڕووی دەستەبژێری کورد کردەوە کە چۆن بەشێوەی عەقڵانی داخوازیی و ویستە کوردستانییەکان دەربڕن بێ ئەوەی تووشی گێچەڵی سیاسیی ببنەوە.

گوزارشت و دەربڕین بۆ ئامانجە ناسیۆنالیستەکان دوور لەزمانی ڕاستەوخۆی

شۆڕشگێڕی ئاستێکی بەرزی ڕەوانبێژی و دەوڵەمەندی زمان و دەربڕین دەخوازێت کە هەر لە دەستەبژێری کوردی ڕۆژهەڵاتی دەوەشێتەوە. ئەمە بڕینی قۆناغێکی سەخت بوو و بێ ویژدانییە ئەگەر بڵێین کوردانی ڕۆژهەڵات لێهاتووانە ئیدارەیان نەداوە.

هی دووەم: تەحەددایەکی تر و پێچەوانەی بەرەو رووی بزووتنەوەی شۆڕشگێڕی کوردستان (کوردایەتی لەمەنفای نیشتماندا) کردەوە کە چۆن شۆکی خاتەمیزم هەڵمژن. لەلایەك بڕێکی باشی وزەی شۆڕشگێڕی و ڕەوایی نەتەوەیی و دیموکراتی بپارێزن و لەلایەکی دیکەشەوە پەیوەندی لەگەڵ بە بزووتنەوە مەدەنییەکە درێژە پێبدەن و لێی دانەبڕێن. دروستکردنی هاوسەنگی لەنێوان پشتیوانی لەبزووتنەوەی مەدەنی لەناوەوەی وڵات و سەنگەر جیاکردنەوە لەبزووتنەوەی ڕەسمی وڵاتی ئێران مشتومالکردن و دەوڵەمەندکردنی زمان و ئەدەبیات و دەربڕینی گەرەکە کە بەشداری کوردایەتی لە ڕەوتی ڕووداوەکان و لەپەرەپێدانی هزری سیاسیدا، پایەدار تر دەکات.

کوردایەتیش لەهەمبەر ئەم پێشهاتانەدا کە لەناوەوەی وڵات بزووتنەوەی هەیەو دەوڵەت پەتی بۆ توند و شل دەکات، تەکانی گەورەی نوێبوونەوەو خۆپارێزی پێ دەوێت بۆ ئەوەی دەرەقەتی ئەرکەکانی قۆناغ بێت.

دیارە ئەم دەرکەوتانەی خاتەمیزم، کە ئێران بەرەو کرانەوەی ناوخۆیی برد، ڕۆڵی چاکی گێڕا لەبوژاندنەوەی کلتووریی و گیانی کوردایەتی لەو دەڤەرو ناوچانەی دیکەی ڕۆژهەڵات کە پێشتر وەك ناوچەی دەستڕۆیشتوویی کوردایەتی سیاسیی نە ناسراوبوون. رابوونەوەی کرماشان و ئیلام وەك تەقینەوەی بیرە نەوتی یەدەک وایە لەشوێنێك کە پێشتر ڕەچاوی وزەی وای لێ نەکرابێت.

ئێستا کوردایەتی لەو هێڵە ستراتیژییەی کوردستان، کە ناوچەی شیعەنشین و کلتوورێکی دەوڵەمەندی شارستانییە، سەدان هەزار شانەی نووستووی هەیە. ئەمانە ئەگەر لە هەر وەرچەرخانێکدا پێشڕەوی کوردایەتی نەکەن، ئەوا شان لەشانی ناوچە کلاسیکییەکانی جێی نفوز و قودرەتمەندی کوردایەتی دەدەن.

ئەگەر خاتەمیزم سکی ئاوسبووی کۆتایی سەدەی نیوەی دووەمی دوا دەیەی سەدەی بیست بوو بێت لێ بەرهەمی بەسەر سەدەی بیستویەکدا پەخش

و پەرێشان کردبێت، ئەوا ئۆردوگانیزم وەك وەرچەرخانێکی هێمن و لەسەرخۆ و بە ناوەڕۆکی سیاسەتی تورکیا، بەرهەمێکی خاڵسی سەدەی بیستویەکە چ وەك ڕاگەیاندنی دەستپێکی حزبی دادو گەشەپێدان و چ وەك هەڵکردنی مۆمێك لەتاریکایی نزیکەی سەد ساڵی لە رەشایی و زووخاوی کەمالیزمدا.

ئۆردوگانیزم لەکوێوە دەستپێکرد بێ و بەکوێ دەگات، ئەوەیان بابەتێکی قووڵە. هەڵسەنگاندنی شتێکی وا چۆن بگیرسێتەوە، ئەو راستییە ناگۆڕێت ئیتر تورکیای ئەمڕۆ ئەوی جاران نییە. سەدەی بیست بۆ تورکیا هی جۆرێك لەگرمۆڵە بوون و گومانکردن بوو لەهەموو شتێك، لەفاکتەری ناوخۆیی (نەتەوەکانی ناو دەوڵەتی عوسمانی)و فاکتەری دراوسێیەتی (یۆنان - سوریا، ئەرمینیاو یەکێتی سۆڤیەت و ئێران).

ئەوە کە تورکیا بەشێك بوو لەئۆردوگای رۆژئاوا و دوای بڕانەوەی شەڕی ساردیش دیسان رۆژئاوا پێویستی ستراتیژی خۆی بۆ تورکیا دەمەزەرد کردەوە، ئەمانە هیچیان شەفاعەتیان بۆ ترسی تورکیا نەکرد. کێشە بونیادییەکانی تورکیا وەك ناسنامەو وەکو جوگرافیایەکی نیگەران زۆر لەوە قوڵتر بوون پەرژینێکی نێودەوڵەتی پشتیوانی و هاوکارییکردنی قەرەبووی بەرامبەری بۆ بکەنەوە. بەتایبەتی کە ئەو پەرژینە نێودەوڵەتییە بێ نرخ نەبوو. لەگەڵێك وێستگەدا بەرامبەری وای داوا دەکرد دۆخی ئاڵۆزی ناوخۆیی ئەو وڵاتەی خراپتر دەکردو دەبووە ئەرکێکی سەربار لەسەر سیاسەتی تورکیا، پەرژینی نێودەوڵەتی، هەر بۆنموونە، لەچوارچێوەی مەنزومەیەکی ئایدیۆلۆژیدا حکومەتی ئەنقەرەی بۆ دژایەتی کۆمۆنیزم هاندەدا کە بەرامبەرەکەی، یەکێتی سۆڤیەت، ئەویش بەدەوری خۆی بێ کارتی گوشار نەبوو کە تا بەرپەرچدانەوە بیخاتەگەڕ، پەرژینی نێودەوڵەتی ئابووریی ئەو وڵاتەی بە رەوڕەوەی ئابووریی سەرمایەدارییەوە گرێدا بوو، کە ئەمەش لەناوخۆدا هەم ئیستحقاقی ئابووریی و هەم ئیستیحقاقی کۆمەڵایەتی و چینایەتی دروست دەکرد.

هەموو ئەم ئیستیحقاقانەش لەبەهرەی حکومەتەکانی ژێر سایەی ئینقلاب و عەسکەردا نەبوو چاریان بکات و رووبەڕوویان ببێتەوە. پرسی کوردستانیش کە بۆ تورکیا کێشەی کوردو کێشەی (تیرۆر)ە، ئەم پرسە لەناو بۆتەقەی حوکمی

شۆڤێنی و ئایدیۆلۆژیای کەمالیزمدا هیچ چانسێکی پێشکەوتنی و نزیکایەتی بۆ چارەسەر نەبوو.

بۆیە درۆیە ئەگەر تورکیا هۆی سەغڵەتبوونی لە پرسی کورد بۆ بابەتی (تیرۆر) بگێڕێتەوە کە تیرۆر نەتەوەی دیکەش دەتوانێ بیکات و ئایدیۆلۆژیای چەپ، یان ئیسلامی سیاسیی توندڕەویش، دەکارێت پەنای بۆ ببات.

سەغڵەتبوونی تورکیا لە پرسی کورد، سەغڵەتبوون بووە لە پرسیاری ناسنامەی دەوڵەتەکە و ڕەوایی جوگرافیاکەی و ئینجا لەو نرخە زۆر و زەوەندەی دەبوایە تورکیا بیداتە پەرژینی نێودەوڵەتی تا لەسەرکوتکردنی پرسی کورددا هاوکاری بکەن. تورکیای سەدەی بیست بەهەموو ئەم نەخۆشییانەوە چووە ناو سەدەی بیستویەکەوە، لەکەمالیزم تەکییەوە و خۆی تەسلیمی بژارەی ئۆردوگانیزم کرد. لێ لەپرسی کورددا هێشتا دابی کـەمالیزم حاکمە چ لەناولێنانی پرسەکەو چ لەنیگەرانی بەرامبەر جوگرافیاو ناسنامەی قەوارەی تورکیادا.

جا بەو پێیەی هەموو سوڵتانێك میرزاو هەموو ئایدیۆلۆژیایەك تیورسینێکی هەیە، میرزاو تیۆرسێنی سوڵتان ئۆردوگان و ڕێبازی ئۆردوگانیزم ساین ئەحمەد داود ئۆغڵۆیە.

ئۆغڵو، ڕاوێژکاری جێی متمانەی ئۆردوگان و ئینجا لە دەستکاری کابینەکەیدا وەزیری دەرەوەی حکومەتەکەی، لەچەندین نووسراوەو کتێبێکیشیدا وردەکاریی تیۆریی هێنانە سەرساجی عەلی کێشەکانی (زیرۆکردنی کێشەکان) هێنایە کایەوە، بەگوێرەی ئەم تیۆرییە تورکیا لەماوەی چەند ساڵی ڕابردوودا کێشەکانی خۆی لەگەڵ زۆربەی وڵاتانی دراوسێیدا یەکسان کرد بەسفر. لەوە دەچێ ئەم تیۆرە لەو جۆرە بێت کە مەگەر تەنها خاوەنەکەی جێبەجێی بکات، بۆیە داود ئۆغڵو چ ئەو کاتەی ڕاوێژکاریی سەرۆك وەزیران و چ ئێستا کە وەزیری دەرەوەیە، خۆی شانی دایە بەر پراکتیزەکردنی و ئیمزای خۆی لەسەر چەندین ڕەشنووسی ئاساییکردنەوە، چارەسەرکردنی کێشەکان و پەرەپێدانی پەیوەندییەکان لەگەڵ دەر و دراوسێکانی دانا، بەجۆرێك کە دەشێ ئەم هەڵپە دیپلۆماسییە بە پەلەترین کۆششی دیپلۆماتی لەناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست دابنرێت کە ناوچەیەکە دەتوانێت بە ئاسانی کێشە هەڵایسێنێ و بەزەحمەت پێی

دەکوژێتەوە.

عەرابی سفرکردنی کێشەکان وێستگەیەکی دیکەی لە تیۆرەکەی هێنایە مەیدان ئەویش تورکیای لە لایەنێکی کێشەکانەوە کردە لایەنێکی ناوبژیوان، ئەمە لە دۆسییەی عەرەب- ئیسرائیل، کێشەی ئەتۆمی ئێران و زۆر وێستگەی دیکەدا خۆی نواند. بەجۆرێك ئەگەر جاران ئەم وڵاتە کێشەی لەگەڵ ڕۆژئاوا هەبوایە ئەوا کێشەکانی بوو لەگەڵ دەرو دراوسێ کە پێی چارەسەر نەدەکراو بەسەر ڕۆژئاوادا، بەتایبەتی ئەمریکا، قڵپی دەکردەوە. کەچی ئێستا کێشەی لەگەڵ ئەمەریکا و ڕۆژئاوا تەنها ئەوەیە حکومەتەکەی ئۆردوگان و وەزیرە چوست و چالاکەکەی دەرەوەی خۆی لەکێشە ئیقلیمییەکانیش هەڵدەقورتێنێ و بەم دواییە لەنمایشی نیوعوسمانلیزمدا بۆتە وەکیلی عەرەب و فەلەستینییەکانیش.

بەڵام ئەم دەستپێشخەرییە تورکیاییە بۆ سفرکردنی کێشەکان لەئەرمینیا تا قەفقاس و بەرازیل ملی پێوەنا، لێ هەر خۆی لە دیاربەکر و کێشەکانی (یانی لەپرسی کورد) نەبان دەکرد.

ئەو قسەی کە کوردی ئێران بە خاتەمییان دەوت: برا! بۆ دەچی لەتوران و ئینگلستان بەدوای (گفتوگۆی تەمەدونها)وەی، خۆ لەسنەو مهابادو کرماشانیش گفتوگۆخوازی زۆر هەن، بەوەش ناچاریان کرد تەکانیك بداتە بەر خۆی، با سنوورداریش بێت، هەمان قسە کوردی دیاربەکر بە ئۆردۆگان و راوێژکارەکەیان وت (فەرموو، لەگەڵ ئێمەدا کێشەکانتان یەکسانبکەن بەسفر، نەخێر قەینا مەیسفرێنن، هیچ نەبێ نیواو نیوی بکەن، ئێوە موسڵمانن و ئەو پرەنسیپە دەزانن تا ماڵ وەستابێت مزگەوت حەرامە).

# بادانەوە بەلای رۆژهەلاتدا

کەس وەك کوردانی تورکیا لە زمانی دەوڵەتی تورکیا تێ ناگەن، بەتایبەتی وەختێك باس و خواسی دێتەسەر چارەسەری "راستییە کوردییەکە".

پتر لە بیست ساڵی رەبەقە، دە ساڵی کۆتایی سەدەی بیست و دە ساڵی سەرەتای سەدەی بیست، لەهەموو ئاستەکاندا وتار دەدرێ و نووسین دەنووسرێ و مەسج دەنێردرێت لەسەر پێویستی چارەسەری مەسەلەی کورد. بەشی هەموو مەسەلەی کورد لە تورکیا قسە لەو بارەیەوە کراوە، بەڵام دەرەنجامەکان زۆر لەوە کەمترن قسە لەسەر دەسکەوت بکرێت. کەمترن لە بنمێچی ریفۆرم و کەمترن لەتەمەنی درێژی پرسەکە و ئەو ئاڵۆزییانەی تووشی تورکیای کردووە.

راستییەکەی لاکردنەوەی ئۆردوگانیزم لەپرسی کورد چەند خەسڵەتێکی جێی سەرنجی هەبوو. یەکەمین شت درەنگکەوتنی لەچاو دەستپێکردنی پرۆگرامی بێ بایەخ کە هیچ ئەولەوییەتێکی نییە ئەگەر بەراورد بکرێت لەگەڵ مەسەلەی کورد (بۆ نموونە پرۆژەی ئازادکردنی حیجاب وەك یەکەم هەوڵی گۆڕانکاری دادوگەشەپێدان کە بەزوویی رووبەڕووی هێرشی عەلمانییەکان بۆوە). دووەم شت بنمیچی نزمی دەستپێشخەری کە لەچاو قورسایی کێشەی کورد هەر زۆر پڕ کەموکوڕییە (سیاسەتی کرانەوە بەڕووی کورد ناوەکەی بەپەلە گۆڕا و کرا بەکرانەوەی دیموکراتی و پاشان بووە یەکێتی نەتەوەیی) سێیەمین شت دەورەدانی ئەم کرانەوە شەرمنانە بەکۆمەڵێك ئیجرائی سەربازی و ئەمنی، وەك پەلاماردانی سنووری هەرێمی کوردستان و داخستنی دەتەپەو راونان و دەستگیرکردنی چالاکوانانی کورد کە سەدان منداڵی خوار تەمەنی هەرزەکاریان

تێدابوو. بەجۆرێك لە نرخ و بەهای ئاشتیخوازانەی پرۆسەی کرانەوەی کەمکردەوە، چوارەمین شت حکومەتی دادو گەشەپێدان کەسی لەکورد بە (موخاتیب) وەرنەگرت. نە دەستەی ئەحمەد تورك و نە پێی لەجەرگی خۆی نا تا بە ڕەسمی دان بە PKKدا بنێت و دوا هەنگاویش کە سەنگەری کوردایەتی و سەنگەری دادو گەشەپێدانی زۆر لێك دوورخستەوە راپرسی لەسەر هەموارکردنی دەستوور بوو. ئەوی لە (١٢)ی ئەیلولی ساڵی ٢٠١٠ سەری گرت، کەچی هیچی تێدا نەبوو دڵی کورد خۆش بکات. بۆیە دەسکەوتەکانی ئۆردوگانیزم لەم وارەدا کەمتر لەدەسکەوتەکانی ترە، وەك ئەوەی لە ئاستی ئیقلیمی و نێودەوڵەتی بەدەست هاتووە.

پێنجەمین شت ئەوەیە کرانەوەی تورکیا بەڕووی کوردی عیراقدا فراوانتربوو لەکرانەوە بە ڕووی کوردی ناوخۆدا، کە ئەم کرانەوە کوردییە عیراقییەش راستە کاریگەریی لەسەر کوردی ناوەوەش (کوردی باکوور) دەبێت، بەڵام هێشتا هەر دەچێتە چوارچێوەی سفراندنی کێشەکان لەگەڵ دەرو دراوسێدا (چونکە دۆزی کوردی عیراق ڕەهەندێکی عیراقیانەشی هەیە). بێگومان کوردانی دیاربەکر خۆشحاڵن بە کرانەوەی ئەنقەرە بەڕووی کوردانی هەولێردا، چونکە ئەم دوو پایتەختە بەسەد داوی نەتەوەیی پێکەوە گرێدراون، بەڵام تا کرانەوە بەڕووی دیاربەکر نەبێتە سیاسەتێکی قووڵی ستراتیجی، کە ئەمە زاراوەی خودی ئۆغلووە، کرانەوە بەرەو هەولێریش کاتی دەبێت و هەر کات دۆخەکە تێکچوو ئەویش تێکدەچێت، وەك بڵێیت هیچ رووی نەداوە.

لێ هیچ جوڵەیەك بێ دەسکەوت و کاردانەوە نابێت. کرانەوەی دیموکراسی دەرفەتێکی چاکی بەکوردستانی باکوور دا تاریفێکی تازەی مەسەلەی کورد بکاتەوە. هەڵبژاردنی رابردووی شارەوانییەکان و راپرسی لەسەر دەستوور، ناسنامەی کوردبوونی زەقکردەوە.

نە هەڵبژاردن بۆ ئەنجومەنی شارەوانییەکان کە دەرفەتە بۆ هێنانە پێشەوەی داوای خزمەتگوزاریی و نە ڕاپرسی لەسەر دەستوور کە دەرفەتە بۆ هێنانە پێشەوەی زیاتری دیموکراسی و ریفۆرمی سەرتاسەری وڵات، هیچ کام لەمانە نەیانتوانی ئەولەویەتی ناسنامەی نەتەوەیی لای کورد کاڵ بکەنەوە،

یان بیهێننە پلەی دووەمی خەموخولیای جەماوەرەوە. ئەمەش خۆی لەخۆیدا ئاماژەیە کوردستان هێشتا سەرەڕای دەیان ساڵی ئەتکردنی داگیرکاری تا ئێستا کچێنی ناسیونالیستی خۆی لەدەست نەداوە، بگرە ویستی ناسنامەی کوردی زەقبۆتەوەو لەجێی ئەوەی تواندنەوە کار بۆ تورکاندن ساغ بکاتەوە جۆرێك لەتەحەددای نوێی دروستکردووە، کوردستانییانی ئەویَ لە ئاستی تەحەدداکانن و دەبێ دەستەبژێری سیاسیی و کۆمەڵایەتی سەرئەنجام بێنە پای پشتیوانی لەیەکتری و لەکوردستان. ئەرکی دەستەبژێرە لەبەردەم پەرەسەندنی ئەدەبیاتی سیاسی نەتەوەیی سەردەست، وەك لە نموونەی تیۆرەکانی ئەحمەد داود ئۆغلۆدا باسمان کرد، لەهەمبەر ئاستە بەرزەکە پرۆژەیەکی کوردستانی نییە کە بتوانێت جەمسەرگیر و وەڵامدەرەوەی سیاسی بێت بۆ ئەو هەموو وەرگۆڕانە سیاسییەی لە وڵاتەکەدا قەوماوە. هەرچی تەیفی سیاسی کۆمەڵی کوردستانە، پێویستی بە پشتیوانی و بەرچاو روونییە بۆ ئەوەی خەباتی مەدەنی بەرێوشوێنی دیکە تێهەڵچێتەوە، نموونەی تەندروستمان بینی وەختێك لەدەمی کەینوبەینی دەستکاری دەستووردا پارتی کۆمەڵگەی دیموکرات و ئاشتی داوای قەوارەی ئۆتۆنۆم و هەرێمەکانی کردو ئەمەش ئەوەندەی تر داخوازیی چارەسەری مەسەلەی کوردی لەزیهنیەتی گشتیدا پەرەپێداو کارێکی کرد تێزە تورکیاییەکە، تێزی کرانەوە بەرووی کورد، لەچاویدا زۆر دواکەوتوو بێت و هێشتاش کێشەکە بێناز کەوتووە.

بەڵام ئایا کەڵکی سیاسەتی نوێی تورکیا تەنها لە ئەندازەی نزیکی، یان دووریەتی، لە مەسەلەی کورد؟ یاخود مۆدێلەکەی ئەوان هی ئەوەیە کوردیش بە دەوری خۆی کەڵکیان لێ وەربگرێت. کەڵك وەرگرتنێك بە گرژییەوە نەبێت، گوایە داگیرکەران هیچییان نییە شایانی کەڵك لێ وەرگرتن بێت.

داگیرکەر و بەرپەرچدانەوەی داگیرکاری بەرێوشوێنی خۆی و کەڵك وەرگرتن لە سیاسەت و تەگبیرەکانی وەك مۆدێلی تاقیکراوەی کاری سیاسی بەرێو شوێنی خۆی.

دیارە لێرە قسە لەسەر کەڵکە، نەك لاساییکردنەوە کە لاساییکردنەوە نەشیاوە تەنانەت ئەگەر لاساییکردنەوەی مۆدێلی سەرکەوتووی دۆستەکانیشمان بێت.

لەم رووەوە پێموایە تیۆری (سفراندنی کێشەکان) دیوێکی براگماتی هەیە کە دەشێ ئێمەش لێی بکۆڵینەوە.

سەیر بکەن ئەندێشەی تورکیزم لەخەیاڵی خۆیدا وا سەیری کوردستان و کەرکوکەکەی دەکات کە بەشێکی ویلایەتی لە دەستچووی مووسڵە. کەچی وا مامەڵە دەکەن کە دەبێ کورد لە هەرێمدا قەتیس بکرێ و کەرکوکیش سەر بە بەغدا بێت، واتا ئەندێشەی تورکیا شتێکەو سیاسەتی براگماتی تورکیاش شتێکی ترە. ئێمە دەزانین بۆچی تورکیا دەخوازێ کەرکوك سەر بە بەغدا بێت، نەك کوردستان، چونکە ناخوازێت کورد لەوە قودرەتمەندی زیاتر وەربگرێت کە ئێستا تورکیا پێی وایە هەیەتی.

لەگەڵ ئەوەشدا تورکیا بەشێوەیەکی براگماتی مامەڵە لەگەڵ واقیعی سیاسیدا دەکات، واقیعێك کە ناتوانێت ویلایەتی مووسڵی بۆ بگەڕێنێتەوە. بۆیە دەیەوێت دۆستی ویلایەتی دابەشکراوی مووسڵ بێت: لەلایەك دۆستی هەرێم بێت و لە لایەکی تریشەوە دۆستی کەرکوکی سەر بە ناوەند بێت.

مەبەستم لەم نموونەیە ئەمەیە نابێ بزووتنەوە سیاسییەکان و دەوڵەتان ئەندێشەو جەبری واقیع تێکەڵ بکەن.

گەلێك جار ئەندێشە لە جێی ئەوەی ببێتە ئەنگێزە بۆ داهێنان و گۆڕین لە سیاسەت دەبێتە لەمپەڕو رێگری. بۆ کورد گرنگە کراسێك لە رەفتاری سیاسی داگیرکەرانی دادڕێت. لەوانەی سەدان ساڵە بۆیە حاکمن، چونکە وا سیاسەت دەکەن کە ئەندێشەو واقیع تێکەڵ و پێکەڵ ناکەن. ئەو مەسجە بێگومان رووی لەو کوردانەیە لەبەر کوردستانێتی رەهای کەرکوك ناتوانن سیاسەت بکەن بۆ کوردستانێتی کەرکوك، ناتوانن قۆناغبەندی کوردستانێتی کەرکوك دابهێنن. خەواجە ئۆغلۆی خاوەنی بیرۆکەی سفراندنی کێشەکان دەڵێت نەخشەی جوگرافی بە ئێمە ناگۆڕێت، خزممان لەمبەر و ئەوبەر هــەیە. بۆیە لەڕێی پەیوەندی باش بە دەوڵەتانەوە پەیوەندی خۆمان لەگەڵ خزمەکانمان پەرە پێ دەدەین و پێشی دەخەین.

ئێمەی کورد دەبێ نەخشەکە بگۆڕین لێ ئەو ستراتیژە نابێ ببێتە مایەی پەکخستنی پەیوەندیمان لەگەڵ خزمەکانمان، نابێ خزمەتی خزمەکانمان لە

کەرکوك، لە دیار بەکر و لە سنە لەسەر گێڕانەوەیان بۆ سەر کوردستان، جا کوردستانی (هەرێم) بێت، یان کوردستانی "گەورە"، پەك بخەین.

وێنەکە لەپانتاییە عیراقییەکەدا، دیوێکی زۆر رووناکەو دیوێکی دیاری زۆر تەڵخە. رووناکییەکە هی ئەوەیە ئەدەبیاتی سیاسی عیراق بە یاساو دەستوور گۆڕانی تێدا کراوە، ئەمەش رەنگە سەرئەنجام گۆڕانکاری لە ئەدەبیاتی سیاسی حزب و نێوەندە سیاسییەکانی عیراق دروست بکات. چونکە سەرئەنجام بڵاوبوونەوەی ئەو کەلتورەی لە دەستوور وەك یاسای بنەڕەتی عیراق، هاتووە کار لەسەر بیرکردنەوەو خیتابی سیاسی هەڵسوڕاوە سیاسییەکانی وڵاتیش دەکات. دەنا لە بنچینەدا هێزە عیراقییەکان لەبارەی ئەندێشەی فیکری و تێگەیشتن لە ئالۆزییەکانی پێکهاتەی عیراق زۆر زۆر هەژار وبێ دەرامەتن. نموونە بۆ ئەوە لە دوای رووخانی رژێمەوە وەختێك حزب و رێکخراوە عیراقییەکان بەرنامەو خیتابی سیاسی خۆیان بۆ یەکەم هەڵبژاردنی پێش دانانی دەستووری وڵات (هەڵبژاردنی ٢٠٠٥/١/٣١ کە لەسەر بنچینەی یاسای بەڕێوەبەردنی دەوڵەت بەڕێوە چوو) ئاشکرا کرد، کەمترین روونکردنەوەو دونیابینی تێدا بووە لەسەر مەسەلەی کورد، مەسەلەی کەرکوك و رێوشوێنەکانی چارەسەرکردنی کێشەی سنووری نێوان هەرێمەکان و دابەشکردنی دەسەڵاتەکان. کە ئەمانە جەوهەری کێشەکانی عیراق پێکدێنن و ناسنامەی دوا رۆژی عیراق دیاری دەکەن. ئەو هەژارییە فیکرییە سیاسییە کە دەشێ ناوی بیرکردنەوەی سادەی لێ بنێین بەرهەمی بیابانی بێ سەوزەڵانی سیاسەتی عیراقییە لە چەند دەیەی رابردوودا کە نوقمی تاکڕەوی دیکتاتۆری و مەنگی سیاسی بوو بوو. ئەم بێ بەهرەییە لە بواری فیکری و بواری دۆزینەوەی چارەسەر بۆ تەنگژە قوڵەکانی وڵاتەکە. بۆ جاران و بۆ لەمەودواش، هەڕەشەن لەسەر دۆزینەوەی رێوشوێنی بنیادنانی ناسنامەیەکی کۆکەرەوە بۆ هەموو عیراقییەکان.

بە ئاشکرا دەرکەوت تەنانەت هێزە ئۆپۆزسیۆنەکانی دژە تاکڕەوی حوکمی بەعس بوون، بە دەستەبژێرە خوێندەوارەکانیشەوە لەبیری باوی سەدەی بیست دەرباز یان نەبوو. لەوانەش کەنعان مەکیە کە روانین و بیرکردنەوەی نوێی لەسەر عیراق پێ بوو، کەسێك بوو لە دوو کتێبی (کۆماری ترس) و (زەبر و

بێدەنگی )دا نەخشەکێشی عیراقێکی جیاواز تر بوو، کەچی ئەویش لە گەرمەی کارکردن بۆ رووخانی سەدامدا بەزمورەزمی (ئومەی عیراقی) هێنایە پێشەوە کە دەستەواژەیەکی تەواو جیاواز بوو لەو گرێبەستە سیاسی و فیکرییەی عیراقییەکانی تاراوگەو دەرەوەی دەسەڵاتی بەعس، رێکەوتبوون لەسەری، گوایە ئەگەر بەعس چوو، ئیتر لەگەڵ ئەودا هەژاری و خیتابی سیاسی بیرکردنەوەی سادە بنەو بارەگەیان دەپێچنەوەو فەرِی فیکری و مەنزومەیەکی مورەکەبی دەوڵەمەند جێیان دەگرنەوە.

بەداخەوە ئەم جۆرە هەژارییە ماڵوێرانکەرە تارِادەیەك رۆلیشی گێرِا لە چەقبەستنی خیتابی سیاسی کوردی و بەهەژار مانەوەی ئەدەبیاتی کوردایەتیش. چونکە خیتابی سیاسی هەر گروپێك وەك ئاستی یاریکردنی تیپێکی فوتبۆڵە کە تەنها مەشقی خودیی ئاستەکەی ناپارێزێت، بەڵکو ئاستی ئەو تیپانەی دیکەش کە ئەو گەمەیان لەگەڵ دەکات و لەگۆرِەپاندا تیپی رکابەری ئەوەن ئەوانیش کاریگەرن.

بەریەککەوتن و رکابەری رۆڵی گەورە لە دەوڵەمەندکردنی ئەزموونداد دەگێرن. کوردایەتی کە جاران بە بەریەککەوتنی زبر رکابەری، لەگەڵ سیاسەتی عیراقیدا دەکرد ئێستاش لەسەردەمی دیموکراسیدا هەر رکابەرە لێ لە چوارچێوەی گەمەی دیموکراسیدا. ئەگەر دەستەی بەرامبەر، کە بریتین لەهێزە عیراقییەکان ئەندێشەی سیاسی و تەکنیکی کارکردنی خۆیان دەوڵەمەند نەکەن، کورد جگە لە زیانی بەریەککەوتن کەمترین دەستکەوتی ئەزموونداریشی بەرناکەوێت. حاڵەتێك پێچەوانەی ئەوەیە کە لە تورکیای سەردەمی ئۆردۆگان و ئێرانی سەردەمی خاتەمیدا قەوما. لە بەریەککەوتنی کورد لەگەڵ ئۆینبازی و بیری دەوڵەمەندی خاتەمیزم و ئۆرگانیزمدا بزووتنەوەی کوردایەتی ئەزموونی دەوڵەمەندی وەرگرت بێ ئەوەی ناچار بێت سەنگەرە قایمەکانی کوردایەتی خۆی بەجێبهێڵێت.

بەداخەوە لەم بەشەی عیراقدا، دەستەبژێری دەسەڵاتدار لەناو بەغدا کەمترین ئەنگێزەی فیکری و سیاسییان هەیە و دەرەنجام کورد جگە لە دەستوور کە بەڵگەنامەیەکی فیکری دەوڵەمەندو گرێبەستێکی سیاسی ناوازەیە هیچ فێر

نەبوو لە پێکدادان لەگەڵ بەغدا. مەعلومیشە دەستوور چەند بەرهەمی فیکرێکی عیراقییە ئەوەندەش دەرەنجامی گوشاری ئیجابی و بەشداری نیواونیو زیاتری فاکتەری ئەمەریکایە لە پرۆسەی داڕشتنەوەی ناسنامەو پێکهاتەی دەوڵەتی عیراقدا.

دەبێ بۆ زانینی ئەوەی کە عیراقییەکان تا چەند بەشدارو باوەڕمەندن بەم گرێبەستە مێژووییە چاوەڕێ بین، داخۆ دوای چوونەوەی سوپای ئەمەریکا بۆ وڵاتی خۆی هێزە عیراقییەکان و دەستەبژێری سیاسی بەغدا تاچەند وەفاداری دەبن؟

# دیمەنەکە لە کوردستان

سێ ساڵ لەمەوبەر لەشوێنێکدا نووسیبووم کوردستان ئاوسە بە گۆڕانکاری گەورەو هەژێنەر، هەر ئەوەی ماوە بابەتێك بەر یەککەوتنی لەگەڵدا بکات تا ژانی لەدایکبوونێکی نوێ بیگرێت، ئێستا دوای سێ ساڵ لەو هەموو ژان و ئازارو گۆڕانکارییە دراماتیکییە کە زەحمەتە بڵێین هەمووی خراپ بوو، ئێژم کوردستان دواچۆڕی وزەی گۆڕانکاریی و وەرچەرخانی هەڵمژی و ئیتر تا دەورانێکی تر، دەرەنجامی پەنگخواردنەوەی هەژانی دەروونی جیاواز، گرتەیەکی دراماتیکی نابینینەوە.

لەمێژە کودەتا و دوای ئەوەش شۆڕشی خوێناوی و نمایشی رابوونێکی رادیکاڵی چانسیان رووی لەکزییە، بەڵام ئەمە مانای ئەوە نییە هەموو شتێك لەبەرەی کوردستانی ئەم جیهانە پڕ جەنجاڵەدا هێمن و لەبار و لەسەرخۆیە.

بۆ کەسێکی وەك نووسەری ئەم نووسراوەیە کە تا بیناقاقای بەدڵۆبەگیان بەشداری مشتومڕ و رەدوبەدەلەکانی ئەم چەند ساڵەی نێوەندی سیاسی و رۆژنامەوانی کوردی کردبێت، دژوارە بتوانم هەڵسەنگاندنێکی بابەتییانە بکەم بۆ ئاڕاستەی رووداوەکان و رۆڵی کارەکتەرەکان لەپێشخستن، یان پاشەکشێ پێکردنی پەرەسەندنەکانی وڵاتدا، بۆیە هەر داخوازییەك لێم بکرێت سەرم لەڕێیەتی، ئەمما پێشبینی ئەوە بکرێت لایەندار نەبم لەگێڕانەوەی رێڕەوی ئەو رووداوانەی ئەم سێ ساڵە ئاوسە، وا دەزانم ئەمە زوڵمێکی مەزن و شاشییەکی گەورەیە، لەبەر ئەمە ئەگەر لە لاپەڕەکانی پێشوودا ناکۆکن لەگەڵمدا ئەوا بۆ بەشی ناوەکی سیاسەتی کوردستان هەر زۆر لەگەڵم دژ و ناکۆك دەبن، بۆ

نموونە لەئاقیبەتدا وایدەبینم وزەیەکی گەورەی گۆڕانکاری لەدەست نوێخوازو گۆڕانڤانە راستەقینەکە رفێنراو لە ململانێیەکی تەواو دەروون حزبیدا بە هەدەر درا، جائیتر با تەنانەت گۆڕانڤانە راستەقینەکان خاوە خاویان کردبێ و لەجێبەجێکردنی ئەرکەکە سست و خەمسارد بووبن، کردنی گـــۆڕانکاری بەدروشمێك بۆ ململانێ و رکابەری حزبی هەم زوڵمە لە ئاوات و خواستەکانی گــــۆڕانکاری شێنەیی و هەمیش زوڵمە لەو رکابەرە سیاسییەی زوومی ملـــملانێکە زیاد لە هـــەر شوێنێکی تر رووی لەو بوو. دەشکـــرێ بڵێم تەنانـــەت زوڵمە لەو هێڵە سیاسییەی بەرڤاندنی ئاواتی گـــۆڕانکاری و نـــوێبوونەوە زیانی بەخۆی گەیاندو بەردێکی گەورەی هـــەڵگرت کەپێی دانەنرایەوە، هیچ نەبێ تا لەدانوستان و یەکلایکردنەوەی ململانێکەدا وەك دەسکەلا بەکاری بێنێت، بەڵام دەرکەوتنی بزووتـــنەوەی گۆڕان جیا لەوەی بزووتـــــنەوەی دیموکراتی کـــوردستانی جـــوولاندەوەو ململانێکەی گەرمکرد، دەبێ بڵێم وەك نـەیارێکی سیاسی ئەو بـــزووتنەوەیە کەقسوریم لەڕەخنەگرتنی نەکرد، دوو خێری چکۆلەی دیکەشی تێدابوو:

-بۆ یەکەمجار دەریخست کە کۆمەڵی کوردستانی خاوەن شتێکە کە هەندێك دەیانەوێ بیگۆڕن و هەندێکی دیکەش دەیانەوێ بیپارێزن و لەو ناوەڕاستەشدا هەن کە دەیانەوێ ئەوی بەدەستهاتووەو باشە بیپارێزن و پەرەی پێبدەن و ئەوی بێ کەڵکە بیـــگۆڕن. لەبـــەر ئەوە دروشم و خیتابە سیاسییەکـــانی رکابەران لەمەودای ئـــەو سێ بەرەیەدا لەهەڵکشان و داکشاندا بوون.

-کوردایەتی خستە بەردەم تاقیکردنەوەیەکی هەستیارەوە کە داخۆ تا چەند دەتوانێ لەبەردەم بەرپەرچدانەوەی ناوچێتی و شارچێتیدا، لەبەردەم پاشەکشێی نەتەوەییدا خۆی رابگرێ و نەکەوێت، هەم قودەرتمەندی بەردەوامێتی و هەم سینگ فراوانی قبوڵکردنی روانینە جیاوازەکانی هەبێت. با ئەو روانینانە، وەك گوتمان، لەچاو ستراتیژە کوردستانییەکە پاشەکشێی شارچێتی بێت.

لێ جموجوڵی سیاسی لەکوردستان بەو هەموو پەرەسەندن و لایەنە ئیجابییەشی دەرکەوتی سەلبی هەبوو کە دیارترینیان مل ئەستووربوونی شەپۆلەکانی ئیسلامی سیاسی، میانڕەوی لەبنەوە، بوو.

لەنزیکەی پانزەساڵی رابردوودا ئیسلامی سیاسی میانڕەو گەلێك زۆرانبازی پەنهانی کرد، بەڵام لە دوو سێ ساڵی رابردوودا ئیسلامی سیاسی لەمینبەری سیاسی و ئیعلامیانەوە ئیتر شەرمەکەیان شکا، پاڵپشت بەو ململانێ سیاسییەی هاتە ئاراوەو بووە مایەی دڵ رەنجانی خەڵك لە حزبە سوننەتییەکان، ئەم رەوتە وردە وردە مەیلی توندڕەوی و تۆنی بەرزی دەنگیان ئاشکراکردو پێ بەپێی گەشەی ململانێ سیاسییەکان خۆیان ئیدارەداو تینیان دایە بەرخۆیان. نەك هەر ئەمە، بەڵکو لەزۆر وێستگەو شوێندا ئیسلامییەکان بوونە سەرقافڵەی تێکوپێکدانی ژینگەی سیاسی و بەدەمامکی هێزی ترەوە هەموو شتێکیان کردە دەسکەلا بۆ بەدەستهێنانی پێگەیەکی واوەتر کە لەئامانجە هەرە دوورەکانی ئیسلامی سیاسیدا خۆی دەبینێتەوە.

لەم زۆرانبازییەدا ئیسلامی سیاسیی دریغی نەکرد لەگرتنەبەری رێوشوێنی نیمچە ناجۆریش وەك دنەدانی تەیفێك لەبڵاوڤۆك و مینبەری میدیایی کە باچکاری لەکایەی سیاسیدا دەکەن بەناوی رەخنەوە، لێ لە بنچینەدا رەخنەکان ئەنگێزەیەکی ئایدیۆلۆژیان لەپشتە بۆ سووك و بێ ئیعتبارکردنی بزووتنەوەی کوردایەتی لەرێی (خەتەنە لەبنای) کارەکتەرەکانی ئەو بزووتنەوەیەو ئامادەسازی بۆ شوێنگرتنەوەی بزووتنەوەکە بە بزووتنەوەیەکی ئایدیۆلۆژی تر، ئەوی موژدەی بەهاو نرخگەلێکی تۆتالیتاری پێبێت. بەمجۆرە کوردەواری کە خەریکبوو دەرەنجامی قاڵبوونەوەی بزووتنەوەی کوردایەتی، بەشێنەیی لەبەز و چەورییەکانی ئایدیۆلۆژیای بان چەپ و توندڕەوی فیکری دەربازی دەبوو، دەویستری لەملاوە لەژێر تایتڵی "ئیسلام چارەسەرە"دا جارێکی تر گیرۆدەی یەك دونیابینی بەرتەسك بکرێتەوە کە کەرەستەکانی ئازادی و دیموکراتی بەکاردێنێت بۆ دەستبەسەرداگرتنی بزووتنەوەی سیاسیی کوردستان و دواتر لابردنی پەیژەکە تا کەسی تر نەتوانێ سەربکەوێت.

هیچ شۆخی و قوربان بەساقەتمی ناوێت بۆ ئەوەی دەریچەیەك بدۆزینەوە رەخنەکاری ئەو رێڕەوە ئایدیۆلۆژییەی پێ بکەین کە تەنها بەناوی ئیسلامەوە دەخوازێت تەواوی کایەی سیاسی وڵات داگیر بکات، دەزانم ئیسلام بزووتنەوەیەکی سیاسییەو لەوەدا گرفت نابینم کە رەوتی ئیسلامی سیاسەت

بكات لەچوارچێوەی زۆرانبازی دیموکراتیدا، مەترسی لەوەدایە ئیسلامی سیاسی وەك ئایدیۆلۆژیا دنیابینییەکانی تر رەتبکاتەوەو زۆرانبازی دیموکراتی بەیارییەکی کاتی بزانێت، نەك بژارەیەکی ستراتیژیی. ئەمە مەترسی گەورەی ئایدیۆلۆژیایە، تەنانەت ئایدیۆلۆژیای چەپیش هەر ئەو مەترسییەی لێ چاوەڕواندەکراو دەکرێت بەرەچاوکردنی ئەوەی ئایدیۆلۆژیای چـــەپ رەهەندێکی رۆحی و باوەڕمـــەندی وای نییە کە مـــەترسی داگیرکردنی رۆحی ئینسانەکانی لێ بکرێت. لەکۆمەڵی رۆژهەڵاتیدا کە کانگای ئایین و باوەڕە رۆحییەکانە، وەك تیۆرییەکانی شێوازی بەرهەمهێنانی ئاسیایی ئێژن، بەهۆی ئەو فەزا رۆحییەوە رۆژئاوا فەیلەسوفی بەرهەمدەهێناو رۆژهەڵاتیش پەیامبەر.

ئەمە خۆگێلکردنێکی گەورەو شرۆڤەکردنێکی رووکەشانەیە کە بڵێین ئیسلام دەبێ بچێتەوە بنەو بارەگا رۆحییەکانی خۆی و دوور بێت لەسیاسەت و شەئنی گشتی کۆمەڵگەوە، بەڵکو پێویستە بڵێین هێزە ئیسلامییەکان، کە ئیسلام دەکەنە ئایدیۆلۆژیا بۆ خۆیان، پێویستە واز لەو مەیلە ئایدیۆلۆژییە بێنن کە دونیا دەکاتە ماڵباتی خێرو ماڵباتی شەڕ، دەبێ واز لەوە بێنین ئەو رەوشەی ئێستا بە پشووی کاتی جەنگاوەر بزانن و لەدەمێکی تردا جەنگی مەغلوبە بەرپابکەن، ئەم دنیابینییە ئایدیۆلۆژییە بۆ تەیفی ئایدیۆلۆژیای چەپیش راستەو هەروەك بۆ ئەو وزە ئایدیۆلۆژییە ترسناکەش راستە کە دونیای کوردەواری چەندساڵی رابردووی بەسەر ئێمەو ئەواندا دابەشکرد، جا لەکاتێکدا مەنگەنەی زۆرانبازی دیموکراتی و پرۆسەی رەخنەکاری بەردەوام لەدەستی دێت وزەی توندڕەوی لەئایدیۆلۆژیای چەق و رەوتی ئێمەو ئەواندا بەتاڵ بکاتەوەو لەناو کایەی ململانێدا، ئاساییان بکاتەوە، ئەوا دەبێ جیهادێکی گەورەش بەرپابکەین بەرامبەر بەو ئیسلامییە سیاسییە ئایدیۆلۆژییەی هەم دابەشکردنێکی ئایدیۆلۆژی قووڵ بەسەر کوردەواریدا دەسەپێنێ و هەمیش فەزای رۆحی و پێشینەی دینداری خەڵك بۆ ترساندن و داگیرکردنی رۆحی دەخاتە کار.

رەنگە هەشبن بپرسن: بۆچی بۆ وەزن و قافیەی شیعری، بۆ رەخنەگرتن

لەئایدیۆلۆژیای ئیسلامی سیاسی، زبرو قسە رەقیشم بەرامبەر بە ئایدیۆلۆژیای چەپ و بزاوتی گۆڕاندا؟

بۆ چەپ بە تاوانی ئیسلامگەرییەوە دەستگیر دەکەم؟

راستییەکەی پێموایە هەمووتەیفێکی ئایدیۆلۆژیی خۆراکی لەیەك شوێنەوە بۆ دێت، گەر وانییە بۆچی بەشێکی دیاری تەیفی چەپ لەدونیای عەرەبی و ناوچەکەدا روویانکردە ئایدیۆلۆژی ئیسلامەتی؟ چوون حزبی کاری ئیسلامی لەمیسر کە لە مارکسیزم هەڵگەڕایەوەو بووە ئیسلامی؟

راستێکەی زەحمەتە بێژین (هەڵگەڕایەوە)، ئەمانە بەرگی زستان و هاوینەی ئایدیۆلۆژیان و هەر یەك کەس و بۆ یەك مەبەست لەبەری دەکەن، فەزای ماڵباتی خێرو شەڕ جۆرێك لەمارکسیزمی ئایینی بەرهەمهێناو هەر ئەو فەزایەش جۆرێك لەئایینداری مارکسیستی دنە داوە.

جا ئەگەر هەندێك جار دەبینین بابایەکی ئایدیۆلۆژیای چەپ شەڕە شمشێریەتی لەگەڵ بابەیەکی ئایدیۆلۆژیای ئیسلامیدا ئەوا دەبێ هەقمان بەسەر گەمەی واوە نەبێ، چونکە دوو ئەندامی یەك بنەماڵەی توندڕەوین و لەیەکتری ناخۆن، بگرە شەڕیان لەسەر بنچینەی (شتە لێکچووەکان - بەریەك دەکەون). جا ئیسلامی سیاسی رێك لەم دەریچەیەوە، لەم فەزا ئایدیۆلۆژییەی کوردستانەوە، زۆرانبازی سیاسیی قۆستەوەو ئەویش بەدەوری خۆی هەوڵی فروانکردنی (ئێمەو ئەوان)ی خۆی دەدات.

گرفتی دیار لەبەردەم ویستی زۆرانبازیکردن لەگەڵ ئەم تەیفە ئایدیۆلۆژییەدا ئەوەیە کە هێزی ئامادەباشی بۆ لەقاودانی فەزای ئایدیۆلۆژی، کە لێرەدا یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان لەهەمووهێزێکی تر لێوەشاوەیی ئەوەی تێدابوو، تووشی کۆمەڵێك زام و برینی ئەوتۆ هات کە چاوەڕێ دەکرا لەدوا کۆنگرەی خۆیدا، کۆنگرەی سێیەم لە (٦/١ بۆ ٢٠١٠/٦/١٢) سازکرا، تیماریان بکات. لێ بەداخەوە دوا کۆنگرەی یەکێتی توانی بەرنامە بگۆڕێ و شەرعیەتێکی دیموکراتی بداتەوە بە سەرکردایەتی حزبەکە، بەڵام نەیتوانی ئیئتیلافێکی گونجاو پێکبێنێت لەنێوان ئەزموونی قاڵبووی سەرکردایەتی مێژوویی حزبەکە و وزەی نوێخوازی کە بۆ راییکردنی ئەرکی قۆناغی داهاتوو پێویست

بووه. لەم برگە زەمەنییە هەستیارەدا ئیئتیلافێکی وا پێویست بوو، هەم بۆ تێهەڵچوونەوەیەکی نوێی سیاسەتی کوردستانی لە ڕێی کارەکتەرێکی سەرەکی گۆڕەپانی سیاسییەوەو هەم بۆ ئومێد بەخشین و ئیلهام پێدان بە نەوەی دوای راپەڕین کە پتر لە ئاڕاستەیەکی ئایدیۆلۆژیی تەماعی تێکردو لەجەنگە بێهودەکانی خۆیدا بەکاری بردن. لەپێش کۆنگرە لەنووسیندا پرسیبووم ئایا یەکێتی چاکسازی دەکات بە پێی ویست یان بەپێی پێویست؟ واتا بەپێی ئارەزووی خۆی یان بە پێی پێویستی قۆناغی تازە. بەداخەوە ویست سەری گرت نەک پێویستی.

بەڵام ئەوە تەنها گرفتێکی رەهەند حزبییە کە دەشێ کوردەواری لەڕێی جموجۆڵی ناو هەناوی خۆیەوە کەمێك تەکان بداتەوە بەر ئەو وزە سیاسییەی ناو گۆڕەپانی کوردایەتی و دەرەنجامی زۆرانبازییەکە خۆی، نوێبوونەوەو بوێری بخاتەوە بە بەریا.

ئەگەرچی ئەمە رێگەیەکی ئاوریشمینی نییە بۆ نوێبوونەوە لەڕێی یەکێتییەکی هیلاکی قۆناغی رابردوودا، بەڵام دوورنییە. چونکە رەنگە بشێت کە ژیان بێ هیوا بەسەر ببرێت، بەڵام سیاسەت و زۆرانبازی، لەشەئنی گشتیدا، قەت بێ هیوا هەڵناسوورێت.

بەڵام سیاسەتی کوردستانی تەنها گرفتی تەداروکاتی بەرپەرچدانەوەی ئیسلامیی سیاسیی و ئایدیۆلۆژیای نیمچە میللیگەرایی نییە، بەڵکو گرفتی ماندووبوون و بێتاقەتی چینی فەرمانڕەواشی هەیە. هەڵبەت بێتاقەتی پتەوکردنی بنکەی ئیمتیازو دەسەڵاتی ئابووریی خۆیان ناڵێین، کە ماشەڵای لێبێت لەم بوارەدا بێ قسوورن، بەڵکو ماندووبوون و بێتاقەتی لەوەدا کە سیاسەتێکی زیندووی ئیلهامبەخشیان هەبێت کە هەم ببێتە مایەی گردبوونەوەی خۆیان لەدەوری ئامانجێکی شایانی ئەوتۆ هاوکێشەی (جیاوازی شێوەی کارو یەکێتی ئامانجی نەتەوەیی) دابین بکات و هەمیش ببێتە چانسێکی نوێ بۆ کۆمەڵی کوردەواری و دەریچەیەکی گونجاویش بۆ لابردنی چەوری و بەزی زیادی سەر ورگ ولاشانی ئەم چینە فەرمانڕەوایە کە کەلچەرێکی بێتامی مشەخۆری و زۆنێکی خۆجیاکەرەوەی شێوە ژیانێکی درۆزنانەی چاولێکەری پەرەپێداوە.

ئەم کەڵچەرە مشەخۆرییە نیشانەکانی داهێزرانی هەموو چینێکی فەرمانڕەوا بوون لە هەموو ئەزموونێکی دونیاو بەتایبەتیش هی دونیای سێدا کە دواجار سەری هەموو لایەك دەخوات و بۆ کوردەوارییەك، کە تازە ماڵباتی خۆی پێکەوە دەنێت، هەڕەشە لەکۆی ئەو چانسە دەکات کە بەکورد دراوە کەچی بەهۆی خۆمانەوە وا لەدەیەی یەکەمی سەدەی بیستویەکدا خەریکە تۆپتۆپێنی پێدەکرێت. مەترسی ئەم کەڵچەرە لەوەدایە کە بیانووی داگیرکەران و نەیارانی بژارەی کوردستانی سەربخاو قسەی وان سوار بکات کە دەڵێن کورد ئیدارەی خۆی پێ ناکرێت.

دۆخی وا ئیمپراتۆریای گەورە گەورەی مێژوویی تێکداو داروخان کە تەجرەبەی کوردستان لەچاویا رۆژێکە لە مێژوویەکی دووردرێژی قودەرەتمەندی مەزنە دەوڵەتەکان.

پێویستە بگوترێ باسکردن لەکەڵچەری مشەخۆری لەناو چینی فەرمانڕەوا تەنها تانەو رەخنە نییە لەبەشێکی حوکمڕانی، یان ئەوەی ئۆپۆزسیۆن پێی خۆشە ناوی لێ بنێت (دەسەڵاتی کوردی)، چونکە چینی فەرمانڕەوا مانایەکی فراوانە کە دەستبژێری سیاسیی و ئابووری و دەسترۆیشتووانی کوردەواری دەگرێتەوە، بە دەسەڵات و ئۆپۆزسیۆنیشەوە و ئاوا بە پۆلێنکاری رووکەشانە ناتوانن شانی خۆیان لەبەرپرسیارێتییە گشتییەکان خاڵی بکەنەوە. هەر لێرەشەوە چاکسازی و دەستکاری لە پرۆژەی سیاسییدا قاڵبی موزایەدەو بابژی میللیگەرایی تێدەپەڕێنێ و دەبێتە وەزیفەیەکی نیشتمانیی. دەنا، وەکی تر، کردنی گەندەڵی و مشەخۆری بە دەسکەلایەکی تەکنیکی لەڕێی دەستکەوتی سیاسی کورتخایەندا، یەکێکە لەدەرەنجامەکانی ئەو کەلچەرە، نەك دەواو دەرمانێك بۆ دەردە گەورەکە.

تکا دەکەم هاونیشتمانانم لەبیرتان بێت عیراقی پادشایی لە دوا ساڵەکانی تەمەنیدا سامانی نەوتی زیادی کردو مەجلیسی ئیعماریشی هەبوو، چونکە چینە فەرمانڕەواکەی کێشەی هەبوو لەگەڵ فراوانکردنی نوێنەرایەتیکردنی توێژە تازە سەرهەڵداوەکانی کۆمەڵی عیراقی و نەیتوانی ئەو سەرهەڵداوییە کۆمەڵایەتییە لەجومگەکانی خۆیدا ئیستیعاب بکات. سەرەنجام تووشی

کودەتاو هەڵگەڕانەوە هات، هـــەڵگەڕانەوەیەکی وا نەهێشتی گەشەی شێنەیی ڕێی خۆی بدۆزێتەوە و نەخۆشی هیچ موژدەیـــەکی تازەی پێ بوو. هەڵبەت لە کوردستاندا نە سوپا هەیە کودەتای ناڕەوا بکاو نە لەم چەرخی فرەیی تەلەفزیۆن و سەتەلایتدا هیچ چەقۆ وەشێنێك دەتوانێ بەیانی ژمارە یەك بخوێنێتەوە.

لێ کوردستان داگیرکەران و نەیارانی هەن کە هەمیشە لەسەر پێن بۆ پوچەڵکردنەوەی تێزەکەی دۆستی کوردو کوردستان، ئیسماعیل بێشکچی: خراپترین ئیدارەی کوردی بۆ کورد لە باشترین ئیدارەی داگیرکەرانی، باشترە.

# ڕێگای سێیەم بۆ یەکەم

لێرەدا بۆچوونێك پێشنیاز دەکەم بۆ سیاسەتێکی نوێ لەم بەشەی کوردستاندا کە دەشێ ناوی بنێم سیاسەتێکی سێ کوچکەیی، یان ئەم تایتڵە گوزارشتی لێ بکات: ڕێگای سێیەم هەر خۆی ڕێگای یەکەمە.

وایدەبینم کەئیتر ڕەوتی دابەشی هێزو هاوسەنگی سیاسی لە وڵاتەکەماندا بەردەوام لە پێکداداندا بێت، ئەگەر لەنێوان دوو ڕەوتی توندڕەوی سیاسییدا ڕێگەیەکی میانڕەوی نەرمونیان پەرەی پێ نەدرێ.

ڕووداوەکانی دوو ساڵی ڕابردوو لەچەند وێستگەیەکدا ئەوەی دەرخست ڕەوتێك ئەوپەڕی چەپە لە بەرزکردنەوەی دروشمبازی ئازادیی و دیموکراتی و ڕوانینە ئەوپەڕ لیبرالییەکان، ڕەوتێکی تر ئەوپەڕی ڕاستە لەمەیلی لەقاڵبدانی دیموکراسی و بەرهەڵداکردنی ویستی کۆنەپەرستی، ڕەوتێك ئەنارشیزم و ژاوەژاوی ناو میدیاکان بە تاقە شوێنی نەبەردی لەپێناو ئازادی و نیشتمان و مافەکان دەزانێ، ڕەوتێکی تر تەعەسف دەکات لەبەکارهێنانی هێزدا. ڕەوتێك بەبیانووی بەرپەرچدانەوەی بێ دادی و سەرکوتکردنەوە خەریکی موزایەدەو هەرزان فرۆشییە، ڕەوتێکی تر لەژێر تایتڵی بەرژەوەندی باڵای نەتەوەدا هەڕەشەو گوڕەشەی پێچانەوەی هەموو مافە کۆمەڵایەتی، فەردی و سیاسییە بەدیهاتووەکان لەناوخۆی وڵات دەکات. ئەم دوو ڕەوتە بەمجۆرە هێمنایەتی و ئارامی و ڕیتمی شێنەیی گەشەی کوردستان دەشێوێنن و هەڕەشەن بۆ سەر دیموکراتی وەك باشترین سیستمی نوێنەرایەتی. لەم دۆخەدایە کە کۆمەڵی کوردەواری بە بەرییەوە نەماوەو توانای خولێکی دیکەی جەمسەرگیری توندی

نەماوە.

کوردستان داگیرکراوە، نە تەنها لە لایەن داگیرکەرانەوە، بەڵکو لەلایەن خۆشمانەوە، کوردستانی باشووریش دابەشکراوە، نەك تەنها لەلایەن ئەوانەی هەرێمیان لەشوێنێك داناوەو کەرکوك و خانەقین و شێخان و مەخمورەکەیان لەشوێنێکی تر گلداوەتەوە، بەڵکو لەلایەن خۆشمانەوە. دوو بەرەی توندڕەوی بەرامبەر بەیەك کە سەرکردەی جارانی بەلشەفیك هاورێ لینین جوانی وەسفکردوون (بچۆ بۆ ئەوپەڕی چەپ خۆت لەوپەڕی راست دەبینییەوە، بچۆ بۆ ئەوپەڕی راست خۆت لەوپەڕی چەپ دەبینییەوە). ئەوانەی دوو بەرەی توندڕەوی کوردستان پێکدێنن تەنها واقیعی ئەمڕۆمانیان تاڵ نەکردووە، بەڵکو ئایندەشمانیان زەوتکردووەو دوای ئایندەشمانیان خستۆتە سەر لەپی سیحربازێکەوە.

تەنها داگیرکەران کوردستانیان تەعریب نەکردووە، بەڵکو مەترسیدارترین جۆرەکانی تەعریب، وەك لەشوێنی تردا باسمکردووە، تەعریبکردنی سیاسەتی کوردستانییە، ئێستا ئی دیکەشی دەخەمەسەر: تەعریبکردنی ئەندێشەی کوردی و رەفتاری رۆژانەی ناو کۆمەڵی کوردەوارییە. لێرەش مەبەستم تانە لەکۆمەڵی عەرەبی نییە بەقەدەر ئەوەی ناڵەناڵە لەدەست ئەو خەسڵەتانەی سیاسەت و ئەندێشەی عەرەب کە ژێرمەندەکانی خۆشیان دادو بێدادیانە بەدەستییەوە.

کوردستان داگیرکراوە، دابەشکراوەو تەعریبکراوە، بەڵام نەك تەنها لەلایەن داگیرکەران و ئیمپریالیزم و پەیڕەوانی سیاسەتی پاکتاوی رەگەزییەوە، بەڵکو لەلایەن خۆشمانەوە، یان روونتر بڵێم، لەلایەن ئەوانەی لەخۆمانن و بەسەر دوو بەرەی توندڕەویدا دابەشبوون، بەرەیەك هەر ئێستا هەموو شتێکی گەرەکەو یەکی دی کە هێندە خۆپارێزە ئامادەنییە هیچ لەبارەی گۆڕانی زەمانەوە بسەلمێنێ. ئەم دوو بەرەیە بۆ یەکتری دەسەننەوەو بە هەردووکیانەوە ئەو میللەتە کوردە داماوە میانڕەو خوازە دەفلیقێننەوەو شەڕ بەوان دەکەن. ئەوانە کوردستانیان لێ بۆتە تاقیگەی تاقیکردنەوەو دەرمانی ئایدیۆلۆژی نوێ و ژەهری کۆنەپەرستی خۆیانی لەسەر تاقیدەکەنەوە.

بۆ دەربازبوون لەم دۆخەی کوردستانی داگیرو دابەشکراو و تەعریبکراوی خۆماڵی پێویستمان بەنەخشەی رزگاری هەیە کە دەشێ ناوی نەخشەی رزگاری

دووەمی لێ بنێین، یان نەخشەی دووەمین جار رزگاری وەك ئەو ناوەی لە راپەڕینی دوومی کوردمان ناوە، راپەڕینی یەکەم لەئاداری ١٩٩١ دەستپێکردو لە کۆڕەو گیرسایەوە، راپەڕینی دووەم لەگەڕانەوەی کۆڕەو و لیژنەی تەنسیقەوە دەستپێکردو لەتشرینی یەکەمی ١٩٩١، بەدەرکردنی سوپای بەعس و راماڵینی تا ئەودیوی کفری، گیرسایەوە.

وڵاتانی جیابۆوە لەسۆڤێت هاوشانی ئێمە لەسەرەتای نەوەدەکان لەداگیرکەر رزگاربوون و سەربەخۆیی خۆیان وەرگرت. لەم چەند ساڵەدا شۆڕشی رزگاری دووەمیان بەرپاکرد کە شۆڕشێکی سوورو گەشاوە بوو، بەڵام نەك خوێناوی. کوردستانیش نەخشەیەکی (شۆڕشێکی) رزگاری وای گەرەکە، بەڵام نە شۆڕشێك بۆ راماڵین، شۆڕشێك بۆ خوێن، شۆڕشێك بۆ وەرگۆڕانێکی رادیکاڵی، بەڵکو نەخشەی رزگاری بۆ شۆڕشێك رێك دژی ئەو مەیلە، ئەو کەڵچەرە خوێنین و رادیکاڵی و توندڕەوەی کە دەیەوێت دابەشمان بکات بەسەر دووبەرەی پەرگیریی و کەم حەوسەڵەیی لەگۆڕانکاریی، لەلایەك، و زێدەڕۆیی لە بەرپەرچدانەوەی فراوانکردنی مەوداکانی ئەزموونی کوردستان لەلایەکی ترەوە. نەخشەی رزگاری وا، بۆ بەئاگاهێنانەوەی زۆرینەی بێ دەنگە کە هەردوو بەرە لەخۆراو بەوەکالەتی ئەوان خیتابی توندڕەویی خۆیان دادەڕێژن. چونکە زۆرینەی بێدەنگ بێدەنگە، وای نیشان دەدەن، یان وا مەزەندە دەکەن، ئەوەی خۆیان لەوەحشەتی شەودا بیری لێدەکەنەوە هەر ئەوەیە کە خەڵك لەڕووناکی رۆژدا وێڵن بەدوایدا!

رێگای سێیەم، نەخشەی رزگاری پێیە، رێگایە بۆ بەگەڕخستنی بەشداریی زۆرینەی بێدەنگ، رێگایەکی نوێیە بۆ پەرەپێدانی بەشداری سیاسیی و فەرهەنگی دوور لەخیتابی هاتوهاوارو میللیگەرایی. رێگای گونجاو بۆ مەیلی ئاشتیخوازی کوردو دنەدانی ئارەزووی جێگیری و شێنەیی دوای دەیان دەورانی داگیرکاری و دابەشکاری و تەعریبکاری کوردستان.

لەئاستی دەرەکی و لەناوخۆشیدا، بەو شرۆڤەیەی سەرەوەمان، رێگای سێیەم داوایەکی متەوازیعانەیە بۆ باوەشکردن بەوی هەمانەو بەهەدەر نەدانێتی لەسەرچڵی و گەمەی دوو بەرەی توندڕەواندا، رێگای میانڕەوی و ناوەندێتی و شێنەیی و عەقلانییە کە پەرۆشی پارێزگارییە لەوەی دوو دەیەی ناوەڕاستی

دووسەدە بۆمانی دابینکردووە و هیواش بەپەرەپێدان و فراوانکردنێتی هەیە بەجۆرێك داد و ئەمان و دادپەروەری کۆمەڵایەتی لەگەڵ خۆیدا بهێنێ، بەجۆرێك کوردستانگیر بێت نەك تەنها بەمانای ئەوەی کەرکوك و خانەقینیش بگرێتەوەو بیانخاتە پاڵ هەرێم، بەڵکو بەو مانایەی لەناوخۆی هەرێمیشدا تەجرەبەی کوردستان و دەستکەوتەکانی وا بەرەحم بێت کە شوێنی دیکەی دەرەوەی شارە گەورەکانیش بگرێتەوە، وا بەرەحم بێت گوندو ئاوایی و جوگرافیای زۆرینەی هەژاری کوردستانیش بگرێتەوە. گەڕانەوە بێت بۆ ئەسڵی بە ڕەحم و دڵنەوایی کوردایەتی کە لەمنداڵدانی زوڵمی داگیرکەران لەسەر میللەت و چەوساندنەوەی کوردەواری لەدایکبووە، جا ئەگەر لاسایکردنەوەی ناسیۆنالیستی عەرەبی و تورکی و ئێرانی لێرەو لەوێ زەفەری بەهەندێك قەناعەتی کوردایەتی بردووە کە لەبنچینەدا کوردایەتییەکی بەناوەڕۆك کۆمەڵایەتی و مەیلی دادپەروەری و خەڵکدۆستی هەیە، پێویستە لەمەودوا ڕێ نەدەین ئەم دۆخە ببێتە بناغەی خەباتی داهاتوومان.

ئەم ڕێگای سێیەمە بەو مانایەیە هەر خۆی ڕێگای یەکەمە، واتا خۆی دەشێ ببێتە بژارەی یەکەم، چونکە ئەسڵ لەکوردایەتی زەبرو زەنگ نییە، ئەسڵیش لەسیاسەتدا فێڵ و تەلەکەبازی نییە وەك هەندێك وێنای دەکەن، بەڵکو ئەسڵ لەشۆڕشدا کەڵەکەکردنی هەلومەرجێکە چیتر توندرەویی و زەبروزەنگ و ژاوەژاوە قبوڵ نەکرێت.

بۆ ئەم نەخشە ڕێگای رزگارییە، بۆ ئەم نەخشە ڕێگای سێیەمە:

جگە لە:

*میانڕەویی و نەرمونیانی

پێویستمان بە:

*دەستپێشخەرییە: هیلاك و بێ تاقەت و ماندووەکان ناتوانن دەست پێشخەر بن، ناتوانن لەسەر چیمەنتۆی رەق باخی گوڵ بڕوێنن، ئەوانە دەخوازن چاوەڕێ بکەن و خۆیان لەبەرەنگاری و رووبەڕووبوونەوە لادەدەن. هیلاکەکان میانڕەو نیین، تەمبەڵ و تەوەزەڵن، خواخوایانە کەس ناویان نەهێنێ، چونکە سەرسەلامەتی و دەست بەکڵاوگرتنەوەیان لێ بۆتە میانڕەویی. کە ئەوە میانڕەوییەکی درۆزنانەیە،

ئەوە تەسلیم بوونە بە واقیع نەك واقیعبینی. دەستپێشخەری لەدەست هیمەتدارو بەوزەو ورەکان دێت. ئەمانە دەتوانن ئەدەبیاتی میانڕەوە راستەقینەکان پەرەپێبدەن و چاکسازی هەمەلایەن، بەشێنەیی و دوور لەهاتوهاوار، جێبەجێ بکەن. ئەوانە واقیع بینە واقیع گۆڕەکانن و بەرەوپیری (جەنگ)ی رەتکردنەوەی توندڕەوی و پەرگیری، بەکەرەستەی تەگبیرو هۆنینەوەی رێی چارەسەری تەنگژەکانەوە دەڕۆن. بۆ ئەمەش دەزانن پێویستیان بە:

-بەردەوامی پەیوەندی و کۆڵنەدان، هەیە: کوردستان پڕە لەوانەی تێکۆشەری راستەقینەی رێی رزگاری و دادو سەرفرازین، بەڵام کۆڵنەدەرەکان دراوە دەگمەن و ئەڵماسییەکەی هەموو بزووتنەوەیەکی رزگاریخوازین لەهەموو شوێنێکی دونیادا.

تێکۆشەر رێی خەبات دەگرێتەبەر و ئەجری ئەو تێکۆشانەی هەیە، ئەمما کۆڵنەدەر لەو رێگایە کۆڵ نادات، تەواوی دەکات. کۆڵنەدەر لە شەمەندۆفێرەکە نایەتەخوار، ئەو نە نەفەرەو نە شۆفێر، رەنگە ئەو خودی شەفەندۆفێرەکە بێت کە بەردەوام لەرێیەو لەپەیوەندیی و گرێدانەوەی شارو لادێ و مەملەکەتەکاندایە.

خاوەنداریێتی لەکوردستان کراسێکە بۆ بەری هەموو مرۆڤێکی کوردستانی و بۆ بەری هەر رەوتێکی کوردستانی کە هەست دەکات بەو بەرگەوە لەبەرگ و ناوەڕۆکدا جوانتر دەبێت.

رێگای سێیەم، هەر خۆی رێگای یەکەمە. هەر ئەوەندە کۆڵنەدەرەکان دەستپێشخەرییان کرد بۆ بڵاوکردنەوەی فەرهەنگی میانڕەویی و ناوەندێتی و چاکسازی بەشێنەیی. ئیتر شەمەندۆفێری خاوەنداریێتی لەکوردستان دەبێتە کوردستانگیر و گرنگترین شتێك کە دەیبوژێنێتەوە ترسێکی ئیجابیە بۆ پاراستنی ئەوەی هەمانەو هیوایەکی بێ کۆتایە بۆ پەرەپێدان و فراوانکردنی بەردەوامی.

بەمجۆرە دەکرێ سەدەی بیستویەك بکەینە سەدەیەکی کوردی و زۆرانبازی لەگەڵدا بکەین، بەمجۆرە دەتوانین خاوەنداریێتی لەکوردستان بکەین، کوردبین بێ ئەوەی کوردبوونەکەی جارانی زوڵم و زۆرمان قبوڵ بێت. کوردی دواڕۆژی مسۆگەر بین، بێ ئەوەی دەستمایەی جارانمان لەسەرەڕۆیی و سەرچڵی بێ ئاماندا خەرجی بێ حاسڵ بکەین.

ئەم کوردە دەستپێشخەرە، میانڕەوە چاوەڕێی دوا ڕۆژ ناکات. خۆی بۆی دەچێت، لە بەرەنگاربوونەوە خۆی لا نادات، بەڵکو داوای بەرەنگاربوونەوە دەکات. سەرسەلامەتی ناوێت و دەست بەکڵاوی خۆیەوە ناگرێت تا با نەیبات. بەڵکو بەدوای سەلامەتی و جێگیریی یەکجارەکیدا دەگەڕێت و سەری ئەو کڵاوە هەڵدەداتەوە کە ئەموستیلەی بەختی وی لێیە.

# سێ پاشکۆ

# فیکر پەڕگیر، ڕەوت خۆڵەمێشی*

ڕەوتی خۆڵەمێشی لە فیکری پەرگیردا واقیعێکی تاڵەو دەبێ ڕەتبکرێتەوە لەوانەیە دەستەواژەکە نزیك بێت لەگوزارشتێکی پەنهان، بەڵام ئەگەر واقیعەکە لەهەمان فەزای پەنهاندا بخولێتەوە ئەوا ناولێنانی بوختان نییە، بەڵکو دەستنیشانکردنی واقیعێکی تاڵە:

واقیعی ئەوەی ئەزموونی دیموکراسی کوردستان شایانی ڕەوتێکی ڕەوانی سپییە تاپێویستی گەشەی خۆی پڕ بکاتەوە، لێ ئێمە ئێستا تووشی ڕەوتێکی پەڕگیری خۆڵەمێشی هاتووین کە کەرەستەکانی سیستمی سیاسی بەکاردێنێت، لێی بەهرەمەند دەبێ و خۆی پێ دەدزێتەوە لەهەر بەرپرسیاری و لێپرسینەوەیەك، کەچی ئەدەبیاتەکەشی پڕە لەو دەستەواژانەی بۆنی کودەتایان لێدێت، بەسەر کۆی سیستمی سیاسی وڵاتدا، ڕستەو دەربڕینەکانی دونیا بەسەر بەرەی خێرو شەڕدا دابەش دەکات و لەکردەوەشدا دەرفەتی هاوپەیمانێتی هەمەجۆر، موغازەلەی ژێربەژێری هێزە ناکۆکەکان و دەستبردن بۆ هەموو ئەو سەکۆ سیاسی و ئیعلامییانەی لە باشترین حاڵی ناولێناندا، دەکرێ بڵێین لە دەرەوەی (سیستمی دانپیانراوی پرۆسەی سیاسییدان)، ئەو دەرفەتانەی لەبەردەم خۆیدا بەکراوەیی هێشتۆتەوە، ئەو دونیا پاکژو بێگەردەی لەئایدیۆلۆژیای پەرگیردا، لەخەیاڵدانی سیاسی ئەودا خۆی نمایشدەکات، ئاسمان و ڕیسمانی فەرقە لەگەڵ ئەو واقیعە ئاڵۆزەی لەسەر زەمین هەیەو ئەم ڕەوتە بێ پەرواو بێ سڵەمینەوە، ناکۆکەکانی پێکەوە گرێدەدات.

ئایدیایەکی بێگەردو پاکژ لەنووسراوەکانداو دەستکراوەیی لەهەلپەرستی،

قۆستنەوەی هەموو دەرفەتێك بۆ تێکشکانی بەرەی بەرامبەر، هەوڵدان بۆ بێلایەنکردنی لایەنەکانی ململانێ و ئیستفرادکردن بەهەندێکیان. پەلاماردانی بەشێك و غەفڵەتگیریی بەرامبەر بە بەشێکی تر. لەئایدیادا نیشاندانی سنوورێکی تائەوپەڕی جیاکەرەوە لەنێوان خۆت و ئەوانیترداو لەواقیعیشدا تێکەڵکردنی کاغەزو کارتەکانی سەر مێز.

هەندێك خەسڵەتی رۆمانسی هەموو ئایدیایەکی پاکژو بێگەرد نزیکە لەئایدیایەکی فاشستی، چونکە لەبنچینەدا ئایدیای بێگەردو پاکژ تەنها لەئەدەبدا، لەخەیاڵی رۆمانسیدا جوان و بەرهەمدارە، کەهاتە کایەی سیاسەتەوە لەگەڵ نەشونماکردنی رووی لەزەبری توندوتیژی و فاشیزمە، رووی لەوەیە کودەتاکار بێت بەسەر واقیعدا کەواقیعی ئاسایی ژیان، گوناهەکانی و کەموکوڕییەکانێتی.

ئایدیۆلۆژیای خۆڵەمێشی وەرگۆڕانی کۆی سیستمی گەرەکە، چونکە گۆڕینی کۆی سیستم ئاسانترە لەچاککردنی، لەدەستو پەنجە نەرمکردن لەگەڵ کەموکووڕی و پەککەوتنە مرۆییەکاندا.

مرۆڤەکان لەبنچینەدا خراپەکارو کەموکوڕیدارن، لەهەمان کاتدا وزەیەکی شاراوەی چاکەکاری و پێداچوونەوە بەهەڵەو راستکردنەوەیان تێدایە. سیستمەکانی ژیانیش، بەسیستمی سیاسیشەوە، بەرهەمی مرۆڤە خراپەکارە-چاکەخوازەکانن، ئەوانیش لەکەموکووڕیدا روویان لەپڕکردنەوەی کەموکوڕییەو لەکورتهێناندا رێگا بەرەو کامڵبوون دەدۆزنەوە، نایگەنێ، بەڵام گەشە دەکەن و پێشدەکەون و کاژی خراپی و لاساری لەخۆیان و دەورووبەرەکەیان دادەماڵن، وەکتری ئەگەر مرۆڤەکان لەوانەبن کەخۆیان وابێتەبەرچاو تاقیمی هەڵبژێردراوی خودان و بۆئەوە هاتوون دونیا لەشەڕ پاك بکەنەوەو خێرو دادپەروەریی کامڵ بەرقەرار بکەن و بەمە خۆیان لەئەوانی تر جیابکەنەوە، مەعلومە ئەم جۆرە تێفکرینە سەر بەماڵی چ ماڵوێرانییەکدا دەکات؟ ئایدیای وا پەرگیری دەکاتە زادی خۆی و هەستیش بەم پەرگیرییە ناکات، کەی لەمێژوودا پەڕگیرەکان، دیکتاتۆرەکان و دەستەبژێری نێردراو لەلایەن خوداوەندەکانەوە هەستیان بەو پەڕگیرییەی خۆیان کردووە، چوونکە هەر ئەو ساتەی هەست دەکەن پەڕگیرن، چیتر پەڕگیر نین،

لەبەرئەمە پەرگیرەکان ئەم نووسراوەی ئێمە بەسەیر دەبینن و لایان وایە ئەوان ناگرێتەوە، کەچی رێك ئەوانی مەبەستە.

خاوەن ئایدیا پاکژو بێگەردە رۆمانسییەکان، ئەوانەی کۆی سیستمی رێکخەری ژیان لەخەیاڵدانی خۆیان دەسڕنەوەو رەتیدەکەنەوە، ئەوانە خۆیان بەپێوەنداری رێورەسمی رێکخەریی ئەم سیستمە نازانن، پێوەندار، نین بەمەبنا فیکری و سیاسی و قانوونییەکانی، بۆیە پابەندێتی مۆراڵیشیان لەهەمبەریدا لاوازە.

بەڕاشکاوی نایڵێن، بەڵام زۆر قسەکردن و نووسراوەی هەمەجۆر، هەر شتێك دەدەن بەدەستەوە. شتێك وەك ئەوەی لەسیاسەتدا دەیانەوێت کۆی سیستمی سیاسی بگۆڕن. تەنانەت ئەگەر بەبەکارهێنانی ئالیەتەکانی ئەو سیستمەش بێت کە ئەمان ستراتیژیان بۆ هەڵتەکانێتی. بەپەیژەیەکدا بۆ سەربان سەردەکەون کەدواتر لای دەبەن نەکا خەڵکی تریش بەو پلیکانانەدا سەرکەون، لەحاڵی وادایە کەپەرگیرەکان دەتوانن ئەم دوو باسە پێکەوە گرێبدەن: ئایدیای پاك و بێگەردو رەفتاری ناجۆر. ئامانج کارکردنە بۆ ئایدیاکەو ئامرازیش رەفتاری ناجۆرە، چونکە ئەو دونیا خوازراوە، کەبریتییە لەسیستمێکی تەواو تازە، تەنها ئەوە دونیاکەی ئەوانەو شایانی ئەوەیە پابەندی یاساو رێساکانی بیت، و ئەم دونیا واقیعییە، کەبریتییە لەکۆی سیستمێك (ئێمە) رقمان لێیەتی و دونیاکەی (ئەوانە)، شایانی ئەوە نییە پابەندی یاساو رێساکانی بیت با تەنانەت لەململانێی کارکردن بۆ هەڵوەشاندنەوەی هەندێك لەبەندو باوەکانی لەقازانجی خۆمان بخەینەگەڕ. جا ئەم جۆرە ئایدیایە رۆمانسییە پێیوایە ئەوەندە بەسە حەز لەیار بکات تا پێویست بکات یار ماڵی ببێت، بێ رەچاوکردنی ئەو واقیعەی کەدەشێ یاری دڵخواز هەر ئەسڵەن دڵی بەم یارە رۆمانسییە پاکژەوە نەبێت، یار کوشتن کە چیرۆکی شەیدابوونە بە یارێك و لەناوبردنێتی نەکا دڵ بدات بە یەکێکی دیکەی دوژمن، هەر لێرەوە سەریهەڵداوەو سەری خواردووە، عەرەب بەمە دەڵێ: (ومن الحب ماقتل)! مامۆستا مەسعود محەمەدیش لەجیاتی کورد واوەسفی دەکات: (ئەی یاری عەزیز بەخودا هەڵخەڵەتاوی).

لێرەوە دەشێ گرێی ئەوەمان بۆ بکرێتەوە کەبۆچی ئایدیای پاکژ دەتوانێ

لەگەڵ واقیعێکی ناپاکژدا هەڵبکات؟ ئایدیای پاکژ شارو وڵات بەجێدێڵێ و خۆی لەسەحرا یان شوێنێکی تایبەتدا گرد دەکاتەوە تاوەك فوستاتی خێر بێت، دووربێت لەفۆستاتی شەڕو جگە لەشوێنی پیرۆزی خۆی هەموو وڵاتی لە لا دارو ئەلحەرب بێت. کە لەشەڕیشدا هەموو چەکێك رەوایە بەچەکی دەستکراوەیی مامەڵەکردن لەگەڵ ناکۆکەکان و تەنانەت لەگەڵ ئەو کارەکتەرو بیرکردنەوانەی کە بەگوێرەی ئەدەبیاتی دابەشی خێروشەڕ هی ئەوە نین مامەڵەیان لەگەڵدا بکرێت. مەگەر مامەڵەیەکی کاتی و بۆ پتەوکردنی سەرزەمین و فوستاتی خێر نەبێت. لەبەرئەوە ئاشتی و پێکەوە هەڵکردن، مامەڵە لەگەڵ پێکهاتەکانی تری جیاوازو لەگەڵ نەیارە سیاسییەکاندا وەك ستراتیژ کارێکی نەکردەیە. ستراتیژی هەڵکردن و سازان و دەستاودەستکردنی بیرۆکەو کورسی و ئاڵوگۆڕی پێگە کۆمەڵایەتی و سیاسییەکان لەئەندێشەی پەرگیردا نییە، بەڵکە هودنەو رێککەوتنی کاتی و هەڵکردنی بەقیست، وەك تاکتیك، هەیەو چاوی لێ دەکرێت تا ئەگەر هاوکێشەکان بچووکترین گۆڕانکارییان بەسەردا هات پاکانەی دڕاندنی رێککەوتنە کاتییەکان و شکانی هودنەو ئاگر بەستەکان لەئارادا بێت. لەم نێوانەدا وشەگەلی وەك عەهدو پەیمان هیچ ئەرزشێکیان نییە، چونکە ئەو کەگەرەکی بێت کۆی سیستمێك بگۆڕێت، بۆچی پابەندی یاساو رێساکانی ئەو سیستمە شایانی وەرگۆڕانە بێت؟

*ئەم وتارە لەدۆسێ بڵاونەکراوەکاندا مێژووی ساڵی ٢٠١٠ی بەسەرەوەیە. کاتی خۆی بۆ بڵاوکردنەوەم نارد. دواجار دوو دۆستی بەڕێز داوایانکرد جارێ بڵاوی نەکەمەوە، چونکە پتر لەسەنگەرێکی ئایدیۆلۆژی لەسەر ئەندێشەی بەندە دەکەنەوە کەدەردقەتیان نایەم. ئێستا کە گێژاوی ململانێی سیاسی کەمێک نیشتۆتەوە، دەشێ ئەم وتارە تەنها وەک شرۆڤەیەک لێێ بروانرێت، نەک وەک ڕەخنەگرتنێکی سەنگەرگرتن لە ئایدیۆلۆژیای شێوە ئاینی لە کایەی ململانێی سیاسیدا.

# نەخشەی گۆڕاوی سیاسیی لە کوردستاندا*

ئەو دەرفەتانەی لەقۆناغی داهاتوودا خراوەتە بەردەم کورد لەناو عیراقدا، هەروەها ئەو تەگەرانەی رەنگە رێگری لەپێشکەوتنەکانی کورد لەقۆناغی داهاتوودا بکەن. ئەمانە دەهێنێ لێکۆڵینەوەیان لەسەر بکەین.

لەکوردستاندا، بمانەوێت یان نا، واقعێکی تازە دروستبووە کە واقیعی گۆڕانی نەخشەی سیاسییە، واقعی گەشەکردنی بزووتنەوەی دیموکراسی کوردستانە سەبارەت بەدەرکەوتنی هێزی ئۆپۆزسیۆن لە دوو هەڵبژاردنی رابردوودا، چ ئەوەی لە ٢٠٠٩/٧/٢٥ دا بۆ پەرلەمان و سیستمی حوکمڕانی لەکوردستان کراو چ ئەوەی کە لە ٢٠١٠/٣/٧ بۆ عیراق جێبەجێکرا.

ئێستا واقعێکی سیاسی تازە دروستبووە کە هێزێکی ئۆپۆزسیۆن، یان چەند هێزێکی ئۆپۆزسیۆن، لەناو پەرلەمانی کوردستان پەیدابوون کە لە دوو گێمی هەڵبژاردنی کوردستان و عیراقدا سەنگێکیان بۆخۆیان دروستکردووە، جاران حوکمڕانی لەکوردستان و نوێنەرایەتی کورد لەبەغدا، لەدەستی یەکێتی و پارتی و هێزە هاوپەیمانەکانیان بوو، ئێستا ئەمە گۆڕانی بەسەردا هاتووە، دەبێ هەم یەکێتی و پارتی و هەم هێزەکانی ئۆپۆزسیۆنیش لەگەڵ ئەم واقیعە تازەیەدا هەڵبکەن و خاڵی هاوبەش بۆ مامەڵەکردن بدۆزنەوە، ئەگەر یاری سیاسەت وەکو میکانۆیەك سەیربکەین یاریکەر دەبینێ لەجومگەی یارییەکە، لەجێگایەکدا، کەموکوڕی هەیە، جارێکیتر سەیری نەخشەکەی بەردەمی دەکات لەکوێدا هەڵەی تیاکردووە، دەستنیشانی دەکات و لەوێدا هەوڵدەدات چاکیبکات، وەکو کوردەواری خۆمان دەڵێت (لەکوێ پساوە لەوێ گرێدەدرێتەوە)، ئەگەر

سەیری نەخشەی سیاسی بکەین، پاش دەرکەوتنی هێزی ئۆپۆزسیۆن، دەبێت لەو واقیعەوە لەگەڵ بارودۆخی سیاسی وڵاتەکەماندا مامەڵەبکەین، ئەمەیان بابەتێکە، هەروەها ئامانجەکانی گەلەکەمان لەعیراق و لەکوردستاندا، ئەوەشیان بابەتێکی ترە، هاوسەنگی هێزە سیاسییەکان لە کوردستان گۆڕانی بەسەردا هاتووە، بەڵام ئامانجە سەرەکییەکان گۆڕانیان بەسەردانەهاتووە، دەشێ تەکنیکی کارکردن بۆ ئەو ئامانجانە گۆڕانی بەسەرداهاتبێ، بەڵام هەر هێزێکی سیاسی بیەوێت کار لەسەرئەوە بکات کە بڵێت ئامانجەکانی کوردیش گۆڕانی بەسەرداهاتووە، پێموایە ئەمە ئیشتباهێکی گەورەیە، رەنگە لەمەوە ململانێیەکی فیکری و سیاسی توند دروستبێت نەك لەگۆڕانی هاوسەنگی هێزی سیاسی لەکوردستاندا، ئامانجە سەرەکییەکانی گەلی کورد بریتین لەجۆرێك لەقەوارە کە ئەمڕۆ لەچوارچێوەی فیدراڵی خۆی دەبینێت، لەشەراکەت لە دەسەڵاتی سیاسی لەبەغدا، لەچارەسەرکردنی کێشەی ناوچە جێناکۆکەکان ئەمانە ئەمڕۆش کێشەی هەرە سەرەکی عیراقن.

**١-**مەسەلەی شەراکەت لەدەسەڵاتی سیاسی.

**٢-**مەسەلەی سەروەت و سامان.

**٣-**مەسەلەی زەوی، واتە سەرزەمینی حوکمڕانی لەوڵاتەکەمان کە تا کوێ کوردستانە؟ تاکوێ عەرەبستانە؟ واتە هەرێمە فیدرالییەکان حوکمڕانیکردنەکەیان لەچوارچێوەی عیراقی فیدراڵیدا تا کوێ دەڕوات.

ئەمە خاڵە سەرەکییەکانی جومگەی دەسەڵاتدارێتییە لەعیراق، رێك ئەمەش ئەو کێشانەیە کە کورد لەبەغدا هەیەتی، هەروەها ئەو کێشانەن کە بێگومان شیعە لەگەڵ سوننە، سوننە لەگەڵ شیعە، هەردووکیان لەگەڵ کوردو کوردیش لەگەڵ هەردووکیاندا هەیەتی، پێموایە ئەم مەسەلانە گۆڕانی بەسەردانەهاتووە، ئەم بابەتانەش هەر ئەو بابەتانەن کە زیاتر لە ١٠٠ ساڵە گەلی کورد بەشێوازی جۆراوجۆر لەشۆڕشەکانی، لە موفاوەزاتەکانی خۆیدا، لەبەشدارییەکانی لەخەباتی پەرلەمانیدا، لەخەباتی راگەیاندندا، لە ناوەوەو دەرەوەی وڵاتدا کاری لەسەرکردووە. پێموایە ئەم ئامانجانە گۆڕانیان بەسەردانەهاتووە، هێزە سیاسییەکانی کوردستان دەبێ لەسەر ئەم مەسەلەیە کۆک بن، لەکارکردن بۆ ئەم ئامانجانە هیچ

ئیشکالێکیان تووشنەبێت، بۆنموونە مەسەلەی کەرکوك مەسەلەیەك نییە کە ئیجتیباهی جیاجیا هەڵبگرێت: پارتی ئیجتیهادێکی هەبێت، یەکێتی، یەکگرتوو یان گۆڕان ئیجتیهادێکی تریان هەبێت، ئەمانە مەسەلە گەلێکن هەموو لایەك دەبێت لەسەری کۆك بن، پێویستە هەموو لایەك پەنابەرنە بەر ئەو توانا و دەسەڵات و ئامرازانەی ئەمڕۆ خەباتی سیاسی گەلی کورد بۆئێمەی فەراهەمکردووە، لەسەردەمێکدا کە خەباتی چەکداری ئەمەی فەراهەمکردبێت گەلی کورد سڵینەکردۆتەوە لەخەباتی چەکداری، لەسەردەمێکدا موفاوەزات ئەمەی کردبێت کردیەتی، ئەمڕۆ دەستوورێك و یاسایەك هەیە کە نەخشە ڕێگەی بۆ کورد داناوە تا بتوانێت ئەم کێشانەی پێ چارەسەربکات، بێگومان لەناو خۆشیدا باسی ئەوەدەکەین کە کوردستانییان خۆیان حوکمی خۆیان بکەن، مەبەستمان ئەوەیە حوکمڕانی لەچوارچێوەی سیستمێکی دیموکراتی پێشکەوتووی ڕێکوپێکدا کە ئەمەش بریتتیە لەوەی سیستمی حوکمڕانی ئێمە گەشەبکات و دەرفەتی زیاتری سەرکەوتنی بۆ بڕەخسێت، پێموایە لەناوخۆی کوردستاندا ئەم گەشەکردنە ئێستا وا لەدروستبووندایە، ئەوەی تائێستا لەناوخۆی وڵاتدا غائیب بوو ئێستا ئەو حوجەی نەما، ئێستا ئەو ئۆپۆزسیۆنە هاتووە، پەرلەمانی کوردستان بریتییە لەچەند فراکسیۆنێك کە زۆرانبازی سیاسی و قانونی دەکەن بۆ پەرەپێدانی سیستمی حوکمڕانی و چاککردنی گوزەران و ژیانی هاووڵاتیانی کوردستان، ئەمانە جومگە سەرەکییەکانی ناوخۆن لەکوردستاندا. لەپەیوەندییەکانی کورد لەگەڵ دەرەوەی خۆیدا، واتە کوردستان لەگەڵ بەغدا، دەبێت هەموو ئەو کۆششانەی لەبواری جیاجیادا دەدرێن بۆ سیاسەتکردن لەوڵاتەکەی ئێمەدا، لەم چوارچێوەیەدا بخولێنەوە، ئێمە دوو بزووتنەوەمان هەیە سەرەکییەکە بریتییە لەبزووتنەوەی کوردایەتی واتە ئەو بزووتنەوەیەی کار بۆ مەسەلەی کورد دەکات کە بەشێکی زۆری هێزە سیاسییەکانی کوردستان بەناونیشانی کوردایەتی کاردەکەن، بۆ سەرخستنی مەسەلەی کورد، و بەدیهێنانی مافە نەتەوەییەکان. هەروەها بزووتنەوەیەکی تریشمان هەیە، بریتییە لەبزووتنەوەی دیموکراسی و خۆشگوزەرانی لەناوخۆی وڵاتەکەماندا، هەرکاتێك یەکێك لەم بزووتنەوانە پەکخرا بەبیانووی کارکردن بۆ ئەوەیتریانەوە، پێموایە گیروگرفت ڕوودەدات،

ئەو هاوسەنگییەی تائێستا لەناو سیاسەتی کوردستانیدا هەبووە. باڵانسەکەی تێکدەچێت...

زۆرکەس ئەولەویەت دەدەن بەمەسەلەکانی خزمەتگوزاریی، مەسەلەکانی دیموکراتی ناوخۆیی لەسەر حسابی مەسەلە نەتەوایەتییەکان، کە ئەمە هەڵەیەکی زۆر کوشندەیە وەك ئەو هەڵە کوشندەیەی مەسەلەکانی دیموکراسی ناوخۆیی و مەسەلەکانی خزمەتگوزاریی فەرامۆشبکەین، بەناونیشانی ئەوەی گوایە هێشتا تەواوی مەسەلەی کورد لەگەڵ بەغدا چارەسەرنەکراوە، نە ئەو شتەی عەرەبەکان دەیانکرد کە بەبیانووی مەسەلەی فەلەستینەوە، زۆر مەسەلەی گەشەپێدانی ئابووریی و کۆمەڵایەتییان پەکدەخست، راستە، نە ئەو شتەی هەندێك مەیلی سیاسی لەکوردستاندا نیشانیدەدەن بەوەی تەرکیز دەکەنە سەر پەرەپێدانی ناوخۆیی سیاسیی و ئابووریی و گەشەپێدانی کۆمەڵایەتی لەناوخۆی هەرێمی کوردستاندا، بەڵام مەسەلەکانی دیکەی کورد لەگەڵ لەدەرەوە فەرامۆشدەکەن. وەکو بڵێیت کوردستان ئێستا بۆتە وڵاتێکی تەواو سەربەخۆو ئەوەی ماوە ئیشکردنە بۆ مەسەلە ناوخۆییەکان، من پێموایە ئەم باڵانس تێکچوونە وەك ئەوە وایە ئێمە رێگەی راستی خۆمان بۆ چارەسەرکردنی کێشەکانمان، نەدۆزینەوە، هەندێکەس وادەزانێت ئەم ئامانجە نەتەواییانە داخوازیی یەکێتی و پارتین و هەر هێزێکی تر کە دروستبێت، گۆڕان یان یەکگرتوو یان کۆمەڵی ئیسلامی، دەبێت ئامانجی تر بدۆزێتەوە بۆخۆی، بۆئەوەی جیاوازبێت لەیەکێتی و پارتی، لەڕاستیدا ئەم ئامانجانە هی یەکێتی و پارتی نین، ئەم ئامانجانە هی گەلی کوردن جا یەکێتی و پارتی لەقۆناغی جیاجیادا تەبەنییان کردووەو کاریان لەسەرکردووە، ئەو ئامانجانەی کورد هەیەتی هەمان ئەو ئامانجانەیە کە شێخ مەحمود داوایکردووە، هەمان ئەو ئامانجانە بوون کە نوێنەرەکانی کورد لەپەرلەمانی عیراق لەسەردەمی حوکمی پادشاییدا داوایانکرد، کاتی خۆی نائیبی سلێمانی ئەمین زەکی بەگ داوایکردووە ئیدارەیەکی تایبەتی کوردستان هەبێت، بەکەرکوکیشەوە، ئەوە هەمان ئەو داوایەیە کە ئێستا کورد پاش دەیان ساڵ داوایدەکاتەوە، یاخود کە بۆنموونە پشکی کورد لەنەوت و سامانی سروشتی وڵاتەکەی خۆی و هی عیراق، هەمان ئەو داوایەیە کە کاتی خۆی شەهید

ئیسماعیل ئاغای رواندزی لەبیستەکاندا داوایکردووە کاتێك نائیبی رواندز بووە لەپەرلەمانی عیراق، ئەو داخوازییانە گۆڕانیان بەسەردا نەهاتووە، شێخ مەحمود بە خەباتی چەکداری داوایکردووە،و نائیبەکانی کورد لەپەرلەمانی عەهدی مەلەکیدا، بەخەباتی پەرلەمانی داوایانکردووە، دوای ئەوەش شۆڕشەکانی کورد، شۆڕشی ئەیلول و شۆڕشی نوێی کوردستان، دیسانەوە بەخەباتی چەکداری و موفاوەزات و دبلۆماسی و کارکردن لەگەڵ سیاسەتی نێودەوڵەتی داوایانکردووە. ئەم ئامانجانە هی یەکێتی و پارتی نین تا هێزێك بێت لەداخی یەکێتی و پارتی تەبەنی ئەو ئامانجانە نەکات و بچێت ئامانجێکی تر بێنێتە کایەوە، ئەمە ئەو ئامانجانەن کە یەکێتی و پارتی بۆی ڕۆیشتوون، نەك یەکێتی و پارتی دروستیانکردبن، هەر هێزێکی سیاسی بیەوێت چانسی گەشەکردن و جەدوای هەبێت، لەخەباتکردنیدا، دەبێت بۆ ئەو ئامانجە بڕوات. شێوازەکان دەگۆڕێن، شێوازی کارکردنی یەکێتی بۆ گەیشتن بەو ئامانجانە جیاوازە لەشێوازی پارتی، داواکانی کورد یەك داوان، گۆڕانیان بەسەردانایەت، ئەوەی گۆڕانی بەسەردادێت تەکنیك و شێوەی ئیشکردنە، جۆری ئیدارەدانی گەمەکەیە لەگەڵ بەغدا بۆ بەدیهێنانی، بۆیە ئەگەر سبەینێ هێزی دیکەش دەچێتە پەرلەمانی عیراقەوە، بۆ نموونە، گۆڕان یان، کۆمەڵ یان یەکگرتوو دەڕوات، دەبێت لەچوارچێوەی ئەو ویست و داخوازییە کوردییانەدا بچێتە ناو پەرلەمانی عیراقەوە، ئەگەر لەمە دەربچێت مانای ئەوەنییە کە بەقسەی یەکێتی و پارتی ناکات، نەخێر مانای وایە لەمێژووی کوردستان، لەداخوازیی و ویستەکانی کورد شێوازێکی تر دەدۆزێتەوە کە ئەمە بۆ گەلی کورد هەم تاقینەکراوەیە، هەم مسۆگەر نییە، هەم لەڕاستیدا جۆرێك دەبێت لەلادان لەپرۆسەی سیاسی، وەختێك بۆنموونە ئێمە نەخشەی رێگەمان لەبەردەمە بۆ چارەسەری مەسەلەی کەرکوك کە ماددەی ١٤٠، خۆمان لەو ماددەیە ببوێرین و بچین بە شتی دیکەوە خەریك بین، بەڕەئی من ئەمە لادانە لەڕاستە رێی کوردایەتی، لادان نییە لەسەر رێی یەکێتی و پارتی تا هەر حزبێك بۆخۆی راستەڕێیەکی هەبێ، نەخێر! ئەمە لادانە لەو راستەڕێیەی کە کوردایەتی کاری لەسەرکردووەو یەکێتی و پارتی و هێزەکانی تریش مەحکومن لەسەری بڕۆن و هەر هێزێکیش لەم رێگەیە لابدات ئەگەر

جەماوەر لەهەڵبژاردنێکیشدا دەرفەتی نەبێت متمانەی لێوەربگرێتەوە هەر سزا دەدرێت.

کورد چۆن بتوانێت ئەو فلتەرانە بەدیبهێنێت کە زۆرینەی عیراقی نەتوانن بەزۆر شتەکانی خۆیان بەسەردا بسەپێنن، ئایا ئەمە بەتەوافوق دەبێت، ئایا ئەمە بە دروستکردنی ئەنجومەنی هەرێمەکان یان ئەنجومەنی ئیتیحادی دەبێت کە بریتییە لەوەی هەموو ئیقلیمێك و هەموو پارێزگایەك بۆی هەیە ڤیتۆی بڕیارە سیاسییە چارەنووسسازەکان بکات؟ ئەگەر هەر دەستکارییەکی دەستووریش بکرێت کە لەمافەکانی کورد یان شیعە یان سوننە کەمدەکاتەوە ئەوە ٣/٢ی سێ پارێزگا دەتوانن رەتیبکەنەوە. هەموو ئەمانە فلتەرو شێوازی جیاجیان بۆئەوەی کورد بتوانێت ویست و داخوازییەکانی خۆی دابین بکات، واقیعێك هەیە کە کورد نەیتوانی بەیەك لیستەوە بچێتە ناو ململانێی هەڵبژاردنی پەرلەمانی عیراقەوە، ئەمەش بووە هۆی ئەوەی زۆرجار کاغەزەکان تێکەڵاو ببێت، بۆنموونە ئیشکردن و حوکمڕانیکردن بۆ چوونە ناو پەرلەمانی بەغداوە، پەیوەندی بە سیاسەتی ناوخۆییەوە نییە، ئەم مەسەلەیە مەسەلەیەکی قەومییە، کاتێك کە هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان دەکرێت مەسەلە ناوخۆییەکان و خزمەتکوزارییەکان و دیموکراسیی کوردستانی، دێنە پێشەوە ئێمە دەزانین لەکۆتایی ئەمساڵیشدا روو لەهەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگاکان دەکەین، بۆ پارێزگاکانی هەولێرو سلێمانی و دهۆك، ئەوکاتە سیستمی حوکمڕانی ناوخۆیی دێتە پێشەوە، بۆ نموونە چی دەکەیت بۆ سلێمانی؟ چی دەکەیت بۆ هەولێر؟ چی دەکەیت بۆ دهۆك؟ ئەوکاتە مەعقول نییە بۆنموونە یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان کە دەچێتە هەڵبژاردنی داهاتووەوە بڵێت من بەتەمام وابکەم بۆ دهۆك لەکاتێکدا ئەو لیستەی ئەو بۆ خزمەتکردنی سلێمانییە لە سلێمانی، یان لەهەولێر بڵێت وەڵڵا من بەتەمام وابکەم بۆ سلێمانی، لەدهۆك بڵێت وەڵلا من دەبێت وابکەم بۆ سلێمانی و بۆ هەولێر، واتا رێڕەوەکە لەهەڵبژاردنەکەدا بۆ هەڵبژاردنێکی تر دەگۆڕێت، لە هەڵبژاردنی پارێزگاکاندا بۆ هەر پارێزگایەك بەرنامە تەرح دەکەین کە پەیوەندی بەخواست و ویستی ئەو خەڵکەوە دەبێت لەو سنوورەدا، تۆ لەوکاتەدا لەئەنجومەنی پارێزگای هەولێردا لیستێك پێشکەش دەکەیت دەبێت

خیتابەکەت خیتابێکی هەولێریانە بێت هەولێرچێتی بکەیت، لە هی سلێمانیدا سلێمانچێتی، لە هی دهۆکدا دهۆکچێتی و لەکەرکوکدا کەرکوکچێتی بکەیت، بەم شێوەیە خزمەتی شارەکانی خۆمان و هەروەها خزمەتی کوردستان و خزمەتی مەسەلەی کورد بکەین، ئەگەر ئێمە ئەو شتانە تێکەڵاو بکەین وەك ئەوە وایە، ئینسانێك لەناو خێزانەکەی خۆیدا جیاوازی نەکات لەنێوان کچەکەی و کوڕەکەی و ژنەکەی و خوشکەکەی و ئامۆزاکەی و ئەمانە. ئەم دۆسێیانە سێ دۆسێی جیان، بێگومان بەهۆی گەشەی هۆشیاری هەڵبژاردنەوە وردە وردە ئەو شتانە لای ئێمە دروستدەبێت. زۆر گرنگە ئێمە وردە وردە کار لەسەر ئەوە بکەین ئەو دۆسێیانە جیابکەینەوە بۆئەوەی هێزەکان لەناوخۆی وڵاتدا بەشەڕیش بێن لەگەڵ یەکتریدا، بەڵام لەبەرامبەر بەغدا یەك بن، هەروەها نابێت کێشەکانی دهۆك و سلێمانی تێکەڵ بکەین بە کێشەکانی کوردستان یان بەغدا.

دەمەوێت باس لەحاڵەتێکی تریش بکەم، یەکێتی و پارتی و هێزەکانی تر چۆن بچنە بەغدا بۆ کارکردن؟ رەئی من وایە دەبێت لەپێشدا هێزە سیاسییەکانی کوردستان پێکەوە دانیشن و ئەولەویاتەکانی خۆیان دیاری بکەن و یەکتری رازیبکەن بۆئەوەی کە سبەینێ دەچنە بەغداو لەگەڵ هێزە سیاسییەکانی تر دەکەونە ململانێوە بتوانن بەهێزبن. ئەم رازیکردنە چۆنە؟ مومکینە ئەم رازیکردنە لای یەکێتی و پارتی بەوە دەستپێبکات یەك دوو سێ لای گۆڕان بەوە دەستپێبکات، بۆنموونە، سێ دوو یەك، یاخود یەکگرتوو جۆرێکی تر بێت، بەڵام دەبێ دەستپێبکرێت، چونکە ئەم هێزانە لەکوردستان دەژین. خۆ ناتوانیت تۆ یەکێتی بنێریتە پاکستان یان گۆڕان بنێریتە نایجیریا، یان پارتی بنێریتە ئەفغانستان. لەبەرئەوە دەبێت پێکەوە دانیشن هەرکەسەو بەگوێرەی بەشی خۆی بتوانێت دۆسێکان رێکبکاتەوەو دەبێت بگەنە فۆرمێکی هاوبەش، بۆئەوەی بتوانن لەگەڵ هێزە سیاسییەکانی عیراقدا لەسەر بنچینەی ئەو ئیستحقاقەی هەڵبژاردن کاربکەن. بۆخۆم ترسم لەوە نییە یەکێتی یان گۆڕان یان پارتی چەندی بەردەکەوێت لەبەغدا؟ بەقەدەر ئەوەی کە یەکێتی و پارتی و گۆڕان و یەکگرتوو کۆمەڵی ئیسلامی کە دەچنە بەغدا لەسەر ئەو ئامانجانە کاربکەن کەبریتییە لەو ئامانجانەی لە ١٠٠ ساڵ پێش ئێستاوە سیاسەتی کوردستانی

داوایکردووە، ئەو ئامانجانە ئامانجی نەگۆڕن هەتا دێنەدی، جا یەکێتی ئەو ئەرکە بکێشێت یان پارتی یان گۆڕان و یەکگرتوو ئەسڵی مەسەلەکە ئەوەنییە. هەتا ململانێی هەڵبژاردنە هەر هێزەو هەوڵبدات ئەویتر بدات بەزەویدا، بەڵام دوای ئەوە دەبێ بکەونە گفتوگۆ بۆئەوەی بەیەك ئیرادەوە بچنە بەغدا، بێگومان ئێمە نەمانتوانی بەیەك لیست بچینە بەغدا، ئەوە داوایەك بو پێش ئەوەی داوایەکی یەکێتییانەو پارتییانە بێت، داوایەکی کوردستانیانە بوو، ئێمە ئەسەری فرەلیستیمان بینی لەکەرکوك، ئەوەمانبینی بۆ یەکەمجار کورد بەکورد دەڵێت تەزویرت کردووە، هێزە کوردییەکان ئەوەندەی مەشغوڵی سەرقاڵی کێبڕکێ بوون لەگەڵ یەکتری، لەشوێنێکی هەستیاری وەکو کەرکوکدا، ئەوەندە نەمانبینی سەرقاڵ بن بەوەی عەرەبەکان و تورکمانەکان و هێزە سیاسییەکانی تری عیراق چۆن رەفتار دەکەن لەناوچە جێناکۆکەکان؟ لەمەوە بایەخی یەك لیستی بۆ میللەتی کورد لەئاستی عیراقدا دەردەکەوێت، کە نەبوو ناتوانین بڵێین زەرەرمان نەکردووە. ئەو دەنگانەی یەکگرتوو، کۆمەڵی ئیسلامی، گۆڕان لەکەرکوك و ناوچە جێناکۆکەکان زەرەریان تێداکردووە، ئەو دەنگانە لە کورد فەوتان، ئەو دەنگانە لەسلێمانی و لەهەولێر و لەگەرمیان نافەوتێن، چونکە کوردەو لەکوردی دەبات، بەڵام لەناوچە جێناکۆکەکان فەوتان. نەدەبوو ئەم زەرەرە لەیەکتری بدەین، بەڵام وەك کورد دەڵێت: (زەرەر لەنیوەی بگەڕێتەوە هەر باشە) قۆنای داهاتوو چییە؟ ئەوەیە کە هیچ نەبێت لەهەڵوێستێکدا یەکبگرن، ناڵێم وەڵڵا دەبێت گۆڕان دوای یەکێتی یان دوای پارتی بکەوێت و پێی بڵێن وەڵڵا تۆ تازەیت و دەبێت بەقسەمان بکەیت و برا بچووکی ئێوەو برا گەورەیی ئێمە، من دەڵێم کوردایەتییەکە لەکوێیە با هەموو لایەك بۆئەوێ بڕۆن، مەسەلەی کورد مەسەلەیەکی دروستکراوی مام جەلال، یان دروستکراوی کاك مەسعود نییە. مەسەلەی کورد مەسەلەیەکە خۆی هەیە، هەژار موکریانی وتەنی: مەسەلەی کوردە لەکورد قەوماوە. لەبەرئەوە لەسەر مەسەلەی کورد هەڵوێستی خۆیان رێکبخەن، بۆئەمە یان بۆ سازدانی کەشوهەوای سیاسی لەکوردستاندا چی پێویستە بکرێت؟ ناکرێت هاوپەیمانی لەگەڵ گۆڕان یەکگرتوو بەهەمان خیتابی سەردەمی هەڵبژاردنەوە بڕوات، سەردەمی هەڵبژاردن تۆ دەتوانیت خیتابێك

بەرزبکەیتەوە بڵێت هەموو کورسییەکان خۆم دەیبەم... ئەمانە خیتابی پەرۆشی هەڵبژاردنن، بەڵام دوای ئەوە تۆ دەچیتە ناو واقیعەکەوە.

یەکێك لەخەسڵەتەکانی دیموکراسی ئەوەیە هیچ هێزێك لەناوناچێت، تەنانەت ئەگەر یەك کورسیشت هەبێت یەکێك هەیە کە لەسەری دادەنیشێت و بەناوی ئەو حزبەوە کاری سیاسی خۆی پێشدەخات، پێموایە کورد پێویستی بەوجۆرە لێکتێگەیشتنە هەیە لەناوخۆی بۆ ئەوەی گەشەی دیموکراسی پەك بخرێت. بۆ نموونە یەکێتی دەتوانێ رەخنە لەپارتی بگرێت و بەپێچەوانەشەوە یان گۆڕان رەخنە لەیەکێتی بگرێت و بەپێچەوانەشەوە. ئێمە دەتوانین هەم هاوپەیمانێتی و دۆستایەتی بکەین لەدەرەوە واتە لەودیوی حەمرین، هەم دەشتوانین ململانێی سیاسی خۆمان لەناوەوەی وڵات پەرەپێبدەین، بەڵام ئەگەر وانەبێت، تەنیا بەدوای بیانودا بگەڕێین بۆ ململانێ، بۆ نموونە یەکێك بڵێت وەڵڵا رێگەی کەرکوك بەچەمچاڵدا تێپەڕێت، یەکێ بڵێت نەوەڵڵا بەتەقتەقدا تێپەڕێت، یەکێك بڵێت نەوەڵڵا بەدوزدا تێپەڕێت، واتە ٥٠ دەقیقەیەکە کە لەسلێمانییەوە، یان لەهەولێرەوە، بچیت بۆ کەرکوك پێویستناکات بچیتە قەڵادزێ، لەقەڵادزێوە بگەڕێیتەوە بۆ هەولێر لەهەولێرەوە، بگەڕێتەوە بۆ کەرکوك بەس تەنیا بڵێیت ها ئەوەیە رێگەیەکی تازەم دۆزیوەتەوە بۆ کەرکوك! کامە ئاسانترین رێگەیە کە تۆ بچیت بۆ کەرکوك ئەوە رەچاو بکە؟ کامە ئاسنترین رێگەیە بۆئەوەی بگەیتە چارەسەرێك بۆ زۆر کێشە لەناوخۆی وڵات؟ کامە ئاسانترین رێگەیە بۆ ئەوەی تۆ بودجەیەکی شەفاف و رێکوپێکت دەستبکەوێت؟ ئەوە رەچاوبکەیت ئەگەر تۆ هەر تەئکید لەسەرئەوە بکەیتەوە بڵیت وەڵڵا رێگەکەی من راستە پێموانییە بگەینە ئاکامێك، بەڵام هەموولایەك دەتوانێت رێگەکانی خۆی شەرح بکات و خەڵك بە گفتوگۆ دەتوانێ بگاتە چارەسەرییەك کە کام رێگە راستە تا ئەو رێگەیە رەچاوبکرێت و بگیرێتەبەر.

ئەسڵی مەسەلەکە مەسەلەی کوردە ئەوەکانی تر ئاساییە لەسەری جیاواز دەبین، نە ئۆپۆزسیۆن شتێکی موقەدەسە نە حوکمڕانیکردن موقەدەسە، نە ئۆپۆزسیۆن شتێکە وەك بت بیپەرستی و بڵێیت وەڵڵا من حەزم لێیە ئۆپۆزسیۆن بم، نەحوکمڕانی شتێکی موقەدەسە کە حوکمڕانی پێیانوایە ئۆپۆزسیۆن و

حوکمڕانی و پەرلەمانیش موقەدەس نییەو دەزگاو دامودەزگاکانیش موقەدەس نین، بەڵکو ئامرازن بۆ بەدیهێنانی ئامانجەکان، کاراکتەرە سیاسییەکانیش موقەدەس نین، ئیللا بەقەدەر ئەوەی کە حورمەت و ڕێز لەیەکتری بگرن و ململانێیەکی سیاسی گەشەکردوو ببەن بەڕێوە کە لەچوارچێوەی ئسوڵی تێکۆشانێکی دیموکراسی بێ. پێشموایە وردە وردە هەموو لایەك فێردەبێت هەتا چارەسەر بۆ کێشەکانی دیکە دەدۆزێتەوە. بەڕەئی من چارەسەرێك بۆ کێشەکانی دیموکراسی هەر دریموکراسیی زیاترو پەرەپێدانێکی زیاتری ئەو دیموکراسییەیە.

*ئەم باسە پوختەی تائێستا بڵاونەکراوەی کۆڕێکی نووسەری کتێبەکە لە پاڵتاک، ژووری مەشخەڵان، کە بەچەند رۆژ دوای هەڵبژاردنی پەرلەمانی عیراق لە ٢٠١٠/٣/٧دا، بۆ کوردانی هەندەران سازکرا. لێرەدا تەنها پوختەی باسەکە نەک پرسیارو وەڵامەکانیش، یاداشتکراون.

# کوردستان لە پرۆژەیەکی تەواونەکراودا*

*بەشێوەیەکی گشتی بارودۆخی سیاسیی ئێستای کوردستان چۆن دەبینی و تاچەند کارەکتەرە سیاسییەکانی لە ئاستی ئەداکردنی بەرنامەکانی خۆیاندان؟

- ئەگەر وەسفێك بدەم بەدۆخی سیاسیی کوردستان ئەتوانم بڵێم دۆخی کۆمەڵێکە لە قۆناغی ئینتیقالیدایە بۆ قۆناغێکی نوێ. بەم مانایە لە ئاستی کۆمەڵایەتیدا، لە ئاستی دینامیکیەتی بزووتنەوەی ناوەوەی کۆمەڵی کوردەواریدا، کۆمەڵی ئێمە ئاوسە بە کۆمەڵێك گۆڕانکاری کە هیوادارم بتوانیین لەم دیدارەدا هەندێك لە سیماکانی دەستنیشان بکەین، یان بخوێنینەوە، بەڵام لەوە ئەچێ نەتوانین پێشبینی ١٠٠٪ی ئەو شتانە بکەین کە لەم قۆناغە، یان دوای ئەم قۆناغە، دێت و ڕوودەدەن.

ئەگەر قسە لەسەر سیمای ئەم قۆناغە ئینتیقالیە بکەم ئەتوانین لە سێ دۆسیە، یان ئاستدا دۆخی کوردستان بخوێنینەوە. دۆسیێەك لە ئاستی کۆمەڵایەتیدا، واتە دینامیکیەتی ژیانی کۆمەڵایەتی لە کۆمەڵی کوردستاندا، لەمەشدا کاریگەری ئابووری، کۆمەڵایەتی و فەرهەنگی ڕۆڵی خۆیان دەگێڕن. ئاستی دووەم سیاسەتی ناوخۆیی کوردی و ئەندازەی تەجاوبکردن یان تەجاوبنەکردنی لەگەڵ ئەم دۆخە کۆمەڵایەتییەدا. ئاست و دۆسیەی سێیەم سیاسەتی کوردستانی لەدەرەوەی خۆیدا کە بریتییە لەو تەگبیرە سیاسییە دەستوورییە، یاسایەی هاوسەنگی هێزی کوردستان لەگەڵ دەوڵەتی عیراقدا ڕێکیدەخات و ئەم لایەنە مەسەلەی پەیوەندییەکانی هەرێم بەوڵاتانی ئیقلیمیشەوە دەگرێتەوە.

ئەگەر بێین ئەم سێ دۆسییە هەڵبسەنگێنین دەبینین لەهەندێك ڕووەوە سیاسەتی کوردی باش چووەتە پێشەوە، بەڵام لەهەندێك بوار و بەتایبەتیش لە ئاستی بزووتنەوەی کۆمەڵایەتی و سیاسەتی ناوخۆیی، بەداخەوە تەباییەك نییە لەنێوان سیاسەتی کوردی و دینامیکیەتی کۆمەڵی کوردەواری. ئەمەش ئەو شتەیە کەپێموایە ئاوس دەبێت بەکێشە، بەئەندازەی ئەوەی ئاوس دەبێت بەچارەسەرکردن، ئەگەر زوو هەوڵی چارەسەرکردنی بدرێت.

*ئەو ناتەباییەی باستکرد سیمای پرۆسەی سیاسیی هەموو کۆمەڵێکە لە قۆناغی ئینتیقالیدا یان بەتەنها ئینتاجی عەقڵی سیاسیی کوردییە؟

- ئەمە یەکێکە لە سیماکانی هەموو کۆمەڵێکی ئینتیقالی، بەڵام ئێمە مادام قسەمان لەسەر قۆناغی ئینتیقالی کۆمەڵی کوردستانە، کەواتە هەندێك تایبەتمەندی کوردیشی تێدایە. ئەمەوێت ئەوەش بڵێم باسمان لەهەر تایبەتمەندییەك کرد لە کۆمەڵی کوردەواریدا بۆ پاکانەکردن نییە بۆ ئەوەی کۆمەڵی کوردەواری لەدنیا جیابکەینەوە و بڵێین ئێمە پێویستمان بە یاسا و ڕێسای تایبەتی خۆمان هەیە، بەڵکو بۆ ئەوەیە درك بەو تایبەتمەندییە بکەین تاوەکو بزانین چۆن تێکەڵی بکەینەوە لەگەڵ ئەو ڕێسا ویاسایانەی کۆمەڵی مرۆڤایەتی هەیەتی.

بەو مانایە پێموایە سیماکانی ئەم کۆمەڵی ئینتیقالیەی کوردستان سیمای هەموو کۆمەڵێکی ئینتیقالیە، بەڵام تایبەتمەندی کوردستانیشی تێدا هەیە.

لەبەرئەوەی کوردستان، هەرێمی کوردستان، وڵاتێکی داگیرکراو بووە، بۆیە بەپێی تەعریفی ئەدەبیاتی سیاسیی کوردی هیچ نەبێت کۆمەڵی بە پاشکۆکراو، یان لکێنراو بەوڵاتێکی ترەوە، دۆخەکەی دژوارترە لە کۆمەڵێکی داگیرکراو، چونکە کۆمەڵی داگیرکراو دەرفەتی دەربازبوونی لەو داگیرکارییە هەیە، بەڵام کۆمەڵی لکێنراو دوو کێشەی هەیە. کێشەی ئەوەی نەبووەتە بەشێك لەو کۆمەڵگەیەی پێوە لکێنراوە، ئاسۆیەکیشی لەبەردەمدا نییە بۆ ڕزگاربوون لە داگیرکاری. لەبەرئەوە ئەمە چۆن تایبەتمەندی داوە بە سیاسەتی کوردی، ئاواش داویەتی بەکۆمەڵی کوردی. یەکێك لە دیارترین سیماکانی ئەوەیە کەمجار ڕوویداوە تەباییەك هەبێت لەنێوان سیاسەتی کوردی و جوڵەی کۆمەڵی کوردەواری، چونکە زۆربەی جوگرافیای کۆمەڵی کودەواری جگە لەوەی

لەدەست خۆی نەبووە و پاشکۆی مەرکەزێکی تر بووە، لەهەمانکاتدا بەدەست سیاسەتی کوردییەوە نەبووە. بۆچی؟ چونکە ئەو دەوڵەتانەی کوردستانیان بەسەردا دابەشکراوە نەیانهێشتووە سیاسەتێکی ناوخۆیی کوردی هەبێت، ئیلا ئەبێت سیاسەتێکی وابەستەیی کۆمەڵی سەردەست بێت و ئەمەش سیاسەتێکی تەنگژە هێنەرە، یان ئەبێت سیاسەتێکی شۆڕشگێڕی بێت. جا عادەتەن بزووتنەوە شۆڕشگێڕییەکان بەحوکمی پێگەی جوگرافی و قەدەغە بوونیان لەناو وڵاتدا دوور ئەبن لە کۆمەڵ و ژینگەی کۆمەڵایەتی خۆیان و لە ناوچە گوندییەکاندا قەتیس دەبن. بەمجۆرە ئێمە دەبینین زۆر کەم، لە مێژووی دەوڵەتی تازەی عیراقدا بەتایبەت، دەرفەت هاتووەتە پێشەوە کە سیاسەتی کوردی بەجۆرێك لەجۆرەکان تەبا بێت لەگەڵ جوڵەی کۆمەڵی کوردی، و لەگەڵ ئاستی گەشەکردنی فەرهەنگی و کۆمەڵایەتی کوردەواریدا.

خۆی کۆمەڵی کوردی لەبەرئەوەی کۆمەڵێکی داگیرکراو بووە هەمیشە سیاسەتێکی "کوردی" بەرهەم نەهێناوە، بەڵکو لەبەرئەوەی کۆمەڵێکی تەنگەژەدار بووە سیاسەتێکی تەنگەژەداری خوڵقاندووە.

*باسی ئەوەتکرد لە ڕابردوودا ناتەباییەك هەبووە لەنێوان جوڵەی کۆمەڵی کوردی و سیاسەتی کوردی، پێتوایە عەقڵی سیاسەتی کوردی لە ئێستادا هەستی بەمەترسی ئەم ناتەباییە کردبێت لەسەر پرۆسەی سیاسیی کوردستان و سەنگی سیاسیی کورد لە دەرەوە؟

- بەداخەوە باوەڕناکەم سیاسەتی کوردی لە ناوخۆدا درکی بەمە کردبێت، لەبەرئەوە ئەو ناتەباییە، یان ئەو گرفتە، هەر ماوە. ئێمە دەبێت بپرسین هەشتا ساڵ لە حوکمڕانی دەوڵەتی عیراق بەرانبەر بە ١٨ ساڵ حوکمڕانی دەوڵەتی کوردی لەناو هەرێمی کوردستاندا و بەرانبەر بە چەند ساڵێکی جیاجیای خەباتی سیاسیی، بۆ نموونە لە ساڵانی شەستەکاندا کە هەژموونێکی سیاسیی هەبووە توانیویەتی لەناو کوردستاندا کار بکات، لەسەردەمی مەلەکیەتدا ڕاستە شۆڕشی کوردستان هەبووە، واتا شۆڕشی مەلا مستەفای بارزان، بەڵام جۆرێك لە سیاسەتی کوردی ڕێپێدراو هەبووە بۆ نموونە هەڵبژاردنی نوێنەرەکانی کورد لە پەرلەمانی عیراقدا کە بابڵێین ڕەنگدەرەوەی سنوورداری بارودۆخی کۆمەڵایەتی

کۆمەڵگەی کوردی بووە. بەڵام لەوەتەی عیراق جمهورییە زۆر کەم لواوە کە سیاسەتی کوردی ڕەنگدەرەوەی جوڵەی کۆمەڵایەتی کۆمەڵی کوردی بێت. ئەمەش لێسەندنەوەی شەرعیەتی نەتەوەیی نییە لە سیاسەتی کوردی بەقەدەر ئەوەی تیشکخستنە سەر ئەو حاڵەتە ناجۆر کە کوردایەتی و کوردەواری لێک دابڕیبوو.

١٨ ساڵ و چەند ساڵێکی تریش، لە قۆناغی جیاجیادا، بەڕاستی ناتوانێت قورسایی خۆی ڕابگرێت لە بەرامبەر نزیکەی هەشتا ساڵ. لەبەرئەوە ئەگەر بێین بەراورد بکەین ١٨ ساڵ حوکمڕانی کوردی دەرەقەتی ٨٠ ساڵ لە حوکمڕانی عیراق نایەت. ئێمە لە قۆناغێکداین بۆشایی فەراغ هەیە لەنێوان جوڵەی کۆمەڵایەتی و جوڵەی سیاسیی. هەر بۆیە هەژموونی سیاسەتی کوردی کاریگەری کەمە لەسەر جوڵەی کۆمەڵایەتی و بەپێچەوانەوەش دەبینین لە زۆر شوێن جوڵەی کۆمەڵایەتی توانیویەتی ئاراستەی سیاسەتی کوردی قوت بدات.

سیاسەتی کوردی بریتییە لە دوو بەش. یەکەم بریتیە لە کوردایەتی کە کارکردنە بۆ بزووتنەوەی کوردایەتی و بۆ مافە نەتەوەییەکانی کورد. دووەم ئێمە بمانەوێ و نەمانەوێت سیاسەتی تریش تەئسیری لە سیاسەتی کوردی کردووە و ناشتوانین بەدابڕاو سەیری بکەین، بۆ نموونە سیاسەتی چەپ، یان سیاسەتی کۆمەڵایەتی.. سیاسەتی عیراقی یان سیاسەتی بزووتنەوە ئیسلامییەکان. بەم مانایە سیاسەتی کوردایەتی بەشێکی گەورە لە سیاسەتی کوردی پێکدەهێنێت، بەڵام تاکە پێکهێنەری سیاسەتی کوردی نییە. لەبەرئەوە زۆرجار ئەبینیت سیاسەتی کوردایەتی وا ئەزانێت تەنها سیاسەتی کوردایەتی لە گۆڕەپانەکەدا، لەهەمانکاتیشدا زۆرجار هێزە غەیرە کوردایەتییەکان ئەگەر لە ناسنامەی کوردایەتی دایماڵی پێیدەڵێی خائین. کە ئەمە ناولێنانێکی مەترسیدارە.

خۆی لەڕاستیدا سیاسەتی کوردایەتی بریتییە لە سیاسەتی نەتەوەیی و ئەمەش بەشێکی گرنگە لە سیاسەتی کوردیدا، بەڵام هەموو سیاسەتی کوردی نییە.

*باسی ئەوەت کرد لە ماوەی هەشتا ساڵی ڕابردوودا سیاسەتی کوردی فۆرمێکی شمولی نەبووە، ئەکرێت ئەمە بەوە بزانین خوێندنەوەیەکی زانستیمان

بۆ سیاسەت نەبووە و هەر تەنها لەژێر کاریگەری کۆمەڵێك دروشمی نەتەوایەتی و کوردایەتیدا خەباتمان کردووە؟

- ئێمە ئەبێت لە تەشخیس کردنی حاڵەتەکاندا زۆر وردبین. ئەو کورتهێنانە سیاسییە کورتهێنانی جوڵەی کۆمەڵایەتیشی لێکەوتووەتەوە، چونکە ئەویش نەیتوانییوە بەدوای وەڵامێکی سیاسیدا بگەڕێت بۆ گرفتەکانی خۆی. بەمانایەك لە ماناکان نەکوردایەتی توانیوویەتی لەگەڵیدا بگونجێ، و نە جوڵەی کۆمەڵایەتیش توانیوویەتی سیاسەتێکی تایبەت بەخۆی دروست بکات. بۆ نموونە کۆمەڵی فەلەستینی لەژێر داگیرکاری ئیسرائیلیدا توانیوویەتی سیاسەتێکی تایبەت بەخۆی بەرهەم بهێنێت لە دەرەوەی ڕێکخراوی رزگاریخوازی فەلەستینی. ئەمە لەبەرچی؟ لەبەرئەوەی ئیسرائیل وڵاتێکی کراوەتر بووە لەچاو عیراق بۆیە ئەبینیت ڕێبەرانی ریزی دووەم هەیە لەناو فەلەستیندا. بەڵام کۆمەڵی عیراقی لەبەرئەوەی رژێمی دیکتاتۆری سیاسەتی عیراقی بەڕێوە بردووە، بەداخەوە ئەو دیکتاتۆرییە ڕێگەی نەداوە جوڵەی کۆمەڵایەتی کوردەواری بەدوای گوزارشتی سیاسیدا بۆ خۆی بگەڕێت. بۆیە سەرەنجام سیاسەتی کوردی ویستی ئەم بۆشاییە بەگوێرەی توانای خۆی پڕ بکاتەوە.

باقسە لەسەر نموونەیەکی بچوکتر بکەین. لەدوای جەنگی سارد وڵاتانی یەکێتی سۆڤیەت هەڵوەشانەوە ئەم رووداوە لەڕووی مێژوویەوە هاوشانی مێژووی راپەرین بوو، ئێمە بینیمان لەو دەوڵەتانەی پێشووتر لکابوون بەیەکێتی سۆڤیەتەوە، سەرکردەی کۆمۆنیستی ئەو دەوڵەتانە بۆ ماوەیەکی ئینتیقالی توانیان ئیدارەی وڵاتەکانیان بگرنە دەست. بۆ نموونە شیفەر نازدە کەیەکێك بوو لە سەرکردەکانی سۆڤیەت، بوو بەسەرۆکی جۆرجیا، بەڵام لەبەرانبەر ئەمانەدا لە کوردستان دیاردەی جاشایەتی پەیدا بوو، جاشەکان و بەڕێوەبەرە کوردەکانی دەسەڵاتدارێتی لە کوردستاندا کە وابەستەی دەوڵەتی بەعس بوون، ئەوەندە بێ کەڵك و داهێزراو بوون نەیانتوانی خۆیان لەبەعس راپسکێنن و ببنە بەشێك لە کوردستانێکی نیمچە سەربەخۆی دوای ڕاپەڕین. لەبەرئەوە سەرنجام حزبەکانی شاخ و پێکهاتەی بەرەی کوردستانی هات ئەم بۆشاییەی پڕ کردەوە.

تەشخیسکردنی ئەم حاڵەتە بۆ ئەوەنییە بڵێین هیچمان بەهیچ نەکردووە،

پێویستە ئەوەش بزانین هیچ کتێبخانەیەك، یان هیچ تیۆرێکی زانستی یارمەتی بزووتنەوەیەکی سیاسی نادات کە چۆن وڵاتەکەی ببات بەڕێوە، ئەگەر ڕەچاوی ئەوە نەکەین کۆمەڵگەکە خۆی لەچی ئاستێکدایە و سیاسەتی کوردی (لەنموونەی کوردستاندا) خۆیشی لەچی ئاستێکی پێگەیشتندایە.

*مەبەستم ئەوەبوو ئەگەر کوردایەتی لای ئێمە ئامانج بووبێت، ئەوە لەهەڵبژاردن و گرتنەبەری میکانیزمەکانی گەیشتن بەو ئامانجەدا چەندە دووربوونە لەکاریگەری سۆز و ئایدۆلۆژیا و بەشێوەیەکی زانستی ئەمەمان کردووە؟

-پێویستە ئەوە بزانین لەدوای راپەرینەوە و تاکو پێش روخانی سەدامیش سیاسەتی کوردی یان ئەوەی سیاسەتی کوردی ئاراستە کردووە، ئەوە ئەدەبیاتانەیە کە هێزە شۆڕشگێڕەکانی کورد لەسەر چیەتی کورد، چۆنێتی رزگارکردنی کوردستان نووسیویانە.

ئەم ئەدەبیاتانە لەوەئەچێ بەشی کاتی خۆیانیان کردبێت. بەشی دوای راپەڕینیان کردبێت. بۆ نموونە داخوازییەکانی کورد بریتی بووە لە فیدراڵیزەکردنی عیراق، دیموکراتیزەکردنی عیراق، تەواوێتی خاکی کوردستان، بەکەرکوکەوە، ببێتە بەشێك لە کوردستان، کورد بتوانێت وڵاتی خۆی ببات بەڕێوە بەمیکانیزمێك کە نەجیابوونەوە بێت لە دەوڵەتی عیراق و نەگەڕانەوەی دامودەزگای دەوڵەتی مەرکەزی عیراق بێت. ڕاستیەکەی ئەم مەفاهیمانە بایی ئەوەندە دەوڵەمەند بوون و درێژەیان کێشا کە ببێت بەدروشمی هێزە عیراقییەکان بۆ روخاندنی رژێمی سەدام، بەڵام ئەمە دوو گرفتی هەبوو. یەکەم: بەشی زۆری هێزە سیاسییەکانی کوردستان، بەتایبەت کاریگەرەکان: یەکێتی و پارتی تووشی تەحەددا هاتن، ئەتوانم بڵێم پارتی لەبەرنامە کۆمەڵایەتیەکەیدا سیاسەتێکی غامزی هەبوو دیار نەبوو و چاوەڕێ بوو کۆمەڵگەی کوردەواری چی هەیە قوتی بدات. ئەمە بەمانایەك لەماناکان جۆرێکە لەدەستخۆشی لە پارتی کە توانی ئیستیعابی کۆمەڵی کوردەواری بکات داخۆ چۆنە ئاوها لەگەڵی بڕوات. بەڵام بۆیەکێتی ئێمە گرفتێکمان هەبوو. گرفتەکەش بریتییە لەمە: وەک چۆن ساڵی نەوەتەکانی سەدەی رابردوو ساڵی رزگاری نەتەوەیی بوو، لەبەرئەوەی کوردایەتی توانی بگەشێتەوە، لەهەمانکاتدا ئەو ماوەیەی نەتەوەکان ساڵی پاشکەکشێی بەرنامە

کۆمەڵایەتیەکان بوو. چونکە روخانی یەکێتی سۆڤیەت، بەجۆرێك لە جۆرەکان، پاشەکشەی ئاراستەی کۆمەڵایەتی ئەگەیاند. لەبەر ئەوە یەکێتی هاتە سەر بەرێوەبردنی وڵات و چنینەوەی دەستکەوتەکانی سەرکەوتنی کوردایەتی، بەڵام رێک لەم کاتەدا ئەتوانین بڵێین ئەو بەرنامە پتەوو مەحکەمەی جارانی نەما کە بیری لێدەکردەوە کوردستان لەسەر روانینێکی مارکسیانە ببات بەرێوە و گۆرانکاری کۆمەڵایەتی و ئابووری بکات لەچوارچێوەی بەرنامەی سۆسیالیستیدا. لەبەر ئەوە لەم رووە روئیاکە بۆ بەرێوەبردنی بزووتنەوەی کوردایەتی روون بوو، بەڵام بۆ بەرێوەبردنی کۆمەڵی کوردەواری وانەبوو (چونکە کوردایەتی مابوو، بەڵام ئەندێشەی بەرنامە کۆمەڵایەتییەکە پەکی کەوتبوو).

*باشە ئەگەر راپەڕین وەك وێستگەیەکی تری سیاسیی سەیر بکەین ئەوە کام لەم دوو تێڕوانینە لەڕاستیەوە نزیکن کە راپەڕین دەرەنجامی خەبات و بیرکردنەوەی هێزە سیاسیەکانی کوردستان،یان هەڵچوونێکی عەفەوی کۆمەڵانی خەڵك بوو کە ئەمە زۆرجار دەوترێت؟

- من پێش هەموو شت رێز لەهەردوو تێڕوانینەکە دەگرم. تەبعەن هەریەك لەو دوو تێروانینە پەیوەندی بەکۆمەڵێك هۆکارەوە ئەسبابەوە هەیە. بۆ نموونە پەیوەندی بەوەوە هەیە ئەو کەسە یان ئەو هێزە خۆی بەشداری راپەرینی کردووە، یان نا؟ ئەو هێزەی بەشدار بووە ئەزانێت راپەرین مەسەلەیەکی عەفەوی نەبووە و بەرنامە بۆ دارێژراو بووە، چونکە ئەو کەسانەی کە مێژووی راپەرین دەنووسنەوە بەڵگەیان هەیە چۆن هێزەکان کۆبوونەتەوە و نەخشەیان داناوە؟ بۆیە ئەوەی ئەم مێژووە بخوێنێتەوە بۆی دەردەکەوێت هێزێك هەیە ئاراستەی راپەرینی کردووە و هەر لەخۆوە نەبووە و ئەگەر وانەبوایە زۆر زەحمەت بوو راپەرین سەر بگرێت. بۆ نموونە هەر لەسەرەتای مانگی ئازارەوە بەعس شکستی خواردبوو، بەڵام هەموو لایەك چاوەڕانی بزاوتی پێشمەرگە و رێکخستنە سیاسییەکان بوون. پارتە سیاسییەکان ئەمەیان جوڵانەوە و لەگەڵیشدا جەماوەر بەشداربوون. کەواتە تۆ ناتوانیت نەحەقی جەماوەر بخۆیت و نەحەقی هێزە سیاسییە پرۆفیشناڵەکانیش بخۆیت کە راپەرینیان جوڵاندووە. ئەمە دیوێکی مەسەلەکەیە. لەبەرئەوەی خەڵك هەیە هێزی سیاسیی نەبووە ئەیداتە پاڵ جەماوەر، ئەمە بۆ ستایشکردنی

جەماوەر نییە، هێندەی ئەوەی بۆ شاردنەوەی ڕۆڵنەگێڕانێکە. ئەوەشی کە دەڵێت ئێمە کردمان بۆ شاردنەوەی ڕۆڵی جەماوەر نییە، بەقەدەر ئەوەی بۆ داکۆکیکردنە لە ڕۆڵی خۆی لەسەرەوەری ڕاپەریندا.

ئێمە ئەگەر ئەمە بخەینەوە ئەو لاوە «کێ سەروەری هەیە و کێ نیەتی؟»، بپرسین بۆ هەلومەرجی ڕاپەرین هاتە کایەوە؟ ئەمە مەسەلەیەکی زۆر زۆر گرنگە، چونکە ئەمە بەشێکی تری ئەو مەسەلەیەمان بۆ ڕوندەکاتەوە چۆن کوردەواری گەیشتە ئاستی ڕاپەرین؟

ئەگەر سەیری سەرەتای هەڵسانەوەی ڕاپەرین بکەین بۆیەکەمینجار ئەو لەحزە مێژوویەمان بینی کە کۆمەڵی کوردەواری لەگەڵ بزووتنەوەی کوردایەتی تێکەڵ بۆوە. لەبەر ئەمە ئەبینین کەراپەرین شکستێکی کاتی خوارد و کۆڕەو ڕویدا هەموو کورد ڕۆیشتە دەرەوە. بەم مانایە لە لەحزەیەکدا هەموو کورد هەستی کرد، بەجاش و باشییەوە، بەپێشمەرگە و هاوڵاتی ئاساییەوە، بەیەك چاو لەلایەن بەعسەوە سەیر دەکرێت. لەبەرئەوە بەگەرانەوەی بەعس هەموولایەك تێوەگلا بوو. ئەو لەحزەیەی پێشمەرگەیەك کە پەلاماری دەزگا سەرکوتکەرەکان دەدا و لەگەڵیشدا هاوڵاتیەك بەقەمە بەعسیەك دەکوژێ، دەتوانین ناوی بنێین لوتکەی (تووش بوونی ) کۆمەڵی کوردەواری و سیاسەتی کوردی لەیەك مەسەلەدا. بۆیە هەمووکەس لە کۆڕەودا چوونە دەرەوە، ئەم چوونە دەرەوەیە بەجۆرێك لە جۆرەکان یەکێتی نەتەوەیی کورد لە کوردستانی عیراق دا دەردەخات تەنانەت زیاتر لە ڕاپەرین، چونکە ئەگەر لە لەحزەی ڕاپەرین هەموو کورد نەیتوانیبێت بەشدار بێت، ئەوە شکست و کۆرەو لەحزەیەکی مێژوویی وای دروستکرد.

ڕاستییەکەی لەدوای نیشتنەوەی کەفوکوڵی ڕاپەرین زۆر کەس خوێندنەوە ئەکات بۆ ڕاپەرین، بۆچی؟ من ئەگەر مسوڵمانێکی تەواو بم ئەڵێم لەبەرئەوەی بەعس زیاد لە حەد تاوانی ئەکرد و کافر بوو. ئەگەر چەپ بم ئەڵێم نیزامی سەرمایەداری بەعس گەییە لوتکە لە تەنگژەی خۆیدا، بۆیە جەماوەر لێی ڕاپەڕی. هەروەها ئەگەر کوردێکی ناسیۆنالیست بم دەڵێم پەیوەندی بەعس و کورد گەیشتە ڕادەیەك ئیتر نەئەتوانرا پێکەوە بژین، بۆیە ڕاپەرین ڕوویدا. خۆی لەڕاستیشدا کە جاشێك ڕووبەرووی بەعس ئەبێتەوە لەبەرئەوەی بەعس

ئەنفالی پێکردووە و کەسوکارەکەی خۆی پێ کوشتووە، (رقی لەبەعسە، چونکە پاڵی پێوەنا بۆ تاوانکاری) ئەمەش هەر دەرخەری یەکێتی نەتەوەییە. بەمجۆرە ئەتوانین بڵێن راپەرین لەدژی بەعس راپەرین بووە بۆ ئازادی، بۆ رزگاری، بۆ دەربازبوون لە بارودۆخێکی ئابووری خراپ. ئەتوانین بڵێین راپەرینێکی نەتەوەیی بووە. هەتا ئەتوانین بڵێین راپەرینی مسوڵمانەکانی ئەم وڵاتە بووە لەبەرامبەر ئەم بەعسیە کافرانەدا.

راستیەکەی حوکمکردنی ساڵانێکی زۆری بەعسیەکان بەشێکی زۆری خەڵکی ئەم وڵاتەی کردبووە دوژمنی رژێمەکە، لەبەرئەوە هەموو هاوڵاتیەکی عیراقی و لەناویشیاندا هاوڵاتیانی کوردستان کێشەیەکی لەگەڵ بەعسدا هەبووە لەراپەریندا بەجۆرێك لەجۆرەکان ساغیکردووەتەوە. تەنانەت وەك وتم جاشێك هەست ئەکات بەعس تووشی کێشەیەکی کردووە. هەروەك هاوڵاتیەك ئەچێت بەدوای فایلەکەیدا ئەگەڕێت لەناو بارەگایەکی بەعسیدا ئەویش هەر دەرەنجامی کێشەکەیەتی لەگەڵ بەعسدا.

*دوور لە هەموو ئەمانە و بەکورتی راپەرین هەڵچوونێکی لەخۆوە بوویان وێستگەیەکی بەرنامە بۆ دانراو؟

- پێموایە وێستگەیەکی بەرنامە بۆ دانراوە و هەڵچونێکی عەفەوی نەبووە. کەپێشتریش راپەرین نەکراوە لەبەر نائامادەگی هەلومەرجی بابەتی و خودی هێزی کورد بووە نەك نارەوایی دۆزی کورد، دەنا لە شکستی شۆرشی کوردستانەوە بەعس موستەحەقی ئەوە بووە راپەرینی لە دژ بکەیت، بەڵام هەلومەرج و ئیمکانیاتەکە لەبار نەبووە. دەلیلیش بۆ ئەمە ئەوەیە کورد لە هەشتاکاندا چەندین راپەرینی کردووە و نەیهێشتووە بەعس هەروا بەئاسانی پاڵباتەوەو بیخوا، بۆیە ناکرێت ڕاپەرینی ١٩٩١ بەکوتوپڕ و عەفەوی بزانین، چونکە ئەگەر عەفوی بووایە ئەو هەموو دەرەنجامە باشانەی نەدەبوو.

## هەڵبژاردن و بەشداری سیاسیی

*ئەگەر هەڵبژاردن وەکیەکێك لە بنەما گرنگەکانی دیموکراسی و بەشداری سیاسیی سەیر بکرێت، ئەوا لە کوردستاندا تاچەند ئەم حاڵەتە دەبینرێت و

هەڵبژاردن بووەتە میکانیزمی بەشداری سیاسیی لەدوای ڕاپەڕینەوە؟

- لەدوای ڕاپەڕینەوە، لە هەرێمی کوردستاندا، دووجار هەڵبژاردن کراوە. جاری یەکەم هەڵبژاردنی ساڵی ١٩٩٢ کە سەرەتای ئەزموونی حوکمڕانی و دیموکراسی بووە. جاری دووەمیشیان ساڵی ٢٠٠٥. جا ئەگەر هەڵبژاردنی یەکەم میکانیزمەکانی ناوخۆی کۆمەڵی کوردەواری بەرهەمیهێنابێت، ڕاستیەکەی هەڵبژاردنی دووەم ئەوەندەی ئیختیارێکی بارودۆخی عیراقی دوای ڕوخانی ڕژێمی سەدام بوو، بەداخەوە، ئەوەندە ئیختیارێکی کوردی نەبوو. لەدوای ساڵی ١٩٩٢ەوە تەنها دوو هەڵبژاردنی تر کرا کە بریتی بوون لە هەڵبژاردنی شارەوانییەکان لە ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی یەکێتی و پارتی. لەبەرئەوە لەو دوو هەڵبژاردنە گەورەیەی ١٩٩٢ و ٢٠٠٥ ئەتوانین چەند خەسڵەتێك دیاری بکەین. هی یەکەمیان ئیختیارێکی کوردی بوو، مونافەسە تیایدا مونافەسەیەکی ڕاستەقینە و بەهێز بوو لەنێوان یەکێتی و پارتی، وەك دوو هێزی گەورە، و هێزەکانی تریش وەك حسدك و بزووتنەوەی ئیسلامی. بەڵام هەڵبژاردنی دووەم وەك وتم دۆخی دوای ڕوخانی ڕژێمی سەدام فەرزی کرد، یەکێتی و پارتی گەیشتبوونە قۆناغێك نەیان ئەتوانی بەجیا بەرانبەر یەك دابەزن، بۆیە هاوپەیمانێتیان کرد، لەگەڵیشیدا هێزەکانی تر گەیشتبوونەوە مەرحەلەیەك لە بچووك بوونەوە کە نەیان ئەتوانی بێ یەکێتی و پارتی بڕیاری بژارەیەکی جیاواز بدەن. لەناو ئەم دووانەدا چیرۆکیك هەیە کە بەجۆرێك لە جۆرەکان ئەتوانین ناوی بنێین چیرۆکی "شکستی دیموکراسی" لەڕووی هەڵبژاردنەوە. تەبعەن ئەمە بەتەحدید ئەڵێم شکستی دیموکراسی، چونکە شکستەکە لەبواری هەڵبژاردندا بووە، ئەگینا سەرەرای شەڕی ناوخۆ ئەتوانین بڵێین کوردستان هەر بەناوچەیەکی ئازادکراو مایەوە. هیچ نەبێت یەکێتی و پارتی لە ناوچەکانی خۆیان بەجیا (مومارەسەی دیموکراسیان) کردووە. لەبەرئەمەش یەکێتی لە ناوچەکانی خۆیدا هەڵبژاردنی شارەوانیەکانی کرد و هەروەها پارتی لەناوچەکانی خۆی، بەڵام ئەتوانین بڵێین لەماوەی ساڵەکانی ١٩٩٢-٢٠٠٥ ماوەی شکستی دیموکراسییە ئەگەر دیموکراسی تەنها لە ئاڵوگۆڕی دەسەڵات و هەڵبژاردندا کورتبکەینەوە کە ئەم دووانەش کرۆکی گەشەکردن و جوڵەی دیموکراسی پێکدێنن.

بێگومان هەڵبژاردن، بەبۆچوونی من، یەکێکە لەسیما هەرە گەورەکانی دیموکراسی، بەڵام تاقە سیمای نییە، چونکە هەڵبژاردن هێزە سیاسییەکان ئەخاتە بەردەم تاقیکردنەوەوە ویەکسانە بە ئاڵوگۆڕی دەسەڵات. مومکینە لە زۆر کۆمەڵگەدا ئاڵوگۆڕی بیروڕا ببینیت، ئالوگۆڕی پێ سەلماندن ببینیت، هەتا ئاڵوگۆڕی پەسەندکردنی زۆر ئیختیاراتی سیاسیی ببینیت، بەڵام ئەم پەسەندکردنە پەسەندکردنێکی جوامێرانەیە لەو کەسەی پەسەندی دەکات، بڕیارێکە لەو هێزە خۆیەوە، بۆ نموونە هەڵەیەکی خۆی بسەلمێنێت و بیروڕای ئەویتر قبوڵ بکات. بەڵام هەڵبژاردن بڕیارێکە لە خەڵکەوە کە بڕیار ئەدات ئەم هێزە هەڵەی کردووە و بڕیار دەدات سزای بدات، یان نەیدات. لەبەرئەوە کۆڵەکە سەرەکیەکەی دیموکراسی، بێگومان هەڵبژاردنە.

ئەگەر سەرنج بدەی هەڵبژاردن زۆر جومگەی تری دیموکراسیمان بۆ تاقیدەکاتەوە. یەکەم: ئەندازەی ئامادەگی هێزە ئەمنییەکان بۆ پاراستنی پاکێتی هەڵبژاردن، چونکە لەم حاڵەتەدا هێزە ئەمنییەکانیش ئەکەونە بەردەم تاقیکردنەوەی پیشگەرێتی خۆیانەوە. دووەم: ڕاگەیاندنەکان دەکەونە بەردەم هەمان تاقیکردنەوەوە. سێیەم: دەزگا دادوەرییەکان دەکەونە بەردەم تاقیکردنەوەی پاراستنی سەرەوەری و بێلایەنی خۆیانەوە. چاودێر و ڕێکخراوەکانی کۆمەڵی مەدەنی دەکەونە بەردەم هەمان ئەندازەی وابەستە نەبوونیان بە هێزە سیاسییەکانەوە لەکاتی هەڵبژاردندا. هەروەها هاوڵاتی خۆیشی دەکەوێتە بەردەم تاقیکردنەوەی ئەندازەی هۆشیاری سیاسیی کاتێك دەنگ بۆ هێزێکی سیاسیی دەدات و بەویتری نادات.

## گەشەی سیاسیی خاو بووە

*لەدوای هەڵبژاردنی ١٩٩٢ەوە گەشەی سیاسیی بەرەو چی ئاستێك چووە لەسەر ئاستی کۆمەڵگای کوردی؟

- تەبعەن زۆر خاو بووە. من باسی ئەوەمکرد نەبوونی هەڵبژاردن لە ساڵی ١٩٩٢ەوە بۆ ٢٠٠٥ نیشانەی شکستی دیموکراسییە بەدیوە هەڵبژاردنییەکەیدا. هەروەها باسی ئەوەشمکرد لە هەڵبژاردندا هەموو ئەو کایە جیاجیایانەی تر ئەکەونە بەردەم تاقیکردنەوەوە. بەم مانایە دەتوانین بڵێین گەشەی سیاسیی لە

کوردستاندا زۆر زۆر سست بەڕێوەچووە. بەداخەوە ئێمە نەمانتوانیووە لەم ١٨ ساڵەدا هاوڵاتییەکی سیاسیی، هۆشمەند بەرهەمبهێنین کە لەبەردەم ئەم هەموو دامودەزگایەی ئیدیعای سیاسەت و خزمەتکردن دەکات بتوانێت ئیختیاری خۆی دیاری بکات. چۆن مرۆڤ دەچێتە بازاڕ شمەکی زۆری لەپێشە، بەداخەوە ئێمە نەمانتوانی ئەم کارە بکەین و لەڕێگەی بەرهەمهێنانی هاوڵاتیەکی هۆشمەندەوە ئەم تاقیکردنەوەیە ئەنجامبدەین. بۆیە گەشەی سیاسیی لە کوردستاندا زۆر زۆر دواکەوت.

پێویستە ئێمە جیاوازی لەنێوان دوو شت بکەین. ئەویش بوونی ئازادی سیاسیە لەگەڵ دیموکراسیدا، چونکە ئازادی مەسەلەیەکە ڕەنگە زۆر کۆمەڵ پێی بگات لە ساتێکی مێژوویدا، بەڵام ئەگەر بەدامودەزگای نەکات و نەیخاتە چوارچێوەیەکی دیموکراسیەوە، ئەوا هەمیشە ئەم ئازادییە دەکەوێتە بەردەم هەڕەشەی فەوتان و لەناوچوونەوە.

کوردستان بەهۆی بارودۆخێکی نەتەوەیی خۆیەوە ئازادیەکەی نەکەوتە بەردەم هەڕەشە، بەڵام لەڕاستیدا دیموکراسیەکەی نەیتووانی ئازادییەکەی بپارێزێت و گەشەی سیاسیی دابین بکات.

*بەڵام هەندێك پێیانوایە هۆکاری کەمی گەشە و بەشداری سیاسی ئەوەیە هاوڵاتی هەستی بەوەکردووە حزبی کوردی ستراتیژێکی گشتی نییە، یاخود سیاسەتی گشتی خستووەتە خزمەت سیاسەت و ستراتیژی حزبەکەیەوە، ئەمە تاچەند وایە؟

- تەبعەن من واسەیری ناکەم. ئەزانی ئەمە تێڕوانینی ئەو خەڵکانەیە کە بەهۆی جەمسەرگیری سیاسیەوە نەیانتوانی گەشەی سیاسی بەخۆیان بدەن. لەبەرئەوە تێڕوانینیان بۆ سیاسەت لە ئاستێکی زۆر سادەدایە. ئەمانە قوربانی دەستی حزب و تێگەیشتنێکی هەڵەشن لە ڕۆڵی حزب. ڕاستیەکەی هەموو حزبێك بۆ ئەوە سیاسەت دەکات کە بەرنامەکەی خۆی سەربخات و ئەندامەکانی لەپێشەوە بن بۆ ڕۆڵگێڕان لەناو کۆمەڵگادا. تەنانەت لەپێشدابن لە پێشکەوتن و دەستکەوتەکانی کۆمەڵگا، چونکە ئەوەی کە ڕۆڵ ئەگێڕێت ئەوە یەکەم کەسە دەستکەوتەکان ئەچنێتەوە. بەداخەوە ئەمە وایکردووە بیرکردنەوە یان

گەشەی بیرکردنەوەی هاوڵاتییەکی ئاسایی لە ئاست کادیرێکی پرۆفیشناڵی حزب نەبێت، چونکە تۆ نەتوانی بەشداری سیاسیی بکەیت کەواتە ناتوانیت دەوڵەمەندی خەزینی سیاسیی بۆ خۆت ببەیت و تەجربەی سیاسی کەڵەکە بکەیت. لەبەر ئەوە زۆرجار جیاوازی دەبینرێت لەنێوان هاوڵاتیەکی ئاسایی و سیاسییەکدا، بەڵام لەوە مەترسیدارتر هەژاری سیاسیی هاوڵاتیەکی ئاساییە لەچاو دەوڵەمەندی سیاسی چینی سیاسیی کوردیدا.

*بۆچی لەماوەی ١٨ ساڵدا حزبی کوردی نەیتوانیووە هۆشیارییەکی خزمەتگوزار لای هاوڵاتی دروست بکات و فێری ئەوەی بکات بەشداری سیاسی ئەرکە؟

- من هۆکاری مێژوویی ئەوەم باس کرد کە بۆچی دروست نەبووە، بەڵام هێزە سیاسییەکان و بەدەرەجەی یەکەم قسە لەسەر یەکێتی دەکەم، پێموایە یەکێتی ڕێگر نەبووە هاوڵاتیەك ئاستی گەشەی سیاسیی خۆی بەرز بکاتەوە، بەڵام لەبەر هۆکاری خۆیی و بابەتیش هاندەر نەبووە بۆ ئەمجۆرە گەشەکردنە.

پێویستە ئێمە ئەوە بزانین هێزی سیاسیی ئەوکاتە ئەتوانێت گەشە بەهۆشمەندی سیاسی خەڵك بدات کە ئامرازی ئەو پەیوەندییەی هەبێت بۆ گەشەکردن. ئەو ئامرازەش مەعلومە کە حزبەکەیە.

بەداخەوە شتێکی لەمجۆرە لە کوردستاندا، نییە، بۆ؟ چونکە ئەوەی گەشەی کرد لەبارەی سیاسییەوە حزبی کوردی بوو نەك دەزگای حوکمڕانی کوردی.

ئەتوانم بڵێم تاکو ئێستاش تێڕوانین بۆ جیهازی حوکمڕانی کوردی تێڕوانینێکی ئیدارییە، بەڵام تێڕوانین بۆ حزب تێڕوانینێکی سیاسییە. واتە خەڵك لە کوردستاندا حزب بەشوێنگەی سەرەکی سیاسەتکردن دەزانێت، نەك حکومەت. هەمیشە حکومەت بەشوێنگەی ئیداری، بەڕێوەبردنی وڵات سەیرکراوە. لە کاتێکدا خۆی ئەسڵەن حکومەت جیهازی سەرەکی سیاسەتکردنە. ئەمەیەکەم. دووەم: لە کوردستان پرۆسەی سیاسیی قەتیسکرا بوو لە کوردایەتیکردندا کە لەڕاستیشدا کوردایەتی هەمیشە سیاسەتێکە لەگەڵ دەرەوە دەکرێت نەك لەگەڵ ناوەوە. بۆ نموونە من ناتوانم کوردایەتی لەگەڵ تۆ بکەم، چونکە تۆش کوردیت. کوردایەتی لەگەڵ ئەوی عەرەب و عیراقدا دەکەم کە هێزی دەرەکیە

و نایەوێت کورد قەوارەیەکی سیاسیی دروستبکات. لەبەرئەوە سیاسەت لەناو حزبی کوردیدا سیاسەت بووە بۆ پرۆسە نەتەوەییەکە نەک پرۆسەی ناوەوە کەمتر سیاسەتکردن بووە بەو مانایەی پرۆسەیەکە بۆ خزمەتکردن. لەماوەی ئەو ١٨ ساڵەدا چیرۆکی سیاسەتی کوردی بریتیی بووە لە سیاسەتی بەسوك سەیرکردنی جیهازی حوکمڕانی کوردی. چونکە دەرفەت نەدراوە لە زەمانی داگیرکاریدا کورد بەشداری دەوڵەت بکات و لەوێوە سیاسەت بکات. بەڵکو سیاسەتی لە ناو دامودەزگاکانی کوردایەتی کردووە کە حزب ناوەندی ئەو دامودەزگایانە بووە. دەوڵەت لە کورد قەدەغەبووە مەگەر کوردەکە خۆی ببێتە بەشێک لە دەزگای دەوڵەتەکە کە بەمەش خۆی لە کوردبوون دابڕێت، چونکە دەوڵەت ڕەنگدەرەوەی ویستی کورد نەبووە، دەوڵەتی بێگانەبووە کە بۆ ویستی کورد دەستەمۆ نەدەبوو، مەگەر کوردی بەشداربوو دەستەمۆی دەوڵەت بێت و خۆی لە کوردبوون دابماڵێ. بۆیە لە خەیاڵدانی سیاسەتی کوردیدا دەوڵەت شوێنی سیاسەتکردنی کوردانە نییە، بەڵکو حزب ئەو شوێنەیە. کورد لە دەوڵەت دەترسێ، چونکە پێیوایە تائێستا ئیختراقی دەوڵەتی نەکردووە.

*کۆتایی ساڵی ٢٠٠٨ لەگەڵ ڕۆژنامەنووس خەڵەف غەفور تەگبیری چاوپێکەوتنێکی دوورودرێژمان هەبوو کە وەک کتێبێک بڵاوی بکەینەوە. باسوخواسەکانی ئەو دەمی کوردستان و مشتومڕی دیموکراسی و هەڵبژاردنێک کەبەڕێوەبوو لە کوردستان سازبکرێت و هەڵسەنگاندنی تەجرەبەی حوکمڕانی کوردی و ئاییندەکەی، هاندەری ئەو تەگبیرەو ناوەڕۆکی پرسیارو وەڵامەکانی چاوپێکەوتنەکە بوو. خوا هەڵناگرێ خەڵەف هەمیشە پرسیارەکانی ئامادەبوو، بەڵام سەرقاڵی بەندە هەر دەرفەتی بەشی یەکەمی داو سەرەنجام پرۆژەکە لە کۆمپیوتەرەکەی کاک خەڵەفدا مایەوە. ئەو ڕووداوانەی لێرەدا پێشبینیمان کردووە لەجێی ئەوەی دەرفەتمان بداتێ بۆ تەواوکردنی کتێبەکە، ئێمەی لەگەڵ خۆیدا ڕاپێچا. جا لەبەر ئەوەی هەست دەکەم هەندێک لەبیرۆکەکان تەڕایەتیان تێدا ماوە و هەندێکیشیان لێکدانەوی ئەو زەمەنەی لەخۆگرتووە. بۆیە بەچاکم زانی لێرەدا وەک تەواوکاری هەڵسەنگاندنەکانی ئەم کتێبە، بۆ یەکەمجار، بڵاویان بکەمەوە.

# کوردستان چاوەڕێی تینە



شەبەق بۆ دڵی ڕەشی تاریکی
تیرێکی تیژو سەخت و ژەهرینە
بۆ گیانی قورس و خوێناوی ستەم
تیغی دوو دەمی مشت ئاسنینە
دە ئەی شەبەقی شادمانی کورد
هەڵبێ... کوردستان، چاوەڕێی تینە.

**دیلان**
**١٩٥٧**

# پێشەکی .. وێنەی بەرگ

وێنەی سەر بەرگی کتێبەکە دەورانی روخانی رژێمی شای ئێران بەرجەستە دەکات.

شوێن: کوردستانی رۆژهەڵات، شاری بانەیە. کۆمەڵێک کوردی راپەڕیوو پەلاماری پەیکەری شا دەدەن. یەکێک لەخوارەوە بنکۆڵی دەکات و یەکێکی دی سواری ملی بووە. ساتەوەختێک کەشانوشکۆی زاڵمەکان بەخۆیان و تیفتیفەی ئەستێرەی سەرشان و سەوڵەجانی دەستیانەوە دەشکێ و لەبەردەم ئیرادەی مەزڵومەکاندا چۆک دادەدا.

ئەم ساتەوەختانە لەمێژوو نرخی هەزار ساڵ دێنن، بەڵام نەیانتوانی و ناتوانن دووبارە نەبوونەوەی قەتڵوعامی موکریان بۆ کورد و کوردستان، زامن بکەن.

شا کەوتەبەر بای بەهاری ئێرانی لەساڵی (١٩٧٩)دا. لەبەهاری عەرەبیش، ساڵی (٢٠١١)، کۆمەڵێک بت کەوتن و نها میللەتانیان چاویان لە نەمانی ستەم و بێدادییە.

کوردستان لەکوێی ئەم قیامەتەیە؟ ئەم کتێبەم بۆ ئەوە نووسیوە.

# دەروازەی باس

لەئەستانەی گۆڕانکارییەکی گەورەدایین لەرۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا کەدامێنی مەسەلەی کوردو کوردستانیش دەگرێتەوە. گۆڕانکارییەکان لەسەرەتاوە ناوخۆیی بوون بەو مانایەی رژێمە سیاسییەکانیان دەخستە بەردەم تاقیکردنەوەی میللەتانیانەوە کە داخۆ تا چەند خۆ ڕادەگرن؟ یان خۆ دەگۆڕن؟ یان دەکەون و ئەوی لەهەموو حاڵەتێکدا دەمێنێتەوە دەوڵەت و قەوارە سیاسییەکانە؟ ئەم گۆڕانکارییانە هەر چۆنێك بێت ناوی (بەهاری عەرەبی) یان وەرگرت جا ئەمە وەك خواستنی دەستەواژەی سیاسی بێت، لەنموونەی بەهاری براغ لەساڵی (١٩٦٨) کە گەلی چیك-سلۆڤاکیا و دیموکراتخوازەکانی لەدژی دیکتاتۆری سۆشیالیزمی شێوە سۆڤێتی راپەڕین و سەرەنجام دەبابەکانی سۆڤێت بەهارەکەیان لەخوێندا گەوزاند، یان ئەم نازناوە، دەرەنجامی ناولێنانی راگوزەرییانەی رۆژنامەوانە تەمبەڵەکانەوە بێت کە یان لەبەر رووکەشی روانین یاخود لەبەر تەمبەڵی و دیقەت نەدان یاخود لەبەر پەلەپەل و هانی هانی هەڵسەنگاندنەوە بەزۆر جێگیریان کرد.، ئەمانە هیچیان هیچ لەمەسەلەکە ناگۆڕن. ناونیشانەکە ئاماژەیە بۆ رابوونەوە لەدژی دەسەڵاتی دیکتاتۆری رژێمە عەرەبییەکان، ململانێی شێوە ژیانی سەپێنراو بەسەر گەلدا کە ئیتر گەیشتە تینی و بۆ کەرامەتی خۆی، بۆ گوزەران و ئازادی خۆی، رابۆتەوە.

تا ئەو رێوشوێنە ئەم بەهارە جێی پشتگیری و ستایشە، چونکە دیکتاتۆری رامالی و رادەماڵێت، بەڵام جیاوازی لەوێوە دەستپێکرد کەچی لەجێی دیکتاتۆری دادەنرێت؟: رژێمی گەلی؟ رژێمی دیموکراتی، کە وردەوردە بینای خۆی تەواو

دەكات، یان دیموكراسی دەبێتە پەیژەیەك كە ڕەوتە میللیگەرا دینییەكان دەست بەسەر دەزگای دەوڵەتدا دەگرن و بۆ پرۆژەیەكی نادیاری پاشەكشێی دەسكەوتە هاوچەرخەكانی سیاسەت و ئابووری و فەرهەنگی مۆدێرنە بەكاری دێنن؟

راستێكەی لەهەردوو حاڵەتدا، حاڵەتی پایەداركردنی حوكمڕانی دیموكراتی و مەدەنی عەلمانی، یان پایەداركردنی حوكمی میللیگەرایی و ئایینی، دیسانەوە ئەم پرسگەلانە پرسگەلی ناوخۆیی وڵاتەكانن، زۆر بخایەنن، یان كەم، پاشەكشێی سیاسییان بەدواوە بێت، یان پێشكەوتن، مۆدێلی تازە بابەتی حوكمڕانی دروست بكەن، یان حوكمێكی نۆرماڵیان بە نسیب بێت، لەهەموو ئەم دۆخانەدا كاریگەرییان بۆ ناوخۆیەو كاردانەوەیان لەدەوروبەریش هەبێت هەر بۆ ناوخۆیە (ناوخۆی ئەو وڵاتانەی دەكەونە ژێر كاریگەرییەوە) وەك ئەوەی ڕووداوەكانی تونس كاریان لە میسر كرد، ئەوەی هەردوولا كاریان لە لیبیاو هەموویان كاریان لەسوریاو یەمەن كرد. ئەمانە هەموویان دەشێ جیاوازی بن لەهەڵسەنگاندن و دیاریكردنی مەوداو سنووری كاریگەری لەسەر یەكتری و لەسەر ناوخۆی هەر وڵاتێك و لەسەر ڕێچكەی هەر یەكێكیان لەگۆڕانكاری سیاسیدا، بەڵام وەرچەرخانی گەورەو گران، ئەوەی كە ئێمە دەمانەوێ لەم نووسینەدا رووناكی بخەینەسەر، گۆڕانكارییە لەنەخشەی سیاسی لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا كە دوور نییە گۆڕانكاری لەنەخشەی جوگرافی و جەمسەرگیری سیاسی نێودەوڵەتی و ئیقلیمیش بەدوای خۆیدا بهێنێت.

لەدۆخی وەرگۆڕانی وادا ئیتر دەبێ هەڵسەنگاندنمان بۆ ڕووداوەكان هەڵسەنگاندنێكی ئایدیۆلۆژی، مۆڕاڵی نەبێت. واتە هەڵسەنگاندنێك نەبێت لەڕوانگەی ئەوەی ئێمە چی باوەڕێكمان هەیەو چ ڕێبازێكی فیكری و سیاسی دەكەینە كۆمبەسی خوێندنەوەی ڕووداوەكان و بەگوێرەی ئەوەش تەمەننا دەكەین ئەم ڕووداوانە بۆ كوێ بچن و لەكوێ بنیشنەوە؟ لەدۆخێكی وادا ئیتر ئەنگێزە فیكرییەكان و بیروباوەڕ و ئایدیۆلۆژییەكان بەتەنها بەس نین بۆ هەڵوێست وەرگرتن و دوای ئەمەش كردار نیشاندان و خەبات كردن بەگوێرەی سەنگەربەندی باو وخۆماڵی، بەڵكو دەبێ هەڵسەنگاندنمان، خوێندنەوەمان و لەوێشەوە هەڵوێست و كردارمان، وەڵامدەرەوەی ژانی گۆڕانكارییە گەورەكە

بێت کە ڕۆژهەڵات دەستکاری دەکات، نەخشەیەکی نوێی دابەشکردنی هێزو قودرەتمەندی دادەمەزرێنێت و کوڕ ئەو کوڕەیە لەکۆڕی سەرلەنوێی دابەشکردنەوەی قودرەتمەندیدا سەنگی هەبێت تا بەشی هەبێت، چونکە لەهەموو وێستگەیەکی چەند دەیەیی و رەنگە هەندێك جار چەند سەدەیەکی دابەشکردنەوەی قودرەتمەندیشدا، تەجرەبە وا کەوتۆتەوە ئەوی ئامادەیە دەتوانێ بەش بپچڕێت، چ بەشی پێشووتری خۆی پێ قایمتر بکات و چ بەم بەشەی بێبەشی جارانی پڕ بکاتەوە.

وەك لە درێژەی ململانێکانی بەهاری عەرەبیدا دەردەکەوێت، وێناکردنی رووداوەکان لەشێوەی هاوکێشەی (دەسەڵاتی دیکتاتۆری، میللەتێکی راپەڕیو، یان دەسەڵاتێکی ڕەها و ئۆپۆزسیۆنێکی دیموکراتخواز) وێناکردنێکی سادەو ساکارە، وێناکردنێکی پڕ گرفتەو نامانگەیەنێتە دەرەنجامێکی راستەقینەی قەوماوەکە، چونکە ئەم هاوکێشەیە، لەهەر وڵاتێکدا، خاوەن وردەکاری خۆیەتی و وردەکاریش گەشەی چەندایەتین کە گەشەی جۆری دروست دەکەن و عەرەب خۆی لەمێژە گوتویەتی (الشیطان یکمن فی التفاصیل). ئەم جۆرە وێناکردنە وێناکردنێکی گروپی و بەرژەوەندخوازانەیە کە هێزە ئۆپۆزسیۆنەکان پەنای بۆ دەبەن تا بەکەمترین نرخ و تێچووەوە خەڵکی پێ لەخشتە ببەن و لەم جۆرە وێناکردنە کەڵکێکی سیاسی بەرتەسك وەربگرن. ئەم جۆرە وێناکردنە بۆ تەکتیکی سیاسی (راستێکەی فێڵی سیاسی) ئەوان دەست دەدات، بەڵام بۆ خوێندنەوەی واقیعی قەوماوەکانی بەهاری عەرەبی کورت دێنێ و نامەنگەیەنێتە وێنایەکی فرە ڕەهەند و مانادار، بەڵگەشمان بۆ ئەمە لەو چەند خەسڵەتەی خوارەوەدایە کە هەر بەهارەو لەوی تر جیادەکاتەوە، چ لە ناواخنی درامای رووداوەکان و چ لەکاردانەوەی دەوروبەر لەئاستیدا (کاردانەوەی ئیقلیمی و نێودەوڵەتی).

### ١-جیاوازی وێستگەکان و رەنگدانەوەیان لەسەر دەرەنجامەکان.

بەهاری عەرەبی لەتونسەوە دەستیپێکرد، تونس ئاستێکی بەرزی گەشەی ئابووری، گەشەی ئازادی کۆمەڵایەتی و مافی ژنانی هەبوو کەبەرهەمی کەڵەکەبوونی تەجرەبەی شێنەیی حەبیب بۆرقێبەیە (١٩٠٣-٢٠٠٠ )، ئەم پێدراوە

باشانە ئالودەی دەسەڵاتی دیکتاتۆری و سەرکوتکەر و گەندەڵی زەین ئەلعابدین بن عەلی (١٩٣٦-...) و بنەماڵەکەی، بە تایبەتی ژن وماڵە خەزورانی، بوو.
بە گوێرەی راپۆرتێکی کەناڵی عەرەبییە، ساڵی ٢٠١٠ وڵاتی تونس لە بواری گەشەپێداندا چەندین ئاماژەی ئابووری جێی گەشەی تۆمار کردووە. ئامارەکانی مایکرۆ ئابووریی کە رۆژنامەڤانی کەناڵەکە، فاتیمە ئەلزەهرا ئەلزاوی بڵاویکردۆتەوە، تونس دەخاتە پلە پێشەنگەکانی وڵاتانی نا نەوتیی عەرەب لە بواری گەشەپێدانی مرۆیی وکێبرکێ و تواناداری تەکنەلۆژییەوە. هەر وەك وڵاتەکە بۆتە رووگەی گەشتیارانی رۆژئاوایی و هاووڵاتیانی کەنداو. راپۆرت دەڵێ: ساڵی ٢٠٠٩ کۆی بەرهەمی خۆماڵی بەرێژەی لەسەدا ٣,١ نەشونومای کردووە وئەو رێژەیە بۆ ساڵی ٢٠١٠ ملی بۆ لە سەدا ٣,٨ناوە.
کەرتی پیشەسازی لە نیوەی یەکەمی ساڵی ٢٠١٠ بە رێژەی لە سەدا ٧,٧ گەشەی کردووە و لەم رووەوە تونس لە ئاستی ئەفریقا یەکەم ولە ئاستی عەرەبدا دوای قەتەر وسعودییە وئیمارات، چوارەمە.
یەدەکی پارەی بانکی ناوەندیی تونس ٩ ملیۆن دۆلار بوو و نێوەنجی قەرزیش لەسەدا ٥٥ی ساڵی ٢٠٠٣ەوە بۆ لەسەدا ٣٩ لە ساڵی ٢٠١٠دا کەمبۆتەوە.
بەڵام دیمەنەکە لەگۆشە نیگای سیاسییەوە باش نەبوو، چوون نموونە تایبەتەکان ، وەکو سەنگافورە، سیستمی ئابووری وڵاتی تونس ئازادو رژێمە سیاسییەکەی ستەمکارانە بوو. ئەوی وایکرد نموونەی سەنگافوورە سەربگرێ و ئەوی تونس سەرنگوم بکرێ، گەندەڵی بنەماڵەی حوکمڕان بوو لەتونس، حکومەتی سەنگافورە شتێك بوو لە نموونەی ستەمکاری دادپەروەر کە مێژووی رۆژهەڵاتی ئاسیا پڕە لەم نموونانە.
بەهاری عەرەبی لەمیسر بەهارێکی جیاوازتر بوو، رژێمی سیاسی موبارەك گیرۆدەی سێ کێشەی گەورە بوو کەدوانیان خودی خۆی لێی بەرپرسیارەو یەکێکیان موبارەك دەرەنجامێتی، نەك سەبەبکار.
-درێژی ماوەی حـوکمڕانی حوسنی موبارەك (١٩٢٨-..)، کە سی ساڵی خایاند، مەنگی گەندەڵی و ماتی سیاسی خولڨاندبوو.
-دەرکەوتەکانی میراتگیری لەحوکمڕانی میسر کە تا دەهات شەرعیەتی

مەعنەوی موبارەك و شێوە حوکمڕانییەکەی ئەوی بنکۆڵتر دەکرد.
-هەژاری و نەداری زۆرینەی گەلی میسر و پایەداری کەمینەیەکی زۆر کەم کە خێرو بێری وڵاتیان بۆ خۆیان پاوان کردبوو، بنەماڵەی موبارەك، سۆزان و جەمال و عەلای کوڕی و دارودەستەکەی لەتوێژی حوکمڕان، گرێبەستی ناشەرعییان لەگەڵ ئەم کەمینەیە بەستبوو.
هەژاری و نەداری بەرهەمی گەشەیەکی ناجۆری دانیشتووان و سنوورداری توانا داراییەکانی میسرو داڕووخانی ئابووری و سیاسی بوو کە دەگەڕێتەوە بۆ پێش قۆناغی موبارەك، ئەگەرچی لەبەردوو هۆکاری یەکەم هەمووی بەسەر موبارەکدا ساغ بۆوە.
میسر جۆرێك لەکرانەوەو ئازادی سیاسی تێدا بووە کە ئەوەندەی لەژێر جەبری نفوزی سیاسی و ئابووری و ئەمنیەتدا بوو ئەوەندە لەژێر هەژموونی دیکتاتۆریدا نەبوو. ئەم دۆخە میسرییە تەواو جیاوازە لەپاڵنەرەکانی شۆڕشی تونس، تەنها لەگەندەڵی بنەماڵەی حوکمڕاندا نەبێت، نە ئەو گەشە ئابوورییەی تونس لەمیسری قەرەباڵەغ چنگ دەکەوت و نە ئەو نیمچە کرانەوە سیاسییەی قاهیرە لە تونس بوونی هەبوو. ئەم دۆخەش وەك ئەوە نییە کە، بۆ نموونە، لەیەمەن هەیە، کە هۆزەکان بەسەر جەمسەرگیری دەسەڵات و ئۆپۆزسیۆندا دابەش بوون و هیچیشیان وەکو ئەوە نییە لەلیبیاو سوریا هەبووەو هەیە:
لە لیبیا شەڕی چەکدار و یارمەتی ناتۆ حوکمی قەزافییان (موعەمەر قەزافی -١٩٤٢ -٢٠١١ ) تەفروتونا کرد، لیبیا سوپای نەبوو تاچوون ئەوەی تونس و میسر پاڵا بداتە پاڵ گەلەوە، ئەوی هەبوو کتائیبەکانی قەزافی بوو کە وەلائیان نەگۆڕی، لەبەرامبەریشدا ئۆپۆزسیۆن چەکدار و لەجێی گۆڕەپانی تەحریر، فڕۆکەکانی ناتۆیان هەبوو کە لەسەدا نەوەدی کارەکانیان بۆ کردن، ئەوی لە لیبیا دژی دەسەڵاتی قەزافی قەوما وێنەیەکی کاریکاتۆری نموونەکەی عیراق بوو. سەلمێنەری وتەکەی مارکس بوو کە لە کتیبی (١٨)ی پرۆمێری لویس پۆناپۆرتدا نەخشاندویەتی : مێژوو دووبارە نابێتەوە، مەگەر بەشێوەی کۆمێدیا نەبێت.
*ناتۆ لە جێی هاوپەیمانی، بەڵام واش نەبوو، چونکە ناتۆ لەئاسمان

یارمەتیدەری شۆڕشگێڕەکان بوو، پێی نەخستەسەر زەوی.

*قەزافی لە جێی سەدام حسێن (١٩٣٧-٢٠٠٦)، بەڵام کێ لەسەدام دەچێت؟

-شۆڕشگێڕەکانی لیبیاش چوون ئۆپۆزسیۆنی عیراق، بەڵام ئەوی لیبیا تۆمارێکی درێژی نەبووە دژی حوکمی قەزافی و لە هێکرا دروست بووەو هاتەکایەوە.

ئەوی لیبیا دژی حوکمی دیکتاتۆری و سەرکوتکەری قەزافی بوو کە بەخوێن کۆتاییهات، چونکە قەزافی نە وەك بن عەلی رایکردو نە وەکو موبارەك ئیستقالەی داو نە وەکو سەدامیش دادگایی کرا.

لەسوریاش بەعس هەیە کە وەکو بەعسی سەددام وایە، ئەگەرچی بەعسەکەی سوریا لەوە بیژی تر بوو وەکو بەعسی سەدام خۆی تووشی شەڕی دەرەکی بکات. لەسوریا ئەم شتانە ناقەومێ کەسوپا لە بەعس هەڵبگەڕێتەوە، شتی وا ئەگەر مومکین با بەعسییەکانی عیراق لەسەدام هەڵدەگەڕانەوە.

دەبێ بڵێین هیچ شوێنێك شایانی شۆڕش تیاکردن نەبێت بێ شك سوریا شوێن و کاتی بوو.

بەشار ئەسەد (١٩٦٥-...) سەرکوتکەرە وەکو قەزافی، کەچی وەکو ئەمی دواییش میللەتەکەی خۆشگوزەران نەکردووە. بەعس نەکەرامەت و نە نانی نەدابووە سوورییەکان کە لەجێی یەکێکیان دەستبەرداری ئەوی تر ببن. نە وەکو تونس ئاستی گوزەرانی پەرەپێدا بوو، نەوەکو قەزافی دەوڵەت پارەی دەداو نە وەکو میسریش نیمچە کرانەوەیەکی سنوورداری هەبوو.

بە هەموو جیاوازییەکانەوە بەهاری عەرەبی، لە هیچ وڵاتێك، لەویتر ناچێت، بەهاری تایبەتی بوو بۆ هەر ئەمارەتێکی عەرەبی لەو ئەمارەتانەی رۆژێك لەرۆژان بیری ناسیۆنالیزمی عەرەبی دەیخواست ئیمپراتۆریایەکی پانوپۆڕیان لێ دروست بکات.

بمانەوێ و نەمانەوێت، ئەم جیاوازییە لەتەوقیتی بەهار، لەئاهەنگی دەستپێکدا، جێپەنجەی گەورەو قوڵیی لەسەر مانا مۆراڵییەکانی بەهارەکە داناوە.

ئەگەر لە بەهاری تونسدا (شوباتی ٢٠١١) راکردنی سەرۆك بن عەلی نموونەی دووەمین راکردنی شای ستەمکاری ئێران (محەمەد رەزا شا - ١٩١٩-

١٩٨٠)مان وەبیربێنێتەوە لەبەرامبەر گەلە راپەڕیووەکەیدا (شۆرشی گەلانی ئێران لە ساڵی ١٩٧٩)، ئەگەر لەوی میسردا (٢٥ی یەنایری ٢٠١١) هەژدە رۆژ خۆپیشاندان لەگۆڕەپانی تەحریری گەورەترین و دێرینترین و پێشکەوتووترین وڵاتی عەرەبیدا ببێتە مایەی بەچۆکدا هاتنی سەرۆکی سی ساڵە، وەك هەر سەرۆکێکی گەندەڵی ئەمریکای لاتین، و ئەگەر هەردوو نموونە لەماوەی کەمی راپەڕینەکە و لەهێزی راپەڕینەکەو لەرەوتی ئاشتیخوازانەی سەرەتاو دەرەنجامەکانی راپەڕینەکە مۆدێلی ئیلهامبەخش بن، ئەوا ناتوانین هەمان شت بە نموونەکەی لیبیا یان تەنانەت یەمەنیش بڵێین. ئەگەر قسە لەسەر رەهەندە مۆراڵییەکانی راپەڕینی دیموکراتی بێت ئەوا لەنموونەی تونس و میسر بەو لاوە ئەوانی تر بەهەر بارێکدا سەیریان دەکەیت مۆراڵیان بریندارە. مۆڕاڵیان بریندارە لەڕووی ئەوەی ببنە نموونە بۆ شۆڕشی ناتوندوتیژیی، ببنە وەبەرهێنەری تەکتیکی نوێی خەباتی مەدەنی، ببنە ئیلهامبەخش بۆ خەباتی تر. نەك تەنها وەکو مامۆستای خەبات، بەڵکو ببنە سلنگی قەدەرو مێژوو بۆ دەستپێکی قۆناغێکی نویَ لەژیانی ئەم ناوچەیەدا.

مۆڕالی سەرەکی و جێی ئیعتباری شۆڕشەکەی لیبیاو سوریا و یەمەن ئەوەیە ئەم شۆڕشانە دژی دەستەیەك دەسەڵاتی گەندەڵ و دیکتاتۆر بوون و ئەگەر شۆڕشگێڕەکان لەگەڵ دەسەڵاتدارەکاندا بەراورد بکرێن لەچاو دیکتاتۆرەکان بە سەد ئاو شۆردراونەتەوە. هەروەها ئێمە نموونەی حوکمڕانی نەشیاوی دیکتاتۆرەکانمان بینیووەو ئەمانەی دێن چەند خراپ حوکم بکەن قەد بەقەد ئەوان خراپ نابن. لەم وردەکاریانەدا دەشێ بە بەهاری وان وڵاتان بێژین بەهاری کەم خایەن وکەم بڕ کە بۆ خۆیان دەست دەدا و لە دیکتاتۆری قوتاریان دەکات، بەڵام پایتەختەکانیان ناکاتە کەمەندکێشی شۆڕشی دیموکراتی.

لەهەڵسەنگاندنی سەرەتاو نێوەندو کۆتایی ئەم شۆڕشە عەرەبییە فرە جیاوازانە لەشێوەی بەهاریاندا دەتوانین ئەوە دەستنیشان بکەین کەجیاوازی رێگای شۆڕش لەهەمور سەردەمێکدا هەر هەبووەو هەر هەیەو کرۆکی کێشەکە لەوەدا نییە، کرۆکی کێشەکە لەوەدایە تا ئێستا لەپێنج نموونەی هەڵایساودا (تونس، میسر، سوریا، یەمەن و لیبیا) تەنها دوانیان شۆڕشی ئیلهامبەخشن و ئەوانی تر هێشتا

ماویانە ببنە ئیلهامبەخش، دەنا دەکرێ هەر بە چیرۆکی لۆکاڵی ناو وڵاتەکانیان بمێننەوە.

رەنگە هەبێ موجادەلە بکات: ئەی بۆ ئەوی ناتۆ لە لیبیا حەلال نەبێ و ئەوی لەپرۆسەی رزگاری عیراق (٩ی نیسانی ٢٠٠٣) بوو، حەلاڵە؟

راستە! ئەوەی عیراق و ئەوەی لیبیاش حەڵاڵە بەرەچاوکردنی ئەوەی نموونەی عیراقی قەد ناوی بەهاری لەخۆی نەنا. ناوی پرۆسەی رزگاری عیراق بوو نەك بەهارێك بخوازێ ببێتە نموونە لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا، بەو حاڵەشەوە نموونەی عیراق قەد قبوڵ نەکرا لە لایەن برێك لەوانەی لەباری سیاسی و ئیعلامییەوە پشتیوانی نموونەکەی لیبیایان کرد، لەکاتێکدا قەزافی لەقەبارەی کوشتن و بریندا بەخوێندکاری سەدام حسێنیش قبوڵ نەدەکراو هێزەکانی ئۆپۆزسیۆنی عیراقیش لەتەمەنی خەبات و قوربانیداندا بەشی ئۆپۆزسیۆنی دەیان وڵات وزەیان سەرف کردو هەرگیز لەگەڵ "شۆڕشگێڕانی لیبیا" بەراورد ناکرێن . ئۆپۆزسیۆنی عیراق هەتا هاتنە سەر حوکمیش خۆیان بە ئۆپۆزسیۆن دەناساند تا (شۆڕشگێڕ) کە ئەو ناوە بەرپرسیارێتییەکی گەورەیەو بەهەموو کەسێك هەڵناگیرێت و نازناوێکی مەزنیشە بەهەموو چەك هەڵگرێك ناگوترێت.

هەرسێ حوکمڕانی لابراوی میسرو تونس و لیبیاش ریز بکەین چارەکی تاوانەکانی سەدامیان دەرهەق بە میللەتانی خۆیان نەکردووە کەچی میللەت و هێزە سیاسییە ئۆپۆزسیۆنەکانی ئەو وڵاتانە و وڵاتانی عەرەبی دیکەش ئەوەیان پێ قووت نەدەدرا عیراقییەکان قینیان لەسەددامە و چەندین دەیە شەڕیان لەدژی کردووەو ئینجا هاوکاری ئەمریکاو هاوپەیمانەکانی بوون لەڕووخانیدا لە ئێوارەکەی گۆڕەپانی فیردۆس وەختێك پەیکەرەکەی سەددام تەفروتونا کرا. وەك بڵێی زمانحاڵی میللەتانی میسر و تونس ئەوەبێت ئێمە شایانی کەمترین حوکمی دیکتاتۆری وەك ئەوەی موبارەك و بن عەلین و عیراقییەکانیش (بەتایبەتی کوردەکان و شیعەکان) لەپلەی دووەمی مرۆڤ بووندا دێن بۆیە شایانی لە سەددام خراپترن. یانی بەم لۆژیکە عەرەبییە عیراقییەکان دەبوایە سەبری ئەیوبیان هەبوایە بەرامبەر دیکتاتۆری سەددام.

بەهەرحاڵ ئەم وێنە کاریکاتێرییە بۆ کردنەوەی دەروازەیە لەسەر ئەو میزاجە

سیاسییە تازەیەی بەهاری عەرەب لەڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا دروستی کرد، ئەو ڕۆژهەڵاتەی تا چەند ساڵی پێش ئێستا میزاجی قبوڵکردنی عیراقی تازەی نەبوو نها بەسەقەتی و بێ وردبوونەوە لەدەرەنجامەکان رژێمە یەك لە دوای یەکەکانی خۆی دەڕووخێنێت.

### وەرگۆڕان لەبەهاکانەوە بۆ واقیعی تاڵ

دەرکەوت و لێکەوتەکانی ئەم وردەکارییە لەتایتلی گشتی (بەهاری عەرەبی) دا، دەتوانێت پێدراوی یارمەتیدەرمان بداتێ کە شێوەی گۆڕانکارییە گەورەکەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست تێبگەین، بەتایبەتی زۆر خایەنی ڕووداوەکان پرتەوی ساتەوەختی مێژوویی ڕاپەڕینەکانی کوشتووە، ئەمەش دەرەنجامی هەموو دەرکەوتێکی نوێیە لەهەر زەمانێکدا. جووڵەی مێژوو لەگەڵێك ئەزموونددا پێمان دەڵێت ساتەوەختی مێژوویی ناوەکەی بەخۆیەوەیەتی، مێژووییەو کەم دووبارە دەبێتەوەو ئەگەر لەسەر یەك دووبارە بۆوە توخمی موفاجەئە لەدەست دەدات و دەبێتە ڕووداوێکی ئاسایی، کە بە دووبارەبوونەوەی، دژە ئاراستەکان لەنهێنییەکانی تێدەگەن و تفاق و کەرەستەی بەرەنگاریشی بۆ دابین دەکەن. بەدووبارەبوونەوەشی، یان دەرکەوتنی جیاوازی زۆر لەناویدا، مۆدێلە ئیلهامبەخشەکە پەرشوبڵاو دەبێت و کاریگەری ڕاستەوخۆی نامێنێت، کاریگەرییەکەی، تامەکەی، تەنها لەخواری دەستەبژێرێکی خاوەن خەونی سیاسیدا دەمێنێتەوە، ئەگەر سەیری نموونەی وەرگۆڕانی سیاسی جیاجیای مێژوو بکەین هەر دەرەنجامێکی وامان پێ نیشان دەدات، بۆ نموونە ئایا نموونەی بزووتنەوەکەی موسەدەق لەدوای ئێرانی پەنجاکانی سەدەی بیست لەکوێی تر دووبارە بۆوە؟

ئەدەبیاتی بزووتنەوەی شۆڕشگێڕیی لەدنیای سێ پێمان دەڵێ نموونەکە لەمیسر، لە شۆڕشی (٢٣)ی یۆلیۆی ئەفسەرە ئازادیخوازەکاندا دووبارە بۆوە، بەڵام ڕاستێکەی محەمەد موسەدەق (١٨٨٢-١٩٦٧) لە مستەفا نەحاس (١٨٧٦-١٩٦٥) دەچێت تا جەمال عەبدولناسر (١٩١٨-١٩٧٠)، کوبییەکان گوتویانە شۆڕشی موسەدەق و شۆڕشی عەبدولناسر ئیلهامی شۆڕشی کوبا بووە، بەڵام لەڕاستیدا ئەم وتانە لەدیپلۆماسی تازە دامەزراوی شۆڕشگێڕەکان

دەچێت تا ئەوەی پەسەندی واقیعێکی بەرجەستە بێت، ئەزموونی موسەدەق بزووتنەوەیەکی میللی بوو کە لەجادە چەپەکان و لەناو دەزگای دەوڵەت و پەرلەماندا (میهەنپەرستان) پشتگیرییان دەکرد. ئەزموونی (٢٣)ی یۆلیۆ کودەتایەکی سەربازی بوو کە دواتر بەرنامەیەکی ریفۆرمی کۆمەڵایەتی و ئابووری بۆ خۆی دانا. لەکاتێکدا ئەوەی فیدل کاسترۆ (١٩٢٦-....) کردی شۆڕشێك بوو بە هەموو مانای شۆڕش: خەباتی پارتیزانی لەچیاکانی سیرا ماستێرا، رزگارکردنی هاڤانای پایتەخت و دامەزراندنی دەوڵەتێکی سۆشیالیستی لەپەنا گوێی ئیمپریالیزمی ئەمریکادا. باشە ئەدی ئەوەی کوبا لەکوێی تر دووبارە بۆوە؟ لەهیچ کوێیەکی تر دووبارە نەبۆتەوە. بەپێچەوانەوە کوبا لەچەند شوێنێکی ئەفریقاو ئەمریکای لاتین خۆی تووشی گێچەڵکرد کاتێک ویستی نموونەی خۆی لەوێ دوبارە بکاتەوە .

دەگوترێ وەختێك ئەرنستۆ چێ گیڤارای ئەرجەنتینی (١٩٢٨-١٩٦٧) و شەریکەبەشی کاسترۆ لەشۆڕشی (١٩٥٩)دا چووە قاهیرەو چاوی بەناسر کەوت تا ئارەزووی خۆی بۆ یارمەتیدانی بزووتنەوەی شۆڕشگێڕیی میللەتانی ئەفریقا بدرکێنێ، ناسر پێی گوت ئەفریقا پێویستی بەپیاوێکی دیکەی سپی نییە کەرۆڵی تەرەزان بگێڕێت و شیتەیەکی لەگەڵدا بێت.

بەڵام چونکە بیرۆکە چۆن رەحمەتە ئاوەهاش دەبێتە زەحمەت، بۆیە گیڤارا وازی نەهێنا لەفۆتۆکۆپی شۆڕش و ئاخری سەری خۆی خوارد ولە پۆلیڤیا کەوتە داوی (سیا)وە، لەشۆڕشی کوباوە دەیان کەس بیریان لەکۆپی کردن کردەوە و نەیانتوانی ئەم شۆڕشە لەجێی تر دووبارە بکەنەوە، چونکە ئەوەی لەغەفڵەتێکدا حکومەتی کۆنەپەرستی هاڤانای رووخان دەرسێکیشی دایە وڵاتانی تر کە کەلێنەکانیان پڕ بکەنەوەو بەر خەوی غەفڵەتگیری وەکو ئەوەی رژێمی پاتیستا نەکەون.

## جەمسەرگیری ئیقلیمی و نێودەوڵەتی:

بەهارێکی وا کە ئەم هەموو لقوپۆپەی لێدەکەوێتەوە، مەعلومە کە ماوەیەکی زۆر دەخایەنێت و وەکو باسمان کرد ساتەوەختی مێژوویی تیشکدانەوەی خۆی

لەدەستدەدات و ئیتر ڕەنگەکانی کاڵ دەبێتەوە، ئەم خۆرە وزەی موگناتیزیشی لەکەمی دەداو دژە بەرەکانیش خۆیان ڕێکدەخەنەوەو لەسەنتەرو دەزگا پارەدارەکانی لێکۆڵینەوەدا دەرس و دەوری پێشهات و دەرەنجامەکانی دەکەن، ئیتر لێرەوە ڕێگا بۆ دوو خەسڵەتی نوێ کرایەوە:
ئینتیقائی و جەمسەرگیری.

***ئینیتقائی و جەمسەرگیری لەمامەڵەی بەهاردا:**

خەسڵەتی ئینتیقائی و جەمسەرگیری هەر لەسەرەتاوە لەمامەڵەی ڕووداوەکانی بەهاری عەرەبیدا دەرکەوت و تا دێت وەك تۆپەڵە بەفری گلۆر بۆوەی شاخ لە سەختی زستاندا، گەورەتر دەبێ.

ئەم دوو خەسڵەتە کەدوو قەیرە کچی پرەنسیپی نابەجێی (بانێك و دوو هەوا) ن، لەوەختی شێنەیی جولەی سیاسیدا ئێسکگرانن، بەڵام لەزەمانی وەرچەرخانە گەورەکانی وەك ئێستای بەهاری عەرەبیدا فەوتێنەرو نەزیری شوومن. هەردوو خەسڵەت لە تیکەی مۆڕاڵی بەهارەکە دەخۆن، شکۆو قیمەتی لەکەدار دەکەن و تیشکی زێڕینی ئیلهامبەخشی بێ وزە دەکەن.

ئینتیقائیەت بە مانای گوڵبژێری لەمامەڵەی کارەکتەرەکانی ناوخۆو دەرەوە لەگەڵ مانا جوانەکانی بەهاری دیموکراسی وڵاتانی عەرەب دێت، چ بەهۆی بەرژەوەندییەکی کاتیی، یان دوورخایانی ئابووری، یان بەهۆی ئیجتهادی هەڵەو گێلی لەهەڵسەنگاندن و چ بەهۆکاری جیاوازی ناسنامەی ئەوانەی مامەڵە لەگەڵ بەهارەکەدا دەکەن لەگەڵ ناسنامەی کارەکتەرەکانی بەهاردا.

جەمسەرگیریش دەرەنجامی ئینتیقائییەت و تەواوکارێتی، بەواتای جەمسەرگیری کارەکتەری دەرەکی لە بەرامبەر دەرکەوتەکانی بەهار بەگوێرەی پێگەی کارەکتەرەکە لەوڵاتی گۆڕەپانی بەهار، کارەکتەری دەرەکی دەوڵەتی سوننی بەرامبەر کارەکتەری ناوخۆیی شیعی وەکو بەحرێن. بەتایبەتی ئەمە لەمامەڵەی زلهێزە ئیقلیمیی و نێودەوڵەتییەکاندا بەرجەستەبوو، کە ئەگەر هەر توێژەرێك کێرڤی هەڵسەنگاندن بۆ ڕەفتاری هەندێك دەوڵەت لەم تاودانە بکات هەڵبەزو دابەز و بڕێکی گەورەی هەلپەرستی سیاسی دەبینێت، بۆ نموونە

هەڵوێستی گشتی تورکیا لەبەهاری عەرەبی کە لەلایەك پشتیوانی عەرەبە و لەلایەکی دیکەش زستانێکی سەختی بۆ ویستی ئازادیخوازانەی کوردی باکوور سازداوە، هەروەها هەڵوێستی ئێران و ئەمریکاو فەرەنساو زۆری تریش چ بەرامبەر وڵاتەکان و چ بەرامبەر وێستگە جاجیاکانی زنجیرە درامای راپەڕینەکان.

## وردەکاریی ئینتیقائییەت و جەمسەرگیری:

کاتێك بەسەرهاتی محەمەد بوعەزیزی، گەنجە خاوەن بڕوانامە بێکارەکەی ویلایەتی سیدی بوزیدی وڵاتی تونس (٢٩ی ئازاری ١٩٨٤-٥ی کانوونی دووەمی ٢٠١١)، لەکردەیەکی شەخسی ساتەوەختێکی پەستییەوە (رۆژی ١٧ی کانوونی یەکەمی ٢٠١٠) پەرەی سەندو لەجەستەی بێدارەوە گڕی لە هەموو تونس بەردا، وەزیری دەرەوەی فەرەنسا، خاتوو میشێل ئەلیوماری، نەیزانی ئەم بەسەرهاتە رۆمانێکی گەورەی راپەڕین و هەستانەوەی بەدواوەیە. بۆیە ئەو یەکەم کەس بوو کە کەوتە داوی تۆڕی ئینتیقائیەتەوە. خانم تەنانەت گەورەترین هەڵەی کرد وەختێك پێشنیازی کرد فەرەنسا یارمەتی تونس بدات لە مامەڵەی کردەوەی ئاژاوەگێریدا. رەنگە ئەوەی ئەو داماویی دیپلۆماسیی بێت لەوەختی وەرچەرخانی گەورەدا، بەڵام ئەوانەی دوای ئەو گوزەرکردن بوو بە ناو دارستانی چڕی هەلپەرستیدا. هەلپەرستییەك کە سیاسەتی رۆژئاوای پێ ناسراوە مادام رۆژئاوا چڕترین مەفتەنی سیاسەت و ئۆینبازییە، فەرەنسا تووشی شڵەژان بوو وەختێك ویستی ئەوە وەبیر بێنێتەوە تونسی سایەی حوکمی بن عەلی ئاستێکی بەرزی گوزەران و خوێندەواری و دەرفەتی گەشەکردنی هەیە، ئەمەش لەساتەوەختی بەرهەڵستی ئەو رژێمەی وا لەکەوتندا بوو جۆرێك بوو لە تەزکیەو ستایش بۆ بن عەلی. رووداوەکان لەوە پەلەتریش بوون تا دیپلۆماسی فەرەنسا بەنەقلەیەکی چاوخەڵەتێنی روقعەی شەترەنجەکە بتوانێت شتێکی تیا بهێڵێتەوە، بۆیە فەرەنسا هەر لەباکووری ئەفریقا هەوڵیدا چارەیەکی ئەم دەردە بکات، لیبیا شانۆی تۆڵەی فەرەنسا بوو کە لەگەڵ دۆستە رۆژئاواییەکانی هیمەتیان کردو ناتۆیان کرد بەگژ کەتائیبەکانی قەزافیدا.

ئەم ئەتوارە ئەمریکاو رۆژئاواشی بەگشتی گرتەوە، هەڵوێستی دوودڵی ئەمریکا لە ڕاستبوونەوەی تونس وێجا ئەوەی میسر و مامەڵەکردن بەریتمێکی شڵەژان لەنێوان پشتیوانییەکی شاراوە لە موبارەك و ئینجا بەپەلە داواکردنی وازهێنانی لەپەرەسەندنێکی دراماتیکدا، جۆرێك لەهەلپەرستی و خۆدزینەوەی پێوەبوو کە لەگەڵ شکۆو هەیبەتی ئەمریکادا ناگونجێت با تەنانەت ئەو ئەمریکایە ئەوەی ئۆباما بێت، هاوزەمانی ئەوەی میسر لە یەمەن و سوریا و لیبیا و بەحرەین بەهار گوڵی گرت و لەهەر یەکێکیان ئەمریکا هەڵوێستی جیاجیای هەبوو لەپشتیوانی و لەخۆدوورگرتن، بۆ نموونە لەوەی بەحرەین. تەنانەت لەبابی پشتیوانیشدا ئەوەی سوریاو لیبیا توندتر بوو لەوەی یەمەن، لەوەی یەمەن ئەمریکا ئەرکەکەی بە سعودیەو دەستپێشخەری کەنداو سپارد کە ئەوانە راستە وڵاتانی جێگیرو ئارام و تارادەیەك خۆشگوزەرانن، بەڵام بێ کێشە نین و هەر لەو تەوقیتەی یەمەندا خۆیان تووشی گێژاوی بەحرین هاتبوون و مامەڵەیان لەگەڵ مەیدانی لوئلوئەی بەحرین مامەڵەیەکی شارستانی و نموونەیی نەبوو، (قەڵغانی کەنداو) کە پڕۆسەی جێگیرکردنی ئەمنیەتی لەبەحرین گرتەئەستۆ بۆ پاراستنی یاریگاکانی پاڵەوانێتی فوتبۆڵی کەنداو نەچوو بوو. تەنانەت بۆ بەرپەرچدانەوەی ئێرانیش نەچوو بوو، کە جێ پەنجەی لەسەر لاپەرەکانی دۆسیێ بەحرین هەیە. قەڵغانی کەنداو بۆ تەمبێکردنی بەشێك لەهاووڵاتیانی کەنداو چوو بوو کەخوای گەورە بەشیعە دروستیکردبوون و بەوە رازی بوون بەحرین لەلایەن پادشاییەکی سوننەوە حوکم بکرێت (حەمەد بن عیسا ئالیخەلیفە -١٩٥٠- )، بەڵام لەوەش نارازی بوون کە سەرۆك وەزیرانی وڵاتەکە (خەلیفە بن سەلمان ئلی خەلیفە١٩٣٧- ) هەر بە بیانووی پادشایی حوکمەوە، لەهەفتاکانەوە، لەوەتەی پاشانشینی بەحرێن سەربەخۆیی وەرگرتووە، ئەو پۆستەی قۆرغ کردبێت . بەو ماجەرایەشەوە ئەمەریکا دۆسیێ یەمەن بە دەردەدارانی کەنداو سپارد بوو، یانی هەولێری گوتەنی: گۆشتی بە پشیلەی دەسپیرێت.

لە دۆسیێ لیبیاو سوریا باکگراوندێکی رق و کینەی دێرین ئامادەگی هەبوو، چونکە شەڕ بە کۆنەقین دەکرێت. بە تایبەتی لەوەی نموونەی لیبیا

کە ڕۆژئاوا، تا ڕادەیەکیش سەرکردە عەرەبەکانی کەنداو، داخێکی زۆریان لە قەزافی هەبوو. داخێك کە تەنانەت بادانەوەی سەرهەنگی ڕاڕا بەلای ڕۆژئاوا و تۆبەکردنی لە پرۆگرامی ئەتۆمی و قەرەبووکردنەوەی قوربانیانی کەتنەکەی لۆکەربی، نەیتوانی بڵێسەکەی دامرکێنێتەوە. ئەمریکاو ڕۆژئاوا بەهەموو تینووتاوی دیبلۆماسی و ئەمنی و سەربازییەوە کەوتنە ناو دۆسێی لیبیاو بنغازییان پاراست و وزەی سەربازییان بۆ شۆڕشگێڕەکانی لیبیا دابین کرد. لەوەی سوریاش هەروا دەکەن. کەچی وەك دەبینین لەوەی یەمەن هێشتا ئانەپانە دەکەن لەنێوان خزمەتەکانی عەلی عەبدوڵڵا سالح (١٩٤٢-....) لە دژی تیرۆری قاعیدە لە لایەك و ئەو ئاسۆ سیاسییە کراوەیەی ئۆپۆزسیۆنی تازە بابەتی ئیسلامی بۆ دوا ڕۆژی حوکمڕانی کردوویەتییەوە، لەلایەکی ترەوە

ئەم هەڵوێستە شەرمنە ڕۆژئاواییە لەوەختێکدا وا دێتە بەرچاو چەمکەکانی دیموکراتی، مافی مرۆڤ، دادپەروەری کۆمەڵایەتی، فرەیی و بەرپرسیارێتی دێتە ناوچەیەکی سیخناخ بەدابی ستەم و دیکتاتۆری، دەشێ لەئایندەدا بەگوژمەیەکی پشتگیری مەعەنەوی و ماددیی لە ئەزموونی سیاسی ئەو وڵاتانەی بەهاریان هێنا قەرەبوو بکرێتەوە و پەردەپۆش بکرێت. بەڵام ئیتر مەعلومە ئەم هەڵوێستی دوای دەرفەتەکە قەت هەمان مانای مۆراڵی سەرەتا نابەخشێ و بەشێکە لەئەسباب و تفاقی سیاسەتی داهاتووی ئەمریکاو ڕۆژئاوا لەناوچەکەدا. ئەمریکاو هاوپەیمانەکانی لە نموونەی بە هاناوە چوونی عیراقیشدا بەرژەوەندی نەوت و تەماعیان هەبوو، بەڵام هیچ نەبێ لەوێدا، لەسەرەتاوە، پشتیوانی عیراقییەکان بوون و پێ بەپێی شاخی سەرکوت و ئیستبدادی بەعسیان هەڵکۆڵی.

جا ئەگەر دەوڵەتە گەورەکان ئەم هەڵبەزو دابەزو هەلپەرستییەیان بۆ چووبێتە سەر، چونکە عەیبی خوا پێداوان دادەپۆشرێ و بۆیان دەلوێ. ئەوا هەلپەرستی و هەڵوێستی دووفاقی و پێوانە بەدوو پێوانەی کارەکتەرە ئیقلمییەکان بە هیچ شتێك پاساو نادرێت. سەردەستەی کارەکتەرە بزێوەکان لەم نێوانەدا تورکیا بوو، تورکیاکەی ڕەجەب تەیب ئەردۆگان (١٩٥٤-... ) کە هاوزەمانی بەهاری عەرەبی لە وڵاتەکەی هەڵبژاردنی کردو دەرنجامی هەڵبژاردنەکەش لەبەیعە

دەچوو تا وێستگەیەك لەوێستگەكانی دیموكراتی، چونكە نەفەسی ئەردۆگان لەرۆژی بردنەوەی هەڵبژاردندا (١٢-٦-٢٠١١) نەفەسی فاتحێكی زوولقەرەنین بوو، نەك براوەیەكی خولەكیی هەڵبژاردن. ئەو گوتی: ئەم سەركەوتنە، سەركەوتنە بۆ غەزە، بۆ ئەستەنبول، بۆ قاهیرەو بۆ بۆ... ئەمە لە كاتێكدا رێك هەر لەو وەختەدا ئۆردۆگان لە دۆسێی موبارەكدا لێدوانێكی دا بۆنی نەك پشێوی دیموكراسی، بەڵكو بۆنی دەستتێوەردانی ناوخۆیی لێ دەهات. كەچی هەر لەولاشەوە لەلیبیا رۆژێك وەفاداری خەڵاتی جیهانی مافی مرۆڤ بووە كەقەزافی پێی دابوو، رۆژێكی تریش داود ئۆغلۆی دەنارده بنغازی. لەنێوان بنغازی و تەرابلوسیشدا كۆلێك بەرژەوەندی ئابووری هەبوو كە هی ملیۆنان دۆلار وەبەرهێنان و هەزاران دەرفەتی گوزەران و قووتی ژیانی خێزانە توركییەكان بو. توركیا لە گۆڕەپانی لیبیا لە یاریكەرێكی لاوەكی زیاتر هیچی تر نەبوو، بۆیە هەرزوو وزەی خۆی دایە دۆسێكەی سوریا.

دۆسێی سوریا بۆ توركیا كابوسێكی گەورەیە، خەونی لەچاوی ئەردۆگان تۆراندووە. سوریا فاكتەرێكی كەمەندكێشە وەختێك وا دەردەكەوێت خەریكە سوننەی زۆرینەو بەتایبەتی تریش سوننەی ئیخوان موسلمین حوكمی بەشار ئەسەد ژێراوژێر دەكەن. دەمێكی تریش سوریا تۆپەڵێك كێشەی دواخراوە وەختێك سەیری كوردە خۆمەڵاسدراوەكانی قامشلۆ دەكات كەدەیانەوێت سەنگیان لە رووداوەكاندا هەبێت و بەشیان لەدەسكەوت مسۆگەر بكەن. ئەو هێشتا لەزامی كوردی عیراق دەربازی نەبووە وا كوردی سوریاش خۆدەنوێنن. لەنێوان ئەم دوو حاڵەتەشدا دۆخێك هەیە لە زۆرخایەنی بەهاری سوریاو سۆزێك بۆ جاران كە ئۆغلۆ بە حیكمەتی خۆی توانیبووی بەرەی سوریاو بەشار ئەسەد بۆ توركیا زامن بكات. مەترسی گەورە بۆ سەر توركیا ئەوەیە لەناو هەموو وڵاتانی بەهاری عەرەبیدا توركیا تەنها رۆڵی سەنگینی لەدۆسێی سوریا پێ بەخشراوەو كەچی ئەم دۆسێیە رۆژ لەدوای رۆژ ئاڵۆزتر دەبێت. دەنا وەكتری لە دۆسێی یەمەن، تەنانەت لەوەی میسرو تونسیش توركیا بەشدارێكی راستەوخۆ نەبوو، مەگەر لەوەدا نەبێت ناوی وەك مۆدێلێكی "سەركەوتووی حوكمڕانی"ئیسلامییەكان لەگوێدا دەزرنگێتەوە. بەو خەیاڵەوە ئۆردۆگان سەردانی میسری كرد و

بەپێشوازییەکی گەورەو دڵساردییەکی گەورەترەوە هاتوچوو. لەتونس بەشداری لەناشتنی مۆدێلی ئەتاتورکی کرد کە بۆرقێبە کردبوویە قیبلەنوماو هێمای گەرمی دایە راشد غەنووشی سەرۆکی پارتی نەهزەی تونسی کە نموونەی دادوگەشەپێدانی تورکیا رەچاو بکات و ئەو تورکەی جاران (ئەتاتۆرك) بەم تورکەی ئێستا (ئەردۆگان) بگۆڕێتەوە. بەڵام ئایا ئەم جوڵە دیپلۆماسیانە دەتوانن دیوی بێ مۆراڵی سیاسەتی تورکیای ئۆردۆگان بشارنەوە؟ لەمیسرو سوریا دەنگی دلێر بێت لەسەر دیموکراسی و ئازادی و مافی میللەتان کەچی لەدیاربەکر ئەوە بکات کەخۆی بەرهەڵستی دەکات؟

ئێرانیش لەم هەڵسەنگاندنە بەدوور نییە، ئێران چەپڵەی بۆ کەوتنی موبارەك و بن عەلی لێدا، لە بەحرێن بەجۆش و خرۆشە و لەیەمەنیش دوعا بۆ کەوتنی سالح دەکات، بەڵام لەسوریا خۆی و هیلالی شیعی خستۆتە کار تا پارێزگاری لەحکومەتەکەی بەشار ئەسەد بکەن، چونکە هەم حوکمی بەشار عەلەویی و دۆستەو هەم ئۆپۆزسیۆنەکەشی سوننی ئیخوانی، دۆستی تورکیایە. جگە لەوەش ئێران هەر لەسەرەتاوە ناسنامەیەکی دیاریکراوی دایە ئەم بەهارە عەرەبییە کە بەهاری عەرەبی نییە، بەڵکو بەهاری ئیسلامییە، بەهارێکە وەك ئەوەی ئێران لەساڵی ١٩٧٩دا کردی. ئەمەش هەم بۆ بەخشینی مانایەکی ئیسلامی بە رووداوەکان و هەم بۆ دوورخستنەوەی خێوی گواستنەوەی پەتاکە بۆ تاران. بەتایبەتی کە دوو ساڵ پێش ئەم بەهارە ئێران خۆی گیرۆدەی دەستی راپەڕینی سەوزەکان بوو کە هەمان تەکنیکەکانی شۆڕشی گەنجانی بەهاری عەرەبی بەکار دەهێنا. "ئێرانییە رەسمییەکان" موجادەلەی ئەوە دەکەن کە وڵاتەکەیان لەشەپۆلی راپەڕینی عەرەبی پارێزراوە، چونکە ئەوەی ئێستا هەیە چاولێکەری ئەوەی جارانی ئێرانە لەساڵی ١٩٧٩ دا ئیتر خێرە ئەوانە چاو لەمانەی ساڵی ٢٠١١ بکەن؟ بەڵام لەبەرامبەر ئەم جەدەلە ئێرانییە نەیارەکانی کۆماری ئیسلامیش دەڵێن ئەوەی ئێران پێیگەیشتووە هەمان ئەوەیە کە رۆژێك لە رۆژان کۆمەڵگەی عەرەبی ژێر سایەی حوکمی پێشبینیکراوی ئیسلامییەکاندا پێی دەگات. جا ئیتر خێرە دونیای عەرەب بەهەمان رێرەودا بڕوات کە ئێران ئێستا لەناویایەتی؟

ئەم دۆخە لە ئینتیقائیەتی هەڵوێستەکان کە لە لایەن کەس و دەستەو گروپە

بچووکەکانەوە بێت تەنها هەلپەرستی و هەڵبەزو دابەزی هەڵوێستەکانی بەدواوە دەبێت و جۆرێکە لە بێ مۆراڵی کە لەیاداشت و بیرەوەرییە سیاسییەکاندا رەخنەی لێ دەگیرێت، بەڵام کەبەشێك بێت لەرەفتاری دەوڵەتەکان و زلهێزە ئیقلمیی و نێودەوڵەتییەکان ئەوا جەمسەرگیری و سەنگەربەندی سیاسی و ئابووری گەورەی لێدەکەوێتەوە. لێرەشەوەیە ئیتر بەهاری عەرەبی لە بۆنەیەکی بۆنخۆشی بڵاوکردنەوەی دیموکراسی و دادپەروەرییەوە دەبێتە وێستگەیەکی دیکەی وەچەرخان لە دابەشی هێز و قودرەتمەندی. لێرەشەوەیە کورد و کوردستانەکەی لەناو گێژەنی ئەم وەرچەرخانەدا ناو و ناواخنی دەکەوێتە نێوان و لەچەند ڕیانێکدا دەبێت، داخوا کام رێگا دەگرێ و کێ رێی پێ دەگرێ و لەکوێ دەگیرسێتەوە؟

تایبەتمەندی تیۆری کارل مارکس لە شرۆڤەی ململانێ مرۆییەکاندا ئەوە نەبوو ئابووری ئەنگێزەی گەورەیە بۆ شەڕو شۆڕ و بەریەککەوتن (بێگومان بۆ پێکهاتن و پیلانگێڕی بەرەیەك، یان چەند بەرەیەك، دژی بەرە، یان چەند بەرەیەکی تر). ئەگەر ئەوە هەموو داستانەکەی فەیلەسوفە ئەڵمانییەکە بێت کەواتا رکابەری دیکەی هەر زۆر زۆرە.

# شێوەی ململانێکان؟

مارکس ئێژێ ململانێی چینایەتی نەك هەر ململانێیەکی تر، بزوێنەری پەرەسەندنی کۆمەڵایەتی و تاڵەدەزووی درێژەبۆوەی درامای ژیانە. بە واتا لە هەموو دەورانێکا دوو چینی سەرەکی لە ململانێدان بۆ کۆنترۆڵکردنی موقەدەراتە ئابووری و ماددییەکانی کۆمەڵگە لە ئاستی کۆمەڵگە بچووکەکان و کۆمەڵگە گەورەکەی مرۆڤایەتیشدا.

ئیتر ئەو توێژ و دەستە و تاقمانەی تر رۆڵی کۆمبارس دەگێڕن لە ململانێکاندا، ناچارن لە لوتکەی پەرەسەندنی درامی ململانێکەدا، ئەوەی سروودی ئینتەرناسیۆناڵی ناوی دەنێ "ئاخرین شەڕە شەڕی سەروماڵ" هەر یەکە لەو کۆمبارسانە ناچارن وەك کەسایەتی دووەمی رۆمانەکان پاڵ بدەن وەپاڵ یەکێك لە دوو تەرەفی ململانێکەوە مارکس ئەوەی لەگەڵ زانا و فەیلەسوفەکانی تر یەکلاکردبۆوە کە ئابووری پاڵنەری سەرەکییە، بەڵام لەوەدا جیاواز بوو لەگەڵیان کە پاڵنەری سەرەکییە بۆ کێ و کێ؟ بۆ دوو چینی سەرەکی.

کەس لە بەرەی چەپ لاری نەبوو لەم شرۆڤە چینایەتییە، تەنانەت ئەوانەی دەیانویست ماکسیزم بکەن بە چەکی خەبات لە رێی رزگاریی نەتەوەییدا. لەوەختێکی درەنگتردا، درەنگتر لە دەرکەوتنی فیکری مارکسی، ئیسماعیل بێشکچی، دۆستی بێ غەلوغەشی گەلی کورد، هەر لە چوارچێوەی قوتابخانەی ماکسیزمدا تیۆرێکی نوێی پێشکەشکرد کە کورتەکەی ئەوەیە مەسەلەی نەتەوەییش فاکتەرێکی بەهێزە لە هەڵسوڕانی ململانێدا. تیۆرەکەی بێشکچی بەشێك بوو لە مشتومڕی دەورانی شەستەکانی تورکیا کە چەپی کەمالیزم لە

تورکیا، بەدەمامکی تیۆری، خۆی لە ئەرکە ئینتەرناسیۆنالیستەکانی بەرامبەر مەسەلەی کورد لەو وڵاتە دەدزییەوە. بێشکچی ئەو بۆچوونەی لە قاو دەدا کە چەپەکانی نەتەوەی سەردەست وەك پاساو بەکاریان دەهێنا بۆ ئەوەی هیچ شتێك بۆ کورد نەسەلمێنن.

ئەو تیۆرە لە چوارچێوەی مارکسیزمدا شەهادەیەکی، دڵسۆزانەی تورکێك بوو بۆ ئاڵۆزترین پرسی نەتەوەیی لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا لە ناوماڵی سەردەستەی حاشالێکەرانی دۆزی نەتەوەیی کورد، تورکیا. بێگومان کە بۆ داماویی پرسی کوردایەتی دەست بدات، بۆچی ناتوانرێت بە جۆرێك لە جـــۆرەکان گشتگیر بکرێت؟

دەکرێ، بەڵام ئێستا هەقتانە بپرسن بۆ برینی ئەم شرۆڤە مارکسییانە دەکولێنمەوە؟

راستێکەی ئەمەوێت دەستکارییە بێشکچییەکەی مارکسیزم فراوانتر بکەم. شتێك کە دەکاتە دەستکارییەکی دەستکاری. بەلانی کەمەوە دەشێ پاساوی ئەوە بدات کە منیش بە هەرحاڵ دەنووسم و خۆ دەبێ شتێك بڵێم شایانی ئەوەبێت خوێنەرانی ئەم سیپارەیە شتێك قەرەبووی خەرجی کاتیان وەربگرنەوە:

ئەمڕۆ قسەیەکی زۆر لەسەر جیۆپۆلتیك و کاریگەری جوگرافیای سیاسیی لەسەر چارەنووسی نەتەوە و میللەتان دەکرێت. زۆر جار ئەم مشتومڕە سیاسییە بەرگی دەستەواژە و دەربڕینی لوتبەرزانەی عەقڵانی دەپۆشێت. لە راستیدا مشتومڕەکە کۆن و لە مێژینەیە، رەنگە پێش باسوخواسی دەرکەوتنی ئەدەبیاتی هاوچەرخی ماکسیزمیش کەوتبێت، بەڵام بەرەچاوکردنی ئەوەی جاران دەستەبژێرێکی سپێشاڵ و دووره دەست گفتوگۆی جیپۆلتیکیان دەکرد، دانیشتن بە دیار زاراوە ئاڵۆزەکانی هەژموونی موجەرەدی جیپۆلیتیك و ئەوی پێی دەگوترێ جوگرافیای سیاسی و کاریگەرییان لەسەر راکێش راکێشی ململانێی دەوڵەتە زلهێزەکان لە ناو خۆیان و لەسەر قەدەری نەتەوە و میللەتانی بەدەست زلهێزەکانەوە داماون، تیفتیفەیەکی فیکری بوو هەر لە دەست خوا پێداوەکان دەهات، بەڵام لەوەتەی ئایدۆلۆژیایەکی سەنگین نەماوە، کە ئەندێشە و خەیاڵدان بۆ خۆی کەمەندکێش بکات، وەکو جاران ماکسیزم لە رۆژهەڵات دەیکرد،

خەریکە کەڵچەری خەواجە وەك بیرۆکەیەکی ئیمپڕیالی ئەوی ماوە لەئاوەز و ئەندێشەی دەستەبژێر داگیری دەکات. بە تایبەتی نها کە ئامرازەکانی پەیوەندی و کۆمەڵگەی تۆر رۆشنبیرییەکی میللی بەربڵاوی پەرەپێداوە کە زانیاری دەستخستنی ئاسان کردووە و بەهەمان پلەی کاریگەریش داگیرکردنی بێ مەرجی ئەندێشەی کردۆتە واقیع. ئێستا قسەکردن لەسەر کەمەندکێشی

جیپۆلیتیك و جوگرافیای سیاسیی لە ئاراستەی رووداوەکاندا خەریکە هیچ شوێنێك بۆ خەون و سەرچڵی ناهێڵێتەوە. خەون و سەرچڵی بە تایبەتی لای ئەوانەی وا ئەم جیپۆلیتیکەی هەیە و ئەم جوگرافیا و قەوارانەی دابینکراون هیچیان تیا بەسەر نییە بۆ ئەوان. ئەمانەی زەرەرمەندن لەم تەگبیرانەی تا ئێستا رەچاوکراوە دەبێ زۆر سەرسام و مەفتونی ئەم جێگیرییە نەبن کە زلهێزە گەورەکان زلهێزتر دەکەن و زلهێزە ئیقلیمییەکانیش زیاتر لە جاران، ملهورانەتر، شان بدەنە بەر زوڵم و ستەم و گۆڕینی موقەدەراتی میللەتان. چونکە هیچ زوڵمێکی جێگیر تاسەر نابێ، نووسەری ئەمریکایی، باراج خانا، بە بەکارهێنانی دەستەواژەیەکی مێژوونووسی ئەرنۆڵد توێنبی (سەرابی نەمری) رەخنە لەو دیدە نەشئەبەخشەی زلهێزەکان دەگرێت کە وا دەزانن هەموو زەمانێك بۆ ئەوانە (ئەوەتا ئەمریکاییەکان پێیانوایە، یەکەمین ئیمپراتۆریای جیهانن، لە کاتێکدا دوا ئیمپراتۆریا کە خۆری لێ ئاوا نەدەبوو و زۆر لەوڵاتانی جیهانی خستبووە ژێر قەڵەمرەوی خۆیەوە بەریتانیای مەزنە. لە سایەی سیستمی نوێی جیهاندا کە داگیرکردنی وڵاتانی تابۆ کردووە، ئەمریکا ناتوانێ، یەکلایەنە، بەرژەوەندییەکانی خۆی لە سەرتاسەری جیهانی ئاوەداندا بسەپێنێ)[1].

دەبێ لە بیرمان بێت کە عادەتەن تیۆرییە رۆژئاواییەکان بۆ پاراستنی تەناهی و جێگیریی ئەم دونیایەی ئێستا هەیە بەگوێرەی دابەشی موقەدەراتەکان و رەچاوکردنی بەشی یاریدەدەرە پلە دووەکان (لێرە زلهێزە ئیقلیمییەکان شاگردی زلهێزە گەورەکانن) شقڵی گرتووە و لەهەر دەورانێکدا قاڵبەکە بەو شێوەیە کۆنکرێت دەکرێت کە خۆیان دەیخوازن ئەوا ئەگەر زەرەرمەندە پلە سێ و چوارەکان تەکانێك بدەن و دەتوانن بەشی پریشکی زیاتر و نزیك لە بەشی شاگردەکان (زلهێزە ئیقلیمییەکان) گلبدەنەوە.

لەبەر ئەوە پێشنیازی ئەوە دەکەم فاکتەری ناسنامە و جیاوازی کەلتوورەکان بە دەوری خۆیان ببنە فاکتەری کەمەندکێشی گۆڕانکاری لەسەر شانۆی جیهان لەوەختی سەرلەنوێ دابەشکردنەوەی موقەدەرات و بەش و دەستکەوتەکاندا. شتێك لە بابەت دەستکارییەك بۆ دەستکارییەکەی پێشکچی.

ئێوە تەماشاکەن روسیا بە چ تینوتاوێکەوە شەڕی دەستبەردار نەبوون لە چەچان و نفوزی خۆی لەوێ دەکات. ئەمە قەدەرێکی سیزیفییە کە وڵاتەکەی لەنین ناتوانێ دەستبەرداری بێت، تەنانەت ئەگەر ناوبانگیشی بکەوێتە ژێر مەحەکەوە، تەنانەت ئەگەر لە قەومانێکی وەکو ئەوەی قوتابخانەکەی (بیسلان) لە ساڵی ٢٠٠٤دا سێسەد وپەنجا منداڵی چاو گەشی روسی لەدەست بدات و حەیای بچێت لە تەکنیکی بەرەنگاری تیرۆردا. نووسەری کتێبی (روسیای پوتین)، خانم لیلیا شیڤستۆڤا، بەتەوسەوە لەو بێ پەروابیەی روسیا لە دۆسێی هەستیاری چەچان دەدوێت: (لەوە دەچێت رژێمی روسی هەموو ئەو شتانە بکات کە وا لە چەچان بکات قینی زیاتری لە روسیا بێت)(٢)

بەڵام ئایا چەچانەکانیش دەتوانن واز لە ناسنامە و قەدەری کەلتووری خۆیان بێنن؟ بێگومان نەخێر . ئەم میللەتە نەگبەتەی لە زەمانی شێخ شامل، شێخ عوبەیدوڵڵا نەهرییەکەی قوقاز، تا زەمانی جەوهەر دۆداییف خەباتی خوێناوی کرد و دەربەستی ئەنفال و راگوێزانەکەی ستالین نەهات، بێگومان دەربەستی روسیای رۆژ نایات کە تارماییەکی رەشوسپی سۆڤێتەکەی جارانە. لەهەر دەرفەتێکدا بڵێسەی ململانێ تاو بداتەوە ئەوان ئامادەن. ئەحمەد قادیرۆف سەرکردەی چەچان، کە دوایی دایە پاڵ روسەکان و بووە سەرۆکی جێپەسەندی مۆسکۆ لەچەچان، قسەیەکی جەرگبڕی کرد کە دوای فەوتانی مەعنەوی و ماددی خۆشی (لە ئایاری ٢٠٠٤ تیرۆرکرا) بۆ ئەم ململانێ قەدەرییەی چەچان و روسیا دەست دەدات (یەك ملیۆن چەچانی و سەدو پەنجا ملیۆن روسی هەن، ئەگەر هەر چەچانییەك سەدو پەنجا روسی بکوژێت، ئەوا سەردەکەوین)(٣).

خەباتی ئیگۆرییەکان و تبتییەکان لە چین، لە دژی بەچین کردن (چیناندن) و بە هانکردن (نەتەوەی زاڵ لە چین) هەروا درێژەی دەبێت وەك خەباتێکی نەتەوەیی و جیاوازی کەلتووری.

بێگومان فاکتەری ئاین لە جیاوازی ئاینیدا لەگەڵ نەیار و داگیرکەر رۆڵی ئەنگێزەیەکی کەلتووری دەگێڕێت بۆ پاراستنی ناسنامە وەك لە چەچان دەیزانین، یان وەکو لای تبتییەکان کە ئەمە ئاماژەیەکێتی:

نووسەر میانگ شایا لە کتێبی سەرگوزەشتەی پەسەندکراوی دالای لاما، سەرکردەی رۆحی و سیاسی تیبتییەکان، دەڵێت: (ماوو هاوڕێکانی لە حزبی کۆمۆنیستی چین بە فیعلی باوەڕیان وابوو کە پێویستە تیبت لە چنگی پیاوانی ئایینی بوزی دەرباز بکرێت و تیبتییەکان لەژێر دەستیی چەند سەدەییان قوتاریان بێت، ئەوانە زۆر گوێیان بەو راستییە سادەو ساکارە نەدا کە تیبتییەکان خۆیان هیچ لارییەکیان لە بەردەوامی مانەوەی ئەو سیستمە سیاسییە ئاینییە نییە کە چەند سەدەیەکە خۆی ڕاگرتووە)[٤].

نموونەی ئیگۆرییەکانیشمان هەیە: (لەپایتەختی تورکستانی رۆژهەڵات کە لەبندەستی چینە، سەعاتی دەستی موسڵمانەکان بە نابەدڵییەوە بەکاتی پەکین قورمیش دەکرێت... هەرچەندە پایتەختەکەیان یەکێکە لە هەرێمە زوو گەشەکردووەکانی چین، بەڵام خەڵك لەوێ بەسەلاموعەلەیکی موسڵمانان سڵاو لە یەکتری دەکەن)[٥]. شتێك لەبابەت ئەمەی تیبت لە چەچانیش روویدا: وەك بەرپەرچدانەوەیەك بۆ بۆنە و یادە روسییەکان، کۆماری چەچان کاتژمێری خۆی بەگوێرەی کاتی ناوخۆیی گرۆزنی رێکخست، ئەوی پێیان دەگوت: قورمیشی دۆداییف کە نیشانەی سەربەخۆیی و خۆجیاکردنەوە بوو لەمۆسکۆ. هەروەها کۆماری سەربەخۆ لەجێی یەك شەممەی پشووی کریستیانەکان، رۆژی هەینی، رۆژی پیرۆزی موسڵمانەکانی کردە پشوو[٦].

ئەوەی وا دەکات ئەم ئاینە لە ئەیقۆنەی پاراستنی جیاوازی کەلتووری و ناسنامەوە ببێتە خاڵی گرژی توندوتیژیی ئوسوڵی، درێژەکێشانی ململانێکە و وەرگۆڕانێتی بۆ تیرۆری ئیسلامی سیاسیی. هەروەها خۆ دزینەوەی دەوڵەتە ئیمپراتۆرییە بەرپرسەکانە لە ئیستیحقاقی چارەسەری کێشەکان. ئەم کێشانە هەر بە گەشەی ئابووری، وەك لە تورکیا بۆ پرسی کورد بانگەشەی بۆ دەکرا، یان بەشارستانیکردن، وەك لە تیبت و چەچان باسی لێوە دەکرێت، چارەسەر نابن، بەوەش چارەسەر نابن مشتومڕە لوتبەرزەکانی خەواجە تازەکانی رۆژئاوا رەقوتەق

لەسەر چیپۆلیتیك و مۆنۆپۆلە گەورەكانی بازاڕ و نفوزی سیاسیی بێن و پرسی ناسنامە و جیایی كەلتووری، مەسەلەی نەتەوایەتی و مەسەلەی جیاوازی ئاینی بخەنە ژێر لێوەوە. ئەگینا پرسی ناسنامە لە ناكاو دەبێتە ئەو ڕەوتی كیسەڵەی لە حیكایەتدا باس دەكرێت، بە خنەخنی خۆی پێشی كەروێشكی عەقلانیەت و جیپۆلیتیك دەداتەوە.

بێگومان لێرە مەسەلەی ناسنامەی نەتەوەیی بە مانا ڕەگەزییە هاوخوێنییەكەی ناڵێین، بەڵكو بە مانای هەستكردن بە (یەك ناسنامەیی و یەك چارەنووسی) دەیڵێین. لە دۆخی وادا كە بڕیار بەدەستانی دونیا هەر ڕاپۆرتە لوتبەرزەكانی هاوشێوەی (گرایسیس گروپ) بخوێننەوە لەباری دایە ببێتە پاژنەی ئەخیل كە سەری هەموو دەسكەوتەكان بخوات.

ڕەنگە سەیر بێتە بەرچاوتان كە نووسەرێكی ئەندێشەی نەتەوەیی پرسی ناسنامەی نەتەوەیی هاوشانی جیاوازی ئاینی دابنێت و نموونەی چەچان و تیبت لەگەڵ ئەو كوردە دابنێت. ڕاستێكەی تەڵەكەبازانی ڕەوتێك لە ئیسلامی سیاسی، كەدەخوازن خەباتی میللەتانی موسڵمان لە ڕێی پاراستنی ناسنامەو ئاینیاندا وەك جیهادی ڕەوتی ئیسلامی سیاسی وێنا بكەن، نابێ وەك كڵاوێك بچێتە سەرمان. جیاوازی ئاینی لەگەڵ داگیركەردا خاڵێكی درەوشاوەیە لە لیستیی خۆ جیاكردنەوە لەگەڵ دایگركەردا. تەنانەت ئەگەر ئەو جیاییە ئاینییە سەر بكێشێت بۆ توندڕەوی (لە نمونەی شامیل پاسیف لەچەچان). بەری چواردەساڵ گوتبووم (فاكتەری ئاین وەكو پێشینەیەكی ڕۆحی و ڕۆشنبیری نەك وەكو پرۆژەیەكی ئوسوڵی، توانیی پەرژینێك لەنێوان چاچان و بێگانەی نەیاردا دیاری بكا تاوەكو لەپاڵ فاكتەری نەتەوەییدا حاڵەتی ئامادەباشی و جۆشدانی میللی بسازێنێ. نەبادا ئەو فاكتەرە نەتەوەییە فریای ئامادەباشی جۆشدانەكە نەكەوێ. لە ئەزموونی دوورو نزیكی خەباتی گەلاندا فرە نموونەی وا هەن وەكو ڕۆڵی فاكتەری مەسیحی لەرزگاربوونی گەلانی بەڵقان لەدەست ستەمی عوسمانییەكان و ڕۆڵی كەلتووری ئیسلامی لەرزگاربوونی جەزائیر لەدەست داگیركەرە فەرەنسییەكان و ...هتد)[٧] مەگەر خەباتی نەتەوەیی خۆشمان سەری نەكێشا، هەندێكجار، بۆ توندڕەوی نەتەوەیی؟ ئایا ئەمە لە

ڕەوایی خەباتەکەمانی کەم کردەوە؟

لەراستیدا لەحاڵەتی نەتەوە بندەستەکانیشدا، ئاین، وەك فاکتەرێکی جیاوازی، رۆڵێکی جاویدانی دەگێڕێت. خانم ئەسنی سپیرستاد، رۆژنامەوانی دیاری خاوەن کتێبی (فریشتەی گرۆزنی) نموونەیەکی سەرنجڕاکێش لەسەر جەوهەر دۆداییف سەرکۆماری چەچان و سەرکردەی شەهیدی شۆڕشەکەیان دەگێڕێتەوە، وەختێك لەزمانی دۆداییفەوە دەڵێت: (ناچارتان کردین کەببینە کۆمەڵگەیەکی ئیسلامی) ئینجا نموونەیەك باس دەکات کە چۆن لەکۆبوونەوەیەکدا دۆداییف گوتویەتی پێویستە موسڵمانان رۆژی سێ جار نوێژ بکەن، یەکێك پێی وتووە بە پێی شەرع فەرزی ئیسلام پێنج فەرزە. دۆداییف جوابی داوەتەوە: دە با پێنج فەرزبێت، ئەمە هەر باشترە![٨]

دەمێك جار لە هەڵسەنگاندنی دۆخی کەرکوکدا لەگەڵ هاوەڵەکانم ئێژم ئەگەر بزوتنەوەی ناسیۆنالیستی کورد بەم وزەو توانایەی ئێستایەوە نەتوانێت پرسی کەرکوك چارەسەر بکات، یان ، بگاتە رێککەوتنێکی شەرەفمەندانە لەگەڵ حکومەتی عیراق کە ویستە نەتەوەییەکانمان لە کەرکوك دابین بکات. لە دەیەی داهاتوودا، لە عیراقی وەك خۆی ماوەدا، عیراقێك شیعە تێیدا زاڵە و سوننەی عەرەب لاواز بوو بن، پرسی کەرکوك دەبێتە ناونیشانی خەباتی هێزە ئیسلامییەکانی کوردستان، چونکە نە کوردستان دەستبەرداری کەرکوك دەبێ (با بزووتنەوە ناسیۆنالیستەکەش شکست بخوات) و نە ئیسلامییەکانی کوردستانیش دەستبەرداری کارتێکی وا بەهێز دەبن بۆ دەرخستنی جیاوازی خۆیان لەگەڵ شیعەی حکومڕان لەو دەیەی داهاتوودا. چونکە تەجرەبەگەلێکی مێژوویی دەریانخستووە داخوازییە نەتەوەییەکان و جیاوازی نەتەوەیی بندەست لەگەڵ نەتەوەی سەردەستدا وەك دۆناودۆنە و ئەو رۆحە ناسیۆنالیستییە لەبەرگێکی سیاسیی جیاواز جیاوازدا خۆی نمایان دەکات.

بەهەمان ئەندازە سەیری کوردستانی ئێران بکەین. لە راستیدا دەرکەوتنی ئیسلامی سیاسیی لەوێ تەنها بەرهەمی تۆویی چێنراوی مامۆستا ئەحمەدی مەفتی زادە (١٩٣٣-١٩٩٣)، یان بەرهەمی خۆخلافاندنی کۆماری ئیسلامی ئێران نییە لە ئاستی حزوری دیاردەی ئیسلامی سوننەتی لە رۆژهەڵاتی

کوردستاندا، بەڵکو هی ئەم دوو فاکتەرە و فاکتەری ئەوەشە کە کۆماری ئیسلامی ئێران ئیسلامییە لەسەر تەرزی شیعەگەریّتی و ئەم دەرکەوتە مەزهەبییەش جیاوازی کورد لەگەڵ نەتەوەی سەردەستی فارسی و نەتەوەی نازکێشراوی ئازەربایجان دەر دەخات. دەبێتە بۆنەیەك بۆ پێکەوە هەڵنەکردن و جیاوازی ناسنامە، یان دووقاتکردنی تایبەتمەندێتی ناسنامە.

ئەم جۆرە ئاینداریە، وەك رەوتی ئاینی بیۆەی خۆی بنوێنێ یان وەکو رەوتی ئیسلامی سیاسیی کەمێك جیاوازە لەو ئیسلامە سیاسییەی لە چوارچێوەی وڵاتێکدا یان کۆمەڵگەیەکی سیاسیی دیاریکراودا خۆی بنوێنێ. جا ئەم وڵاتە وڵاتێکی خاوەن سەروەریی سیاسیی بێت یان، وەکو هەرێمی کوردستان، نیمچە سەربەخۆ بێت و خاوەن پرۆسەی سیاسیی تایبەت بەخۆی بێت. لە رووی پرۆسەی سیاسیی و ململانێی سیاسیی و توخمەکانییەوە خاوەنی خودکەفایی سیاسیی بێت. ئەگەر لە ناو کۆمەڵگەی وادا ئاینداریی و رۆڵی فاکتەری دین لەبەر فوقر و قەهر، یان هەژاری و بێزاری لە ستەم گەشە بکا و بگاتە پلەی دینداری سیاسیی و ئینجا توندڕەویی ئاینی وەك ئێستا لە نموونەی وڵاتانی بەهاری عەرەبیدا دەیبینین، ئەوا لە نموونەی کۆمەڵگە داگیرکراوەکاندا ، دابەشبوونی خراپی جوگرافی زەمینە بۆ توندرەویی ئاینی خۆش دەکا و گەرای هاتنی فاکتەری ناجۆری دەرەکی بۆ ناو ململانێکە خۆشدەکات جا بە ناوی هاوپشتی ئینتەرناسیۆنالیزمی ئیسلامییەوە بێت یان وەکو دەرفەتێك بۆ پرکردنەوەی بۆشایی ئەمنی کە جێگە بۆ داڵدەدانی هێزە ئیسلامییەکانی قاعیدە و هاو رەفتارەکانی دابین دەکات. ئەمە نەزیری شووم بوو بۆ نموونەی وەك ئەوەی چەچان کە روسیا خەمساردی لێ نواند و بە پشتگوێ خستنی مافی نەتەوەیی چەچانییەکان دەرگای دۆژخی لە خۆی کردەوە (لەچەچان خراپترین شت ئەوەیە جوداخوازەکان پاڵبدەنە پاڵ رێکخراوی قاعیدەوەو ئەو کۆمارە جوداخوازە ببێتە پەناگەی تیرۆری نێودەوڵەتی، ئاماژەی واش هەبوون کە ئیسلامی میانڕەو و لێبوردە، لەچەچان، بەو ئاڕاستەیە برۆن)[٩]

دابەش بوونی جوگرافی خراپی موقەدەراتی نەتەوەکان، وەك لە سایکس بیکۆ و چەندین رێکەوتنی تردا کراوە، تەنها نابێتە نەفرەتێك بۆ ئەو گەورە پیاوانەی

مێژوو کە وەك سەرۆکی شارەوانییەکی بەد رەفتار خاك و نیشتمان خەڵکیان دابەش کردووە. وەك ستالین لە ناوجەرگەی قرغیزستان، ئۆزبەکستان و تاجیکستاندا کردوویەتی کە بەشی ئەمی بە جوگرافیای ئەوی ترەوە گرێداوە وهی ئەویتری داوە بە دەم جوگرافیای ئەوی تریانەوە، بەڵکو ئەم نەفرەتە وەك قەدەرێکی ناخۆشی میللەتانی داگیرکراو داگیرکەریشی لێدێت، زەمینەی توندڕەوی ئاینی و ململانێی رەگەزی لەسەر ناسنامە و کەلتوور خۆش دەکات و بەخوێن و فرمێسك ئاویان دەدات. ئەگەر ململانێی کۆمەڵایەتی نێوان ئیسلامییەکان و نەیارەکانیان بەسەرکەوتنی لایەك کۆتایی پێ بێت و لایەنەکەی تر یان دابنیشێت بەدیار شکستی خۆیەوە، یان خۆی بۆ دەورانێکی تری ململانێ ئامادەبکات، ئەوا ململانێی ناسنامە هەدادانی بۆ نییە. ئەگەر ململانێی کۆمەڵایەتی وا کە رۆڵی فاکتەری ئاینی بەهێز بکات بەگەشەی ئابووری و دەرفەتی دیموکراتی و یەکسانی چارەسەر بکرێت ئەوا ململانێی ناسنامە لەحاڵەتی هاوکێشەی داگیرکراو داگیرکەردا گەشەی ئابووری و دەرفەتی دیموکراتی چارەسەری ناکات، بەڵکو ئەوانە خۆشیان دەبنە کەرەستە بۆ ململانێکەو دەمەزەردکردنەوەی ململانێی ناسنامە. لەم حاڵەتەدا کەمێك پێویستی بە دەستکاری جوگرافیایە، پێویستی بەکەمێك هاتنە خوارەوەی لوتبەرزەکانی جیوپۆلەتیکە لە کەلی شەیتانی هاوپەیمانێتیان لەگەڵ بەهێزەکانەدا.

بەڵێ ناکرێ دەستکاری شاخ و داخ و دەریاکان بکرێت، ئەمە وەك دەستکاری کاری خودا وایە، بەڵام دەکرێ دەستکاری سنوورەکان بکرێت کەبەندەکانی خوا کێشاویانە چ لەنێوان دەوڵەتەکان و چ لەنێو خودی وڵاتێکدا ئەگەر مرۆڤایەتی نها نەفرەت لەهەموو قەتڵوعامەکانی کۆمۆنیزم وفاشیزم ونازیزم بکات، نەفرەت لەهەموو تیۆرە بێ پێزەکانی کۆمسیاری گەل بۆ پرسی نەتەوەیی جۆریف ستالین، بکات. ئەوا باشترە بۆ دەرخستنی راستگۆیی ئەو نەفرەتە کارە قێزەونەکانی چارەسەر بکرێت.

ئەوانەی شەو رۆژ نەفرەت لەکردەوەکانی سەددام حسێن دەکەن کە لەعیراقدا کردویەتی و بۆ ئەمەش گەلێك جار موزایەدە بەسەر کوردیشدا دەکەن، چاکترە لەکردەوەکانی ئەو تەوەللابن، چاکترە دەستبەرداری دەستکاری تەعریب رەفتارانەی

ئەو بن کە لە سنوورەکانی کوردستان کردویەتی، نەك وەك پیرۆزییەك لەگەڵ ئەو دەستکارییە سەدامییەدا هەڵسوکەوت بکەن کە یەکێك لە ئاماژەکانی مەزنی خودای بانی سەرە. لەراستیدا دەستکاری وا خوداش دڵخۆش دەکات و ئەوەی بیکات وەك بەندەیەکی وەفادار بۆ دابەشکارییە سروشتییەکانی خودا، خواو خەڵك لەخۆی رازی دەکات.

# سەدەیەکی نوێ، ئیستحقاقاتی نوێ؟

لەسەر بنچینەی ئەو دەرهاویشتانەی لە گوتراوەکانی رابردوودا ئاماژەمان پێکرد، دەبێ بزانین (بەهاری عەرەبی) وەك رووداوی گەورەی دەستپێکی دەیەی دووەمی سەدەی بیستویەکەمین دەروازەی لەسەر ئەم سەدەیە و گۆڕانکارییەکانی کردەوە. دە ساڵی یەکەم لەم سەدەیە ئاوپرژێنکردنی رێگاوبانەکانی سەدەو نەرمانکردنی تەختاییەکەی بوو، تەنانەت بە ڕووداوی گەورەی (١١)ی سێپتەمبەریشەوە.

(١١)ی سێپتەمبەر چونکە لەکاتی خۆیدا نەبوو، بۆیە چەند زوو دەنگی دایەوە ئاوەهاش زوو ڕەنگ و کاریگەرییەکەی کاڵبۆوە. ئەم مەرگەساتە ئەمریکییە کە ڕووخانی دوو رژێمی لێکەوتەوە: ئیسلامی تالیبانی لەئەفغانستان و ناسیۆنالیستی بەعسی لەعیراق، چونکە رووداوێکی ئەمریکی بوو، بە کایەی زیان و کایەی چنینەوەی دەسکەوتەکانی تۆڵە لە تیرۆریستانیشەوە، نەیتوانی ببێتە هەژێنەری سەدە، بەڵام توانی لەگەڵا کپبوونەوەی رەهەندە ئەمریکییەکەی ببێتە ئەنگێزەی زوو هەڵتۆقیوی بەهاری عەرەبی تۆڵەکردنەوەی ئەمریکاو دەرکەوتەکانی رۆڵی ئاوپرژێن و ئامادەسازی گێڕا بۆچوونە ناوەوەیەکی راستەقینەی سەدەی نوێ. لەم ئاستانەیەدا بوو کە یۆشکا فیشەر وەزیری دەرەوەی ئەڵمانیا لە حکومەتەکەی گیرهارد شرۆدەر (لەساڵی ١٩٩٨-٢٠٠٠) و سەرۆکی حزبی سەوز، بەڕاشکاوی دۆخی دوای یانزەی سێپتەمبەر بە وەرچەرخانێکی چۆنایەتی دەزانێ و دەڵێ (بنەما سوننەتییەکانی نوێگەری لە دونیای عەرەبدا داڕزاو وکەڵکی نەما)(١٠)، فیشەر بەشێك لە چارەسەر

له خۆنوێکردنەوەی ڕۆژئاواو هاوپەیمانێتی نوێدا کورت دەکاتەوە. شتێك کە ڕووی نەداو بەپێچەوانەوە وەك دەردەکەوێت دۆخەکە لە ڕۆژهەڵاتەوە جوڵەی تێکەوت. ئەویش دوای دەیەیەك لە یانزەی سێپتەمبەر.دەیەیەك دەرەنجامی ئەو داڕزانەی بنەماکانی نوێگەری لە نیشتەنی عەرەبدا هات ئەگەرچی کەرەستەکانی ئەو نوێگەرییەی بە هەموو وردەکارییەکەوە بەکار هێنا. هەر لە ئامرازەکانی پەیوەندییەوە (میدیا وفەیسبوك) تا دەگاتە دیاردە سیاسییەکانی وەکو خۆپیشاندان و چالاکی مەدەنی.

سەدەی نوێ خەسڵەتێکی تایبەتمەندیشی هەیە، بیستویەکەمین هەر خۆشی هەزارەی سێیەمە. با لە چەند دێڕێکیشدا بێت بەنەفەسی هەزارەوە گفتوگۆ بکەین، هەزارەی یەکەم هەزارەی دەرکەوتنی دوو ئاینی نوێ، مەسیحی و ئیسلام بوو کە بوونە شەریکە بەشی ئاینەکانی جاران. ترۆپکی ئەو ئاینانەی پێش مەسیحی و ئیسلام ئاینی جولەکە بوو کە یەك لە ئاینە زۆرو زەوەندەکانی بەنی ئیسرائیل بوو . ئەم ئاینە هی هەزارەی پێش زایینە،ساڵی یەکەمی زاینی ساڵی پەیدابوونی شەریکە بۆ سەروەری بەنی ئیسرائیل. هەر لەو هەزارەیەدا کەوێستگەی دەستپێکی هەزارەی یەکەمە بەگوێرەی بەرواری زاینی، لەنزیکەی ساڵی (٦١١)ی زاینیدا ئاینی ئیسلام پەیدابوو، ململانێی نێوان ئەم سێ ئاینە بە چەندەها جۆر لەسێ سەدەی ماوەی هەزار یەکەمدا درێژەی کێشا.

هەزارەی دووەمیش بێ ڕووداوی گەورە نەبوو، بەتایبەتی ڕووداوی گەورەی دەرکەوتنی ئیمپراتۆریای عوسمانی کە شەش سەدەی لە ژیانی هەزارەکە خوارد، لە بەرەکەی تریش دەرکەوتنی ئیمپراتۆریای سەفەوی کە ئەویش کەمی نەکرد لە تەمەن درێژی تاوەکو قاجارییەکان ئێرانیان پاوانکردو زنجیرەی سەفەوییان پساند. هەردوو ئیمراتۆریای میراتگری ئەمارەتە جۆاوجۆرەکانی سەرەتاو نێوەندی هەزارە بوون تا لەو دۆخە گیرسانەوە. ئەگەر هەر یەکێکیان بگری میراتگری وێستگەیەکی پێشووترە هەتا ئەوکاتەی لەم شکڵەی پێی دەڵێن ئێران و تورکیا نەشونمایان کرد.

ئەڵبەت هەزارەی سێیەمیش حیکایەتی خۆی دەبێت، داخۆ کام ڕێبازی ڕۆحی و فیکری دەبێتە سەروەری سەدە یەك لەدوای یەکەکانی؟ کام لەم

زلهێزانەی ئێستا چەند سەدەیەکی تر بڕدەکەن و چ ئیمپراتۆریایەك جێگایان دەگرێتەوە؟

ئەم پرسیارە گەورانە بۆ کوردی داماو نییە کە هێشتا لە مێژوودا، لەساڵی دەیەی سەدەکانی مێژوودا جێی نەگرتووە. بۆیە لێرە بەرەی کورد بەپێی پێوەری سەدەکە دەپێوین نەك بەگوێرەی ریتمی هەزارە.

ئەم سەدەی بیستویەکەمینە کێومالّی کێ دەبێت؟ بەراوردێك لەگەڵ سەدەی بیستەمدا بکەین وێستگەو دەرسی سەیرمان فێر دەکات:

سەدەی بیست دەیەی یەکەمی خۆی بە خۆشکردنی ئاگری ناکۆکی بەسەربرد، زۆری نەبرد لەدەیەی دووەمی، بەتایبەت لەساڵی (١٩١٤)دا، کۆڵانی ناکۆکی شەڕی یەکەمی بەرپارکرد. شەڕێك هەموو دنیای تەنییەوەو پریشکی بەر کوردستانیش کەوت، سەرتاسەری کوردستان بووە سووتووی ئەم تۆفانە، دلێرانی کورد بۆ بەرەکانی جەنگی دەوڵەتی عوسمانی لەگەڵ دەوڵەتە گەورەکان بران. بەرەی بەلقان بووە تەونی جاڵجاڵۆکەو دەیان جوامێری کوردی لەناوخۆیدا بزرکرد. سوپای داگیرکەری رووس هاتە مەهاباد کوردەواری ئەتك و خاپوورکرد، برسێتی و قاتوقڕی سەفەربەلەك سلێمانی داڕزاند.دیاربەکر و وان و هەموو ولاتی کوردستان کەوتنە دەست قەدەری نادیارەوە. سوپای عوسمانلی لە سەرەڕێی گەڕانەوەدا تۆڵەی شکستی خۆی لەکرمانجەکانی کورد دەکردەوە.

تەگبیرەکانی دوای جەنگ بە زیانی کورد شکایەوە، نە هێشتیان حکومەتی شێخ مەحمود گەشە بکاو نە دەوڵەتە کوردییەکەی ناو رێککەوتنی سێڤەریان جێبەجێکرد. سمکۆیان سەربڕی و شێخ سەعیدی پیرانیش کرابەدارا، شێخ مەحمود نێردرایە مەنفا، شەریف پاشای خەندان سەرگەردان و جەنەراڵ ئیحسان نوری پاشاش دەردەدارو ئاوارەی ئێران بوو. کوردستان کە تا پێش جەنگ دووبەشی بن دەستی ئێران و تورکیابوو، بووە چوار بەش. بەشی تورکیا بووە سێ پارچە بۆ سوریاو عیراق و ئەو دوای بۆ تورکیا خۆشی .

لەئاستی دونیاشدا روسیا لە قەیسەر هەڵگەڕایەوەو بووە نێوەندێك بۆ سۆشیالیزم و کۆمۆنیزمی سۆڤێتی، حکومەتی کرێکارانی لەنین هەرچی کەنیوبەینی نێوان زلهێزەکان هەبوو لەسەر دونیای دوای جەنگ، ئاشکرایان

کرد، عوسبەتی ئومەم کە شێخ سەلامی شاعیر ساتێرە شیعرییە بەناوبانگەکەی خۆی لەسەر نووسی، وەك سەردەستەی چەتەکان هات بەش و دەستکەوتەکانی دونیای دوای جەنگی تەخشان و پەخشان کرد، بەڵام چونکە دابەشکردنەکە نارەوا بوو، بەتایبەت بۆ زلهێزە دۆڕاوەکان، سەر لە نوێ کەڵکەڵەی شەڕ سەریهەڵدایەوە.ساڵی (١٩٣٩) لەکۆتایی نیوەی یەکەمی سەدەدا شەڕ لەنێوان میحوەر و هاوپەیمانەکان سەریهەڵدایەوە، ئەم شەڕە سەری عوسبەتولئومەمی خواردو سەرەنجام شتێکی تازە بابەت دروستبوو کە ئەویش نەتەوە یەکگرتووەکانی حاڵی حازرە. نەتەوە یەکگرتووەکان بەرهەمی راستەوخۆی دونیای دوای جەنگ بوو. بۆیە ئاشتی هێنا، بەڵام ئاشتی زاڵم و سەردەستەکانی سەرخست. ئەم رەفتارانەی ئێستای یوئێن لە پرسی کەرکوك هی ئەوەیە ئەم رێکخراوە میراتگری کەلتورێکی وا ئیستعمارییە و زۆری دەوێت تا لە بەز و چەوری ئیمپریالیزمی قوتاری دەبێت و لانیکەمی پێوەری دادپەروەری لە خۆیدا بەرجەستە دەکات.

جـا چۆن خولی یەکەمی جەنگی جیهانی شاهیدی لەدایکبوون و ناشتنی حکومەتەکەی شێخ مەحمود بوو، خولی دووەمی جەنگیش بەهەمان تەرز شاهیدی لەدایکبوون و ناشتنی حکومەتەکەی قازی محەمەد بوو. دەرکەوتنی کۆماری کوردستان، لە مەهاباد، هیوای بۆ کورد گەشانەوە، لە ناوچوونیشی تووشی گرمۆڵەبوونێکی گەورەی کردین. ئیتر مەسەلەی کورد نەفەسی مەزنی سەربەخۆیی لەدەستداو بوو بە چوار مەسەلە لەچوارچێوەی چوار دەوڵەتی داگیرکەردا.

ئەم داهێزرانە نەتەوەییە درێژەی کێشا تا کۆتایی سەدەی بیست. سەرەتای دەیەی کۆتایی ئەو سەدەیە، جەنگی ساردی نێوان شەرق وغەربی دونیا، سەفەوی و عوسمانلییەکانی سەدەی بیستەم بڕایەوە، بژارەی کۆمۆنیزم چۆکی دادا و ئۆردوگا زۆرەملێکانی تێکوپێکدرا. دوای هەفتا ساڵ لە دەرکەوتنی یەکێتی سۆڤێت کە لە ئۆکتۆبەری (١٩١٧) دا نهێنییەکانی رێککەوتننامەی سایکس بیکۆی ئاشکرا کرد، ئەم تەجرەبە گەورەیە کەوت و ئاساری لەسەر پاتاری نەما. قەڵای یەکسانی و مافی چارەنووسی گەلان هیچ نەبوو جگە لەزیندانێکی گەورە کە دەیان سایکس بیکۆی لەخۆیدا حەشارداوە، ئەو گردە جیهانییەی

کوردو سەدان میللەتی چەوساوە هیوایان پێی هەبوو و ئێمە وامان دەزانی کوردستانی سووری کردۆتە کوردستانی سەوزەڵانی و گەشەکردن، دەرکەوت خۆی قەرزی لەسەرە. رووخانی سۆڤێت رووخانی بەهاو ئایدیۆلۆژیایەك بوو کە بە ناوی رزگاری و یەکسانییەوە هاتە دونیاوەو بەو ناونیشانەوە هاتە رۆژهەڵاتی ناوەڕاستیش. کەچی لەکۆتاییدا دەریخست جگە لەناونیشانی "ئیمپریالیزمی سۆڤێتی" هیچ تایتلێکی تر ناتوانێ گوزارشتی لێ بکات.

سەرەتای سەدەی بیست ئایدیۆلۆژیای تەمەدون و دیموکراسی دەوڵەتە رۆژئاواییەکان خۆیان لەمەنگەنەی تاقیکردنەوەداو دەرکەوت ئەوانە دورشمیان بۆ داگیرکارییە. وەك لە داگیرکردنی کوردستانیشدا بینیمان.

لەکۆتایی سەدەشدا سۆڤێت دارووخاو دەرکەوت ئەوی دەورانێك کرابووە پێخۆری سیاسەتی داگیرکەرانی هاو دۆستی سۆڤێتی بۆ بچووککردنەوەی بزووتنەوەی کوردایەتی، ئەسپی تەروادەی داگیرکەران بوو لەناو بزووتنەوەی کوردایەتیدا.

ئەم دەستنیشانکردنە بۆ بێ نرخکردنی خەباتی چەپی کوردستانی و بۆ بەکەمگرتنی پشتیوانی چەپی نەتەوە سەردەستەکان نییە لەکوردایەتی. بەڵکو بۆ دانانی رووداوەکانە لەنێو سیاقی مێژوویی دەرس و پەند وەرگرتندا.

شەڕی سارد کۆتایی شەڕی جەمسەرەکانی دونیا نەبوو. ئەمریکا دە ساڵی بردە سەر بە نەشوەی سەرکەوتنی یەك جەمسەرییەوە کە ماوەی نێوان حوکمڕانی بوشی باوك و بوشی کوڕ بوو. بوشی باوك لە (١٩٨٩و-١٩٩٢) سەرۆکی ئەمریکا بوو، لەو ناوەڕاستەدا کە دوو دەورانی حوکمڕانی بیل کلینتۆن بوو (١٩٩٣-٢٠٠٠) ئەم نەشوەیە لەچێوەی گەشەی ئابووری ئەمریکا و زاڵبوونی مۆدێلی ژیانی ئەمەریکایی رێکخرا کە حیکایەتی سکاندالی مۆنیکاو کلینتۆنیشی تێکەوت. ئەم دەیە زۆری نەخایاند کە لەسەردەمی بوشی کوڕدا یانزەی سێپتەمبەر ئەوانی لەخەوی خۆشی یەك جەمسەری بە خەبەر هێنایەوە. ئیتر دوو دەورانی بوش (٢٠٠٠-٢٠٠٩) شەڕە خاچپەرستییەکانی بوو دژی تیرۆری "ئیسلامی". بوشی کوڕ هەشت ساڵ بەدوای ئەوەدا گەڕا داخۆ کام مشك بوو شێرەکەی مام سامی لەخەوی خۆشی یەك جەمسەری بە خەبەر

هێنایەوە؟ کەچی لە دەورانی ئۆبامای دیموکراتەکاندا مشکەکە دەستگیرکرا، کاتی دەستگیرکردنەکەش ئەوەندە سەمەرە بوو کە هەموو دونیا، بەتایبەتی ئەو دونیایەی مشکەکەی لێوە هاتبوو، سەرقاڵی بەهاری خۆی بوو چ ئاگای لە بەهاری دەستگیرکردنی تیرۆریستەکە، ئوسامە بن لادن، مشکی ئەم گێڕانەوەیە نەبوو.

وەختەکە ناقولابوو، تا ئەمریکا ئاسەواری (١١)ی سێپتەمبەری چارەسەر کرد چین و ماچین و بەرازیل سەرەتاتکێی هەڵسانەوەیانە و دەخوازن لەو دەستکەوتانە بەشداربن کە سەدەی نوێ لەدەیەی یەکەمیدا لەگەڵ خۆیدا هێناویەتی.

نها ئەم ئیستحقاقاتە تێکەڵی دەرەنجامەکانی بەهاری عەرەبی بووە، بەهار لەجەنگێکی مۆراڵی و رۆمانسییەوە ملی پێوەناوە کە نەك تەنها جەنگی دابەشکردنەوەی موقەدەراتی دەسەلات بێت لەچوارچێوەی هەر ولاتێکدا، بەڵکو خەریکە دەبێتە جەنگی دابەشکردنەوەی موقەدەرات لەئاستی هەرێمی و جیهانیشدا، بەتایبەتی لەبەشی ململانێی شیعەو سوننەدا کە رێك ناوچەکەی ئێمە دەگرێتەوەو ئێمە زیاتر لەوانی تر پەیوەندارین بەو ململانێیەوە.

لەبەر ئەوە بە مەبەستەوە دەڵێم دۆخی نوێ پێیوست دەکات بەنەفەسی سەدەیەکی نوێ مامەڵەی لەگەڵدا بکەین، هەموو دەورانێکی سیاسی نەفەسی خۆی گەرەکە و هەموو ئاماژەکانیش ئەوە دەسەلمێنن کەسەدەی نوێش ئاوسە بە چەردەیەك گۆڕانکاری گەورە کە لێرە تا سی ساڵی تر، یان تا نیوەی سەدەکە پەرەدەستێنن و ئینجا جێگیر دەبن. هەر نەتەوەو میللەتێك ئیتر دەبێ پاوەر و دەسەلاتی خۆی بخاتەگەڕو لەو جەنگە بێ ئامانەدا بەشی خۆی بەدەست بێنێ، یان ئەگەر هەیەتی و لێی دەترسێ لەدەستی بدات کار بۆ پاراستنی دەکات، یاخود ئەگەر هەیەتی و لەدەستی دێ و ئارەزوو دەکات بەشەکەی خۆی فراوانتر بکات.

سەدەی نوێ خەڵکانێکی دەوێت بەنەفەسی شایانی خۆی مامەڵەی لەگەڵدا بکەن، نەفەسی بەشداری لە دابەشکردنەوەی موقەدەراتەکانی جیهاندا، بەجیهانی رۆژهەلاتی ناوەڕاستیشەوە.

# دیدی پاڵەوانەکانی بەهار

لە پەنجەرەی هەڵوێستی هێزە دیموکراتخوازەکانی بەهاری عەرەبیشەوە دەتوانین هەندێك پەرەسەندن و ئاڕاستەکردنی رووداوەکان ببینین.

هەڵوێستی هێزە دەرکەوتووەکانی وڵاتانی عەرەب کە لەئەنجامی ئەو بزاوتە جەماوەرییانەوە هاتنە پێشەوە لە مەسەلەی کوردو کوردستان، لە مەسەلەی نەتەوە بندەستەکان رەنگە زۆر شتمان بۆ دەربخات، ئایا ئەوان چۆن لەپرسی نەتەوایەتی ئەو نەتەوانەی لەگەڵ وان دەژین دەڕوانن؟ دونیای عەرەب کە ناسیۆنالیستی عەرەبی هەمیشە دەیویست وەك دونیایەکی هۆمۆجین و یەکتا نەتەوەیی وێنای بکات لەناوەوەو لە دەور و پشتیش، پڕە لەو کونوکەلەبەرانەی گومان دەخەنە سەر راستی ئەو وێناکردنە یەك رەنگە، ئەندێشەی ناسیۆنالیستی شتێك دەگێڕێتەوەو واقیعی هەمەڕەنگی شتێکی ترمان بۆ دەسەلمێنێ.

بەڵام لەوەرچەرخان و هەژانەکاندا ئەم وێنەیە تێکدەشکێت. هەرچی لەبن کایەیە دێتە سەرەوە، شتەکان بەڕەنگ و بۆی خۆیانەوە دەردەکەون، ئەگەر کار بۆ سەرکوتانەوەشیان بکرێت کاتێکی دەوێت تاجارێکی تر دەخرێنە ژێر گڵی فەرامۆشییەوە. دونیای عەرەبی زیاتر لەیەك سەدەی تەواوە ئیستحقاقاتی زۆری لەسەر شانە کە دەوڵەتی مۆدێرنی عەرەبی نەیتوانی چارەسەریان بکات، کوردو تورکمان و کلدۆئاشووری، ئەرمەن و قبتی، ئەمازیغ و هۆزەکانی نەوبە و تەواریقەکان، جنبوییەکانی سودان و شیعەکانی بەحرین و سعودیەو دروزەکان و جولەکەو عەلی ئیلاهی، بەهائییەکان و چەندین نەتەوەو ئەتنیك و مەزهەب

و گروپی دیکە کە لەکتێبەکانی ئەنترۆپۆلۆژیاو ئەنسکلۆپیدیاو فەرهەنگەقەبەکاندا ناویان دێت، بەڵام لەسەر زەمینی واقیع ماف و ئیرادەیان هیچ حیسابێکی بۆ ناکرێت.

دەوڵەتی عەرەبی بە سەر چەندین وێستگەی سیاسی گەورەدا گوزەری کردووە کەچی لە هەموو پەڕینەوەیەکدا دەستی دەستی بە ئیستیحقاقاتی مافی ئەم هەمەڕەنگییە دەکات، لەئاکامدا سەروەری بۆ سەردەستەکان دابین دەکات و هەموو رەوتێکی بندەستەکان لەقاو دەدات، لەوێستگەی خەباتی پێکهێنانی قەوارەی نیشتمانیدا لە عیراق، میسر، سوریا، لوبنان و زۆر شوێنی تر بندەستەکان هاوبەشی تێکۆشان و بەرپرسیارێتیین.

لە میسر قبتییەکان، شانبەشانی موسڵمانەکان، هاتنە مەیدانی خەباتی بیناکردنی دەوڵەتی نوێی میسرەوە، سەعد زەغلول سەرکردەی شۆڕشی ساڵی (١٩١٩) لەمیسر کە سەرکردەی رەوتی وەفد بوو دوو باسکی بەهێزی هێنابووە نێوەندی تێکۆشینەوە، کە ئەوانیش مستەفا پاشا ئەلنەحاس و مەکرەم عەبید بوو، مەکرەم سەرکردەیەکی نیشتمانی گەورە بوو کە بێ باسی وی مێژووی نیشتمانپەروەرێتی و سەرگوزەشتەی دەوڵەتمەدارانی میسر کەلێندار و کەساس دەبێت. کەچی پاش زیاتر لەنیو سەدە نها لەقاهیرە کۆتوبەندو سەرکوتێك دەخرێتەسەر قبتییەکان لەسەردەمی دەسەڵاتی داگیرکەری ئینگلیزدا شتی وایان لەگەڵدا نەکراوە.

لە جەزائیر و مەغریب و تونس ئەمازیغییەکان ناونیشانێکی درەوشاوەی بەرەنگاری داگیرکەرانی فەرەنسی بوون، کەچی دوای وەدەستهێنانی سەربەخۆیی سیاسەتی تەعریب و بەئیسلامیکردن وەك دوو سیاسەتی پەرتکەری کۆمەڵە هەمەڕەنگەکان کەتنێکیان کرد نەبێتەوە. لەسوریا کوردەکانی ئیبراهیم هەنانۆ نەبەردی سەربەخۆییان بەر پاکرد، بەڵام وێستگەی دوای ئەوە قەومییەکان دەستیاندایە بێ حورمەتی دەرهەق بەکوردو لەزەمانی بەعسیشدا حزامی عەرەبی بووە نەهەنگی هەڵلوشینی زەوی و زار و موقەدەراتی کوردەکانی کوردستانی سوریا.

لە عیراق کورد بەشداری دامەزراندنی دەوڵەتی کرد لە دوو وێستگەی

لێك جیاوازدا، سەرەتای دامەزراندنی دەوڵەت و ساتەوەختی دووبارە دامەزراندنەوەی. لەیەکەمیاندا کورد وەکو (هاووڵاتی) عیراقی بۆ خۆیی چێشت پلەوپایەی پێدرا، بەڵام چونکە لە دووەمیاندا کورد بەناسنامەی کوردایەتی خۆیەوە هاتە مەیدان بەشی باشە، بەڵام پاشقولی لێ دەگرن و ناهێڵن ئەوی ماوە لەداخوازییەکانی جێبەجێ ببێت. ئەمە لەکاتێکدا لە درێژترین بەهاری عەرەبیدا کە بریتییە لەخەباتی دەیان ساڵەی ئۆپۆزسیۆنی عیراقی دژی رژێمی بەعس، بەتایبەتیش ماوەی نێوان (١٩٩١-٢٠٠٣)، کەچی هێشتاش بەشێکی بەرچاو لە عیراقییەکان دەخوازن پاشەکشێمان پێ بکات.عیراقییەکان بەدەیان ساڵ تەجرەبەی خەباتی دیموکراتییەوە دژی رژێمی دیکتاتۆری بەعس هێشتاش لەدڵیان گرانە کەنیونەی کورد بەتەواوەتی بسەلمێنن، داخۆ دەبێ هێزە دەرکەوتووە تازەکانی بەهاری عەرەبی چۆن لەپرسی کەمینەکانیان بڕوانن؟

کێشەی دیموکراسی لەدونیای عەرەبدا، کێشەی دادپەروەری کۆمەڵایەتی و ئابووری لەدونیای عەرەبدا، پاڵنەرە سەرەکییەکانی بەهاری عەرەبی و هەڵسانەوەی کۆمەڵگەو میللەتانی دونیای عەرەب بوو لەبەرامبەر رژێمەکانیاندا. ئێستا ئەم پاڵنەرە لەڕووی مۆراڵییەوە رووبەڕووی تاقیکردنەوەیەکی سەخت دەبێتەوە، ئەگەر ئەوان بەگاڵتەیان نەبێ دەبێ دونیای دوای نیشتنەوەی تەپوتۆزی خستنی پەیکەری دیکتاتۆرەکان دونیایەکی دڵنیاکەرەوە بێت بۆ کەمینەکان، هەتا تەنانەت بۆ ئەوانەی لەدوو ئاڕاستەدا بەگومان بوون لەجولەی بەهاری عەرەبی:

-ئاڕاستەی یەکەم: ئەو کەمینانەی، بەسەلیقەی کەمینە لەداکۆکیکردن لەبونیان، ناچار بوون هاوپەیمانی رژێمە دیکتاتۆرییەکان بن بۆ دابینکردنی بونیان یان تەنانەت هەندێك جار بۆ دوورخستنەوەی ئەزێت و زیانەکانی دیکتاتۆر. پێویستە بزانین هاوپەیمانێتی کەمینەکانی وەك قیبتی لەگەڵ رژێمی موبارەك جیایە لە هاوپەیمانێتی سوننە لەگەڵ بەعسی عیراق، یان عەلەوی لەگەڵ بەعسی سوریا. قبتییەکان بۆ کەمکردنەوەی زەرەرێك کە هەر لێیان کەوتووە بوونە هاوپەیمانی موبارەك و ئەم دۆستایەتییەیان زیانی

نەبووە بۆ تێکرای میسرییەکان.

-ئاڕاستەی دووەم: ئەو کەمینانەی بەشدارییان نەکرد لە بەهارەکە، یان دوودڵ بوون، یان درەنگ کەوتن یان تەنانەت ویستیان خەسڵەتێکی تایبەتمەندی خۆیان بدەنە بەشدارییان لە بەهارەکەدا، چەپکە گوڵێکی جیاواز بن لەباخچەی بەهارەکەدا، ئەمانە نابێ لەچاوی زۆرینەی بەهارخوازانەوە سەیر بکرێن. ڕاستیێکەی لەگەڵێك خەسڵەتی جومگەییدا کەمینەکان چیرۆکێکی تەواو جیاوازیان هەیە لەزۆرینەکان، ئەگەر هەم کەمینەکان و هەمو زۆرینەکان لەو خەسڵەتە جیاوازانە، لەدوو چیرۆکی جیاواز، نەگەن، تووشی بەریەککەوتنی دژوار دەبن.

بـا سەیرێکی چیرۆکی جیاوازی کـورد لەسوریا بکەین:

هەر بۆ نموونە، کورد لەسوریا بەدڵ و بەگیان هاتە ناو ڕاپەڕینی ئاشتیخوازانەی گەلی سوریاوە، کەچی لە چالاکە سیاسییەکانی نەیارانی بەعسی ئەسەد، لە دەرەوە، کورد بە ئۆپۆزسیۆنی پلە دوو تەماشاکراو گەیشتە ئەوەی بە هەڵەی زمانەوانی بێت یان بەئەنقەستی سیاسی وەك ڕەوەندی ئەفریقی لەفەرەنسا ناوزەد کران. ئەمانەش لە سایەی دیموکراتخوازەکانی دۆستی بورهان غەلیون و ئیسلامییەکانی ئیخواندا هیچ تیشکی ڕێی هاوپەیمانێتی و متمانە پێکردن نین. ئەوە بەس نییە لە دەیان هەینی خۆپیشاندانەکاندا هەینییەك بەناوی (ئازادی)یەوە ناو بنرێت.

ئەم ڕەفتارانە هەڵوەستەیەکیان بەکوردی ئەو وڵاتە کرد: شەراکەت وەك ئەوەی کوردی عیراق ڕاستە کە هێشتا بەو هەموو دەستکەوتانەشەوە بێ کێشە نییە، ئەی دەبێ کوردی سوریا کە ڕێژەی کەمن لەچاو زۆرینەی سوریادا چییان بە نسیب بێت کە ئەمڕۆ ئۆپۆزسیۆنی پلە دوو بن؟

ئەم دەرکەوتە وای کرد کوردی ئەوێ بەشداری خۆی لە بەهارەکە ڕانەگرێت، بەڵام تایبەتمەندی کوردی پێ بدات. تایبەتمەندییەکی بە ئاگاوە کە "ئەسەد"ی بەعس و "ئەسەد"ی ئیسلامی سیاسیی کەمێك وەك یەك بن بۆ ئەوان. ئەمەش سیاسەتێکی دروستە بۆ کورد، هەروەها بۆ دیموکراسی کەمینەکانیش کە ئەوانیش هەقی بەهاریان هەیەو کەس ناتوانێ لە کۆڕی

خەبات بۆ دیموکراسیدا موزایەدەیان بە سەردا بکات، خۆی ڕاستییەکەی ئەوان درەنگ هاتوون و کورد دەمێکە لەمەیدانەکەدایە!

گومانکردن لەهەڵوێستی بەهاری عەرەبی تۆمەتبارکردنێکی پێشوەخت نییە، ئیدیعای خوێندنەوەی ناو لەپی ئایندەی بەهارخوازانی عەرەبیش نییە، بەڵکو یەقینی تۆماری تەجرەبەی ڕابردووی کورد و کەمینەکان لەگەڵ چەندین دەیەی ڕابردووی نەتەوە سەردەستەکان لەوێستگە جیاجیاکانی مامەڵەیاندا:

-لە کایەی دیموکراسی و هاونیشتمانیدا.
-لە کایەی سۆشیالیزمدا.
- لە کایەی ئیسلامگەرایدا.
-لەمرۆی دیموکراتخوازییدا.

لەدەمی دیموکراسی و هاونیشتمانیدا، ئەگەر لەکایەی هاونیشتمانی و دیموکراسی موجەرەددا سەیری تەجرەبەی کورد لەگەڵ نەتەوە سەردەستەکاندا بکەین تاڵی و تفتی دەبینین. دیموکراسی کە حوکمی زۆرینەیە، هاونیشتمانی کە نێوەندی کەمەندکێشی هاووڵاتیانە دوور لەناسنامەی نەتەوەییان، ئەمانە تێری پێویستییەکانی کوردیان نەکردووە، دیموکراسیخوازان و خاوەنانی نەزەری هاونیشتمانێتی پێکەوە مافە نەتەوەییەکانی کوردیان خستووەتە ژێر لێوەوە گوایە تا تەواوکردنی ئەرکی ڕاماڵینی داگیرکەری بێگانەی ڕۆژئاوایی نابێ ویستە نەتەوەییەکانی کەمینە پێش ویستی نیشتمانی کۆکەرەوەی هەمووان بکەوێت! چیرۆکی دیموکراسیخوازان و ڕەوتە نیشتمانییەکان چیرۆکی ئەو ڕەنگە کاڵ و بێ بۆنانەیە کە ڕاستە دژی کورد نەبوون، بەڵام هیچیشیان بۆ نەسەلماندووە. موسەدەق لە ئێران چی بۆ کوردی ئەوێ سەلماند؟ عەدنان مەندریس چی بۆ کوردی تورکیا کردو ڕەوتی دیموکراتی لەعیراقی پادشاییدا، ئەوی لە دەسەڵات و ئەوی لەئۆپۆسیۆن بوو، چی بۆ کورد پێ بوو؟

لەکایەی سۆشیالیزم و ئۆردوگای چەپدا چەپی سەرتاسەری بەقەدەر هەڵمژینی وزەی کورد قەرزی کوردی پێ نەدرایەوە. ئایدیۆلۆژیای چەپ و ئەدەبیاتی ڕەوتی مارکسیزمی سەردەستەکان کوردیان بە بەهەشتی سۆشیالیزم

خۆشخەیاڵ دەکرد و بانگەوازیان وابوو کورد تەنگ نەزەری نەتەوەیی نەبێت و لێگەڕێت سۆسیالیزم بینابکرێت و ئیتر چینی کرێکاری نوێنەری کرێکاری کوردو عەرەب، کوردو فارس، کوردو تورك بە ئیمزایەك مەسەلەی کورد چارەسەر دەکات. یانی وەك ئەوە وایە بەکورد بڵێی کە هەموو نەتەوەکان چوونە سەر مانگ ئێوە لەسەر زەوی بمێننەوە تا سەروەری خاکی خۆتان و میراتگری تەواوی وشکانی و زەریاکان بن.

تیۆری "شیردا بۆ داپیردا"ی چەپی سەردەست نەیتوانی سەد دەرسەد لە دۆزی کورددا مارکسی و پێشکەوتخواز بێت و نووسراوەکانی مارکس و لینین لەئاستی دۆزی کوردستاندا داماو و داڕزاو بوون.

لە کایەی ئیسلامگەراییدا ئیسلامییەکانی نەتەوەی سەردەست، لەئاستی دۆزی کورددا، مێژوویەکی کەمیان هەیە لەچاو ئەوانەی چەپدا. ئەمانیش تێزی کوردو نەتەوەکانی تر برای موسڵمانی یەکترن دەکەنە بیانووی پێچانەوەی مافی کورد. دیدی ئیسلامییەکان دیدێکی تەراویلکەیە، گوایە هەمووومان موسڵمانین و هەر تەقواو خواپەرستی پلەو پێگەمان جیادەکاتەوە. ئیسلامییەکانی نەتەوەی سەردەست هەر لەئاستی کورددا سۆپەر پێوەری ئیسلامی پەیڕەو دەکەن: کورد نابێ نەتەوەخواز بێت و دەوڵەتی بوێت. ئـــەوە هاتنی دەوڵەتی خـــــەلافەت دوا دەخات، بەڵام خـــۆیان وەك سەردەست نەك دەوڵەتیان هەیە، بەڵکو ئامادە نین دەوڵەتە قـــوترییەکانیش هەڵبوەشێننەوە لە ڕێگاو وەك سەرەتایەك بەرەو دەوڵەتی خەلافەت.

ئەوەتا پێش بیست ساڵ ڕێنوێنی گشتی ئیخوان موسلیمینی میسر، کە باوکی ڕۆحی ئیخوانەکانی بەهاری عەرەبییە، لێدوانی لەسەر گەلی کورد هەبووە و جارێك بە (گەلی باکوری عیراق) و جارێکی تر بە (گەلی ئەکراد) ناومان دەبات. بگرە بزووتنەوەی ئازادیخوازی کوردیش وەك بزووتنەوەیەکی جوداخواز لەجەستەی عیراقی دەناسێنێ. تەنانەت ڕێنوێنی گشتی ئیخوان پارێزگاریردن لە گەلی کوردستانی باشوور، لەلایەن ئەمریکاو ڕۆژئاواییەکانەوە، وەك دەستتووردان لەکاروباری ناوخۆی عیراق وەسف دەکات[١١]

داخۆ ئەم هەڵوێستە لەکوێی هەڵوێستی ئێستایان دایە کە چەپڵەیان بۆ

دامەزراندنی ناوچەی زۆنی ئارام لەسوریا لێدا گوایە بۆ پاراستنی هاووڵاتیانی مەدەنی؟ لەکوێی هەڵوێستی پیاهەڵدانیانە بە شانوباڵی ناتۆ و رۆژئاوا کە سەرهەنگ قەزافیان روخاند. ئەو سەرهەنگ قەزافییەی هەڵویستی لەکورد زۆر جوامێرانەتر بوو لە هەڵوێستی ئیخوانەکان و رێبەرەکەیان کاتێك گوتی: (کوردەکان تووشی سەرکوتکردن هاتوون و ئەوان مافی خۆیانە نیشتمانێکی سەبەخۆ دابمەزرێنن)(١٢).لەم نموونەیەدا کامیان زیاتر سەلمێنەری دیموکراتی ومافی چارەنووسیی گەلانن؟

-لە کایەی ئەمڕۆی دیموکراتخوازیدا دیار نییە کە هێزە تازە سەرهەڵداوەکانی بەهاری عەرەب چ دیدێکیان هەیە بۆ دۆزی کورد؟ چونکە ئەسڵەن ئەدگاری تەواوی هێزە دەرکەوتووەکانی ئەمڕۆ دیارنییە کە داخۆ لاوانی شۆڕشی گۆڕەپانی تەحریرەکان یان هەڵسوڕاوی رەوتە ئیسلامییەکان هێزی زاڵن لە ئایندە یان هێزی تر شوێنیان دەگرێتەوە؟ ئەوی دیارە ئەوەیە لە چەند گرتەیەکدا گومان و ترسیان خستۆتە دڵی کوردەوە، لەسوریا نموونەیەکە کە ئۆپۆزسیۆنەکان چۆن رەفتار دەکەن؟ لەیەمەن کورد نییە بەڵام بۆ پرسی سەربەخۆیی یەمەنی باشوور کە جولانەوەیان هەیە و کۆنگرە بۆ خۆجیاکردنەوە لەسەنعا دەگرن، ئۆپۆزسیۆنی شۆرشگێڕی یەمەن خۆی لە داوای رەوای مافی چارەنووسی یەمەنی باشوور نەبان دەکات.

پێداچوونەوە بە هەڵوێستەکانی ئەو چەند کایەیەدا پێمان دەڵێت کە نیوەی یەکەمی سەدەی بیستەم ئێمە بە شوێن وەڵامی ئەو پرسیارەوە بووین داخۆ مارکسییەکان چی لەسەر پرسی کورد دەڵێن، ئەوەمان لەبیرخۆمان دەبردەوە کە مەسەلەی کورد مەسەلەیەکی بابەتییەو بۆ دەرکەوتنی پرس بەکەس ناکات و هیچ ئایدیۆلۆژیایەکی نەگەرەکە بۆ خۆنمایشکردن.

نیوەی دووەمیش بەشوێن بیروڕای ئیسلامییەکانەوە بووین داخۆ کام لاپەڕەی قورئان باسی مافی نەتەوەیی و خودموختاری کوردی کردووە؟

ئایا زەرورییە نیوەی سەدەی بیستویەکەمینیش بە چاوەڕوانی قسەی دیموکراتخوازانی تازەی عەرەبییەوە بکوژین؟

هێشتا فەرهەنگی هێزە تازە دەرکەوتووەکان لەسەر ئازادی دیموکراسی

سایەی بۆ کەمینەکان نەکردووەتەوە، ئەی ئەوان چی بکەن؟ بۆ قەدەرو سەرماو سۆڵەی زستان بەجێ بێڵین؟ لەوانە بپرسین دەڵێن ئەجێنداکەمان قەرەباڵغە نازانین نۆرەتان کەی دێت؟ ئایا ئێمە نۆرەبڕی بکەین، یان ریزی خۆمان جیا بکەینەوە؟

ئەگەر جیا بین لەبەهار دابڕاوین، یان ئەوان تۆمەتبارمان دەکەن بە بێ باری و بێ هەڵوێستی؟.

# وێنەکە لەبەرەی کوردەوە

وێنەی پێشهاتەکان لەبەرەی کوردیشەوە پێویستی بە خوردکردنەوەیە. لێرەش کوردو کوردستانی سەرتاسەر، هەر چوار پارچەی کوردستان، کارەکتەری سەرەکیین لەوەی تینێکی دیکە بدەن بە رەوشی سیاسی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست، چەندین لاپەڕەی رابردوومان رەشکردەوە لەسەر ئەوەی ئەوی بەکورد کراوە بە حەسەن و حوسێن نەکراوە، داخۆ دەبێ کورد خۆی لەکایەکەدا چی ئامادە بکات؟ چۆن تین دەداتە بەر کوردستان تا لەم وەرچەرخانەدا بە زۆرترین قازانج و کەمترین زەرەرو زیانەوە بێتە دەرەوە، چ سیاسەتێکی دەستپێشخەری رەچاو بکرێت کە سیاسەتێکی ئیجابی بێت بۆ بردنەوە نەك بۆ یەکسانی دەرچوون یان داکۆکی لاواز لەوی کە هەیە.

بۆ ئەوەی رووماڵکردنەکەمان وردتربێت "کوردستان"ەکانی کورد و ڕادەی ئامادەگییان بۆ تەداروك و تەگبیرکردن، بەگوێرەی ئەو دابەشکارییەی تا نها هەیە، دەکەینە چەند تەوەرەیەکەوە.

**کوردستانی باشوور (هەرێمی کوردستان - ناوچە دابڕێنراوەکان)**

لە باشووری کوردستانەوە دەستپێدەکەم کە خاوەنی تەجرەبەی گەورەیە لەکۆڕی شۆڕش و ئەزموونی سیاسییدا، تەجرەبەکەی ئەم بەشە، ئەگەر بەدوو بەشی سەرەکی کوردستان: کوردستانی باکوور (کوردستانی مەرکەزی) و کوردستانی رۆژهەڵات بەراوردی بکەین، لەقەبارەی جوگرافیای خۆی گەورەترە. بەڵام بەشی ئەم بەشە باشوورییە وابوو کە هەم ئازاری زۆر و

هەم دواجار ئازادی زۆری بەر بکەوێت. سەدان ساڵ کوردستانی باکوور و ڕۆژهەڵات لەژێر فەرمانڕەوایی قەڵەمڕەوی داگیرکەرانی تورك و فارسی بوون، ئەم داگیرکەرانە داگیرکاریی خۆیانیان کردە واقیعێکی داسەپاو و لێنەگەڕان داگیرکەرانی ڕۆژئاوایی وەکو ئینگلیز یان فەرەنسییەکان لەئێران و لەتورکیا بمێننەوە و سیاسەتی ئینتداب بەسەر ئەوانیشدا جێبەجێ بکەن و فۆکس بخەنە مامەڵەیان لەگەڵ کوردستانی بندەستیان وەك لەسوریا بۆ کوردستانی ئەوێ و وەکو لە عیراقیش بۆ کوردستانی خۆمان روویدا، کە لەیەکەمیاندا فەرەنسییەکان و لەدووەمیاندا ئینگلیز لەکایەکەدا بوون. لەکوردستانی باشوور داگیرکەری نوێ، داگیرکەری عیراقی، زۆری ویست تا داگیرکاری خۆی لەعیراق جێگیر بکاو تا سەدامیش لە کوردستان دەرکرا (لەراپەڕینی ساڵی ١٩٩١) دا خوێنی ئەم داگیرکارییە هێشتا قووڵپی دەداو کورد قەد لەگەڵ عیراق ڕانەهات و عیراقیش قەت نەیتوانی ئەوە لەگەڵ کوردستانی باشوور بکات کە تورکیاو ئێران لەگەڵ کوردستانی بندەستیان کردیان.

ئەسڵەن سوتان وکاولکردنی ئەم کوردستانی باشوورە خۆی کوژراوی دەستی عیراقە، بە تایبەتی عیراقی بەعس کەنەیتوانی داگیرکاری خۆی بەکەرەستەکانی دەوڵەتداریی دوور مەودا جێگیرو نۆرماڵ بکات.

(باشوور)ی ئامادە شتی هەیە کە دەهێنێ پەرۆش بێت بۆ پاراستن و گەشەپێدانی، بەڵام نە تا ئەو ڕادەیەی گیرۆدەی ئەو دەسکەوتانە بێت و لەپەلوپۆ بکەوێت و پەرۆشییەکەی بە سیاسەتێکی دڵەڕاوکێ و ترسنۆکانە تەرجەمە بکات، هێزی باشوور لەم ململانێیەدا چەند قات دەبێتەوە ئەگەر دەستپێشخەرو ئیقتیحامی بێت، بەڵام ئەگەر بە دیار هەرێمی دابڕاو لەناوچە ستراتیژییەکانییەوە دۆش دابمێنێ ئەوا یارییەکە دێننە گۆڕەپانییەوە.وەکو تا هەوکە کراوە کە بەشێکی تۆپباران و بەشێکی دیاری ڕووداوەکانی بەهاری (٢٠١١)ی کوردستان (خۆپیشاندانەکانی بەر دەرکی سەرای سلێمانی) دیاردەی هێنانی یارییەکەیە بۆ گۆڕەپانی کوردستان. خۆی کوردستانی ئێران پاڵێوراو بوو بەهاری عەرەبی لە تارانەوە بخوازێ، کەچی سلێمانی تا گرتی. تورکیا پاڵێوراو بوو دیاربەکری لێ ببێتە بەڵای ناگەهان، کەچی جەندرمە

تۆپبارانی قەندیلی کرد. ڕاستتان دەوێت لەنووسینی سیاسی شێنەییدا دەبێ قسە بەڵگەو سەندی لەگەڵ بێت، بۆیە ناتوانم لە ڕووداوە لەناکاوەکانی کوردستاندا یاریی دەرەکی بدەمە پاڵ هیچ هێزێك، بەڵام ئەگەر یاریی دەرەکی دەستی وەردابێتە ناو یاریی گۆڕەپانی کوردستانەوە بەدڵنیاییەوە ئەو یاریکەرە حکومەتی مەکسیك، یان کۆریای باشوور نییە، شوێنی ترە!

باسی ڕووداوەکانی کوردستان لەگۆشەی خۆپیشاندانەکانی بەردەرکی سەرام کردە بەڵگە لەسەر گرمۆڵەبوونی کورد لەدەمی ڕووداوە گەرمەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا، ئێستا کە ئیتر قافی قسە هات، باشە کە بیکەمە نموونەش لەسەر کاردانەوەی کوردو مەودای وەڵامدەرەوەیی کوردستان بۆ تەحەدداو هەلومەرجە لە ناکاوەکان.

لەمەدا دەبێ بڵێم کورد نەیتوانی سیاسەتێکی ژیرانە زاڵ بکات کە ئەولەویەت بداتە پرسە نەتەوەییەکەی، بەرەو سەربەخۆیی، لەم هەلومەرجە هەستیارەدا. نەیتوانی سیاسەتێکی یەکگرتووی کاریگەر بکاتە بژارەیەکی میللی کەهەمووان لەسەری کۆکبن . بەوەش، دیسانەوە، چەند نموونەیەکی پێشووتری مێژووی سیاسی نوێی دووبارە کردەوە کە وێستگەکانی سیاسەت لەکوردستانی باشوور پێکدەهێنن، لەدەورانی جاراندا، بەشێك لەمونەوەرانی کوردستان کەوتنە ململانێوە لەگەڵ شێخ مەحمود، مەلیکی بە ئاکام نەگەیشتووی کوردستان، و ئەو ململانێیەیان خستە قاڵبی جیاوازی ڕوانین لەسەر دوارۆژی کوردستان و ڕێبازی چارەسەری گرفتەکانی، دووبەرە لە سیاسەتی وڵاتدا کەوتنە لێك زیزبوون و نێوان ساردییەوە. لەو ساتەوەختە مێژووییەدا وزەی کورد پەرت و بەفیرۆ درا. لەجێی ئەوەی هەردوو هێز وزەیەکی سەنگین بن بۆ کورد، کەوتنە بەرامبەر یەکترییەوە و دواجار هەم پرۆژەی نەتەوەیی شێخ مەحمود بێ ئاکام بوو و هەم گرەوی مونەوەرەکان لەسەر نەخشەرێیەك بۆ پێشکەوتن لەسایەی حزوری ئینگلیز لە عیراقدا، شکستی خواردو لەگەڵ جێگیرکردنی داگیرکاری عیراقیشدا ئیتر وردەوردە دەوڵەتی عیراق شوێنی ئینگلیزی گرتەوە. بەلانی کەمەوە لەمەسەلەی کوردو ئیدارەی سیاسەتی ناوخۆییدا.

ئەم ڕەوتە لەسەرەتای سەدەی بیست، واتا دوو بەرە لەسیاسەتی کوردیدا، لەنێوان بەرەی مونەوەرەکان و بەرەی شۆڕشگێڕەکان، هەمیشە سەری کێشاوە بۆ دووبەرەکی لە جێی ئەوەی ئەم جۆرە ململانێیە بەڕەوتی ململانێی خۆی و تەجرەبەی ڕاست و هەڵە لەناو یەك بەرەی قاڵبوودا ئاوێتە ببێت. ئەم دووبەرەیەی سەری کێشاوە بۆ دووبەرەکی، لەزۆر جومگەی مێژووی هاوچەرخدا، بەرەنگ و بۆی جیاوازەوە، خۆی نمایش کردووە. بەجۆرێك خەریکە بڵێین لەوە دەچێ کورد نەتوانێ ئیدارەی ناکۆکییەکانی خۆی بکات و لەچێوەی تیۆری (ململانێ و یەکێتیدا) ڕێکیان بخاتەوە. هەڵەیە داوا بکەین کۆمەڵگەی کوردی ناکۆکی و بەرژەوەندی لێك جیای تێدا نەبێ کە بەزەرورەت دونیابینی جیاواز ئەخوڵقێنێ، چونکە بەوە کۆمەلگەی کوردی لەتەوەری کۆمەڵگەی ئاسایی دەردەکەین و وەك سەمەرەیەکی تایبەتی وێنای دەکەین لەناو کۆمەڵگە مرۆییەکاندا. بەڵام هەڵەی لەوە گەورەتریش ئەوەیە کورد، لەگەڵ مێژوویەکی درێژی ئەزموونی ناکۆکی ناوخۆیی تائێستا نەتوانێ میکانیزمێکی نەرم و گونجاو بۆ ئیدارەدانی ناکۆکییەکانی دابنێت، میکانیزمێك سێ کوچکەی ئەزموونی (خودیی خۆمان لە ناکۆکیخوازی و شێوەی نیشتنەوەی+ ئەزموونی میللەتان لەم بەستێنەدا+ ڕیزبەندییەك بۆ ئەولەویاتەکانی گرنگ و گرنگتر) لە خۆ بگرێت. دیاریکردنی ئەولەویاتەکان گەلێك گرنگە، چونکە یەکێك لە هۆکارە سەرەکییەکانی ناکۆکی لەناو جولەی هەر کۆمەڵگەیەکدا دیارینەکردنی ئەولەویاتەکانە. (دەڵێم یەکێك، دەنا جاری وا هەیە سەراپای دونیابینییەکان لێك ناکۆکن بەتایبەتی لەگەڵ ئەو دەستەیەی مەقاشی داگیرکەرانن و سیاسەتی ئەوان جێبەجێ دەکەن (بۆ نموونە جاش و خۆفرۆشەکان کە شەڕی بزووتنەوەی کوردایەتی و شەڕی بەربەستکردنی گەشەی کوردەوارییان بۆ داگیرکەران کردووە).

لەناو بەرەی کوردایەتی و بەرەی ناوخۆیی سیاسەتی کوردستاندا ناکۆکی لەسەر دیاریکردنی ئەولەویاتەکان ماکی سەرەکی ناکۆکییە. بۆ نموونە: لەپێشدا پرسی کۆمەڵایەتی، یان پرسی سیاسی؟ لە پێشدا پرسی دیموکراسی یان یەکێتی نەتەوەیی؟ لەپێشدا تەمەدون و بیناکردن یان خەباتی ڕزگاریخوازی

و..هتد؟ دیاری نەکردنی ئەولەویاتەکان ئەندازەی گەشەی فیکری سیاسی کورد و تەجرەبەی پراکتیکی سیاسەتی کوردیی دەردەخات، تەجرەبە و سەرسپێتی سەرکردە ودەستەبژێری کورد دەردەخات. کەس ناتوانێ، یان روونتر بڵێین کەس نایەوێ ، وا دەربکەوێت کە دژی یەکێك لەئامانجە رەواکانی کوردە لەدیموکراسی تا رزگاری نەتەوەیی، لەدادپەروەری کۆمەڵایەتی تا جێبەجێکردنی خواستی یەکێتی نەتەوەیی، لەچاکسازیی سیستمی سیاسی تا یەکلاکردنەوەی چارەنووسی ناوچە دابڕێنراوەکان، بەڵام ئەندازەی هۆشمەندی و ریژەی پابەندێتی بە پرسە چارەنوسسازەکانەوە، لە تێگەیشتنی ریزبەندی ئەولەویاتەکانەوە دێت. بێگومان هیچ بوارێکی خەبات لەسەر ئەوی دیکە پەکی ناخرێت، بەڵام خۆ دەبێت قورسایی بخرێتە سەر بواری ریزبەندی پلە یەك ئینجا ریزبەندی پلە دوو. خۆ دەبێ داخوازی وەهمی لە داخوازی راستەقینە جیابکرێتەوە!

ببینن کە لەماوەی رابردوودا گوێم لەکارەکتەرێکی سیاسی بوو کە دەیگوت (ئێمە دەرك بە مەترسییەکانی سەر کوردستان دەکەین، بەڵام چاکسازی سەرتاسەری و راستەقینە پێویستی ئەمڕۆیە) ئەم وشە ئەدەبییە رۆمانسییانە زۆر جوانن، بەڵام زەحمەتە بۆ نەتەوەیەکی وەکو کورد لەیەك کاتدا سۆپەرمان ئاسا چاکسازی سەرتاسەری و راستەقینە بکا و دەرك بە مەترسییەکانی سەر کوردستانیش بکات. چونکە دەرککردن دەبێ سەرەتایەك بێت بۆ کارکردن، کارکردنێك کە تەمی ئەو هەڕەشانە بڕەوێنێتەوە. جگە لەوە گوزارشتی "دەرککردن" جگە لەوەی لاوازە، بانگەوازە بۆ (لابردنی مەترسییەکان)، سیاسەتێکی دیفاعییە بۆ پاراستنی ئەوەی کە هەیە لەو هەڕەشەیەی لەسەریێتی، لەکاتێکدا دەرفەتی رەخساوی ئەمڕۆ کەدەبێ بۆ دەستپێشخەری بێت لە پرسی نەتەوەییدا نەك لابردنی مەترسییەکانی هەڕەشە لەو پرسە دەکەن. ئەم جۆرە نەفەسە دیفاعییە سەلبییە سیاسەتی کوردستانیی ئیفلیج دەکات و نزیکی دەکاتەوە لەوەی بڵێین: هیچ نەکات، لەشوێنی خۆی دابنیشێت و لەسەر مەترسییەکان لەگەڵ نەیاراندا رێکبکەوێت، مەترسییەکان بە وەهم تەجمید بکات بۆ ئەوەی گوایە جارێ چاکسازی بکات!

وەختێك ڕەوتێك پێداگری لەسەر (چاكسازی) دەكات و ڕەوتێكی تر ئەولەویەت دەداتە دەستپێشخەری نەتەوەیی و كەسیان پێك ناگەن ئێ سەرەنجام ئەم دوو دیدە لێك دەدەن و بەر یەككەوتن ڕوو دەدات. لەدۆخی بەریەككەوتنیشدا هەر كەسەو سەنگەر بۆ ئەولەویاتەكانی خۆی دەگرێ و بەخۆی نەزانیوە دەبێتە دوژمنی ئەولەویاتانەكانی ئەویتر، بەواتایەكی تر دەبێتە نەیاری بەشێكی تر لە ئامانجەكانی میللەتەكەی كە ئەولەویاتی ئەوی بەرامبەرە، بەڵام لەڕیزبەندی ئەمدا ڕەنگە پلە دوو یان پلە سێ بێت. ئایا قەت بووە وزەو هێزی نەتەوەیەك ئاوا پەرت وسەرگەردان بێت كە خۆی دابەشی دوو بكات نەك بە مانای ئەوەی دوو هێزن كە بەخەسڵەتی جیاوازی خۆیانەوە شەڕی بەرەی بەرامبەر دەكەن، بەڵكو بەمانای ئەوەی دوو هێزن بەرامبەر یەك ڕاوەستاون و هەر یەكەی شەڕ لەسەر ئەولەویاتی خۆی دەكات:هێزی (یەك) شەڕ لەسەر ئەولەویەتی (A) دەكات و لەدژی ئەولەویەتی (B) كە لەڕیزبەندی خۆیدا پلە دووی هەیەو لەڕیزبەندی ئەوی بەرامبەریدا، كە هێزی (دوو)ە، پلە یەكە؟ ئایا هێزی نەتەوەیەك لە ساتەوەختێكی مێژوویی‌دا سۆپەر پاوەرە تا بتوانێت شەڕ بۆ ئەولەویەتێك بكاو ئەوانی تر بخاتە دواوەو شەڕیان بكات چونكە هی هێزی نەیاری خۆماڵییەتی؟ پاشان دوای ئەوەی ئەولەویەتی خۆی جێبەجێكرد ئەوجا بگەڕێتەوە سەر ئەولەویەتی دووەم و دوای ئەوەی كوشتویەتی، جارێكی دیكە، زیندووی بكاتەوە؟

كام نەتەوە ئاوەها وەكو كورد هێزی خۆی بە فیڕۆ دەداو پەرتی دەكات؟ لەسەرێكەوە ئەولەویەتی چاكسازی دابنێ و مەسەلەی نەتەوایەتی لە قاوبدات، دوای ئەوەی چاكسازی كردو دیموكراسی جێگیركرد ئینجا بگەڕێتەوە سەر مەسەلەی نەتەوەیی و ئەویش چارەسەر بكات؟! یان بەپێچەوانەوە شەڕی نەتەوەیی بەكەمترین دەرفەتی چاكسازییەوە بەرپا بكات و دوای ڕزگاری كوردستان گوایە دیموكراسی و چاكسازی و ناو ماڵی كورد ڕێكبخاتەوە؟ بۆچی ئێمە پێمانوایە داگیركەران دەستەوەستان ڕاوەستاون و لەگەمەیەكی جەنتلمانی نێوان سوارچاكاندا چاوەرێن تا ئێمە تەشریفی سیاسەتكردن بكەین و گوایە سوار چاكی كورد شمشێری تیژ بكاتەوە؟ ئینجا لەگەڵمان بكەوێتە

زۆرانبازییەکی شەرافەتمەندەوە؟

زۆر باشە! ئێمە نازانین ئەو سیاسەتە لاوازە کوردییە سەرئەکێشێ بۆ کوێ؟ لەبەر ئەوەی نازانین ناو لەپی ئایندە بخوێنینەوە، بەڵام رابردوو وا بەدوامانەوەو کەرەسەتەیە بۆ وردبوونەوەو دەرس وەرگرتن. رابردوو پێمان دەڵێ کورد لەداهێزرانی ناوخۆیی تێکشکان و ورە بەردانی چنیوەتەوە، تەجرەبەی میللەتانیش لە دۆخی خۆپچڕان و خۆ گیڤکردنەوەدا هەر وا دەڵێت:

روسەکان لەشۆڕشی ئۆکتۆبەردا هەرچی هەبوو ئاشکرایان کرد و شەڕی روسیان لەدژی ئەڵمان و دەوڵەتی عوسمانلی، لەجەنگی جیهانی یەکەمدا، بەشەڕی ئەهلی نێوان کرێکاران و بورژوای روسیا، گۆڕییەوە. سەرەنجام دوای بڕانەوەی شەڕ روسیای سۆڤێتی بەناوی دەوڵەتی پرۆلیتاریاوە هەر ناچار بوو بە شوێن هەمان ئامانجی نەتەوەیی رورسیای قەیسرییەوە بێت، بەڵام پاش چی؟ پاش بڕانەوەی بەشەکان لە دوای شەڕی جیهانی یەکەم، شتێك کە روسیای ستالین ناچاربوو هەوڵی بۆ بدات تا ناسیۆنالیستی روسی پایەدار بکاتەوەو ئێستاش روسیای بۆتین لە هەوڵی قەرەبووکردنەوەی جاراندایە.

ئەگەر داگیرکەران لەسەر کورد بوەستن ئەوە باسێکی ترە و ئێمەو دەیان پێشمەرگەی قەڵەم بەدەستی کورد قەت کاغەزان پڕ ناکەینەوە، بەڵام مەعلومە داگیرکەران کەمترین دەرفەتی کات و کەمترین درزی ناو بەرەی ناوخۆیی کوردیان گەرەکە تا لێیەوە دزە بکەن. لەساتەوەختی مێژوویی وادا کە لەڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا بەشەکان دابەش دەکرێنەوە هەر دیدێك جگە لە دیدی گشتگیری نەتەوەیی شەرمهێنەرەو دۆڕانی بەدواوەیە بۆ نەتەوە. بیری هەر دەستەو گروپ و ئاڕاستەیەکی سیاسی دەبێ لەبیری گشتی کوردستانییەوە هەڵبقوڵێت، گەرنا زیان و کەوتنە. بەداخیشەوە زیان کەوتنەکە تەنها بۆ پەیڕەوانی ئەو دیدە گروپییە نابێت بەڵکو زیانەکە لە ئاستی نەتەوەییدا بۆیە بەرپەرچدانەوەی فیکری و سیاسی ئەو دیدە گروپییەو وریاکردنەوەی میللی ئەرکێکی نەتەوەیی و دیموکراتیشە.

بەڵام دەبێ ئەم بیرە کوردستانییە هەڵقوڵاوی روانینێکی تەسکی ناسیونالیستی شێوە عەرەبی نەبێت کە هیچ ناوەڕۆکێکی کۆمەلایەتی و

دیموکراتی نەبێت. روانینی دەوڵەمەندی وامان پێویستە بۆ ئەوەی خۆمان لە ناسیونالیستی تەقلیدی جیابکەینەوە و بیانووی ئەوانەش ببڕین کە ئەو چەمکە جوانانە دەکەنە دەسکەلای ناکۆکی.

### ئۆپۆزسیۆنی کوردی، چەمکە رۆمانسییەکان

لەسەرەتای ئەم نووسینەدا باسمان لەدیوی مۆڕاڵی و کزبوونەوەی مۆڕاڵمان کرد لە بەهاری عەرەبیدا. کاردانەوەی کوردستانیش لەئاستی بەهاری عەرەبی دیوێکی مۆراڵی چاولێکەری هەبوو: لەوێ هەلومەرجێکە بۆ بەهار، لە کوردستانیش باوابێت! نزیکەی سەد ساڵە کوردستان لەژێر هەژموونی بیرۆکەی باودا گیری خواردووە، گرنگ نییە بیرۆکەکە چییە؟ گرنگ چاولێکەرییە.

سەرەتای سەدەی بیست بیری تەمەدون و دیموکراسی بەریتانی ویستی کوردستان گرێدراوی عیراق بکات، لەبەر ئەوە هەر هەنگاوێکی تەمەدون کردن یەکسان بوو بە "تەعریقککردن". یانی بە عێراقییکردن و سڕینەوەی ئەدگاری کوردستانی، رۆژنامەی ژیانەوە، کە ئینگلیزەکان دەریان دەکرد، بەشێك بوو لە پرۆژەی لکاندنی کوردستان بەعیراقەوە. ئەو رۆژنامەیە (تا ئەندازەیەکی زۆر تەرخان کرابوو بۆ خۆشکردنی زەمینەی فیکری و سیاسی باشێتی ئەوەی کوردستانی ئێستای عیراق بەشێك بێت لەدەوڵەتی عیراق)(١٣). هیچ دەرەتانێك نەبوو بۆ ئەوەی مرۆڤ کورد بێ و موتەمەدنیش بێت، دەرەتانێك نەبوو مرۆڤ رووناکبیریی و رۆژنامەگەری بخوازێ و لە هەمان کاتدا نەیەوێت بەشێك بێت لەپرۆژەی عیراقی بوون، بەڵکو بیەوێت بەشێك بێت لەکوردستانێتی خاك و نەتەوەکەی. چەند دەیەیەکیشمان لە تەمەنی نەتەوەی کورد لە بیرۆکەی باوی چەپ بەخەسار دا، تاودانی ئەندێشەو سەرخورانێکی زۆر بەدیار بیرۆکەی باوی کۆمۆنیزم کە ڕێگە بەکورد نادا "ئوممە" بێت، حزبی خۆی هەبێت و ڕێکخراوی پیشەیی خۆی دابمەزرێنێت. ئێستا بیرۆکەی باو ئەوەیە گوایە هەمووومان دیموکراتخوازین و ئەولەویەت بۆ چەمکی دیموکراسی و ئازادی و چاکسازییە، لەبەر ئەوە ئۆپۆزسیۆن بەدیدێکی رۆمانسییەوە لەم چەمکانە دەڕوانێ و دەیەوێت ئەوی لەم شۆڕشە عەرەبییەوە فێری بێت (سەربەخۆیی

نەتەوەیی ) نەبێت بەڵکو ئازادی و دیموکراسیی بێت. لەبەرئەوە چۆن جاران کوردی چەپ بە هاوپەیمانێتی لا کۆلانی گروپێکی چەپی لاکۆلانی نەتەوەیی سەردەست دڵخۆش و سەرگەردان دەبوو، نهاش ئۆپۆزسیۆن بە هاوپەیمانێتی لەگەڵ دوو گەنجی تونسی یان میسری و سوری لە گروپێك لەسەدان گروپی هەڵتۆقیوی دوای شۆڕش و بەهارەکان دڵخۆش و خەندانە. یانی شتێك لەبابەت ئەوەی عەرەب پێی دەڵێت :یشیر الاصبع الی القمر فلا یری الاحمق غیر الاصبع. کە وەرگێڕانە بە ناوەڕۆکەکەی بەمجۆرەیە، پەنجە دەست بۆ مانگ درێژ دەکات کەچی ئەحوڵ جگە لەپەنجە هیچی تر نابینێت!

دۆخی بەهاری عەرەبی دەبێ دەرفەت بێت بۆ دیموکراسی و کرانەوە لەناو خێزانی نەتەوەی سەردەستدا نەك دۆخەکە پەنجە بۆ پێویستی دیموکراتیزەکردنی کۆمەڵگەی عەرەبی ڕابکێشێت کەچی تەرجەمەکەی وایە ئێمەش خۆمان بەبەهارو سەیرانەوە مژوڵ بکەین و ئەولەویەتی مەسەلەی نەتەوەیی دەستکاری بکەین و وەرگۆڕانی کودەتایی بکەینە بابەتی یەکەمی خەمی سیاسیی.

تەماشا بکەین عەرەب جیابوونەوەی باشووری سوودان وەك پیادەکردنێکی ترۆپکی بەرزی مافی دیموکراسی و ئازادی، نەك بە سەرەتا بەڵکو بە بەشێکیش لە بەهاری عەرەبی نازانن. چونکە ئەم دەرکەوتە دیموکراسییە دڵخۆشیان ناکات، ئەو دەرکەوتە دیموکراسییە شکست و ناخۆشییە کە حەز ناکەن بیری لێبکەنەوە چ جای ئەوەی بە وێستگەیەکی دیموکراسی بزانن. لەکاتێکدا خۆی بەدەستهێنانی مافی چارەنووس باڵاترین پلەی پیادەکردنی مافی ئازادی و دیموکراتییە.

بەهاری باشووری سودان بەهارێکی ئیلهامبەخشترە بۆ کورد و نەتەوە بندەستەکان تا بەهاری تونس و میسر. فەلەستیینەکان باشتر لەدەرس و وانەی باشووری سوودان تێگەیشتن، بۆیە لەجێی خۆپیشاندان لە دژی دەسەڵاتی خۆماڵی فەلەستینی گوتیان ئێمەش بەهاری خۆمانمان هەیە. بەهاری وان و بەراتی وان جیایە کە هەڵمەتی دەوڵەتی سەربەخۆیە بۆ فەلەستینییەکان. وا لەماوەی دوو مانگی رابردوودا دەستپێکردنی ئەو هەڵمەتەمان بینی و ئێستاش فەلەستینییەکان خەبات و تێکۆشانی خۆیان بۆ جێبەجێکردنی ئەو ویست و داخوازییە پەرەپێدەدەن، کەچی کوردستان چەند مانگێکی ناکۆکی و

بەریەککەوتنی لەگەڵ بەهارێکی پێچەوانە بەسەر برد.

ڕووداوەکانی سەرای سلێمانی قەبارەی ناکۆکی کوردستانیی قوڵتر کردەوە، چونکە مەسەلەکە لەوە دەرچوو ئیجتهادێك بێت بۆ بیرکردنەوەی جیا و دونیابینییەکی تر بۆ دۆخی کوردستان بەڵکو یادەوەری دەستەجەمعی میللەتی کوردی زامدار کرد، لە هەندێك جومگەدا تێکۆشەرانی کوردستانی وەك دیکتاتۆر و گەندە وێناکرد، لەبەرامبەریشدا ئۆپۆزسیۆن وڵاتەکەی لە ئۆپۆزسیۆنێکی دیموکراتی، وەك دیاردەی گەشەی ئەزموونی دیموکراتی کوردستانەوە، کرد بەئۆپۆزسیۆنێکی کودەتاخواز کە لەڕێی ئامانجی دەسەڵاتدا گوێ بە هیچ مەترسییەك نادات و سڵ لە هیچ پرەنسیپێکی کوردستانی ناکاتەوە. لەجێی ئەوەی دیاردەی ئۆپۆزسیۆن بزاوتێکی شێنەیی بە دیموکراسی کوردستان ببەخشێت گرژی و ناکۆکی و بێ هودەیی قوڵکردەوە.

ئۆپۆزسیۆن لە کۆمەڵگە دیموکراتەکاندا بۆیە ئۆپۆزسیۆنە چونکە زۆرینەی بە دەست نەهێناوەو خەباتی دیموکراتی دەکات بۆ بەدەستهێنانی زۆرینە لە دەورانی هەڵبژاردنێکی تردا، بەڵام ڕووداوەکانی بەهاری عەرەبی ڤیاگرای هێزی درۆینەی دا بە ئۆپۆزسیۆن کە هەوڵبدات خۆی بسەپێنێ و دیموکراسی زۆرینەو نۆرماڵی لێ ببێتە دیکتاتۆری و لەبەرامبەریشدا هەوڵی پاشقولگرتن و خۆسەپێنی خودی خۆی لێ ببێتە دیموکراسی ڕاستەقینەو (بەرەی گەل) وەکو خۆیان ناویان لێ ناوە.

هەڵبەت ئۆپۆزسیۆن لەم جەنگەیدا کە دژی ئاراستەی کوردستانی بوو کارێکی کرد خەباتی کوردستانی سووك ببێت و لە پەرچەکرداریشدا زۆرینەی حوکمڕانیش لە چەمکەکانی دیموکراسی ناوخۆیی و جەدوای ئۆپۆزسیۆنی پەرلەمانی کەوتنە گومانەوە، لەوەش ناشیرنترو ناخۆشتر (بەهار)ی درۆینەی ئۆپۆزسیۆن لەکوردستان ڕیزی ڕۆشنبیرانی کوردستانی کرد بەدوو ڕیزەوەو جەمسەرگیرییەکی توندیشی لەکایەی میدیادا دروستکرد بەجۆرێك فۆرماتکردنێکی بنەڕەتی جەوهەری دۆخی ڕۆشنبیری و ڕۆژنامەوانیمان پێویستە، چونکە دابەشبوون و جەمسەرگیری بواری ڕووناکبیری هەم ڕەونەقی سەرمایەی ڕۆحی ڕووناکبیرانی کاڵ کردەوەو هەم هەڵسەنگاندن و دونیابینیانی

خستە بەردەم بەرپرسیارێتییەکی مۆراڵی و عەقڵانییەوە کە داخۆ ئەوانیش، وەك گەلێك جومگەی دۆخی سیاسی کوردەواری، بۆچی هێندە شەمزاو و پەشێون؟ داخۆ لە چی گۆشەیەکی تێکەوتنەوە ئەو دەستە لە ڕووناکبیری کورد کەوتنە داوی بیروباوەڕی باو و زاڵەوە؟

د.رفعەت سەعید کارگەر لەبواری دیموکراسی و ئوسولگەراییدا ئاماژە بەوە دەکات کە رووناکبیر ئەو کاتە ناپاکی لەگەڵ بیروباوەڕی خۆیدا دەکات کە (پیرۆزی) دەکات[١٤]، رەنگە هەر ئەم دەرکەوتی پیرۆزییە بێت کە دواجار رووناکبیرەکان لەڕەوتی ئیسلامی سیاسی نزیك دەکاتەوە وەك چۆن جاران لەڕەوتی مارکسی نزیکی کردبوونەوە (وەهمێکی بۆرژوای بچووك هەیە کە تووشی هەندێك رەوت دەبێت ئەویش ئەوەیە یاریی لەگەڵ رەوتی زاڵ و باو دەکەن و ئەمەش گەمەیەکی کۆنینەیە، هەندێك کەس بوونە مارکسی...... کەوتنە ژێر کاریگەری رەوتی باوەوە وا لە هەندێك شەپۆلی بۆرژوای بچووك دەکات بە ئیسلامی بکرێن)[١٥].

# روخساری ئیخوان لەئازادی کوردستاندا

دیمەنی ئیسلامی سیاسی و دەرکەوتەوکانی لەکوردستاندا لێکۆڵینەوەی وردی دەوێت، بەتایبەتی لەلایەن ئەو نووسەرو لێکۆڵیارە کوردانەی لەمێژە لەسەر دیاردەی ئیسلامی سیاسی دەنووسن، بۆیە ئەم نووسینە نایەوێت کێبڕکێ لەگەڵ نووسینی پسپۆڕاندا بکات ئەوەندەی دەخوازێت چەند خەسڵەتێکی رەوتی ئیسلامـــی سیاسی لە وێستگەی رووداوەکانی بەهاری ساڵی (٢٠١١)، لەکوردستان، دەستنیشان بکات.

رەوتی ئیسلامی سیاسی لە بەهاری رابردوودا (بازدانێکی) سەیری کرد، بازدانەکەم خستە نێوکەوانەوە چونکە سەرنجم لەسەر شایانی ئەو گەشەکردنە ناسروشتییە هەیە کە دەرەنجامی کاری ئیسلامی لەکوردستان نەبووە بە ئەندازەی ئەوەی دەرەنجامی هەوای دەرەکی بوو، چوون بەهاری عەرەبی بەشێنەیی خەسڵەتی بەهارێکی ئیسلامی وەرگرت.

لەنیوەی یەکەمی نەوەدەکاندا ئیسلامییەکان لە دوو خولی شەڕی ناوخۆدا هێزی خۆیان تاقیکردەوە، سەرەڕای خۆ پڕچەککردن و یارمەتی دراوسێ بۆیان. نەیانتوانی، بە ئیسراحەت، زۆنی تایبەت بۆ خۆیان ئیدارە بدەن. هەڵەبجەو شارەزوور چەند جارێك بە پێی ریتمی (کەڕو فەڕ) لەلایەن ئیسلامییەکانەوە حوکمداری دەکرا. هێزی میانڕەوی ئیسلامی کە خۆی لە یەکگرتووی ئیسلامی کوردستاندا دەبینییەوە دەیەیەکی لەکاری خێرخوازی و گەشەی شێنەیی لە پەنا شەڕی ناوخۆیی نێوان یەکێتی و پارتی بەسەر برد. یەکگرتوو لەناوچەی زەرد هێزی رێگەپێدراوی دووەمی دوای پارتی و لەناوچەی سەوز

هێزی ڕێگەپێدراوی دووەمی دوای یەکێتی و هێزی هاوشانی بزووتنەوەو کۆمەڵ بوو لەزۆنی ئیسلامی ناوچەی شارەزووردا. دۆخی ئابلۆقەی سەر کوردستان و دەرکەوتە خراپەکانی شەڕی نێوخۆیی دەرفەت بوو بۆ چالاکی خێرخوازی یەکگرتوو بەتایبەت لە نەوەدەکان کە هەڕەتی لاوێتی مۆدێلی ڕێکخراوە فریاگوزارییە جیهانییەکان و لوتکەی گەشەکردنی ڕەوتی ئیسلامی بوو بەگشتی لە جیهان. کەنداو و دەوڵەمەندەکانی ناو تەیفی فراوانی ئیخوانەکان یارمەتیدەری پارەدارکردنی ئیسلامییەکان بوون، بەوانەی کوردستانیشەوە. سیاسەتی توندڕەوی و سەربڕین کەهێزە ئیسلامییە ڕادیکاڵییەکان پەیڕەویان لێدەکرد وێنەی یەکگرتووی وەك ئیسلامێکی سیاسی میانڕەو جێگیرکرد. خەڵك دەیگوت لەچاو ئەو توندڕەوانە ئەم هێزە ئیسلامییە نوێباوە فریشتەی سەر زەوین، دوای یانزەی سێپتەمبەر رووخساری ئیسلامی سیاسی وەك شەریکێکی ڕێکخراوەی قاعیدەی تیرۆریست تەڵخی و شێواوی لێ نیشت، تەگبیرە ئەمنییەکان ڕێگەیان لە پارەدارکردنی قاچاخی هەموو هێزە ئیسلامییەکان بڕی. دەرکەوت بەشێك لەیارمەتی ڕێکخراوە خێرخوازە ئیسلامییەکانی جیهان لەجێی مزگەوت بۆ بنکەی مەشق و لەجێی ئازوقە بۆ چەك و تەقەمەنی دەڕۆن، سەرەنجام ئەم دەرکەوتە خراپ کاری لەیەکگرتوو کرد و تەگبیرو تەقەشوف نەیتوانی کەموکوڕی و لاوازییەکان بشارێتەوە. ڕەوتەکەی تریش لەگرژی و بەرگریدا گەیشتە ئاست ئەوەی ئەنساری ئیسلامیان لێ دروست بێت، کە ئەنسار کەوت زومی تایبەتی ئیسلامییەکان لەشارەزوور کەوتەڕوو، جەنەتی مەئوای ئەوان بوو بە سەقەر، بۆیە لە تۆرابۆرای خۆیانەوە بەناو وڵاتدا پەرش و پەرت بوون، هەموو لێکدانەوەکان دوو دیوی سەلبی و ئیجابی دەر کردنی ئەنساری ئیسلام لەبیارە و هەڵەبجە دەردەخەن. چاك بوو کە مۆڵگاکەیان نەماو خراپیش بوو چونکە بەهەموو شوێنێکدا بڵاودەبنەوەو ناسین و دەستگیرکردنی زەئبەقی تیرۆریستان زەحمەت دەکات. باڵی توندڕەو کە شکا هەرچی پاشماوەی هەبوو کەوتە باوەشی میانڕەوەکانی یەکگرتووەوە، ئەوانیش گروپی جیاجیایان لێ دروستکردن، بۆ ڕۆژی خۆی.

ئیسلامی سیاسی، بە میانڕەو و توندڕەوییەوە، قەناعەتیان بەخولێکی

خەباتی مەدەنی و پەرلەمانی هات، دوای نەمانی سەددام لەعیراق دەرفەتی هەڵبژاردن رەخسا. هەموو هێزە ئیسلامییەکان چوونە ململانێیەکەوە، یەکگرتوو، کۆمەڵ، بزووتنەوەو ئەوانی تر بژارەی دیموکراسیان هەڵبژارد. لەم خولەدا کاری باشیان کرد، بەڵام دیسانەوە دەرەنجامی هەڵبژاردنەکان بازی گەورەی تێدا نەبوو بۆ ئیسلامییەکان. لەدوو خولی هەڵبژاردندا دەرکەوت ئۆپۆزسیۆنی ئیسلامی زۆر باسکی بە هێز نییەو هەر ئەوە قەبارەیەتی، بەتایبەتی کۆنینەی ئەوان لەئۆپۆزسیۆن نەبووە شەفیعیان کە دەنگێکی هاوشانی ئەوەی بزووتنەوەی گۆڕان بهێنن. ئەم دۆخە بەردەوام بوو تا بەهاری عەرەبی هات، بەهاری عەرەبی بەهاری یەکگرتوو و کۆمەڵ و تەیفێکی دینداری کوردستان بوو کە داوای رۆڵێکی بەرچاوتری ئیسلام دەکەن لەشەئنی گشتیدا. ئەم تەیفە دەبێتە کەرەستەی یەدەك بۆ رەوتی ئیسلامی سیاسی، خۆپیشاندانەکانی بەهاری رابردوو لەسەرەتاوە بە هێزو تینی بزووتنەوەی گۆڕان دەستیپێکرد، بەڵام دواتر بووە پرۆڤەیەکی پراکتیکی بۆ ئیسلامییەکان لەبواری چالاکی سیاسی هاوشێوەی ئەوەی میسر و تونس. ئەگەر لە میسرو تونس گەنجەکان رێگەیان بۆ خۆپیشاندانەکان سازکردبێت و ئینجا ئیسلامییەکان گۆڕەپانەکەیان کۆنترۆڵ کردبێت، ئەوا لەکوردستان گۆڕان ئەم رۆڵەی بۆ ئیسلامییەکان، بەنرخێکی هەرزان، گێڕا.

ئەوی گۆڕان کردی تەکتیك بوو بۆ کۆکردنەوەی زۆرترین هێز دژی یەکێتی و ئەوی ئیسلامییەکان بەدەستیان هێنا بریتی بوو لە پراکتیزەکردنی ستراتیژێك بۆ کۆکردنەوەی شارەزایی و پەیداکردنی وزەی یەدەك بۆ رۆژی خۆی. ئەم وزە خۆڕاییەی گۆڕان بە ئیسلامییەکانی دا نەفەسی ئیسلامییەکانی گۆڕیوەو لوتبەرزی کردوون، لوتبەرزییەك گەورەتر لەقەبارەی خۆیان، لە قەبارەی دەنگەکانیان لەهەڵبژاردن و لەناوکایەی سیاسیدا.

ئەگەر لە کوردستان، لەسێ ئاستی:

-یەکلاکردنەوەی چارەنووسی سیاسی کوردستان

-چاکسازی سیاسی.

-گەشەپێدانی دیموکراسی و دابینکردنی دادی کۆمەڵایەتی:

هەنگاوی گەورە نەنرێت زۆر دوور نییە کۆششی ئیسلامی سیاسی چەند قات بێتەوەو ئەمەش مەترسییە بۆ سەر ئایندەی کوردستان، مەترسییەکەش لەوە نییە کە ئیسلامییەکان بێنە سەر حوکم، بەڵکو مەترسی لەوەیە بەچ ئالیەتێك دێنە سەر حوکم: هەڵبژاردن یان هەژمون؟ بە هەڵبژاردن بێت مەرجەکانی گەمەکە قبوڵ دەکەن کە درێژە بە یاریی دیموکراتی هەڵبژاردن بدەن، یان دەستکاری مەرجەکان دەکەن؟

بە هەژمون بێت دوای نیشتنەوەی هەژمونیان چ مەرج و پرەنسیپێك بۆ گەمە سیاسییەکە دادەنێن؟ دیموکراسی و ئازادی سیاسی لەکوێی ئەم مەرجانەوە دادەنرێت؟ ئەگەر دیموکراسیشیان قبوڵکرد چۆن مامەڵە لەگەڵ ئازادییە فەردی و کۆمەڵایەتییەکاندا دەکەن؟ فەزای ژیانی کۆمەڵایەتی ملکەچپێدەکەن بۆ دونیابینی خۆیان، یان بۆ دونیابینی گشتی کۆمەڵگەی کوردواری؟ بە تایبەتی ئەم مەسەلەیە زۆر گرنگە، چونکە زۆر جار دەستەبژێری سیاسی لەچەلەحانێی پرۆسەی سیاسیدا جەخت لەسەر پرسە سیاسییەکان دەکەنەوە، جەخت لەسەر دیموکراسی و ئازادییە سیاییەکان دەکەن لەجێی ئەوەی جەخت لەسەر ئازادییە فەردی و کۆمەڵایەتییەکان بکەنەوە. ئیسلامییەکانیش ئەم غەفلەتگیرییە هەست پێدەکەن بۆیە لە سەریەك رایدەگەیەنن کە پابەندی گەمەکەن، بە تایبەتی ئەگەر خۆشیان لە پێگەیەکی لاوازدا بن و ئەوانیش وەکو ئۆپۆزسیۆن قازانج لەفراوانکردنی ئازادییە سیاسییەکان بکەن، بەڵام ئیسلامییەکان هەمیشە پرسی ئازادییە کۆمەڵایەتییەکان دەخەنەژێر لێوەوەو کەسیش نایە داکۆکی لەم ئازادییانە بکات چونکە ئەمە راستەوخۆ یەخەی دەستەبژێری سیاسی ناگرێتەوە!

پرسیار لێرە ئەوەیە لە هەر هاتنەپێشەوەیەکی ئیسلامییەکاندا چەندی پێدەچێت هەتا وەڵامی ئەم پرسیارانەی سەرەوە دەدەنەوە و دونیابینی خۆیان لەکوردستان گەڵاڵە دەکەن و داخۆ هەتا ئەم ئالتەرناتیفە جێگیر دەبێت پرسی کوردستان لەم وەرچەرخانە مێژووییەی رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا چی لێدێت و لەدابەشکردنەوەی بەشدا تاچەند چاوڕوانی کورد دەکەن تا ئەو دۆسێیانە یەکلایی دەکەنەوە؟

بۆچوونی من وایە کە هێزی ئیقلیمی وەکو تورکیاو ئێرانیش پێیان خۆشە رەگەزی باوی ناو بزووتنەوەی سیاسی کوردستان بگۆڕن. ئەمەش دیدێکی ئەوانە نەك تەنها بۆ کوردستان، بەڵکو لەهەموو رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا، ئەگەر تورکیا و ئێران لەهیچ شتێکدا رێك نەبن لەپرس کوردو لەپرسی پێدانی بۆیاخێکی ئیسلامی بەڕووداوەکانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا ڕێکن.

هەردوو رێکی لەو قۆناغەدا لە مامەڵەیان لەگەڵ مەسەلە کوردستاندا رەنگدەداتەوە، تورکیا حەزی لێیە توخمی ئیسلامیەتی لەناو بزووتنەوەی سیاسی کوردستاندا زاڵبێت، هەروەها ئێرانیش چونکە ئەمە بۆ ئەوان مانای کەمکردنەوەی توخمی ناسیۆنالیستی کوردی دەگەیەنێت. جاران دەگوترا بۆ تورکیا کوردی باش کوردی مردووە. ئێستا کە داوامان وایە (کەس نەڵێ کورد مردووە، کورد زیندووە)، تورکیا دەخوازێت کوردی زیندوو کوردێکی ئیسلامی بێت چونکە ئەمە لەگەڵ ویستی ئیقلیمی ئەنقەرەدا دەگونجێت. بۆ ئێران و تورکیاش، پێکەوە خاوکردنەوەی دەمارەکانی کوردایەتی لە بزووتنەوەی سیاسی کوردستاندا یارمەتیدەریانە لەئیحتیواکردنی هەر بزاوتێکی کوردی بۆ تێپەڕاندنی بنمیچی ئێستای قەوارەی کوردستانی. هەر تەگبیرێکی وا کە لەڕێی ئیسلامییەکانەوە گۆڕانکاری دراماتیکی لە دەسەڵاتی سیاسی کوردستان روو بدات کات و زەمانێکی بەرچاوی دەوێت تا جێگیر دەبێت و پەراوێزی ئەو کاتە دەخوازێت بۆ گۆڕانکاری لە دەسەڵاتی سیاسی تا جێگیرکردنی دەسەڵاتێکی سیاسی نوێ ماوەیەکی زەمەنی وا گونجاوە کە تورکیاو ئێران و عیراقیش ئەو شتانە جێبەجێ بکەن کە لە ئامادەگییەکی هۆشیارانەی کورددا قەت ناتوانن جێبەجێی بکەن.

راستییەکەی بەرەنگاری ئێمە بۆ پێشکەوتنی ئیسلامی سیاسی لە قینی شەخسی یان ئایدیۆلۆژییەوە نییە، وایدەبینم ئیسلام دوور نییە لە سیاسەت و لەوڵاتانی مانەندی کوردستاندا ناتوانین رۆڵی ئیسلامەتی لە شەئنی گشتی کۆمەڵگە لەقاو بدەین، بەڵام رەخنەکاری لە ڕۆڵی هێزە ئیسلامییەکان دەگەڕێتەوە بۆ چەند هۆکارێك:

-ئیسلامییەکانی کوردستان، بە رووناکبیران و رەوتێکی رۆژنامەگەریشیانەوە،

تائێستا تەجرەبەی خۆیان لەحوكمڕانی هەڵەبجەو شارەزوور هەڵنەسەنگاندووە، رەخنەیان لەكەموكوڕی و لادانەكانی ئەو ئەزموونە لۆكالییەی شارەزوور نەگرتووە، ئەوی لەتەواوی كوردستاندا داوای دەكەن خۆیان نەك لەهەڵەبجە كاریان بۆ نەكردووە، بەڵكو نموونەیەكی دزێوی حوكمی بەشیر و تاڵیبانیان جێبەجێكردووە، بەداخەوە ئەمەش ئەو شتەیە نێوەندی سیاسی و میدیای كوردستان خۆیانی لێ نەبان دەكەن.

-ئیسلامییەكانی كوردستان هێشتا رەخنەیان لەڕەوتی توندوتیژی رابردوویان نەگرتووەو میانڕەوەكانیشیان سەنگەری خۆیان لە توندوتیژی توندڕەوەكانیان جیانەكردووەتەوە.

-ئیسلامییەكانی كوردستان ڤیاگرایەكی سیاسی لەناكاویان وەرگرتووەو ئەم دەرمانی وزە بەخشە بەد رەفتاری سیاسی كردوون و نیشانەكانی ئیرهابی فیكری و سیاسی بە هەڵسوكەوتی سیاسییانەوە دیارەو دەریدەخات كەدەستیان برِوات بریارە باسكی دەسەڵاتدارێتیان چۆن مامەڵە لەگەڵ نەیارەكانیان بكەن؟

-ئیسلامییەكان بەوە ئیكتفاناكەن رۆڵی ئاین لەشەئنی گشتیدا بەرزبێتەوە بەڵكو دەخوازن ئەم پرسە سەربكێشێ بۆ كەمكردنەوەی رۆڵی ئاڕاستەكانی تر لەشەئنی گشتی و سیاسییدا، هەروەك دەخوازن ئەو رۆڵەی ئایین وا تەرجەمە بكەن كە یەكسانە بەڕۆڵی خۆیان، دۆخێكی وا دەرەنجامێكی نادادپەروەرانەیەو لەقاودانی رەوتە سیاسییە نا ئیسلامییەكانی لێ دەكەوێتەوە.

-رەوتی ئیسلامی سیاسی لەكوردستان رەوتێكی چەقبەستووەو لەناو كایەی ئیسلامی سیاسییدا، وەك حزبە سوننەتییە نەتەوەییەكان، چاكسازی و نوێبوونەوەیان تێدا نەكراوەو ئەمەش مانای وایە سوننەتگیری سیاسی لەكوردستان لەبەرگێكی ئیسلامیدا خۆی دووبارە دەكاتەوەو هیچ تەكانێكی نوێگەری بەدەست ناهێنێت.

-رەوتی ئیسلامی رەوتێكی ئایدیۆلۆژییەو دەبێ ویستی ئایدیۆلۆژی ئیرادەگەر لەقاڵب بدرێت، چونكە تەجرەبەكانی رابردوو دەریدەخەن كە ئایدیۆلۆژیا، هی چەپ بێت یان هی راستڕەو، بزووتنەوەی سیاسی كوردستان ئالودە دەكات و وانەی راستەقینە ئەوەیە نەهێڵین ئەم ئالودەبوونە دووبارە ببێتەوە،

پێویستە ئەو وتەزایە ڕەخنەبکەین کە دەڵێ: هەموو لایەك تاقیکراونەتەوە با ئیسلامییەکانیش تاقیبکرێنەوە، میللەتان تاقیگەی مشك نین هەر جارەی دەرمانێکی ئایدیۆلۆژیان بەسەردا تاقی بکرێتەوە. پێویستە قسەمان وا بێت چیتر بێ گرێبەستی کۆنکرێتی کوردستان نەدەینە دەست هیچ ئایدیۆلۆژیایەك، بەم مانایە ترسی ئەمڕۆمان ترس نییە لە ئیسلام وەك هەوڵ دەدرێت وێنابکرێت بەڵکو ترسە لە ئایدیۆلۆژیا لە دۆخێکدا دونیا ئەم تۆمارە ناخۆشەی پێچاوەتەوەو چیتر ناخوازێت ڕەدووی بکەوێت.

-هەموو ڕەوتێکی ئایدیۆلۆژی بەدیدێکی ئایدیۆلۆژی مۆڕاڵی، مەسەلەکان هەڵدەسەنگێنێ، نەك بە دیدی بەرژەوەندی ڕاست و ڕەوانی نەتەوەیی. هەتا واقیع ئەم ئایدیۆلۆژیایە لەمەنگەنە دەداو لەقازانجی واقیعی نیشتمانی و نەتەوەیی دەیگۆڕێت کاتێکی زۆر دەڕواو زەمەنێکی هەستیار لە مێژووی نەتەوە بە خەرج دەدرێت. تەجرەبە دەڵێت وەکو چۆن هێزی چەپ لە کوردستان لە دوا جاردا ئایدیۆلۆژیای چەپی ئاوێتەی پرسی نەتەوەیی کرد، هێزی ئیسلامییش هەر وا دەکات، بەڵام هەتا ئەوە دەکات لەم دۆخە هەستیارەدا زەمەنێکی زۆر لەتەمەنی کوردایەتی دەڕوات و ئەڵقە بۆشەکە دووبارە دەبێتەوە.

-دواجار ڕەوتی ئیسلامی هیچ پابەندێتییەکی بە ئازادییە کۆمەڵایەتییەکان ڕانەگەیاندووەو ئەمەش زەنگی تەجرەبەیەکی دووبارە لێدەدات کە سبەی کوردستانییان بڕێکی زۆری ئازادی لە دەست دەدەن و وەختێك وەئاگا دێنەوە بەدەستهێنانەوەی دەستکەوتە لەدەستچووەکان زەحمەتتر دەبێت. بەتایبەتی کە ئازادییە گشتییەکان گرنگترن لە ئازادییە سیاسییەکان چونکە گشتییەکان بۆ هەموانن و هەر چۆنێك بێت هی سیاسییەکان بۆ دەستەبژێرێکن لە چاو گشتدا

ڕەوتی ئیسلامی سیاسی لە کوردستان ئامادەی هیچ پێداچوونەوەو هەڵسەنگاندنێکی ڕابردووی خۆی نییە و هەموو گوتاری سیاسی خۆی تەنها لەسەرزەنشتی حزبە عەلمانی و نەتەوەییەکاندا دەبینێتەوەو ئەم گیانە ڕەخنەییە لەسنووری ڕەخنەگرتنی تەجرەبەی خۆیدا ڕادەوەستێت. هەروەك بەکەمترین کۆششەوە دەخوازێت زۆرترین دەستکەوت بەدەست بهێنێت.

ئەگەر ئیسلامییەکانی کوردستان کۆپی تەجرەبەی بەهاری عەرەبی دەکەنەوە

خۆ ئەوی ئیسلامییەکانی بەهاری عەرەبی بەدەستی دەهێنێت بەرهەمی دەیان دەیەی ئازارو مەینەتی خۆیانە، ئەدی بۆ ئیسلامییەکانی کوردستان بێ کۆشش و ماندوویەتی تەماعی زۆرترین دەستکەوتیان هەیە؟ مەگەر ئەوان ئیسلامییەکانی بەهاری عەرەبییان نەکردووەتە سەرمەشقی خۆیان؟

جاران ئیسلامییەکان لەکوردستان و لەجیهاندا پەراوێز خراوانی پرۆسەی سیاسی بوون و لە هاوکێشەی سیاسەتدا لایەنی زوڵملێکراو بوون. هەر فراوانکردنێکی بازنەی بەشداری سیاسی بێ مانا بوو ئێستاش بێ مانایە بێ ڕێگەپێدانی ئیسلامییەکان کە ڕۆڵیان هەبێ و یەکسان بن لەهەل و دەرفەتدا، ئەمڕۆ کە ڕەوتی ئیسلامی سیاسی دێتە پێشەوەو راستەوخۆ هەژمونی سیاسی و کۆمەڵایەتی خۆی، لەساتەوەختێکی مێژووییدا دەسەپێنێت جێی خۆیەتی رەهەندەکانی ئەم هاتنەپێشەوەی ئیسلامییەکان ببینیین. مێژوو یەك نۆبەو کەرەت نییە تا کۆمەڵگەو سیاسەت هەمووی تەسلیمی وان بکرێت، بۆیە دەبێ لەم رەوتە هاتووە تێبگەین و ئیستیعابی بکەین، ڕێگەی رەوای خۆی پێبدرێت لە چوارچێوەی گەمەی دیموکراسی و مەرجەکانیدا، بەڵام تەسلیمی بین و چۆکدا بدەین ئەوا هەڵە کوشندەکەیە، ئەمە رەوتێکە هاتووە خولی دروستبوون و گەشەی خۆی کامڵ بکات، بەڵام مەرج نییە قەدەری هەتا سەرو سەرتاسەریی بێت. رەوتی ئیسلامی سیاسی و قبوڵکردنی و ئینجا تەواوکردنی خولی بازنەیی خۆی یەکسان نییە بە هاتن و چوونی ئیسلام، بە جۆرێك بەرهەڵستیکردنی یەکسان بێت بە بەرهەڵستیکردنی خوداپەرستی و دینداری، بەڵکو قبوڵکردنی ئیسلامی سیاسی، ڕێگەپێدانی تا دەست و پەنجە لەگەڵ مەرجەکانی کۆمەڵگە نەرم بکات و پلەی گەرمی و سەرمای ئامرازی دیموکراسی بزانێت، قبوڵکردنی رەوتێکی سیاسی و ئایدیۆلۆژیی موجەرەدە لەناو بزووتنەوە گەورەکەی مێژوودا. مەرجیش نییە ئەم هاتنە بە گوڕوتینە یەکسان بێت بە قەدەرێکی ئەزەلی.پەیمانێکی کۆمەڵایەتی هەتا سەر نییە وکەس چەکی بەتاڵ بۆ کەس پڕ ناکاتەوە.

بەرهەڵستی ئیسلامی سیاسی بەرهەڵستییەکی رەوایەو ئازادیخوازان دەتوانن باوەڕمەندبن و لەهەمانکاتدا بەرەنگاری ئەم رەوتە ئایدیۆلۆژییە بن. لەگەڵێك

دەورانی مێژوودا ئایدیۆلۆژیا بە تینوتاو هاتووەو دەورانی خۆی تەواو کردووەو ئەوی ماوەتەوە سەرگۆی زەوی و مرۆڤەکانێتی، ئەوی زەرەرو زیانیشە کە کەوتووە، دەرەنجامی لاوازی خەبات و غەفڵەتگیرییە کە مرۆڤەکان و کۆمەڵگاکان وەکو قەدەر لەگەڵ ئەم رەوتەدا مامەڵەیان کردووە و لەجێی ئەوەی ئەم رەوتە ناچار بکەن دەست و پەنجە لەگەڵ کۆمەڵگەو مەرجەکانی نەرم بکات، ئەمان خۆیان لەگەڵ مەرجە قورسەکانی و دانەجیرەکانی گونجاندووە، تا لە وێستگەیەکدا دلێرانە لێی هەستاونەتەوە.

ئایدیۆلۆژیای کۆمۆنیزم پەتایەك بوو حەفتا ساڵی لە تەمەنی سەدەی بیستەمی خواردو نیوەی گۆی زەوی گرتەوە، میللەتانی ژێر سایەی ئەفیونی کۆمۆنیزم وایان زانی ئەمە قەدەری هەتاهەتاییەو ستەم و دیکتاتۆری و پەکخستنی بزاوتی ململانێی کۆمەڵایەتی ئینجا ئەو ئیلحادو بێ باوەڕییەی سۆڤێتییەکان بڵاویان کردەوە کۆتایی مێژوو و کۆتایی دەرفەتەکانی مرۆڤایەتییە، کەچی لەپڕ ئەم دیواری ستەمە لە بەرلین درزی تێکەوت و لە مۆسکۆ تا یەریڤان رزگاری و بەرهەڵدایی هێنا.

ئەڵمانەکان لە ژێر ستەمی هیتلەردا وایان زانی فرۆهەر دوا خوداوەندی سەرزەوی و هەتاهەتایە. لە پڕ ئەم چیرۆکی داگیرکاری و ستەم و رەگەزپەرستییە تێکشکا. ئەم رەوتە سیاسییەی ئیخوانیش دەمێکە دەکوڵێ و کاتێتی دەورانی خۆی تەواو بکات و ئەمیش قسەی خۆی لە مێژوو بەجێبێڵێ، ئەوە کە قسەکەی قسەیەکی دیموکرات و ئازادیخوازانەو دادپەروەرانەو ئەقڵانی بێت لە سەر دوو شت وەستاوە:

-یەکەم: دەرس و دەورەکانی ئەم مێژووە بخوێنێتەوە، بەتایبەتی ئەوی سەدەی بیستەم.

-دووەم: میللەتانیش لەسەرەتاوە لە زۆرانبازییە دیموکراتییەکە ئامادە بن و ڕیشیان نەدەنە دەست ئایدیۆلۆژیاوە، با ئەم ئایدیۆلۆژیایە ریشداریش بێت.

ئەمرۆ دەرفەتێکی زێڕین بۆ هێزەکانی ئیسلامی سیاسی هاتۆتە پێشەوە کە زیاتر لەوەی تاو بۆ کورسی حوکمرانی بدەن، دەریبخەن کە ئەوان هێزی دیموکراتخوازن و ملکەچی مەرجەکانی گەمەی دیموکراسیین و جیایی دەکەن

لەنێوان خوداپەرستی خەڵك و خودحزبی خۆیان، ئیسلام مۆنۆپۆڵ ناکەن وەکو چۆن نیشتمانپەروەری و دیموکراتی مۆنۆپۆڵی حزبە نیشتمانی و دیموکراتییەکان نییە، بەتایبەتیش ئەمە لەدوو سەرەوە بۆ کوردستان دروستە:

-یەکەم: ئیسلامییەکانی کوردستان هێزێکی سەربار لەم بەهارە عەرەبییە وەر دەگرن کە هێزی گەشەی خۆیان نییە، دەتوانن بەکاری بێنن، بەڵام دەشێ تەڵەو مەترسیش بێت وەختێك ئەو هێزە ئەوان جێدێڵێ بەو مانایەی بەهاری عەرەبی رووی لەهێزێکی تر دەبێت کە تەرجەمەی ئەوە یەکسانە بە ئاراستەکردنی هێزە سەربازییەکەی بەهاری عەرەبی بۆ لایەنێکی دیکەی غەیرە ئیسلامییەکان. واتا ئەگەر لە وڵاتێکی دیکەدا ، لە تونس و میسرێکی دیکەدا لیبراڵەکان، یان چەپەکان بردیانەوە؟

-دووەم: لەم دۆخی وەرچەرخانەی رۆژهەڵاتی ناوەراستدا ئیسلامییەکانی کوردستان ناتوانن بەشێنەیی لە بەری گەشەی خۆیان بخۆن بێ ئەوەی تووشی بەریەککەوتن بێن لەگەڵ هێزی ئیسلامی نەتەوەیی سەردەست. کە ماف و داخوازییەکانی کوردی لای خۆی گلداتەوە بەو ئیتعبارەی هێزی ئیسلامی نەتەوەی سەردەست دەبێتە وارسی داگیرکەرانی پێشووی کوردستان، ئەم بەریەککەوتنە زۆر دوور نییە روو بدات چونکە سیاسەتی ئیقلیمی لە پرسی پشتیوانی کردن لەرەوتی ئیسلامی لە کوردستان فرە ئاراستەیە:

یەکەم :ئێران: سیاسەتی لەمامەڵەی (بەهار)ی رابردووی کوردستاندا سێ کوچکە بوو:

-تەمبێکردن: تەمبێکردنی سیاسەتی یەکێتی و پارتی تا زۆر لە پەیوەندی لەگەڵ ئەمریکا نەرۆن.

-غافڵگیری، واتا مژوڵکردنی سیاسەتی کوردستانی بە دەردە ناوخۆییەکانی خۆیەوە تا نەپەرژێتە سەر ئەرکەکانی تری کە ئیستحقاقاتی نوێی سەدەی نوێ هێناویەتییە پێشەوە.

-گوشار: گوشار خستنەسەر کوردستانی باشوور بۆ ئەوەی لە تەگبیرە ناوچەییەکانی ئێران لە دۆسێی سوریا، ئەمریکاو تورکیادا هاوکاری ئێران بێت و بە قسەی بکات.

دووەم: تورکیا:

گۆڕانی دراماتیکی: بەمانای بە ئیسلامیکردنی بزووتنەوەی سیاسی کوردستان

لەتوپەتکردن: دابەشکردنی بزووتنەوەی سیاسی کوردستان و دابڕینی لە چارەنووسی پارچەکانی ترو دابڕینی لەدۆسێی کەرکوك. بەتایبەتیش دابڕینی لەکەرکوك بەهاندانی بڵاوکردنەوەی فەرهەنگی بژارەی فیدرالی پارێزگاکان کە ئەم سیاسەتە تورکییە هەوڵێکی فێڵبازانەیە بۆ تەقاندنەوەی بزووتنەوەی کوردایەتی لە ناوەوە. لەجیاتی ئەوەی کوردایەتی باشوور هاوکاری دیاربەکر بێت مژوڵی بکەن بە چارەسەرکردنی داخوازییە لۆکاڵییەکانی وەکو بە هەرێمکردنی کەرکوك. ئەم ویستە تورکییە لەگەڵ ویستێکی ناوەختی ناوخۆیی کوردستانیش دەگونجێت کە بریتییە لەرەوتی ناوچەگەرێتی بزووتنەوەی گۆڕان، هاندانی بەرهەرێمکردنی سلێمانی کە بزووتنەوەی گۆڕان عەرابی ئەم کەمپینەیە رێگە بۆ کەمپینی بە هەرێمکردنی کەرکوکیش خۆش دەکات، واتە رێگە بۆ بەگۆڕانکردنی کەرکوك خۆش دەکات. بەتایبەتی وەختێك کەرکوك هەست بکات تیشکدانەوەی کوردایەتی لە قەڵا سەختەکەی سلێمانی وەك زۆنی پاك و بێگەردی کوردایەتی کز دەبێت. ئەمە رێگا بۆ دەستبەرداری و کەوتنە ژێر هەژمونی دووبارەی بەعەرەبکردن و دابڕانی کەرکوک لەکوردستان خۆش دەکات.

لەم چوارچێوەیەدا رەنگە هێزە ئیسلامییەکانیش لەگەڵ گۆڕان هاوپەیمان بن بەو ئەندێشەیەی کە لەتوپەتکردنی ئیداری کوردستان رێگە بۆ لەتوپەتکردنی دەسەڵاتی سیاسی کوردستانیش خۆش دەکات، ئەم هیلالە لۆکاڵییە لەسلێمانی دەست پێدەکات، لە گەرمیانەوە دەخوازێ بێتە کەرکوك و لەکەرکوك ئیتر بۆچی خۆی نەکا بە هەولێرو بادینانی دەلالدا؟ جا بزانن دۆستان دەشێ تەماعی سیاسی نەتەوەو نیشمانەکان لەتوپەت بکات لەم زەمەنەدا کە روومان لە وەچەرخانی گەورەیە بۆ قوتکردنەوەی قەوارەی کوردستانێکی سەربەخۆ؟

تەماعی سیاسیی لەمێژوودا وای لە بەشێك لەموسڵمانەکان کرد ئالی بەیتی پێغەمبەری موسڵمانان ئاوارەو ڕەهەندی سەحرا بکەن.

باشە ئایا زەرورییە ئێمە تەسلیمی ئەم شەپۆلە هاتووە بین؟ نەخێر! بەرخودان

قەدەرە نەك تەسلیمبوونی بێ مەرج، بەرخودانەکەش لەوەدایە لەجێی خەونی بچووکی لۆکاڵی خەونی گەورە ببینین. سیاسەتی کوردایەتی بکەینە سیاسەتێکی دەستپێشخەر. چونکە هەرگیز عەقڵانیەت و واقیعبینی یەکسان نییە بە (عاقڵبوون)و تەسلیمبوون بەواقیع. سیاسەت بۆ ئیمپراتۆریا جێگیرەکان هونەری مومکیناتە، بۆ نەتەوە بندەست و زوڵملێکراوەکان سیاسەت بریتییە لە هونەری موستەحیلات.

کەوا بێ، لەجێی ئەوەی شەڕەکە لەبەر دەرکی سەرای سلێمانی و لەقەندیل بێت با سیاسەتێکی سەربەرزانەتر بێت. شایانی شکۆی زامدارکراوی نەتەوە بێت.

# "گیانه وا گەڕاینەوە"!
# تورکیا و ئێران، دەمەزەردکردنەوەی ناکۆکی کۆنینە

تورکیاو ئێران پێش هەر وڵاتێکی تر، لەڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا، پەیوەنددارن بە ئایندەی ناوچەکەوە، سەرلەنوێ نەخشەکێشانەوەی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست لەئاستی ئیقلیمیدا کاردانەوەی تورکیاو ئێران تەحەکومی پێوەدەکات. ئیتر سوریا و عیراق وەك دوو داگیرکەری کوردستان چوونەوە قاوغەکەی خۆیان و کارو کاردانەوەیان سەدای کاروکاردانەوەی ئێران و تورکیایە. عیراق لە ژێر هەژموونی نفوزی ئێران، هیچ نەبێ بەشە شیعییەکەی، مەحکومە بەهێڵی ئێرانەوە. کەمێکیش لە رێی بەشە سوننییەکەیەوە گرێدراوی سعوددییە و ئوردنە. سعودیەو ئوردن وەکو جاران ناتوانن رۆڵی یەکلاکەرەوە بگێڕن بە تایبەتی ئەگەر پریشکی بەهاری عەرەبی بەر ئەوانیش بکەوێت. ئەمریکا لە سەرووی تورکیا و ئێرانەوە کاریگەری لەسەر هەردوو بەشە شیعی و سوننەییەکەی وڵاتەوە هەیە، بەڵام کاریگەری کەمەندکێشی لە کوردستان زیاترە. لە کوردستان ئەگەر گلەییەك لەئەمریکا هەبێت ئەوەیە بەپێی پێویست ئامادەگی نییە، بەپێچەوانەوە هاوپەیمانێتی ئەمریکا لەگەڵ شیعەو سوننە هاوپەیمانێتییەکی زبرە و ئێران و تورکیا شەریکن تێیدا، هەرچی کوردستانە ئەوا کورد حەزی لە هاوپەیمانێتی بێ غەلوغەشی واشنتۆنە کە کەس شەریکیان نەبێت، مەگەر ئەمریکا خۆی تورکیاو عەرەب بێنێتە نێوانەوە، سوریا وەك دەوڵەتی بەشار ئەسەد رەنگە فریای ئاهەنگی سەری ساڵ نەکەوێت، وەك دەوڵەتی نوێی ئۆپۆزسیۆنی ئیخوان لە

ژێر هەژمموونی تورکیاو ئیخوانەکاندا دەبێت، بۆیە کاردانەوەی لەپرسی کورددا سەدای ئەوان دەبێت تا کاردانەوەی راستەوخۆی بیانونی- غەلیون. لەبەر هەندێ دەگەڕێینەوە چوارگۆشەی یەکەم وەك جارانی سەرەتای سەدەی بیستەم کە ئەو وەختە تورکیا و ئێران بەشداری سەرەکی پرسی کوردستان بوون و سوریاو عیراق لەم دۆسێیەدا ناویان لەکولەکەی تەڕیشدا نەدەهات.

تورکیاو ئێران جارێکی تر دەبنەوە بەمیراتگری ئەم رۆژهەڵاتی ناوەڕاستە. پیاوە نەخۆشەکەی دەوڵەتی عوسمانلی کە لەسەدساڵی رابردوودا لە حاڵەتی غەیبوبەی تەواودا بوو تازە وەئاگا هاتۆتەوە، تەماشا دەکات ئەم هەموو ویلایەتە عەرەبییانەی ئەو بوونەتە دەوڵەت و ئەمارەتی سەربەخۆ و سەدان لۆرانسی عەرەب و بریمەری ئەمریکی قسەی تێدا دەکەن. پیاوە نەخۆشەکە هاتۆتە سەرخۆی و دەبینێ ویلایەتە عەرەبییەکانی شەرق و غەربی سەرگەردان و نەخۆش و دابڕاون. ستەمکاری دەسەڵاتە عەرەبییەکان و خوێن وشۆڕش دایڕزاندوون، یەکێکیان پێویستە پێکەوەیان گرێبدات و دایکێکیان گەرەکە وەئاگاهاتبێت، تورکیای عوسمانلی دۆناو دۆنی خۆی لە تورکیای ئۆردوگاندا کردووە، دەبینێ ویلایەتە عەرەبییەکانی جارانی بوونەتە چەند قوترێکی عەرەبی، لە لیبیا تا سوریای، شەڕی ئەهلی و ململانێی سەنگەربەندییانە. پیاوە نەخۆشە وەئاگا هاتووەکە دەبینێ بەهاری عەرەبی هەر رابوونەوەی میللەتانی عەرەب نییە دژی دیکتاتۆری رژێمەکان، بەڵکو تەوەللا بوونیانە لە دەوڵەتی مۆدێرن و قەوارە سەربەخۆکانی سایکس بیکۆ هێناوییەتەکایەوە. راپەڕینی ئاشتیخوازانە بۆتە دەرفەتێك بۆ پێچانەوەی دەوڵەتۆکە هاوچەرخەکانی کە ئینگلیزو فەرەنسییەکان لەغیابی پیاوە نەخۆشەکەدا بەپەلەپرۆزێ دروستیان کرد. دەگوترێ فەرەنسییەکان کە هاتنە دیمەشق چوونە سەر گۆڕی سەلاحەددین وگوتیان: وا هاتینەوە سەلاحەددین!. ئەمجارە زۆر نابات میراتگری پیاوە نەخۆشەکە دەچنەوە زێدی عەبدولرەحمانی کەواکبی لەشام وحەلەب و پێی دەڵێن: "گیانە وا گەڕاینەوە"! واهاتینەوە ئەی کەواکبی کە بەبیانووی ئیستبدادەوە عەرەبت لە دژی ئێمە ڕاپەڕاند وکەچی هاوڕەگەزە عەرەبەکانت "خوو وخەسڵەتەکانی ئیستبداد"یان لەکتێبەکەی تۆوە وەرگرت و هەرچی تۆ پێت ناخۆش بوو ئەوەیان کرد.شامی

زێدی تۆ پایتەختی هەموو ئەو ستەمکارییەیە کە تۆ کردتە بەهانە تا لەئێمە تەوەللای بیت! واهاتینەوە ئەمما نها عوسمانلییەکین ڕۆژئاواش لێمان ڕازییە و ئینتدابی ئێوەیان بە ئێمە سپاردووە.

یارییەکە گەڕاوەتەوە خاڵی دەستپێکی چوار گۆشەی یەکەم، تورکیاو ئێران وەك دەوڵەت ماونەتەوەو چاوەڕێ دەکرێ میسریش وەك دەوڵەتێکی پتەو کە لە زەمانی عوسمانیشدا کەسێتی و حەیسیەتی خۆی هەبوو، هەروا بمێنێ. ئیسرائیلیش لەکایەکەدا ماوە بەهۆی پشتیوانی بێ قەید و شەرتی ئەمریکا و ڕۆژئاوا لێی. بەمجۆرە دەوڵەتی بەهێز کە ئیمکانە لە سەر پێ بمێنن دەبنە: تورکیاو ئێران و میسر و ئیسرائیل، ئەوانی تر دەوڵەتۆکەن و لەناوچەی کەمەندکێشی تورکیای جارانی عوسمانلیدا دەمێننەوە. جا تا ئەم بایە لەم کونەوە بێت کەنداویش بەساغ و سەلامەتی لێی دەرناچێت و تووشی هەلامەتی ئەم بەهارە دێت. بەتایبەتی سعودیەو بەحرێن کە هەم سەرکوتیان هەیەو هەم شیعەش مەحروم و بێبەشن .بێگومان شیعەی کەنداو لە جەمسەرگیری ئێران بەرامبەر بە تورکیا ئەوانیش هیواکانیان دەبوژێتەوە. بەتایبەتی لەمەودوا بژارەی ناسیونالیستی وەك نوختەی کۆکەرەوەی عەرەب شوێنی خۆی بۆ فاکتەری ئاین چۆڵکردووە ولە حاڵیشی واشدا هەرکەسەو وەکو دەچێتەوە لای خوای خۆی مێزەری مەزهەبی خۆی دەپۆشێت.

باشە تورکیا چۆن ئیدارەی ئەم هەموو ویلایەتانەی جارانی خۆی پێ دەدرێت؟ ڕێگا ئاسانەکە ئەوەیە مۆدێلی تورکی مۆدێلێکە ڕۆژئاوا حەزی پێدەکاو دەیەوێت لەجێی نموونە خراپەکانی حوکمی ئیسلامی کۆپییە باشەکەی باشبەکان ئۆردوگان بکاتە نموونەی تاقیکراوە. ئەوەتا ڕۆبەرت میری سەرنووسەری ناسیۆنال ئینترسێت، گۆڤارێکی سیاسییە لەواشنتۆن پەخش دەکرێت، بە ئاشکرا دەڵێت:

(پیویستە تورکیا هان بدرێت بۆ گەشەپێدانی ڕۆڵی خۆی وەکو تەوەرەیەکی ئیسلامی، بەڵکو دەشێ وەکو دەوڵەتێکی خاوەن شارستانییش لە جیهانی ئیسلامیدا، ئەمە ڕەنگە یارمەتیدەریش بێت کە باشتر، تەنانەت باشتر لەوڵاتە یەکگرتووەکان، ڕێبەرایەتی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بکرێت لەجەرگەی تەنگژەو

ململانێکانی ئێستا که پێیدا گوزەر دەکات)[١٦]

ڕۆژئاوا بەوە دەیەوێ بەزوویی دەرکەوتەکانی بەهاری عەرەبی و ڕژێمە تازەکانی لەکۆڵ خۆی بکاتەوە، تورکیا بۆ ئەوان نموونەیە کە هەم ئیسلامییەکان دڵیان پێخۆشە، چونکە سەروەریان دەکات، هەم نا ئیسلامییەکانیش لێی ڕازین چونکە لە چاو نموونە لۆکاڵییەکانی خۆیان ئیسلامی "ئەك پارتسی" بەسەد ئاوی دیموکراسی و عەلمانی شۆردراوەتەوە.

قۆناغی یەکەم تورکیا لەڕێی مۆدێلەوە دزە دەکاتە ناو دونیای عەرەبییەوە. ئینجا دەتوانێ کۆمۆنۆڵسێك لە خۆی و ئەوان پێك بێنێت وەکو چۆن ڕوسیا گردبوونەوەی دەوڵەتە سەربەخۆکانی دروست کرد لەگەڵ ئەو دەوڵەتانەی لە چوارچێوەی یەکێتی سۆڤێتدا دەوڵەتی "سەر بەخۆی" بوون ونها دەوڵەتی سەربەخۆن.

بەس ڕوون نییە ئەم مۆدێلە تورکییە ئەگەر لەگەڵ ڕۆژئاوا، یان ئیسرائیل، بکەوێتە کێشەوە ڕۆژئاوا تاچەند لە پشتیوانی و هاوکاری دڵگەرمی ئەم دۆستە دڵخوازەی خۆی دەبێت؟

ئێرانیش دوو وێستگەی دەبێت لەم ئاستەدا، ئێرانێك کە هی ڕابەری شۆڕشی ئیسلامی عەلی خامەنئییەو نەیاری ڕۆژئاوایە، ئەو ئێرانە بەشە شیعییەکەی بەهاری عەرەبی و لایەنە ئیسلامییە سوننەییە بێ زیانەکەی بۆ ئێران لە ئەستۆ دەگرێت. ئەم ئێرانە تووشی بەر یەککەوتن دەبێ لەگەڵ ڕۆژئاواو بەشە سوننییەکەی بەهاری عەرەبی، ئێرانی دووەم ئەو ئێرانەیە بە کەمێك دەستکارییەوە ڕۆڵێکی بەرامبەرەکی لە هەمبەر تورکیای عوسمانلیدا دەگێڕێت ئەو وەختەی ئەنقەرە لەگەڵ تەلئەبیب وڕۆژئاوا توندی دەکات.

ئەمریکا و ڕۆژئاوا سوێندیان نەخواردووە تا سەر سوننی یان شیعی بن، ئەمە کەوتۆتە سەر ئاڕاستەی ڕووداوەکان.ئەگەر بەهاری عەرەبی ئیخوانێکی ڕەفتار عوسمانلی میانڕەو لە دونیای عەرەب جێگیر بکات ئەوا ڕۆژئاوا دەبێتە دۆستی مەعاویە لەداخی عەلی، ئەگەر بەنی ئومەیە کەسێکی وەکو عومەر بن عەبدولعەزیزی تیا هەڵبکەوێت و شەشەمین خەلیفەی ڕاشیدینی موسڵمان بێت ئەوا ڕۆژئاوا واقیعەی کەربەلای پێ خۆشترە لە واقیعی کورتکردنەوەی

ڕۆڵی وی لە دونیای دوای بەهاری عەرەبیدا، ئێرانێکی دەستکاریکراو باشیعە و پەیڕەوانی شیعە حوکمی بکەن، دەتوانێ ئەم ڕۆڵە بگێڕێت، وەك چۆن لەچەند سەدەی رابردوودا ئێرانی سەفەوی بەر دەرگای دەوڵەتی پاوانخوازی عوسمانلی گرت و لە وزەی ئەم دەوڵەتەی خوارد کە لەهەرەتی لاوێتیدا بوو.

پارتی داو گەشەپێدان سێ دەوران هەڵبژاردنی لەسەر یەکی بردەوەو ئەمەش جۆرێکە لەجێگیرکردنی هەژمونێکی سیاسی دیاریکراو، لەم ماوەیەدا ئۆردوگان زۆر لە خواستە سیاسییەکانی خۆی ئاشکراکرد کە یەکێکیان نەفەسی عوسمانلیەتی. نەفەسی عوسمانلیش نەفەسێکی ئیمپراتۆرییە کەدوور نییە تووشی بەریەککەوتنی بکات لەگەڵ ئیسرائیلدا. چی وەك باکڕاوندی ئیسلامی و چ وەك ئارەزووی هەژموونگەری لە ناوچەکە . ئەمەش خەونێکی محەمەد عەلی پادشاییانەیە کە لێی دەکەن بەکابووس.

بەمجۆرە لە دوو وێستگەی داهاتوودا، دوو تورکیا دەناسین، تورکیایەك کە ڕۆژئاوا هەندێك ئەرکی مەنداتی پێ دەسپێرێت بۆ هارکاری لە ڕێکخستنەوەی دەوڵەتە عەرەبییەکانی بەهاری عەرەبی کە ویلایەتە جارانەکانی خۆی بوون، تورکیایەکی تر کە ئەگەر پێداگری بکات لە سەر ڕۆڵە ئیقلیمییەکەی بەجۆرێك تووشی بەریەککەوتن بێت لەگەڵ تەلئەبیب ویۆنان وئەرمینیا وئەوروپا بەگشتی .ئەم تورکیای دووەمە دەبێ رام بکرێت، ئەوی ئەرکی رامکردنی لەئەستۆ دەبێت، رەنگە ناوەکەتان پێ سەیر بێت، ئێرانە.

ئێرانێك کە کەمێك لەحەشوەی توندڕەوی ئێستای کەم بکاتەوە و بەرنامە ئەتۆمییەکەی دەستکاری بکات دەتوانێ ئێرانێك بێت بەکەڵك و نەرمونیان بێت بۆ رۆژئاوا، با تەنانەت هیلالی شیعی و ئەبرۆی کەوانی ئێرانێتی و شیعەگەرایی لەناوچەکە بگرێتە ئەستۆ. بەشێك لەو گێچەڵ و گوشارەی کە ئەمڕۆ رۆژئاوا لە ئێرانی دەکات بۆ دەرکەوتنی ئێرانی چاپی نوێیە کە گریمانەی ئەوەی لێ رەچاو بکرێت بەرهەڵستییەکی سەفەوییانە بکات لە هەمبەر تورکیا ئەو دەمەی لەدەست دەردەچێت. هەتا تورکیا لەدەست دەرنەچووە وەك خۆی دەبێ و رۆژئاوا هاوکاری دەکات، کە لە دەست دەرچوو ئێران لە جێی رۆژئاوا بەرهەڵستی دەکات. ئێرانێك کە هی خامەنەئی نییە، بەڵام بێگومان نە هی شا تەڵەبان و نە

هی هەوادارانی گوڵسورخیشە.

ئەم دابەشکارییە شیکارییەی بۆ دوو وێستگەی دوو دەوڵەتی ئێران و تورکیا کردمان مانای وانییە ئەم دوو دەوڵەتە قەرەقۆزن و ئامادەی ئەوەن رۆڵی لێبوک بگێڕن، ئەم دوو ئیمپراتۆریا دێرینەی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست زۆر لەوە قایمترن رێگە بدەن یاریی وایان پێ بکرێت، بەڵام ئەمە دابەشکردنی هێز و موقەدەراتە لە ناوچەکە. کەس ناتوانێت سەد دەرسەد رێیان لێ بگرێت یان سەد دەرسەد جێگیر بکرێت. بۆ هەموو "ئەمریکا"یەکی هەر دەور و زەمانێك چینێك و روسیایەك هەیە بەرهەڵستی دەکەن. بۆ هەر ئەمریکا و تورکیایەکیش ئیرادەی میللەتانی ناوچەکە هەیە کە مەرج نییە لە هەموو شتێکدا بە قسەی ئێران یان تورکیا بکەن، یان مەرج نییە لەبەر خاتری ئەمریکاو رۆژئاوا ئەگەری هیچ هاوکاری و هاوپەیمانێتییەك لەگەڵ تورکیا یان ئێران رەتبکەنەوە.

بەڵام راستییەکەی ئەمە لەسەر ئەوە وەستاوە ئەم دوو دەوڵەتە ئیقلیمییە بە هەمان بیرکردنەوەی کەمەندی تەگبیرو حوسنی تەدبیر مامەڵە دەکەن یان رەفتاری نوێ تێکەڵکێشی سیاسەتی ئیمپراتۆری جارانیان دەکەن؟

لەم جەمسەرگیرییە شیعییە سوننەیەی نێوان ئێران و تورکیا ئەدگاری گەلێك ململانێی ناوچەیی لەسەر جوگرافیای بەهاری عەرەبی و دەوروبەری دروست دەبێت، لەسەر بنچینەی ئەم جەمسەرگیرییە نەتەوەییە عەرەبییە بە شێوە بەعس و عەبدولناسرییەکەی لە بەین دەچێت، وەك چۆن نەتەوەخوازیی تورکی لەسەر مۆدێلە ئەتاتورکییەکەی هەر ئێستا مەراسیمی ناشتنی سازکراوە، ناسیۆنالیزمی داهاتووی تورك و عەرەب لێك نزیك دەبنەوە کە ناسیۆنالیزمێکی ئیسلامییە، وەك ئەوەی سەددام و ئەتاتورك نییە، بەڵام هەمان نەفەسی هەیە، نەرمونیانە، بەڵام وەك تیۆری دۆناودۆن لەجەستەی عوسمانلی و ئیخوانیدا بەرجەستە دەبێتەوە. ناسیۆنالیزمی ئێرانێتی-شیعەگەرێتی بە هێز دەبێتەوە، بەڵام ناتوانێ شان لەشانی ئەوی عەرەبی-تورکی بدات. ناتوانێ کەمەندکێش بێت بۆ کوردستانی رۆژهەڵاتیش کە هەر ئێستا لە بندەستی خۆیدایە.

دوور نییە کوردستانی مەرکەزی، هی عیراق و سوریاش (سێ کوردستانەکەی جاران عوسمانلی بوون) بکەونە ژێر هەژموونی ناسیۆنالیستی عەرەبی-

تورکییەوە، جا چونکە ئەو ناسیونالیزمە تازە بابەتەی ئەم دوو نەتەوە سەردەستە لەوەی سەددام و ئەتاتورك ناچێ و بەزەقی داوای پایەداریی نەتەوەی سەردەست ناکات، چاوخەڵەتێنە، دوورکوژە کە سەرەجام کورد کوژە لەدوور مەودادا.

لەم فەزا ئیسلامییە سونییەدا کێ دەڵێ کورد سەلامەت لێی دەردەچێت و ناسیۆنالیزمی کوردیش لەبەر چەند فاکتەری ناوخۆیش نابێتە ناسیۆنالیزمێکی ئیسلامی کوردی، ئەوجار کورد بەرەی ناسیۆنالیزمی-عوسمانلی ئیخوانی دەگرێت چونکە سێ بەشی کوردستان (سوریا-تورکیا-عیراق) پەیوەنددارن بەو ئەبرۆی کەوانە سوننەییەوە، بەتایبەتی ئەگەر هیلالی شیعی ئێرانی لەگەڵ کوردی ئێران توندی بکات کە کوردی ئێران سوننەن و لەمەلاشەوە لەعیراقی ژێر سایەی شیعەدا لەداخوازییەکانی کوردی عیراق لەسەر کەرکوك مشتگر و ڕەزیل بن. ئەمە جەمسەرگیری سوننەتی سوننەیی لە کوردستانی سەرتاسەر بەهێز دەکات، بەتایبەتی ئەگەر بزووتنەوەی کوردایەتیش لەچوار بەشی کوردستاندا بێ بەرنامە و بێ دەستپێشخەری بێت. لەحاڵی وادا هەر لایەنداریيەکی کوردی بۆ ئەم جۆرە جەمسەرگیرییە سوننی و شیعییە لایەنداریيەك دەبێت لە لاوازییەوە نەك لایەنداریيەك لە قودرەتمەندی و بەئاگاییەوە کە بەرنامەی دەستکەوتی دانابێت. لە دۆخێکی لاوازیدا ئەگەری ئەوە هەیە کوردستان خۆشی ببێتە دوو نفوزی دابەشکراو و لەڕێی جەمسەرگیری:

-کوردستانی ڕۆژهەڵات، نیوەی کوردستانی باشوور (کوردستانی ڕێنووسی عەرەبی ئیسلامی).

-کوردستانی ناوەندی (باکوور) لەگەڵ کوردستانی ڕۆژئاوای بچووك+کوردستانی باشوور (بەشی ئەوبەری زێ)، کە دەشێ ئەمە کوردستانی ڕێنووسی لاتینی بێت.

ئەم وێناکردنە بێگومان وێناکردنێکی کاریکاتێری کۆمیدییە بۆ دابەشکردنەوەی کوردستانی چوار پارچە بە سەر دوو پارچە لەنێوان دوو جەمسەرگیری ئێرانی و تورکیدا، بەڵام ئەگەر پرۆژەی ناسیۆنالیستی کوردی لەدۆخی نائامادەگیدا بێت مانای وایە ئەم وێنا کاریکاتێرییە دەبێتە تراژیدیای واقیعێك و دەبێت بڵێین خوا لەوە خراپتر نەدات. بە مانای ئەوەی سایکس ـــبیکۆی نوێ و تازەبابەت

چوار پارچەی کوردستان بکاتە سەد پارچەی شار و گەڕەکی دابەشکراو. جا چ فایدە دەبێت ناوی ویلایەتی ئیسلامی یان فیدرالیزمی مۆدێرنی لێ بنرێت.
بۆ بەرەنگاری ئەوە سیاسەتی کوردستانی دەستپێشخەر و خاوەن ئیرادەمان گەرەکە.
بۆ ئەوەی لە نائامادەگیدا کورد شتی بەسەردا فەرز نەکرێت، گرنگە سیاسەتی کوردستانیی بەرنامەی پێشوەختی هەبێت، بەرنامەی دوور مەودا کە لەگەڵ پێشهاتەکاندا مامەڵە بکات و ئەولەویاتەکان دیاری بکات. سیاسەتێك کە ئامادەگی سازدان و سەفقە و ڕێککەوتنی هەبێت، ئامادەی هەڵوەشاندنەوەی سەفقەکان وگۆڕینەوەی بە سەفقەی تر هەبێت وەختێك زانی زیان دەگەیەنێت یانی ئیرادەیەکی سیاسی وای هەبێت مێزەکە قلّپ بکاتەوە ئەگەر زانی یاریکە بە قازانجی کوردستان تەواو نابێت.
ئێمە لەمێژوودا خوێندومانەتەوە کە ئیدریسی بەدلیسی لە ساڵانی (١٥١٤-١٥١٦) ڕێککەوتنێکی لەگەڵ عوسمانلییەکاندا مۆرکرد بۆ ئەوەی لەگەڵ عوسمانلییەکاندا کەمەری دەوڵەتی سەفەوی بشکێنێت و لەئەنجامی ئەمەدا کوردستانی دووکەرتکراو لایەنگری عوسمانلی بێت و لەبەرامبەر ئەمارەتە کوردییەکان جۆرێك لە فیدرالی و سەربەخۆیی بەرچاویان هەبێت لە ژێر چەتری ئیمپراتۆریای عوسمانلیدا. (لەی سەردەمەوە وەملاوە، هەروەك دیار بەکرو ماردین وەسەر قەڵەمڕەوی دەوڵەتی عوسمانی دەخرێ، هەروا وەهەوڵ و کۆششی ئاشتییانەی ئیدریسی بدلیسی ڕێککەوتننامەی نێوان کوردو تورك وەناو سوڵتان سەلیمۆ، لێل میرە کوردێل کوردستانا مۆر ئەکرێ و بەم جۆرە بیست وپێنج میرنشینی (خان نشینی)ی کورد، بدلیس و ئورمێ وعیتاق وئامێدی وجزرەو ئەگێل و هوزان و گارزان و پاڵو وسعێرت وحسنکێف (قەڵاکەیف)و مەیا فارقین و جزیرەی ئیبن عومەر، وەئاشتی، بەفەرمانڕەوایی عوسمانییەوە دەبەسترێن)[١٧].
محەمەد ئەمین زەکی بەگ جوانی وەسفیان دەکات: (لە ڕاستیدا ئیرشادات و تحریکاتی مەولانا ئیدریس کاریگەرییەکی زۆر گەورەی هەبوو)[١٨]
لە مێژووی کورددا ناوبانگی بەدلیسی باش نییە، ئەمەش ڕەنگە لەبەر ئەوەی ڕێککەوتنەکەی وا نەکەوتووە کە ئەمارەتەکان بمێنن، گەشە بکەن و

هەروەها سەربەخۆییە بەڵێن پێدراوەکە بەدەست بهێنن.
راستییەکەی ئەم هەڵسەنگاندنە لە چەند سەرێکەوە گرفتدارە:
یەکەم ئەمە هەڵسەنگاندێکە لە تێزی ئەمڕۆ وەهاتووە، لە ئایدۆلۆژیای ناسیۆنالیستی کوردییەوە هاتووە کە دەبینێ ئەمارەتەکان نەماون و گەشەیان نەکردووە، هەروەها ئیسقاتی ئەمڕۆیە لەسەر دوێنێ. دەوڵەتی عوسمانلی لای ئێمە دێوەزمەیە، لە مێژووشدا خوێندومانەتەوە کە لەسایەی تورکی عوسمانلی و تورکی ئەتاتۆرکیدا چ زوڵمێك لە کوردستان کراوە، بەڵام لەڕاستیدا عوسمانلی بۆ بەدلیسی و میرە کوردەکان خەلیفەیەکی موسڵمانان و موسڵمانێکی سوننە بووە، کێشەیان لەگەڵی هەبووە، بەڵام نەك تا ئەندازەی دابڕانی نەتەوەیی مۆدێرن. مارتن ڤان برۆنسن ، کوردناسی دیاری هۆڵەندی، لەکتێبی ئاغا وشێخ و دەوڵەتدا دەڵێت: (کە مرۆ لە سیاسەتی شا ئیسماعیل دەڕوانێت، هیچ سەیری پێ نایەت، گەر کورد یاخود گەورە پیاوە دەسەڵاتدارەکانی، هانا بۆ زلهێزێکی دی بەرێت، کەئومێدی ئەوەی لێ بکرێت لەدەست ستەم و زۆری سەفەوییەکان قوتاریان بکات، دیارە تاقانە ئیمپراتۆری ئەو سەردەمەش عوسمانی سونی بوو)١٩ نابێ لەبیرشمان بچێت عوسمانلی جۆرێك لەسەربەخۆیی دابووە ناوچەکانی نفوزی خۆی بەکوردستان و ئەمارەتە جیاجیاکانیشەوە. بەڵام ویستی مەرکەزیەت، دواتر ، لەدوو وێستگەدا گەشەی کرد:
وێستگەیەکی شکستی دەوڵەتی عوسمانلی لە ڤییەنا (ماوەی مەنگی ١٦٨٣-١٨٢٧). ئەمە رێی لە سیاسەتی فراوانخوازی و گەشەی لەسەریەکی دەوڵەتی عوسمانلی گرت. وایکرد ئیمپراتۆریا گرمۆڵە ببێتەوەو هەوڵبدات ئەوەی هەیەتی بیپارێزی تا لەدەستی نەدا لەجێی ئەوەی خواستی فراوانکردنی قەڵەمڕەوی پەرە پێ بدات.
وێستگەی تر کاتی چاکسازییەکانی دەوڵەتی عوسمانلی بوو، لەساڵی (ساڵی ١٨٣٩) ئەوی بە تەنزیمات ناسرا و جۆرێك لە چاکسازی ئیداری شێوە ئەوروپایی هێنایەکایەوە. ئەمەش بە مانای پەرەپێدانی مەرکەزیەت بوو، چونکە دەوڵەتی مۆدێرنی نموونە رۆژئاوایی لەو دەورانەدا لەسەر مەرکەزیەت بینا کرابوو.

کەوابێ هەڵەی بەدلیسی هەڵەی لاوازی قودەرتمەندی کوردایەتییە لەو کاتەدا کە نەیتوانیووە مێژەکە قڵب بکاتەوە. وەختێك بینی دەسکەوتەکانی کورد بە قەدەر هیلاکی و بەشداریکردنی نییە لەشەڕی عوسمانلی دژی ئێران. واتا کوردستان و بەدلیسییەکەی قودەرتمەندی ئەوەیان نەبوو لێپرسینەوە لە دەسەڵاتی عوسمانلی بکەن داخۆ بۆچی پابەند نابن بەمەرجەکانی هاوپەیمانێتییەوە.

وانەی بەرجەستەی لەم دۆخە بۆ کوردستانییان چییە؟

وانەکە ئەوەیە کورد لەدۆخێکی وادا لەگەڵ کێدا دەچێتە ڕێککەوتن و کەتنی سیاسییەوە؟ پەراوێزی گوشارکردن و هەڕەشەکردن و ڕەتدانەوەی هەڕەشەی لە چی پلەیەکدایە؟

ئێمە ئەگەر لە دوو بەرە کەوتینە بەرەی تورکەوە (لەشێوەی کۆمۆنۆلیسێکی عوسمانلیدا) کارتەکانی دەستمان چین و چۆن وا بکەین تورکیا بەهاوپەیمانێتی نەمانخوا؟ ئەگەر چوینە سەنگەری بەرەنگاریی تورکیاوە چۆن سەربەخۆیی خۆمان لە ئێران پارێزین و چۆن ململانێی تورك بکەین؟ ئەمریکاییەکان لەم کۆرەدا چۆن دەتوانن یارمەتیدەر بن، یان چۆن حاشامان لێ دەکەن؟

پێش هەموو شتێك دەبێ ئامانجەکان، هەرەشەو تەحەددەکان بناسین و بینانکەینە دەرفەتی دەستپێشخەری و پێشکەوتن. گرنگترین خاڵ ناسینەوەی کەرەستەکانی بەردەستمانە. چ لە کوردستانی باشوور و چ لەبەشەکانی تری کوردستان. یەك لەو کەرەستانە کۆنفرانسی نەتەوەیی، یان کۆنفرانسی سەرتاسەری کوردستانییە.

# کۆنفرانسی نەتەوەیی

تائێستا هیچ ئەجێنداو نەخشەرێگایەك لەسەر کارەکانی کۆنفرانسی نەتەوەیی دەرنەکەوتووە، بەڵام هەر ئەوە کە پێویستی ئەم کۆنفرانسە بۆتە باسوخواسی نێوەندی سیاسی کوردستانی دەرهاویشتەیەکی باشە. تەوەر و رێوشێوێنەکانی ئەم کۆنفرانسە هەر چۆنێك بێت گرنگە لەسەر شتە پرەنسیپەکان رێکەوین. لەسەر ئەوە رێککەوین هاوسەنگی نێوان ئایدیاو واقیع دەستنیشان بکەین. یەك مەسەلەیەیی و چەند مەسەلەیی کورد بناسینەوەو تایبەتمەندێتی و خەسڵەتە گشتییەکانی بزانین.

کۆنفرانس نابێ بۆ پێدانی رەوایەتی بێت بە کوێخایەتی ئەم هێزی سیاسیی یان ئەویتر. کوردایەتی لەگەڵ کوێخایەتییدا نێوانیان ناخۆشە. بۆیە نابێ ئاراستە بۆ کوێخایەتی بێت جا ئەمە لەبەر مۆراڵی شۆڕشگێڕی یان قەبارەی جەماوەری و هێزی ماددی وسەنگی جێگە بێت. کۆنفرانسی کوردستانیی دەبێ دامەزراوەی دیموکراسی دابمەزرێنێ و لەسەر سیاسەتە گشتییەکان رێکبکەوێت. نەك دامەزراوەیی خۆسەپێن و نا دیموکراسی دابمەزرێنێ و ببێتە کەرەستەیەك بۆ لاوازکردنی قەوارەی بزووتنەوەو حزبە سیاسییەکان، یان ببێتە دەرفەتێك بۆ هەژموونی ئەو بەشە لەکوردستان بەسەر ئەو بەشەی تر کەئەمە پەرچەکرداری زیانمەند دروست دەکاو زیان بەرژەوەندی نەتەوەیی دەگەیەنێت.

کۆنفرانسی نەتەوەیی دەبێ ببێتە بۆنەیەك بۆ یەکێتی نەتەوەیی نەك سەبەبکاری پەرتکردن و لاوازکردن، ببێتە بۆنەیەك بۆ داڕشتنی سیاسەتی واقیعی کۆکەرەوە نەك سیاسەتی دروشمبازی و ئینجا کشانەوەو خۆگێڤکردنەوەو

سازکردنی شانۆگەری ناکۆکی و نەگونجان، دەرفەتێك بێت بۆ پتەوکردنی هەر بەشێکی کوردستان لەکۆڕی سیاسەتکردن و قودەرتمەندییدا. داڕشتنی ستراتیژ جیاوازە لەکردار و تەکینکی کاری رۆژانە، بۆیە لەدۆخی جولانەوەی سیاسییدا بەشەکانی کوردستان لەجێی ئەوەی یەك سیاسەتیان هەبێ یان لەجێی ئەوەی بە هۆی چەقبەستوویییەوە ببنە بار بە سەر یەکترییەوە دەتوانن یارمەتیدەری یەکتری بن و هەریەکەیان کەرەستە بێت بۆ گەشەی خەباتی ئەویتر. کەرەستەبێت بۆ پێشخستنی خەباتی بەشەکانی تر.

بۆ نموونە کە تورکیا کوردایەتی لەکوردستانی باشوور ئەزێتدەدا هەر پشتیوانییەکی باشوور لەکوردایەتی باکوور سیاسەتێکی نەتەوەییە بەقازانجی باکوور و لەهەمانکاتیشدا سیاسەتێکە بۆ خزمەتی ئێمە. چونکە بەمە ئێمە دەچینە گۆڕەپانی تورکیاوەو ئەنقەرە لەوێ مژوڵی بەرپەچدانەوەمان دەبێت لەجێی ئەوەی لە گۆڕەپانی ئێمە سیاسەت لە دژمان بکات و لە هێزی ئێمە بخوات و دامان رزێنێ.

نموونە بۆ ئەمە وتەی سەرکردەیەکی کوردە کە گوتی ئەگەر تورکیاو ئێران دەست لە کاروباری کەرکوك و نەجەف وەربدەن ئەوا ئێمەش دەست لەکاروباری دیاربەکر کرماشان وەر دەدەین. لە نموونەی وا ئێمە دەبینە هێزی دەستپێشخەر لەجێی ئەوەی هێزی دیفاعی بین.

ئەو رۆڵەی نها سەرکردایەتی کوردستانی باشوور لە پرسی باکووردا دەیگێڕێت سەرەنجام بۆ قازانجی باکوور یان بۆ قازانجی ئازادکردنی ئۆجەلان و ناوبژیوانی نێوانی تورکیاو PKKیە بەڵام لە هەمانکاتدا پێگەی باشوور لە روقعەی شەترەنجەکە بە هێز دەکات و دەبێتە یارمەتیدەری چارەسەری کێشەکانی خۆی لەگەڵ تورکیا و لەگەڵ عیراق و ئێرانیش. چونکە دەبێتە ژمارەیەکی سەنگین لەهاوکێشە سیاسییەکاندا کە یان پێویستیان پێیەتی یان ناتوانن فەرامۆشی بکەن.

بە هێزبوونی کوردایەتی لە باکوور یارمەتیدەرێکی چاکە بۆ کوردایەتی لەکوردستانی سەرتاسەر. چونکە ئەگەر کوردستانی باشوور لەو هەلومەرجە ناسازەی عیراقدا، لەبەغدا تەوەللا بێت دەبێ لە تورکیا دەریچە بدۆزێتەوە.

لەم حاڵەدا کوردایەتییەکی هاوپەیمان لەگەڵ تورکیا لە لایەن ئەو تورکیایەوە دەخورێت ئەگەر لە باکوور بەهێز نەبین . ئەمە گرنگە بۆ ئەوەی بەشێکی هاوپەیمانێتیمان لەگەڵ تورکیا بچێتە جۆگەلەی باکوورەوەو ئەوەی باکووریش بچێتە جۆگەلەی ئێمەوە. ئەگەر کوردایەتی لە باکوور لاواز بێت و ئێمەش هیچمان نەبێ بیاندەینێ و ئەوان هیچیان نەبێ بماندەنێ ئیتر ئێمە کوا پێگەی بەهێزمان کە نازی پێوە بکەین و نازمان بکێشن؟

وەختێك تورکیا سیاسەت دەکات بۆ وەرگۆڕانێکی وا لە سوریا کە بە دڵی ئیخوانەکانی خۆی و لە دژی کوردەکانی سوریا بێت کە بە هێزبوونیان هێزە بۆ ئێمە، گرنگە بزانین بە یارمەتیدانی کوردایەتی لە کوردستانی سوریا چ دەرفەتێکی بە هێزمان بۆ دەکرێتەوە؟

وەختێك ئێران کار بۆ هێشتنەوەی ئەسەد دەکات بە بیانووی ئەوەی دەبێ گفتوگۆ و دیالۆگ هەبێ بۆ چارەسەری کێشەکە. ئەمە دەرفەتە بڵێین ئەی بۆ هەمان شت بۆ کوردستانی باشوور راست نەبێ و بۆچی کە ئاماژەیەك هەیە ئێران پشتیوانی خۆپیشاندانەکانی ئۆپۆزسیۆنی کرد بۆ رووخانی دەسەڵاتی کوردستانیی، ئەی بۆ هانی ئۆپۆزسیۆن نادات لەگەڵ حکومڕانی هەرێم رێك بکەون؟ ئەی بۆ خۆی گفتوگۆ لەگەڵ ئۆپۆزسیۆنەکەی خۆی، بە تایبەتیش کوردەکەی، ناکات؟

سیاسەتی ژیر لە باشوور بە نیسبەت کوردستانی سوریا ئەوەیە یارمەتی کوردانی ئەوێ بدات تواناسازی خودکەفایی گەشە پێبدەن و قۆناغی یەکەمی دیموکراسی سوریا بۆ بە هێزکردنی کوردایەتی ئەوێ، بۆ گەشەکردنی کۆمەڵی مەدەنی و هوشیارکردنەوەی جەماوەر بەکار بێنن، چونکە کوردایەتی لەوێ بە جۆش و خرۆشە، بەڵام دەبێ ئەم جۆش و خرۆشە بکرێتە فاکتەرێکی چۆنایەتی کە دەرفەتی ململانێکە بێت لە سوریای دیموکراسیدا. بەتایبەتی چونکە سەختی ململانێکە لە دوای ئەسەد هیچی کەمتر نییە لە دەمی دیکتاتۆری ئەسەددا.

بە واتایەکی تر نابێ تووشی شاشی ئەوەبین وا بزانین سوریای دیموکراسیی یەکسانە بە دابینکردنی مافەکانی کورد، بەڵکو دەبێ لەو چوارچێوەیەدا سەیری بکەین کە وێستگەی دیموکراسیی سەکۆیەکە بۆ باسکردنی مەسەلەی کورد،

دەرفەتێکە بۆ گەشەکردنی سیاسەتی کوردایەتی. دەرفەتێکە بۆ ناسینەوەی کوردی سوریا بۆ خودی خۆی و بۆ کێشەی خۆی کە نە کێشەیەکی گشتگیری سورییە و نە کێشەیەکی وابەستەی کێشەی کوردستانەکانی تر و حزبەکانیانە. دەرفەتی دیموکراسیی لە کوردستانی سوریا گەلاڵەی سەرکردایەتی مەیدانی و کادر و هەڵسوڕاوی دیموکراتی دەکات کە دەبێتە یەدەك بۆ بزووتنەوەی سیاسیی لەو بەشەی کوردستاندا.

دەبێ کوردستانی سوریا ئاگاداری ئەوەش بێت چۆن بە قودرەتمەندی تایبەتی ماددی ومەعنەوی بەشە کوردستانەکەی خۆی کۆنترۆڵ بکات و بە ئاسانی مل بۆ دەزگاکانی سوریای دیموکراتی نەدات. چونکە با ئەو دامودەزگایانە دیموکراسیش بن، سەرەنجام گوزارشتن لە ناسیۆنالیزمی سوری و ناتوانن نوێنەرایەتی خەیاڵدانی کوردایەتی کوردی سوریا بکەن. گرنگە عەشیرەتە کوردەکان و بنەماڵە ناودارەکانی ئەوێ خۆیان بەهێز بکەن و کارێك بکەن کە حیساب بۆ کراو بن، چونکە لە قۆناغی دوای روخانی دیکتاتۆری و بەرەو دیموکراسییدا ناوەندەکانی هێزی کۆمەلایەتی زۆر جار دەتوانن ببنە ئەیقۆنە بۆ پاراستنی نەتەوە و دابینکردنی هێز بۆی. کۆمەڵگەی مەدەنی و رێکخراوەکانی بەس نین بۆ ئەو مەسەلەیە ئەوە زیاتر بۆ ماف وئازادییە کەسییەکان گرنگن بەلام ناوەندی کۆمەلایەتی و ماڵباتە سەنگینەکان گەلێك جار دەتوانن قودەرتمەندیی بگرنە دەست تەنانەت لە دەرەوەی "یاسا" و نەخشەکانی دەوڵەتی نوێی سوریا کە هەر چۆنێکی تەماشای بکەیت دەوڵەتی عەرەبەکانی سوریایە.

سوریای دوای ئەسەد تەنها نیشتمانی ململانێی دیموکراتی نییە، بەڵکو نیشتمانیی ململانێی هێز و قودرەتمەندی و پێکادادانی دامەزراوەکان و ناوچەکانی نفوزە بەو شێوەیەی وەکو لوبنانی لێ دێت: فیدرالیزمێك لەسەر ئەرزی واقیع.

بە پێچەوانەی کوردستانیی سوریاوە کە جۆرێك لە جەمسەرگیری و هێزی چەکی گەرەکە کوردستانی رۆژهەلات هێزەکەی لە کۆمەڵی مەدەنییدایە. هێزێکی نەرم ئەمما کاریگەر و بە جەوهەرە. کوردستانی رۆژهەلات هێزێکی گەورەی لە بن نەهاتووە نەك تەنها بۆ کوردایەتی بەڵکو بۆ کوردەواریش. ئاستی شارستانی و گەشەی کۆمەڵی مەدەنی لە کوردەواری رۆژهەلاتدا

وزەیەکی گەورەمان دەداتێ کە هێزی پەنهانی پتەوە بۆ کوردستانی داهاتوو. لەهەر دەرفەتێکدا کوردستانی رۆژهەڵات دەرفەتی هەڵسانەوەی سیاسیی بۆ برەخسێ دەبێ کوردایەتی، بەتایبەتی کوردایەتی چەکدار، ئاگاداری ئەو هێزە بێ. ئەزێتی نەدا و پەکی نەخاو نەیشەمزێنێ. ئەو هێزە دەبێتە چاودێر بە سەر کوردایەتییەوە و وای لێدەکات دەستوپەنجەی لەگەڵدا نەرم بکات، لە جێی ئەوەی کوردایەتییەکی بێ رۆح و گیان بێت.

شێوانی کوردەواری لە باشووری دوای راپەڕینی ١٩٩١ بۆشایەکی گەورەی دروستکردبوو کە ئاسەواری بەسەر کوردایەتی چەکداریشەوە، لە دەمی شەڕی ناوخۆی نێوان ١٩٩٤-١٩٩٨دا، دیار بوو. ئەمەش ئەو وەختە بوو کە ئەو کوردەوارییە لاوازە بە سەربازگەکراوەی باشوور نەیتوانی وەك ئیسفنجێکی نەرم توورەیی و ناکۆکی شەڕی ناوخۆیی قووت بدات.

کوردایەتی رۆژهەڵات نابێ بە نەفەسی ملکەچکردنی کوردەواری ئەوێ بۆ خەسڵەتەکانی خۆی مامەڵە بکات. بە تایبەتیش لە ناوچەکانی سنە و کرماشان و ئیلام کە تازە کوردایەتی لەوێ قوڵپ دەدا و گەشەی کردووە. ئەم هێزە نەرمە یەدەکێکی گەورەشە بۆ باشوور و باکوور وەختێك دەورانی یەکێتی نەتەوەیی گەشە دەکات. ئەم هێزە نەرمەی رۆژهەڵات هێزی خاو و لەسەرخۆیە، هێزی شۆڕشگێڕی پەلەکەر نییە لە دەستکەوتەکان، بەڵام ئەو دەستکەوتانەی کە بەدەستی دێنێت، با خاوە خاویش بێت، دەستکەوتی قایم و جێگیرن.

باکوور، بەپێچەوانەی رۆژهەڵاتەوە، کوردایەتییەکەی بەسەر کۆمەڵی مەدەنیشدا زاڵ بووە، دیموکراسی تورکیا دەرفەتە بۆ کوردایەتی و دیموکراسیی لە باکوور کە سیاسەتی دەستپێشخەرییان هەبێت و هەمیشە کارێك بکەن کوردستانی ئەوێ گەشاوە و ئامادە بێت. چ بۆ ئۆتۆنۆمی یان کۆنفدرالییەکی سەنگین لەگەڵ تورکیا و لەگەڵ کوردستانی باشووردا ئەگەر تورکیا ژیر و ئاقڵمەند بێت.

لەو هەڵسەنگاندنە کەمتر هاتینە سەر چانسەکانی بەردەم باشوور لە پەیوەند بە دۆزی پەیوەندی لەگەڵ عیراقدا. چونکە عیراق جەمسەرگیری خۆی لە دەست داوە و بەرەو دابەش و کەرتکردنە. بۆیە فیدرالی و یەکێتی ئارەزوومەندانە

تەواو بووە لەبەر ئەوەی عێراق لە کاروانەکە دوا کەوت و ئەو نێوەندێتییەی جارانی لە دەست دا. دابەش وکەرت دەبێت تەنها لەوەدا لەگەڵ کورد پەیوەندی دەبێت کە جیابوونەوەیەکی نەرم بکەن لە ڕێی سەفقەی کەرکوکەوە، یان شەڕێکی گەرم چاوەڕێی دەکات بۆ یەکلاکردنەوەی پرسی کەرکوك بە هەموو دەسکەلا یاسایی و قودرەتمەندییەکانی کە لە بەردەست بن.

دەبێ عیراقیش دەرك بەو واقیعە بکات کە دۆسێی کەرکوك تاقە چانسی مانەوەی کوردستانە لە چوارچێوەی عیراقدا. ئەگەر کەرکوك بەشێك بێت لە کوردستانی فیدراڵ، لە ناو عیراقدا، ئەوا یەکێتی عیراق پارێزراو دەبێ. دەنا کورد زویر دەبێ و ئەوسا دەوڵەتی کوردی لە چواچێوەی نەك هەرێمی ئێستا، بەڵکو لە چوارچێوەی شارەوانی رانیەشدا شەرافەتمەندانەترە لە مانەوەمان لە چوارچێوەی عیراقێکی دیموکراسی، کە کوردستانە فیدراڵەکەی، کەرکوکی لە دەست دابێت.

# پاشکۆ (١)
# قوربانی و جللاد، بوعەزیزی وفادیە

فادیە حەمدی کچە پۆلیسێکە لە ولایەتی سیدی بوزید، لە تونس، کار دەکات. بە گوێرەی ئەو زانیارییە کەمانەی لەسەر وی هەیە تا ئێستا شووی نەکردووە و تەمەنی ٣٥ساڵە. بە هۆی ئەو شەقازلەی سرەواندییە بناگوێی محەمەد بوعەزیزی و بووە مایەی خۆسوتاندنی بەسبوس، وەك كەسوكار ناویان لە بوعەزیزی ناوە، بڵێسەی شۆرش لە تونس کڵپەی سەند.

سالم برای محەمەد بوعەزیزی دەربارەی ئەوکەنیشکە پۆلیسە بە رۆژنامەی ئەلمیسری ئەلیەومی وت: محەمەدی برام حەوت ساڵە گیری خواردبوو بە دەست ستەمی دار ودەستەی شارەوانییەوە بە سەرۆکایەتی فادییە حەمدی و فەربانبەرێکی تر بە ناوی سابیرەوە. ئەوانە هەفتەی دوو رۆژ دەستیان بەسەر شتومەکەکانیدا دەگرت. سالم درێژەی پێدا: لە رۆژی قەومانەکەدا، وەك هەموو جار فادیە حەمدی لەگەڵ سابری یاریدەدری هات و لەرێی مەحزەرێکی شارەوانییەوە کەلوپەلەکانی برا کەمیان برد. بۆیە محەمەد تەلەفۆنی بۆ خاڵە دەرمانسازەکەمان کرد و هانای بۆ برد. ئەوەبوو خاڵم قسەی تێدا کرد و شتەکانی بۆ وەرگرتەوە. بەڵام پاش ١٠ دەقیقە جارێکی تر هاتنەوە و دەستیان بەسەر شتەکاندا گرتەوە.

وەختێك محەمەد ویستی لەگەڵ فادیە قسە بکا، ئەم زللەیەکی تێسرەواند و سابریش چەند شەقێکی تێهەڵدا. بەوەشەوە نەوەستان، بەڵکو کێشایان بە لوتییا

تا خوێن فیچقەی هات لەو کاتەی تاوەکو بارەگای شارەوانی دوایان کەوت. چووە سەرەوە بۆ نووسینگەی کاتبی گشتی شارەوانی بۆ ئەوەی سکاڵایەك تۆمار بکات، کەچی ئەمیش پێی وت: چڵکن قسەم لەگەڵ مەکە!

سالم وتیشی: پارێزگار رازی نەبوو پێشوازی لێ بکات وگوێی لێ بگرێت. لە ناخەوە کوڵی دڵی گڕی گرتبوو و هاواری دەکرد. ئینجا نەوتی هێناو ئاگری لە جەستەی خۆی بەردا. ئەو دەسووتا کەچی پاسەوانی پارێزگـــا پێدەکەنی. تەنانەت کە ویستیشیان نەجاتی بـــدەن، ئاگرکوژێنەوەکەی پارێزگا بەتاڵ بوو.

ئەو زللەیەی کاکم خواردی بووە هەوێنی  بیرکردنەوەی لە خۆسووتاندن. نەریتی هۆزی هەمامەش وایە: ئەوی ژنێك زللەی لێ بدات کراسێکی لەبەر دەکەن.

سالم و بنەماڵەکەی سوورن لەسەر راونانی  فادیەی پۆلیسەوان و دادگایی کردنی لەبەردەم رای گشتی جیهاندا. بۆیە وتیشی : ناهێڵم لە دەستم دەربازی بێت. تەنانەت پاسەوانی پارێزگا کە بە کاکم پێدەکەنی وەختێك دەبووە جەستەی بووە بریان، هەروەها سەرۆکی شارەوانی و کاتبی گشتی شارەوانی و پارێزگار، ئەمانە هەموویان خەونەکانی براکەمیان لە ژیان لەبار برد. داوا لە پارێزەرە شەرا فەتمەندەکانی تونس و هەموو وڵاتانی عەرەب و جیهان دەکەم لیژنەیەك دروست بکەن و یارمەتیم بدەن.

جێی باسە حاجی منوبیەی دایکی محەمەد بوعەزیزی پێشتر لە دیدارێکی رۆژنامەی خەبەری جەزائیریدا  داوای کردبوو چاوی بە فادیە حەمدی بکەوێت. دایك گوتبووی: ئەمەوێت ئەو کچە پۆلیسە ببینم کە لە محەمەدی دابوو. بۆ ئەوەی لێی بپرسم ئەو زوڵمەی بۆ کرد؟ لەبەردەم گەلدا دادگایەکی ئاشکرا بکرێت.

**لە ئاژانسەکانەوە**

# پاشکۆی (٢)
# ڕەوتی بەهاری عەرەبی لە سەرەتاوە تا کۆتایی

-١٧ی کانوونی یەکەمی ساڵی ٢٠١٠: محەمەد بوعەزیزی ئاگری لەجەستەی خۆی بەرداو ئەمەش بووە ئەنگێزەی خۆپیشاندانەکانی سەرتاسەری تونس.

- ١ی کانوونی دووەمی ساڵی٢٠١١: تەقاندنەوەی کلێسای قدیسین لە ئەسکەندەرییە لە وڵاتی میسر.

-٤ی کانوونی دووەم: بوعەزیزی بە هۆی سەختیی برینەکەیەوە وەفاتی کرد.

-٩بۆ ١٥ی کانووی دووەم: راپرسی لەسەر چارەنووسی باشووری سوودان بۆ یەکێتی ئارەزوومەندانە، یان سەربەخۆیی و پێکهێنانی دەوڵەتی سەربەخۆ.

-١٤ی کانوونی دووەم: هەڵهاتنی زەین ئەلعابدین بن عەلی بۆ سعودییەو سەرکەوتنی راپەڕینی تونس.

هەمان رۆژ: دەستپێکردنی نارەزاییەکانی بەحرین.

-٢٥ی کانوونی دووەم: دەستپێکردنی راپەڕینی گەلی میسر.

-٢٨ی کانوونی دووەم: هەینی توڕەیی لە میسر کە پەرەسەندنێکی چۆنایەتی بوو لە بەرەنگاربوونەوەی رژێمی حوسنی موبارەك.

-٣ی شوبات: دەستپێکردنی شۆڕشی یەمەن لە دژی سەرۆك عەلی عەبدوڵلا ساڵح.

-١١ی شوبات: عومەر سلێمان جێگری سەرۆك كۆماری میسر وازهێنانی محەمەد حسنی موبارەكی راگەیاند. ئەم موژدەیە بووە مایەی ئاهەنگ وخۆشی لەگۆڕەپانی تەحریری میسر.

-١٦ی شوبات: دەستپێكی شۆڕشی لیبیا.

-١٧ی شوبات: بە بیانووی پشتیوانی لە شۆڕشی گەلی تونس و میسرو هەندێك داخوازی جەماوەرییەوە گروپێكی سەر بە ئۆپۆزسیۆن گردبوونەیەكیان لەبەر دەركی سەرای سلێمانی سازكرد كە دواتر بووە خۆپیشاندانێكی بەلارێدابراو كە توندوتیژی زۆری لێكەوتەوە.

-١٥ی ئادار: دەستپێكی راپەڕینی گەلی سوریا.

-٢ی مایس: وڵاتە یەكگرتووەكانی ئەمریكا كوشتنی ئوسامە بن لادن سەرۆكی رێكخراوی قاعیدەی راگەیاند كە سەبەبكاری كردەوە تیرۆریستییەكانی ١١ی سێپتەمبەر بوو.

-٥ی مایس: عەلی عەبدوڵڵا ساڵح سەرۆكی یەمەن بۆ چارەسەری، دوای بریندار بوونی لە تۆپبارانكردنی مزگەوتێكی ناو كۆشكی سەرۆكایەتییدا، چووە وڵاتی سعودییە.

-١ی تەمووز: دوای ئەوەی محەمەدی شەشەم پادشای مەغریب چاكسازیی دەستووریی راگەیاند، لەو رۆژەدا راپرسی لەسەر كرا.

-٩ی تموز: جاردانی سەربەخۆیی باشووری سوودان.

-٣-ی ئاب: دادگایی كردنی موبارەك و كوڕەكانی و دار ودەستەكەی دەستپێكرد.

-٢١ی ئاب: چەكدارەكانی ئۆپۆزسیۆنی لیبیا چوونە ناو تەرابلوسی پایتەختەوە.

-٢٠ تشرینی یەكەم: ئەنجومەنی گواستنەوەی لیبیا كوشتنی موعەمەر قەزافی سەرۆكی لیبیای راگەیاندو بەمە حوكمی قەزافی لە تەواوی لیبیا كۆتایی پێ هات.

-٢٣ی تشرینی یەكەم: دەستپێكی ژیانی دیموكراسی لە تونس، هەڵبژاردن كرا و حزبی نەهزە، بە سەرۆكایەتی راشد ئەلغەنووشی، گرەوی بردەوە.

-٢٣-ی تشرینی دووەم: عەلی عەبدوڵڵا ساڵح و نوێنەرانی ئۆپۆزسیۆن لەسعودیە ئیمزای دەستپێشخەری کەنداویان کرد کە بریتییە لەوازهێنانی ساڵح و پێکهێنانی حکومەتێکی سازان لەنێوان ئۆپۆزسیۆن و حزبی حوکمڕان، کۆنگرەی میللی، بە مەرجێك سەرۆك وەزیرانەکەی لە ئۆپۆزسیۆن بێت.

-٢٥ی تشرینی دووەم: هەڵبژاردن لە مەغریب کرا و حزبی عەدالەت وتەنمییە بردییەوە.

٢٨ی تشرینی دووەم: دەستپێکی هەڵبژاردن لە میسر کە دەرەنجام گرووپی ئیخوان موسلیمن، حزبی عەدالەت و ئازادی، پلەی یەکەمی بەدەستهێنا.

-١ی کانوونی یەکەم: ئاهەنگێك بۆ خواحافیزی هێزەکانی ئەمریکا بە بەشداری سەرۆکی عیراق جەلال تاڵەبانی، جۆبایدن جێگری سەرۆکی ئەمریکاو نوری مالیکی سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیرانی عیراق و بەمەش ئەمریکا بەرەسمی کشانەوەی خۆی جێبەجێکرد. کشانەوەی ئەمریکا هەلومەرجی پەیوەندی شیعەو سوننەی ئاڵۆز کرد. سەرەنجام کۆپی سوننی بەهاری عەرەبی لەناوچە سوننیەکانی عیراق دەستی پێکرد.

## پەراوێزەکان

١-باراج خانا، العالم الثاني – السلطة و السطوة في النظام العالمي الجديد – الدار العربية للعلوم – ناشرون (٢٠٠٩) ل١٧.

٢-ليليا سيفشوفا، روسيا بوتين، الدار العربية للعلوم-٢٠٠٦، وەرگێڕانی بەسام شيحا، چاپی یەکەم ل٤٥٥.

٣-هەمان سەرچاوە،ل٤٥٣.

٤-ميانع شايا، الدالای لاما – الرجل، الراهب و الروحانی – خفايا واساطير التيبت، وەرگێڕانی سعيد محمد الحسنية- چاپی یەکەم ٢٠٠٨ – ل١٣٦.

٥-باراج خانا – العالم الثاني ل١٤٢-١٤٣.

٦-سيباستيان سميث، جبال لله- الصراع على الشيشان – ترجمة مروان سعدالدين. الدار العربية للعلوم- بيروت-٢٠٠٧، چاپی یەکەم –ل٢١٣.

٧-ستران عەبدوڵڵا، بەتەنيشت سياسەتەوە - (١٠١) وتاری رۆژنامەنوسییە. لە چاپکراوەکانی دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم. زنجيرە (٤٣) لە سالی ١٩٩٩-ل١٥٨ -وتاری (چاچانییەکان – بردنەوەی گرەوی جياوازيکردن).

٨-ئەسنی سپيرستاد-ملاک گروزنی، بارقه امل فی ظلمة الشيشان، ترجمه افنان سعدالدين – الدار العربية للعلوم، ٢٠٠٩ل٧٧.

٩-رووسيا بوتين، سەرچاوەی پێشووتر ل٤٥٦.

١٠-يوشكا فيشر، عودة التاريخ (العالم بعدالحادي عشر من ايلول وتجديد الغرب – نقله الى العربية د.هانی صالح-مكتبة العبيكان السعودية سالی ٢٠١١چاپی (٢) ل٢٧٢.

١١-جمال نبز- المستضعفون الكورد و اخوانهم المسلمون – چاپی دووەم- سليمانی ل٥٤.

١٢-هەمان سەرچاوەی پێشوو ل٦٠.

١٣-كۆمەڵە – گۆڤاری ماركسی – لنينی كوردستان، ژمارە دووی ساڵی ١٩٧٩-وتاری

سەرەکی (بۆ لێدوان و لێکۆڵینەوە، دەربارەی پێویستی بوونی ڕێکخراوی تایبەتی چینی کرێکار و رەنجدەرانی کوردستان)ل١.

١٤-د.رفعت السعيد- اليسار — الديمقراطية والتاسلم، مطبعة الاهالي، ساڵی ١٩٩٨ ل ١٠٣.

١٥- هەمان سەرچاوە ل١٦٦.

١٦-مصطفى اكيول، مستقبل تركيا داخل نطاق الحضارة الاسلاميه-جريدة الشرق الاوسط (٢٠١١/١١/٩).

١٧-محمد بايراقدار — (ئيدريس بدليسی) وەرگيرانی شكور مستەفا. دەزگای ئاراس، چاپی دووەم ٢٠٠٩ ل٢٠.

١٨-حەسەن مەحمود حەمەکەریم —مەلا ئیدریسی بەدلیسی-ڕۆلی لە یەکخستنی میرنشینە کوردیەکاندا، بڵاوکراوەی پرۆژەی تیشک، چاپی یەکەم، ساڵی ٢٠٠٨-ل٩٣.

١٧-هەمان سەرچاوەی پێشوو ل٨٩.

# یان کوردستان یان کوردستان

## سەرخستنی پرۆژەی سەربەخۆیی بە ڕێی دژواریی سیاسیدا



**بۆ لیدا**
**تۆ وەك ئێمە مەبە،**
**کەنیشکە جوانەکەی باوکی، تۆ نەوەی سەربەخۆیی بە.**

بانگەواز پێشەکی ناوێ، لەبەر ئەوە ئەم بانگەوازەش بێ پێشەکی شەرحی حاڵی خۆیەتی. بانگەوازێکە بۆ سەربەخۆیی بە هەندێک تێبینییەوە کە بەهای سەربەخۆیی کوردستان بەرزتر دەکات، نەک نەوی. لە هەندێک بڕگەدا بۆ ئەوە مەترسییەکان نیشان دەدات تا پەرۆش بین بۆ تێپەڕاندنی مەترسییەکان، نەک بە چۆکداهاتن لە ئاستیدا. لە هەندێک بڕگەشدا دروشمی سەربەخۆییەکی کرچو کاڵی بێ ئاسۆی رۆشن لە قاو دەداو تێزی سەربەخۆییەکی شایانی قوربانیی گەلی ئازادیخوازی کوردستان دەخاتە ڕوو.

ئەم بانگەوازە نوقسانە، چونکە هیچ پرۆژەیەک کامڵ نییە، ئەگەر ئیدعای کامڵبوونیش بکات. خاوەنەکەی هیوادارە هەر کەموکوڕی و نوقسانییەک ببێتە ئەنگێزەی مشتومڕو ڕاستکردنەوە. ئاخر دەوڵەمەندکردنی گفتوگۆ لەسەر سەربەخۆیی کوردستان دەبێتە بەشێک لە تۆمارەکانی دامەزراندنی کۆماری کوردستان. ئەو خوشک و برایەی ڕوانینەکانی ئێرە بەرپەرچ دەداتەوە. نووسەرەکەی منەتبار دەکاو لەگەڵ ئەویشدا ئەجری خزمەتی هەردووکیان دووقات دەبێت.

کەموکوڕی بۆچوونەکان و سەرچیخ چوون لە شرۆڤەدا هەر نووسەر لێی بەرپرسیارەو هیچ کەسێک لەم تاوانەدا بەشدار نییە.

ڕاستێکەی:

لە دەرەوەی پابەندنێتی حزبی و بۆ بازنە فراوانەکەی کوردستانێتی، کۆمەڵێک بیروڕا هەبوون، گوتم با لە سینەی دڵدا نەمێننەوە.

**تەمموز-ئابی**
**٢٠١٦**

# وێستگەی یەکەم

## باسی ئـەمرۆی سەربەخۆیی لە چییەوە هاتووە؟

باسکردنی ئەنگێزەکانی گەرمبوونی بژاردەی سەربەخۆیی و ویستی جێبەجێکردنی ئەم بژاردەیە زۆر گرنگە، چونکە ئەمە رێگا بۆ چارەسەرکردنی بیرورِای جیاواز لەسەر پرسی سەربەخۆیی و بەریەککەوتنی خیتابی سیاسی لایەنەکان دەکاتەوە کە هیوا دەخوازرێت بەریەککەوتنێکی نەرمونیان بێت، لە ئاست ئەم پرسەدا.

بۆچی ئەمرِۆ لەناو دەستەبژێری سیاسیدا باسی سەربەخۆیی دەکرێت و بۆچی دوێنێ باسی نەدەکرا؟

سەرەتای بزووتنەوەی هاوچەرخی گەلی کوردستان، بە تایبەتیش دوای جەنگی یەکەمی جیهان، دروشمی تێکۆشانی شۆرشگێرِانەی گەلەکەمان، لە سەرتاسەری کوردستاندا، سەربەخۆیی بوو.

سمکۆی شکاك، لە رۆژهەلاتی کوردستان، ئەم دروشمەی هەبوو.

-مەلیك مەحموودی حەفید، چەند کابینەی حکومەتی پادشایی داناو لە هەمووشیاندا خۆی وەك پادشای کوردستانی سەربەخۆ دەناساند.

-شۆرِشی شێخ سەعیدی پیران لە باکوورو دوای ئەوەش شۆرِشی ئارارات، بە سەرۆکایەتی جەنەرِاڵ ئیحسان نوری پاشا، دروشمی هەردووکیان کوردستانی سەربەخۆ بوو.

راپەرِینەکانی بارزان ئەگەرچی خەباتێکی رەواو بەشێکی زنجیرەی تێکۆشانی کوردایەتیە، بەڵام بۆ سەربەخۆیی نەبوو، راپەرِینی دەرسیمیش پەرچەکرداری داگیرکاریو زوڵمو زۆری، گوایە نوێبوونەوەی، تورکیای کەمالیستی بوو.

دوای جەنگی دووەمی جیهان کە ئیتر دەوڵەتەکانی ناوچەکە شکڵی ئێستای خۆیان وەرگرت، مەسەلەی کورد، لە هەر بەشێکی کوردستان، لە قاڵبدراو بزووتنەوەی شۆڕشگێڕی هەر بەشێکی کوردستان بەرنامەو ستراتیژی بۆ بەشی خۆی دانا. بزووتنەوەی کوردستانی رۆژهەڵات لە دامێنی شەڕی جیهانی دووەمدا دوا بزووتنەوە بوو بۆ بەرجەستەکردنی سەربەخۆیی کە کۆماری کوردستانی لە مەهاباد دامەزراند. ئەم بزووتنەوەیە ئەگەرچی کۆماری پێکهێنا، بەڵام ئەندێشەی سەرەتاکەی و کۆتاییەکەی وەکو یەك نەبوو، بەڵکو گوزارشت بوو لە قۆناغی ئینتیقالی لە چارەنووسی مەسەلەی کورد لەنێوان دوو دەورانی دوای جەنگی یەکەم (سەربەخۆیی )و دوای جەنگی دووەم (ئۆتۆنۆمی ). ڕەوتی پێکهاتن و ژانی لەدایکبوونی کۆمار سەرەتا بۆ سەربەخۆیی بوو(لە کۆمەڵەی ژێکافەوە بۆ دروستکردنی حزبی دیموکرات) لە دواییدا بەهۆی تەگبیرە کۆنەپەرستانەکانی دوای جەنگی دووەم دانوستانەکان بەرەو ئەوە دەچوون ببێتە (حکومەتی خۆماڵی و خود موختاری) لە ناو ئێرانێکی پادشاییدا .نەوتی ڕژاوی رێککەوتنی قەوام ئەلسەڵتەنەو ستالین چارەنووسی کۆماری تاقانەی ئالودە کرد.

ئیتر لە دوای جەنگی جیهانی دووەمەوە دروشمی کوردستانی سەربەخۆ نەماو ئامانجەکان لە نێوان مافی نەتەوەیی، یەکسانی و مافی رۆشنبیری هاتوچۆیان بوو. ئینجا دروشمی ئۆتۆنۆمی و خودموختاری لە دوو بەشی کوردستانی رۆژهەڵاتو باشوور دیاری کرا. باکووریش کە دوای دەورانی بێدەنگی و سەرکوتی کەمالیستی جارێکی تر حزبی دامەزراندەوە، پارتی دیموکراتی کوردستانی تورکیا، لە پێشدا کۆپی دروشمی ئۆتۆنۆمی کردو دواتر لەگەڵ سەرهەڵدانی بزووتنەوەی چەپی کوردستانیی وەك پەرچەکردارێك بۆ مەیلی کەمالیستی چەپی تورك، پەکەکەو نزیکەی هەموو حزبەکانی باکوور، دروشمی سەربەخۆییان زیندوو کردەوە.

حزبەکانی تر گۆڕەپانیان چۆڵکردو هەر پەکەکە، بە شۆڕش و بە دروشمی سەربەخۆیی خۆیەوە، لە گۆڕەپانەکەدا مایەوە. لە دەورانی دروشمی سەربەخۆییشدا پەکەکە لە بیقاعی لوبنانیەوە(ئاداری ١٩٩٣) گەڕێکی ئاشتی دەست پێکرد

که نەگەیشتە ئاستی دانوستاندن.  لەو وێستگەیەدا ئۆجەلان بێ ئەوەی واز لە سەربەخۆیی بێنێت ئاماژەی بەوەدا کە دەکرێ تورکیا ببێتە قەوارەیەکی فیدراڵی بۆ کوردو تورك، لە چوارچێوەی یەك کۆماردا. دوای گرتنی ئۆجەلان لە نایروبی (شوباتی ساڵی ١٩٩٨) پەکەکە لە چوارچێوەی کۆمەڵێك پێداچوونەوەدا بۆ ڕازیکردنی سیاسەتی ئیقلیمی تا لە کەیسی چاککردنی ڕەوشی ئۆجەلان و ئاشتکردنەوەی پەکەکە لەگەڵ ڕەوتی دانوستاندن و کەینوبەینی سیاسەتی نێودەوڵەتیدا ئامادەگی بپارێزن، دەستبەرداری دروشمی سەربەخۆیی بوو. نهاش خەباتە دژوارو کاریگەرەکەی باکوور بۆ مافە نەتەوەییەکانو قەوارەیە لە چوارچێوەی تورکیادا، نەك سەربەخۆیی، کە ئەمەش عەیب نییەو بەشێکە لە سیاسەتی قۆناغبەندی چارەسەر.

لە باشووری کوردستان یەکێتی نیشتمانیی کوردستان یەکەم هێز بوو دروشمی مافی چارەنووسیی بەرز کردەوە. دەزانرێت کە یەکێتی لە دانوستاندنی ١٩٨٤ لەگەڵ حکومەتی بەغدا ئۆتۆنۆمی ڕاستەقینەی خواست. دوای هەڵپەساردنی گفتوگۆ لەگەڵ بەعس گەڕێکی دیکەی چالاکی پێشمەرگانە هاوشانی جاڕدانی ڕەسمی ستراتیژی مافی چارەنووسی گەلی کوردستان بوو. لە یەکەم هەڵبژاردنی ساڵی ١٩٩٢، لە کوردستانی ئازاد، یەکێتی ئەم دروشمەی لە شێوەی یەکێتییەکی فیدرالیدا فۆرمەڵە کرد. تا هەموو هاوبەشەکانی ئەزموونی دوای ڕاپەڕینی قەناعەت پێکرد ئەم بژاردەیە بۆ ئەو قۆناغە باشترە لە ئۆتۆنۆمی.

لەسەر ئەو بنچینەیە پەرلەمان و حکومەتی هەرێم پێکهات، لە ١٩٩٢/١٠/٤یشدا دەزگای هەڵبژێردراوی پەرلەمان، پشت بەستوو بە دیباجەیەکی مێژوویی، جاڕی فیدرالی لەگەڵ عیراق دا. لە ساڵی ٢٠٠٥ ئەم فۆرمە فیدرالییە لەگەڵ کۆمەڵێك ئیستحقاقی تردا، لە دەستووری تازەی عیراق، جێگیر کرا.

لەم کەینوبەینەدا رۆژئاڤای کوردستان نەك دروشمی سەربەخۆیی، بەڵکو لەبەر هەڵکەوتەکەی لە سوریا، خاوەنی بزووتنەوەی سەربەخۆی خۆشی نەبوو وزەی گەرمو گوڕی کوردایەتی لەوێ لە خزمەتی هاوکاری و بەشداری شۆڕشی بەشەکانی تری کوردستان، لە باکوورو باشوور، خەرج دەکرا. بەڵام دوای ماجەرای بەهاری عەرەبی ئیتر رۆژئاڤا بووە خاوەنی بزووتنەوەی کاریگەری

خۆی. ئێستا کانتۆنەکانی ئەوێ هەوڵدەدەن لە چوارچێوەی فیدرالییەکی تایبەتدا خۆیان ڕێکبخەن و نەبەردی یەکلاکەرەوە هێشتا ماوەیەتی.

ئەم پێداچوونەوەیە بە مێژووی ستراتیژەکانی کوردایەتی، لە هەر بەشێکی کوردستاندا، وەبیرهێنانەوەی ڕەوتێکی زانراوە، بەڵام باسکردنی بۆ ئەوەیە بیسەلمێنین بەرزکردنەوەی، یان دواخستنی دروشمی سەربەخۆیی پەیوەستی هەلومەرجی (کوردستانەکانە) لە هەر دەورانێکدا، هەڵگرتنی ئەم دروشمە لە دەورانێکدا بەڵگەی دڵسۆزییەکی زیاترو دواخستنیشی لە دەورانێکی تردا بەڵگەی نادڵسۆزیی و تەنگبینی نییە. بەڵکو پەیوەستی دۆخی کوردستان و خوێندنەوەی هێزە سیاسییەکان و سەرکردەکانی کوردە بۆ ئەم دۆخە کە داخۆ چەند گونجاوە بۆ کام دروشم؟

نە شێخ سەعیدو شێخ مەحمودو سمکۆی شکاك لە کۆڕی هەڵسەنگاندندا خۆیان بەدڵسۆزتر دەزانن لە قازی محەمەدو د. قاسملۆو د. شەرەفکەندی و نە خۆشیان بە کەمتر دەزانن.

سەرکردایەتی شۆڕشی ئەیلول بە سەرۆکایەتی مەلا مستەفا بارزانی ماوەیەکی بەرچاوی لە ڕەوتی تێکۆشانی کوردستانی باشوور پڕ کردۆتەوە، کەچی دروشمی سەربەخۆیی نەبوو کە ئێستا وا وێنا دەکرێت دروشمی سەربەخۆیی دروشمێکی دێرینە لە شۆڕشەکانی بارزان و شۆڕشی ئەیلولدا. د.عەبدولرەحمان قاسملۆ لە پێناوی کێشەی کورد لە کوردستانی رۆژهەڵات لە ڤییەنای پایتەختی نەمسا شەهید بوو، عەبدوڵڵا ئۆجەلانیش لەو پێناوەدا زیندانی هەتاهەتایی کراوە. نە خودموختارییەکەی قاسملو بەڵگەی کەم دڵسۆزییەتی و نە دروشمی پاشەکشێ پێکراوی سەربەخۆییش بەڵگەی کەمو زۆری دڵسۆزیی ئۆجەلانە کە ئێستا ڕەمزی کوردایەتییە لە باکوور و لە رۆژئاڤاش. بەڵکو هەڵگرتنی دروشم پەیوەستی گەشەی خەبات و شڵەژاویی داگیرکەرو باش یان تەنانەت خراپ خوێندنەوەی دۆخەکەیە لەلایەن سەرکردایەتی سیاسییەوە کە بە ڕەسمی و بە دیفاکتۆی مێژوویی بزووتنەوەی کوردایەتی بەڕێوە دەبات.

بۆیە دەکرێ بڵێین باسی ئەمڕۆی سەربەخۆیی دەربڕی زانین و خوێندنەوەی پێدراوە تازەکانی ناوچەکەو کوردستانە. ئەم پێدراوانە نهێنی نین و لەبەردەستی

هەموو لایەنەکانە، هەمووشیان ئەم پێدراوانە هەڵدەسەنگێنن و لەسەر بنچینەکەی بڕیار دەدەن و هەڵوێست وەردەگرن. کەس لەویتر شارەزاترو بە ئیرادەترو دڵسۆزتر نییە، وەکو هەندێك میدیای ئاڕاستەکراو وێنای دەکەن. ئەمە بابەتێکی نهێنی و داپۆشراو نییە. بەڵکو باسێکە ڕەهەندی میللی فراوانی وەرگرتووە.

جا ئەگەر هێزێك، یان میدیاو ماشێنی میدیایی هەر هێزێك، باسی ئەمڕۆی سەربەخۆیی وەك دۆزراوەو بیردۆزی خۆی، وەك ئاگاهی خۆی لە پێدراوەکانی ڕەوشی سیاسیی ناوچەکە دەربخات گوایە کەسی تر پەی پێ نەبردووە، هەم ململانێ لەسەر شتێکی لاوەکی دەکات کە پەیوەندیی بە جەوهەری سەربەخۆیی و پێویستی یەکخستنی هێزی کوردایەتی بۆ ئەم مەبەستەوە نییەو هەم ئیدعای جۆرێك لە ژیری و زیرەکی و (لە خۆ ڕازیبوون) نیشان دەدات کە نابێتە ئاماژەیەکی پرشنگدار، بەڵام دەبێتە فاکتەرێکی بێزارکردن، بە جۆرێك هێزەکانی کوردایەتی لە یەکتری تەوەللا دەکات، لە جیاتی ئەوەی لە دەوری ئامانجە پیرۆزەکە یەکیان بخات.

دە ئێستا با بپرسین پێدراوە بابەتییەکانی ئەمڕۆ چین کە وایان کردووە (سەربەخۆیی) لە رۆژەڤدا بێت و ئاماژەکانیشی وا دەرکەوتوون هەموو هێزە حەریفەکان، بە تایبەتیش دەربەستەکانیان، بە چاو بیبینن و هەستی پێ بکەن و بوێری ئەوە نیشان بدەن تا بڵێن کاتی جێبەجێکردنی ئەو ئامانجە هاتووە کە باوکە دامەزرێنەرەکانی کوردایەتی لە رابردوودا نەیانتوانیوە باسی بکەن و بەدیبهێنن، نەك لەبەر کەمتر دڵسۆزی، یاخود کەم ئیدراکی، بەڵکو لەبەر ئەوەی ئەم دۆخەی ئەمڕۆ ڕەخساوە پێشتر وا نەڕەخسا بوو.

# وێستگەی دووەم

## هەلومەرجی دەرو دراوسێ

ئەگەر لەسەر ئەنگێزەی سەرەکی گەشەی بیرۆکەی سەربەخۆیی لە کوردستانی باشوور بپێچینەوە ئەوا دەبێت ئەو ڕاستییە تاڵە بڵێین کە سەرهەڵدانی داعشو بەدواهاتووەکانی ئەنگێزەی هەرە سەرەکین، ڕاستە کە بیری سەربەخۆیی وەك ئومێدو وەك مافی ڕەوا لە دڵودەروونی کۆمەڵانی خەڵك و ئەندێشەی رووناکبیراندا هەر هەبووە، بەڵام، وەك لە بەشەکەی تردا روونمان کردەوە، ئەم بیرۆکەی سەربەخۆییە بە گوێرەی هەلومەرجی دژواری کوردستان پاشەکشێی کردووەو بە نوزەی کورت هاتۆتەوە پێشەوە، هاتنی داعش و بەزمە تێکدەرەکانی بۆ کوردستان بیرۆکەی سەربەخۆیی ژیاندەوەو بۆ لایەنەکانی تریش، کۆمەڵی ئیقلیمی و نێودەوڵەتی، ترس و هیواو خەونی دیکەشی هێنایەوە سەر هێڵ.

بێگومان داعش ئەم بەزم و رەزمەی بۆ سەربەخۆیی کوردستان نەکردووە، بۆ ئەوەی نەکردووە بە تێکشکانی سنوورەکان، بە شکستپێهێنانی سوپای عیراق و دامودەزگاکانی دوو دەوڵەتی سایەی حوکمی چڵساڵەی دوو بەعس، خەونی بڤەی کورد بژێنێتەوە. بەڵکو داعش ئەمەی بۆ خۆی کردووە، بەڵام کردارەکەی کاردانەوەی تریشی هێناوە.

بێگومان ئێمە بە دیار داعشەوە دانانیشین گوایە دوعای خێری بۆ بکەین چونکە سەر دەقی شکاندووەو چوارچێوەی درۆیەکی گەورەی تێپەڕاندووە، کە درۆی قەوارەی عیراق و سوریایە بەڵام کردەوەکانی داعش رۆڵی هەژانێکیان گێڕا کە دەکرێ لە چەند خاڵێکدا کۆیان بکەینەوە:

## داعش وەک دەرکەوتەی بەهاری عەرەبی

لە سەرەتاوە بەهاری عەرەبی (لە کانوونی دووەمی ساڵی ٢٠١١ەوە تەشەنەی سەند) پەیوەستی گۆڕینی جۆری پەیوەندیی نێوان گەل و رژێمە عەرەبییەکان بوو، شۆڕشەکانی بەهاری عەرەبی بۆ چاکسازی و بۆ گۆڕانی ئاشتیخوازانەو ئاڵوگۆڕی نەرم بوو لە حوکمڕانیدا.*

لە تونس و لە میسر سەرەتاکان وا بوون، بەڵام لە لیبیا توندوتیژی و پێکدادانی چەکدارانەی تێکەوت. لە سوریا لە ململانێی ئاشتیخوازانەوە بۆ گۆڕینی رژێم وەرگەڕا، بۆ جەمسەرگیریی مەزهەبی و ئینجا جەمسەرگیریی ئیقلیمیشی لێ کەوتەوە.

لە ماوەی پێنج ساڵی رابردووی ئەم بەهارە عەرەبییەدا بەرهەمی ئەم گواستنەوەیە لە گۆڕینی ئاشتییانەی رژێمەکانەوە بۆ گۆڕینیان بە توندوتیژی، ئینجا گۆڕینی پرەنسیپی "گۆڕینی رژێم" لەلایەن جەماوەرەوە بۆ ململانێی جەمسەرگیری مەزهەبی و ئیقلیمی، سەری کێشاوە بۆ ئەگەری گۆڕینی جوگرافیای قەوارە سیاسییەکانیش. داعش وەك کوڕی قاعیدە و لەدایکبووی زۆنی تیرۆرو تۆقاندنی ناوچە سوننییەکانی عیراق کە ئەم ناوچانە لەلایەن بەغدای شیعییەوە لە بەشداری سیاسیی فیعلی بێبەشکرابوون، ئەم داعشە یەکەم هێزی رێکخراو بوو کە دۆخی جەمسەرگیریی ئیقلیمی نێوان شیعەو سوننەو دۆخی شڵەژانی سیاسی و دۆخی لەکەداربوونی شەرعیەتی رژێم و دامودەزگاکانی حوکمڕانی قۆستەوە. دەستی دایە جێبەجێکردنی حوکمڕانی تیرۆرو تۆقاندن و سەپاندن لە غەفڵەتی گروپەکانی ترو مژوڵ بوونیان بە ململانێ لەسەر دەسکەوتەکانی دەست بەسەراگرتنی دەسەڵات و نفوزو ناوچەی حوکمڕانی.

لەم کەلێنانەوە، لە هەردوو وڵاتی عیراق و سوریا، بە جیاوازی ڕەوشی ناوخۆییان و ئاستی گەشەی پرۆسەی سیاسیانەوە کە سوریا هێشتا بەعس حوکمی دەکردو عیراقیش گوایە بەعسی لێ قاو دراوە، داعش دەستی بەسەر ناوچەیەکی فراواندا گرت و لە ناو دوو دەوڵەتی سایەی نەخشەی دوای سایکس

بیکۆدا، دەوڵەتێکی تازەی بە ناوی خەلافەتەوە ڕاگەیاند (٢٠١٤/٦/٢٩).
داعش ئەگەر دەسکەلای دەستی بیانییەکان بێت بۆ لەتوپەتکردنی وڵاتانی عەرەبی، وەکو هێزە ئیسلامیی و ناسیۆنالیستە عەرەبییەکان وێنای دەکەن، یاخود بەرهەمی کەلتووریی سیاسەت و فەرهەنگی ئەندێشەی عەرەب و ئیسلام بێت کە لە سەدەی بیستویەکدا قیت بۆتەوە. وەك زۆرێك لە ڕەخنەگرانی عەلمانی ڕەوشی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست شرۆڤەی دەکەن. هەرکامیان بێت، ئەوا بە دەرکەوتن و جارِدانی دەوەڵەتەکەی لە ناوجەرگەی عیراق و سوریادا وەك منداڵێکی لاسار زمانی بێ ئەدەبی و گاڵتە پێکردنی لە سیاسەتی دەقگرتووی دەوڵەتەکان دەرهێناو چەمۆڵەی لە سیاسەتی ڕەسمی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست نا کە  ئەم سیاسەتە ڕەسمییە بە ناوی دەوڵەتەکانیو بە سنووری جوگرافیای ڕەسمی ڕاستەوخۆ سپێردرابوو بە رژێمە ستەمکارەکانی بەرهەمی مەنداتی زلهێزەکانی دوای شەڕی جیهانی یەکەم بوون و بۆ ئەوان و بەوان جێبەجێ دەکرا. ڕاستە دەوڵەت نەتەوەکانی دوای جەنگی جیهانی یەکەم و دابەشکردنی کوردستان بەسەریاندا ویستێکی نەتەوە سەردەستەکانی ناوچەکە نەبوو، بەڵام لە گیانیان خۆش بوو و هاوکاری جێبەجێ بوونی بوون.
داعش لە عیراقی فیدرالی و تازەوە هات کە دوای رزگارکردنی لە دەستی سەدام حسێن هیوای رۆژئاواو لیبرالی ناوچەکە بوو بۆ بیناکردنی دیموکراسیی و رژێمی ژیرو دەربەست. بە جۆرێك ناوی (عیراقی هیواو ئاشتی) لێ نرا بوو. . با لە بیرمان بێت پێش دەنگدانەوەی ناوبانگی داعش، لە داگیرکردنی موسڵەوە، عیراق دوای کشانەوەی هێزەکانی ئەمریکا، لە ساڵی ٢٠١١، لە سایەی حوکمی زۆرینەی شیعەدا سەرکوتی خۆپیشاندانی زۆنی سوننەی کرد(لە رومادی تا حەویجە) لەسەر سنووری ناوچە دابڕێنراوەکانی کەرکوکیش ئۆپەراسیۆنی دیجلەی راگرتبوو دژی کوردستان، گوایە کوردستانیش پێویستی بە کێوماڵکردن هەیە نەوەك تیرۆری قاعیدە دزەی تێکردبێت!! ئەم دوو ڕووداوەش هەروەها ئۆپەراسیۆنی بەشائیر ئەلخەیر، دژی خانەقین، کەچەند ساڵێک پێش ئەوە کرا جوانترین گوزارشت بوون لە دارِمانی دووانەی (هیواو ئاشتی) لە عیراقی دیموکراتی و فیدرالدا. عیراقێك ملیۆنان دۆلار بۆ رزگارکردنی لە دیکتاتۆری

سەدام، بۆ هەڵبژاردنە دیموکراتییەکانی دوای پەسەندکردنی دەستوورەکەی بۆ سەرلەنوێ خستنە سەر پێی دامودەزگا بیروکراتیی و ئابوورییە داتەپیوەکانی خەرج کراو ئێستا هیچی لە هیچەوە دیار نییە. ئەوەی هەیە وڵاتێك لە گەندەڵیو لە گەندەیی و بێ پەروایی، کە عەرەبەکەی پێش کوردەکەی، شیعەکەی پێش سوننەکەی، هیچ ئومێدێکی، ڕاستەقینەیان پێ نەماوە.

## داعش ڕووتو قووتی کردنەوە

لەم چوارچێوەیەدا داعش ئاماژەیەکی زەق بوو بۆ پەککەوتنی رژێمە عەرەبییەکان، پەککەوتنی ئیدارەو دامودەزگاکانی کە دەوڵەتی نوێی عەرەبی، هیچ نەبێ لە رۆژهەڵاتی ئەوی پێی دەوترێ ناوچەی عەرەبی بە یارمەتی ئینگلیزو فەرەنسییەکان لە سەرەتای سەدەی بیستەمەوە دروستیان کردووە. ئەمەش سەری کێشا بۆ ئەگەری پەککەوتنی کاریگەری ئەم نەخشە جوگرافییەی تا ئێستا ناونیشانی رەسمی دابوو بە وڵاتەکانی ناوچەکە.

پەلهاویشتنی داعش هاوشانی دوو دەرکەوتنی سیاسیی بوو لە ململانێی جاڕسکەری نێوان هەرێمو بەغدادا. دەرکەوتنی یەکەم بڕینی بودجەی هەرێم بوو لەلایەن حکومەتی نوری مالکییەوە وەك سیاسەتێکی شۆڤێنی برسیکردن کە حوکمی زۆرینەی شیعە لە بەرامبەر کوردستاندا گرتیانە بەر، ئەمەش بێگومان دوای سیاسەتی گەمارۆدان و گوشاری سەربازی لە ئۆپەراسیۆنی دیجلە. سیاسەتی بەکارهێنانی کارتی ئابووری و گوزەران، وەکو دەسکەلایەك، سیاسەتێکی رژێمە جیاجیاکانی عیراقی مەلەکی و کۆماری بوو کە حکومەتی فیدرالیش لەسەری بەردەوام بوو.

دەرکەوتی دووەم: دوورکەوتنەوەی حکومەتی هەرێم و سیاسەتی ڕەسمی لە هەولێری پایتەخت لە خەباتی سیاسیی و دیپلۆماسیی بەرامبەر سیاسەتە چەوتەکانی بەغدا. گرتنە بەری بژاردەی فرۆشتنی سەربەخۆی نەوتی کوردستان بێ دابینکردنی تەداروکاتی پێویست، چ لە رووی توێژینەوەی کەڵکی ئابووری و چ لە رووی پێشبینیکردنی کاردانەوە سیاسییەکانەوە لە ئاستی ئەم جۆرە سیاسەتە سەربەخۆیانەدا، هەڵەو کەموکوڕی تێدا بوو. واقیعی حاڵی ئەم سیاسەتە

ئابوورییە گۆڕینەوەی بەغدای پایتەختە کە حکومەتەکەی لە ڕێی دەستوور لە دۆستایەتی بونیاتنەرانە لەگەڵ کوردستان لایداوە، بە پایتەختێکی ئیقلیمی تر (ئەنقەرە) بێ ئەوەی ئەم پایتەختە تازەیە جگە لە کۆنتاکتی تەماعکارانە لە کەرتی وزەدا هیچ گرەنتییەکی سیاسی دابێتە کوردستان بۆ پشتیوانیکردنو پڕکردنەوەی ئەو بۆشاییەی دوورکەوتنەوە لە بەغدا دروستی دەکات.

لە گەرمەی هەڕەشەی داعش لەسەر کوردستان، ئێمە ئاکامی سیاسەتی بێ گرەنتیمان بینی. هەڵوێستی پاسیڤی تورکیا لە پێشبینی کوردستان بۆ هاوکاریکردنی لە بەررەنگاری داعشدا، بە ئاشکرا ئەم ڕاستییەی سەلماند.

بە ڕەچاوکردنی ئەوەی تورکیا لە دوای بەهاری عەرەبی و پێشهاتەکانی سوریاوە خۆشی لە جەمسەرگیرییە ئیقلیمی و مەزهەبییەکەوە تێوەگلاو لە ئاستی ئەزموونی رۆژئاڤای کوردستاندا سەنگەری دژایەتی کورد و چاوپۆشین لە داعشی هەڵبژارد، سەرەنجام ئەم هاوپەیمانێتیەی هەولێر لەگەڵ تورکیا هەرێمی کوردستانیشی کردە بەشێك لە جەمسەرگیرییە ئیقلیمییەکە، شتێك کە هەموو سەربەخۆییخوازو نیشتمانپەروەرێکی کوردستانیی ئاگاهی زۆریان لەبارەوەداو کەڵکی نەبوو و هەر کرا.

### دۆخی ناخۆشی دارایی

-لە پەنا ئەم دۆخە ناخۆشە سیاسییەدا پچڕانی پەیوەندیی لەگەڵ بەغدا تەنگژەیەکی دارایی و ئابووری قووڵی تووشی کوردستان کرد. ئەم تەنگژەیە نە شایانی کۆمەڵانی خەڵك بوو، نە بۆ هەلومەرجی قۆستنەوەی چانسەکانی بەردەم کورد لە دوای بەهاری عەرەبیو(بەهار)ی داعشەوە رەچەتەیەکی گونجاو بوو. بە پێچەوانەوە، وەك دەبینین کاری لەسەر بنمیچی سیاسەتی کوردستانیی کردووە، بۆتە بەشێك لە بابەتەکانی بەریەککەوتنی ناوخۆیی لە سیاسەتی کوردستانیدا. بە جۆرێك ئەو دەنگانەش پەیدا بوون، با کزیش بن، کە داوا دەکەن ئەولەویەت بۆ گوزەران بێت تا پرسی سەربەخۆیی کوردستان. هەڵبەتە هۆکاری ئەم دۆخە بێ دینگەیی رێککەوتنمان بێت لەگەڵ ئەنقەرە، یان بێ بەڵێنی بەغدا بێت لە ئاست بەرپرسیارێتییە دەستوورییەکانی لە هەمبەر هەرێمدا، یان

بەهۆی سیاسەتی نەوتی کوردستان و دابەزینی نرخی نەوت و یان بەهۆی سیاسەتی شپرزەی کابینەکانی حکومەت بێت لە ئاست پاشەکەوتو خەزینی داراییدا، هەر کام لەم هۆیانە بێت دەرەنجامەکەی ئەوەیە دۆخی ئابووریو دارایی لە وڵاتەکەماندا ناجۆرەو تا ئێستاش بنمیچێکی چارەسەر یان قۆناغبەندکردنی چارەسەر دیار نییە. هەر لەبەر ئەمەشە ئەندازەی متمانە بە تەگبیرەکانی کە بۆ چارەسەری ئەم تەنگژەیە دەکرێت لە ئاستێکی نزمدایە. بەتایبەتی تا ئێستا لە سیاسەتی کوردستانیدا نەریتی هەڵگرتنی بەرپرسیاری کەموکوڕی سیاسیی و سەرچیخچوونی ئابووری نەبۆتە فەرهەنگێکی سیاسیی وا، نەخاسمە لە بواری هەستیاری دۆسیێی نەوتدا. ئەگەر لێبوردن بخوازرێتو پێداچوونەوە بکرێت سەرەتای ڕێگا دەبێت بۆ متمانە پەیداکردنەوە.

ئەم دۆخە ئابوورییە وەکو توانای کوردستانی لاواز کردووە لە قۆستنەوەی هەلومەرجی بۆ ڕەخساوی سەربەخۆییدا، لە هەمان کاتدا بۆتە مایەی:

١-بێ هیوایی کوردستان لە بەغداو لە گریمانەی ئەبدەیتکردنەوەی دۆستایەتی فیدرالیدا، تەنانەت ئێستا خەڵکی کوردستان وەك هودنەی کاتیی و بەرژەوەندیی کاتیی هاوبەش سەیری هەر دانوستاندنێکی هەولێرو بەغدا دەکەن، نەك وەك ڕێککەوتنێکی دوورمەودای مەحکەم.

٢-ئەم بێ ئومێدیە دڵڕەنجانی کوردستانی لێکەوتۆتەوە لە ئاستی بەغدا، ئەمەش سەرەڕای دۆخە شڵەژاوە ئابوورییەکەو دەرکەوتە تاقەتپڕوکێنەکانی، دواجار کێرفی ویستی سەربەخۆیی کوردستانی لە لای خەڵك بەرز کردۆتەوە بەو ئیعتبارەی ئەگەر دوای نەوەت ساڵ لە تەمەنی دەوڵەتی عیراق بە هەورازو نشێوی مەلەکی و جەمهوری، حوکمی سەربازی و دیکتاتۆریو شۆڤێنیدا هیچ بە هیچ نەکرابێتو ئەمەش هەڵوێستی بەغدای فیدرالیش بێت، کەواتا هیچ ئومێدێك لە چوارچێوەی عیراقی تازەشدا بۆ ویستی کوردستان چرۆ ناکات.

ئەگەرچی خەڵکی کوردستان تێبینی ئەوەشیان هەیە کە تا ئێستا لە غیابی دامەزراوە شەرعییەکانی وەکو پەرلەمان و سیاسەتێکی بوێرانەی ململانێی حزبی، وەك لە دیموکراسییە سەقامگیرەکان ڕەچاو دەکرێت. هەڵسەنگاندنێکی بابەتیانە بۆ بەشی سیاسەتی ڕەسمی هەرێم، بە تایبەتی سیاسەتی زاڵی، لە

هۆكارو ئەنگێزەی تەنگژەی پەیوەندیی هەولێرو بەغدا نەکراوە. بەڵام لەبەر هەڕەشەکەی سەر کوردستان و سیاسەتی بێباکانەی بەغدا لە ئاستی کورددا، کۆمەڵانی خەڵك لە پای دڵسۆزییەوە تای تەرازووی ڕەخنەکانیان بە لای بەرپرسیارێتی حکومەتی بەغدادا دەشکێننەوە. چونکە ڕاستییەکەی سیاسەتی ڕەسمی کوردستان چەند هەڵەشی هەبێت کە هەڵەکانی زیاتر زیانی کورد دەگرێتەوە تا زیان لە بەغدا بدات. بەڵام سیاسەتی زۆرینەی حوکمڕان لە عیراق گەلێك ڕەگەزی شۆڤێنی و تایفەگەری و ناعەدالەتی و پێشێلی دەستووری تێدایە کە کەموکوڕییەکانی کورد دەداتە دواوە. ئاخر ئەم دەوڵەتە دروستکراوەی ئینگلیز چەند خۆی وەکو فیدراڵی و دیموکراتی نمایشکرد هەر ڕەگەزە داگیرکارییەکەی بەسەردا زاڵبۆوە.

### سەنگەرە گەشەکە

لە ناو ئەم دیمەنە ناجۆرەدا بەرگری پێشمەرگەی کوردستان وەك سەروەریی هاوبەشی نێوان سیاسەتی کوردستانیی و کۆمەڵانی خەڵك کە ڕۆڵەی خۆیانیان تەرخانی داکۆکی لە خاك و خەڵکی کوردستان کردووە، دیمەنی هەرە گەشی بڕوا بەخۆبوونی کوردستانییەو کێڕقی سەربەخۆیی و باوەڕی کوردستانییانی بەرز کردۆتەوە، بەتایبەتی نەبەردی پێشمەرگە بەجۆرێک لەپشتگیری نێودەوڵەتی دەیان چیرۆکی موقاوەمەتی تێدایە لەم چەرخەدا کە ماسمیدیا سات بە سات ڕووداوەکانی شەڕ دەگوازێتەوە. شەڕی پێشمەرگە لە بەرەنگاری داعش، هاوکاری نێوان پێشمەرگەو گەریلاو شەڕڤانان. گوێزانەوەی هاوکاری کوردستان لە کەرکوك و مەخمورو شەنگالەوە بۆ کۆبانی، ئەم دەرکەوتانە لە غیابی ڕۆڵی بەهێزی دیمەشق و بەغداو ناشیرین دەرکەوتنی ڕۆڵی ئەنقەرە لە کەیسی بەرەنگاری داعشدا، هەرهەموویان ڕۆڵیان گێڕاوە لە گەشانەوەی بیری کوردستانیی و ویستی سەربەخۆیی لە سایەی دوو هەرێمی ئازادکراوی کوردستان (باشوورو ڕۆژئاڤا)و بەهاری کوردی لە باکوور (تورکیا). واتا لە کەوشەنی جوگرافیای پێشووی کوردستانی عوسمانی کە ئێستا لە سێ وڵاتدا پرسی کورد گەشاوەتەوە. بێگومان ڕۆژهەڵاتی کوردستان و دەوڵەتی ئێرانیش تا

سەر لە دەرەوەی ئەم دۆخە وەرگۆڕدراوە نابن.

ئیعتباری نێودەوڵەتی پێشمەرگەو سیاسەتی مەیدانیی کوردایەتی لەم دوو ساڵەدا زۆر بەرز بۆتەوە. هیچ شتێك ڕێگری لەو ئیعتبارە نەکردووە تەنها ئیلتزاماتە ڕەسمییەکانی دەوڵەتان نەبێت بەرامبەر(بەغداو دیمەشق و ئەنقەرە)، ئەم کێرڤە بەرزەی ئیعتباری پێشمەرگەو هاوکاری کۆمەڵی نێودەوڵەتی لەم سەنگەرەدا بە دەوری خۆیان بوونەتە مایەی پرسیارکردن لەسەر ئەوەی داخۆ تاکەی کوردستان بە هۆی دیبلۆماسیی ڕەسمی دەوڵەتەکان لە ئاستی پایتەختە تەنگژە ئامێزەکاندا یەخسیری دۆخێکی وەها نادادپەروەرانە دەبێت لەنێوان ماندووبوونی پێشمەرگانەو کەمی دەسکەوتی سیاسیی ئەو ماندووبوونە، یانی پێشمەرگە شەڕی کاریگەر دەکات، بەڵام جگە لە مامەڵەی مەیدانی، لە کۆڕی دانپیانانی ڕەسمیدا هیچی بۆ ناچێتە سەرو تەنانەت بە هۆی زیندانی قەوارەی عیراقەوە یارمەتی لۆجستی پێشمەرگەش لەم شەڕەدا سەدان بەربەستی بیروکراتی و هەنجەتی سەروەری حکومەتی ناوەندی بۆ دروست دەکرێت، بە جۆرێك کەم نین ئەو جارانەی ئەم بەربەستانە کاریان لە کارایی و دەستوبردیی جەنگییش کردبێت. ئەمانەش دیسانەوە باسی بڤەی سەربەخۆییان هێناوەتە پێشەوە. لێرەولەوێش ویستی نێودەوڵەتی بۆ دزە پێکردنی هەواڵی سووك بوونو لەبەرچاوکەوتنی تەگبیرەکانی سایکس بیکۆ لە ناو سیاسەتی نێودەوڵەتی و لەم چوارچێوەیەشدا پێداچوونەوە بە بەشی لە دەستچووی کوردستان، کە هاوپەیمانی شەڕی نێودەوڵەتی تیرۆرە، وەك یەکێك لە ئەگەرەکان قسەی لەسەر دەکرێت.

ئەم پێدراوانە پێکەوە ڕۆڵی خۆیان گێڕاوە لە گەرمکردنی باسی رەوای سەربەخۆییدا، هەموو ئەم دەرکەوتانەش، لە دوو ئەڵقەی لاوازی عیراق و سوریا، شکستی دەوڵەتی نەتەوە سەردەستەکان دەردەخەن کە نەیانتوانیووە دەوڵەتی هەموو پێکهاتەکان بن. بە پێچەوانەوە هەموویان ئیعتباری سیاسەتی ڕەسمی عەرەبیو تورکییان لاواز کردوە، چونکە نەیانتوانیووە لە سێ بەشی کوردستانی عوسمانلیدا عەرەب لە سوریاو عیراقو تورکیش لە تورکیا مافەکانی کورد بدەن. تەنانەت دوای چەند ساڵ لە ئەزموونی بەهاری عەرەبی لە وڵاتانی عەرەبیو بەرخوردی تورکیاش لەگەڵ ئەو بەهارەدا، دیار نییە کە داخۆ ئەم وڵاتانە دەچنە

قۆناغی دیموکراتییەکی پایەدارەوە، یان داخۆ بە تەمان فۆرمۆڵەیەکی دیکەی پەیوەندی لەگەڵ کورد بدۆزنەوەو ڕەچاو بکەن، یاخود وەکو خۆی بە جێی بێڵنو سەدەیەکی تریش لە بێ مافیو بێدادی دووبارە بکەنەوە؟ جا ئەم وەسفە بەسەر عیراقیشدا جێبەجێ دەبێت، لە کاتێکدا دەبوایە عیراق وا نەبێت بەو ئیعتبارەی پێش بەهاری عەرەبی عیراق پرۆسەی رزگاری لە دەست حوکمی دیکتاتۆری سەرخستو دەستوورێکی کارای وای هەیە کە تا ئێستاش دەوڵەتەکانی بەهاری عەرەبی نەیانتوانیوە دەستووری وا شافیو وافی بەرهەم بێنن.

بەداخەوە لە هیچ بەرەیەکی حوکمڕان و بەرەیەکی ئۆپۆزسیۆنی نەتەوە سەردەستەکانی ناوچەکەوە هیچ ئاماژەیەك نییە کە لەم سەدە تازەیەو دوای ئەو هەموو شکست و زیانانەی قەوماون بە تەمای میساقێکی تازە بن کە شوێنی سروشتی کوردستان لە جوگرافیای سروشتی خواکردی ناوچەکەدا بکەنەوە. ئێستاش جوگرافیای سەر نەخشەی ڕەسمی ئەندێشەی ئەوانی لە قاڵبداوە. لە وەختێکدا بۆ وێردی خوداپەرستی سەریان بڕوا نوێژیان ناڕوا.

*لێرەدا هەر ئەوەندە لە بەهاری عەرەبی دەدوێم کە بۆ ئەم باسە پێویست بێت، ئەگینا بیروڕاو لێکدانەوەی دوورودرێژی خۆمم لەسەر بەهاری عەرەبی لە نووسینێکی تایبەتدا بە ناوی "کوردستان چاوەڕێی تینە" نووسیووە کە ساڵی ٢٠١٢ چاپکراوە.

# وێستگەی سێیەم

## سکێچـی هێزی سەربەخۆیخواز

سیمای هەموو هێزێك لە ئەدگارو ڕەفتار و گوفتاریدا دیارە، پێش ئەوەی لە نیەتی دڵ و نیازی پەنهانی چاودا حەشار درابێت. ئێمە نازانین چی لە دڵدا هەیەو زانینی ئەمە کاری بەندەکانی خوا نییە، خوا هەر خۆی دەیزانێ. ئەوی لە دڵدا هەیە هەر لە دڵدا دەمێنێتەوە تا لە کردەوەیەکدا نیازو نیەت ئاشکرا دەبێت. ئەدگار(سیما)و ڕەفتار(هەڵسوکەوت)و گوفتار(گوتارو لێدوان و وتار)، ئەمانە توخمە بەدەرەوەکانن و دەتوانین لەسەر بنچینەیان هەڵسەنگاندن بکەین، داخۆ ئەم سەروسەکوتە چی پێیەو چۆنی پیادە دەکات؟

واز لە گوتەی سیاسییەکان دێنین و بەندوباوی هونەرمەندە گەورەکەمان، حەسەن زیرەك، دێنینەوە کە لە خەزینی دەوڵەمەندی ئەندێشەی فولکلۆری کوردییەوە وتویەتی:

**ئاشقان لە دوور ڕا دیارن،**
**ڕەنگیان زەردو لێو بەبارن**
**مەنعیان مەکەن ساحیب یار.**

ئاشقانی پرس و بیرۆکەیەك لە سیمایاندا دیارە کە چەند ئاشقن؟ چەند تەرخانی بانگەوازو پەیامەکەی خۆیانن و چۆن کاری بۆ دەکەن؟ ئاشقێك ڕەنگ زەردو لێو بەبار نەبێت، تێرو پوختەو پەرداخ بێت، ئەوە کەی ئاشقە؟ ئەوە ئەستێرەی مۆدێلی ریکلامەکانی جلوبەرگ و لایف ستایڵە. جوانە،

قۆزە، شیك پۆشە ئەمما بەم خەسڵەتانەوە دوو دێرە شیعری بە برینو ئازاری لێ پێك نایەت. ئەگەر فەرهادی عاشق لە هەفتەی یەکەمی ئەویندارییدا بە شیرین بگا ئەمە کەی چیرۆکی عیشقە، ئەمە تەنانەت یەك گرتەی درامایەکی کۆمیدیشی بە دواوە نابێت. لاپەڕەی کۆتایی هەموو گۆڤارە هەمەڕەنگەکان پڕن لە وێنەی کچ و کوڕە بەیەك گەیشتووەکان کە دایك و باوکیان هیوای پێکەوە پیروخەڕۆبوونیان بۆ دەخوازن. بەڵام نە دایك و باوك و نە بانگێشتکارەکانی زەماوەند ناتوانن تەزکیەی عاشقانی حازر بەدەست بکەن تا ببنە داستانی ئەوینێك ئاشقبوون سیماو ئەدگارو رەفتاری خۆی گەرەکە، دەبێ شتی وا سەرسورهێنەر بکرێت کە ئەگەر یەکێك وتی ئەم موعجیزەو پەرچووە چییە، بگوترێت برایان(مەنعیان مەکەن، ساحیب یارن) وەگەر نا هەر کەسێك هاتو گوتی عاشقم بڕوا مەکەن، تا زەخمەکەی دەردەکەوێت.

لە ئاشقانی بە ئاکام گەیشتنو ئەوانەشی وەك فەرهاد سەریان دای لە شاخی بێستوون گەڕێین. با لە دۆسێی ئاشقانی مەسەلە گەورەکەی نیشتمان، لە سەربەخۆیی کوردستان بپێچینەوە. ئەمڕۆ کە لە هەر لاوە دەنگی مودەعی سەربەخۆیی بەرز دەبێتەوە زیاتر لە هەر کاتێکی تر پێویستمان بەوەیە سیماو ئەدگارو رەفتارو گوفتاری کەس و کەسەکان و هێزی سەربەخۆخواز بناسینەوە. ئەوەی گەرەکێتی سەربەخۆخواز بێت چی دەکاتو چی بکات تا هیچ دەعوا (کێشەو گرفتێکی لابەلا)و داوەتێك (ئاهەنگ و خۆشی دونیایی) لە ڕێی ستراتیژی بەرزی سەربەخۆیی لای نەدات.

## هێزی کەمەندکێش

هێزی سەربەخۆخواز، بە خەسڵەت و بە رۆحی کارکردنی هێزێکی کەمەندکێشە، وەکو موگناتیس وزە کۆ دەکاتەوەو لە پرۆسەی کۆکردنەوەو گلدانەوەی توانست و لێوەشاوەیی و شایانیدا، سەرلەنوێ، ئەمانە لە ئامانجی سەربەخۆییدا تەوزیف دەکاتەوە. کەمەندکێشی هێزی سەربەخۆییخواز بچووکترین وزە تا گەورەترینیان لە دەوری ئامانجە بەرزەکەدا کۆ دەکاتەوە. بچووکترین

دەماری نەتەوەیی دەبوژێنێتەوە، نەك سڕیان دەكات، بە ناز پەروەردەیان دەكاو لە ئاوی ئامانجە بەرزەكە هەڵیان دەكێشێ. باوەڕ و تین و تاوی نوێیان دەداتێ تا بەو ناوەندێتییە كەمەندكێشەوە، وەك پەروانە لە دەوری شەم، پەیوەست بن. هێزی سەربەخۆییخواز هێزێكی پەرتكەر نییە، تواناكان، بەتایبەتی توانا دۆست و یارەكانی سەربەخۆیی، ناڕەنجێنێ، تەرەیان ناكات. نایانكاتە دوژمنی خۆی و سەربەخۆیی. نەفرەتیان لێ ناكات و خۆی ناخاتە بەر نەفرەتیان. سەربەخۆخواز گەشبینە كە خەبات بۆ میللەتێكی شایستەو شایان دەكات، وزە لە هێزی لە بن نەهاتووی ئەو میللەتەو توخمە پێكهێنەرەكانییەوە وەردەگرێت. لە كارخانەی سەربەخۆییدا ئەم هێزو توانایانە وەك قورقوشم دەتوێنیتەوەو سەرلەنوێ، بۆ ستراتیژەكە، تەوزیفیان دەكاتەوە.

هێزی سەربەخۆییخواز زمانی زبرو هەڕەشە لە سەكۆی میدیاكانەوە بەكار ناهێنێت. خەڵك لە خۆی تەوەللا ناكات. كەس تەخوین ناكات و سووكایەتی بە بچووكترین وزەی كۆمەڵی خۆی ناكات كە دەشێ بە پێی تیۆری (لە سەدا یەك) كەڵكی لێ وەربگیرێت.

تیۆری (لە سەدا یەك) گریمانەی بچووكترین ئەگەر دەكات و وردترین لێكدانەوە بۆ چانسو تەحەدداكانی بەردەمی دەكات.

سەربەخۆییخواز جیاوازی دەكات لەنێوان خیتابی هەڕەشەو خیتابی یەكلاكەرەوە، خیتابی لەخۆبایی بوون و خیتابی باوەڕ بەخۆبوون. لە هەلومەرجی هەرە بەهێزی بزووتنەوەی كوردایەتیشدا كوردایەتی و حزبەكانی هەرگیز لووتبەرز و لە خۆبایی نەبوون، هەرگیز بێ منەت نەبوون، چونكە لووتبەرزی خەسڵەتی هێزە ئازادیخوازە دەربەستەكان نییە، ئەوانەی نایانەوێ گەلەكانیان تووشی فەلاكەت و دژواری بێت لەسەر دەستی دوژمنان، تەنها لە بەرامبەر پەرچەكردارێكی لووتبەرزانەی ئەم هێزو ئەویتری كوردستاندا.

سەربەخۆخواز میدیای وڵاتی وەك سەكۆی ئازادیخوازی دەبینێت كە دەكرێ لە پرسی سەربەخۆخوازیشدا بخرێتە گەڕ، مادام ویستی سەربەخۆییش ویستێكی ئازادیخوازانەیە. بۆیە لەبەرامبەر میدیای

نیشتمانیی وڵاتەکەیدا کە یەدەکی تواناو هێزدارین ماشێنی میدیایی زبرو چەواشەکارانە و تەخوینکارانە و لە خۆڕازیبوو، ناخاتە گەڕ.

هێزی سەربەخۆییخواز لەنێوان جوگرافیاو پێکهاتەکانی وڵاتدا سنوور بازدەرە، نەك سنوور سازکەر. وزە لە جەنگی سەربەخۆییدا بەکار دێنێت نەك لە جەنگی بێ سەروبەری ناوخۆییدا. هێزی وا دوژمن بۆ خۆی و بۆ میللەتەکەی زیاد ناکات، بەڵکو کەمی دەکاتەوە. هێزی کەمەندکێشی سەربەخۆیی سەرکۆنەی خیتابی پەرتکەرو تەفرەقەخوازو دابەشکاری میللەت دەکات و میدیای زبرو میدیای ڕاشکاو، میدیای پیاهەڵدراوو پڤدارو لە میدیای سازدەرو ئامادەی جەنگی سەربەخۆیی، جیا دەکاتەوە.

## هێزی لێبوردە

هێزی سەربەخۆییخواز هێزی لێبووردە و دڵفراوان و بەخشندەیە. هێزی دڵتەنگ، بەدبین و دەست تەنگ نییە، لە پێناوی ئامانجە گەورەکەدا قوربانیدەرە، لە زۆر شت دەبورێ کە دەشێ پۆست و پایەو بەشی ماڵی دونیاو موڵکی داڕزاوی کورت خایەن بن. هێزی وا ئەم شتانە، ئەگەر هەیبێ، لە پێناوی سەربەخۆییدا خەرجی دەکات و دەیخاتە گەڕ، لایەندارو لایەنگری ئامانجەکەی پێ زیاد دەکات و ئەوەندەی لێ هەڵدەگرێ و دەهێڵێتەوە کە بۆ تەداروکاتی جەنگی سەربەخۆیی پێویست بن. ئەوانی تری دەبەخشێ بە هاوڕێباز و هاوپەیمانەکانی و لە نیازی پتەوکردنی بەرەی ناوخۆیی و سازدانی میللیدا تەوزیفیان دەکات.

هێزی سەربەخۆییخواز نەرمونیانە لەگەڵ خەڵکو خوای وڵاتەکەی، بەڕەحمە لەگەڵ هاونیشتمانیانی، هاوسەنگەرو هاوپەیمانەکانی، بە پێی پرەنسیپەکەی ئیسلام (أشداء علی الکفار رحماء بینهم) کەڵەگایی بەسەر کۆمەڵانی خەڵکی وڵاتەکەیدا ناکات، بەڵکو لەگەڵ دوژمناندا پێداگرەو توندە لەگەڵ وانو بەسۆزە لەگەڵ میللەتە داماوە خێر لەخۆ نەدیوەکەی.

هێزی سەربەخۆییخواز لێبوردەشە لە بەخشینی ئەو شتانەی هی خۆیین و لە چاوپۆشین لەو ناهەقیانەی دەشێ لە دونیای ململانێی سیاسییدا بەرامبەری

بكرێت. چ جای ئەوەی هەقە هێزی دادپەروەریش بێت لە پێدانەوەی ئەو شتانەی ئیستحقاقی دیموکراتی و شەرعی خەڵکن و هی حزبو لایەنی ترن لە پۆست و پایەو پاوەر کە دەشێ لە تەماعی سیاسیی دەورانی پێش ویستی سەربەخۆییدا دەستیان بەسەردا گیرا بێت. مۆنۆپۆلکرابن و بۆ ویستی حزبیو شەخسی بەکار هاتبن. هێزی سەربەخۆییخواز دانانیشێ بە چەنگاڵ و کێردو چەقۆ بەش بداو بەش ببا، وەك بڵێی وڵات کێکی دابەشکاری بێت، وەك بڵێی وڵات خەنیمەی بە بارمتەگیراوەو لە لێواری مەترسی راگیراوە تا مەرج و قەول و قەراری بەسەردا بسەپێنرێ. هێزی سەربەخۆییخواز جیاوازی دەکات لەنێوان سەربەخۆیی وڵات و (سەربەخۆ)ی بوونی هاووڵاتیان. واتا بیەوێت بە زۆرو زۆرداریو تەماعکاری وەلائیان بۆ خۆی دابین بکات. هێزی سەربەخۆییخواز جیاوازی دەکات لەنێوان ئیستقلال و ئیستفراد، ئیستقلال و ئینفراد کە دیارە لێرەدا جیاوازییەکە هەر وشەو ریتمی وشە نییە، بەڵکو مانای قووڵی نیەتی سیاسیی و فیکری لایەنەکان دەردەخات.

## هێزی ئیلهامبەخش

هێزی سەربەخۆییخواز هەروا هێزی ئیلهامبەخش و مۆدێلیشە، لە خۆیەوە دەست پێدەکات و خۆی دەبێتە نموونە، داوای شتێك لە خەڵك ناکات و خۆی پێچەوانەکەی بکات، قوربانیی نەداو قوربانی لە خەڵك بوێت، بەڵکو کارێك دەکات وەك کاری بە کۆمەڵ دەیناسێنێت و هەقەکەی دەداتە دەست میللەتەکەی و دەست مێژوو کە بزانن ئەو کردوویەتی و بۆ میللەت کردوویەتی، خۆی، پێش لایەنی تر، تەداروکی جیاکردنەوەو سەربەخۆیی ماڵی کوردی دابین دەکات و ئەوانی تریش دەخاتە بەردەم واقیعی نموونەو ئەلتەرناتیفەوە. هێزی سەربەخۆییخواز ئەگەر بژاردەی سەربەخۆیی وا توندو تۆڵ گرتبێت کە تانە لە عیراقێتی خەڵکی بدات پێویستە پێش ئەوانی تر پۆست و پایەی خۆی، تفاق و جانتای خۆی لە بەغدا بپێچێتەوەو، دوای ئەوە ئینجا ناوو ناتۆرە لە خەڵکانی تر بنێت کە بۆچی دەستبەرداری دونیای فانی نابن لە پێناوی بەهەشتی سەربەخۆییدا؟

## هێزی دیموکراتخواز

هێزی سەربەخۆییخواز هێزێکی دیموکراتخوازیشە، هەم لەبەر ئەوەی سەربەخۆیی لە جنسی ئازادی و دیموکراتییەو هەمیش لەبەر ئەوەی هەر ڕێبازی دیموکراتی دەتوانێ میللەت ساز بدات و کۆ بکاتەوە. لەم پێناوەدا سەربەخۆخواز گفتوگۆی دەستەبژێرو هاوبەشەکان و هاوخەمەکان لەسەر چییەتی سەربەخۆیی و چۆنێتی هاتنەدی و وادەی هاتنەدییەکەشی بە بەشێك لە جەنگی سەربەخۆیی دەزانێت، پێی قەڵس نابێت و زمانی تەخوین و گرژی و زبری نواندن بە کارناهێنێت. بەڵکو ئەم گفتوگۆیە بە بەشێکی شانازی و بەشێکی لائیحەو جاڕنامەی سەربەخۆیی وڵات دەزانێت کە سبەی ئەو پرۆتۆکۆلانە دەبنە وانەو ئەزموون بۆ نەوەکانی دوارۆژ و بۆ نەتەوەکانی تریش، ئەگەر دوای کورد و دوای کوردستان، جەنگی سەربەخۆییان لەڕێدا بێت.

هێزی سەربەخۆییخواز میللەت لەنێوان ویستی سەربەخۆیی و واقیعی حاڵی گیروگرفتی رۆژانەی گوزەران و گرفتی ئیداریی ڕاناگرێت. ئەمیان بەویتریان ناگۆڕێتەوەو بەرامبەر یەکیشیان ڕاناگرێت بەڵکو سیاسەتێکی گشتگیر بۆ چارەسەری کێشەکان دادەنێت کە قوربانیی و سنگ گوشینی تێدا بێت، بەڵام بە بنمیچی دیاری کات و قەبارەی قوربانییەوە. خۆی وەك چینی حوکمڕانو دەستەبژێری سیاسیی سەرمەشقی قوربانیی دەبێت، نەك خەڵك بکاتە قۆچی قوربانی.

سەربەخۆییخواز مەیلی دیموکراتیانەی نامەرکەزی و شۆڕکردنەوەی دەسەڵاتی ئیداری بۆ یەکەکانی خوارەوە وەك ویستێکی دژە سەربەخۆیی ناناسێت، بەڵکو وەك تەواوکاری ستراتیجی سەربەخۆیی سەیریان دەکات و چەتری سەربەخۆیی دەکاتە باوکی میهرەبانی نامەرکەزی حوکمو دیموکراسیی دامەزراو لە خوارەوە بۆ سەرەوە، بەتایبەتی بۆ دۆخی کوردستان کە گەشەی دانیشتوان و فراوانبوونی داخوازی و ویستەکانیان فراوان وا چۆتە سەرێ بۆ کارایی دەزگای ئیداری نامەرکەزێتی نەرم، هەر زۆر پێویستە.

هێزی سەربەخۆییخواز ژیرەو بە ئەزموونە دەزانێ ئەمڕۆ پێکهاتەی دەوڵەتیی

و جیهازی بیرۆکراتی دەوڵەت تا دێت ململانێکەی بە قازانجی نا ناوەندێتی دەشکێتەوەو دەرك بەم ڕاستییە ئیدارییە، دیموکراتییەی حوکمڕانیی هاوچەرخ دەکات.

بۆیە هەرگیز سەربەخۆیی لەبەردەم نامەرکەزی ئیداری قوت ناکاتەوە، بەڵکو لە لائیحەی مافو ئەرکەکان، لە جاڕنامەی سەربەخۆییدا، بە ڕاشکاوی شێوەی دیموکراتیو فرەیی و نامەرکەزی حوکمڕانییو تایبەتمەندی ناوچەکان لە ڕووی پێکهاتەی نەتەوەییو مەزهەبیو تەنانەت ئاستی گەشەکردنیشەوە، دیاری دەکات. بە تایبەتیش ئەمە لە ناوچەگەلێکی وەکو کەرکوك، شێخان، خانەقینو ئەوانی تر تێبینی دەکرێن کە هەم شریتی سیاسەتی پێشووی تەعریب پێکدێنن و هەمیش لە ئایندەی کوردستاندا دەبنە تەحەددای گەورە لەبەردەم سیاسەتی کوردستانیی کە داخۆ چۆن دەتوانێت سیاسەتێکی ژیرانەو کراوە لە چوارچێوەی لائیحەی مافی پێکهاتەکاندا گەڵاڵە بکات.

بەمجۆرەش وا دەکات حکومەتە لۆکاڵییەکان کاری ئیدارەو خزمەتگوزاری بکەن و جەنەڕاڵ حکومەتیش، حکومەتی هەرێم و دواتر حکومەتی کوردستانی سەربەخ ۆ، حکومەتی نوێنەرایەتی سیاسیی و پڕۆژە گەورەکان بن.

# وێستگەی چوارەم

## چ جۆرە کوردستانێکی سەربەخۆ؟

کوردستانی سەربەخۆ چ جۆرە کوردستانێك دەبێتو کێ ڕەنگ و بۆی ڕەنگریژ دەکات؟ ئەم پرسیارە پرسیارێکی ڕەوایە. پەلەپەلو پێشمەرجی جێبەجێکردنی ویستی سەربەخۆیی پێوە دیار نییە، هەرچەندە هەن گومان لە جەدوای ئەم جۆرە پرسیارانە دەکەن گوایە بیانوون بۆ دواخستنی وادەی ڕاگەیاندنی سەربەخۆیی. بگرە هەشن هەر پرسیارێك دەربارەی ڕۆژی دوای ڕاگەیاندنی سەربەخۆیی وەك هەوڵێك بۆ ڕاگرتنی شەمەندۆفێری سەربەخۆیی و نیازێك بۆ بەبارمتەگرتنی ئیرادەکەی وێنا دەکەن. وەك بڵێی هەر ئێستا شەمەندۆفێر کەوتۆتەڕێ و زۆری نەماوە بگاتە جێ، ئەوی دەشێ دوای بخات گوایە حیساب و کیتابی گومان لێکراوانی بێ بارە!

موددەعی سەربەخۆیی نە وادەیەکی بۆ گەیشتن دیاری کردووەو نە بنمیچێکی بۆ پێشبینی سەربەخۆیی و نە سکێچێکی بۆ شێوە و ناوەڕۆکی کوردستانی سەربەخۆ کێشاوە. هەمووی لە هەوادا جێهێشتووەو هیچ ڕوونکردنەوەیەکی نەداوە. بۆ نموونە ئێمە نازانین لائیحەی مافەکانو بەرپرسیارێتییەکان چین؟ مافی پێکهاتەو گروپەکانی کوردستان چین و چۆنن؟ گرێبەستی سیاسیی لەسەر یاسای دایك، دەستوورو پەیماننامەی میللی کوردستانی سەربەخۆ کێ و چۆن دەنووسرێت؟ ئایا ئەمانە پێش وەخت ئامادە دەکرێن، یان ڕۆژی دووەمی سەربەخۆیی بە پەلەپروزێ ئامادە دەکرێن؟ ئایا ئامادەکراونو لەبەر چاوەزار شاردراونەتەوە، یان لە ترسی داگیرکەران؟ ئایا هەمان ئەو دیکۆمێنتە ئامادەکراوانەی کوردستانی فیدراڵ، پرۆژەی دەستوور، کە ناکۆکییان لەسەرە،

دەبنە گرێبەستی سیاسیی کوردستانی سەربەخۆش، یان هی دیکە گەڵاڵە کراون؟

لە ڕاستیدا پرسیارکردن لەسەر کوردستانی سەربەخۆ نەك هەر عەیبە نییە، نەك هەر بیانوو نییە بۆ ڕاگرتنی پرۆژەی سەربەخۆیی، بەڵکو ئەرك و مافیشەو ڕادەی جدییەتی پرۆژەی سەربەخۆییش تاقیدەکاتەوە.

قسەکردن لەسەر چییەتی سەربەخۆیی و چۆنیەتی جێبەجێکردنی خۆی بەشێکە لە پرۆسەی سەربەخۆییو وێستگەیەکی چۆنایەتی کاروانەکەیەتی. ئەم باسە جاران لە ترسی داگیرکەران و زوڵمو زۆریان، لەبەر پێنەگەینی هەلومەرجی بەدیهاتنی بڤە بوو، بۆیە ئەدەبیاتی کوردایەتی لە ڕشتەی سەربەخۆییدا پێویستی بە خستنەسەرو دەوڵەمەندکردن هەیە. پرسیاری گومان لە زانستدا ڕەواو لە سیاسەتیشدا فەلسەفەیەکی دیموکراتیانەیە بۆ تێگەیشتن لە هەر دیاردەو دەرکەوتێك. ئەوانەی ناخوازن پرسیاری گومان لەسەر دیاردەی (باسکردن لە سەربەخۆیی) بکرێت ئەوا یان لە جۆشو خرۆش و پەرۆشی نەتەوەییاندا ڕەهەندی ئازادیخوازانەی سەربەخۆیی فەرامۆش دەکەن، یان گومانیان هەیە لە جددیەتی خۆیان و ئەم گومانەش بە گومانخستنە سەر خەڵکی تر پەردەپۆش دەکەن هەردوو حاڵەتەکەش ناپەسەندە، ئاخر ئەگەر گەلی کوردستان و هێزو حزبەکانی، دەستەبژێرە سیاسیی و رۆژنامەوانیی و رووناکبیرەکانی باسی سەربەخۆیی گەرم نەکەن، گومانو ڕەواندنەوەی گومان لەسەر ڕەهەندەکانی نەکەنە بەشێك لە گفتوگۆی وێستگەی یەکەم، ئەی کێ ئەم ئەرکە جێبەجێ بکات و بەچی هەقێکی ئەدەبی و مەعنەوییەوە دەیکات؟ ئاخر دەکرێ بێگانە لە جیاتی ئێمە ئەم رۆڵە وازی بکات.

ئەدەبیاتی کوردایەتی، سەد ساڵە، بە گفتوگۆو شرۆڤە دەوڵەمەند دەکرێت و لە هەموو ڕوویەکەوە نوقسانییەکانی بەرەو تەکامول پڕ دەکرێتەوە.

لەم ڕێگایەدا ڕەنج و ئارەقێکی فیکری و سیاسیی، خەباتگێڕانەو ئەکادیمیانەی زۆر خەرج کراوەو هێشتاش هەندێك لایەنی ئەم پرسە پێویستی بە ڕوونکردنەوەو هەڵسەنگاندن و لەسەر وەستانی زیاتر هەیە. جا ئێستا باسی بڤەکراوی سەربەخۆییشی هاتۆتە سەر. ئەمە بریتییە لە پڕکردنەوەی ئەو

کێماسیانەی ئەدەبیاتی کوردایەتی گیری خواردووە بە دەستیانەوە، دەشبێتە مایەی پڕکردنەوەی ئەو بۆشاییە فکرییەی هەیەو بەهۆیەوە هەندێك ڕەوت ویستی سەربەخۆیی بە لاڕێدا دەبەن و وای نیشاندەدەن تەنها پەیوەندی بە کەسێکەوە، یان بە لایەنێکی سیاسییەوە هەیە، مشتومڕکردن لەسەر وردەکارییەکانی بابەتی سەربەخۆییو ڕۆیشتن بەرەو سەربەخۆیی گفتوگۆیەکی کۆنینەو جدییەو لە کاروانی تەمەنی بزووتنەوەی کوردایەتیدا بەردەوام هەبووە، خۆ زانراوە شرۆڤەو لێکدانەوەی باوکە دامەزرێنەرەکانی بزووتنەوەی کوردایەتی لەسەر ئەو دینگەیە ڕاوەستاون کە داخۆ مەسەلەی کورد مەسەلەیەکە، یان چوار مەسەلە؟ چۆن بۆ سەربەخۆیی بڕۆین و چۆن هەنگاوی بۆ بنێین؟ حوکمی زاتی لە پێشە یان دیموکراسیی، یان سەربەخۆیی؟ ئەمانە بابەتی جددین و هەتا ئێستا کەس نەیتوانیوە قسەی کۆتایی لە بارەیانەوە بکات، یان تەنانەت بیەوێت ئیدعای وا بکات لەو باوەڕەشدام نە بەندەو نە ئەو بەڕێزانەی ئەم بابەتە دەخوێننەوە هیچمان بتوانین قسەی کۆتایی تێدا بکەین. دوای تەمەنێکی زۆری ئەو مشتومڕە، دوای ڕاپەڕینی ئاداری (١٩٩١)یش، ئەوە نزیکەی ٢٥ ساڵیشە بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی گەلی کوردستان لە پاڵ ڕەوتە فیکری و ڕێبازە سیاسییەکانی تردا، ڕەوتی ئیسلامیشی تێکەوتووە کە ئەویش قسەی خۆی کردووەو دەکات لەسەر مافی چارەنووس و ڕێبازی سەربەخۆیی. جاران چەپەکان نەتەوەیی و دیموکراتەکانیش قسەی خۆیان هەبوو، وا ئێستا ئیسلامییەکانیش تێزیان بۆ پرسی نەتەوەیی هەیە. بۆیە پێویستە مشتومڕ لەسەر پرسی سەربەخۆیی کوردستان بە جۆرێك تەندروست و کراوەو ڕۆشن بێت بە هیچ ئیرهابێکی فیکری ڕەش و سوور، بەری پێ نەگیرێت. یەکێك لەو کایانەی لە پرسی چارەسەری نەتەوەیی ڕزگاری و سەربەخۆییدا هەیە دەستگرتنە بە ڕێڕەوە جیاجیاکانی گەیشتن بە ویستەکانی گەلی کوردستان. ڕێڕەوە جیاجیاکانی هەم پێویستییەو هەمیش پرۆسەیەکی تەکامولییەو لە هەمان کاتدا پەراوێزی مانۆڕی کوردایەتی زیاتر دەکەن. خراپ نییە لێرەدا تاقیکردنەوەیەکی میللی گەلەکەمان باس بکەین کە هی سەردەمی ریفراندۆمی ناڕەسمی کوردستانە لە (ساڵی ٢٠٠٥)دا. بزووتنەوەی ریفراندۆم کە لە سلێمانییەوە سەریهەڵداو

لەوێوە هەموو کوردستانی گرتەوە تاقیکردنەوەیەکی هاوبەشی دەستەبژێری رووناکبیرو کۆی کوردەوارییە بە ئاگاداری بزووتنەوەی ڕەسمی کوردایەتی. تاقیکردنەوەی بزووتنەوەی ریفراندۆم بابەتێکی زۆر سەرنجڕاکێشی پیشاندایین، رۆژی (٢٠٠٥/١/٣٠) خەڵکی کوردستان لەیەك کاتدا دەچوون دەنگیان بە هەڵبژاردنی پەرلەمانی عیراق دەداو دواتر دەهاتن لە ڕاپرسییەکەی بزووتنەوەی ریفراندۆمیشدا دەنگیان دەدا. خێوەتێکی دیموکراتی و میللی لەبەردەم هەموو بنکەیەکی ڕەسمی دەنگدان ئاوا کرابوو، ئەمەش بەو مانایە بوو کە لەو ڕۆژەدا دوو ریڕەوی سیاسیی ڕەچاو کرابوو هەتا رۆژگارێك پرسی کوردستان لەگەڵ بەغدا یەکلایی دەبێتەوە. ریڕەوێکیان ئەوەیە ئێمە هێشتا مافمان ماوە لای حکومەتی عیراقو دەبێت خەباتی دەستووریی بکەین تا لێی وەربگرین، ریڕەوی دووەمیش ریڕەوی ڕاستەقینەی سەربەخۆییە کە خەڵك لە ڕاپرسییەکی نارەسمی و مەعنەویدا دەنگیشی دا بە سەربەخۆیی. واتا سیاسەتی کوردی پێویستی بەوەیە لە هەموو بەرەکاندا بۆی بجەنگێت و ریڕەوی خەباتی فرە بکات و لەم ئەزموونە میللیەی بزووتنەوەی ریفراندۆم فێر بێت.

***

دوو ڕێگە هەیە تا لە سەرەتاوە بتوانرێت ئەو گرفتانە چارەسەر بکرێتن (کە لە شوێنێکی تردا هاتووینەتەوە سەری) یەکێکیان چەمکەکانە، دووەمیشیان ئەولەویاتەکانە، چەمکەکان بریتین لەوەی ئایا ئێمە شەڕ بۆ سەربەخۆیی کوردستان دەکەین، یان شەڕ بۆ دەوڵەت دەکەین؟ ئەولەویاتەکان دیاریکردنی خشتەی کارە بەرەو قۆناغبەندکردنی هەنگاوەکانی سەربەخۆیی، لێرەدا زیاتر قسە لەسەر یەکەمیان دەکەم، واتا چەمکەکان. بێگومان لە شکڵو شێوازدا سەربەخۆییو دەوڵەت هەردووکیان وەك یەك دێنە بەرچاو، چونکە سەربەخۆیی بریتییە لە دروستکردنی دەوڵەت، خۆ بریتی نییە لە دروستکردنی کانتۆنێك یان ئیمپراتۆرییەتێك، بەڵام کە ناوت نا شەڕی سەربەخۆیی، تێگەیشتنێکی روونتر وەردەگرێت. شەڕی سەربەخۆیی بە واتای شەڕی رزگاری دێت. بزووتنەوەی رزگاریخوازیی خەڵکی کوردستانیش کە پێویستە هەموو جارێك بچینەوە سەر

پرەنسیپە سەرەکییەکانی، لەسەر بنچینەی ئەو بیرۆکەیە دروست بووە کە دوا ئامانج رزگارکردنی کوردستانە، تەنانەت ئەگەر بە ناچاری داخوازییەکان بە گوێرەی وێستگەکانو بە گوێرەی دەرفەتو رێڕەوی سیاسیی کەرت کەرتو قۆناغبەند بکرێت. شەڕی سەربەخۆیی کوردستان خۆی هەموو ئەو دەلالەتانەی تێدایە کە قسە لەسەر دەوڵەتو شێوەی دەوڵەتەکە دەبێتە مایەی ناکۆکی نەك خودی ئامانجی سەربەخۆیی کە دەوڵەتە، لە شەڕی سەربەخۆییدا هێزە بەدیهێنەرەکانی سەربەخۆیی چۆن بن، شکڵی دەوڵەتەکەش رێك وا دەبێت، بۆ نموونە ئەگەر ٥٠ حزب بە یەك مەودا بەشداریی بکەن لە شەڕی سەربەخۆیی کوردستاندا، لە دوا ڕۆژدا حزبێك یان دوو حزب، یان سێ حزب ناتوانن بە تاکڕەویی حکومەت بە دەستەوە بگرن. مەگەر بە کودەتاو زەوتکردن بێت، چونکە هەریەکەی دەورو دەستێکی هەیە لە سەروەرییەکاندا، بۆیە بڕیار لەسەر سەربەخۆییو بەشداریی لە شەڕەکەیدا مەسەلەیەکی گرنگە بۆ هەموو هێزە سیاسییەکانو بۆ هەموو تاکێکی کوردستانیش، چونکە ئەوسا هەر پێشمەرگەیەکی بەشداری شەڕی سەربەخۆیی قسەی لەسەر ئەو سیستەمە سیاسییە دەبێت کە لە قۆناغی پۆست سەربەخۆیی دا دروست دەبێت، سەرکردەیەك قسەی دەبێت جەنەڕاڵێك قسەی دەبێتو دوکاندارێکیش قسەی دەبێت، هەموومان بە جۆرێك بەشدار بین تا وای لێبێت یادگارییەکانمان لەسەر سەربەخۆییو دەوڵەتی کوردی، یادگارییەکی دیموکراسی بێت، خۆ ئەگەر لە ڕارەوەکانی کەینوبەرینی سیاسییدا ئەمریکاو رۆژئاوا بە بڕیارێك سەربەخۆیی ڕابگەیەنن و جێبەجێی بکەن، ئەوا دەوڵەتی داهاتووی کوردستانیش دەوڵەتێك دەبێت بە دڵی ئەمریکاو رۆژئاوا، ملکەچ دەبێت بۆ پێچوپەناکانی سیاسەتی نێودەوڵەتیو بەرژەوەندیی نارەوای پێکهێنەرەکانی، چونکە ئەو بۆی دروستکردووینو هەر خۆشی ئایندەکەی ڕەنگرێژ دەکات. خۆ ئەگەر واش بێت وەکو لە نیسانی ساڵی ١٩٩١دا ناوچەی دژەفڕینیان بۆ دابین کردین، هەر نەیسە، سوپاسیان دەکەینو بەزیاد بێت، بەڵام ئەی ئەگەر وانەبوو، بەڵێنی وایان داو حەملی کازب دەرچوو؟ خۆ دەبێ کۆششێکی تۆکمەی کوردستانیی بۆ سەربەخۆیی هەبێت؟ لێرەدا قسە لەسەر ئەوەیە چۆن ئیرادەی نەتەوەیی خۆت بخەیتە کار؟ لەسەرینی ئەمەوە پێویستە سەربەخۆیی ئامادەکاریی بۆ بکرێت،

باشە بپرسین چ دامەزراوەگەلێك ئەو ئەرکە دەگرێتە ئەستۆ؟ چ میکانیزمێك ئەو سەربەخۆییە بەدی دەهێنێت؟ ڕاستییەکەی ئێمە پێویستمان بە بەرەی کارە بۆ سەربەخۆیی کوردستان، ئەم بەرەی کارە حزبەکان و تاکەکان، کۆمەڵەو ڕێکخراوەکانی کۆمەڵی مەدەنیشی تێدا بن. تەنانەت ڕۆڵی پاڵەوانەکان لە پۆست سەربەخۆییدا پەیوەستی ڕێبازی بەدیهاتنی سەربەخۆییەکەیە، ئەگەر ئەم بەرەیە ڕێبازی سەربەخۆیی کوردستان بە شەڕی رزگارکردنی سنوورەکانی کوردستان دیاریبکات، ئەوا رەنگە پشکی هێزی پێشمەرگەی کوردستان تێیدا زیاتر بێت، چونکە ئەوان ئەرکە گەورەکە دەکێشن بەڵام ئەگەر کار، هەر بە سیاسەتو بە ریفراندۆم مەیسەر بێت، رەنگە ئەو ئەفەندیانەی شارەزاییان هەیە لە ریفراندۆمو سازدانی راپرسیو دیپلۆماسییو دانوستان، ئەوان پشکیان تێیدا زیاتر بێت. واتا هێزە سیاسییەکانی کوردستانو کارەکتەرەکانی بە قەدەر و هێندەی بەشدارییان لە جەنگی سەربەخۆیی کوردستاندا، سەنگیان دەبێت لەو دامەزراوەیەی بۆ شەڕی سەربەخۆییو لەو وڵاتەی دوای سەربەخۆییش پێکدێت، نەك تەنهاو تەنها هێندەی دەنگیان لە هەڵبژاردنێکی هەرێم کە پێش ویستی سەربەخۆیی کراوە، یان هێندەی پارەداریو خۆگیفکردنەوەیان لە کۆڕی سیاسەتی هەرێمیدا.

ئەم بەشدارییە میللییە لە جەنگی سەربەخۆییدا بەشێکە لە گەلاڵەی نەتەوە لە سایەی دەوڵەتدا. نەتەوە لە سایەی دەوڵەتدا دەگاتە قۆناغی هەراشبوونو بینای خۆی تەواو دەکات.بە جۆرێك رۆژی ڕاگەیاندنی سەربەخۆیی، هەر خۆی رۆژی کامڵبوونی هیلالی نەتەوەشە.

## بینای نەتەوەیی و ڕێڕەوەکان

شێوازی بینای نەتەوەکان، بۆ هەر وڵاتێك چیرۆکێکە، بۆ نموونە ئەمریکییەکان لە لامەرکەزییەتێکی فراوانەوە دەستیان پێکردو دیموکراسیی نەتەوەییان لە خوارەوە چێکردو تا ئێستا سیستمی ویلایەتەکانی بەو شێوازە بەڕێوە دەچێت، هەندێك وڵات هەیە بە مەرکەزییەتێکی توند بەڕێوە دەچێت، هەتا دەچەسپێت، ئینجا وردە وردە بەرەو نامەرکەزی دەڕوات، تورکیا یەکێکە لەو وڵاتانەی بە مەرکەزیی دەستیپێکردووەو ئێستا ژانی ئەوەی هەیە چۆن بەرەو لامەرکەزی بچێت لە

حوکمڕانیدا، ئەمە هیچ ناکۆك نییە لەگەڵ ویستی سەربەخۆیی، هەروەها زۆربەی دەوڵەتەکانی سەرەتای سەدەی بیست وەك نەریتێك، وەك واقیعی ئاستی گەشەی سیستمە سیاسیی و ئیدارییەکان کە باو باوی ئەندێشەی حوکمڕانی مەرکەزی بوو، بە مەرکەزێتی پایتەخت و مەرکەزێتی شێوەی حوکمڕانییەوە دەستیان پێکردووە بە جۆرێك زەحمەتە ئێستا ئەم کەلتوورەیان بگۆڕێت. هەرچەندە رێبازەکانی سیستمی سیاسیی و ئیداری گەشەیان کردووە و زیاتر لە ئۆپشنێکیان خستۆتە بەردەم لە بینای وڵات و نەتەوەدا، بەڵام ئیتر جارێ ئەو خوو نەریتە کۆنەپەرستانەیە هەر ماوەو گۆڕانی کاتێکی زیاتری دەوێت.

ئەگەر بمانەوێت سەربەخۆیی بکەین بە ئیرادەیەك و بەرجەستەیەك کە خەڵکی کوردستان پێی خۆش بێت، دەبێت وا تەرجەمەی بکەین هەموو هاووڵاتییەك وەختێك لە خەو هەڵدەستێت هەست بکات تەنانەت بە وەرزش کردن بەشداریی دەکات لە پرۆسەی سەربەخۆییدا، بەو شێوەیە هەستێکی دەدرێتێ غروری نەتەوەیی تێر بکات. لە ڕاستیدا ئەم مشتومڕەی ئێستا دەکرێت لەسەر حەتمیەتی گوایە هەر ئەم ڕێگایە، بێ ئەو ڕێگایانەی تر، تەنها ڕێگای سەربەخۆییە، ئەگەر مشتومڕێکی فیکریی بێت، قبووڵە، بەڵام ئەگەر مشتومڕێك بێت بۆ ئیرهابی فیکری و تەخوینکردن، ئەوە هەڵەیە. دەبێت بزانین سیاسەتکردن چەند ڕێڕەوێکە، بۆ نموونە دەبێت ڕێڕەوی ئیداریی کاری رۆژانەو مامەڵەی ئەمری واقیع لەگەڵ بەغدا جیا بکەینەوە لە رێڕەوی سیاسەتکردن بۆ سەربەخۆیی کوردستان. نموونەی ئەوە، وەکو هێزە کوردستانییەکان، چەند ساڵێك هەڵەمان دەکرد لە بەڕێوەبردنی رەوشی کەرکوك وەختێك ڕێڕەوی ئیداریمان پەیوەست کردبوو بە ڕێڕەوی چارەنووسی سیاسیی پارێزگاکەوە. تەنانەت ڕوویداوە تورکمانێك لێوەشاوەیی ئەوەی تێدا بووە ببێتە بەڕێوەبەری شارەوانیی کەرکوك، بەڵام ئێمە نەمانکردووە لەبەرئەوەی رەنگە تورکمانی ناوبراو لەگەڵ ئەوە نەبووبێت ناسنامەی کەرکوك وا ڕەنگرێژ بکرێت بێتەوە سەر هەرێمی کوردستان، لە کاتێکدا ئەگەر ئێمە رێڕەوی ئیداری و رێڕەوی خزمەتگوزاری و رێڕەوی سیاسیمان جیاکردەوە ئەوا دەتوانین ئەو توانایەی ئەو تورکمانە هەیەتی لە گەشەپێدانی کەرکوك دا کەڵکی لێی وەربگرین. جا با لە رێڕەوە سیاسییەکەش دا ناکۆکیمان هەبێت

لەگەڵی، چونکە دەکرێت بە جۆرێکی دیکە ئیدارەی ئەو ململانێیەی لەگەڵدا بکەین، دەبێت ئەوە بزانین تا ئەو کاتەی ئێمە لە عیراق جیا دەبینەوە، هەندێك ئەمانەتی سیاسیمان لای عیراقە که دەبێت بە سیاسەت و گفتوگۆو پێك سەلماندن لێی وەربگرینەوە، تەنانەت هەتا دوا دانیشتنیشمان لەگەڵ عیراقدا بین تا بزانین سنوورەکەمان، سنووری کوردستانی سەربەخۆ، لە کوێ دەوەستێتەوە.

هەڵەی کوشندەی سیاسەتی ڕەسمی کوردستانیی ئەوە بوو لە چەند وێستگەیەکدا ڕێڕەوەکانی تێکەڵ کردبوو، بۆیە لەگەڵ بەغدا تێکی دا بێ ئەوەی لەگەڵ کوردستان و لەگەڵ کۆمەڵی ئیقلیمی و نێودەوڵەتی یەکلایی بکاتەوە.

### بەو بەشەوە قسە لە سەربەخۆیی دەکەین.

ئەگەر ئەو پانتاییە فراوانەی ناوچە دابڕێنراوەکان کە بە هۆی شەڕی دژە داعشەوە دەستمانکەوتووە، لەژێر دەستی خۆماندا مایەوەو بووە دیفاکتۆ. لەبەرامبەریشدا عیراق دانی بەو دیفاکتۆیە داناو سەلماندی کە ئەو ناوچانە بە گوێرەی مادەی ١٤٠ لە دەستووری عیراق بەشێکن لە کوردستان. ئایا ئێمە ئەم دانپێدانە قبوڵ نەکەین؟ ڕەتیبکەینەوە تەنها لەبەر ئەوەی عیراق دەستپێشخەری کردووەو دانی پێداناوە؟ یان پەسەندی بکەین و سوپاسی حکومەتی عیراقیش بکەین کە ئەم واقیعە ڕاستەقینەیەی پەسەند کردووە.؟ بێگومان سوپاسی دەکەین و پێی دەڵێین کە ئێوە کوردستانێتی ئەم ناوچانە پەسەند دەکەن ڕەنج و خوێنێکی زۆر بۆ هەردوولا دەگەڕێتەوە ئینجا لەگەڵیشیان دەکەوینە گفتوگۆوە چۆن بەشێوەیەکی نەرم و نیان ئەم دانپێدانانە جێگیر بکەین و فۆرمێکی یاسایی بدەینێ؟ هەڵبەتە قسەکردن لەسەر ڕێڕەوە جیاوازەکانی تێکۆشانی کوردایەتی لە پاڵ ڕێڕەوی سەربەخۆیی بە بەرەیەکی تۆکمەی کوردایەتی دەکرێت کە لە بۆسە بۆ یەکتری دانەنیشتبن، بە چەشنێك جیاوازی بیروڕاو ئیجتیهاد بکەنە بۆنە بۆ تانەلێدانی یەکتری. بەرەی تۆکمە پەیوەندییەکی دیالکتیکی لەگەڵ دیموکراسیی و قبوڵکردنی جیاوازی ناو پێکهاتەکانی بەرەکە هەیە. نابێت هیچیان لە بەشی ئەوی تریان بخۆن. لەبەرئەوە خەباتی دیموکراتی و یەکگرتوو

هەم ئازادی و دیموکراسیی دەپارێزێ و هەم یەکڕیزیش بۆ سەربەخۆیی دابین دەکات. ئەگەر هەر ئێستا لە ئیستحقاقی سیاسیی، دیموکراتیی، مێژوویيو سەنگی قوربانیدانی یەکتری بخۆین و لە یەکتری دابڕێین و دەست بەسەر بەشی یەکتریدا بگرین لە حوکمڕانی و بەڕێوەبردنی هەرێمی ئێستادا مانای وایە وێنەیەکی شێواو لەسەر حوکمڕانی کوردستانی سەربەخۆ نیشان دەدەین و هیچ هێزێك ناتوانێ گرەنتی ئەوە بدات، یان وەربگرێت، کە سبەی زەفەر بە هاوپەیمانەکانی ناباتو کوردستانی سەربەخۆ ناکاتە کوردستانێکی مۆنۆپۆڵکراوی سیاسیی و ئابووری، وەك هەر ئێستا لە کوردستانی فیدرالیدا بە چاوی خۆمان دەیبینین. گەڕان بە دوای دڵنیایی دیموکراتیی و دەستووریی لەم پێناوەدا هیچ عەیب نییە، بەڵکو عەیب ئەوەیە موددەعی سەربەخۆیی وا هەبێت کە ڕمێن بۆ کوردستانێکی سەربەخۆی سایەی دیکتاتۆریی پەیدا بکات بە هەنجەتی ئەوەی گرنگ سەربەخۆییە، وەك بێژی سەربەخۆیی یەکسان بێت بە ڕازیبوون بە قەدەری دیکتاتۆریی، ئاخر مەرج نییە دیکتاتۆری قەدەرێکی ئیلاهی بێت، بەڵکو قەدەرێکی هەڵبژێردراوی مرۆییە پەیوەستی بچووکی خەونەکانی دەستەبژێری میللەتە کە بژاردەکان بەرامبەر یەکتریو دژ بە یەکتری دادەنێت لە جیاتی ئەوەی بە تەواوکاری یەکترییان بزانێت. ئەوانەی سەربەخۆیی بەرامبەر بە قەدەری دیکتاتۆریی و حوکمی شکستخواردوو دادەنێن کە هیچ بنەمایەکی یاریی دیموکراتی و ڕێسای شەرعیی و ئاڵوگۆڕی دەسەڵات ڕەچاو ناکات، ئەوانە یان شەریکە بەشی کاسەلێسی دیکتاتۆریین، یان دەفری خەونەکانیان بچووکەو بە قیست جێی ئامانجەکان دەکەنەوە.

سەربەخۆیی پێش ئەوەی واقیعێك بێت بنیاتی بنێین بیرۆکەیەکە لە ئەندێشەدا چەکەرە دەکات، چۆنی چەکەرە پێ بکەیت و بیڕازێنیتەوە لە ئەندێشەدا، لە واقیعیشدا هەروا دەکەوێتەوە، با هەندێك وردەکاری دیمەنەکە جیاوازیش بێت.

# وێستگەی پێنجەم

## پرۆژەی سەربەخۆیی بەرەی سەربەخۆیی گەرەکە

نموونەکانی کۆششی سەربەخۆیی لە تێکۆشانی میللەتاندا زۆرو هەمە چەشنن. بە زۆری و هەمەچەشنی خۆیانەوە یەك ئەزموونمان فێر دەکەن: کۆششی سەربەخۆیی وەك هەر کۆششێکی دیکەی سیاسیی قەوارەو قەپاغی خۆی گەرەکە. ویستی سەربەخۆیی کە ستراتیژی دوورمەوداو لە مێژینەی بزووتنەوەی رزگاریخوازی گەلی کوردستانە. پێویستی بە دامەزراوەو پێکهاتەی خۆی هەیە. پێویستی بە دروستکردنی ئەو دامەزراوانە هەیە کە بۆ تێکۆشانی سەربەخۆیی پێویستن، پێویستی بە بوژاندنەوەی ئەوانەی تریش هەیە کە لەبەر نقومبوونمان لە پرۆسەی ئیدارەو حوکمڕانی لە نیمچە خاکی نیمچە ئازادکراوی باشوور(هەرێمی کوردستان) پەکیان کەوتووە، یان تۆزی غەریبیان لێ نیشتووە، بەو خەیاڵەی ئیتر پێویستمان پێیان نەماوەو بووینەتە (حکومەت)، وا ئێستا چەقبەستوویی ئیدارەی حکومەت و دامەزراوەکانمان بۆی سەلماندین هێشتا ئێمە نەگەیشتوینەتە ئاکام و هێشتا ماومانە سەقامگیریی نەتەوەیی و دەوڵەتداریی بەدی بێنین. شێوازی ئێستای حوکمڕانی کوردستانیی کە هێزێك هەموو ئەوانی تر بە میوان دەزانێت بەڵگەی لاوازی دینگەی دەوڵەتدارییمانە، بەتایبەتی کە هێزەکانی تر کەمیان نەکردووەو زووتریش هاتوونەتە کۆڕی خەباتەوەو بە کۆی دەنگیشەوە زیاتریان بە دەست هێناوە.

سەربەخۆیی دوا پلەی بژاردە نەتەوەییەکان و قۆناغی(بەرزە نەتەوەیە) لە ڕیزبەندی کامڵبوونی نەتەوەیی و نیشتمانیی کوردستانیاندا، بۆیە قەوارەو قاوغی دامەزراوەیی کە بۆ ئەم کۆششە پێویستە، دەبێت ڕەنگدەرەوەی ئەم بەرزییە بێت.

لەم دۆخەدا بەرنامەی حزبە سیاسییەکان، متمانە پێدانی دیموکراتیی جەماوەریش پێیان، لەم هەڵبژاردن و ئەو هەڵبژاردن، لە ئاستی پارێزگاکان، لە ئاستی هەرێم و لە ئاستی هەڵبژاردنی سەرتاسەری عیراقدا، هەموویان وەڵامدەرەوی پێویستی دەستپێکردنی کۆششی سەربەخۆیی نین. لە ناو حزبە کاریگەرەکانی کوردستاندا ئامانجی سەربەخۆیی وەك ئامانجی دوورمەودا باسکراوە، نەك وەك بژاردەی هەنووکەیی. پێویست ناکات لەم پرسەدا کەس خۆی ڕەپێش بخاو ریوایەتێکی جیاواز دروست بکات. ئەگەر پێنج حزبەکەی کوردستان بخەینە بەر رۆژەڤ و لە رووی بەرنامەو ستراتیژی نووسراوو ئەندازەی ئامادەییان بۆ سەربەخۆیی شرۆڤە بکەین، دەبینین:

-پارتی دیموکراتی کوردستان کە ئێستا یەکەم فراکسیۆنی پەرلەمانی کوردستانە(٣٨) کورسی و یەکەم فراکسیۆنی ناو پێکهاتەی کوردستانییە لە پەرلەمانی عیراق(٢٥). کورسی، کەمپینێکی زۆری ڕاگەیاندنی بەرپا کردووە گوایە پارتی دروشمی سەربەخۆیی هەڵدەگرێ، چەند ساڵە ئەم دروشمەی کردۆتە دەسکەلای ململانێی سیاسیی ناوخۆیی لەگەڵ حزبەکانی تری کوردستاندا، کەچی لەدوا کۆنگرەی خۆیدا (کۆنگرەی سیانزەمین کە لە ٢٠١٠/١٢/١١ لە هەولێر ساز کرا) تەنها دروشمی مافی چارەنووسی بەرز کردەوە دروشمێك کە یەکێتی لە نیوەی دووەمی هەشتاکانی سەدەی رابردووەوە هەڵیگرتووە و لە کۆنگرەی گشتی (١٩٩٢/١٢/٢٧)ەوە وەکو دیکۆمێنتی کۆنگرەی گشتی پەسەندی کردووەو پێی ناسراوە.

-بزووتنەوەی گۆڕان لە یەکەم کۆنگرەی گشتی خۆیدا( ٢٦-٢٠١٣/١٢/٢٧) دروشمی نەتەوەیی دیار نییەو لە ناوخنی بەرنامەکەیدا دەزانرێت دروشمەکەی هەر(فیدرالیی)ە پەسەندکراوەکەی دەستووری عیراقە.

-یەکگرتووی ئیسلامیی لە دوا کۆنگرەی خۆیدا (٢٠١٦/٥/٢٨) دروشمی دوورمەودای دەوڵەتی کوردستانی هەیەو هی کۆمەڵی ئیسلامیش کە دوا کۆنگرەی خۆی لە (٢٠١٥/٥/٣٠) کردووە دیار نییە چی بۆ نەتەوە جێگیر کردووە؟ بە شێوەیەکی گشتی لە ناو پێنج حزبەکەدا سێ حزبی سەرەکییان: پارتی، یەکێتی و گۆڕان لەبەر رۆشنایی ئەم پێشهاتانە کۆنگرەی دروشمی سەربەخۆییان

نەکردووە. یەکێتی و گۆڕان لە رێککەوتنی سیاسیی خۆیاندا (٢٠١٦/٥/١٧ ) لەسەر مافی چارەنووس، ریفراندۆم و مافی سەربەخۆیی کوردستان هەڵوێستیان دەربڕیووە کە پشتیوانی نەخشەڕێگایەکی دیارو بەرچاو ڕوون دەکەن.

لە کۆبوونەوەی حزبەکاندا لەگەڵ بەڕێز مەسعود بارزانی لە مەسیف سەلاحەدین، لەسەر پێویستی ریفراندۆم ڕاگەیاندراو هەیە.

پەرلەمانی کوردستانیش لەسەر بنچینەی ئەوە رۆژی (٢٠١٤/٧/٢٣) پرۆژەی کۆمیسۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکان و راپرسی کوردستانی پەسەند کردووە. بەڵام پەکخستنی ناشەرعی پەرلەمان دوای (٢٠١٥/٨/١٩) ئەم کۆششە پەرلەمانییەی ڕاگرتووە. بەم دۆخی پەکخستنی شەرعییەتەوە ئەگەر سەرۆکایەتی هەرێم کە لە رووی شەرعییەوە زامی هەیە دەستبداتە سازدانی ریفراندۆمێکی کرچوکاڵ ئەوا تانەو لەکە دەخاتە سەر بژاردەی جوانی ڕا وەرگرتنی خەڵك وەك دیاردەیەکی مەزنی دیموکراتی و وەرگرتنی تەفویز لەلایەن میللەتەوە. ئەم دۆخەی پەکخستنی دامەزراوە شەرعییەکان فەزایەکی سیاسیی گومانلێکراوی دروستکردووە کە ئەگەر هەڵبژاردنو ریفراندۆم تەنها لە ناو مەڵبەندێکی یەکێتی یان لقێکی پارتیشدا بکرێت گومان لەسەر شەرعیەتی دروست دەبێت، چ جای ئەوەی ریفراندۆمێك لە ئاستی میللەت و سەرتاسەری کوردستاندا بکرێت.

لە رێککەوتنی نێوان یەکێتی و گۆڕاندا لەسەر پرسی سەربەخۆیی و ریفراندۆم واهاتووە:

بەشی سێیەم: مافی سەربەخۆیی و ریفراندۆم.

ماددەی یانزە:

١-هەردوولا کۆکن لەسەر ئەوەی کە مافی چارەی خۆنووسین و ڕاگەیاندنی سەربەخۆیی مافی گەلی کوردستانە، پێویستە ئامادەکاریی هەمەلایەنەی بۆ بکرێت بە ئەنجامدانی ریفراندۆمیشەوە. ئەم بابەتە بابەتێکی نیشتیمانییەو لەسەر رۆشنایی بەرژەوەندییە باڵاکانی گەلی کوردستان لە پەرلەمانی کوردستان یەکلایی دەکرێتەوە.

٢-هەردوولا کۆکن لەسەر ئەنجامدانی ریفراندۆم لە ناوچە کوردستانییەکانی

دەرەوەی سنووری هەرێمی کوردستان.
لە ناو هەموو بەڵگەنامە ڕەسمییەکانی ئەم چەند ساڵەدا ڕێککەوتنی یەکێتی و گۆڕان ڕۆژی (٢٠١٦/٥/١٧)ئیمزا کراوە ڕاشکاوترین دیکۆمێنتی ئەم سەردەمەیە کە دەشێ وەك پەیماننامەی سەربەخۆییش سەیری بکرێت. کەموکوڕی ئەم بەیاننامەیە ئەوەیە دوو حزبە ئیمزاکەرەکەی کۆنگرەی گشتی خۆیانیان نەکردووە تا وەکو بەرنامەی داهاتوویان ڕەنگدەرەوەی ئەم ویستە سەربەخۆییەو ڕەنگدەرەوەی ئەم ڕێککەوتنە بێت.
بێگومان لەم ئاستەدا قسەکردن لەسەر کۆنگرەی حزبەکان و دواکەوتنی بەستنیان پەیوەندیی بە بریندارى شەرعیەتیان و خەمی دیموکراسییەوە نییە، کە ئەوەش خەمێکی ڕەواو رەسەنە، بەڵکو پەیوەندیی بە ئامادەکاریی میللییەوە هەیە بۆ پرسی سەربەخۆیی هەروەکو چۆن پەیوەندیی بە نوێبوونەوەی نەوە سیاسییەکانەوە هەیە. ئەگەر حزبە سەرەکییەکانی کوردستان کۆنگرە ببەستن و لەبەر رۆشنایی هەلومەرجی تازەو پێدراوەکانی سەربەخۆییدا ستراتیژی خۆیان دیاری بکەن، مانای وایە هەنگاوی یەکەمی سازدانی وزەی دامەزراوە سەرەکییەکانی کوردایەتی، کە حزبەکانن، چاك و دروست هاتووە. ئەگەر نەیبەستن مانای وایە هەنگاونان بۆ سەربەخۆیی پشتخانێکی شەرعیی حزبیی، حزبە میللەیی و گەورەکانی نییە. خوانەخواستە لە حاڵی پەککەوتنی ئەم هەنگاوەشدا کەس نابێت خاوەندارێتی لێ بکات و لە کاتی سەرکەوتنیشدا جگە لە ئەنجامدەرانی، لە سەرکردایەتییەکان، کەس ناتوانێت شانازی پێوە بکات.
لە هەموو حاڵێکدا حزبەکانی ئێستا پێویستیان بە ئەبدەیتکردنەوەی بەرنامەو ستراتیژیان هەیە کە بۆ ئەم ئەرکە قورسەی سەربەخۆیی دەست بدات. جەنگی سەربەخۆیی کوردستان هەیکەلی نوێی پێویستە. هەیکەلەکانی پێشوو بۆ حوکمی زاتی و فیدرالی و ئیدارەی پێش ویستی سەربەخۆیی دەست دەدەن. ئەوەی بەم هەیکەلەی ئێستاوە ئەم جەنگە بکات، مانای وایە ئیشەکەی بۆ کاری رۆژەو تەگبیری دوورمەودای شەڕی رزگاری و سەربەخۆیی نەکردووە.
ئەوە کە حزبەکانیش، بەتایبەتی حزبە گەورەکان، خۆیان ناخەنە بەر تیشکی ئیستحقاقی دیموکراتی کۆنگرە بەستن جگە لەوەی نیازو نیەتیان بۆ ستراتیجی

سەربەخۆیی کێماسیدار دەکات، لە هەمان کاتدا خوێنی تازە ناخەنە ناو ڕێبەرایەتیانەوە کە ئەوە هەم بۆ نوێبوونەوەی حزبەکان و هەمیش بۆ قۆناغی شەڕی سەربەخۆیی زۆر پێویستە، نەوەیەکی نوێ ئەگەر نەخرێتە بەردەم بەرپرسیارێتییەوە هەم ئەرك ناخاتە سەرشانی خۆی و هەمیش خۆی بە تاوانبار نازانێت لە هەر پاشەکشێیەکی کاتیی، یان پەککەوتنێکی وێستگەی دژواری سەربەخۆییدا. دوودڵی بەشێك لە چینی سەرکردایەتی بەئەزموونی حزبەکان لەبەردەم قۆستنەوەی ئەگەرەکانی بەردەم کورددا بەشی زۆری دەگەڕێتەوە بۆ ترس لە ئایندەو نادیاری ئاسۆو هەندێك جاریش ئاگاهی زیاد لە پێویست و یادەوەری تیژی شکستخواردن لەم کاروانە دووورودرێژەی کوردایەتیدا. ئەم ئاگاهییە وەکو چۆن ئەزموونە بۆ کەڵك لێوەرگرتن و دووبارە نەکردنەوەی هەڵەو پەڵە، دەشێ بەربەستی ترس و لەمپەری ئیقدامو بازدانی چۆنایەتیش بێت. واتا دەشێ کارێك بکات لە ترسدا هیچ دەستپێشخەری و ئازایەتییەك نەنوێنێ.

**گرفتەکان**

لە سەرێکی ترەوە بەرەیەکی کوردستانیی سەربەخۆخواز کە حزبەکان، کۆمەڵ و ڕێکخراوە دیموکراتی و مەدەنییەکان بۆ ئەرکەکانی سەربەخۆیی یەك بخاو سازیان بدات. وێستگەیەکی گرنگە لەم پێناوەدا. بێگومان دامەزراوە ڕەسمییەکانی وەکو سەرۆکایەتی هەرێم، حکومەتی هەرێم و لەسەرووی ئەوانیشەوە دامەزراوەی یاسادانان و بڕیاردان (پەرلەمان) ڕۆڵێکی گەورە دەگێڕن لەم سازدانەوەیەدا. بەڵام ئەم دامەزراوانە مەحکومن بە شەرعییەت، بە هەڵبژاردنەکان و بە یاسای هەڵبژاردن بەو جۆرەی دەستووری عیراق و پەیوەستبوونە عیراقییەکە بەسەرماندا سەپاندوویەتی (بڕوانە وێستگەی چیەتی بزووتنەوەی رزگاریخوازی گەلی کوردستان). لە غیابی دەستوورێکی کوردستانیدا ڕێرەوی کارکردن لەسەر ئەم دامەزراوانە بە تەنها بەس نییە بۆ گەیشتن بە ئامانجی سەربەخۆیی. ئەم ڕێڕەوە لەسەر بنچینەی دیموکراسیی، یاساو ڕێسای هەڵبژاردن و تەداروکی ریفراندۆم پێکهاتووە. پەیوەستی ڕەزامەندی نێودەوڵەتی و ئیقلیمیو عیراقی و لە ئاستی ناوخۆشدا پەیوەستی دابینکردنی لایەنی لۆجستی دەنگدان و پیادەکردنی مافی

دەنگدانە. بۆ نموونە ئایا هەر هەرێمی کوردستان مافی دەنگدانی دەبێ، یان ناوچە دابڕێنراوەکانی کوردستانیش؟

ئایا ریفراندۆم لەسەر چارەنووسی کەرکوک پێش ریفراندۆمی سەربەخۆیی هەرێم دەبێت، یان پێکەوە، یان دوای ئەوان؟

یەکلایی نەبوونەوەی پرسی شەرعییەتی دامەزراوە ڕەسمییەکان، پرسی سەرۆکایەتی هەرێم، پەککەوتنی پەرلەمان، ئەمانە هەمووی ڕەچەتەن بۆ پاشەکشێ و خوانەخواستە لە ئایندەشدا شکست، ئەم گرفتانە لە کۆمەڵێکی ئاساییشدا تاقەت پروکێنن. چ جای لە کۆمەڵێکی ڕاگوزەری وەکو کوردستاندا کە هەم واقیعی تاڵی تەنگژەی دارایی هەیە، هەم خەونی ئاڵی سەربەخۆییشی هەڵگرتووە. برینداربوونی شەرعیەت رێگەی گرتووە لە دروستکردنی مەرجەعیەتی دەستووریی، ئامادەکاری بۆ ریفراندۆمو دیاریکردنی ئالیەتێك بۆ ئیدارەدانی ململانێی سیاسیی و کۆمەڵایەتی کە ململانێیەکی شەرعییە لە هەموو کۆمەڵێکی دیموکراتدا. وێڕای ئەوەش لە بیرمان نەچێ کوردستانیش، وەك هەر کۆمەڵێکی دیکەی مرۆیی، کۆمەڵێکی چینایەتییە، ڕەوت و ئاراستەی سیاسیی جیاجیای تێدایە کە کەمو زۆر گوزارشت لە بەرژەوەندیی کۆمەڵایەتی جیاواز دەکەن و لە غیابی مەرجەعییەتێکی دەستووری، یان میساقێکی سیاسیی پەسەندکراوی گشتیدا دەشێ تووشی بەریەککەوتن بن. ڕاستە کوردستان لە مێژە بێ مەرجەعییەتێکی وایە، بەڵام جاران، کۆمەڵی کوردستانی دوای راپەڕین، کۆمەڵێکی سادەو ساکار بوو، ئەزموونەکانی بزووتنەوەی کوردایەتی و حزبەکانی بەشی ئەوەی دەکرد کێشەکان چارەسەر بکرێن. ئەمڕۆ ئەوی هەیە بەشی ئەو قەرەباڵغییە کۆمەڵایەتییە ناکات، بەڵکو مەترسی لادان و بەریەککەوتنیش زۆر بووە. بەتایبەتی تەنگژەی دارایی و ئابووریی جۆرێك لە داوەشینیماڵباتی و جڤاکی، سبەینێش ئەمنی و سیاسیی، بە دوای خۆیدا دەهێنێت.

لە سەرێکی دیکەوە غیابی مەرجەعی یاسایی و سیاسیی کە پێکناکۆکەکان لە کاتی ناکۆکیدا هانای بۆ بەرن کارێکی کردووە شەپۆلێکی کۆنەپەرستی باڵا لە هەموو ئاستەکاندا باڵ بەسەر کوردستاندا بکێشێ. ئەم شەپۆلە شەپۆلێکی کۆنەپەرستانەیە کە لە سەرەوە سیاسەتی کوردستانیی کردۆتە

بارمتەی جەمسەرگیریی ئیقلیمی و کەینوبەرینی دەوڵەتە کۆنەپەرستەکانی کە هیچیان پێ نەبووە بۆ کۆمەڵی خۆیان، چ جای ئەوەی کۆمەڵی ڕوو لە سەربەخۆیی کوردەواری لە باوەش بگرن. شەپۆلی کۆنەپەرستانەی دووەمیش شەپۆلێکە لە خوارەوە کە خەڵکە هەژارو کەم دەرامەت و بێ دەرەتانەکان لە کاتی نادادی و نایاسایی و روون نەبوونی هێڵی جیاکردنەوەی نێوان ڕاستیو ڕەوایی لەلایەك و زوڵم و ناڕەزایی لەلایەکی ترەوە، پەنا دەبەنە بەر خورافات و گۆشەگیری و مەرجەعیەتی وا کە ژینگەی مانەوەی داعشیزم گەشە پێ دەدات لە جیاتی برەوپێدانی ژینگەی فرەیی سیاسیی و لێبوردەیی و میانڕەوی ئایینی. ئەم دۆخە شڵەژاوتر دەبێت کاتێك لەبەر دەرەنجامەکانی تەنگژەی ئابووری چینی ناوەڕاست، وەك دینگەی ڕاگری ئاشتی کۆمەڵایەتی و خواستە دیموکراتییەکانی هەر کۆمەڵێکی تەندروست، دۆخەکەی دەشەمزێ و ڕۆڵەکەی پەرت و لاواز دەبێت. ئەمانە هەمووی دەبنە رەچەتە بۆ ئاڵۆزیو ئاسۆ نادیاری لە کوردەواریدا. بەم مانایە داخوازی چارەسەرکردنی پرسی شەرعیەتی حوکمڕانی هەر داخوازی دەستەبژێرانەی حزبەکان و سەرکردەکان نییە، بەڵکو پێویستییەکی سەرتاسەرییە جا لە غیابی ئەم مەرجەعەو لە واقیعی گەشانەوەی ژینگەیەکی کۆنەپەرستانەدا (جورعەیەکی تەمەڵ)، بە وەسفی گۆرانی شاعیر، لە ڕەوتی چەپ و هەناسەی شۆڕشگێڕی واقعییانەدا دەبێتە زەرورەتێکی نەك تەنها کۆمەڵایەتی بۆ ئیدارەدانی ململانێ کۆمەڵایەتییەکەی ناو هەناوی کۆمەڵی کوردەواری، بەڵکو تەنانەت بۆ بەشدارییەکی سەنگین و کاراش لە دۆسێی سەربەخۆییدا. بۆ ئەوەی ئەم دۆسێیە وەك کەینوبەینێکی کۆنەپەرستانە دەرنەکەوێت کە لە شکستیشدا کەس خۆی لێ نەکاتە خاوەن. دڵنیاشبن ئەوی لێرە دەیڵێم بانگەوازێکی فیتنەگێڕانە نییە بۆ دروستکردنی ململانێیەکی درۆیانەی نێوان چەپو ڕاست، بە جۆرێك ئەرکی بزاوتی کوردستانیی قورستتر بکەم لەوەی خۆی تێیدایەتی، بەڵام ڕاستییەکەی هەر شرۆڤەیەکی فیکری بۆ ڕەوشی کوردستان دەریدەخات لە غیابی ڕیزبەندییەکی کۆمەڵایەتی ڕاستەقینەدا بۆ ڕێکخستنی ئەو ڕیزبەندییە لە چوارچێوەی شەپۆلی فیکری و سیاسییدایە دەبینین ململانێکانی ناو کۆمەڵی کوردەواری بە ڕێوشوێنی

قەرەباڵغی و ئەنارشیزم دا دەڕواو هیچ ریتمێك بزاوتەکەی ڕێك ناخات کە سیاسەت لە کوردستان ژیرانە ببا بەڕێوەو جوڵەیەکی ئومێد بەخشیشی بداتێ.

## ڕێڕەوی دیکەی سەربەخۆیی

لە ڕاستیدا پرسی سەربەخۆیی تەنها پرسێکی تایبەت بە ڕێڕەوی دەستوورو ریفراندۆم و قبوڵکردنی نێودەوڵەتی و ئیقلیمیو عیراقی نییە، بەڵکو پەیوەندی بە تۆڕێك هێزداری و سەنگ پەیداکردنەوە هەیە کە ڕێڕەوی پێشمەرگایەتی و جەنگی رزگاری دیاری دەکات. واتا جەنگی سەربەخۆیی هەر جەنگێکی سیاسیی نییە لە ڕێی ئامرازە دیموکراتییەکانی وەکو گشتپرسی و دانوستاندنی (چارەسەری کۆتایی)، بەڵکو جەنگێکی رزگاری نیشتمانیشە.

بەم مانایە پێشمەرگایەتی بژاردەیەکی سەرەکییە لە قۆناغی داهاتووشمان بەرەو سەربەخۆیی. لێرەشەوە چەمکی سەربەخۆیی دەلالەتێکی فراوانتری هەیە لە دروشمی دەوڵەت دروستکردن. ڕاستە سەربەخۆییش بە مانای دەوڵەت دروستکردن دێت، بەڵام دەوڵەت دروستکردن تەنها ئەرکی دەوڵەتمەدارەکانە و لە حاڵی کوردستاندا بە مانای نەقلەیەکی ئیداری و سیاسیی و یاسایی دێت لە فیدراڵییەوە بۆ قەوارەی دەوڵەت.

بێگومانیش ئەم نەقلەیە چەند گەورە بێت هەر لە بازنەی پەرەسەندنێکی حەریفانەی دەستەبژێردا دەمێنێتەوە، نابێتە شەئنێکی میللی مەگەر ئەو کاتەی دادەمەزرێ و خێرو بێرە سەربەخۆییەکەی بەر هەموو هاونیشتمانیان دەکەوێت. لە ئەسڵدا دەوڵەت دروستکردن بژاردەو ئەرکی دەستەبژێری سیاسی و حەریفەکانی سیاسەتکردنە، هەرچی سەربەخۆییە ئەوا ئەرکێکی نیشتمانیی بەرفراوانە دەستەبژێری سیاسیی و سەرکردەو سیاسەتمەداران رێبەرایەتی دەکەن، بەڵام هەموو کۆمەڵگە، بە هەموو توێژو گروپەکانییەوە بەشداری تێدا دەکەن. داستانی سەربەخۆیی داستانی نەتەوەیەو لە ناو ئەو داستانەدا هەر ئەندامێکی نەتەوە چیرۆکێکی خۆی هەیە کە سبەی بۆ نەوەکانی دەگێڕێتەوەو نەوەی ئەم داستانە وەك نەوەی سەربەخۆیی دەناسرێت لە مێژووی کوردستاندا. لەبەر ئەوەشە هاتنە پێشەوەی نەوەیەکی نوێ لە دەستەبژێری سیاسیی و رووناکبیریی لە ڕێی

ئەبدەیتکردنەوەی شەرعیەتی حزبەکان(وەکو باسمان کرد) شەرعیەتی دامەزراوە ڕەسمییەکان و ئینجا ڕۆڵپێدانی جددیان بەو نەوە تازەیە لە چوارچێوەی کۆی بزووتنەوەی رزگاریخوازی گەلی کوردستاندا، لە نیشانە دیارەکانی ویستی سەربەخۆیی و جددیەتی هەڵگرانی ئەم دروشمەیە. بێگومان کەس خەیاڵپڵاوی ئەوە ناکات کە بێژێت دۆخی دژواری سیاسیی و ئەمنی "کوردستانی تەنگژە"کە رووی لە یاریی لووتکە، شەڕی سەربەخۆییە، دۆخی گونجاو و تەندروستە بۆ گۆڕینی ڕاهێنەر، یان تیمی یاری، بۆ ئاڵوگۆڕی دەسەڵات و قودرەتمەندی لە نێوان نەوەکاندا، چونکە زەحمەتە باوەڕ بەوە بکرێت دەستەبژێری پێشوو، جا لە پەرۆشی نیشتمانیی یان لەبەر پرەستیچی خۆی، ئەم ئاڵوگۆڕە ئاشتیانە قبوڵ بکات و لە لێواری دۆخی دژواردا سیاسەت تەسلیمی نادیار بکات کە دەشێ سەرچڵی ئیجابی و دەشێ سەرچڵی کارەساتباریشی تێدا بێت. بەڵام هیچ نەبێ متوربەکردنێکی نەرمی بزووتنەوەی رزگاریخوازیمان بە نەوەیەکی هاوتەریب کارێکی هەر زۆر پێویستە، ئاخر نە زاکیرەی ئەزموون دەسڕدرێتەوەو نە دەشکرێ وێستگەی سەربەخۆیی لە وزەو توانای نەوە نوێیەکە بێبەش بکرێت. بزووتنەوەیەکی رزگاریخوازی خاوەن دینامیکیەتی نەرم و هەڵمژی تواناکان دەتوانێ لە پرۆسەی سەربەخۆییدا ئاوێتەبوونە پێویستەکە لەنێوان ئەزموونی پێویست و جۆشی نەوەی تازەدا دروست بکات. نەوەی هاوتەریب هەم موناfیسەو هەمیش هاوپەیمان، بۆیە ئەم جووڵەیەش خوێن وەبەر بزووتنەوەی سیاسیماندا دەکات و دیالەکتیکێکی زیندووە.

## شەڕی دەوڵەت و شەڕی سەربەخۆیی

لێرەدا جیاوازییەکی دیکەی شەڕ بۆ دەوڵەت و شەڕ بۆ سەربەخۆیی ڕووندەکەینەوە لە تەرجەمە ئیقلیمییەکەیدا، واتا لەو دیوەی پەیوەندی بە پیلانگێڕی ئیقلیمییەوە هەیە. شەڕی دەوڵەت بەرتەنگ و پێچاوپێچەو لەوانەیە پەیوەستی هاوسەنگی بێ ڕەحمانەی جەمسەرگیریی ئیقلیمی و نێودەوڵەتی بێت، گێچەڵ و شەڕی لابەلای ئەوان بەر بە ویستی سەرکردەو سیاسەتمەداران بگرێت، بەڵام شەڕی سەربەخۆیی هێزی نەتەوە دەکاتە

پەرژین لەبەردەم پیلانی زلهێزو نیمچە هێزەکانی گەرەکیانە زەفەر بەم ویستە نەتەوەییەی کورد بەرن. شەڕی سەربەخۆیی کۆششی نەتەوەییمان لە جەنگی چڵکنی قودرەتمەندی و جەمسەرگیری دواکەوتوویی مەزهەبی ئەمو ئەو دەپارێزێت کە ئێستا بۆگەنی ئەو شەڕە مەزهەبییە کۆنەپەرستە هەموو ناوچەکەی گرتۆتەوە. ئەم جەنگی سەربەخۆییە، جەنگێکی پاکی نەتەوەیە لە ڕێی مافی دەوڵەتدا. هەموو تواناکانی گەرەکەو هەموومان دەبێ تێیدا بەشدار بین. شەرەفی بەشداریکردن و ئەرکی بەشدارییکردنمان لەسەرە. پەرتکردنی هێزەکان لەنێوان جەمسەرە ئیقلیمییەکاندا بە بیانووی ئەوەی ئەم جەمسەر لەویتر باشترەو ئەمیتر دۆستایەتی کوردو دەوڵەتەکەی دەوێت، سەرچڵییەکی مەترسیدارەو هەرگیز مانای دیبپلۆماسیی و چنینی تەونی بەرژەوەندی لەگەڵ دەوڵەتان نادات بەدەستەوە.

ئەم جەمسەرگیرییە ئەو کاتە مەترسیدارتر دەبێت کە لایەنێك بۆ پاکانەکردنی جەمسەرگیریی بێ تەداروکی خۆی وەهمی جەمسەرگیریی و تۆمەتی جەمسەرگیریی پێچەوانە بۆ بەرامبەرەکەی دروست بکات. لە حاڵی وادا کوردستان دەکەوێتە ژێر دەستی جەمسەرگیریی ئیقلیمییەوە لە جێی ئەوەی بتوانێت ئەم جەمسەرگیرییە بۆ سیاسەتی تەوەربەندی کوردایەتی بەکار بێنێت. لەم ڕێڕەوە جیاجیایانەی سیاسەتی کوردایەتیدا ئێمە لەبەردەم ئەگەری فراوانبوونی پەراوێزی کاری کوردایەتی و ئەگەری بەریەککەوتنی پرۆژە جیاجیاکانی خۆماندایین.

لەبەر ئەم دەرکەوتەیە گەرەکە هێزەکانی کوردایەتی کە نها لەسەر خاکی کوردستان هەریەکەیان لە قوڵێکەوە داعش دەشکێننو لە هەندێك نەبەردیدا پێکەوەن، ئەم خەزینە نەتەوەییە لە بەریەککەوتنی خراپدا خەسار نەکەن، هەریەك لە هێزەکانی کوردایەتی کە بە ئیجتیهادی جیاوە سیاسەت دەکەن، دەبێت لەسەر تەوەرەی کوردایەتی و پێوەرە دیارو ئاشکراکانی سیاسەت بکەن، پەیوەندی لەگەڵ یەك ببەستن و میکانیزمی هاوکاری بدۆزنەوە. جا ئەگەر کۆنگرەی نەتەوەییش نەبەسترا وەکو چەند ساڵ پێش ئێستا ئەم کۆنگرەیە لە بیروکراتی حزبەکان و مۆنۆپۆڵی سەرکردایەتییەکەیدا

پێ کوتەی بە خۆوە بینی، ئەوا لانی کەمی هاریکاری و پێکەوەیی مسۆگەر بکەن. ئەمەش بە واتای یەك ئامانجی و فرە پەراوێزی کارکردن دێت.

پێویستە هێزی سەربەخۆخوازی کوردستان ئەوەندە گرژ نەبێت لە مامەڵە لەگەڵ شەڕڤان و گەریلاداو بڵێ ئەمە(نەبەردی سەربەخۆییەکەی) خۆمە لە باشوور، یان لە بەشێکی تری کوردستان و تۆ لێی دەرچۆ، دەبێ ڕێگەی بەریەککەوتن بگرین. بەتایبەتی کە بە ئاشکرا دیارە جەمسەرگیریە ئیقلیمییەکە خەریکی سازان و گونجانن لەنێوان خۆیانو کۆدی ڕێککەوتنیشیان وەك هەمیشە (مەترسییە کوردییەکەیە) کە بۆ ئەوان کێشەی کوردەو بۆ ئێمەش پرسی کورد.

ئێستا دوو تەوەرەی گەورەی ناکۆك هەیە کە لە کورستانی عوسمانلیدا سیاسەتی پێچەوانەی یەکیان هەیە، یەکێکیان پەکەکەو ئەوی تریان پارتییە، ئەم دووانە دەبێت بگەنە جۆرێك لە لێکگەیشتن، ناشڵێم بگەنە هاوپەیمانی بۆ ئەوەی دەستکەوت بۆ گەلی کورد بەدی بهێنن، بەڵکو لێکگەیشتن بۆ ئەوەی هیچ نەبێت بەریەك نەکەون تا هەریەك لە بەشەکەی خۆیدا دەستکەوت بەدی بهێنێت و دواجار کۆی دەسکەوتەکان بچنە ڕووباری گەورەی کوردایەتییەوە.

لەو ئاستەدا یەکێتی، ئەگەر بخوازێت و ئەگەر دەردە ناوخۆییەکانی بهێڵێت، دەتوانێت ئیسفەنجە نەرمەکە بێت کە لە ئاستی کوردستانی عوسمانلیدا بەریەککەوتنی پەکەکەو پارتی هەڵمژێ، وەکو لە ئاستی سیاسەتی ناوخۆی هەرێمدا ئەمەی لە پەیوەندی پارتی و گۆڕاندا کرد.

## سیناریۆی کوردستانەکان

لێرەشەوە سەربەخۆییم باس کرد نەك دەوڵەت، چونکە کێ دەڵێت لەم سەربەخۆییەی کە دروست دەبێت، دوو بەشی کوردستان یەکناخاتەوە، هەردوو بەشی کوردستانی باشوورو کوردستانی ڕۆژئاوا، ئایا ئەگەر چانسێکی وا هاتە پێشەوە قبوڵی نەکەین؟

## با گوێ لە قسەی خۆشو ناخۆش بگرین:

کێ دەڵێت دوای جەنگی سەربەخۆیی جەلەولا دێتە بندەستی سەربەخۆییەکەی باشوورەوە؟ ئایا لە دۆخێکی وادا نەیکەین؟ ئەگەر کوردستانی سەربەخۆ تا قامشلۆی گرتەوە ئەوە باشە، بەڵام خۆ دەبێ تەگبیری هاوبەش لەگەڵ سەرکردایەتی رۆژئاواو هی باکووریش بکەین کە خاوەندارێتی فیعلی، مێژوویی و کرداریی لە کانتۆنەکانی رۆژئاوا دەکەن. خۆ بێجگە لەوە ئەگەر خوانەخوستە کوردستانی سەربەخۆ زرباتیەی تێنەکەوت خۆ رەتی ناکەیتەوە لەبەر لە دەستچوونی بەشێکی خاك؟ باسی ئەم قسە ناخۆشانە بۆ ئەوەیە سیاسەتی کوردایەتی خۆی بۆ بڕیارە قورسەکانیش ئامادە بکات، وەك ئەوەی لە دوا دانوستاندنی نێوان کوردستان و بەغدا، کوردستان و کۆمەڵی ئیقلیمی و نێودەوڵەتی دا بڕیاری قورسی وەك گۆڕینەوەی خاك و دانیشتوانیش، بە کەمترین زیانەوە، گەڵاڵە بکات.

## سوپای رزگاری و نیزامی

لەبەر ئەم شرۆڤەیەی سەرەوەیە جارێکی تر دەیڵێینەوە:

شەڕی سەربەخۆیی هەم تەداروکی سەرکردایەتییەکی مەحکەم و ناوەندێتی دەوێت و هەم خەسڵەتە ئیجابییەکانی دەستپێشخەری میللی و گیانفیدایی هەموو گروپ و دەستە هیمەتسازەکانی گەرەکە.

ئەگەر ئەم خەسڵەتە، یانی دەستپێشخەری میللی، بە پرسی پێشمەرگایەتیو جەنگی پێشمەرگانە بۆ سەربەخۆییەوە گرێبدەین گەرەکە ئێمە قسەمان لەسەر سوپای رزگاری یەکبخەین، نەك پێداگری لەسەر سوپای یەکگرتووی نیزامی بکەین. سوپای نیزامی و حەریف و یەکگرتوو خەونێکی خۆشە کە دوای سەربەخۆیی دێتە دی. واتا سوپای یەکگرتوو سوپای دەوڵەتی کوردستان دەبێت کە دوای جەنگی سەربەخۆیی شانازیی پێوە دەکەین.

لە کاتێکدا سوپای رزگاری بە دەردی جەنگی سەربەخۆیی دەخوات، چونکە هەموو تواناکانی میللەتی بۆ ساز دەدرێت.

ئەم سوپایە دەتوانێت تەشکیلاتە ڕەسمییەکانی وەزارەتی پێشمەرگەی هەرێمی کوردستان و هەموو تەشیکلاتە پێشمەرگانەکانی تریش لە خۆ بگرێت و هەموو ئەو پێشمەرگەو تێکۆشەرانەش لە خۆ بگرێت کە دەخوازن لە شەڕی سەربەخۆییدا بەشدار بن. بێ ئەوەی بیانەوێ تا سەر پێشمەرگەو سەرباز بن. نموونەی ئەمەش شەڕی بەرپەرچدانەوەی تیرۆری دەوڵەتی ئیسلامیی (داعش) بوو، کە هێزی پێشمەرگەو هێزی خۆبەخش، هێزی گەریلاو شەڕڤان لە پاڵ هێزی رەسمی حکومەتی هەرێمدا، لە نەبەردییەکانی دژی تیرۆردا بەشدار بوون.

بەڵام هەندێك ناوەندی سیاسیی هەن چەمکی سوپای یەکگرتووی کوردستان وەك دەسکەلا بەکار دێنن بۆ ئیحتواکردنی هێزی پێشمەرگەی لایەنەکان بێ ئەوەی ئەم یەکگرتوویە لە چوارچێوەی ڕێکخستنەوەی سوپایەکی پیشەیی بێ لایەندا ڕێکبخەنەوە. هەرچەندە لە رابردوودا گەلێك دەرفەت لەبەردەست ئەواندا هەبوو. کە سەنگی خۆیان بۆ یەکخستنی پێشمەرگە بەکار بێنن، بەڵام نەیانکردووەو پێش هەموو شتێك هێزی خۆیانیان بە مۆنۆپۆلی هێشتۆتەوەو یەکگرتنی هێزی پێشمەرگەیان وەك ئیلتحاق و پابەندبوونی ئەوانی تر، بە هێزی خۆیانەوە، وێنا کردووە. دوای ئەو ساڵانەش تازە چەمکی یەکگرتنەوەو سوپای یەکگرتوو بۆ تێکەڵکردنی کاغەزەکان و بۆ سڕینەوەی نەبەردییەکانی هێزە ئازاکان، بەکار دێنن.

لە غیابی هەلومەرجێکی لەباری یەکگرتنەوەی هێزی پێشمەرگەو دیاریکردنی ئالیەتێکی شەفاف بۆ ئەو یەکگرتنەوەیە، باسکردنی ئەم بابەتە بە ئاڵۆزی هیچی تر نییە جگە لە هەوڵی مۆنۆپۆلو ئیحتوا لە وەختێکدا پێویستمان بە پتەوکردنی تواناکان و دۆزینەوەی میکانیزمی واقیعی هەیە کە لەم قۆناغە شۆڕشگێرییەدا مشتومڕی نابەجێ دروست نەکات، بەڵکو نەرمە هێزی هاوکاری و پێکەوە کارکردن لە چوارچێوەی سوپای رزگاری کوردستان دا پەرە پێبدات.

## وێستگەی شەشەم

# چییەتی بزووتنەوەی رزگاریخوازی گەلی کوردستان؟

زیندووکردنەوەی چەمکی بزووتنەوەی رزگاریخوازی گەلی کوردستان و ئەبدەیتکردنەوەی دامەزراوەکانی هەنگاوی هەرە سەرەکییە بۆ جەنگی سەربەخۆیی کوردستان بەرەو دەوڵەتی کوردستان. بزووتنەوە رزگاریخوازییەکان لە ئەزموونی هەموو میللەتاندا چەتری سەرەکی و دامەزراوەکانی دامەزراوەی هەرە کاریگەرن بۆ جەنگی سەربەخۆیی، نەخاسمە بۆ گەلی کوردستان کە لە بەرئەوەی دەوڵەتی داگیرکەرو دەوڵەتە گەورەکانی کوردستانیان دابەشکردووە گەلی کوردستانیان لە هەموو دامەزراوەیەکی نوێنەرایەتی، یاسایی و شەرعی، هەڵبژێردراو، یان دانراو، نەتەوەیی یان نیشتمانی و نوێنەرایەتی شارەوانیو پارێزگاکان(بە ناوی کوردەوە) بێبەش کردووە. تەنانەت لەو ماوە کەمانەی دیموکراسیی و سەربەستییە گشتییەکان دا، هەڵبژاردنی پەرلەمانی و شارەوانی و پارێزگاکانیشی هەبووە، ئا لەو عانەشدا دیزاینی پرۆسەی دیموکراسی و نوێنەرایەتیکردن وا دارێژراوە کە گوزارشت لە بوون و حیسیەتی گەلی کوردستان نەکات. لەو نموونە دەگمەنانەی گوزارشتی واشی کردبێت لە پەیژەیەکدا سەرکەوتنی نوێنەرایەتی کوردیان پەکخستووە، یان داخستووە، یان دواخستووە یاخود بە لارێدا بردووە. دیزاینی ئیدارە، شارو پارێزگاکان، دیزاینی رێژەی نوێنەرایەتی هەڵبژێردراو، وەزیفەی نوێنەران لە دیموکراسیی نوێنەرایەتیدا وا نەخشەی بۆ کێشراوە درەفەتی دابینکردنی ویستی کوردەواری نەدات دەرەقەتی چارەسەری دیموکراسیانەو یاساییانەی پێداویستیە نەتەوەیی و نیشتمانییەکانی کورد نەیەت. نموونەی ئەمە لە دیموکراسیی ناسراوو بەرچاوی دوو دەوڵەتی

تورکیا و عیراقدا دەردەکەوێت کە لە هەردوووکیاندا حزبی کوردیو تەڤگەرێکی سیاسیی کوردستانیی نوێنەرایەتی گەل دەکا بە هەڵبژاردن و دەنگدان، بەڵام لە چەند وێستگەیەکدا، بە چەندین بیانوو، کاریگەری ئەم نوێنەرایەتییە پەك دەخرێت.

لە تورکیا: ڕێژەی لە ١٠٪ بۆ بەربەستی هەڵبژاردنی پەرلەمانی، یاساکانی دژی تیرۆرو پاڵپشتی گوایە تیرۆرو چەندین بەربەستی دیکەی وەکو (حزب نابێ نوێنەرایەتی ئەتنیکێکی دیاریکراو بکات)و ... هتد، ئەمانە هەمووی و لە کاتی پێویستدا ڕۆڵی نوێنەرایەتی کورد پەك دەخەن.

ڕێژەی ١٠٪ بۆ دوورخستنەوەی نوێنەرایەتییەکی سەنگینی کوردستانییە لە (بیوك مەجلسی تورکیا) کە ئەگەر ئەو ڕێژەیە نەهێنن دەنگەکانیان دەفەوتێ و بۆ حزبە شۆڤێنییە تورکییەکان دەڕوات. یاسای بەرەنگاری تیرۆر بۆ بەرەنگاری چالاکی سیاسیی کوردستانییە، بۆ گرتن و دەرکردن و لێسەندنەوەی پارێزبەندییە لە پەرلەمانتاری کوردستانیی تا نەتوانێت لە چوارچێوەی دیزاینی دیموکراسیی گشتیدا کارا بێت و لەو شوێنەی دەیبەنەوەو ڕێژە بەدەست دێنن، ئیحتوا بکرێن و پێبەندی یاسایی و دەستوورییان بۆ بێننە پێش.

**لە عیراقدا:**

دەستووری وڵات چەندین فلتەری وەکو دادگای فیدراڵی، ئەنجومەنی ئیتیحادی و ڕاپرسی لەسەر دەستکاریی پێویستیی دەستوور داناوە کە بۆ پاراستنی مافی پێکهاتەکان بە کەڵك دێت، بەڵام فەزای سیاسیی وڵات لە دوای کەوتنی سەددام و پەسەندکردنی دەستووری عیراقەوە (٢٠٠٥)، جۆرێك لە ئیرهابی فیکری و مەعنەوی دروستکردووە، کە کورد نەتوانێت بە دەستوور و نەخشەڕێگای دەستووریی چارەنووسیی کەرکوك و سنووری کوردستانی فیدراڵ و سنووری دەسەڵات و هێزی کورد لە دەوڵەتی فیدراڵی عیراق دیاری بکات هەر لەبەرئەوەش تا ئێستا لە عیراقدا چوار پایەکە، چوار گرفتە سەرەکییە: پاوەر(هێزی پێشمەرگەو هێزی سوپای عیراق لە چوارچێوەی مەنزومەی دیفاعیدا) پارە(دارایی و نەوت و یاسای نەوت و غازو دەسەڵاتی حکومەتی

ئیتیحادی و هەولێر لەم ڕێگایەدا) پانتایی (واتا سنووری جوگرافی و پانتایی هەرێمی کوردستان و هەرێمەکانی تری عیراق بە گوێرەی ماددەی ١٤٠ لە دەستووری عیراق) پایەداریی (دەسەڵاتی سیاسیی لەنێوان حکومەتی ئیتیحادی و هەرێمەکان بە هەرێمی کوردستانیشەوە) چارەسەر نەکراوە. بێگومان ئەم ڕەخنە گرتنەمان لە سیستەمی نوێنەرایەتی بۆ بێ بایەخکردنی نییە، یاخود بە کەم سەیرکردنی ئەم بژاردەیە نییە، کە خۆشی دەرەنجامی پەرەسەندنی خەباتی بزووتنەوەی رزگاریخوازیی گەلی کوردستانە، نەك منەتی داگیرکەران ئەگەر کورد خەباتی نەکردبا لە کوێ عیراق دەبووە دیموکراسییەکی وا کە دەستووری فیدراڵی هەبێ و قەوارەی حکومەتی هەرێمی کوردستان و دامەزراوەکانی هەرێم پەسەند بکات، بەڵام ڕەخنە گرتنەکە لە سیستمی نوێنەرایەتی و رەخنەگرتنە لەوەی:

١- ئەم سیستەمە بەو جۆرەی باسکرا لە شوێنێکدا پەکی دەکەوێت و ناتوانێت سەد دەرسەد نوێنەرایەتییەکی کوردستانیی بۆ ویستە کوردستانییەکان بەرهەم بێنێت.

٢- ئەم سیستەمە پەیوەستی گەشەی لەسەرخۆو دوورمەودای دیموکراسییە لە عیراق و لە کوردستانیشدا، کە مەسەلەی سەربەخۆیی کوردستان بە گریمانەو ئەگەر و نەگەری گەشەکردنێکی ئایندە نادیار دەسپێرێت. ئەمە ئەگەر دەورانی پاشەکشێ و پاشگەزبوونەوەی لێ ببوێرین کە هەموومان دەزانین هەموو دیموکراسییەك، وەك ئەزموونێکی ئینسانی، قابیلی پاشەکشێ(تراجع) و پاشگەزبوونەوە (ردە)یە.

٣- دیزاینی دیموکراسیی عیراق و سیستمی نوێنەرایەتی، دەربڕی ویستی هاوبەش و گەڵاڵەکراوی هەموو پێکهاتەکانی عیراقە کە بەرژەوەندی پێکناکۆکو ئاستو بارستایی جیاجیای زۆرینە و کەمینەیان هەیە. لە دیموکراسیی عیراقیدا کە کورد ناگاتە سەنگی چارەك، تەنانەت ئەگەر لە هەندێك وەختی زێڕیندا سەنگینی سیاسیی گەیشتبێتە نیواونیو، یان زیاتریش. لە کاتێکدا ویستە کوردستانییەکان هەرگیز لە چوارچێوەی سیستمی نوێنەرایەتیی عیراقیدا جێی نەبۆتەوە، بەڵکو لە ناو ئەندێشەی کوردایەتی و بازنەی بزووتنەوەی

رزگاریخوازی گەلی کوردستاندا فراوانترین جێگەو پێگەی هەیە. چونکە ئەم بزوتنەوەیە بۆ ئەمە دروست بووە. بەم مانایە سیستمی نوێنەرایەتی بەشێکە، بێگومان بەشێکی گرنگو دیموکراتی و کاریگەر، لە گوزارشتکردن لە وێستگە کوردستانییەکان، بەڵام هەموو ویستە کوردستانییەکانی لەخۆ نەگرتووە.

بە زیندووکردنەوەی چەمك و ئەبدەیتکردنەوەی دامەزراوەکانی بزووتنەوەی رزگاریخوازیی گەلی کوردستان ڕاستەڕێی سەربەخۆیی کوردستان دیاری دەکەین و چەترە گەورەکەو ئامرازە هەرە کاریگەرەکەمان دەکەوێتە گەڕ، بە جۆرێك:

١- دامەزراوەکانی نوێنەرایەتی وەکو پەرلەمانی هەڵبژێردراوی کوردستان و ئەنجومەنە هەڵبژێردراوەکانی پارێزگاکان.

٢- سەرۆکایەتیی هەرێمی کوردستان و حکومەتی هەرێمی کوردستان و دامودەزگاکانیان.

٣- نوێنەرایەتی فراکسیۆنەکانی کوردستان لە ئەنجومەنی نوێنەرانی عیراق و فراکسیۆنی وەزاری کورد لە حکومەتی عیراق و نوێنەرایەتییەکانی لە دەوڵەتی فیدراڵ و نوێنەرایەتییەکان لە ئەنجومەنی پارێزگای کەرکوك، دەبنە بەشێك لە بزووتنەوەی رزگاریخوازی گەلی کوردستان کە جگە لەم دامەزراوە هەڵبژێردراوانە پێکدێت لە:

-حزبە سیاسییەکانی کوردستان

-کایەو کۆمەڵ و ناوەندەکانی کوردایەتی

-کەسایەتییە سیاسییەکان و تێکۆشەرانی خاوەن هەڵوێستی سەربەخۆ و سەربەخۆیی خواز

-سوپای رزگاریی کوردستان، بە هێزی پێشمەرگەی ڕێکخراوی دامەزراوەی پێشمەرگایەتی، هێزی خۆبەخش و دەستپێشخەری پێشمەرگانەی شەڕی سەربەخۆیی کوردستان

-کۆڕو کۆمەڵەکانی پیشەیی و دیموکراتی و میدیای دەربەست و دیموکرات و پیشەیی و سەربەخۆییخوازی کوردستانیی.

ئەوانە تا بە ژنان و کچان، کوڕان و جوامێرانی بە غیرەت و پێناوی سەربەخۆیی

کوردستان، دەبنە بەشێك لە وزەی رزگاریخوازی کە لە ژێر چەتری فراوانی بزووتنەوەی رزگاریخوازیی گەلی کوردستاندا تێکۆشان دەکەن، دەستپێشخەری دەنوێنن و پێشبڕکێی ئیجابی دەکەن بەرەو سەربەخۆیی. ئەم بزووتنەوەیە چەترە کە چەترێکی دێرینی دامەزراوەییە و لە رۆژانی بێ دامەزراوەیی کورددا هانای کوردایەتیو سایەی سەنگەری ڕەوا بووە، سەرکردایەتییەکی بەرفراوانی گەرەکە کە هەموو ئەم دامەزراوانە پێکەوە بگونجێنێ و ئاشتیان بکاتەوە، تا هەموو وزەیەك، وزە بێت بۆ تێکۆشانی سەربەخۆیی. بەمجۆرە ئێمە کەڵك لە دامەزراوە رەسمییە هەڵبژێردراوەکان و ئەندازەی هێزو تواناداریيان لەناو دیزاینی دەوڵەتداریی و دیموکراسییو دەستووری عیراق(پەسەندکراوی زۆرینەی عیراقییەکان لە ٢٠٠٥/١٠/١٥)دا وەردەگرینو لە هەمان کاتیشدا لە ڕێی دامەزراوەکانی دیکەی بزووتنەوەکەوە پەراوێزی بەردەم سیاسەتی کوردایەتی فراوانتر دەکەینو ئەندێشەی کوردایەتیو دەستپێشخەری کرداری هێزو کایەکانی بزووتنەوەکەش پەك ناخەین و بە هەلومەرجی دیزاینی عیراقییەوە سنوورداری ناکەین.

بەندە ئەم بژاردەیەم لە دیدەوانیکردنی ئەزموونی پانزە ساڵی رابردووی ئەزموونی دیموکراسیی عیراق و بەشداری کوردستان لەو ئەزموونەدا هەڵێنجێناوە کە زۆر جار ڕەسمی بوونو یاسایی بوونو سنورداری دیزاینە عیراقییەکە ڕێگر بووە لە دەستپێشخەری کوردانە. لە بنچینەدا بەشداری کوردستان لە ئەزموونی عیراقی دوای سەددام، بەرەو فیدرالیزەکردنی وڵاتەکە، جۆرێك بوو لە ئاشتکردنەوەی مێژوو و جوگرافیا.

مێژووی سیاسیی(ئەندێشەی رزگاریخوازی کوردستانیی)و جوگرافیای (قەوارەی ڕەسمیو دانپیانراوی عیراق)، بەڵام بەداخەوە عیراقییەکان وەکو بەشەکەی خۆیانیان جێ بەجێ نەکرد بەرامبەر خۆیان (شیعەو سوننە) و بەرامبەر کوردیش، کەوتنە گوشاری ئەوەی بنمیچی ویستە مێژووییەکەی کورد بێتە خوارەوەو بێ مەرج و هەڵوەستە عیراق وەك نیشتمانیی بەر و دوای گەلی کورد بناسێنن.

لە هەلومەرجێکی وادا دیزاینە عیراقییەکە بە بەری ویستە کوردستانییەکە بچووکەو تا دێ بچووکتر دەبێتەوە، بە جۆرێك تەنی کوردستانیی بە حاڵ و بە خوێن پەستان جێی بۆتەوە.

# کۆتایی

ڕەنگە باشترین بانگەواز کە ئەم باسەی پێ کۆتایی بێنین ئەوە بێت بێژین سیاسەت هەرگیز بۆشایی قبوڵ ناکات. ئەو بۆشاییەی لەبەر هەر هۆیەك و سەرەنجامی هەر پەرەسەندنێکی چاك و خراپ دروست دەبێت، لەلایەن هێزە دەربەست و ڕەسەنەکانەوە پڕ نەکرێتەوە هێزی دیکە دێنو پڕی دەکەنەوە. ئەم سەلمێنراوە هەم بۆ ناوخۆی کوردستان وایەو هەمیش بۆ سیاسەتی کوردستانی، لەبەرانبەر نەیارانی کوردیشدا، ڕاستە.

لە ئاستی ناوخۆدا ئەگەر هێزە سەربەخۆخوازەکان ئەم ویستە بە بیرۆکەی دیموکراسیی و یاسا سەروەری و لە سەرووی ئەوانیشەوە پایەدارکردنی دینامیکیەتی بزووتنەوەی رزگاریخوازی گەلی کوردستان پتەو نەکەن و هێزەکانی کوردایەتی ڕێبازی چاککردنی بەرەی ناوخۆییو تەگبیری هاوبەش نەگرنە بەر، ئەوا شڵەژاوی و موزایەدەو ئیدعا جێی سیاسەتی کرداریی، بۆ سەربەخۆیی، دەگرێتەوە.

لە ئاستی کوردستان و ئەوانیتردا (پایتەختە سەردەست و داگیرکەرەکاندا) ئەگەر کوردستان دەستپێشخەر نەبێت لە پڕکردنەوەی بۆشایی شکستی دەوڵەتی سایکس پیکۆو دەوڵەتی پایتەختە سەردەستەکان، بە پرۆژەی کاراو نوێ، ئەوا سیاسەتی ترو ڕەنگە داعشی تر، ئەم بۆشاییە پڕ دەکەنەوە.

هەروەکو باسمان کرد نەتەوە سەردەستەکان و بەتایبەتیش تەوەرەی تورکیا- کەنداو هیچ پرۆژەیەکی پێکەوە هەڵکردنو ماف پێدانی کوردیان نییە. بە پێچەوانەوە تەونی جاڵجاڵۆکەی پیلانگێری بۆتە خویەکی هەرگیز دەستبەردار

نەبوویان. بەتایبەتی لەم دۆخە جەمسەرگیرییەدا کە جەمسەرگیریی سوننە لە کۆنەپەرستترین هەلومەرجەکانی خۆیدا گوزەران دەکات: جەمسەرگیرییەکی شۆڤێنی، ئیسلامیی، ئیخوانی، عەشایەری و تۆرانییە کە لە سەدەی بیستدا جێماوە، بەڵام بۆ گەڕانەوەی ناوچەکە بۆ دواوە کەڵك لە کەرەستەو دەرفەتەکانی سەدەی بیست و یەکەم وەردەگرێت. لەبەرامبەریشدا جەمسەرگیریی شیعە هەم کەمینەیە لە جوگرافیای سوننەو هەمیش تێزێکی تازەی بۆ کوردو بندەستەکانی تر پێ نییە. ئەویش لە زەلکاوی جەمسەرگیریی تایفیدا تێوە گلاوە و ژیرەکانیان ناتوانن وێنای ئەوە بکەن کە دەتوانن بە دیموکراسیی و عەلمانیی، لە ئاستی ناوچەکەدا، بەرەیەکی دیموکراتیی لەگەڵ کورد پێکبێنن بە جۆرێك بازنەی داخراوی جەمسەرگیریی سوننە-شۆڤێنیزمی عەرەبی و تۆرانی تێپەڕێنن. بەمەش تا دێت مۆری کۆنەپەرستی، لە جەمسەرگیریی شیعەش، تۆخ دەکەنەوە.

بێگومان لە غیابی پرۆژەیەکی دیموکراتیدا کە سەربەخۆیی کوردستان و قبوڵکردنی کورد وەکو بەشێك لە دیمەنی گشتی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست لە ئامێز بگرێت. دونیای پۆست داعشیش هەر داعش رەفتار دەبێت، ئەوجا مەرج نییە حکومەتی ناوەندیی بەم شێوەی ئێستای هەبێت و مەرجیش نییە بێ کۆششێکی شۆڕشگێڕانەی کوردستانیی، جیاوازی نێوان پێکهاتەکانی عیراق سەربکێشێت بۆ جیابوونەوە و سەربەخۆیی. لە ڕاستیدا ئەمە سادەکردنەوەی دیمەنی ئاڵۆزی سیاسەتی خۆکوژییە لە ناوچەکە گەر بخوازین بێ ستراتیژێکی سەربەخۆخوازانە لە بەرووبوومی داهێزرانو کەوتنی پایتەخت بخۆین، چونکە سیاسەتێك کە لە چەند ساڵی رابردوودا، لە ژینگەی بەغدای سەردەست هەبوو، ئامادە بوو هەر ١٨ پارێزگاکەی عیراق، ١٨ ئەمیری قاعیدەی هەبێت و ئامادە نەبوو هەرێمێکی بە دەسەڵاتی وەك کوردستان و لامەرکەزیەتێکی پێویست لە باشوورو ناوەڕاستی جوگرافیای تا ئێستای عیراق هەبێت. سبەی ڕەنگە هەر ئەو سیاسەتە خۆکوژییە نە عیراقی ناوەندیی و فیدرالی بهێڵێت و نە ڕێگای ئاورشمینی جیابوونەوەی عیراق و سەربەخۆیی کوردستان پەسەند بکات. بەڵکو دۆخی عیراق لە چاوەڕوانی جوگرافیای نفوزی پێکهاتەکانی ناوەوە (کورد، شیعەو سوننە) و لە ژێر هەژموونی بەرژەوەندی بێ ڕەحمانەی هەرێمەکەدا

ڕابگرێت و پەکی بخات و دۆخێکی چەقبەستوو دروست بکات، شیعەش دەکەوێتە ژێر هەژموونی تەواوەتی ئێرانی هاوپەیمانییەوە. دۆخێك هەرێمی کوردستانی (سەربەخۆ ) وەك کۆلۆنییەکی تورکی لێ دەکات، سوننە دەخاتە ژێر مەنداتی ولاتانی کەنداو و ئوردنەوە، شیعەش دەکاتە زۆرینە لە بەغدایەکی بێ قەول و قەرار لە ئاستی کۆی جوگرافیای عیراقدا. ئەگەر ئەوە بقەومێ خراپی لێ دەقەومێ.

بە کورتیەکەی ڕەنگە وەسفەکەی مارکس و ئەنگلس لە کۆتایی مانفێستی کۆمۆنیستدا باشترین وەسف بێت بۆ دووڕیان و چەند ڕیانی بەردەم سیاسەتی کوردستانی لە قۆناغی پۆست داعشدا. "سۆسیالیزم یان بەربەری" واتا کوردستانی سەربەخۆ، یان دابەشکردنەوەیەکی خوردتری کوردستان لە نێوان پێکناکۆکەکانی کە پێکەوە هەڵکردن، لە چوارچێوەیەکی دیموکراتیدا، بە زۆنی حوکمڕانی تاك و تەنیای خۆیان دەگۆڕنەوە.

بەمجۆرە کوردستان دەبێتە چەند کانتۆنێکی لۆکاڵی.

دەبێ هەڵبژێرین: بەلام نەك وەکو دروشمەکەی

جاران کە دەمانگوت: (یان کوردستان، یان نەمان) بەڵکو دەبێ بزانین.

چارمان نییە، تەنها(یان کوردستان، یان کوردستان) ناونیشانی قۆناغی نوێیە.

# فەهرەست


*پێشەکی 11

*زۆرانبازی لەگەڵ سەدەی بیست و یەکدا 23

*کوردستان چاوەڕێی تینە 177

*یان کوردستان یان کوردستان 271

# ژیاننامەی نووسەر

-ستران عەبدوڵڵا (ساڵح عەبدوڵڵا محەمەد) لە (١٩٦٩/١/١٣) لە کەرکوک لەدایک بوو.

-خوێندنی تا قۆناغی ئامادەیی لە کەرکوک خوێندووە- کۆلێژی کارگێڕیو ئابووری لە زانکۆی موسڵو سەلاحەدین، لە هەولێر، تەواو کردووە.

- لە ساڵی ١٩٩٣-ەوە لە بواری ڕۆژنامەوانیو میدیا بەگشتی کار دەکات.

- لە ١٩٩٣ تا ٢٠٠١ وەک ڕۆژنامەنووس، دەستەی نووسەران، بەڕێوەبەری نووسین، جێگری سەرنووسەرو سەرنووسەر بەوەکالەت لە ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ کاری کردووە.

- لە ساڵی ٢٠٠١ بۆ ساڵی ٢٠٠٤ وەک ڕاوێژکاری سەرۆک وەزیرانو پاشان وەک بەڕێوەبەری پەیوەندییە گشتییەکانو ڕاگەیاندنی حکومەتی هەرێمی کوردستان (ئیدارەی سلێمانی) لە کابینەی د. بەرهەم ئەحمەد ساڵح کاری کردووە.

- لە ساڵی ٢٠٠٤ ی لەگەڵ کۆمەڵێک هاوڕێی ڕۆژنامەنووسدا دەزگای خەندان بۆ پەخشو وەشاندنی دامەزراندووە. یەکەم سەرۆکی ئەنجومەنی بەڕێوەبردنو یەکەم سەرنووسەری ڕۆژنامەی (ئاسۆ) بووە کە سەرەتا هەفتانەو پاشان سێ ڕۆژ جارێکو دواتر بە ڕۆژانەیی دەریان کردووە.

-سەرنووسەری ڕۆژنامەی عەرەبی (الولایە) بووە کە ماوەیەک لەلایەن خەندان بۆ پەخشو وەشاندن لە شاری کەرکوک دەرچووە. سەرپەرشتیاری ڕۆژنامەی ئوفکو پاشان ڕۆژنامەی پرد بووە کە بە زمانی تورکمانی لەلایەن دەزگای خەندانەوە، لە کەرکوک، دەردەچوو.

- ساڵی ٢٠٠٧ دەستبەرداری سەرنووسەرێتی ئاسۆ بووەو ساڵی ٢٠٠٨ بۆتە

سەرنووسەری گۆڤاری هەفتانەی (هەفتانە) کە دەستەخوشکی گۆڤاری ئەلئسبوعیە بووەو لەلایەن هەمان دەزگاوە دەرچووە.

- هاوینی ساڵی ٢٠٠٩ وازی لە سەرنووسەری هەفتانەو سەرۆکایەتی ئەنجومەنی بەڕێوەبردنو ئەندامێتی بۆردی دەزگای خەندان هێناوە. گەڕاوەتەوە بۆ کوردستانی نوێو لە ٢٠٠٩/٨/٢ بۆتە سەرنووسەری رۆژنامەکە. هەشت ساڵە ئەرکی حزبیو رۆژنامەوانی لەو بوارەدا جێبەجێ دەکات. سەرپەرشتی ئەزموونی کوردستانی نوێی بادینی کردووە کە ساڵی (٢٠١١) چەندین ژمارەی لێ درەچوو.

-لە بواری میدیای تەلەفزیۆندا ساڵی ١٩٩٩ بەرنامەی نیومانگی هەزارەی سێیەمی لە تەلەفزیۆنی گەلی کوردستان پێشکەشو ئامادە کردووە. لە ساڵی ٢٠٠٧ وە تا ساڵی ٢٠١٤ راوێژکاری سەتەلایتی گەلی کوردستان بووە. لە تەلەفزیۆنی لۆکاڵی کەرکوکو پاشان لە سەتەلایتی کەرکوک بەرنامەی سیاسی (پرد)ی ئامادەو پێشکەشکردووە ماوەیەکیش ئەندامی ئەنجومەنی راوێژکاری سەتەلایتەکە بووە.

*لە رۆژنامەی (الاتحاد) گۆشەنووسیی عەرەبی بووەو گۆشەکانی: (هامش سیاسی، رؤوس اقلام)ی نووسیوەو لە رادیۆی دەنگی گەلی کوردستان لە بەشی عەرەبی خاوەنی گۆشەی هەفتانەی (من محفقه صحفی)و لە بەشی کوردی ماوەیەک هاوبەشی بەرنامەی دیالۆکی (٣-١) بووە.

-لە کوردستانی نوێ گۆشەی بە تەنیشت سیاسەتەوە، گوڵدان، کورتو کرمانج، مەسەلەی توتنەکەو رۆژنارۆژێک، راستو رەوان،٢٠٠×٢٠٠، نها، نزار، سپیو رەشو مێخەک)و لە ئاسۆ گۆشەکانی: ئاسۆی رۆژ، کەشتی نوح، هیوا و لە رۆژنامەی هاوپەیمانی قسەیەک هەیە بیکەمو لە گۆڤاری هەفتانە نڤیسکارو تەماشاو لە چەندین رۆژنامەی تریش گۆشەی جیاجیای هەبوو.

-ساڵی ١٩٩٨ هاوسەرگیری لەگەڵ میدیاکار دکتۆرە شیلان فەتحی شەریف کردووەو خاوەنی سێ منداڵن بە ناوەکانی: ژین-ئەلەندو لیدا.

-لە رۆژنامە عیراقیو عەرەبییەکاندا، لەسەر مەسەلەی کوردو عیراق بەردەوام وتارو لێکۆڵینەوەی نووسیوە.

بیستو پێنج ساڵە لە بواری رۆژنامەنووسیدا کار دەکاتو تا ئێستا ئەم بەرهەمانەی چاپ کردوون:

# ژیاننامەی نووسەر

-ستران عەبدوڵڵا (ساڵح عەبدوڵڵا محەمەد) لە (١٩٦٩/١/١٣) لە کەرکوک لەدایک بوو.

-خوێندنی تا قۆناغی ئامادەیی لە کەرکوک خوێندووە- کۆلێژی کارگێڕیو ئابووری لە زانکۆی موسڵو سەلاحەدین، لە هەولێر، تەواو کردووە.

- لە ساڵی ١٩٩٣- ەوە لە بواری رۆژنامەوانیو میدیا بەگشتی کار دەکات.

- لە ١٩٩٣ تا ٢٠٠١ وەک رۆژنامەنووس، دەستەی نووسەران، بەڕێوەبەری نووسین، جێگری سەرنووسەرو سەرنووسەر بەوەکالەت لە رۆژنامەی کوردستانی نوێ کاری کردووە.

- لە ساڵی ٢٠٠١ بۆ ساڵی ٢٠٠٤ وەک راوێژکاری سەرۆک وەزیرانو پاشان وەک بەڕێوەبەری پەیوەندییە گشتییەکانو راگەیاندنی حکومەتی هەرێمی کوردستان (ئیدارەی سلێمانی) لە کابینەی د. بەرهەم ئەحمەد ساڵح کاری کردووە.

- لە ساڵی ٢٠٠٤ ی لەگەڵ کۆمەڵێک هاورێی رۆژنامەنووسدا دەزگای خەندان بۆ پەخشو وەشاندنی دامەزراندووە. یەکەم سەرۆکی ئەنجومەنی بەڕێوەبردنو یەکەم سەرنووسەری رۆژنامەی (ئاسۆ) بووە کە سەرەتا هەفتانەو پاشان سێ رۆژ جارێکو دواتر بە رۆژانەیی دەریان کردووە.

-سەرنووسەری رۆژنامەی عەرەبی (الولایە) بووە کە ماوەیەک لەلایەن خەندان بۆ پەخشو وەشاندن لە شاری کەرکوک دەرچووە. سەرپەرشتیاری رۆژنامەی ئوفکو پاشان رۆژنامەی پرد بووە کە بە زمانی تورکمانی لەلایەن دەزگای خەندانەوە، لە کەرکوک، دەردەچوو.

- ساڵی ٢٠٠٧ دەستبەرداری سەرنووسەرێتی ئاسۆ بووەو ساڵی ٢٠٠٨ بۆتە

سەرنووسەری گۆڤاری هەفتانەی (هەفتانە) کە دەستەخوشکی گۆڤاری ئەلئسبوعیە بووەو لەلایەن هەمان دەزگاوە دەرچووە.

- هاوینی ساڵی ٢٠٠٩ وازی لە سەرنووسەری هەفتانەو سەرۆکایەتی ئەنجومەنی بەڕێوەبردنو ئەندامێتی بۆردی دەزگای خەندان هێناوە. گەڕاوەتەوە بۆ کوردستانی نوێو لە ٢٠٠٩/٨/٢ بۆتە سەرنووسەری رۆژنامەکە. هەشت ساڵە ئەرکی حزبیو رۆژنامەوانی لەو بوارەدا جێبەجێ دەکات. سەرپەرشتی ئەزموونی کوردستانی نوێی بادینی کردووە کە ساڵی (٢٠١١) چەندین ژمارەی لێ درەچوو.

-لە بواری میدیای تەلەفزیۆندا ساڵی ١٩٩٩ بەرنامەی نیومانگی هەزارەی سێیەمی لە تەلەفزیۆنی گەلی کوردستان پێشکەشو ئامادە کردووە. لە ساڵی ٢٠٠٧ وە تا ساڵی ٢٠١٤ راوێژکاری سەتەلایتی گەلی کوردستان بووە. لە تەلەفزیۆنی لۆکاڵی کەرکوکو پاشان لە سەتەلایتی کەرکوک بەرنامەی سیاسی (پرد)ی ئامادەو پێشکەشکردووە ماوەیەکیش ئەندامی ئەنجومەنی راوێژکاری سەتەلایتەکە بووە.

*لە رۆژنامەی (الاتحاد) گۆشەنووسیی عەرەبی بووەو گۆشەکانی: (هامش سیاسی، رؤوس اقلام)ی نووسیوەو لە رادیۆی دەنگی گەلی کوردستان لە بەشی عەرەبی خاوەنی گۆشەی هەفتانەی (من محفظة صحفي)و لە بەشی کوردی ماوەیەک هاوبەشی بەرنامەی دیالۆکی (٣-١) بووە.

-لە کوردستانی نوێ گۆشەی بە تەنیشت سیاسەتەوە، گوڵدان، کورتو کرمانج، مەسەلەی توتنەکەو رۆژنارۆژێک، راستو رەوان،٢٠٠×٢٠٠، نها، نزار، سپیو رەشو مێخەک)و لە ئاسۆ گۆشەکانی: ئاسۆی رۆژ، کەشتی نوح، هیوا و لە رۆژنامەی هاوپەیمانی قسەیەک هەیە بیکەمو لە گۆڤاری هەفتانە نڤیسکارو تەماشاو لە چەندین رۆژنامەی تریش گۆشەی جیاجیای هەبوو.

-ساڵی ١٩٩٨ هاوسەرگیری لەگەڵ میدیاکار دکتۆرە شیلان فەتحی شەریف کردووەو خاوەنی سێ منداڵن بە ناوەکانی: ژین-ئەلەندو لیدا.

-لە رۆژنامە عیراقیو عەرەبییەکاندا، لەسەر مەسەلەی کوردو عیراق بەردەوام وتارو لێکۆڵینەوەی نووسیوە.

بیستو پێنج ساڵە لە بواری رۆژنامەنووسیدا کار دەکاتو تا ئێستا ئەم بەرهەمانەی چاپ کردوون:

## کتێبەکانی نووسەر

١- ئاماژەیەک لەمەڕ گەشەی کوردستان لە ڕێڕەوی مێژوودا
شەهید ڕەئووف کامل ئاکرەیی/ وەرگێڕان — هەولێر- ١٩٩٤
٢- ئابووری کوردستان، هەندێک هزر بۆ قۆناغی پەرینەوە- ١٩٩٥ — هەولێر
٣- لە پێناو یەکگرتنێکی نیشتمانیدا — ١٩٩٨-سلێمانی
٤- بەتەنیشت سیاسەتەوە — ١٩٩٩
٥- چەپکە گوڵەکانی گوڵدان: ٢٠٠١ سلێمانی
٦- گوڵا و گولله و مارینز — ٢٠٠٤
٧- ڕازەکانی تەعریب و ڕاگواستن- ١٩٩٩ — سلێمانی
٨- نەتەوەیەک لەسەر کاغەز — ٢٠٠٨- سلێمانی
٩- مەسەلەی توتنەکە (١) باسوخواسەکانی کوردایەتی — ٢٠١٠ سلێمانی
١٠- مەسەلەی توتنەکە (٢)گێمێکی تری هەمان دەوران-٢٠١١
١١- مـــەسەلەی تـــوتنەکە (٣) پاشەکشێی هــەرزان ٢٠١١
١٢- سەما لەگەڵ گورگە بۆرەکان- ٢٠٠٨ —سلێمانی-کەرکوک
١٣- باوەڕ بە مەسەلەی کەرکوک بهێننەوە-٢٠٠٧ سلێمانی
١٤- پریستۆریکا، بن لادن و مۆنیکا — ٢٠١٢ سلێمانی
١٥- مێخەک — کەمێک دوور لە سیاسەت- ٢٠١٣
١٦- ئیفادەی کوردەکان بۆ ماجەرای ڕەفاو ئەربەکان- ٢٠١٢
١٧- باسی دراوسێ-٢٠١٦ سلێمانی
١٨- سەیران بۆ سەریکانی — بیرۆکە بۆ پشتیوانی کوردی ڕۆژئاوا-٢٠١٤
١٩- زۆرانبازی لەگەڵ سەدەی بیست و یەکدا-٢٠١٠
٢٠- کوردستان چاوەڕێی تینە- ٢٠١٢
٢١- یان کوردستان یان کوردستان- ٢٠١٦

٢٢- یاداشتەکانی جەنگ – ٢٠١٦
٢٣- بەهاری عەرەبی و نەورۆزی سەربەخۆیی-٢٠١١- سلێمانی
٢٤- یار و نەیار-٢٠١٣ کەرکوک
٢٥- بەشوێن پێی دابونەریتی سیاسیی لە عیراقدا-٢٠١٤ سلێمانی
٢٦- تێبینییەکانی حوزەیران – ٢٠١٧

**بە عەرەبی :**

- رائحة السمك المسكوف – ٢٠٠٣
- رؤى كردية بكلمات عربية – ٢٠٠٠ السليمانية